# ئاوڕێک

لەبەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

[illegible]

١٣٧٥ ---- ١٩٩٦

سەعید کاوە

# ئاوڕێک

## لە بەسەرهاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو
## حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

پێشکەش بە خەباتگێڕانی کورد

مافی لە چاپدانەوەی بە خاوەنیەتی

نووسینی: سەعید کاوە "کوێستانی"

http://said.kurdland.com

خوێنەرانی بە ڕێز!

ئەو کتێبە ئەلەکترۆنی ئینترنێتیەی لەبەردەستتانە، جارێك چاپکراوە و زۆر بە کەمی لە هێندێك شوێن بڵاو کراوەتەوە. ئێستا ئەو کتێبە کۆتایی هاتووە و نەماوە، زۆرکەسیش لەلاولا داوای دەکەن.

لە پێشەکی ئەو کتێبەدا ئاماژەم بەوەکردووە کە هەر دوو جووتە کتێبی کاک جەلیل گادانی و مەلا عەولای حەسەن زادە کە وەک مێژووی حیزب بە هەڵە و پەڵە نووسیویانە، لانیکەم پەنجا لاپەرەی هەوەڵی ئەو دوو کتێبە شاشو پڕ لەهەڵەی مێژووین و
وەك دیزە بەدەرخۆنە دوورلە واقعیەتن.

ئەو شتانەی کە بە هەڵە نووسیویانن لە دەورانێکی دە پازدە ساڵی ناوخۆیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا ڕوویان داوە و تەنانەت لە نێوەکانیشدا کۆپیەو جێگۆڕکێ کراوە. نووسەری هەر دووکتێب بە هۆی ئەوەی یەکیان لەتاران و ئەوی تر لە ماڵی خۆی خەریکی مەلایەتی بووە، ئاگاداری ئەو دەورانە نین.
هیوادارم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبەی لەبەردەستتان‌دایە، ڕاستەقینەکانتان بۆ ڕوون کرابێتەوە.

بە هیوای کەڵك لێوەرگرتن .
سەعید کاوە "کوێستانی"

٦ ـ پێشەکی
١٦. دەست پێکردن و خۆناساندن
٢١ ـ دەورانی نوێ و خەباتی نوێ
٢٦ ـ هەنگاوێک بۆ دواوە
٢٩ ـ زەربەیەکی کوتوپڕی مێژوویی
٣١ ـ گیران و دەربەدەری
٣٦ ـ کوردستان بە جێ دێڵم !
٤٤ ـ سەردانێکی سولەیمانی
٤٩ ـ نێوان ناخۆشی دوای باس
٥٣ ـ شۆرشی ١٤ی گەلاوێژ
٥٧ ـ سەرەتای شۆرش
٦٢ ـ دەست پێکردنەوەی کاری سیاسی
٧٢ ـ کۆمیتەی ساخکەرەوەی ح د ک
٧٥ ـ گۆڕانو ململانە
٧٩ ـ سەرەتای ناکۆکی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق
٨٤ ـ دیدار لەگەڵ مستەفا بارزانی
٩٢ ـ هەنگاوێکی سەرنەکەوتوو
٩٨ ـ باشتر ناسینی ئەحمەد تۆفیق
١٠٥ ـ گیرانی من و هەڤالان
١١٣ ـ بەرەو کوردستانی باشوور
١١٥ ـ دەست کێشانەوە لە شەڕی براکوژی
١٢٠ ـ هەڵسەنگاندنێک
١٢٤ ـ ڕاوێژی سێ قۆڵیی و پلانی نوێ
١٢٩ ـ دوای کۆنگرەی دووهەم
١٣٧ ـ ژیان و تێکۆشانی نوێ
١٤٤ ـ بەرەو باڵەکایەتی لەگەڵ کاک سدیق ئەنجیری
١٥١پێک هاتنی کۆمیتەی شۆرشگێڕی ح د ک
١٥٥ ـ نامەی کاک سولەیمانی موعینی
١٥٩ ـ نامەی کاک سەننار مامدیو ناردنی سالار حەیدەری

١٦٢ ـ ديتنی دوکتور قاسملوو دوکتور رادمەنیش
١٧٢ ـ کۆمیتەی ئینقلابی چی بەسەر هات ؟
١٧٣ ـ دەورێکی نوێی دیکە لە ژیانم دا
١٨٠ ـ رژێمی شا بەرەو ڕووخان
١٨٤ ـ دانانی دەفتەری حیزب لەنەغەدە
١٩٣ ـ مانەوەی یەکجاری لە مەهاباد
١٩٨ ـ لەگەڵ خزری دەست بەکارکردنەوە
٢٠٢ ـ بەرەو کۆنگرەی چوارەم
٢٠٦ ـ زەربەیەکی کوتو پڕ !
٢١١ ـ جەولەیەکی لەبیر نەچوو
٢١٤ ـ بەرەو کۆنگرەی پێنجەم
٢٢١ ـ بەرەو ناوچەی پێ سپێردراو
٢٢٦ ـ بنکەی کۆمیتەی شارستان لەکاژێ
٢٣٠ ـ کار شکێنی
٢٣٦ ـ شەڕی کۆمەڵەوهێزی شەهید موعینی
٢٣٨ ـ بێهێز بوونی هێزی شەهید موعینی
٢٤٢ ـ هێرش بۆگرتنەوەی ڕێگای سەردەشت پیرانشار
٢٤٧ ـ نەخشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٢٥١ ـ کۆنفرانسی پێش کۆنگرە
٢٥٤ ـ بەرەو پلینۆم
٢٥٨ ـ بەرەو کۆنگرەی شەشەم
٢٦٣ ـ بەرپرسایەتی نوێ
٢٦٥ ـ کارو تێکۆشان لەقەڵادزێ
٢٧٠ ـ وەرگرتنی کار لە کۆمسیۆنی تەشکیلات
٢٧٣ ـ شەڕی کۆمەڵەو حیزب لە هەورامان
٢٧٦ ـ تەما گرتن بۆ دەرەوە .
٢٨٠ ـ دەرسەدێکی زۆر کەم لەو بەڵگەنامە مێژوویانەی
کە بە دەست خەتی خۆیان نووسراوە ...

پێشەکی.

گەلانی سەربەخۆی خاوەن ئالاّو دەسەلاّت بەبوونی نووسەری وریاو پیتۆڵوزیرەکوتێگەیشتوو توانیویانە رووداوەو کارەساتە مێژوویە کانیان بەتێرو تەسەلی بنووسن و بێننە سەر کاغەز و بیگەیەننە دەستی خوێنەران و هاو ولاّتیانی خۆیان.

هەر وەک دەبینین، کتێبخانەی فرە دەوڵەمەندو باشیان هەیەو پڕن لە کتێبی بەنرخی جۆراوجۆر. سەرەڕای ئەو گەنجینانەی دیومانن، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەهەموو بارێکەوە کتێب دەنوسن و لەزمانی دی ڕا بۆ سەر زمانی خۆیان کتێب وەردەگێڕن و بەچاپی دەگەیەنن و کتێبخانەکانی پێ دەوڵەمەندتر دەکەن.

ئێمەی کوردیش وەک دیلی دەست بەسەر داگیراو، بێکەس و بێدەرو نیشتمانێکی پڕ لەروەت وسامانی ڕەوگیر کراوی لەت و پەت بووی بەسەر چوار ولاّتی ڕەگەز پرستی جۆراو جۆردا دابەشکراو، هەروەها کورد بەفارس و تورک و عەرەب نێو نراو ، جگەلەوەی بەزمانی زگماکی خۆمان مافی خوێندن و نووسین مان نیە، ئەگەر بێتوو پێنووسی نووسەرێک هەڵ خلیسکێ و شتێک لە سەرکوردستان بنووسێ، لەمەحکەمەو بێنەو بەرە ڕزگای نایەو تەنانەت تووشی هەلاّتن و دەربەدەری و ئاوارەییش دەبێ.

ئەگەرئیمەی کورد چەند کتێبێکی مێژوویی پڕ لەکەم و کووری و پچڕپچڕیشمان هەبێت، دەبێ پیاو سوپاسیپیاوەتی ئەو نووسەرانە بکات کەلە ژوورەوەو دەرەوەی ولات بەزەحمەتێکی زۆر پێکیان هێناوە، یان نوسەرانی وریاو نیشتمان پەروەر لەئاڕشیوی بێگانە کەڵکیان وەرگرتووەو نوسیویانە. هەر چەند بەداخەوە زۆر بەکەمی و بەزەحمەت دەگاتە دەستی خوێنەرە تامەزرۆکانی کوردستان.

بەخۆشیەوەماوەیەکە هێندێک لەکوردەکانی ئاوارەی بووی هەر چوار پارچەکان لەدەرەوەی ولاّت، دەستیان داوەتە پێنووس، وێڕای نووسینی بەسەرهات و رووداوی مێژوویی، هێندێک شتی نوێی خۆیان نوسیووەو دەنوسن. بە وتەی برایانی گەرمێن ئەوە «خۆی لەخۆیدا شتێکی فرە باشە » چوونکە بەشێک لەو رووداوو بەسەرهاتانەی کە نووسراون، خەبات و تێکۆشانێکن کەلەکاتی خۆیدا دژی دوژمنانی خوێنمژی داگیرکەر بۆڕزگاری نیشتمان و ئازادی نەتەوەیی هەنگاویان بۆ هەڵگیراوەو بەشتێکی مێژوویی دەژمێردرێن.

پێم وایە ئەو وردە نووسینانەی ئەورۆ، بەکۆ کردنەوەو ساغکردنەوە لەلایەن نووسەرانی دڵسۆزی کورد لەداهاتوودا کتێبی باشی مێژوویان لێ پێک دێ و قولینچکێکی کتێبخانەی کوردیان پێ پڕدەبێتەوە.
بەچاولێکەری و لاساکردنەوە لەنوسەرانی کوردو ئەوکەسانەی بەسەرهات و ژیاننامەی خۆیان نوسیوە، منیش هاتمە سەر ئەو رایە بەسەرهات و رووداوە مێژووییەکانی کە لەنێویاندا بووم وتێیاندا هەڵسووڕاوم لەژێر ناوی «ئاوڕێک»لەبەسەرهاتیخۆمو ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وەک ژیاننامەی خۆم هێناومەتە سەر کاغەزو بەکورتی لەو چەند لاپەڕەدا گونجاندومەو پێشکەش بەخەباتکاڕانی کوردی دەکەم.
کاتێ دەستم کرد بەنووسینی بەسەرهاتی ژیانی سیاسیم و ڕووداوەکان، تەمام گرت کە؛ ئەلف - نووسینەکەم بۆتاریف لەخۆم نەبێ. ب - لەکاتی نووسینی رووداوەکانـــدا لە « نەقڵ قەول » خۆم بپارێزم.ج-شتێکی کەبۆخۆم لەگەڵی نەبووبم بەڵگەو شاهیدی زیندووی هەبێ. د - بۆئیسپاتی روانگەی خۆم کەس نەشکێنم. ه - بە( ئیفراط و تەفریت ) قارەمان دروست نەکەم و «تسویە حیسابم »لەگەڵ کەس نەبێ.
خوێنەری بەرێز ! ئەونووسراوەی لەبەردەستە،کورتەیەک لە ژیانی سیاسی منەکە بەدرێژایی تەمەنم وێڕای کوێرەوەری وتاڵییو سوێری و ناسوپاسی هێندێک هاوکارو هاورێش سەربارم بووەو لەژیانی ڕابردوومدا تامو چیژی خۆشیم نەچێشتووە!
لەگەڵ ئەوەشدا کە کەندوکۆسپ و ناهەمواریم زۆر دیوە، گرژ نیم و گلەییم لەڕابردوی سیاسی خۆم نیە. بەڵکوو بەئەرکی سەرشانی خۆم زانیوەو شانازی پێوە دەکەم.
ئەو بەسەرهاتانەی من لەنێو ڕێکخراوێکی سیاسی لەگۆڕرەپانی خەبات و بەربەرەکانی دا، بۆتان دەردەخات کە تێکۆشان لەوڵاتی ئێمەدا چەند سەخت و دژوارەو چۆن هاورێی دڵسۆزی خوت! ڕێگا هەموارەکانت لێ ناهەموار دەکاو بەزەبرو زەنگ و ملهوڕی بۆسەرخستنی بیرو بۆچوون و قسەی خۆی دەست دەکات بەگێرە شێوێنی و دژایەتی لەگەڵ هاوڕێی و هاوخەباتی دەربەدەری خۆی وشلە بەرەوڕەوەی خەبات و تێکۆشان دەداو «ریسەکەش دەکاتەوە خوری »وکۆڵێک ناتەبایی و دووبەرەکی پێکدێنی . لەمێژ بوو لەدڵم

دابووکەهێندێک لەوکەندو کۆسپ و کەم و کووڕیانەی کە لە ژیانی سیاسی نێو حیزبی دێموکڕاتدا هاتوونەتە سەر ڕێی ژیان و خەباتم و بە کردەوە لەگەڵیان ڕووبەڕوو بوومە، وەک بەسەرهات ئەگەر کورتیش بێ بیهێنمە سەرکاغەزو بڵاویان کەمەوە.

گەلێک جاران کە لەگەڵ هاوڕێ و دۆست و ئاشنا کەوتووینە لای یەکترو باسی گۆڕانکاریە مێژوویەکانی ڕابردووی نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هاتۆتە پێش، هەرکەس بەو گوێرەی بیستوویە وبۆیان گێڕاوەتەوە، ئاماژەی بەگۆڕانکاریەکان کردوە. دیارە کەئەگەرکەسێک ئاگاداری ڕابردوو نەبێ، بێشک بۆچوون و ڕوانگەشی ناتوانێ دادپەروەرانە بێ.

کاتێک ئەوباس و لێکۆلینەوانە دەگەیشتنە ساڵەکانی ١٣٣٢ تا ١٣٤٧هەتاوی، چۆنیەتی ئاڵوگۆڕەکانی ئەوسەردەم جگەلە ناتەبایی زۆریش لاواز دەبوونەوە. چوونکە ئەو باسانە لەنێو نووسراوەکاندا کەم وەبەر چاو دەکەون و نەنووسراون. ئەگەر شتێکیش لەوبارەوە نووسرابێ، زۆرلاوازو شی نەکراوە و بێ ئاگایانەیەو، ئاکام ناداتە دەست. هەرلەبەر ئەو لاوازیەی باسم کرد بەشێوەی جۆر بە جۆر باسی لێکراوەو گێردراوەتەوە. یان جاروبار شتێکی ناتەواوی لەسەر نووسراوە.

لەودەورانەکورتە چاردە پازدە ساڵەی ئاماژەای پێکرا، جگە لەوەی دەرحەق بەگەلی کورد سەردەمێکی پڕتەنگ و چەڵەمە و پڕ توندو تیژیو بگرەو بەردەو کوشتارو بێدادی دوژمنان لەدژی کورد بوو. دەکرێ بڵێین؛ بەسەردەمێکی پڕلە فیداکاری و لە خۆ بوردوییو هەروەها بە خەباتێکی توند و تیژی دەروون تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەژمێردرێ .

لەنێوان ئەو دەورە کورتە چاردە پازدە ساڵیە دا، چوار پێنج ڕووداوو گۆڕانکاری گرینگی مێژوویی لەحیزبدا ڕوویانداوە. کەبریتین لە:

یەکەم – دووجار گیرانی بەکۆمەلی پترلەسێ سەدو پەنجاکەس و ڕاونانی پترلەسێ سەدکەس ئەندامی بەرپرسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. هەروەها زانیاری وەدەست هێنانی ئیدارەی ساواکی رژیمی حەمە رەزاشا بەسەر هەمووشانەوکۆمیتەکانی حیزبیدا.

دووهەم – سەرلەنوێ دامەزراندنەوەو پێک هێنانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوای گیرانی بەرێوەبەرانی سەرووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران .

سێهەم - دامەزرانی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەمەبەستی پێک هێنانی بەرێوەبەرایەتی ئوسوولّی و ڕزگارکردنی حیزب لە ژێر دەسەڵاتی تاقەکەسی، کە ئەنجامی هەڵوێست و فیداکاری دامەزرێنەرانی ئەو کۆمیتەیە، بوو بە هۆی هاندان بۆ پێک هاتنی کۆنگرەی٢ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.ئاکامی کۆنگرەش بوو بەدیاری کردنی خەتو گەڕانەوەی حیزب بۆسەر ڕێبازی پێشووی خۆی واتە:دیاریکردنی دروشمی-
( یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی، دێموکڕاتی )وگونجاندنی لەناو پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا.
چوارەم . پێک هاتنی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بەئامانجی هەوڵدان بۆپێکهێنانی کۆمیتە ناوەندیەکی لێزان وشارەزاو سەربەخۆ، دوور لەخۆ بەستنەوە بەم و بەو، بۆ بەرێوە بردنی کاروباری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.
ئەونوختەڕووداوە مێژوویانەو ئەو گۆڕانکاریە گرینگانەو چەند شتێکی تر لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا لەزۆر جێگاو شوێن چ بەکوتە وچ بەنوسین بەچەواشە نووسراوەو هارتۆتەگۆڕێ و باسیان لێ لێکراوە. هەرکاتێک بۆڕاست کردنەوە چومەتە ناو باسەکەوە، لەوەڵامدا وێڕای ئەوەی بەسەرم ڕۆیشتوون و سەرکۆنەیان کردوم، کەبۆچی ئەوشتە گرینگانە کە بۆخۆت لەنێویان بوویە نایاننووسی؟ زۆر جاران پێیان گوتوم: کاتێک تۆ ئەوانە دەزانی ولە نێویاندا هەڵسورو چالاک بوویە، ئەگەر باسیان نەکەی و خۆیان لێ بێدەنگ بکەی بەتاوان دەژمێردرێن"
بەحەق مافی خۆیان بوو بم شێلنو، وام پێ بلّێن و سەرکۆنەم بکەن. چونکە ئەوکەسانەی کە لەنێوانی ئەو١٥-١٤ساڵەدا هەڵسوڕاونوتێکۆشانیانبووەوماون،هێندێکیان هەرئێستا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئێرانن و ڕێگای نووسینیان نیە. ئەو چوار پێنج کەسەی لەدەرەوەن و ماون و ئەندامی پێک هێنانی ئەوکۆمیتانە بوون و بەشداریان لەناو ئەو هەڵلاو بەزمەدا کردوە، من یەکێکم لە ە وانە کە دوای گیرانی بەکۆمەڵی ئەندامان و ڕێبەرانی حیزب لەساڵی ١٣٣٨هەتاوی وەک ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەرایەتی کاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کەلە سالی ١٣٤٢هەتاوی ١٩٦٣ زاینی لەگوندی ئالانێ ناوچەی باڵەکایەتی پێک هات. بەشداریمو

هەروەها لەدامەزرانی کۆمیتەی ساخکەرەوە و پێک هێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا  یەکێک دامەزرێنەرانی ئەو ڕاپەرینەدا ئاکتیوو هەڵسوڕاو بووم.
جائێستا ئەگەر وەک نووسەریش نەتوانم هەڵس و کەوت و ڕووداوەکان باش و رێک و پێک بەزمانی پاراو شی بکەمەوە، ڕەنگبێ بەسادەو ساکاری ئەوەندەی لەتوانام دابێ، بتوانم بیان هێنمە سەرکاغەزو پێشکەشی خوێنەرانی بکەم.
پایزی ١٩٩٤زاینی دەستم کرد بەنووسینی ئەوشتانەی زۆر زەق و بەرچاو تێیاندا هەڵسووڕاو بووم. هاوینی١٣٧٤ هەتاوی ١٩٩٥زاینی لەنووسین بوومەوەوکۆتایی پێهات، بەڵام گیروگرفتی گەورەی‌کاری کتێبەکەم چاپکردن بوو. هەرکاتێک بیرم لەگرانی چاپکردن دەقکردەقوە سارد دەبوومەوە. لەلایەکی تریشەوە، من بیرم لەوە دەکردەوە کەئەوەندەی بۆم کراوەو لەتوانام دابووە، هەرچەند زۆریش کەم بووبێ، لەپێناو وەدی هێنانی ئاواتی نەتەوەکەم وەک ئەندامی هەڵسوورِ لەتەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، لەهەموو هەڵس و کەوتێک دا بەپێی توانا بەئەرکی سەرشانی خۆم هەستاوم. کەوابوو بەشم بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە هەیەو دەبێ ئەو نوسراوە بەچاپ بگەیەنم. لەبەرئەوەی نووسراوەکەم باس و روداوی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەو گۆشێکیش لەبەسەرهاتی  ژیانی سیاسی خۆمم تێدا گونجاندوە، هەر بۆیەش کتێبەکەم نێوم نا:
« ئاوڕێک » لەبەسەر هاتی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. بیروو هاندان و دنەدانی برادەران هێنامیە سەر ئەو ڕایە، لانی کەم ئەوەی تائێستا نووسیومە، هەوڵ بدەم و بەچاپی بگەیەنم  بگاتە دەستی خوێنەران..
بەکورتی، دوای نووسین و ئامادە کردنی کتێبەکە، لەو لام دانا. کەئەگەر بۆشم چاپ نەکرێ، بەشکوو دوای من، منداڵەکانم، یان خێرۆمەندێکی گیرفان پڕ پەیدا بێ وئەگەر بۆ جارێکیش بێ ئەوسەددە  بشکێنێ و کتێبی کوردێک بەچاپ بگەیەنێ !!
دوای حەسانەوە، دیسان لەگەل خۆم کەوتمە بیرکردنەوە: کەئەگەر ئێستا بۆم چاپ بکرێ و بڵاو بکرێتەوە باشترە. چونکە ئەوانەی ماون و ئاگاداری ئەو ڕووداوانن، چ ئەوانەی لەسوئێد دەژین و چ ئەوانەی لەکوردستانن ئەگەر بیبینن

نابێته « قسەی پاش مردوو» کەیەکێ بلێ وایەو یەکێ بلێ ڕاست نیە. لەوەش باشتر بەشکوو ببێته هۆی ئەوەی هان بدرێن بۆ نووسینی بەشی هەرە زۆری ئەو دەورانە پڕتەنگ و چەڵەمەی کەبەشداریان تێداکردوە، ئەوانیش ئەگەر وەک من بە بیرەوەریش بێ بیان هێننە سەرکاغەز...

بەوە گەیشتم کەدەبێ بۆچاپکردنی ئەوکتێبە پتر تێ بکۆشم و هەوڵی زیاتربدەم. لەولاولا زۆرم بۆهەوڵدا بەڵکوو بۆم چاپ بکرێ بڵاوی بکەمەوە. بەڵام کۆشش و هەوڵدانەکەم بێ سود بوو. ناچار دیسان نووسراوەکەم خستەوە نێو سندوقی بایەگانیەوە.

دوای ماوەیەکی دوورو درێژ دەست ڕاگرتن و هەوڵدانی بێ سوود، بیستمەوە کە مەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادە بەبۆنەی پەنجاساڵەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ڕووداوە مێژویە کانی‌نێو حیزبی دێموکڕاتی هێناوەتەسەرکاغەزو بەچاپی گەیاندوە.

وەدوای کەوتم و ەرێکەوتی مانگی ١٩٩٦/٢کتێبەکە هاتە بازاڕو کریم.

دەکرێ بڵێم بەشی هەوەڵی ئەوکتێبە بۆمن زیاترجێگای باس بوو. چونکە وەک کادرێک لەسەردەمی ئەوکاتەی کە لە بەشی هەوەڵدا باسی دەکات ئەگەر لەنەخشی سەرکیشدا نەبووبم، چالاک و هەڵسوور بەئەرکی سەرشانی خۆم هەستاوم.

لەبەشی هەوەڵی کتێبی (نیوسەدە تێکۆشان) تالاپەڕەکانی پەنجا، رووداو و گۆڕانکاریەکانی ئەو کاتی نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لانی کەم بۆمن گرینگ و بەنرخ و پڕبایەخ بوون و پێم خۆش بوو زووی بخوێنمەوە.

لەلایەکی‌دیکەوەبەنووسینی‌نووسەریکی وەک‌مەلاعەبدولاَ ئەوەندەی دیکەش شادو خۆشحاڵ بووم. چونکە ناوبراو هەم وەک نووسەرو هەم وەک سکرتێری حیزبێکی سیاسی،پێم وابوو دەتوانێ بەدەلیل و بەڵگەو زانیارێکی بەرفراوان، بەکەڵک وەرگرتن لەئارشیوی حیزب،گۆڕانکاریەکان دێنێتە سەرکاغەزو کتێبەکەی پێ دەڕازێ نێتەوە. ئەوبیرو بۆچوونە هانی دام بەدڵخۆشی و عشق و عەلاقەیەکی زۆرتر دەست بکەم بەخوێندنەوەی کتێبی «نیوسەدە تێکۆشانی مەلا عەولا »

لەسەرەتاوە کەهێندێک نێوو رێکەوتی هەڵەو کەم و کورم هاتنە بەرچاو، بەهەڵەی چاپی و قرتاوم دانان. کورد گوتەنی: « مرۆ کەم و کووڕی دۆستی

خۆی نابینێ » ئەوە ڕاستە. دوای دووبارەو سێ بارە خوێندنەوە، کاتێ چومە نێو باسەکەو سەرنجی پترم دایە، بۆم دەرکەوت؛ بە هۆی زۆر بەپەلەو بێ بەڵگەو بێ پرس نووسین، ئەگەر بۆ ڕەشکردنەوە بێ قەیدی ناکات، بەلام ئەگەر بۆمێژووی ڕێکخراوێکی سیاسی بێ، بەڕاستی شێواندویەتی. بەڕاشکاوی دەتوانم بلێم: بەشاهیدی ئەوانەی لەنێو ڕووداوەکە دا بوونە پەنجا لاپەڕەی هەوەلی کتێبەکە بەهەڵەوپەلە ڕەشکراوەتەوەو دورە لەڕاستی ! بۆیە ئەو پەنجا لاپەڕەم پێدرۆیە چونکە خۆم لە گەلی بووم . بۆیەش باسی فەسلەکانی تر ناکەم ، چونکە ئاگاداری نیم.

لەکاتێکدا نووسەری بەرێز! واتە کاک مەلاعەبدوڵلا سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەنێو حەوت میلیۆن کوردا دەستی ئاوەڵە بوو دەیتوانی بۆوەدەست خستنی بەڵگەو ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان بەهاسانی شتەکانی ناروون، ڕوون بکاتەوەو لەچەند دۆستێکی کۆنی کەدەزانێ لەوحیزبەدا لەنێو ڕووداوە کۆنەکاندا بوونەو ئاگاداری ئەو سەردەمن، پرسیاریان لێ بکات بۆئەوەی مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی پێ بڕازێنێتەوەو نەبێتە نەزانمکاری و جێگای رەخنەو ڕەشکردنەوە . . .

پێشینیان دەڵێن:"همەچیزرا همەگان دانند". پێم وانیە مرۆ بەبوونی پلەو پایە هەمووشتێک دەزانێ و هەرچی بینووسێ ڕاستەو بۆی لەملی دەدەن . بەڵکوو بەپرس و ڕا، کارکردن باشەو شت پرسین شەرم کردنی پێ ناوێ.

مەلاعەولا! کەجووڵانەوەی ساڵەکانی١٣٣٣تا١٣٤٧ی نوسیوە، ئەوکات بۆخۆی لەناوچەی سەردەشت خەریکی مەلایەتی بووەو لەنئو خەبات وتێکۆشان و ڕووداوەکانی ئەوسەردەمدا نەبووەو ئاگاداری بەسەردانییە، نازانم بۆچی نەی پرسیوە بەزانیاریەوە بیان هێنێتەسەرکاغەزو بە قەولی خۆی نێوی لێناوە مێژوو، بۆچی ئاوا مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی شێواندووە ؟!

کەسانێکی کەلەکتێبەکەیدا بەهەڵەو کەم و کوری باسی کردون، یان دیزە بە دەرخۆنەی کردووەوکەسایەتییەکانی ێالووگۆڕ کردون، ئەوکات لەنێو جەرگەی خەبات و ڕووداوەکاندا بوون و زۆریان ماون و زیندوون و بۆخۆشی دەیان ناسێ. هەروەک بۆخۆی بەنووسین نێوی کۆمیتەی شۆرشگێرو کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەکتێبەکەیدا دێنێ، بەڵام نازانێ! ئەندامەکانی کێن؟! هەروا سەر زارەکی بەپەلەی پڕلە هەڵە ، کەسانێکی کە

بۆخۆی پێی خۆشه به نێوی ئه‌ندامی (كۆمیته‌ی ساخكه‌ره‌وه‌و كۆمیته‌ی شۆرشگێڕی) نێویان دێنیٚ‌و تێكۆشانی كادره ئه‌سڵه‌كانی ئه‌و كۆمیتانه چونكه خۆشی لێیان نایه، پاشقولیان ده‌دا. !!!
ده‌كراپێشتر وه‌ک برایه‌ک پرسی بای و وه‌ڵامی موسبه‌تی وه‌رگرتباوه‌و مێژووی حیزبی دێموكڕاتی به په‌له نه‌نووسی بایه‌و خۆی تووشی ئه‌و هه‌ڵه‌گه‌ورانه نه‌كردبایه.
له‌كاتی ناساندنی ئه‌ندام بۆكۆمیته ناوه‌ندی به فیلمی ویدۆیی له‌ئارشیوی حیزبداهه‌یه كه‌دوكتورقاسملووی ڕه‌حمه‌تی له‌كۆنگره‌ی پێنج دا گوتویه‌تی: «كێ دووجار له‌دووكۆمیته‌ی ساخكه‌ره‌وه‌و كۆمیته‌ی شۆرشگێری حیزبی دێموكڕاتی كوردستاندا له مه‌ڕ گێڕانه‌وه‌ی حیزب بۆسه‌ر ڕێگای ئوسولی ڕاپه‌ڕیوه‌و تێكۆشانی به‌رچاوی بووه» ئێستاله‌حاڵی حازردا پتر له‌سه‌دكه‌س له نوێنه‌رانی كۆنگره‌ی پێنج زیندون و ئه‌و چه‌ند وشه‌یان له‌بیرماوه. نازانم چ شتێک بۆته هۆی ئه‌وه‌ی كاک مه‌لاعه‌ولا نێوی ئه‌ندامانی ئه‌و دووكۆمیتانه‌ی لابه‌لا نووسیوه‌و چاوی به‌رایی نه‌داوه كه‌سه ئه‌سله‌كان بنووسێ، كه‌سی دیكه‌ی له جێگای ئه‌وان ڕیزكردووه‌و ئه‌وانه‌ی نێوی هێناون، به‌هه‌ڵه‌ی نوسیون؟؟!
زه‌حمه‌ت و خه‌بات و تێكۆشانی چه‌ند كادرێكی ئه‌و دووكۆمیتانه‌ی كه‌حیزبیان كرده خاوه‌نی په‌یڕه‌و پرۆگرام، به‌حه‌ق له‌ساخكردنه‌وه‌و
رزگاركردنی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان له‌به‌ستنه‌وه به‌م و به‌و نه‌خشی سه‌ره‌كیان بووه‌و ده‌كرێ بلێین: تێكۆشانی ئه‌وكاتی، كادره‌كانی كۆمیته‌ی ساخكه‌ره‌وه‌ی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان، نیشانده‌ری واقعیه‌ته‌كانی ئه‌وسه‌رده‌می پڕله‌هه‌ورازو نشێون. به‌ڵام كه مه‌لاعه‌ولا له‌كتێبی نیوسه‌ده تێكۆشاندا، خۆی لێ لاداوه‌و به‌كه‌می گرتووه‌و له‌نووسینی نه‌خش و نێوی كادره‌كان خۆی پاراستووه، سه‌ت ده‌رسه‌ت به‌نه‌قسی مێژووی عیزب ده‌ژمێردرێ.
ئه‌گه‌ر كاک مه‌لاعه‌ولاّ وازی له‌شه‌ڕه قسه هێناباو له‌نووسینی ئه‌و كتێبه‌ی حیزبی دێموكڕاتی كوردستان لای نه‌داباو جووڵانه‌وه‌و ڕووداوه‌كانی حیزبی دێموكڕاتی كوردستانی به‌هێند گرتبایه، پێم وایه باشتربوو له‌وه‌ی به « تسویه‌حسابی » كۆنی تایبه‌تی خۆی، ڕاستییه‌كانی نێو حیزبی دێموكراتی كوردستان بشێوێنێ.

بەو هەڵە گەورەیەی سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ، پرسیارێکیشە لە مەلاعەولا کە هەر بۆخۆی دەبێ بەخۆی بسەلمێنێ و عەزابی ویژدانی پێوە بکێشێ .
بەهەرحاڵ فەسلی هەوەڵی کتێبی ناوبراو کە لە ژێر پەردەی نووسەرێکی خاکیدا ئەو کتێبەی نووسیوەو دوایەش پەنای بردۆتە بەر سوێندو نازانم و لەبیرم نەماوە ، هەرگیز هەڵەکانی داناپۆشێ‌و کەم وکووڕی نووسینی پێ پڕنابێتەوەو مێژووی حیزبێک ڕاست ناکاتەوە.
خوێنەری‌بەرێز ! کاتێ (کتێبی نیوسەدە تێکۆشان)ی مەلاعەبدولام خوێندەوەو ئەو ئالووگۆڕانەم ئاوا بە شاشی دیتن ! زۆرم پێ سەیرو ناخۆش بوو کە ڕابردووی پەنجاساڵی‌حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئاوا بەپەلەو پڕلە هەڵەو کەم و کووڕی بنوسرێ و بڵاوبکرێتەوە.
بەدوای نووسینی نیوسەدەی مەلاعەولا، کاک جەلیل کادانیش کتێبێکی لە چەشنی کتێبە قەبەکەی مەلاعەولا بەپەیڕەوی لە ئیتلاعاتی نیوسەدە تێکۆشان نووسی ، ئەویش بۆ زانیاری وەرگرتنی ئەو بەشەو نێوی کادرەکانی ئەو کۆمیتانەجۆری دامەزرانی، هەر ئەو نێوانەی لەنیو سەدە دا نووسراون کۆپیەی کردەو نەقاندویەتی!
لە سوئێد لەمالی خۆمان پێم گوت : ئێوە کە شتی تاریخی دەنووسن، باش نییە ئاوا ڕەمەکی پێیدا دەدەن پڕە لەهەڵەی بە لاڕێدا بردن . داوای کرد هەلەکانی بۆی بنووسم لە چاپی دووهەمدا ڕاستیان کاتەوە، لە هەشت لاپەڕەدا بۆم نووسی دامێ، بابزانین کاک جەلیل ڕاستیان دەکاتەوە ؟؟
ئەو هەلانەی ئاماژەم پێکردن، هانیاندام بەهەرنرخێک بێ نووسراوەکەم، واتە ژیاننامەو بەسەرهاتی تایبەتی خۆم لەنێو ڕێکخراوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بانێویشم لێ نەنابێ مێژوو، لە بایەگانی بێنمەدەرو بەچاپی بگەیەنم. لانیکەم لە داهاتوودا ئەو هەڵانە دوپات نەکرێنەوەو بە دروستی کەڵکی لێ وەربگیرێ و بەلکوو ئەو روونکردنەوە کورتەی ئەو دەورانەی ژیانم بۆمێژوو نووسێکی کورد کەلکی هەبێ . وەک لەکۆنەوە گوتوویانە« زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەرباشە ناچار بەهەر قەرزو فەرزێک بوو بۆکۆتایی پێ هێنانی ئەو کتێبە وەخۆ کەوتم و بەچاپم گەیاند.
وێڕای سوپاس لەتەشویق و هاندانی برادەران بۆنووسین و بەچاپ گەیاندنی

ئەوکتێبە کەهەرچەند کورتیش بێ توانیم بەئەرکی سەرشانی خۆم هەستم و نەیەڵم لۆمەم بێتەوە سەرو بەئامازێکی بچوکی، بەسەرهاتی خۆم لەناو روداو و گۆڕانکاری و هەڵس و کەتە مێژویەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەنووسم و پێشکەش بە خەباتگێڕانی کوردی بکەم. بەوهیوایە توانیبێتم بەشێک لەوەی دیومەو بەسەرم هاتووەو رووی داوە گەیاندبێتم و کەڵکی باشی لێ وەربگیرێ وکەمێک لەئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ هێنابێ و ئەگەر هەڤاڵان و دۆستان و خوێنەرانی بەڕێز! هەڵەیەکیان دیت؛ بەیارمەتی خۆیان بۆ ڕاست کردنەوەی نوسراوەی داهاتوو یاریدەم بدەن. بەڵکوو بەیاریدەدانی دۆستان بتوانم لەداهاتوودا پترو وردتر بەنووسینی بەشی دوهەمی گێرەوکێشەی ڕابردووی ئەو سەردەم و هەروەها ساردی و دووبەرەکی و شێواوی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەو دوکۆمێنت و بەڵگانەی کە تا ئێستا کۆم کردوونەوە درێژە بدەم.

سەعیدکاوە ١٩٩٦/٤/٤ زاینی

SKQkurdland.net

## دەست پێکردن وخۆناساندنێک .

بەگوێرەی سجیلی ئێرانی کەلەتەمەنی نــۆ سالیدا بۆم وەرگیراوە، لەساڵی ١٣١٨هەتاو ی واتە١٩٣٩زاینی، لەگوندی ئاڵیاوێی شێخان ناوچەی سندوس لەبنەماڵەیەکی مەلازادە چاوم کردۆتەوەو هاتومەتەجیهان. لەبیرمە جارو بار دایکم دەیگوت؛ ئەو سجیلەی بۆم وەرگرتووی دوو ساڵ تەمەنی تۆ کەم نیشان دەدا.

کەوابێ دوو ساڵ لەو تەمەنەی کەئێستا من هەمە، پیرترم.

کاتێ بابم فەوتی کردوە، من لەتەمەنی شەش مانگی دا بوومەو دایکم کە نێوی عوزرابوو، هەر بەنێوی مەلاژنیان هەڵداوە . دایکم بەکاروکوێرەوەری لادێ ماوەیەک لەدێ بەخێوی کردوین و دوایی بردووینە نەغەدە. برایەک و دووخوشکی لەخۆم گەورەتر هەبوون براکەم کە مەشهوربوو بەمەلاسادق کاوە لەحوجرەی فەقێیان بۆ مەلایەتی دەرسی خوێندوەو تەواوی نەکردوەو دەستی کردوە بە کاروکاسبی، وەکو، کرێکاری و چایچیەتی و دوکانداری و عریضە نووسین و هەروەها چەند ساڵێکیش هەواڵدەری چەند ڕۆژنامەیەکی وەکو، کیهان و اطلاعات و تهران مصوەرو خواندنیهاو . . . بوەو ڕۆژنامە فرۆشی کردوە.

برایەکەم ژیانێکی پڕ لە ئەزیەت و ئازاری بردۆتەسەر، چەندین جار لەلایەن ڕژیمی حەمەرەزا شاوە گیراوەو ئەشکەنجە کراوە، یان ئاوارەو دەربەدەری هەندەران بووە. لەسەر دەمی خومەینیش دا، ماوەیەک بە هۆی شەڕی نەغەدە

و، ماوەیەکیش بە هۆی لەدەرێ بوونی منو کورەکەی سولەیمان کاوە چەند ساڵێک تووشی دەربەدەری و دەردە سەری بووەو دوور لەماڵ و منداڵی جەوری کێشاوە.

ئێستاکە بەسەرهات و مێژووی ژیانم دەنووسم نەبراکەم سادقی کاوەو نەخوشکەکانم نەماون و مردون و دەربەدەری ئاوارەیی ڕێگەی نەداوم تەنانەت بۆناشتن و خواحافیزی یەکجاری، لەسەر تەرمەکانیان ئامادە بم.

لەمەڕ خوێندن دەکرێ بڵێم، تەنیا تاپۆلی دووی سەرەتاییم لە قوتابخانەی دەولەتی خوێندوە. لە ماوەی تێ پەڕکردنی ئەو دووپۆلە دووجار بەهۆی نە بوونی سجیلی ئێرانی لە قوتابخانە دەر کرام. چونکە دایکم سجیلی نەبوو، بۆ منیشی پێ وەر نەدەگیرا. دوایی لەبەر گیرو گرفتی ژیان چووینەتەوە دێ، واتە( گوندی ئالّیاوێ ) لەبەر ئەوەی ئەوکات لە دێهات قوتابخانە نەبوو، منیش لەخوێندن هەڵبڕام . ئاواتی گەورەی من خۆێندن بوو، بەڵام دایکم بۆی نەدەکرا لەشار بمێنێتەوەو ژیانمان دابین بکات تا من بخوێنم. ئەوەندەم حەزلە دەرس خوێندن بوو، هەرکەسێکی دەستم وێرا گەیبایە دەرسێکم لەلای دەخوێند . دەکرێ بڵێم بێکاری لادێ هۆی سەرەکی فێربوونی خۆێندەوار بوونی من بوو. زستان و بێکاری لادێ، نووسینەوەی زۆری دا دەست من.دەستم کرد بە نووسینی بەیتی سیسەبان، بەهنەسا ، عەبدورەحمانو شتی تر...

ئەوخوێندنەوەو نوسینانە زۆریان یاریدە داوم کە بتوانم بخوێنمەوەو بنووسم. دیارە منیش بۆ باشتر نووسین وخوێندنەوە نەک هەر ڕانەدەوەستام بەڵکوو پترو زیاتر لەوەی هەیە هەوڵم داوەو خەریک بوومە. ئێستاش بەهۆی متالای زۆرو بۆپتر شت فێربوون وازم نەهێناوە. بەڵکوو بەهاوکاری و پشتیوانی هاورێیان و دۆستان هەروەها بەدرێژە دانی ئەو رێگایەی گرتومەتە پێش خۆم ، هەولمداوە بتوانم ویستوو داخوازیەکانم کەخزمەتێکی بچوک بە نە تەوەکەمە بێتەدی و ئەوەی لەدەستم دێ بەپێی توانا دریغ نەکەم. لە گوندی ئالّیاوێ کاتێک کاکم دەستی لە خوێندنی نێو فەقێیان هەڵگرت، لەسەر داوای ئەو، تەمامان گرت جارێکی دیکەش بچینەوە شارو ماڵمان لە ئالّیاوێ بڕوات. بەهاری ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی ١٩٥١زاینی ، بارمان کرد دووبارە چووینەوە نەغەدە. هۆی دووبارە چونەوەمان بۆ نەغەدە ئەوە بوو، کاکم واتە براکەم بریاری دابوو چیدی لەنێو فەقێیان نە خوێنێ و کارێک لەشار بدۆزێتەوە، بەهەر قەرزو فەرزێک بوو

چایخانە و ئوتێلێکی لە شاری نەغەدە کردەوەو ، وازی لە ژیانی لادێ هێنا سالی ١٣٣١هە ١٩٥٢ز، خەبات و بەربەرەکانی دژی رژیمی شا لەو پەری توندوتیژی خۆی دا بوو. ئەوکات من وەک رۆژنامە فرۆشێک، لەلای کاک کەریمی حیسامی کارم دەکردو رۆژنامەکانم بۆ دەفرۆشت. رۆژنامەکانی ئەوکات کەمن دەمفرۆشتن، سەر بە حیزبی توودەی ئێران بوون و هەر ڕۆژێ یەکێکیان دادەخرا. بۆ سبەینێ یەکی دی بە نێوێکی دی، دەهاتەوە دەر. وەکوو، شهباز، چلنگر، بسوی آینده، نویدیآینده، صبح امید،... گەلێک رۆژان لەسەر فرۆشتنی رۆژنامە لە لایەن ژاندارمەوە، یان لێدانم دەخوارد، یان ڕەپێ دەنرام. ڕەنگبێ هەر ئەو ڕەپێنان و لێدانەی ژاندارم بێ، بوو بە هۆی دژایەتی لەئاشتی نەهاتوو لەگەلّ رژیمی حەمە رەزاشاو، تێگەیشتنم بۆ پەرە پێدانی خەباتێکی درێژ خایەن بۆئ ازادی و سەربەستی نەتەوەکەم و مرۆڤایەتی تێبکۆشم.
دوکانی کاک کەریمی حسامی وەک بنکەیەکی تەبلیغاتی دەچوو تا دووکانێکی کەل و پەلّ فرۆشی. ڕەنگبێ شانسی من بوو بێ، کە ئەو دوکانە لەسەر شکایەتی سەید عەبدوللّای کەمالّی داخراو کاک کەریم چووە زیندان. دەکرێ بلّێم منیش لەکارەکەم بێکار بووم. من پوولو پارەیەکم نەدەدرایە، هەر وەک کوڕی مالێبووم.
کاکم سادق کاوە، بەهاوکاری دۆستان چایخانە و ئوتێلەکەی باشی کار دەکرد. بەلّام شێوەی چایخانەی ئاسایی نەبوو. کاتێ پیاو دەچوە چایخانەکانی نێوشار، بڕەم بڕەمی تەختەو دۆمینە، شەوانەش جۆرابێن بوو. لەچایخانەی کاکیشمدا، شەوو رۆژ باسو وتووێژی سیاسی و رۆژنامە خوێندنەوە بوو. دوکتور موسەددیق سەرۆک وەزیرانی ئەوکات ئازادیەکی باشی بۆ خەلّکی ئێران رەخساندبوو، تائێستا ئازادی وا لە ئێران نەدیترا بوو. دەکرێ بلێم لەسەروبەندی روخانی ڕژیمی حەمەرەزاشادا،چەند مانگێک وەکوو دەورانی دوکتورموسەدیق ، واتە سالّەکانی ١٣٣١ هـ ١٩٥٢ و ٣٢هـ ١٩٥٣ز، دەچوو.
باشم لەبیرە، ئەو ئازادیەی کەبۆ خەلّکی ئێران ڕەخسابوو ئەگەر کورد توانی بای کەلّکی لێ وەربگری، سەردەمێکی بێ وێنە بوو. ئەوخەباتە تووندوتیژەی کە لەو سەردەم دا لەکایە دابوو، دوو شتی بنەڕەتی وەک ستراتێژیک هەوێنی جولانەوەی ئەوکات و ئەو سەرو بەندەبوون.
یەکەم؛ خەباتی دژی ئیمپریالیزم و روخانی رژیمی شاو هێنانە سەرکاری

حکومەتێکی دێموکراتیک. دووهەم؛ خەباتی شێلگیر دژی دەرەبەگایەتی و هاندانی وەرزێران لەئێران بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی.
دەکرێ بلێین خەباتی دژی دەرەبەگایەتی لەکوردستان توندوتیژتربوو لە بەربەرەکانی دژی رژێم ، خەباتی دژی دەرەبەگایەتیش لە کوردستان گەرمتربوو تا ناوچەکانی دیکەی ئێران . لەکوردستانیش لە هێندێک ناوچە گەرم و گوڕو بەرچاوتربوون . بۆ وێنە: شامات و شاروێران و چۆمی مەجیدخان، هەروها دەوروبەری شاری بۆکان بەتایبەتی ناوچەی بەری بەگزادان، خەباتی وەرزێران بەدژی دەرەبەگ گەیشتبووە ڕاپەرین. لەئاکام دا ئەو هەڕەکەتە گەرم وگوڕە بەزۆری سەر نێزەی ژاندارم سەرکوت کراو بەماڵ وێرانیوئاوارەیی وەرزێران کۆتایی هات .
ئەو دووساڵانە بەگورجی تێ پەرین، بێ ئەوەی لەوخەبات و بەربەرەکانیە دەسکەوتێکی بەرچاو وەدەست هاتبێ.
حکومەتی دوکتور محمد مصدیق رووخاو جارێکی دی ئازادی و ئازادیخوازی لەگەروودا خنکێنرا. لە هەموو شارەکان هێندێک کەسی بەرچاو گیران و هێندێکیش خۆیان نەهێنی کرد. کاکم یەکێ لەوگیراوانەی شاری نەغەدە بوو. دەولەت چاپخانەکەشی داخست و مۆری پێوە نا. دوای چەند مانگێک، هەمزەلی، خاوەن ملک، لەلایەن دەولەتەوە چاپخانەکەی ئازاد کرد. سەماوەرو تەخت و مێزو کەل و پەلی هەراج کردو، وەبەر کرێی چەند مانگی داخراوی دوکانەکانی گرت .
دایکم ناچار بەیارمەتی خەلکی ئالیاوێ، جارێکی دی مالەکەی بردەوە ئالیاوێ. کاکم کەلەسەر مەسەلەی سیاسی لەگەڵ چوار پێنج کوردی نەغەدە گیرابوو، کاتێک ئازاد بوو، بەناچاری هاتەوە دێ و لەگوندی ئالیاوێ کردیان بەمەلای ئاوایی. کاکم لەمەلایەتی و منەتی خەڵک و بەرات و سەرفترە زۆر وەرەز بوو، بەلام ناچار بوو و هیچی بەدەستەوە نەمابوو، جگە لە مەلایەتی کە سەرمایەی نەدەویست و شتێکی دیکەی بۆ نەدەکرا. توودەیەکان کەوتبوونە بەر هێرش و پەلاماری سازمانی ئەمنیەت، دەگیران، دەکوژران، یان دادگاکانی نیزامی حوکمی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپاندن. بەحەق دەکرێ بلێین ژیان لەئەندامانی حیزبی توده تاڵ ببوو. کۆمیتەی ناوەندی و سازمانی نیزامی حیزبی تودەی ، یان گیرا بوون یان نەهێنی بوون وخۆیان شاردبۆوە. ئەو بگرەو

بەردەی حکومەتی شاو سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعات کادر و ئەندامی کوردستانیشی گرتەوەو وەک خەڵکەکانی دیکەی ئێران، زۆرێک ل لەخەباتگێرانی کورد گیران و چونە ڕەشەچاڵەکانی ئێران، یان هەڵاتن‌وخۆیان شاردەوە. کاتێک کوردەکان دەگیران، لەدادگاکانی بەروالەتی حکومەتی حەمەڕەزاشا، بەدوو نێو و دوو بیر تاوانبار دەکران. یەکەم بە نێویَ؛ جیایی خواز( تجزیەطلب)دووهەم، بە تاوانی بیروباوەڕی سوسیالیستی و پەیوەندی مرامی ئیشتراکی. بەڕاشکاوی دەکریَ بڵێم؛ بەگوێرەی یاسای حکومەتی ئێران هەردووک تاوان ڕاست بوون. چونکە هەر دووک بیر لەنێو ئەندامانداا خۆیان دەنواند. هەرچەند لەو دەوراندا من لاوێکی سادەو ساکارو بێ ئەزموون بووم، بەڵام وەک دەڵێن بیری لاویەتی تیژە، ئەو شتانەم دەرک دەکردن. لەلایەکی تریشەوە من کە لە بنەماڵێک بووم براکەم مەلای دێ و یەکێ لە هەڵسووڕانی حیزبی بوو،گوندی ئاڵیاوێش کە لە نێوان دووشاری نەغەدە و شنۆ هەڵکەوتووە، ماڵەکەمان وەک بنکەیەکی حیزبی، هەر یەکێک دەهات و ئەوی دی دەڕۆیی. ئەو هاتوو چۆ و سەرەڕێژە کردنە ، ئاڵووگۆڕی بیروباوەڕو قسەو باسی دێنا پێش و منیش کەهێندێکم سەرلەو باس و خواسە دەر دێنا. لەبیرمە لەکۆبوونەوەی کادرو مەسئوولاندا، کاتێ مەسەلەیەک دەهاتە پێش بیری حیزبی تودە بەسەر هەست و مێشکی کوردە سیاسی یەکاندا زاڵ بوو. بەزاهیر ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، بەڵام مەسەلەی میللی و رزگار بوونی کورد هەر باسیشی لێ نەدەکرا. ئەگەر باسیش کرابایە، وەک پاشکۆیەک باس دەکرا. تەنیاشتێکی کەزۆر بەرچاوبوو و بردبوویانە مێشکمانەوەو وەک ئازادی باس دەکرا، ئازادی ئێران و هێنانە سەرکاری حکومەتی دێموکراتی بوو. کەئەویش درۆشمی حیزبی تودەی ئێران بوو بۆ دازمەرانی حکومەتی توودەیی. ئێستاش زۆرکوردی چەپی سیاسی پێیان وایە بەهاتنە سەر کاری حیزبی توودە کورد ئازاد دەبێ و بەئامانج و ئاواتی خۆی دەگات. دیارە بەپێی ئەو دێموکڕاتیەی لەکتێب و

ڕۆژنامەو گۆڤاردا خوێندومانەوە، ڕەنگە ڕاست بێ، بەڵام بڵێی حیزبی تودە لەحیزبی کۆمونستی ئیتیۆپی بۆ«ئێریترە» باشتربێ؟! یان بلێی کیانووری بۆکورد، لەهایلاماریام دڵسۆز تر بێ ؟!

## دەورانی نوێ و خەباتی نوێ •

زەمان دەرۆیشتوو بەربەرەکانی دژی دام و دەزگای رژیمی پاشایەتی حەمەڕەزا شا وردە وردە وەگەڕ دەکەوتەوە. گیران و گرتن و هەڵاتن خۆ نهێنی کردنی کوردەکان، بوو بەهۆی ئەوەی هێندێک لەکادرەکانی کورد وەخۆ کەون و لە کوردستان دەست بەکاری تەشکیلاتی بکەن بۆ دروست کردن و پێک هێنانی شانەو کۆمیتەی نوێ دوور لە پەیوەندی توودەیەکان لە ناوچەکان. بناغەی ئەو دروست کردنە بەشکڵی نوێ و نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەگەرچی پێشتریش کوردەکان تەشکیلاتیان لەگەڵ حیزبی توودە هەر بەنێوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەبوو، بەڵام تەشکیلاتێکی سەر بەست و سەر بەخۆ نەبوو. تەشکیلاتی ئەم جارەیان کە لەسەر بناغەی میللی دیموکراتیک پێک هاتبوو. ئیتر حیزبی تودەی ئێران وەک «حیزبی مادر» نەخشی پێشووی نەمابوو. هەرچەند بیرومێشکی حیزبی تودە بەسەر شانەو کۆمیتەکاندا زاڵ بوو، بەڵام دەکرێ بڵێین: لەپێشوو سەربەستتربوون دەربەست لەئیختیاری ئەواندا نەبوون کەڕۆزنامەی ئەوان بفرۆشن و بەپرس و ڕای ئەوان هەڵسووڕێن.

تێکۆشانی کادرەکان بەو پەڕی ماندوویی و لەخۆ بوردوویی دەچوە پێش. هەر چەند لەو سەرو بەند دا، لەبەر دەست تەنگی بڵاوکراوەی حیزبی کەم بوو، بەڵام هاتووچۆ و هەروەها زوو زوو سەردانی کادر بۆناوچەکان، کەم و کووڕی بێ دەرەتانی دەرکردنی بەیاننامەو رۆژنامەی پڕ دەکردەوە. دەوڵەت وەک سەگی هاری لێ هاتبوو لەگیرانی خەباتگێران رانەدەوەستا. هێندێک کەس لە شارەکان ناچار کران هەڵێن و روو لە دێ یەکان بکەن. جاران کە نەهێنی دەبوون و خۆیان دەشاردەوە، تارانیان هەڵدەبژاردو حیزبی توودە دەیشاردنەوە، بەلام زەمان گۆڕاو هەموو ماڵەکانی ئەندامی حیزبی توودە لە تاران لەژێر چاوەدێری دابوون. ئەوجار باشترین جێگا بۆکاری تەشکیلاتی و خۆ نەهێنی کردن، کوردستان بوو. ئەوانەی کەدەترسان لەلایەن ڕژیمەوە بگیرێن، دەیانتوانی هەم لە کوردستان خۆیان بشارنەوە، هەم کاری سیاسی و تەشکیلاتی لە ناوچەکانی کوردستاندا بکەن.

ئەسعەدی خودایاری هەوەڵین کەس بوو بۆپێک هێنانی شانەوکۆمیتەی حیزب لە ناوچەی سەردەشت و لاجان و سندوس و شنۆ، بەنەهێنی دەست بەکار بوو. بەدوای ئەودا کوڕگەل زۆربوون. ئەوکەسانەی ترسی گیرانیان هەبایە وەکو کادری پیشەیی کاری ڕێکخراویان وەستۆ گرتبوو، لەکرماشان و سنە ڕا، تادەگەیشتە باکوری کوردستان، وێڕای دابەشکردنی ناوچەکان بۆکاری تەشکیلاتی، خەریکی داڕشتنی بناغەی تەشکیلاتی نوێ بوون. یەک یەک و دوو دوو بەنۆبە سەری ناوچەکانیان دەداو ئەندامەکانیان ڕێک دەخستن. کادرە پیشەیەکانی کە لەو سەردەم دا کاریان دەکرد بریتی بوون لە :

کاک عەبدوللای ئیسحاقی، ئەحمەد تۆفیق. کاک هاشم حەق تەلەب، قادر شەریف. کاک سولەیمان موعینی، فایق ئەمین. کاک حەمەدە مین ڕاتبی، صالح. کاک ئەسعەدخودایاری، مەلاعەلی. کاک سمایلی قاسملوو، حوسێن. کاک قاسم سولتانیان، مستەفا. یۆڵداش محەمەد بەحرالعلوم، وەستا رەحیم

هێندێک کادری دیکەش کەلەناوچەکان خەریکی کار بوون من نەم دەناسین.

ئەسعەد خودایاری بەبەشی هەرە زۆری کارەکانی لای پیرانشارو نەغەدەو شنۆ سەردەشت و تەنانەت جاروبار لای دەشتە بێل، رادەگەیشت و سەردانی دەکردن. ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاروگوندەکان کەم نەبوون، بەلام دەکرێ بلێین: بەشی هەرە زۆری نەخوێندەوار بوون. لەسەدا هەشتاو پێنجی فەقێ و مەلای ناوچەکان ئەندام یا لایەنگری حیزب بوون. ئەودێیانەی کەئاغای زاڵمی لێ نەبایە، مەلا هەر لەمزگەوتێ بەیاننامەو رۆژنامەی حیزبی بۆدەخوێندنەوە. هۆی سەرەکی ئەو بێ ترسی و خۆێندنەوە لەمزگەوتان ئەوەبوو، سازمانی ئەمنیەت و اطلاعات لە شارەکانی کوردستان پێک نەهاتبوو، واتە هێشتا ئەو ئیدارەیە، نەهاتبوە کوردستان و دانەمەزرابوو. ئەو کات بۆ ناسین و هەڵنان و پەروەندە سازی و گرتنی مرۆی سیاسی، ئیدارەی روکنی ٢ی تەرتەش ئەوکارانەی پێ سپێرا بوو ڕایدەپەڕاندن.

شاری نەغەدە ئیدارەیەکی ژاندارمەری لێ بوو، کە ژمارەیان لەدە دوازدە کەس تێنەدەپەڕی. ئەوانیش لەبەر بەرتیل وەرگرتن و پووڵ کۆکردنەوە، زۆر ئاگاداری ئەو شتانە نەبوو. لەنێو ئەو دە کەس ژاندرمەدا تەنیارئیسی ژاندەرمەری و یەکی دی وەک نوسەری ئیدارە خوێندەواری هەبوو. ئەوانی تریان نەخوێندەوار

بوون.
بەکورتی گوندی ئالیاوێی سندوس کەملکی چەند ورکە ئاغایەک بوو. بۆ تێکۆشانی حیزب شوێنێکی باش بوو. ئەوکات کە بە بڕەم بڕەمی دەورانی دەرەبەگایەتی دەژمێردرێ، ئاغاکان هەرچی پێیان خۆش بایە دەیان کردو هیچ کەس و هیچ مەقامێکی دەوڵەتی پێشگیری لێ نەدەکردن. چ لەدێ و چ لەشار دەوران، دەورانی دەسەلات نواندنی ئاغاکان بوو. باوەڕ بکەن ئەوکات ئاغاکان کاری وایان دەکردو گۆشارێکی وایان بۆ سەرخەڵک هێنابوو، ئەگەر پیاو بیهەوێ بۆ لاو و خەلکی ئێستای بگێرێتەوەو بینووسێ، زۆر کەس نەک هەربڕوا ناکەن، بەڵکو بۆ ئەوان شێوەی چیرۆکی دەبێ و لێ یان دەبێتە ئەفسانەو حەوت خوانی رۆستەم. هەروەک ئێمە کەئێستا مێژووی کۆیلەو کۆیلەداری دەخوێنینەوە، تیژ بەسەریدا تێ دەپەرین و دەرۆین. چونکە لەدەورانی خۆماندا نەبووە زۆر هەست بەزوڵم و زەبروزەنگی کۆیلەدارەکان ناکەین. بەبروای من زوڵم و زۆری ئاغاکانی ولاتی ئێمە، لەگەل دەورانی کۆیلەداری، تەنیا شێوە و زەمانیان جیاواز بووە. دەورانی کۆیلەداری کابرای کۆیلە نەیتوانیوە بەبێ ئیزنی کۆیلەدار بۆ هیچ شوێنیک بچێ. لەدەورانی ئاغایەتیش دا لە زۆر جێگا ئەگەر ڕەعیەتێک بێ ئیزنی ئاغا ویستبای باربکا بۆگوندێکی دیکە، ئاغا ئیزنی نەدەداو نەی دەهێشت بروا. یا ئاغا رای دەسپارد لەگوندەکانی دیکە ڕای نەگرن و جێگای نەدەنێ. بۆ وێنە؛ مالێک لەگوندی گرتک سپیان، کە مام عەزیزی ئاغا رێگەی نەدەدا لەوێ باربکاو بڕوا. شەوێ بەدزی شڕەو بڕڕەی خۆی باردەکاو مالی دەروادەچێتە(گوندی کانی مام سەیدەی)سندوس. مام عەزیزی ئاغای گوندی گرتک سپیان، بەهۆی ژاندەرم، ماڵی کابرای هێناوە گرتک سپیان و لە جێگای خۆی دانیشاندەوە..
ئەو زوڵم و زۆریە ببوە هۆی ئەوەی کە بەربەرەکانی دژی ئاغایەتی ەبەهێزو بەتەوژمتربێ لە خەباتی دژی رژیم. دانیشتوانی لادێ، زوڵم وزۆری ئاغا هانی دەدان بێن بەئەندامی حیزب. گۆشاری دەرەبەگ ئەوەندە زۆر بوو کەم کەس هەستی بە ژێر دەستی رژیم دەکرد. هەرئەو گۆشارو زۆر بۆهێنانە بوو، کە حیزب درۆشمی دابەش کردنی زەوی هەڵگرت . بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم: هەڵگرتنی ئەو دروشمەو پروپاگاندی دژی دەرەبەگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەنێو خەڵکی کورد دا، خۆشەویست و سەقام گیرکرد. ئەو دروشمە بۆلادێ

یەکان شتێکی هەرە گرینگ و سەرەکی بوو. مەسەلەی زەوی و پروپاگاندی لەناو چوونی ئاغایەتی ببوە هۆی پتر بوونی ئەندام لە نێولادێیەکانداو، رۆژ لەگەڵ رۆژ پتردەهاتنە نێو ریزەکانی حیزب. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەتوندی لەباری پتربوونی ئەندام و بەرین بوونی تەشکیلات دەچووەپێش.
ساڵەکانی نێوان ١٣٣٣هەتاوی تا پایزی ٣٨هە ١٩٥٨ز، دەتوانم بڵێم؛ تەشکیلاتی حیزبی دێمووکراتی کوردستان، لەمەڕکۆمیتەو شانەبەندیەوە،پتەوترین و رێک و پێک ترین حیزب بوو لەودەوراندا ئێستاشی دەگەڵ بێ.
ئەوکات من وەک ئەندامێکی هەلسووڕی سەرشانە تێدەکۆشام وکارم دەکرد. هەر وەک پێشتر باسم کرد، لەسالانی ئاماژە پێکراودا، جگە لەمەلای ئاوایی کەمترخوێندەوار دەست دەکەوت. لەبەر ئەوەی برە خوێندەواریەکی سەرەتایم هەبوو، کادرەکان کە دەهاتن، وەک ئەمیندارو بڕوا پێکراو بۆئەو لاولایان دەناردم پتریان لەکار وەردەدام .
لەسالی ١٣٣٤هە ١٩٥٥ز، شەهید ئەسعەدی خودایار لەلایەن رژیمەوە دەگیرێ و دەچێتە زیندان. ناوبراو پاش ماوێکی دورو درێژ ئازاد دەبێ و قەرار وا بوو بنێردرێتە دەرەوە.
ناوبراو دوای ئازاد بوونی کەبێکار بوو،  بۆئەوەی بتوانی ماڵ و منداڵی خۆی بژیەنێ، هاتووچۆی عێراقی دەکردو خەریکی ئالوو وێرو قاغچیەتی دەبێ. لەو سەروو بەندە دا کە رژیم دەست دەکا بەگرتنی ئەندامانی حیزب، پایزی ١٣٣٨هەتاوی ١٩٥٩ز، کاک ئەسعەد دەیەوێ لەعێراق بگەڕێتەوە بۆماڵێ، بەپلان و دەستکیسی کاک عەبدوللای ئیسحاقی لەنیزیک گوندی « چۆم خرکەی » ناوچەی قەلادزێ تەقەی لێ دەکرێ و دەکوژێ.
بۆئەوەی بەسەریدا تێ نەپەڕین دەکرێ بڵێم: پێش گیرانی کاک ئەسعەدی خودایاری، کاک سمایلی قاسملوو و کاک هاشم حەق تەڵەب هاتووچۆی ناوچەکانی سەردەشت و بانەو سندوس و شنۆیان دەکردو بەسەرکۆمیتەو شانەکاندا ڕادەگەیشتن.
من لەگەڵ ئەوەی دا تەمەنم کەم بوو، کاتێک کادرەکان دەهاتنە ناوچە منیان لەگەڵ خۆیان دەگێڕاو فێری کاری تەشکیلاتیان دەکردم. لەبەر ئەوەی دوای رۆینی ئەوان، دەمتوانی نوسراوەکانی حیزب بۆ ئەندامان بخوێنمەوە.

ئێستاکەبیری لێ دەکەمەوە، پێم سەیرە منی بێ تەجروبەو ئەزموون لەگەڵ ئەو هەموو هەڵسووڕان و هاتوو چۆو ئەولاولایە، چۆن بووە ئاشکرا نەبووم ونەگیراوم ؟!

ئەو سەردەمەی کە من خەریکی کاری شانەو شانەبەندی بووم، لاوێکی بێ ئەزموونی سادەو ساکار بووم. ئەو جۆرەی کەکادرێک دەبێ بیزانێ و بتوانی وریای خۆی بێ و لەمەڕ پۆلیس ئاگاداری لەخۆی بکا، من ئەو ئەزمونم نەبوو. دیارە فێریان کردبووم کە لەنێو سندوقی چەرچیەتی دا بەیاننامەو ڕۆژنامە بەکۆمیتەکان بگەیەنم، بەڵام بۆکادرێک ئەوە بەس نەبوو. دیارە بەدەوران دەگۆڕێ و ئیدارەکانی جاسوسی ئەو سەردەم وەک ئێستا وریاو ڕێک و پێک نەبوون و وەک دەورانی دوایی لەلاوە تەربیەت نەدەکران و دەورەیان پێ نەدەدیتن و وەک ئێستا نەدەکران بەسەگی هار. لەلایەکی دیکەوە ئەو سەردەم خەڵک وەک ئێستا تێکەڵاوی دەزگای رژیم نەبیوون. دەکرێ بڵێم رژیم نەی دەتوانی خەڵک بۆلای خۆی ڕاکێشێ. ئەوکات دەوڵەت لەکوردستان یانی ئیدارەی ژاندەرمەری و مەرزەبانی. ئەو دووئیدارانە کارو پیشەیان ڕاوو ڕووت و خەڵک گرتن و بەرتیل وەرگرتن بوو. ژاندەرمەیەک بەتەنیا بەدێهاتی کوردستاندا دەخولاوە ڕاوو رووتی خۆی دەکرد. لەڕاستی دا خەڵکەکەی ئێمەش لەبەر فەقیری و نەخوێندەواری و ترس و خۆفی ئاغا سەریان لێ شێوا بوو و شتێکی وایان نەدەزانی. کاتێ قسەم بۆخەڵکی دێ دەکرد هەرتەقەیان لەسەری دەهات. لەشتی سادەو ساکار بەولاوە، ئامانجی ئەسلی کە تێگەیاندنی ئەندامو مەبەستی بنەڕەتی بووکارێکی هاسان نەبوو.

هەرکادرێک لەوکاتو دەراندا ئەگەر زەڕڕەیەک نیشتمان پەروەر بایە، هیچ کاتێک ویژدانی ڕێگەی نەدەدا بچێ دانیشێ و لادێ یەکان بەجێ بێڵێ و لەیاریدە دانانیان غافڵ بێ. وەرزێرانی لادی سەرە ڕای هەژاری و ڕووتی، بێ بەزەیانە لەلایەن خاوەن مڵکەوە دەچەوسانەوەوئاغاکان لەسادەو ساکاری ئەوان ئەو پەڕی کەڵکیان وەردەگرت.سەرە ڕای سادەیی و بێ فڕوفێلیان، دانیشتوانی لادێ بەگشتی دژی ئاغایەتی و بیچمی دەرەبەگایەتی بوون و رژیمیان ناخۆش دەویست و هەستی کوردایەتیان زۆربوو.

ئەگەر لەناوچەدا چەندکەسێکی فڕوفێلاویش بۆ ئەزیەت و ئازاری فەقیرو هەژار هەبان، هەروەها لەگەڵ رژیم تێکەڵاوی و هاتووچۆیان هەبایە، لەئاغاو کوێخای

دێ تێنەدەپەڕین. وەرزێرو ڕەشایی و شوان و گاوان و. . . له بەر ماندوویی و نەداری دەستیان بەکڵاوی خۆیان داگرتبوو با نەیبات.

## هەنگاوێک بۆ دواوە .

ڕەنگبێ لەزۆربەی حیزب و ڕێکخراوی سیاسیدا دوو بیرو بۆچوون و سەلیقە هەبێ. تەنانەت دەکرێ بلێین؛ دووبیری ڕاست و چەپ لەگەڵ یەک لەحاڵی بەربەرەکانی دابن. میزانی ڕاست و چەپ بوونی ئەفرادیشیان بەستراوەتەوە بەماهیەتی ئەو ڕێکخراوەی کاری تێدا دەکرێ. بەڵام حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جیاوازو هەڵاواردراو لەحیزب و ڕێکخراوی ترە. چونکە ئەو حیزبە لەسەر دەمێکدا پێک هاتووە کەئۆردوی سوور لەکوردستان بووە، بەگوێرەی گوتنی مێژوو لەسەر پێشنیاری چەند کەسێکی سەر بەسۆفیەت حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دامەزراوە، دوای پەلامارو سەرکوتکردنی کۆماری میللی کوردستان، ئەوکادرانەی بۆ بووژانەوەی حیزبی دێموکڕات هەولێیان داوە لەژێر ڕێنوێنی و تەئسیری بیرو بۆچوونی حیزبی توودە دابوون. کەوابوو دووبیری ڕاست و چەپ لەدەروون حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەشتێکی سروشتی دەژمێرێ و بمانەوێ و نەمانەوێ حیزبێکی کە لە هەلوو مەرجێکی باسکراوی ئاوادا پێک بێ، ئەندامەکانی ئەو دوو بیرە ناتەبایەشیان تێدا دەبێ.

دوای ماوەیەک کارکردن لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا هەستم بەناتەبایەک کرد، کەلە نێو دەروون تەشکیلاتی حیزبدا بەزەقی خۆی دەنواند. لەکۆبوونەوەیەکی حیزبیدا ئەوهەستە، منی پتر هاندا کەگوێ قولاغتربم و بزانم ریشەی ئەو ناتەباییە چیەو لەکوێرایە، بەلام لەبەر نهێنی کاری ونەگونجانی کۆبوونەوەی گشتی بۆم ساغ نەدەبۆوە. سالی ١٣٣٤هە ١٩٥٥ز لەگوندی ئالیاوێ کۆبونەوێکی کادرەکانی حیزب پێک هات. واتە ئەو کادرانەی کەپاش زاڵ بوونی ساواک بەسەر کۆمیتەو شانەو هەستەی حیزبی توودە دا توانی بوویان لەشارەکان بێنەدەرو جوڵانەوەی سیاسی لەکوردستان زیندوکەنەوەو تەشکیلات دروست بکەن. لەنێو کۆبوونەوەکەدا، جگە لەقاسم سولتانیان و سمایلی قاسملو، ئەوانی تر هاتبوون. پێم وایە ئەو دووانە ئەوکات مەسئولیەتیان

لەحیزبدا کەمتر لەوانی دیکە بوو. بۆیە لەوکۆبونەوە دا بەشدار نەبوون. یان دوور بوون وێڕا نەگەیبوون بێن بگەنێ و لەوکۆبوونەوە دا بەشداری بکەن. بەشدارانی ئەوکۆبوونەوە بریتی بوون لە:
کاک عەبدوڵلائیسحاقی ، کاک سولەیمانی موعینی ، کاک هاشمی حەق تەڵەب ، کاک حەمەدەمینی ڕاتبی ، کاک محمەدی بەحرلعلوم . دانیشتنیان پتر لەحەوتوێکی کێشا. ماوەی ئەو حەوتوە لەژورێ دابوون و بەرۆژ نەدەچونەدەر. شەوانە یەک یەک و دوو دوو مێزەری سپی مەلایەتیان لەسەری دەناو وەکو فەقێیان بۆسەر ئاو و هەوا خۆریەک دەچوونە دەرو دەهاتنەوە ژور.
لەو ماوەیەدا من لەبەردەستیان دەهاتم و دەچووم و چام بۆ تێدەکردن و وەک خانە خوێ، پێداویستی رۆژانەیانم دابین دەکرد. لەبەر ئەوەی حیسابی ئەندامیان لەسەر من دەکرد بۆ وان جێگای نیگەرانی نەبووم. چوارپێنج رۆژی هەوەڵ زۆر بەگەرم و گوڕی و خۆشی و پێکەنین کۆبونەوەکەیان بەرێوە دەچوو. کاتێک گەیشتنە سەر بەشی رەخنەوپێشنیار، دوو رۆژی تەواوچەقەو هەڵلاو لێک سوورهەڵگەڕان بوو. جارو باریش دەگەیشتنە ئەوەی کە بەگژ یەکدا بچن ئەوەندە تووڕە دەبوون.
ناتەبایی دوو بیری جیاواز بەئاشکرا لەوکۆبوونەوەدا خۆی دەنواند. یەکێ بەکوردوکوردستانی سوێند دەخوارد، یەکێ بەمارکس و لێنینی دەقۆستەوە. ئەوەی بەباشی بۆم ساغ ببۆوەو لەبیرم ماوە، هەمویان لەسەرخەباتی دژی ئیمپریالیستی و بەربەرکانی لەگەڵ بیچمی دەرەبەگایەتی یەکدەنگ بوون. لەسەر نیزیکی و هاوکاری لەگەڵ حیزبی تودە، دوو بۆچوونی فرە لێک جیاوازیان هەبوو. لەکۆتایی دا ساغ بوونەوە کە هاوکاری و نیزیکیان لەگەڵ حیزبی تودە دا هەبێ. بۆئەوەی هاودەنگی روکنی ٢ی ئەرتەش نەبن کەلەو سەردەمدا لەلایەن ئیدارەکانی پۆلیسی حکومەتی حەمە ڕەزاشاوە بەنێوی دادستانی ئەرتەش و دادڕەسی ئەرتەش بە توندی سەرکوت دەکران و دەگیران و دەکوژران.
لەبەر ئەوهۆیە سیاسیە بڕیاریاندا نیزیکی لەحیزبی تودە بکەن و دژی ئەوان شت نەنووسن. چونکە حیزبی تودە لەکۆمیتەی ناوەندی ڕا تاسادەترین ئەندامیان کەوتبوە ژێرگوشاروگرتن و ئەشکنجەو ئێعدام. پاش کۆتایی هاتنی بەشی رەخنەو پێشنیار، هەستان دەستیان لە ملی یەکترکردو ئەولاولای یەکتریان

ماچکرد. ئەو سوور هەڵگەڕان و تووڕە بوونە، جێگای خۆی داوە بەلەسەرەخۆیی و شادی و پێکەنینی پێشوو.

ئەو دوو پەردە دوو رەنگە بۆمن زۆر سەیرو جێگای سەر سوڕمان بوو. بۆمنی کەم تەمەن و بێ ئەزموون شتێکی نەگونجاو بوو. کەچی لەدرێژخایەن دابۆمدەرکەوت، کە پیاو دەکرێ لەکۆبونەوەدا، بەتایبەتی لەکاتی رەخنەوپێشنیاردا، توندوئاکتیو رەخنەو پێشنیاری خۆی بکاو لەکاتی دیکەشدا لەگەڵ یەکتر نیزیک ولێبوردوو بێ و یەکێتی دەروون تەشکیلاتی بپارێزێ .

پاش دابەش کردنی کاروباری خۆیان، کۆبوونەوەکەیان کۆتایی پێهات وبڵاوەیان کرد.

لەساڵانی ئەو سەردەمدا کاروباری حیزبی باش دەچوە پێش و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زۆربوونی ئەندام پتر پەرەی دەستاند. حکومەت لە کوردستان هەستی بەجوڵانەوە کردبوو. وەک گوتم؛ دەوڵەت تاهاوینی سالی ١٣٣٦هە١٩٥٧ بۆ وەرگرتنی هەواڵ وناسینی مرۆی هەڵسوورو سیاسی لە کوردستان، کەڵکی لە روکنی ٢ی ئەرتەش وەردەگرت تائەوکاتەی ئەو ئیدارە ترسناکەی سازمانی ئەمنیەت و ئیتلاعات لەمەهابادیش دامەزرا.

کاک سمایلی قاسلوو کەکادرێکی هەڵسووڕی حیزب بوو، کاتێک لەناوچەی بانە لەلایەن حکومەت گیرا، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کاری تێدا کردبوو، ئەندامی بەر پرسی کۆمیتەکان ترسیان لێ پەیدا ببوو. کاتێک کادرەکان بۆسەردانی ناوچەکان دەهاتن، زۆر بەدوورو درێژی لێمان دەپرسین؟ لەمەڕ گیرانی سمایل قاسملوودا، پلانتان چیەو چبکەین؟ لەوەڵامدا دەیانگوت( نیگەران مەبن بەرێوەبەرانی سەرووی حیزب توانیویانە لەگەڵ کاک سمایلی قاسملوو لەزیندان پەیوەندی بگرن. ناوبراو وەک پاڵەوان ڕاوەستاوەو پۆلیس نەیتوانیوە چوکترین شتی لێ وەدەست بێنێ"!!

کەچی دوایە دەرکەوت لەخۆڕا ئەو هەواڵەیان دروست کردوەو هیچ هەواڵێکیان لە زیندان و سمایل نەبووە. بەڵکوو پاش ماوەیەک سمایل نەی توانیبوو خۆی ڕاگرێ و تێکیان شکاندووەو «لەسیر ڕا تاپیواز » هەموو شتێکی گوتبووەو هیچی نەهێشتۆتەوە.

دوای لێدان و سەرکوتکردنی حیزبی تودەو گرتنی ئەندامەکانی و لێدان و

ئەشکەنجەیان، هەمووکەس بۆی روون ببۆوە کە هیچ کەس لەبەرانبەر جەزرەبەو لێدان و زەبرو زەنگی سازمانی ئەمنیەت دا خۆی ڕاناگرێ و ناتوانێ بێدەنگبێ. سەرلەشکر تەیموری بەختیار رەئیسی ساواک، پاش کەشف و گرتنی سازمانی نیزامی حیزبی تودە کتێبێکی نیزیک بەچوارسەد لاپەرە لەسەر چۆنیەتی تەشکیلاتی حیزبی تودەو سازمانی نیزامی حیزبی توودە و زیندان و ئیعترافات و خۆڕاگری و... چاپ و بڵاو کردبۆوە. هەرکەسێک ئەوکتێبەی خوێندباوە دەیزانی سمایلی قاسملوو، ناتوانێ لەبەرانبەر ئەو شکەنجانەی سازمانی ئەمنیەتدا خۆی ڕاگرێ.

سازمانی ئەمنیەت دوای وەرگرتنی ئیعتڕافاتی تەواو لەسمایل، ئیترکەوتبوە پێو شوێن و ناسینی ئەوانەی لە رووی ئیعترافاتی سمایلی قاسملوو کەوتبوونە نێو لیستەی ڕەشی ساواک.

سمایلی قاسملوو کەبەهارێ گیرابوو، نیزیک بەهەشت مانگ ساواک لەژێرەوە خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر جێگاو ڕێگای ئیعتڕاف لەسەر کراوەکان بوو. ساواک بەلەسەرە خۆیی لەنووکەوە ئەو ئەندامانەی کەدەبوایە بیانگرێ، شوێن و جێگاو رێگایان شارەزا ببوو. بەروونی دەیزانی لەکوێن‌و چۆن دەبێ بچن بیانگرن.

کاتێک ساواک دەست بەکاربوو لە٢٤ سەعاتدا، لەسەرانسەری کوردستان ئەوانەی کە دەبوایە بگیرێن گرتنی و لەزیندانیان قایم کردن. کەسانێکی وەبەر دەست نەکەوتوون و نەگیران، یان لەماڵ نەبوون، یان ژاندارمیان دیبوو خۆیان شاردبۆوە ، یان وەکوو من کە نەگیرام لەسەفەرو ئەولاولا بوون.

## زەربەیەکی کوت وپڕی مێژوویی .

دوای شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ زاینی لەوڵاتی عێراق، بەسەرۆکایەتی ژەنڕاڵ عەبدولکەریم قاسم، دەکرێ بلێم حیزبی دێموکراتی کوردستان ژیانێکی نوێی دەست پێکرد بوو. خەڵک پتر بەرەو حیزب ڕادەکشان و گەرم گوڕتر لەجاران خەریکی کارو تێکۆشان بوون. سازمانی ئەمنیەت واطلاعاتیش لەکوردستان زۆر لە پێشوو هەڵسوورتر بوون. دەکرێ بڵێین؛ هەست بەهاتووچۆی جاسوسی و سیخوڕو ڕایەڵکەی مەئمورەکانی دەوڵەتی دەکرا.

شۆرش و ئالۆوگۆڕی عێراق، روخانی رژیمی پاشایەتی پەیمانی بەغدای بەتەواوی لەق و لەرزۆک کرد بوو. ئێران و تورکیەو پاکستان کە لەپەیمانی بەغدا دا بوون و بالێکیان لەدەست دابوو، بەتەواوی شێوا بوون و، وەک گورگی چوارچاویان لێ هاتبوو. غەرب بە هەموو هێزیەوە کەوتبوە خۆی بۆ قەرەبووکردنەوەی عیراقی لەدەست چوو. بەتەواوی هەولیان دەدا، لاوازی و بێ هێز بوونی پەیمانی بەغدا بشارنەوە.

سەردەمێکی سەیربوو. دنیای غەرب ترسی لێ نیشتبوو. پێ یان وابوو سبەو دوویەکی کۆمونیست بالْ بەسەر هەموو دنیا دەکێشێ و شۆرشیان بەسەردا دەکرێ و وەهیچ شتێک ڕاناگەن. بەگورجی ئالۆوگۆڕی نیزامیان پێک دێناوخەریکی هاتوچۆ بوون. دەولەتانی خاوەن نەوتی ئێران و سعودو خەلیج کیسەکانیان شلکرد بووکەهەرچی بلێن وابکەن. بەومەرجە پشتیوانیان لێ بکرێ و زیانیان پێ نەگات و تەخت و تاجیان ڕاگیراو بمێنێ.

نێوی پەیمانی بەغدا گۆڕاو نێویان نا پەیمانی سنتۆ. لەوگەرمە گەرم و هاتوو چۆیەدا، چەک و چۆلْ و کەرەسێکی باشی شەریان بە ولاتانی سەر وەخۆیان، وەک ئێران و پاکستان و عەرەبوستان فرۆشت. بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن و کۆمونیست هەلیان نەلووشێ؟! بۆ بەد بەختی، لەوکاتە ناسکەدا مەسەلەی کوردیش بەهۆی شۆرشی ئێراقەوە بوو بەمەسەلەی رۆژ. لەلایەکی دیکەشەوە، تێکدانی کۆماری دێموکراتیکی عێراق، بەرنامەی بۆ دارژا بوو دەبوایە هەرچی زووتر بروخێ و مەترسی لەسەر ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست لاچێ و هەروەها بۆلاواز کردنی کۆماری ساوای عێراق، لەسەرەتای کاردا پێویست بە ئالۆزی وپشێوی بوو لەعێراق . بۆ ئەو کارەش باشترین وگرینگ ترین ڕێگا پێشقەدەم کردنی مەسەلەی کورد بوو وەک هێزی سەرەکی لەعێراق وەکار بخرێ . دەستی ئێرانیش بۆ دنە دان وتەیارکردنی شۆرشی کورد ئاوەلە بێ و بتوانێ بەرنامەکانی خۆی چ لەمەڕ سیاسی، چ لەمەڕ نیزامی وجاسوسی یەوە بەرێتەپێش. پێشترباسمان کرد کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لەماوەی شەش سالْ خەبات و تێکۆشان لەو سەردەمەدا، تەشکیلاتێکی رێک و پێکی لەکوردستانی رۆژهەلاتدا، دامەزراند بوو. بەلام خراپتر لەحیزبی تودە لەماوەی ٢٤سەعاتدا بە پەلامارێکی کوت و پر، تەواوی کۆمیتەو شانەو دوایین هەستەکانی نێو جەنگەلْ وچیاو چۆلْ و تەنانەت

ئەودیێیانەی نێو دۆڵ و دەرەو بێ رێگاش بەرپرسەکانیان گیران و ئەندام و لایەنگرەکان ناسران. گەلێکیش لەکادرو ئەندامی سادەو بەرپرس هەلاتن بۆ دیوی گەرمێن و بوون بەپەنابەری سیاسی لە کۆماری دێموکراتی ساوای عیراق.

## گیرانودەربەدەری

پایزی سالی ١٣٣٨هە ١٩٥٩ز، سازمانی ئەمنیتو ئیتلاعات بەپێی بەرنامەی دارڕژاو پترلە ٢٥٠ کەسی لەئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت و رەوانەی ڕەشە چالەکانی کردن. سازمانی ئەمنیەت، ئەوکەسانەی مەبەستی بوو بیانگرێ، نیزیک بە.٦٠٪ی لەشەوێکدا پێش سەعات ٦ی بەیانی گرتن. لەسەدا ٤٠٪ لە سەفەرو ئەو لاولا بوون وەبەردەست نەکەوتن. من بۆخۆم یەکێک لەو کەسانە بووم کەبەسەفەر چوبومە چیانەی بەری پیرانان و ئاگام لە مەحمودی بێ زەواد نەبوو. بەیانی بەکاوەخۆ نان و چام خواردو بەپێیان هاتمە کارێژی پیرانشار. سواری ئوتوبوس بووم بەرەو نەغەدە وەرێ کەوتم . مەشەدی هەسەنقولی برادەرێکی حیزبی ئەندامی کۆمیتەی ناوچەو کۆمیتەی شار، لەکارێژی نەغەدە چاوەروانی دەکردم. کاتێ دابەزیم بەقامک ئاماژەی کردم وەدوای کەوم. پێم شتێکی سەیر بوو کەئاوا بەدزی بانگم دەکات. لەپەنایەک ڕاوەستاو چوومەلای سلاوی لێکردم و دوایی ماندوو نەبوونی لێکردن ، بەنیگەرانی و بەپەلە گوتی:

- ئەندامانی کۆمیتەی شار جگە لەمن ولە تۆ هەمویان گیراون. سەرهەنگ غوفرانیان بەماشێن و ژاندارم چوتە گوندی ئالیاوێ مالی ئێوە گەڕاون. نازانم چیان دیتۆتەوە یان نا. دوایی بەلێنیان لەکوێخا ئەستاندوەوکاغەزیان پێ مۆر کردوە کەتۆچویەوە بتگرێ و تەسلیمی ژاندارمەری نەغەدەت بکات، وریای خۆت بە. ماچێکم دەیەوخواحافیز.

مەشەدی حەسەن قولی ئەوەی پێ گوتم و بەپەلە رۆیی. *

منیش بەکەلێن و کولێن و کۆلانادا لەشاری نەغەدە وەدەر کەوتم و بەلارێیاندا بەرەوئالیاوێ رۆیشتم. کاتێک دەگەیشتمە جوتێرو شوانان ئاخێکیان هەلدەکێشا ، پاش ماندو نەبوونی دەیان گوت:

نابێ بچیەوە ئالیاوێ. ئەورۆ بەیانی زوو نێو دێ پڕبوو لەژاندەرمە. ئەگەر لەمالێ بای دەیان گرتی. کاتێ تۆ لەمالێ نەبووی بەکوێخایان مۆرکردوە، کەچویەوە بتگرێ و تەسلیمی عەجەمانت بکا. کاتێک لەکەسێکم دەپرسی: بەبڕوای تۆ دەولەت بۆ دەمگرێ، من چم کردوە؟ ئی وا بوو دەیگوت نازانم. ئی واش بوو دەیگوت:

هەرکەس خوێندەواربێ دەیگرن. خەڵک حەقیان بوو وا بڵێن، لە دێهات خوێندەوارکەم بوو. ئەوەی خوێندەواریش بوو، یان میرزای ئاغابوو، یان دوکانداری وئاڵوو وێری دەکرد، یامەلای ئاوایی بوو.
لەدێ نیزیک بوومەوەو لەکوێخاش ترسم نەبوو، چونکە لەدێ ئەوەندەم لایەنگر هەبووکوێخا نەدەتوانێ بمگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە کوێخا حوسێن وەک لایەنگری حیزب، یارمەتی دا بوو حیسابی حیزبی لە سەر دەکرا کارتی یارمەتی درا بوویە.
دەمزانی کوێخا حوسێن زیانم پێ ناگەیەنێ. کاتێ پرسیم و زانیم کەسی بێگانە لەدێ دا نیە یەکسەر چوومەوە ماڵێ خۆمان. زارای خێزانم تەواو رەنگی چرژابوو، نیگەرانی دوا رۆژی من‌و خۆی بەروونی بە نێوچاوانیەوە دیاربوو. پێشتر مەسەلەی گیرانی کاک سمایلی قاسملووم لەگەڵ باس کردبوو، دەیزانی ئەگەر لەبن لێدان دا وەدەنگی بێنن و ئیعتراف بکا من دەگیرێم. یان دبێ بڕۆم نهێنی بم و خۆم بشارمەوە. مۆرو بەڵگەی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە لەلای من بوون و تەنیا زارا پێی دەزانین. ئەو رۆژەی کەژاندارم دێنە ئاڵیاوێ، کاتێک گوێی لە هارەی ماشێن دەبێ، لەبەرپشتێنی دەنێ و دەروا بۆ ماڵە جیرانێک لەنێو ئاخوری تەویلەدا دەیان شارێتەوە. کاتێ دێتەوە ماڵێ، دەبینێ ژاندارم دەرکیان کردۆتەوەو بەماڵێ وەر بوون.
نێومالێکی قەڵش قەڵش مان بوو. بەهۆی شیشەتێڕاکردن و شیشکوت کردن‌و پشکنین، ئەوەندەی دیکەشیان شپرێوترکردبوو.
من و خێزانم هەردوکمان بە پەرۆشی و نیگەرانی دەمان روانیە یەکتر. صلاح الدین کوری ٦مانگەمان بوو. لێکترمان وەردەگرت ولەباوەشمان دەکرد. قسێکمان نەبوو پێکتری بلێین. من دڵخۆشی خێزانم دەداوە، بەڵام نەمدەزانی بڵێم چی. لەبیرمە تەنیاشتێکی کەپێم دەگوت ئەوەبوو: « تۆ زۆر خەم مەخۆ، هیچ کەس نازانێ دنیاچی لێ دێتەوەو سبەی رۆژ چۆن دەبێ؟ » تەنیا هومێدێکی هەم بوو،قسە کردن لەگەڵ برادەرو ئاشناو رۆشنا بوو. کە بەڵکو جێگاو رێگایەک بدۆزمەوە، بتوانم خێزانم لەو پەرۆشی و بێ کەسیە رزگارکەم . دڵخۆشی دانەوەی من لەبەر ئەوەی هیوادارانە نەبوو، پتری خێزانم وەڕەزو خەمبارو نیگەران دەکرد. دیاربوو بەو ئامۆژگاری و دڵدانەوە بێ بنچینانەی من سوکنایی نەدەهات. نەشم دەتوانی بەڵێنی روژی خۆش و داهاتووی روناکی بدەمێ. دەیزانی و هەستی بەوە دەکرد کە بەدبەختی و ڕۆژی ناخۆشتر تازە دەست پێ دەکا. هەرئەوەش بووکەچاوم تێ بریبوو نەم دەزانی چی پێ بڵێم. لەوکاتەدا کاک محمدی صوفی خالە، یەکێ لەئەندامانی شانەی دێ، وەژورکەوت. دوای هەواڵ پرسی، گوتی:

– لەبیرتە زۆرجاران پێت دەکوتین: خەبات و بەربەرەکانی دژی دوژمن دەیان بە دبەختی و ئاوارەیی و گیران و لێدان و ئێعدامی بەدوادایە؟ ئەوە رۆژەکەیەو دەبێ خۆی لەبەر ڕابگرێ. گەلێکی ئامۆژگاری کردم و زۆری هێزو هانا وەبەرنام. دوایی گوتی: کوێخا حوسێن ناردومی پێت بلێم؛ لە دێ نەبی. ناوبراو بەلێنی داوە بتگرێ، بەڵام وێرای گەیاندنی سلاوەدەیگوت: لەنێو دێ نەبێ، بۆهەر دوکمان باشترە. هەروەهاگوتی: ئەگەر بش کوژرێم، ئامادە نیم زەرەرم بە سەعید بگا. من هەر برادەرو سوێندخۆرە کەی جارانم. منیش سلاوم بۆ ناردو ڕام ئەسپارد کەنیگەران نەبێ، ئەگەر لە بەر خۆشم بێ، دەبێ بڕۆم و خۆم نهێنی کەم . کاک محمد خواحافیزی کردو رۆیی.

بەپێویستم دەزانی جارێ هەلوەدا نەبم و هەوالێک لە نەغەدە وەرگرم. عەولای زاوام نارده شارو بۆخۆشم بەدزی چومە مالێک خۆم شاردەوە. شەوێ کاتێک عەولا لەشار گەڕاوە، هاتە لام وگوتی: کاکیشت هاتووە. پێم سەیر بوو، مەشەدی گوتی: گیراوە، بەڵام ئێستا لێرەیە. دوایی کە چومە لای کاکم و داستانی گیرانی خۆی بۆگێڕامەوە.؛ کەکات ژمێری ٣٠/٥ی سەرلە بەیانی دەگیرێ و لەگەڵ گیراوەکان دەیبەن بۆ ساواکی مەهاباد. لێی دەپرسن براکەت لەکوێ یە. ئێمە چووینە دێ لەماڵ نەبوو. ئەگەر پێمان بلێی بۆخۆت باشە؟ ئەویش دەلێ؛ لەوانەیە هەر لەئالیاوێ بێ. لاویکی سادەو ساکارە، خەلکیش ترسی وەبەر ناوە خۆی شاردۆتەوە. ئەگەر دەلێن دەچم دەیهێنم.کاکم درێژەی دا بەگێڕانەوەو گوتی:

کاتێک وا بەسادەیی هێنانی تۆم بۆباس کردن، بۆخۆیان چاوێکیان لێک کردو، یەکێکیان زۆر زیرەکانە پێی گوتم: ئێمە تۆمان لەبەر ئەو هێناوە، ئەگەر بتوانی ئەو بێنی دووسێ شتی لێ دەپرسین دوایی وێگرا بڕۆنەوە. منیش وەک مرۆیەکی سادەو نەزان، وەلامم داوە کە ئەوکارە زەحمەتێکی نیە. گوتیان نەهار دەخۆی یان دەرۆی؟ پێم گوتن: من دەرۆم، بەڵام تاسبەینێ ناتوانم بێمەوە.

کاکم دوهەزار تمەنی پێ دەبێ لێی دەگێرنەوەو پێی دەلێن: سبەینێ کە هاتیەوە پولەکەشت دە دەینەوە. زۆریان دلخۆشی دابۆوە، کە نەترسێ و...

هەر چەند دووهەزارتمەنی ئەوکاتی پولێکی زورو لەشانان گران بوو، بەڵام چارەی نەبوو. شانسێکی گەورەی هێنابوو بەو پوولە رزگاری بێ. هەرئەو رۆژە بۆ نیوەرۆ دێتەوە نەغەدەو بۆشەوێ لەگەڵ عەبدوللای زاوام هاتە ئالیاوێ. کاکم ئەوەندە ترسابوو، دانەنیشت نان و چایەک بخۆین. چایەکم لە پێش بوو نەیهێشت ئەویش بخۆمەوە. ناںمان هەلگرت و خواحافیزیمان کردو رۆیشتین. بەجێ هێشتنی ژن و منداڵ لەگوندی ئالیاوێ بۆمن شتێکی ناخۆش بوو. بەجێ هێشتنی ژنێک و منداڵێکی بێ

سەرپەرستی دەست نەڕۆیشتوو. بەجێ هێشتنیان لانی کەم بۆمن شتێکی هاسان نەبوو. ئەوەندە دەست تەنگ بووین دەتوانم بڵێم بەشی شەش مانگیان ئازوقەی ژیان نەبوو. ئەویش بەجێ هێشتنێک بێ، نەزانی بۆکوێ دەچی و چەندت پێ دەچێ؟! لەبیرمە شەوێ کەلەگەڵ کاکم بەرێگادا دەرۆیشتین تاگەیشتینەگوندی سەردەرێی ناوچەی شنۆیە سەرمان بەر دابۆوە چوارقسەمان لەگەڵ یەکتر نەکرد. بەتوندی دەرۆیشتین و سندوس مان بەجێ دەهێشت و بیرمان لە حاڵی خۆمان دەکردەوە. کەداخوا ئەو دووماڵە بێ سەرپەرستانە چیان بەسەر دێ؟

چەند ڕۆژێک بەنەهێنی لەگوندی سەردەرێ بووین. لەگەڵ هێندێک ئەندامی حیزب پەیوەندیمان گرت و دڵخۆشی مان دانەوە. شتێکی کەقەتم لەبیر ناچێ ئەوە بوو، کە بۆپەیوەندی دوا ڕۆژ نیشانەمان « علامت تماس » لەگەڵ دانان. کەپەیوەندی لەگەڵ کەس نەگرن. ئەوکارە زۆریان لە فریا هاتبوو. پاش سێ ساڵان کاتێک پەیوەندیم لەگەڵ گرتنەوە، بۆیان گێڕامەوە کە پیاوی گومان لێکراو چووبوونە لایان و بەنێوی من پەیوەندیان لەگەڵ گرتبوون. ئەوانیش خۆیان **لە نەناسی دابوو.**

لە گوندی "هێ و شێخان و قەلاتیان" چوار ڕۆژان ماینەوە. لەو

ماوەیەدا سێ چوارجارمان ناردە نەغەدەو شنۆ کەبەڵکوو هەواڵێک لەگیراوەکان وەدەست بخەین. هیچ هەواڵێکمان لەگیراوەکان وەدەست نەکەوت. هەموجارێ برادەرانی شاری نەغەدەو شنۆ ڕایان دەسپارد بڕۆن لەو نێوە نەمێنن . دیارە ئەوانیش حەقیان بوو ئەو وەلامەمان بدەنێ دەترسان بمان گرن. چونکە من تەنیاکەسێک بووم دەمناسین و وەک کادری ناوچە پەیوەندی نە پساوم لەگەڵیان بوو. دوای چەند ساڵ کاتێک برادەرانی کۆمیتەی شاری نەغەدە ئازاد کران دیتمنەوە، دەیان گوت؛ نەگیرانی تۆ لەزیندان کاری ئێمەی هاسان کردبوو. دەمان زانی کاک سمایلی قاسملوو تۆی وەک کادری ناوچەی شنۆ و سندوس بە ساواک ناساندوە. لەزیندان هەرشتێکیان لێ دەپرسین،دەمانگوت: سەعید ئەوانە دەزانێ بڕۆن لەو بپرسن. مەئموورەکان پێیان وابوو کەئێمەوا دەزانین تۆگیراوی. ئەوانیش بێ ئەوەی خۆیان شلوێ کەن، دەیانگوت: پێمان خۆشە لەئێوە بپرسین بزانین قسەکانی سەعید لەگەڵ ئی ئێوە یەک دەگرێتەوەو ڕاستن؟!

سەدیق عەلایی دەیگوت: زۆر جاران لەدڵی خۆماندا دەمانگوت بەڵێی ڕاستبێ؟ دەترساین، نەکا ڕاست بکەن تۆ گیرابی و دوبارە بمان بەنەوە ژێر ئازارو ئەشکەنجە. دوای ئەزیەت و ئازارێکی زۆرو ئیعتراف پێکردن هەموویان لێک کۆکردینەوە. کاتێ لەشک هاتینە دەرو خاتر جەم بووین و زانیمان تۆ نەگیراوی، ئێمەش چەند کەسێک نەفەسێکی ئاسوودەمان هەڵکێشا.

بەڵێ کاتێک ناهومێد بووین کەگیراوەکان خەبەریان نیەو واهاسان ئازاد نابن، کەوتینە بیری ئەوەی ئاوای دیوی عێڕاق بین و خۆمان لەگیران و ئازارو ئەشکەنجە ڕزگار بکەین و لەخۆڕا خۆمان ماتەل نەکەین.

## کوردستان بەجێ دێڵم .

دەڵێن کورد هەرکاتی لەلایەن دوژمنەوە گوشاری بۆ هاتووە دەشتایی بەجێ هێشتووەو بەرەوشیوو دۆڵ و کێو هەڵکشاوە. لەبەرئەوەی هیچ پشت و پەنایەکی نەبووە، بۆخۆ دەرباز کردن لەئەزیەت و ئازار پاڵی وەشاخی داوە بۆ ئەوەی دوژمن دەستی وێڕانەگا.
ئێمەش خۆمان گەیاندبووە گوندی قەڵاتیانی شنۆیەو پشتمان بە شاخیەوە بوو کەئەگەر شتێک هاتەپێش ئاوای دیوی کوردستانی عێراق بین.
خانەخوێ مان حاجی مراد تابڵێی پیاوێکی باش بوو. تا ئەوکاتەی پیاوێکی بەنێوی کاک واحید مەلاتۆفیق شارەزای بۆ پەیدا کردین ئاگاداری لێکردین. ئێمە ناشارەزا بوین و هیچ جێگایەکمان پێ نەدەزانی. شەوێ کاک واحیدی مەلاتۆفیق، وەژورکەوت. دوای بەخێر هاتن و هێندێک ڕاوێژ، لەگەڵ ناوبراو بڕیارمان دا خۆمان ئامادە بکەین وشەوەکی هەستین وەڕێ کەوین وپێش تاوهەڵات لەکێلەشین ئاوابین.
شەوەکی هەستاین ماڵاوایی مان لەکاک مرادو بنەماڵەی کردو بەرەوکێلەشین وەرێ کەوتین. ماڵی کاک مراد کۆڵێکیان نان و پەنیری مەڕی بۆدانابووین. بۆپشودان وخواردنی نانی بەیانی لە تەنیشت کێلە شین ( ئەوبەردەی کردویانە بەسنوورو نیشتمان و نەتەوەی کوردیان پێ لەت کردوە ) دانیشتین. ئاورمان کردەوەوکتریە رەشمان وەسەر ئاوری نا، چامان ئامادە کرد. نان و چایەکی باشمان بەپەنیری مەڕی ماڵی حاجی مراد خوارد. پاش ئەوەی ماندومان حەساوە هەستاین بەرەوگەرمێن وەرێ کەوتین. کاتێ دەمان ویست کێلەشین بەجێ بێلێن و ئاوای ئەو دیو بین، دەردێکی گران و دڵ تەزێن بوو. نازانم بۆ مچورکم پێدا هات و بۆهەمووگیانم لەرزی؟ نازانم بۆدڵم ڕانەوەستا ؟.
خەریک بوو ئاوا دەبووین کاتێک ئاوڕم داوەو چاوێکم بەدەشتی شنۆوسندوس داگێڕا، بۆسۆم لەهەناوی هەستاوکوڵی گریانم لەگەرووی وەستا. پێتان وایە، کاتێ کەسێکی وەک منی بێ ئەزمون بەزۆر وڵاتی خۆی پێ بەجێ دێڵن و خۆشەویسترین کەس و کاروکورو ژن ومندالی بەجێ دەمێنێ، بۆ وڵاتێکی

دیکه دەچێ. چ حاڵەتێکی ناخۆش و نالەباری دەبێ؟ ئەویش منێکی که کاتێک ماڵوو منداڵم بەجێ هێشتوه جگه لەزەخیرەی دوسێ مانگی نەمرنەژی، ئەوەی خودا دایناوە، نەیان بوو. بەخۆم نەبوو فرمێسکەکانم هاتنەخوار. نەم هێشت کاکم و هاو سەفەرەکانم بزانن و تێم بگەن، چاوەکانم ئەسترینەوەو وەرێ کەوتم. ژیانی کاکیشم لەئی من باشتر نەبوو. ئەویش ئەو دوهەزار تمەنه نەغدەی هەبوو، ئەویشیان بارمته لێ گێرابۆوە. خێزانی نەخۆشی گورچیلەی هەبوو، خۆی ئامادە کردبوو بی بات بۆتەورێزو چارێکی بکات، ئەو روداوە ناخۆشەی بۆ هاتبوە پێش. خێزانی پاش چەند مانگێک لەبێ کەسی و بێ دوکتورو دەرمانی لەتەمەنی ٢٤ساڵی دا، لەگوندی خراپە دەمرێ. کورەکەی منیش لەتەمەنی ١٤مانگی دا، هەرلەبەر دەست تەنگی وبێ دوکتورو دەرمانی لەگوندی ئاڵیاوێ بەگوێ ئێشە دەمرێ. من کاتێک کوردستانم بەجێ دەهێشت نەم دەزانی دوای من ئەوشتانە روو دەدەن. بەڵام دەست تەنگی و بێ دەرەتانی چاوەروانی ئەوانەی لێدەکرا. خەڵکەکەی خۆمانم ناسیبوو دەمزانی کەتاپێیان نەڵێی لەخۆڕا ئاوڕ وەکەس نادەنەوە و بیرلەوە ناکەنەوە کەکاتێک یەکی وەکو من تووشی دەربەدەری دەبێ پێویستە بنەماڵەی یاریدەی بدرێ و بەهەمووڵایەک بەمنداڵی ڕابگەن و نەیەڵن رەنج بچێژن و نەمرنەژی بیان ژیەنن . بۆئەوەی کابرای هەڵاتووی دەربەدەر بتوانێ بێ دەردسەر ترو بێ پەژارەتر بەکارو باری پێشمەرگایەتی خۆی ڕابگا.

لەو شۆرشەی دوایی کوردستان، لەهەرجێگایەک کەبۆخەڵک قسەم دەکرد، بە پێی ئەزموونی خۆم، پێم دەکوتن ئەوانەی لەدەرێن وکوریان پێشمەرگەیە، چاوەدێری و یارمەتی بنەماڵەکەیان بکەن. چوونکه ئەوانه بۆ پشتگری ئێوە چەکیان هەلگرتوەو چیاو چۆڵیان هەڵبژاردوە. بەداخەوە ئاواش ئەوکەم تەرخەمی و خۆگێل کردنه هەر هەبوو. کەسانی مەردو ڕەندی که لەبیری بنەماڵە پێشمەرگەو شەهیدو بێکەس دابن کەم بوون و تا ڕادەی پێویست یارمەتی نەدەکرا. بەو هیوایه لەداهاتوودا بەهۆی مرۆڤی خێرۆمەندو نیشتمان پەروەر بکرێ ئەوکەلێنە گەورەیە لەکۆمەڵدا سارێژو پڕ بکرێتەوە بۆ ئەوەی کەسانێکی ڕادەپەڕن بتوانن درێژە بەتێکۆشانی خۆیان بدەن.

بەڵێ، سەربەرەو ژێر ئاوا بوین و بۆلای گوندی" بەنێ و بێواس و سیدەکان" شۆڕ بووینەوە. نانی نیوەرۆمان له بێواس له ماڵی کاک عومەرخوارد. پاش

نیوەرۆ من وکاکم وەک پەنابەری سیاسی خۆمان بە « قشلّەی سیدەکان ناساند. ڕۆژی هەینی بوو، قایم مەقام و مودیرناحیە لەماڵ نەبوون و محمودبەگ ئاغای گوندی موجەسەر، بانگێشتنی کردبوون. ئێمە بێ خەبەر لەوەی دوسێ کەسی دیکەی هەڵاتوو چونەتە ماڵی محمودبەگ، ویستویانە ببنە پەنابەر، جابۆیە قایم مەقام و مودیرناحیە بانگێشتن کرابوون. نیزیکی نوێژی شێوان مودیرو قایم مەقام لەگەڵ سێ کەس پەنابەر لەحەوشی قشلّەی سیدەکان وەژورکەوتن. کاتێ لێ یان خورد بوینەوە، سەیدحسن ئەردەهاڵی و یوسف و یحیی، واتە سێ کەسی ئازەری ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەڵکی سندووس بوون. سەید حەسەن کەلەگەل من پەیوەندی تەشکیلاتی هەبوو، باشمان یەکتر دەناسی. بەدیتنی یەکتر غارماندا یەکترو دەستمان لەملی یەکترکرد. دوکەسەکەی دیکەی پێناساندم و خۆش و بێشمان لەگەڵ کردن. ئەودیمەنە، ئەوەندە بۆقایم مەقام و مودیرناحیە و پۆلیسەکان گرینگ بوو و شوێنی لەسەر دانابوون. لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەی کە لەوێ بووین، ئێمە بە ئازادی دەگەڕاین و بێ پۆلیس هاتوچۆی نێوبازارمان دەکرد. قایم مەقام و مودیر ناحیە کورد بوون. زۆریان ڕێزلێدەگرتین. قایم مەقام ڕۆژی دوهەم گوتی" لەهەوەڵ وێک کەوتن و ماچ و مووچتان لەگەڵ یەکتری، ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئێوە لەتەشکیلاتی سیاسی دا کارتان کردوەو هاوکاری یەکتربوونە.

لەسیدەکان ئەو دوسی ڕۆژەمان خۆش رابواردو هێندێک حەساینەوە. دوایی ڕێک و پێک بوونی پەروەندەکانمان دوپۆلیسیان ڕەگەڵ خستین بمان بەن بۆ رەواندز.

ئێوارێ درەنگانێک گەیشتینە شارۆچکەی دیانان و بردیانینە چایخانەیەک. تابلّۆی هەڵاوەسراوی بەردەرکە سەرنجی منی ڕاکێشا. بەخەتێکی درشتی سوورو جوان نوسرابوو ( چایخانەی کوردستان ) وشەی کوردستان بۆمن گەڵێک گرینگ بوو. هەوەڵ جاربووبەتابلّۆ شتێکی وام دەدیت. پاش نان وچاخواردن، لاوێک لەدەرێ هەرای ڕۆژنامەی کوردستانی دەکرد. وەک ڕۆژنامە فرۆشان سەردێڕی ڕۆژنامەکەی دەخوێندەوەودەیگوت: "ڕۆژنامەی کوردستان، هەواڵی گرینگی ڕۆژ، گیران و ڕاونانی کوردەکانی کوردستانی بەزۆر بە ئێرانەوە بەستراو. سێ سەدکەس لەئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوێنێ و ئەورۆ وەک پەنابەری سیاسی گەیشتنە عێراق و لەشارەکانی سولەیمانی

و قەڵادزێ وەرگیران"
بە هەرا کردن وخوێندنەوەی کورتەی هەواڵەکان هاتە ژوور. من وکاکم دوژمارەمان کری. ئەوکات لەکوردستانی ئێران کەم کەس دەیزانی کوردی بخوێنێتەوە. ئێمە لەبەر ئەوەی بەنەهێنی بەیان و روژنامەی حیزبمان دەخوێندەوە، کوردیمان خراپ نەبوو باشی تێ دەگەیشتین. هەرکەس لەبەرخۆیەوە خەریکی خوێندنەوەی روژنامە بوو. چایچیەکە، رووی لە پیاوێکی ئەفەندی کردوگوتی:
- دادەی سابیرئەفەندی بەدەنگی بەرز بۆمان بخوێنەوە، بائێمەش تێبگەین بزانین دیسان کوردە چارە رەشەکە چی بەسەر هاتووە. ئەو "ڕافزیانە" بەدرێژی مێژوو خەریکی پیلان و کوشتارو هەڵبڕهەڵبڕی کورد بوونە.
قسەی کابرای چایچیم پێ خۆش بوو، ئەوکات نەم دەزانی مانای ڕافزی چیە. کاتێ لەکاکم پرسی، ڕافزی یانی چی؟ تێی گەیاندم کە ئەوە وشەیەکی عەرەبیە و ماناکەشی بۆ شی کردمەوە کە بە موسڵمانی ساختەچی دەڵێن.
سابیر ئەفەندی بەدەنگێکی بلیند، هەوالی گرتن و راونان و بگرەو بەردەی رژیمی ئێرانی بۆ خوێندینەوە. روژنامەی کوردستان نوسیبووی" تا ئێستا نیزیک بە سێ سەدکەس کورد، لەترسی هێرشی دڕندانەی حکومەتی دیکتاتۆری حەمەرەزاشای ئێران هەڵاتوون لەشاری سولەیمانی بەپەنابەری سیاسی وەرگیراون.
بۆمان دەرکەوت کە ڕاونراوەکان دەرباز بوونیان بەلای سولەیمانی دا هاسانتربوە، بۆیە گەیشتوونەتەوێ. یان باشتر بڵێم؛ شارزاترلەئێمە بوونە.
بەیانی بردیانین بۆ رەواندز تەسلیمی ئیدارەی پۆلیس کراین و زیندانیان کردین.
جێگایەکی ناخۆش بوو، دەکرێ بڵێم زیندانی رەواندزو ئاکاروکردەوەی شورتەی ئەوکات، ناخۆشترین خاترەی زیندانمە لەو چەندین جارەی کە لە ئێران و ئێراق گیراوم. هەر پێنج کەسیان لەدیوێک کردبووین و تەنەکەیەکیان بۆ دانابووین کەلەبەر دمی یەکتری دەبوایە خوڕەخوڕ لەو تەنەکە بمیزین. بەیانی سەعات ٦ی جارێک، پێش نوستنیش جارێکیان دەبردینەدەرێ. سەرەڕای ئەونارەحەتی و وەرەز کردنە، خەریک بوون بمان دەنەوە بەئێران. بەپێی یاسای پێش شۆرشی ١٤ی تەموز، هەرکات ئێرانیەک هاتبایە عێراق یان گیرابایە، مودیر ئەمن و

مودیرشورتە نەزەریان لەسەر دەداو تەسلیمی ئێران دەکراوە. چونکە هەوەڵ جاربوو وەک پەنابەر لەڕەواندز شتێکی وایان دەدیت و دەیان ویست هەروەک پێشوو ڕەفتار بکەن. لەگەڵ خانێ پەیوەندیان گرتبوو رێک کەوتبوون رۆژی شەممۆ بمان دەنەوە بەئێران. سالێک لەشۆرشی عێراق تێپەریبوو، هێشتا یاسای کۆماری نەگەیبوە رەواندزو مەئموورەکان هەر بەقەوانی پێشوویان لێ دە دا. کاتژمێری١٢پیاوێک هات گوتی: من نێوم حەمەسالح سەرتاشەو ئەندامی پارتیم. لیژنەی شاری رەواندز منی ناردوە پێتان بلێم: کە مدیرئەمن و مودیر شورتە، خەریکن بتان دەنەوە بەئێران. تکاتان لێ دەکەین لەلای کەس ئەو مەسەلە باس مەکەن، چونکە ئەو بڕیارە نەهێنیەو برادەرێکی ئێمە ئەو هەواڵەی پێداوین. ئێمەش لیژنەی پارتیمان لەهەولێر ئاگادارکردوە. نامێکمان نوسیوە، هێناومە ئێوە ئیمزای بکەن. ئێمە هەر ئەو رۆ دەیگەیەنینە هەولێر. هەر چەند سبەینێ هەینیەو دەوایر داخراون، بەلام برادەرانی پارتی ئەگەر شەویش بێ کاری خۆیان دەکەن. نامەکەی دەرێنا دای بەئێمە لەژووریێ بەندیخانە ئیمزامان کرد.

سەرەڕای ئەو نارەحەتیەی زیندان، ئەو هەواڵە ناخۆشەشی هاتە سەر. زۆر نیگەران بووین. ئەو شەوە زۆرکەم نوستین خەومان ڕەوی بوو. بەیانی شورتەیەک هات گوتی: دوێنێ کەحەمەسالح هاتەلاتان من ئێشک بووم، بۆیە بێ ترس توانی نامەکەتان بداتێ ئیمزای بکەن. دەنا کەسێک دژی مودیرئەمن و مودیرشورتە نامە بنوسێ ناتوانێ لێرە دەری بێنێ. ئێستا لەلای صالح بووم، نامەکەیان گەیاندۆتە هەولێرومتصرفیان دیوە. ترس نەماوە لەوانەیە بەیانی لەهەولێر داواتان بکەن ولەو مەترسیە رزگارتان بێ.

بەومزگێنیە، تاڕادەیەک ترسمان کەم بووە، بەلام مەترسی بنە رەتی هەرمابوو. هەوالی تەسلیم کردنەوەو هەوالی داوا کردنمان لە هەولێر، هەدوکیان رۆژی شەممۆ بوون، پیاو نەیدەزانی کامیان وەپێش دەکەوێ. لە ئێشک چیەکانمان دەپرسی: نێوانی رەواندوزو حاجی ئۆمەران چەندە؟ بۆ ئەوەی ئەگەر تەسلیم کردنەوەکە وەپێش کەوت و دوو سەعات دوایی پەیامی متصرفی هەولێر هات، داخوا رەواندز وێڕادەگا بەحاجی ئۆمەران بلێ و بمان گێڕنەوە. یان وێڕا ناگەن و دەدرێینەوە بەئێران؟

لە نێوان ئەو ترس و خەیالاتە دا بووین. شەوێ دوای نان خواردن ( باش

چاوەش ) هات و گوتی: بەپەلە لەهەولێرداوای ئێوەیان کردوە، بەیانی زووخۆتان ئامادە بکەن قەمەرەمان بۆگرتوون کاتژمێری ٨ بەرەو هەولێر دەرۆین .

بەیانی زوو٢ پۆلیس بەدەست بەندەوە لەگەڵمان سوار بوون. لەبەرەوەی شاری رەواندز دەستیان کردینەوەوگوتیان: دەستتان دەکەینەوە، ئەوپەڕی هەڵدێن و ئێمە دەگیرێین. بەشۆخی و جەفەنگ و لادان لە هەمووچایخانەکانی سەر ڕێگا، رێگای دورو درێژی نێوان رەواندزو هەولێرمان بری و دوای نیوەرۆ گەیشتینە هەولێر. یەکسەر بردیانین تەسلیمی زیندانیان کردین. دوسێ رۆژ گیراین. برادەرانی پارتی شاری هەولێر بەپەڵە کاروبارەکانیان بۆجێ بەجێ کردین. کاک شەمسەدین موفتی بەزەمانەتی هەریەکی بیست هەزاردیناری عێراقی ئازادی کردین. کاک شەمسەدین کاری پارێزەری دەکردو بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەولێربوو. پیاوێکی باش و بەشەخسیەت و لەبنەماڵێکی ئاینی ناسراوی شاری هەولێر بوو. کاتێ ئازاد کراین بۆ شەوێ لەلایەن برادەرێکی پارتی بۆ سینەما بانگهێشتن کرابووین. لەپەردەی دوهەم دا بانگیان کردینە دەرێ و پۆلیس دەست بەندی لەدەستی کردین و بردیانینەوە زیندان. کاک شەمسەدین موفتی هاتەلامان زۆر نارەحەت بوو. زانیمان ( پارت بازی )کردوەو دوایەش ئیدارەی ئەمن و ئەولاولا زانیویانەو کارەکەسەری نەگرتوە. زۆرمان دڵخۆشی کاک شەمسەدین داوە نارەحەت نەبێ و پەلەش نەکەن لەئازادبوونمان. ئەوپەڕی با دووسێ حەوتوو بپێوێ دوایی ئازاد بین. کاک شەمسەدین دیار بوو لەگەڵیان کەوتبوە رکەبەری و ڕانەدەوەستا. هەر واش بوو. سێ رۆژی دی گیراین، پاشان بەیەکجاری هەرچوارمان ئازاد کراین. لە بارەگای خەبات « دەفتەری لیژنەی شارستانی هەولێر» دیوێکیان داینێ و کاک سەید مەجید ئەندامی لیژنەی شار، وەک بەرپرسی ماڵی شتومەکی پێویستی بۆ ئامادە کردین و حەوتووی جارێک کەل وپەل و خواردەمەنیان بۆدەکرین . باشمان پێ ڕادەگەیشتن و زۆریان رێز لێ دەنایین. نیزیک سالێک لەوێ بوین. دوایی دەولەت کاری داینێ. من وکاکم چوینە هاوینە هەواری سەلاحەدین دەستمان کرد بەکار.

ئێمە سێ هاورێی ئازەریمان لەگەڵ بوون. بەڵام لەچۆنیەتی ئەوانم ئاگادار نەکردن. بۆئەوەی خوێنەران لەسەر ئەوانیش رون کەمەوە، باس و بەسەرهاتی

ئەوانیش تان ئاگادار دەکەم و بەئاخری دەگەیەنم دوایی دەگەڕێمەوە سەربەسەهاتی خۆم.
یۆڵداش یحیی ئەوکات تەمەنی ٣٨ساڵ بوو. چوار منداڵێ بەجێ هێشتبوو. کوردی نەدەزانی و هەمیشە وەرەزوخەمگین بوو. ئێمەش لاوو سەرحاڵ هەمیشە تریقەمان دەهات و پێدەکەنین. ناوبراو داوای لێ کردین یارمەتی بدەین بی نێرین بۆ ( کربلا ) بەڵام نەئەو پوڵی هەبوو، نەئێمە. سەید حەسەن هێندێکی هەبوو پارەکەی دایەو ئیجازەمان بۆ وەرگرت رۆیشت بۆ بەغدا. لەوێش خەلیلی سدیقی لەگەڵ خۆی برد بووی زیارەتی پێ کردبوو ناردبوویەوە. یولداش یحیی بوو بەکەربەلایی یەحیا. لەوێ لەلای ئاخوندی کەربەلا نامەیەکی هێنابوو، کە دەوڵەتی ئێران لیی خۆش بێ و چاوپۆشی لێ بکا. ئەو مەسەلەیەشی بەئێمە نەدەگوت. یەکدووجار لەشەقلاوێ ورەواندز ڕا کەربەلایی یەحیایان دەگرت ودەیان هێناوە هەولێر. ئێمەش دەچووین دەبووینە زامن دەمان هێناوە. کاتێ لێمان دەپرسی تۆ بۆ گەیشتویە رەواندز؟ وەلامی دەدایەوە: وەرەزبووم بەئارەزو دەچومە ماڵی برادەرێک پێم خۆش نیە نێوی بێنم. رۆژێک لەگەڵی دانیشتین وپێمان گوت: "دەربەدەری بۆ تۆ نابێ، بچیەوە لای منداڵەکانت باشترە. ئەگەر پێت خۆش بێ ئێمە رەدت دەکەین"
کەزانی بەڕاستمانە، گوتی رووم نەبوو پێتان بڵێم، من کاتێ چوومە کەربەلا، کاغەزی موشتەهیدیشم هێناوە بچمەوە ئێران . پێم خۆشە لەو بارەو یاریدەم بدەن.
رۆژێکی کەربەلایی یەحیام هێنا سولەیمانی و لەوێ ئیجازەمان بۆ وەرگرت و ناردمانە قەلادزێ . بۆخۆی لەوێرا لەگەڵ قاچاغچیان رۆیبۆوە ئێران.
دوومانگ دوای ئەو، رۆژێک سەید حەسەن گوتی: یوسف داوای کردوە یاریدەی بدەین بڕواتەوە. توانای مانەوەی نیەو بابەدڵ ئێشی نەرواتەوە.
ئێمەش پیاومان پەیدا کردو ئەویشمان ناردەوە لای منداڵەکانی. من وکاکم و سەید حەسەن مابووین و خەریکی کاروباری خۆمان بووین و لەبنەوەش جارو بار بەدزی لەگەڵ پارتیەکان بەقسەخەریکی سیاسەت بووین. بیری سەیدحەسەن لەگەڵ مەسایلی میللی نەی دەخواردەوەو ئامادەش نەبوو قەت نەزەریاتی خۆی لە ئێمە بشارێتەوە. رەنگ بێ بۆکابرایەکی ئازەریش کوردایەتی سەخت بێ. سەیدحەسەن پیاوێکی بەئیمان و خەباتکارو نەترس بوو. تابلێیی کاری و

هەڵسوورو بزۆز بوو. نەی دەتوانی بێکارو بێ تێکۆشان و خەباتی سیاسی دانیشێ. هەرچەند وەک پەنابەری سیاسی مافی ئەوەمان نەبوو وەدوای کاری سیاسی کەوین و هاوکاری پارتەکان بکەین. بەڵام نەمان دەتوانی بێلایەن بین و دەست لەسەردەست دانێین.

بۆ نەورۆزی ساڵی ٣٩هە ١٩٦٠ز، لەسەرداوای ئەحمەدتۆفیق، کەلەگەڵ برادەرانی پەنابەری دانیشتووی سولەیمانی لەسەر چنار نیشتەجێ بوون. هەرسێک مان بۆماوەی دووحەوتو ئیجازەمان بۆسەردانێکی سولەیمانی وەرگرت. چونکە ئێمە پەنابەر بووین و هەروەختێک ویستبامان لەهەولێرِ ڕا بچینە شوێنێک یاشارێکی دیکە دەبوایە حەوتوێک پێشتر نامێک بنوسین و بیدەین بە موتەسەرریف و ئیدارەی ئەمن مان ئاگادار کراباو زانیبایان کەئێمە بۆ کوێ دەچین و چەندمان پێ دەچێ.

## سەردانێکی سولەیمانی .

کاتێک گەیشتینە شاری سولەیمانی، بەپێی ئەو ئادرێسەی بۆیان نارد بووین سواری ماشێنی خەت بووین و چوینەسەرچنار. سەرچنار وەک ئێستا نەبوو. کارخانەیەکی سمیت و دو دەستەی خانوبەرەی دەوڵەتی لێ بوو، لەگەڵ گازینۆیەکی بچوک، کە ئەویش زستانان دادەخرا. نیزیک بە دوو سەد کەس لەبرادەرانی حیزبی لەوخانوانەی سەرچناردا دەژیان. زۆربەی برادەرانمان دەناسین. ئەحمەدتۆفیق واتەکاک عەبدوڵای اسحاقی و کاک قاسمی سوڵتانیان (کەماڵ ) مەلاباقی و کاک هاشم حوسێن زادە، کۆمیتەی بەرێوەبەری کاتی حیزب بوون. بەرۆژ لەوێ دەبوون و شەوانەش خانوێکیان لە نێوشار هەبوو. هێندێکیان دەچونەوە ئەوێ.

رۆژی نەورۆز چوینە نێوشار لە وێڕا لەگەڵ خەڵک بەریز رۆیشتین بۆ دەرەوەی شار. هەرحیزب و تاقمەی پەیامی خۆی خوێندەوە. پەیامی حیزبی دێموکڕاتیش لەلایەن کاک ئەحمەد تۆفیق خوێندرایەوە. دوای کۆتایی هاتن بڵاوەمان کردو هاتینەوە سەرچنار.

برادەرانی بەرێوەبەری و کادرو ئەندامانی تر لەسەرچنار، تابڵێی نێوانیان ناخۆش بوو. کاک ئەحمەدتۆفیق زۆری فشار بۆ هێنابوون و جارو بار بەدەوڵەتی عێراق هەرەشەی لێ دەکردن و گۆشاری بۆسەر برادەران لە میزان تێ پەڕاند بوو. لە هەموو بارێکەوە تەنگی پێ هەڵچنی بوون. ناکۆکی و ناتەبایی زۆربەیانی لە تێکۆشان و خەباتی داهاتوو ناهومێد کردبوو. زۆربەی شەوان یەکدووکەس بەدزی هەڵدەهاتن دەرۆیشتنەوەو سەرچناریان بەجێ دەهێشت. ئەوانەی هەستیان بەمەسئولیەت دەکردو خۆیان بۆخەباتی درێژخایەن دانابوو، کێشەی بۆچوون و بیرو باوەریان لەگەڵ یەکتر هەبوو. ببووە هۆی ئەوەی بەشێک پەیوەندی بەحیزبی شیوعی یەوە بگرن. دیارە ئەندامانی بەرێوە بەری بەرەسمی پەیوەندیان بەپارتیەوە بوو. کاک قاسمی سوڵتانیان و کاک هاشمی حوسێن زادەش وەک کۆمیتەی کاتی لەگەڵ کاک ئەحمەد بوون، بەڵام بیرو بۆچونیان لەگەڵ بەشێک لەکادرەکان بوو. هێشتا بەلایەکدا ساغ نەببوونەوە. رۆژی وا بوو دەبوونە گۆپاڵی ئەحمەدتۆفیق. رۆژی واش بوو، دەهاتن لەلای کادرەکان دەمانەوەونەدەچونەلای

ئەحمەدتۆفیق. کاتێکیش بە دوایدا دەناردن خۆیان نەدەگرت و نەیان دەوێرا بێ قسەیی ئەحمەد بکەن. ئەحمەدتۆفیق کۆمەڵێکی نەخوێندەوارو ناتێگەیشتوو لەدەوری خۆی کۆ کردبۆوە. بۆهەمووشتێک کەڵکی لێ وەردەگرتن. لەکاتی کۆبونەوەدا ئەگەر زانیبای کۆبونەوە بەدڵێ ئەو ناچێتەپێش، دەبوو بە دێموکڕاتێکی تەواو عەیارو داوای دەکرد بادەنگ وەرگرین. ئەوکۆمەڵەی لەگەڵی بوون هیچ دەنگێکی نەدەگەیشتێ. ئەگەر شەڕو دمەقاڵەش بایە، دیسان کەس پێی نەدەوەستا. نمونێکی سەیر:

ڕۆژێک یەکێ لەلایەنگرانی ئەحمەدتۆفیق لەچایخانەیەک، یاجێ یەکی تر، جنێو بەحیزبی شیوعی و یەکێتی سوڤیەت دەدا. ئەو قسە بەکادرەکان گەیشتەوە. داوای کۆبوونەوەیان کرد. ئەحمەدتۆفیق و هاشمی حوسێن زادە هاتنەلای کادرەکان ولەدیوی یوسفی ریزوانی کۆبوونەوە.ئێمەش لەوێ بووین. یوسفی ریزوانی دوای پێشەکی، ڕووداوەکەی گێڕاوە دوایی گوتی: بەبروای من هەرکەس هەر بیرو باوەڕێکی هەیە، کەیفی خۆیەتی ئازادە. ئێستا ئێمە حیسابی پەنابەری سیاسیمان لەسەر دەکرێ و نوێنەری حیزبێکی سیاسین. ئەگەر لەچوارچێوەی سەرچنار دا بمانەوێ شتێکی وا بلێین خەڵک گوێی لێ نابێ و ناچێتەدەر، بەڵام لەچایخانە و جێگای گشتی، جنێودان لەپەرستیژی خۆمان و حیزب کەم دەکاتەوەو هەموومان دەگرێتەوە. پێشنیارم ئەوەیە ئامۆژگاری بدرێ بەبرادەران کەهێندێکی تێدا بێڵنەوە. لەسەر ئەوشتە بوو بەقڕەو مشت و مڕ. هاشم حوسێن زادە، هەستا کۆتو شەڵواری یوسفی ریزوانی لەدیوار هێناخوارو فڕێی دا دەرێ و پێی گوت " هەستە برۆ دەرێ ولەنێومان برۆ، حەقت نیە لێرەبی، تۆ دەتەوێ لە باوەشی کۆمونیزمان باوێی؟" قسەو کردەوەی هاشم تەنیا بۆخاتری خۆ شیرن کردن و نیزیک بوونەوەی بوو لە ئەحمەد تۆفیق. بۆشەوێ یوسف رزوانی لەترسی ئەمنی سولەیمانی ڕۆیشت وخۆی شاردەوە. ئێمەش پاش چەند ڕۆژ بەرەو جێگای خۆمان بۆهەولێرگەڕاینەوە.

پاش حەوتوێک هاشم حوسێن زادە و ئەحمەد تۆفیق هاتنە هەولێر، داوایان لەسەیدحەسەن ئەردەهاڵی کرد، لەسەر بەرنامەی حیزب بیرو ڕای خۆی بلێ. ناو براو نەکوردی دەزانی، نەئەو بروشوورەی کە نێویان لێ نابوو بەرنامە، بەفارسی یابەتورکی هەیان بوو. بۆ سەید حەسەنیش سەخت بوو بەکوردی تێی بگا. ئەحمەد تۆفیق پێی داگرتبوو دەیگوت:

ستراتێژیکی حیزب حکومەتی میللی دیموکراتیکە، دەبێ ئێمە بزانین تۆ بڕوات بەبوونی حکومەتی کورد هەیەو لەگەڵی هەی، یا نی؟
سەید حەسەن لەسەرەخۆ گوتی: نازانم تۆ بۆشەڕ هاتووی، یان بۆ بیروڕا گۆڕینەوە؟ بۆخۆتان دەزانن من ئازەریم، بۆئەوەی بێکار دانەنیشم وەک کادرێکی حیزبی کارم کردوەویارمەتیم کۆکردۆتەوەو رۆژنامەو بەیاننامەی حیزبم چەندین جار گەیاندۆتە تاران و تەورێز. پەیوەندیشم لەگەڵ سەعیدو مەشەدی بووە. هەرچی کوتویانەو پێیان گوتووم کردوومە. ئێستاش دژی رژیمی شا هەرچی بلێین و پێم بکرێ ئامادەم بیکەم . هەر رۆژێکیش ئێوە بەرنامەکەتان کرد بەفارسی و بیروڕای منتان ویست ئامادەم بێم لەکۆبوونەوەیەک دا بیروڕای خۆمی لەسەر بلێم. تائێستامن ئەندامی ئەوحیزبە بووم و کارم بۆ کردوە، ئێستاش کەپێتان وایە کەڵکم نیە، بەقسە دەڵێن، بەنوسین دەڵێن، چونەدەری خۆم لەحیزب ڕادەگەیەنم.
ئەحمەد تۆفیق دەیکوت: تۆ لەسەرحیسابی حیزب پەنابەریت دراوەتێ یان دەبێ بنووسی ئەو بەرنامەیە پەسند دەکەم. یان ئێمە بە دەوڵەت ڕادەگەیەنین ئەو برادەرە حیزبی نیەو....
قسەکانی ئەحمەدتۆفیق کەڵەگایی بەئاشکرا بوون. ناچار بڕێک بەسەر ئەحمەد تۆفیق رۆیشتین و کۆتاییمان بەباسەکە هێنا.
شەوێ ئەوان رۆیشتن و من بەرێم کردن. لەکاتێ رۆیشتن دا لەدەرێ وێنەیەکی سەیدحەسەنیان پێ نیشان دام کەرۆژی نەورۆز، لەگەڵ شیوعیەکان هەڵگیرابوو. ئێمە کەهەمومان پێکەوە چوبوین بۆ سولەیمانی، ئەو لەگەڵ ریزی شیوعیەکان بۆدەرەوەی شار رۆیشبوو. ئەو مەسەلەیە ببوە هۆی تورەیی ئەحمەد تۆفیق. لەوسەردەم دا حیزبی شیوعی وردە وردە وەزعی بەرەو خراپی دەرۆیشت و دەسەڵاتی لە ئیدارەکاندا کەم دەبۆوە. سەرو بەندی ئەوە بوو کەوتبوونە ژێرپەلامار، دەگیران و دوردەخرانەوە. دیارە پەنابەری سیاسیش مافی بەشداربوونی لەنێو حیزبەکاندا نەبوو. بەکردەوە سەیدحەسەن لەمەترسی کەوتبوو. کاتێ هاتمەوە، ویژدانم رێگای نەدام کەمەسەلەی ئەو وێنەیە کەلەحاڵی چەپڵەلێدان لەنێو ریزی شیوعیەکاندا لێی هەڵگیرابوو بشارمەوە. ناچار بۆئەوەی توشی گیران و تەسلیم کردنەوە نەبێ، چوینە لای برادەرانی حیزبی شیوعی و لەگەڵ ئەوانمان هێناگۆڕێ. زۆرپیاوانە لەیەکێتی کرێکارانی هەولێر

دیوێکیان دایەو نیوە ئاشکراو نیوە نەهێنی لەوێ دانیشت. من وکاکیشم لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کارمان دەکرد. مانگی یەکدووجار سەری سەید حەسەنمان دەدا. کاتێک ئەحمەد دەهات و لەسەیدحەسەنی دەپرسی؟ دەمانگوت نازانین چی لێ هاتوە و بۆکوێ چوە. رۆژێک چوبووینە سەردانی سەیدحەسەن. ناوبراو هەر بەسەر زیندوو بوو، زەردهەڵگەڕابوو. هەر چەند دەمانپرسی بۆ وات لێ هاتوە پێی نەدەگوتین. پاش داوایەکی زۆر پێی لێنا کە لەبرسان وای لێ بەسەر هاتوەو لەرووی هەڵنەهاتوە بەکەس بلێ. زۆرمان گلەیی لێکردکە بۆچی ئەوەی لە ئێمە شاردۆتەوەو دەنگی نەکردوە. ئێمەکاری دەوڵەتی مان دەکردو ژیانمان باش بوو، دەمان توانی زۆرباشی بژیەنین بێ ئەوەی قەوەمان رێکەوێ. چونکە بۆخۆی نەی دەتوانی کاربکا ئاشکرا دەبوو. لەوانەش بوو بگیرێ و تەسلیمی ئێران بکرێتەوە. ببوو بەشایعە بەدرۆ بڵاویان کردبۆوە کەکورێک بەنێوی عزیزی فەللاحی لەگەڵ ئەحمەدتۆفیق ناکۆکی بووە گیراوەو تەسلیمی ئێران کراوەتەوە . ئەوترسە ببوە هۆی نەهاتنەدەری سەیدحەسەن.

رۆژێک ناوبراو پێشنیاری پێ کردین و گوتی: دانیشتنی من لێرە هیچ سوودێکی نیە، ئەگەر هەر نەهێنی بوون و خۆشاردنەوەبێ، بچمەوە ئێران و بەنەهێنی کارو تێکۆشانێک بکەم باشترە لەوەی لێرە خۆم بشارمەوە. بڕیارماندا پیاوێکی بۆ پەیداکەین، بەنەهێنی بی نێرینەوە ئێران. مەلامحمدی مراد رەسوولی، لە گوندی ئاژگێ، مامۆستای قوتابخانە بوو. داوامان لێکرد بەهەر جۆرێک بێ، بەڵکوو سەید حەسەنمان بۆ رەد بکاو بیگەیەنێتە زینوێ شێخی. ناوبراوزۆر پیاوانە بردیە زینوێ شێخی و لە وێڕا نارد بوویانەوە ئێران.

چەند ساڵێک لەسەید حەسەن دوورو بێ خەبەر بووم. سالی ١٣٤٤ کە بۆکار چووبوومەوە سندوس، لەگوندی ئاڵیاوێ شێخان، برادەرێکی سەر شانەی حیزبی کە ناکرێ ناوی بێنم، گوتی؛ سەید حەسەن ئەردەهاڵی و کاک عەبدوڵڵای عیزەتپور لێرەن و دەیان ویست بچن بۆ و دیو بۆلای تۆ. ئێستا با شوئنئک دانئین چاویان پێت بکەوێ . دیارە بەرۆژ نەدەکرا چاومان پێک بکەوێ. شوێنێکمان دانا شەوی لەدەرەوەی دێ یەکتری ببینین.

دوای دیتن و چاو پێکەوتن و هێندێک قسەو باس ئەوان گەڕانەوەو ئێمەش چوینەوە کوردستانی عێراق. دوای ماوەیەک بیستمەوە لەشاری میاندواو هەردوکیان گیراون.

بەهاری ١٣٤٥هـ، ڕۆژێکی سەیدحەسەن لەگوندی زینویێ شێخی بەجلی کوردی لێم وەژور کەوت. بۆی باس کردم رێکخراویان هەیەو لەگەڵ چریکی فیدایی کاردەکا. سەید حەسەن مرۆیەکی زاناو تێگەیشتوو بوو، بۆخۆی یەکێ لەو بەرێوە بەرانەبوو کەشاخێکی ڕێکخراوەکەی بەرێوە دەبرد. ناوبراو هاتبوو برادەرانی حیزبی شیوعی ببینێ. دوای یەکدوڕۆژ حەسانەوە ناوبراوم گەیاندەگوندی دەرگەڵەو بە ئەبووسەربازم « مەلا ئەحمەد » ناساند. دیارە سەید حەسەن بۆخۆی پەیوەندی لەگەڵ سوڤیەت هەبوو، لەوێ ناو نیشانی دابەبرادەرانی حیزبی شیوعی کەلەسۆڤیەت بپرسن، کاتێ ناسیان و بڕوایان پێکرد، ئەوکات وەک چریک و شیوعی پێکەوە پەیوەندیان هەبێ. دیاربوو بروای پێکرابوو، یەکدووجاری دی هات و چەند کەسێکی بۆ فێر بوونی نارنجەک دەهێنانە دەرگەڵە.

دوای یەکدووساڵ یەکترمان لەشاری نەغەدە دیتەوە. سەفەری هەبوو دەچوو بۆعێڕاق. ئیتر حەسەن لەو سەفەرە نەهاتەوەو گۆیا لەگەڵ عەرەبێکی ئابادانی دەچێتەوە ئێران لە دەرگیریدا هەردوکیان دەکوژرێن . دێمەوە سەر باسەکەم.

لەو پێنج کەسەی هاتبووین هەرمن وکاکم مابووین و خەریکی کارو بارو ژیانی خۆمان بووین. لەگەڵ پارتی و شیوعی نێوانمان خۆش بوو. هەردوک لا، وەک پەنابەرێک رێزیان لێ دەگرتین. ئەحمەدتۆفیق کاتێک رێگای لەمەسیف سەلاحەدین دەکەوت، دادەبەزی و سەردانی دەکردین. ئاخرجاری کە سەری داین، شەوو رۆژێک مان لەلابوو. قەرار بوو حەوتوێکمان لەلابمێنێتەوە. دیارە ئێمەش پێمان خۆش بوو رێزمان لێ دەنا ، بەڵام بۆخۆی نەحاواوە بوو و ڕابواردنی لەگەڵ سەخت بوو. هەرچی گوتبای دەبوایە بەڵێی بۆ بلێی، دەنا قەڵس دەبوو. قسەی کەسی نەدەسەلماند . هەمو شتێکی خۆی پێ لەلایەنی روبەروی باشتر بوو. لەسەر ئەو تێ بینی یە، لەگەڵ کاکم دامان نابوو باسی سیاسی لەگەڵ نەکەین. بۆئەوەی دڵمان لێک نەئێشێ و نێوانمان تێک نەچێ.

## نێوان ناخۆشی دوای باس

من و براکەم و کاک ئەحمەد تۆفیق نەهارمان کردبوو دانیشبووین چامان دەخواردەوە. کاتی ئەوە هاتبوو ڕادیۆ بگرین و هەواڵەکان وەرگرین. دوای کردنەوەی ڕادیۆ و گوێ گرتن وەرگرتنی هەواڵ، لەسەر شەڕی ویێتنام هێندێک باس و پرسیار هاتنەگۆڕێ. باسێکی سادەو ساکار، دەڵێین قسەقسە دێنێ، ڕاستە. لەسەر یارمەتی چین و سۆڤیەت و مین دانانەوەی ئەمریکالەو بەندەرانەی یارمەتی پێدا دەگەیشتە ویێتنام قسەمان دەکرد. دوایی گەیشتە ئەوەی کێ حەقەو کێ ناحەقەو... کاکم پشتگری لەشۆرشی ویێتنام دەکردو، وەک پاڵ پشتی گەلانی ژێردەست دەیروانیە شەرق و سیاسەتی سوڤیەت. ئەحمەدتۆفیق ویێتنامی بەنۆکەری سۆڤیەت و چین لەقەڵەم دەدا. باسەکەبوو بەهۆی ساردی و سڕی و هێندێک نێوان ناخۆشی. کاک ئەحمەد هەستاو بەزیزی ڕۆیشت. زۆرم هەوڵدا گیربێ و وازلەو باسەبێنێ، بەڵام سودی نەبوو. کاتی بەڕێکردن گوتی :

- تۆ هەربرای منی و ئەندامی حیزبی، بەڵام لەڕاست کاکت تازە مادام بەمن دەڵێ " وتەکانی تۆ لایەنگری لەئەمریکایە"تاماوم باسی سیاسی لەگەڵ ناکەم و بەئەندامی حیزبیشی نازانم. سواری ماشێنم کردو ماڵ ئاوایی کردو ڕۆیشت.

لەنێو برادەراندا باو بوو، هەر وەختێک کوتبامان حیزب، یانی ئەحمەدتۆفیق. یا ئەگەر گوتبامان کاک ئەحمەد، واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان . هەرکات کاک ئەحمەد بەیەکێکی گوتبایە تۆ ئەندامی حیزب نی، تەواوبوو. تازە بەحەوت ئاوان دەشۆراوەو لەئەندامەتی دەکەوت و هەڵنەدەستاوە.

ڕەنگبێ یەکێک کەئێرە دەخوێنێتەوە، بڵێ: کەس شەهامەتی نەبووەو دەماری پیاوەتی تێدا نەبووە بۆیە ئەحمەد تۆفیق هەرچی پێی خۆش بووە، وای کردوە.

ڕاستە کەدەڵێین؛"هەرکەس لەمەیداندا نەبێ شێرە" من سێ چوار نمونەی باش دێنمەوە بوئەوەی پاڵەوانبازی کاک ئەحمەدتۆفیق باشتر روون بێتەوە.

کاتێک دوکتور قاسملوو دەگاتەعێراق، ئەحمەد تۆفیق ئەوەی لەمەڕ گیرانی دوکتور روویداوەو چۆن گیراوەو چۆن بەر بووەو چۆنیەتی بەڵێن و دوایی چۆن بۆی دەرچووە، گشت ئەوانە بۆ ئەحمەد تۆفیق دەگێرێتەوە. دیارە دوکتورقاسملوو

ئەو روداوەی لەلای زۆربەی بردەران گێڕابۆوەو قەتی هاشالێ نەکردبوو. لەسەرداوای کاک ئەحمەد هەمووی ئەوانەی بۆئاڕشیوی حیزب نووسیبوو ئیمزای کردبوو دابووی بەئەحمەد تۆفیق.

ماوەیەک پێکەوە کاردەکەن و پاشان ناتەبایی دەکەوێتە بەینیان. ئەحمەد جگەلەوەی لەسەردوکتوری دەزانی، دە ئەوەندەی دیکەشی بۆ سازکردبوو بەجۆرێکی دیکەی بڵاو دەکردەوەو پڕوپاگاندی پێوە دەکرد. لەسەرچنار بەهۆی پەیوەندی نەهێنی قاسملوو لەگەڵ کادرەکان داوا لەئەحمەد تۆفیق دەکەن کۆبونەوەیەک پێک بێننێ و دوکتورقاسملوو بانگ بکالەوکۆبوونەوەدا قسەی خۆی بکا. کاتێ ئەحمەد دەزانێ کادرەکان تێیان هەڵپێچاوە کە قاسملوو بێتەسولەیمانی و قسە بۆکادرەکان بکا، ناو براو پلان و بەرنامەرێژی نەهێنی خۆی بەدژی قاسملوو بۆ رۆژی کۆبونەوە سازدەکا و قاسملوو بانگ دەکرێ. ڕۆژی دیاری کراو دوکتور قاسملوو، ئامادە دەبێ. دیارە ئەوکات قاسملوو دوکتراو شتی وای نەبوو. کۆبونەوە رەسمیەتی پێ دەدرێ و ئەحمەدتۆفیق نامەو نووسراوی پێشووی دوکتورقاسملوودێنێتەدەرو لێی دەپرسێ:"کاک رەحمان ئەو نامەیە دەست خەتی تۆیە؟"

دوکتورقاسملوو زمانی دەسووتێ و دەڵێ: « بەڵێ ئی منە »

کاک ئەحمەد نامەکە بۆ بەشدارانی کۆبوونەوە دەخوێنێتەوە. هێشتا لەخوێندنەوە تەواونابێ جنێوو قسەی سوکی پێ دەدرێ. ئەحمەد تۆفیق وای دەورو بەری خۆی هان دابوون، واتە ئەوکۆمەڵە ئەندامەی پێشترباسمان کرد، بێدەنگ نابن. قامکیانی لێدەکەنە درێشووکەو بەسەریدا دەنەڕڕێنن و خائین، خۆفرۆش و . . پێ دەڵێن !!

ئامانجی ئەحمەدتۆفیق لەوهەراو هەڵڵا سازکردنە تێکدانی کۆبوونەوەکە بوو. بۆئەوەی کۆتایی پێ بێ و رێگە نەدرێ قاسملوو قسەبۆخەڵک بکا. هەرچەند قاسملوو هەوڵ دەدا بێدەنگ بن قسەیان بۆ بکا، هەوڵدان بۆ بێدەنگ کردنیان کاری حضرەتی فیل دەبێ و راناوەستن بزانن دەڵێ چی؟

پاش بێ حورمەتیەکی زۆر بەدوکتور قاسملوو، ناوبراو دەرواتەوە بەغدا.

پێش رۆیشتنی پێشنیار دەکات؛ کۆرێک بنێرن لە بەغدا لەو باسە بکۆڵنەوە.

بۆحەللی مەسەلە کۆرێک پێک دێ، کە ئەوکۆرە بچێتە بەغدا بۆ لێکۆلینەوە.

ئەندامانی کۆر بریتی دەبن: لەکاک عەبدوللای عیزەت پوور و کاک یوسفی

ریزوانی، لەلایەن دوکتور قاسملوو. کاک هاشم حوسێن زادە و کاک قاسم سوڵتانیان، لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە دیاری دەکرێن. کاک ڕەشیدخانی کیوەرۆشیان پێوە زیاد دەبێ.

کاتێک کۆڕ دەگاتە بەغدا ئێوارە دەبێ و پەیوەندی دەگرن کەبەیانی له جێگایەک دانیشن. هەواڵ وەردەگرن کەئەمنی عێراق پاسپۆرت و شتی لەقاسملوو وەرگرتووە کە بەیانی بڕواو عێراق بەجێ بێڵێ! بەهۆی حیزبی شیوعی و خەلکی تر هەوڵ دەدرێ دووسێ ڕۆژ لێی گەڕێن و دەری نەکەن، سوودێکی نابێ و بەیانی دوکتور قاسملوو دەفڕێ و بەغدا بەجێ دێڵێ، کۆڕیش بەدەست بەتاڵی دەگەرێتەوە.

کاک کەریم حیسامیش هەر بەدەردی دوکتورقاسملوودەچێ. چونکە زۆری پێ ناچێ دوای دەرکردنی دوکتور، ئەویش ناچار دەکرێ بەغدا بەجێ بێڵێ و بڕواتە دەرەوە.

کاتێک ئێرە دەخوێننەوە، کەمن دەڵێم ئەحمەدتۆفیق دەستی دەرۆیی و کەس توانای بەربەرەکانی نەبوو، وابیر مەکەنەوە ناوبراوشیروتیری پێ بووە بۆیەلێی ترساون . ترسان لەناوبراو دەست رۆیشتن بووە. پێشترباسم کردکە ئەحمەد تۆفیق بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ دەزگای عێراق و پشتیوانی مەلامستەفا هەرکەس دژایەتی کردبایە، یان دەگیرا، یان لەعیراق دەردەکرا. ترسی تەسلیم کردنەوە بەئێرانیش لەولا ڕاوەستێ

ئەو مەسەلەی کە پێشتر باسم کرد کە ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ براکەم لەسەر باسێکی چووکی وێتنام تێک چوون و بوو بەهۆی ئەوە بەزیزی بڕوات و پاشی دومانگان براکەم بەتاوانی ئەوەی بەیاننامەی پارتەکانی عێڕاقی بڵاو کردۆتەوە دەگیرێ و تەسلیمی ئێران دەکرێتەوە. کاک قاسمی سوڵتانیان( کەمال ) کەهاورێی گیانی گیانی ئەحمەدتۆفیق بوو، تائەوکاتەی هاوبیروگوێ لەمست و فەرمانبەری ناوبراو بوو نێوانیان مووی تێوە نەدەچوو. بەڵام کاتێک کەماڵ لەبەڵێ گوتن وەڕەز بوو، وەک هاوبیرلەگەڵی نەماو نێوانیان لەدۆستایەتیش ترازاو بۆ بەدژایەتی لەگەڵ یەکتری. کاک قاسم ناچار بوو خۆی بشارێتەوەو نهێنی بێ. کاتێک شۆرشی کوردستانی گەرمێن دەست پێکرا. رۆژێک ئەحمەدتۆفیق ناو براو لەگوندێک دەبینێ و دەستور دەدا چەکدارەکانی دەیگرن. وەک دەست بەسەر دەیخاتە ژێر پرسیارو وەڵام و شت پێ نووسین. کەماڵ

بەناچاری شەوێک لە دێ یەکی لای ماوەت لەچەنگ ئەحمەد تۆفیق هەڵ دێ و دەچێتەوە ئێران.
مرۆڤ کاتێ ئەو شتانەی وەبیر دێتەوە، کردەوەکانی ئەحمەد تۆفیقی بێ کەم و زیاد وەک ئیدارەی سازمانی ئەمنیەتی ئێران و ئەمنی عێراق دێتە بەرچاو.
شتێکی سەیربوو. کاتێ کوردێک دوو ڕۆژکاری لەگەڵ کردباو دوایی ویستبای واز لەکاری سیاسی بێنێ، مافی ئەوەی نەبوولەکوردستانی عێراق بمێنێتەوە.
یان دەبوایە بڕواتەوە بۆ ئێران، یان بۆشوێنێکی تری کەئەوی لێ نیە!!
بەڵام ئەگەر کەسێک هاتبایە نێو شۆرش و بێ لایەن دانیشت باو کاری بەهیچ شتێک نەبایە، ئەویش کاری پێ نەبوو. تەنیا دژایەتی و کەڵەوەکێشی لەگەڵ کەسانێک بوو کەخەریکی کاری سیاسی بوون و لەژێر فەرمانی ئەودا نەبوون.

## شۆرشی ١٤ی گەلاوێژ

جاروبار شتێکی وا دێتە پێش، ناچار دەبم هێندێک لەو مەبستەی باسی دەکەم لێی تێ پەرم. ئێستا شۆرش دەست پێکراوەو کاک ئەحمەدتۆفیق گەیشتۆتە نێوشۆرش و منیش کەمێک لەباسەکە تێپەریوم . بەگەڕانەوەی هەنگاوێک دێمەوە سەرباسەکەو هێندێک لەسەرچۆنیەتی باری سیاسی و هەل و مەرجی ئەوکاتی جیهان و کۆماری دێموکڕاتی ساوای عێراق دەرۆم، بۆ ئەوەی بزانین هەل ومەرجی ئەوکات چۆن بووە، باشتر وایە بۆ و گەنجانەی تازە پێگەیشتوون شی بکرێتەوە بازانن لە چ دەورانێکدا ئە*و ڕووداوانە لەئاڕادا بوون کەمێک روون ببتەوە.
من کە دەڵێم کۆماری دێموکڕاتی عێراق، مەبەستم ئەو دێموکڕاتی ڕاستەقینە یان ئەو دێموکراتەی ئوروپا نیە کەکارەکان بەهەڵبژاردن بکەن، یان پارلەمان هەڵبژێرن و شێوە ئازادی تایبەت بەخۆی هەبێ. ئێمەی کورد هەمووومان کەم و زۆر شارەزاین و بەسەر چۆنیەتی یاساو قانوونی دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی ناوە ڕاست دا ئاگادارین. لام وایە تێگڕامان دەزانین کە نەک هەر هەواڵێک لە ئازادی و دێموکراتی نیە، بەڵکوو دژایەتیشیان لەگەل ئازادی و دێموکڕاتی دا هەیە. من ئاماژە بەسەرەتای شۆرشی١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ی زاینی لەعێڕاق دەکەم، کە هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی، چ ڕاست، چ چەپ لەگۆڕەپانی خەبات دا خەریکی تێکۆشان بوون. ڕۆژنامەو ڕاگەیەندراو و ئۆرگانی پارتەکان بەگشتی دەردەچوون و ئازاد بوون. رۆژنامەکانی بێلایەن و پارتەکان مەقالاتی بابەتی و شۆرشگێری ئەوکاتی خۆیان بەتەواوی دەنووسی و قەڵەمی نووسەران نەدەشکان و ئازاد بوون. دوای ماوەیەک ئەوەی باسمان کرد نەماو حوکمڕانەکان سەریان تێداچوو. خەڵکی عێڕاقیش تائێستا شتێکی وەک ئەوکاتیان نەدیتۆتەوە . ڕەنگبێ هەر لەبەر ئەوەش بووبێ ئەوکات دەستی زلهێزەکانی شەرق و غەربی تێدا نەبووە. شۆرشی ١٤ تەموز، شتێکی کوت و پڕو لەنەکاو بوو. ئەمریکا و سۆڤیەت و شەرق و غەرب، پێشتر ئاگاداری ئاڵووگۆڕی عێراق نەبوون کە پلانیان بۆدانابێ و بەرنامەرێژیان لەسەر کردبێ. لەپێشتریش دا هەڵ ومەرجێکی وا رەخساو چاوەروانی نەدەکرا کە ئەو دوو زلهێزانە لەبیرو خەیاڵی

پشتگری یاپێشگیری شۆرشێکی ئەئاوای عێراقدا بن . دەوڵەتانی رۆژئاوا بەتایبەتی دەوڵەتی ئەمریکا قەت بەبیری دانە دەهات وڵاتێکی وەکوعێراق واکوتوپڕ شۆرشی بەسەردابکرێ و پەیمانی چوارقۆڵی ئێران وپاکستان وتورکیە وعێراق بە سەرۆکایەتی ئەمریکاو ئینگلیس، باڵێکی لێ بێتەوەو حکومەتی پاشایەتی مەلیک فەیسەل و نوری سەعید تەفروتونابێ. ژەنراڵ عەبدولکریم قاسم، نەخاوەن پارت ورێکخراوبوو، نە فەرماندە نیزامیەکی مەشهوورو بەنێوبانگی ئەرتەشی عێراق بوو کەحکومەت حیسابێکی وای لەسەر بکاو لەژێرچاوەدێری دابێ. عەبدولکەریم دەستوری مەئمووریەتێک وەردەگرێ بچێت ئەنجامی بدات، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بڕوات بۆ ئەنجام دانی مەئموریەتی پێ ئەسپێردراوی، روو لەنێوشاری بەغدا دەکات و رادیۆ تەلیڤزیۆن وەدەست دێنێ و ئەوانەی حکومەت بەرێوەدەبەن دەیان گرێ و دەیان کوژێ. نوری سەعیدی سەرەک وەزیر وەدەست نایەو دوایی ئەویش لەجل و بەرگی ژنانەدا دەگیرێ ودەکوژرێ.

کاتێک شۆرشی سەرکەوتووی دێموکڕاتی عێراق ڕاگەیەندرا، ئێمە ماڵمان لەمەهابادبوو. ئەوئاڵووگۆڕە بۆکورد گەورەترین مزگێنی بوو. چونکە ئەو جۆرە ئاڵووگۆرانەی کەلەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەکرێن بەقازانجی کوردن. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئاڵووگۆڕە بەسەر حکومەتە داگیرکەرەکانی وەکو ئێران وتورکیە وعێراق وسووریە دا بکرێن، باشترە و پتربەقازانجی ئێمەی ژێردەستە. هەرچەند تائێستالەو هەلوومەرجە باش و رەخساوانەدا رێبەرانی کورد نەیان توانیوە کەڵکی باش وەرگرن.

گەلی کورد لەکوردستانی ئێران بەشۆرشی سەرکەوتووی عیراق فرە شادو دڵخۆش بوون. کاتێک دۆست و برادەر دەگەیشتنە یەکتر، پیرۆزباییان لێکتر دەکردو هیوایان دەردەبڕی، کەنەخشە بێ لەشای ئێرانیش بەڵکوو بەو زوانە بارگەو بنەی بپێچێتەوەو رووناکایەک بۆکورد پێک بێ. بەروخانی حکومەتی پاشایەتی لەعێراق، تاج و تەختی حکومەتی پاشایەتی ئۆردۆن و ئێران و عەرەبوستان و ئەفغانستان و... لەمەترسی کەوتبوون. ئێمە پتر لەسەر وەزعی ئێران شارەزابووین و باشترمان دەزانی چ ڕادەبرێ. رژیمی ئێران وەک سەگی هار بۆگرتن و ڕاونانی ئازادی خوازان لاقی هەڵکرد بوو لەکوشتن و بڕین قۆڵی هەڵماڵی بوو. داهاتی نەفتی ئێران ببوە بوجەی نیزامی و چەک کرین و سیخوری

بۆسەرکوت کردنی ئازادی خوازانی ئێران. لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست لەهەمولایەک مرۆی خەباتگێرو ئازادی خواز دەگیران و ڕاو دەنران. ئەوانەی خۆیان گەیاندباعێراق وەک پەنابەری سیاسی وەردەگیران. کۆماری دێموکڕاتی عێراق لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ببوە پەناگاو مەیدانی خەباتگێڕان. کۆماری عێراق بە « قەلاّی ئازادیخوازان » نێوی دەرکردبوو. گەلانی ئەو ولاتانە بەتەواوی کەوتبوە ژێرهەلّنان و چاوەدێری ئەمریکاو دەولّەتانی غەرب. هەمووکاتێک لەهەولّی ئەوە دا بوون کەبەهەر شێوەیەک بۆیان بلوێ. تۆلّەی ئەوهەرەکەتەی کەعەبدولکەریم قاسم کردبووی لێ بستێننەوەو چاوی شۆرشگێڕانی تری پێ بترسێنن. هەروەها بۆبەهێزکردنی پەیمانی ( سنتۆ) واتە بەغدای کۆن، کارێک بکەن و هەنگاوی پێویست هەلّێننەوە. بەلکوو بتوانن پەیمانی نیزامی بەغدا لەولاوازیەی بەسەری دا هاتووە ڕزگارکەن. لەهەموو رێگاکانەوە دەستیان کرد بوو بەئاژاوە نانەوەو پیلانگێڕان. جارێک لە کەرکوک بە هۆی ( تورکەکان ) هەلّلاو ئاژاوە پێک دەهات و خەلّکی بێ تاوان لەناودەچوون. جارێک لەموصل ( ژەنڕالّ عەبدولوهاب شەواف ) ڕاست دەبۆوە، دووسێ هەزارکەس سەری تێدا دەچوو. چەندین جار عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا تەقەی لێکراو بریندار بوو. بەکورتی بەئێران و تورکیە و عەرەبوستانی سعوودی و لەپشتی ئەوانیشەوە غەرب، دەیان بەندوبەستو ئاژاوەو پیلانیان بۆ تێکدانی کۆمارو لەناوبردنی عبدولکریم قاسم دانابۆوە. بەلاّم لەبەر ئەوەی کۆمارو عەبدولکەریم قاسم خۆشەویستی خەلّک بوون، بەکوردو عەرەبەوە ئاژاوەکانیان پووچەلّ دەکردنەوەو نەیان دەهێشت پیلانەکانیان سەربگرن. عەبدولکەریم قاسم پاش ئەو برینداربوونە ترسی لێ نیشت و، وردە وردە لەبۆچوون و نیزیکی لەپارت و هێزی سیاسی و دێموکڕاتیک دوور کەوتەوەو لەرێبازی پێشووی خۆی لای داو بەرەو بیری قەومیەتی عەرەب رۆیی و پشتی لەو ئازادیە کرد کەدەستکەوتی شۆرشی ١٤ی تەموز بوو. لەسالی پێشتردا کاتێک عەبدولکەریم قاسم لەڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن دا قسەی بۆخەلّک دەکرد، باسەکەی دێموکراسی وبۆپێشەوە چون وزانست و زانیاری و یەکگرتن و هەروەها یەکێتی و برایەتی کوردو عەرەب بوو. بەلاّم دوای ڕێبازگۆڕین، عەبدولکەریم کاتێ دەچووە پشت میکرۆفۆن قسەو باسەکانی لەهەوەلّ تا ئاخرلە دەورو بەری عروبەو قەومی عەرەب دا دەسوورا. ئەوگۆڕانەی عبدلکریم قاسم بەئاشکرا پشت تێکردن لەهێزە سیاسیەکان بوو. بەتایبەتی هێزە

سیاسیەسەرەکیەکانی وەک حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دێموکڕاتی کوردستان و چەند هێزێکی تر کەلەڕاستی دا کۆڵەکەی ڕاگرتنی کۆماری دێموکڕاتیکی عێراق هێزە سیاسیەکان بوون.
بەدوای ئەوگۆڕانەدا دوو هێزی سەرەکی واتە حیزبی شیوعی و پارتی دێموکڕاتی کوردستان کەوتنە ژێرگۆشارو بگرەو بەردەو هەڕەشەی ئەمنی عێراق.
بەدوای ئەو ڕێگا گۆڕین و ئالووگۆڕەی کە بەسەر عەبدولکەریم قاسم داهات، ئێدارە جاسوسی و نیزامیەکانیش وردە وردە پەڵپ و بیانوو و بەهانەیان بۆ مرۆڤی هەڵسووری پارت و ڕێکخراوەکان دۆزیەوەو ئەندامەکانیان کەوتنە ژێر چاوەدێری وگیران ودوور خستنەوە. گۆشار بۆسەر پارتی دێموکڕاتی کوردستان، بوو بەهۆی ئەوەی لەنێوان کوردو عەبدولکەریم دا ساردی و سڕی پێک بێ و بناغەی شۆرشێکی چەکدارانە، دژی کۆماری عێراق و عەبدولکەریم قاسم لەکوردستان دابندرێ.

## سەرەتای شۆڕش.

له سەرەتادا نێوانی کوردو عەبدولکەریم قاسم زۆر خۆش‌و گەرم‌وگوڕ بوو، بەڵام یەکێک له پلانەکانی حیزبی بەعس شەیتانی‌و دووزمانی بوو لەنێوان عەبدولکەریم و دۆستەکانی، بۆئەوەی به تەنیا بمێنێتەوە. ساردی له نێوان کوردو عەبدولکەرم قاسم دا لەکۆتایی سالی ١٩٦٠دا پێک هات. هوی ئەو ساردی و سڕیە، ئاشت بوونەوەو بانگ کردنی ژمارەیەک دەرەبەگی کورد بوون که بۆ پشتیوانی له عەبدولکەریم قاسم چووبوونه بەغدا و لەڕاستیدا به نەخشەی خۆی بانگکرابوون .

مەلامستەفای بارزانی تا ئەوکات یەکێک له دۆستانی نیزیکی عەبدولکریم قاسم بوو. گەلێک جار بارزانی له وتوو وێژی چاپەمەنی دا دەیگوت: من سەربازیکی عبدلکریم قاسمم. بەڵام به دوای ئەو ئالۆوگۆڕەی که بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا هات، بارزانی لەگەڵ شەخسی عەبدولکەریم قاسم دا نێوانیان سارد بۆوەو هاتەوە ناوچەی بارزان له ماڵێ دانیشت. ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دێموکرات مەقالەی توندو تیژی دەنوسی و ڕەخنەی لەکردەوەی کاربەدەستانی کۆماری عێراق دەگرت. مامۆستابرایم ئەحمەد سکرتێری پارتی دێموکڕاتی کوردستان، بەتاوانی نوسینی مەقالەی توندوتیژ دەبوایه بچێته دادگا. نیزیک حەفتا کەس پارێزەرو پیاوی بەشەخسیەت ڕایان گەیاندبوو کەبۆ پشتگری له مامۆستابرایم ئەحمەد رۆژی محاکەمە دەچنه دادگا. کەدوایی ناوبراو بێ تاوان ناسرا. دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دێموکراتی کوردستان قەدەغه کرا. گرتن و دورخستنەوەی ئەندامانی هەڵسووری پارتی، لەلایەن حکومەتەوە دەست پێکرا. تابلۆی کۆمیته شارستانەکانی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە هاتنه خوارو بەڕەسمی دەفتەرەکانیان داخران. لەوسەرو بەندە نالەبارەدا، سدیق میران کەلەلای عەبدولکەریم قاسم له بەغدا دەگەڕاوە، له نێوان کۆڕێ و کاوان بەدەستی مەحموودکاوانی کوژرا. هەمووی ئەوکارو رووداوانە بوون بەهۆی پێک هاتنی هەڵ و مەرجی شەڕێکی چەکداری و هەڵگیرسانی شۆڕش. یان لانی کەم مرۆ دەکرێ بڵێ: ئەوانە ٥٠ ٪ و دەستی ئەم لاولاو هاندانی غەرب و دەراوسێکانیش ٥٠ ٪ شۆرشی پێک هێنا.

مەحموودکاوانی خەڵکی گوندی کاوانی بوو، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەلامستەفابارزانی دا هەبوو. سەدیق میران وەک سەرهۆزی میرانی شەقلاوێ و خوشناوو دەوروبەر ناسرابوو. لەدەورانی مەلیکیش دا نوێنەری مەجلیس و تێکەڵی دەزگابوو. خۆی لەهەمووسەرەک عەشیرەتێک پێ گەورە ترو زاناترو بوو. ئەو خۆ بەزل زانینەی ببوە هۆی ئەوەی لەگەڵ بارزانیش نێوانیان ساردبێ. عەبدولکەریم قاسم کە بای دابۆوە، دەیویست دڵی هێندێک لەو سەرەک عەشیرەتانە وە دەست بێنێتەوە کە بەهۆی ئیسلاحاتی هەردی لێی تۆرا بوون. سەدیق میران یەکێک لەوکەسانە بووکە لەعەبدولکەریم قاسم نیزیک ببۆوەو لەهاتووچۆ دابوو. کاتێ دەیویست لەبەغدا ڕا بێتەوە شەقلاوێ، لە پێچێکی نێوان گوندی کۆڕێ وکاوانی دەکەوێتە بەردەست ڕێژی مەحموودکاوانی و سەدیق میران دەکوژرێ. دوای کوشتنی سەدیق میران و ئەو بێنەو بەرەو رووداوانە مەحموودکاوانی لەحکومەت قاچاغ بوو. بەنەهێنی لەوناوچانەی دەورو بەری شەقلاوێ دەگەڕاو بنکەی ئەسلی مانەوەی لەچیای سەفین بوو.

تەقەی محموود کاوانی وکوشتن و لەناو بردنی سەدیق میران بوو بەهۆی ئاڵۆزی و پشێوی ناوچە. دەکرێ بڵێین: تەقەی مەحموودکاوانی وکوشتنی سەدیق میران بەسەرەتای شۆرشی چەکداری کوردستانی ئێڕاق دەژمێردرێ.

"لەمانگی ئەیلوولی ١٩٦١ شەڕو پێکدادان لەگەڵ رژێمی عەبدولکەریم قاسم دەست پێکراو، بووبەهۆی گرتن ودامالینی چەند بنکەیەکی پۆلیسی لەناوچەدا. دیارە ئەو دامالین ولێکدانەلەسەربڕیاری پارتی دێموکڕات کوردستان نەبوو. *١ سەرەتا سەرکردەکانی پارت لەبەغدا پشتی شۆرشەکەیان نەگرت. زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەناوەندی، لەئەیلوولی ١٩٦١ بڕیاریان دابوو دژی عەبدولکەریم قاسم چەک بەکارنەهێنن. *٢

بۆیەکەم جار سەرکردایەتی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، واتە لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٣/١ بەیاننامەی بڵاوکردەوەو پشتگری خۆی لەشۆرش دەربڕی. *٣ .

---

١ * کوردستان و شۆرشەکەی. لاپەڕی ٢٠٣ جەماڵ نەبەز چاپی ١٩٨٥میلادی

٢ * هەمان سەرچاوەو هەمان نووسەر. ک ، ش ، لاپەرەی ٢٠٦

٣ * ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پ د ک ژمارە ٤٨٢ ک، ش، جەماڵ نەبەز هەمان سەرچاوە.

ئەوکات من له هاوینەهەواری سەلاحەدین نیشتەجێ بووم. پاش تەسلیم کردنەوەی براکەم کارەکەیان لەمنیش ئەستاندەوە. نیزیک مانگێک بوو زارای خێزانم لەئێران دەرباز ببوو هاتبوه لام. دەستم کرد بەکاری کەوش رەشکردنەوەو پینەچیەتی و، وەک رەش و رووتی لای خۆمان، نەمر نەژی خۆمان دەژیاند. شارۆچکەی هاوینه هەواری سەلاحەدین لەبەر ئەوەی چووک بوو، بۆیەکێکی وەک من بەڵای زۆر پێوه بوو. وام بەباش زانی لەوێ بڕۆم. بارم کردو چوومه شاری هەولێر لەگەڕەکی خانەقا نیشتەجێ بووم. شۆرش هەر دەهات و پترگەشەی دەستاند. رێکەوتی مانگی چوار ١٩٦٢له شارەکان، بەتایبەتی لەکوردستان خۆپێشاندان دژی شەڕو بۆمباران وکوشتارو سوتمان، بەرێوه چوو، هەرچەندمن وەک پەنابەرێکی سیاسی بۆم نەبوو بەشداری خۆپێشاندان و سیاسەت بکەم، بەڵام هەلوومەرجێکی وا لەکایەدا بوو، دانیشتن و بێ دەنگی بۆکەسێکی که له حاست نەتەوەکەی هەست بەلێ پرسراوی کردبا، شوورەیی بوو، بێ لایەنوتەماشاچی بێ. زۆربەی خۆپێشاندانەکان لەلایەن حیزبی شیوعیەوە بەرێوەدەچوون و پێکیان دێنان . دوسێ جارلەسەریەک دوپات بوونەوەی خۆپێشاندان و بەشداری کردنم بوو بەهۆی زانینی ئیدارەی ئەمن. رۆژێکی بانگیان کردم زۆریان هەڕەشەوگورەشه لێکردم، بەڵام من نەچوومه ژێری و پێم گوتن: ئەوانەی هەواڵیان داوه بەئێوه، منیان لەپیادەرۆ دیوه و، وایان زانیوه کەمنیش یەکێک لەخۆپێشاندەرەکانم. من که لەلای ئێوه پەنابەرم و دەزانم نابێ خۆم لەسیاسەت بگەیەنم باوەر مەکەن بەشداری خۆ پێشاندانم کردبێ.
دوایی بەقەڵسیی رێگەیان دام به جێ یان بێڵم. بۆم روون بوو که کەوتوومەته ژێرچاوەدێری و هەستم بەمەترسی دەکرد. لەوسەروبەنده دا، واته لەسەرو بەندی شوباتی ١٩٦٣کۆدتایەکی نیزامی بەسەر عەبدولکەریم قاسم داکراو سەرکەوتن.

حکومەتێکی نوێ لەلایەن حیزبی «بعث »وە بەسەرۆکایەتی عەبدول سەلام عرف ، هەر بەنێوی پێشووی کۆماری دێموکڕاتی عێراقی ڕاگەیەندرا. جیاوازی ئەوحکومەته دێموکڕاته، لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم ئەوەبووکه ڕۆژێ دەیان خەباتگێڕ
سیاسی، به بێ تاوان و مەحکەمه دەکوژران و زیاتر لەوەش لەژێر لێدان و

ئەشکەنجەدا دەمردن. تەنانەت بەمردوییش لاشەکانیان نەدەدانەوە بەکەس و کاریان. هەڵبڕهەڵبری ئازادی خوازان مەترسیەکی گەورەی بۆخەڵک پێک هێنابوو.
منیش مەترسی گیران و تەسلیم کردنەوەم هەر دەهات پتر دەبوو. داوام لەکاک تۆفیقی بەنناکرد کە بۆ چوونەدەرم لەشاری هەولێر یاریدەم بدات. بۆشەوێ ئەویش ون بوو، نازانم گیرا یان خۆی نهێنی کرد. من ئێستاش نەم دیتەوە. ناوبراوم ئەندامی سەرشانەکانی ئەوکاتی حیزبی شیوعی بوو. دوای ئەو منیش چەند پەتوویەک و قابلەمەو کتری و ئیستیکان و هەروا چەنە شتێکی سوکمان هەڵگرتو شتومەکی تری ماڵم بەجێ هێشت. چونکە ماوە بۆ فرۆشتن و بەخشین نەبوو، ناچار بووین بەجێیان بێڵین. بەرەبەیانی ۱۹شوباتی ۱۹٦۳ شاری هەولێرمان بەجێ هێشت و بەبەرەوەی مەسیف سەلاحەدین دا بەرەوسەفین و سەری رەش وەرێ کەوتین.
من و کچێکی ٦مانگەم بەنێوی شێواو، و خێزانم زارا هاتینە سەری رەش. شاکربەگ و۱٥ تا۲۰ پێشمەرگەی بارزانی لەوێ بنکەیان کردبۆوە. پێشتر بنکەی سۆفیە چەکدارەکانی شێخ رەشیدی لۆلان لێبوو. شەوی پێش تر، شاکربەگ و پێشمەرگەکانی، چوار پێنج کەسیان لێ کوشت بوون و ئەوانی دیکەشیان گرتبوون. سەری ڕەشیان لەو جاشانە کە رووبەرووی مەسیف سەلاحەدین بوو پاککردبۆوە و ببوو بەبنکەی پێشمەرگە. پێشترشاکربەگم دەناسی و ساڵێک لەسەلاحەدین جیرانی یەکتربووین. ناوبراو کاتی خۆی لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی چوبووە سوڤیەت. ناوبراو لە بارزانیەکانی دیکە حاڵی تر بوو. کاتێک شاکربەگ منی دیت زۆری پێ خۆش بوو کەچووینەلای. نیو سەعاتێک بوو دانیشتبووین، یەکێ لەپێشمەرگەکان هاتە ژوور نامەیەکی دا بەشاکربەگ. ناوبراو دوای خوێندنەوە، نامەکەی دا بەمن و گوتی: وا بزانم ئەو برادەرەی ئەو نامەی نوسیوە جەماعەتی ئێوەیە. نامەکەم وەرگرت و خوێندمەوە نوسیبوی: من کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاورێی ئەحمەد تۆفیقم، پێویستمان بەهێندێک چەکە، دەمەوێ بیانکرم. لەبەر ئەوەی شارەزای ناوچەنیم، داوات لێ دەکەم بۆکرینیان یاریدەو رێنوێنیمان بفەرموون.
نامەکە بەئیمزای فایق ئەمین. (سولەیمانی موعینی )کۆتایی پێهاتبوو
بەو هەواڵە زۆرخۆشحاڵ بووین. شاکربەگ هەواڵی دانێ بێنە سەر. دوای چەند

سەعاتێک کاک سولەیمان لەگەڵ قادری قازی و پێشمەرگەیەک هاتن. دووسێ ساڵ بوو یەکترمان نەدیبوو. بۆهەردوکمان لەوکات و ساتە ناسکەدا دیتنی یەکتر پێویستیەکی گرینگی هەبوو. بەتایبەتی دیتنی کاک فایق بۆمن بێ نەهایەت پێویست بوو. چونکە هاتبوومە دەر سەرگەردان نەم دەزانی چ بکەم و لەکوێ بمێنمەوە. زۆری گلەیی کرد کەدووجارم نامەبۆ نووسیوی بێیەدەر نەهاتووی . . . .

دوایی گوتی: کاتێکی باش هاتووی. کاوەو مستەفاش هاتوون و ئێستالەکۆی سنجاق لەلای کاک ئەحمەدتۆفیقن . مەبەستی کاک فایق کاک سەلاحەدینی مهتدی و کاک محەمەدی ئێلخانی زادەبوو. من کەنەم دیت بوون بەهیچ کام لەو نێوانەش نەم دەناسین و قەتیش نێوم نەبیستبوون. کاک فایق دووتفەنگی برنۆی کری و بۆ سبەینێ هاتینە سەر جادە سواری ماشێن بووین و چووینە شاری کۆی سنجاق. من و زارای خێزانم لەگەڵ شێواوی کچم کە شەش مانگانەبوو، لەماڵی برادەرێکیان داناین و شەوێ پێ یان ڕاگەیاندم؛ بەیانی کۆبوونەوەمان هەیەو کات ژمێری . . . وەرە فلان شوێن. وام بۆ دەرکەوت کەپێشتر بۆخۆیان بریاری کۆبوونەوەیان دابوو.

من کە دووسێ ساڵ بوو لەکۆبوونەوەی حیزبی بەدوور بووم، هەواڵی ئەو کۆبوونەوەم فرە پێ خۆش بوو. چونکە لەهەموو شتێک بێ هەواڵ بووم و نەم دەزانی چکراوەو چ دەکرێ؟ تەنیا دەبوایە لەکۆبونەوەیەکدا بۆم روون بێتەوەو لەچۆنیەتی کارو تێکۆشانی ئەوماوەی لێیان دووربووم ئاگاداربم و بزانم چکراوەو کاروباری حیزبی بەکوێ گەیشتووە؟ بەکورتی دوای سێ ساڵ پەنابەری لە هاوینەهەواری سەلاحەدین و شاری هەولێر، ئەوە هەوەڵین کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لەشاری کۆی سنجاقی کوردستانی عێراق بەشداریم تێدا دەکرد.

## دەست پێ کردنەوەی کاری سیاسی

حیزبی بعث هاتبۆوە سەرکارو هێشتاجێگیرنەببوو. بارزانی و رژیم لەسەر ڕێکەوتنی پێشوویان ئاور بەسیان ڕاگەیاندبوو. شاری کۆی سنجاق بۆ وتوو وێژ دیاری کرابوو. بارزانی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی خەریکی وتوو وێژبوون. حیزبی شیوعی کەوتبووە بەرهێرشی بێ روحمانەی رژێمی بەعثی و بێ دادگاو محاکەمە کادرەکانی سەرویان دەگیران و دەکوژران. رادیۆی مۆسکۆ و پەیکی ئێران و بەرەی چەپ هاواریان دەکرد، شەڕ ڕاگرتن خەتایە. لەلێکدانەوەکانیاندا ڕایان دەگەیاند، تارژێمی بەعث لاوازەو خۆی نەگرتووە، دەبێ لێی بدرێ ولێی ڕانەوەستن. ئەفسەرانی عێراقی پەیک و نامەیان بۆ بارزانی دەناردو دەیانگوت:
- ئەگەر شەڕ ڕانەگرن سەربازخانەکانی کەرکوک و. . . تەسلیم دەکەین و . . .
ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەوانە برۆین و بچینە نێو باس وخواسی ئەوکات، پێویست بەهێندێک بەڵگەو رۆژنامەی ئەوکات دەکات. منیش کە ئێستا ئەو نووسراوە دەنووسم پتر لە ٤٢ ساڵ تێدەپەڕێ، هیچ بەڵگەیەکم لەدەست دا نەماوە، ناچارم وازی لێ بێنم و بچمەوە سەر باسی حزبی دێموکڕات و درێژە بە بەسەرهاتی خۆم بدەم.
حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر بەنێو ما بوو. نە تەشکیلات و نەکۆمیتەناوەندی نەجولانەوەو تەنانەت نوسینیش، وەکحیزبێکی هەڵسوور هیچ ئاسارێکی دیار نەبوو.
شۆرشی کوردستانی عێراق هەلێکی باشی ڕەخساندبووکەئێمە بتوانین هەنگاوێک بۆ بووژانەوەی هەڵێنینەوە. هەواڵێک لەرۆژنامە و بەیان و پەیرەو پرۆگرام نەبوو. دەبوایە هەمووشتێک لەنووکەوە دەست پێ بکرێتەوە. ئەو چەند کەسەی خوارەوە بووین کەدەمان ویست حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەخۆ خەین و هەرەکەتێکی پێ بدەین. لەسەر داوای برادەران لەکۆی سنجاق لەشاری حاجی قادری کۆیی، شارێکی هێدی و هێمن کۆ بووینەوە. جگە لە کاک سولەیمانی موعینی و کاک عەبدوڵلای ئیسحاقی ئەوانی ترم نەدەناسین. بەشدارانی کۆبونەوە بریتی بووین لە پێنج کەس. واتەکاک عەبدوڵلائیسحاقی «ئەحمەدتۆفیق »کاک سولەیمانی موعینی «فایق ئەمین» کاک سەلاحەدینی

موهتدی «مستەفا» کاک محمەدی ئێلخانی زادە «کاوە » بۆخۆم «سەعیدکاوە»
کۆبونەوەکەمان دوای دوجار دانیشتن، واتە بەیانی وپاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات.
لەوکۆبونەوەیەدا هێندێک بڕیاری کاروبار لەنێوان ئەو پێنج کەسەدا بەش کرا.
هەرچەند ئەو کۆبوونەوە لەمەڕ ئۆرگانیەوە باسی لێ نەکراو روون نەبوو، بەڵام
بەکردەوە چ لەمەڕ دیاری کردنی نەخشی داهاتوو، چ لەمەڕ دابەشکردنی کار لە
ناوچەکان ، چ لەمەڕپەیوەندی گرتن، چلەمەڕ دیاری کردنی کاری
پێشمەرگایەتی، کۆبوونەوەیەکی بەرێوەبەرایەتی‌کاتی حیزب بوو. لەبەر ئەوەی
سەرەتای شۆرش بوو، حیزب تازە دەهات خۆی بگرێتەوەو دەست بەکار بێ.
بڕیاراتی پتر بۆکۆبوونەوەیەکی بەرینتر هەڵگیرا. ئەوکات حیزب ١٤-١٥
پێشمەرگەیەکی هەبوو. دیاربوو کاوە، واتە کاک محمد ئێلخانی زادە، وەک
مەسئوولی بەشی پێشمەرگە دیاری کرابوو. لەوکۆبوونەوەیەشدا تەئید کرایەوە.
سولەیمانی موعینی، بەشێکی لای بانە وگەورک ومەنگوڕومەهابادی بۆدیاری
کرا. بۆسەلاحەدینی موهتەدی، لای بۆکان و سەقزو هەوشار. بۆ منیش ناوچەی
لاجان وشنۆ سندوس دیاری کرا. ئەگەرکرا سەرێکی دەشتەبێڵێش بدەم. ئەحمەد
تۆفیق بۆبەشی پەیوەندی نیوان حیزب وشۆرش دیاری کرا. پاش ئەو بەش و
دابەشکردنە، ئێسترێکیان بۆ بەکرێ گرتم ماڵەکەم لێ ناو منداڵەکانم لەسەر
سوارکردو بەرەو، زینوێ شێخی وەرێ کەوتم.
کاتێک باسی ئێسترێک دەکەم بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی پێ بگەیەنمە جێ!
خوێنەر لەوانەیە پێی سەیربێ. بەڵام نیزیک بەهەشت ساڵ کە بەشداری شۆرش
بووم، هەرکاتێک لەجێگایەک ڕا بۆجێگایەکی دیکە بارمان دەکرد، ماڵەکەمان
دوولاباری ئێسترێک بوو. سەربارەکەشی زارای خێزانم و شێواوی شەش
مانگەی کچم بوو.
ئەوەی لەلاباری ئەسپێک پتر دەبوو یان بەجێمان دەهێشت یان دەمانفرۆشت.
هۆیەکەشی روونە کەبۆچی تەنیا ئەسپێک یان ئێسترێک بووە. دەبوایە وڵاغ
بەکرێ بگرین و پوڵیشمان کەم بوو، ناچار بە وڵاغێک دەسازاین و ملی
رێگامان دەگرت.
دەوروبەری نیوەرۆ بۆلای شاروچکەی زینوێ شێخی وەرێ کەوتین، بۆشەوێ
لەنیزیک پلێنگان خستمان وبەیانی بەرەو گەلاڵێ رۆیشتین و لەوێشرا دیسان
ئەسپێک مان گرت و چوینە زینوێ شێخی. لەماوەی ئەو چەند رۆژەدا،

واتەلەسەری ڕەش و کۆبەڕا  تاگەیشتینە زینوێ شێخی هەورو هەڵاو باران و لەنگێزە بوو. ئەوەی لەو چەند ڕۆژە دیم خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوون هەرگیزلەبیرم ناچێ کەدوای ساڵەهاکوێرەوەری و گوشاری ئێران و عێراق، بۆهەوەڵێن جار تامی ئازادیم دەچێشت کەژاندارمی ئێرانی و پۆلیسی عێراقیم نەدەدیت. لەسەر ئەو دەنگە ناخۆشەی هەمە گۆرانیم دەگوت و لەو پەڕی دڵخۆشی دابووم. بەڵێ بە دڵێکی خۆش گەیشتینەگوندی زینوێ شێخی. زینوێ نیزیک ۳۰ ماڵ و دە دوازدە دووکانێکی لێ بوو، ڕۆژانە بە میلیون سەوداو ئالوو وێرو ئاڵووگۆری کەل وپەلی ئێران وئێراقی لێ دەکرا. زینوێ پیاوی چاک و دەستگرو مەردو ڕەندو، دڵسۆزی شۆرش و کوردایەتی  زۆر تێدا بوو، بەڵام پاش دووسێ ساڵ کەمستەفای کوڕی شێخ عوبەیدیللا هاتەوە زینوێ، وردە وردە زینوێ شێخی بوو بەمەکۆکەی پیاوکوژو جەردەو پیاوخراپ و جاسووسی ئێران وئێراق . هۆیەکەشی ئەوەبوو، مستەفا سەری بە زۆر جێگایانەوە بەند بوو.
بەهەرحاڵ کاتێک من چوومە زینوێ، نامەیەکم پێ بوو بۆکاک خدررەسوڵ. ناوبراو پیاوێکی خوێندەواروتێگەیشتووبوو، ماڵەکەی بۆ پیاوی سیاسی و پێشمەرگە ببووە بنکە. بەڕاستی لەهەموو بارێکەوە تا بڵێی پیاوێکی مەردو ڕەند بوو.
من ومنداڵەکانم دووسێ ڕۆژان لەماڵی ئەوان بووین تاخانوێکی بێ حەوش وحەساری لەنێو دێ بۆ دۆزینەوە. ژیانێکی هەژارانەو ناخۆشمان هەبوو. چارەش نەبوو دەبوایە لەبەر پەیوەندی گرتن لەگەڵ هاورێیانی کوردستانی ڕۆژ هەڵات بە هەرجۆرێک بێ ڕای بوێرم. ئەوشوێنە وا هەڵکەوتبوو کە جگە لەقاچاغچی ئاشنایەک نەدەهات تابۆلای خزمان ڕاسپێرم شتێکم بۆ بنێرن و خۆم  لەوهەژاریە بێنمەدەر. نەشم دەویست بەهۆی کابرای نەناس دا هەوال بدەم برادەرێک بێ وپەیوەندی  بگرم. بۆخۆشم لەبەر بێ چەکی نەم دەوێرا بچمەوە ئەودیو. ناچار بۆ وەرگرتنی چەکێک سەربەرەو ژێر بۆلای برادەران بەرەومێرگەسوور کەوتمەرێ. دەمزانی لەلای کۆی سنجاق نەماون هاتوون بۆلای مێرگەسوورو لەگوندی " گەلاڵێ هەرکیان و دەورو بەری گوندی سرێشمێ، نیشتەجێن. بەپرسیاران خۆم گەیاندە برادەران و دەمانچەیەکی چاردەخۆرم لە ئەحمەد تۆفیق وەرگرت. بۆ هەوەڵێن جارلەوێ لەگەڵ مەلاحەسەنی رستگارو حوسێنی مەدەنی و مەلا ڕەسوول وئاشنابووم کەبە تازەگی ئێرانیان بەجێ هێشتبوو گەیبوونە لای برادەران.

شەوێک لە وێ بووم و بەیانی گەڕامەوە بۆ لای زینوێ. دوای ماوەیەک خۆم ئامادە کردو شەوێکی خۆم گەیاندەوە ناوچەی سندوس و نەغەدە. پاش چوارسالان دووبارە پەیوەندیم لەگەڵ برادەران گرتەوە. بەرەحمەت بێ رەحمانی ئیمامی بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەبوو. کەئەوە هەوەڵ جارە نێوی دێنم و بۆخەڵکی ئەوشارە دەناسرێ. ئەویش لەبەرئەوەیە، نەماوەو دەزانم دوژمن تازە ناتوانێ بانگی کات و ئەزیەتی بکا. ئەوکۆمیتەیەلە هێندێک برادەرانی شار پێک هاتبوو. کۆمیتەی شار بریتی بوو. لەپێنج کەس، کاک رەحمانی ئیمامی و کاک محمەدی ئەحمەدی و سێ کەسی تر کەڕەنگبێ ئێستا ئەوانیش پیروپەک کەوتە بن و وەک من توانای کاریان نەمابێ. بەڵام دیسانیش لەنێو نووسین خۆم بپارێزم باشترە. بەهەرحاڵ لەدەورانێکی ناخۆش و پڕ لەتاڵی و سوێری و زەبروزەنگی سازمانی ئەمنیت دا، ئەوپڕی زەحمەتیان کێشاو ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان بەجێ هێناوەو لەحاستی نەتەوەکەیان سەربەرزن. بریا ئێستاتوانیبام نێویان بێنم و بەخەڵکیان بناسێنم. پاش کۆبوونەوەو ئاگادارکردنیان لەسەر وەزعی ئەو دیو، کۆمیتەکەمان نوێ کردەوە. لەسەر پێشنیاری ئەوان هێندێک کەسی ترمان بە کۆمیتەکەوە زیاد کرد. دوایی لەگەڵ هێندێک کەسی دیکەش لە شنۆ ولاجان و خانێ، پەیوەندیم گرت و پاش دانانی نێونیشان ودیاری کردنی پەیکی هاتووچۆ، دوای دووحەوتوو گەرامەوە زینوێ شێخی. لەماوەیەکی سێ مانگی دا توانیم لەگەڵ ئەوسێ ناوچە باسکراوانە پەیوەندی خۆم بگرم و وەجووڵە جوڵیان بخەم.

رۆژێک مەلاحەسەنی رستگارو مەلارەسوڵ پێشنمازو قادری قازی و حەوت هەشت کادرو پێشمەرگەی ترهاتن لەگوندی ئالانێ نیزیکی گوندی زینوێ شێخی، بنکەیەکیان کردەوە. منیش لە زینوێ بووم هاتوچۆم دەکردن. ئەودەوران، دەکرێ بلێم خۆشترین دەورانی پێشمەرگایەتی مان بوو. بەئیمانی پتەو تێ دەکۆشاین. شەوو رۆژ خەریک و لەهاتوچۆدا بووین. روتی، برسیەتی، هەژاری و بێ دراوی مان پێوە دیار نەبوو. بەحەوتوو وبەمانگ بێ چێشتی و بێ گوشتی نارەحەتی نەدەکردین و بەدەروێشی لەخزمەت حیزب و شۆرش دا بووین. شتێکی بۆمان گرینگ بوو، تەباو رەبایی و خۆشەویستی یەکتربوو. نەبەغیلی لەگەڵ یەکترو نەدژایەتی مان پێکەوە لەکایەدا بوو. هەموومان وەک برا، وەک یەک بنەماڵە، هەرچی هەمان بایە دەمانخواردو هەڵدەستاینەوە. ئێستاش گەلێک جار

کەبیر لەڕابردوو دەکەمەوەو لەگەڵ دەورانی دوایی شۆرشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لێکی دەدەمەوە، نازانم ئەو فەرهەنگە پڕلەخۆشەویستیە بۆگۆڕا؟ بۆوای لێ هات و گەیشتە ئێرە؟ ئەوساردی و سڕی و دوبەرەکی و لێکۆلینەوەی بیروڕاو فەرق و فروقە فەرهەنگی کێ بوو؟ لەکوێ ڕا هاتە نێو حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان؟!
ساڵی٤٢ هە ١٩٦٣ز، لەسەرداخوازی ئەحمەدتۆفیق کۆبوونەوەیەک مان لەگوندی ئالانێ پێک هێنا. بەشدارانی ئەو جاری کۆبوونەوە بریتی بوون لەحەوت کەس. جگە لەکاک ئەحمەدو کاک فایق و من، ئەوانی تر نوێ بوون. هەواڵێک لە سەلاحەدینی مۆهتەدی و محمدئێلخانی زادە نەبوو. دیاربوو لەنێوان ئەحمد تۆفیق و ئەواندا ساردی و سڕی پێک هاتبوو. بەڵام ئەحمەدتۆفیق باسێکی لەناکۆکی نەکردوگوتی: "کارێکیان پێ ئەسپێراوە بزانین پێیان دەکرێ بیکەن، یان کاری سیاسیان پێ ناکرێ"؟ بەڵام کاتێک لەدەرێ لەکاک فایقم پرسی: بۆچی مستەفاو کاوە نەهاتوون؟ وەڵامی داوەو گوتی: لەگەڵ ئەحمەد نێوانیان ساردە. تکایە جارێ باسی مەکە بزانین چی لێ دێتەوە. دوای ماوەیەک بۆمان روون بۆوە، نەک هەر لەگەڵ یەک نەماون، بەڵکوودژایەتی یەکتریش دەکەن. دوایی بۆم دەرکەوت، ئەحمەدتۆفیق بۆیە باس و غەیبەتی سەلاحەالدین ناکا، دەیویست بزانێ، نیزیکی و دووری ئەوان لەگەڵ بارزانی بەکوێ دەگا. کاتێک ئەحمەد بەوە گەیشت کەناتوانن نەزەری بارزانی بۆلای خۆیان ڕاکێشن، ئەحمەدتۆفیق بۆی لەسیمی ئاخردان. ئەوەی کە نەدەبوو لەڕاست کاوەو مستەفادا بیکاو بیلێ، کردی.
کۆبونەوەکەمان پێک هات لەو حەوت کەسەی خوارەوە؛
کاک عەبدوڵڵای ئیسحاقی، کاک سولەیمان موعینی،کاک حەسەن رەستگار، مامۆستامەلاباقی، کاک عومەرنگلی (نوگل) مەلاسەیدرەشید و نوسەر.
کۆبونەوەکەمان لەدوو رۆژی پترکێشا. ئەوجارلەوکۆبوونەوەدا بڕیار درا: کە لەوە بەم لاوە بەنێوی کۆمیتەی بەرێوەبەری کاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کاربکەین. بەڵام بەرێوەبەری حیزبێکی بێ پرۆگرام. پرۆگڕام وپێرەومان نەبوو. پێشتر بروشوورێکی دوو لاپەڕەو نیومان بوو بەنێوی پرۆگڕام، ئەویش لەگۆڕێدا نەمابوو بۆ نوێ کردنەوەی ئەو بروشوورەش ئەحمەدتۆفیق بەتوندی مخالیف بوو. لەو دانیشتنەدا بریاری دەرکردنی بڵاوکەرەوەیەکمان دا بەومەرجە: شتی سیاسی وەکوو مەقاڵەو. . . تێدا نەنوسین و تەنیا وەک خەبەرنامە هەواڵێ تێدا

بڵاوبکرێتەوە. ئەویش بەنێوی
( دیسان بارزانی )
ئەحمەد تۆفیق دوومەبەستی لەدەرکردنی دیسان بارزانی دا هەبوو. یەکەم پترخۆی لەبارزانی نیزیک بکاتەوە. دوهەم گرینگی بەو هەواڵانەبدرێن و بنوسرێن کەلەناوچەی بادینان و بارزان تادەگاتە ناوچەی باڵەکایەتی روو دەدەن. بۆئەوەی وا بنوێنێ کەئەوناوچانەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان نفوزی تێدایەو بەهێزە، لاوازی نیشان بدات. ناوچە نفوزی بارزانیش لەباری فیداکاری و پلەی سیاسی شۆرشگێڕی بەرێتە سەر. ئەوە شتێک بوو من ئەوکات نەم دەزانی.
رۆژێک کاک سولەیمان پاش هێندێک گلەیی لە ئەحمەدتۆفیق، ئەومەسەلەی بۆروون کردمەوە. کاک سولەیمان لەکردەوەکانی ئەحمەدتۆفیق، بەتایبەتی شۆڤاری و دووزمانی نێوان بارزانی وپارتی وەرەز بوو، بەڵام نەک هەر پێشگیری بەو نەدەکرا، بەڵکوو پێشگیری کردن لە ئەحمەد تۆفیق بەکەس نەدەکرا وکاری حەزرەتی فیل بوو. گەلێک جار ئامۆژگاری دەکردم کە نابێ زۆر قسەلە قسەی ئەحمەد تۆفیق بکەم و لەخۆمی بڕەنجێنم. کاتێک نمونێکم لەکردەوەو هەڵەی ناوبراو دێناوە دەیگوت:
کاک ئەحمەد دەیەوێ لاسای مەلامستەفا بکاتەوە، کەسیش ناتوانێ حاڵی بکاو تێی بگەیەنێ کەئەوە کاری ئەو نیەو ناتوانێ نەخشی بارزانی هەبێ. نازانم بۆ پێی وایە دەتوانێ وەکوو ئەو بجووڵێتەوەو نەخشی ئەو بەکار بێنێ ؟!
دێمەوە سەر کۆبوونەوەکەمان. لەوکۆبوونەوەیەدا، بڕیارمان دا بایی یەک میلیۆن تمەن بەڵگەی یارمەتی چاپ کەین و بەئەندام و لایەنگرانی بفرۆشین و خۆمان لەدەست تەنگی و کەسادی بێنینەدەر. ئەوکات ئەو مەبلەغە پوولێکی کەم نەبوو. دەکرا بەو پووڵە کەلوو پەلی چاپەمەنی، وەکوو؛ پلیکۆپی و کاغەزو مەرەکەبی بۆچاپ و تایپی نووسین و ... پێ بکرین و کاری چاپەمەنی وەرێ خەین.
بەدوای دابەشکردنی کارو بارو بەرپرسایەتی و هەروەها دابەش کردنەوەی ناوچەکان بۆکاری تێکۆشان ورێک خستن لەنێو خۆمانداو بڕیار لەسەر چەند شتێکی تر، کۆتایی مان بەکۆبوونەوەی خۆمان هێناو بڵاوەمان کردو هەرکەس وەدوای کارو باری تەشکیلاتی خۆی کەوت .
دیارە بڕیاراتی دیکەش وەک پەیوەندی و هاتووچۆ زۆربوون لەبیرم نەماون.

## هێندێک ناتەبایی.

شۆرشی کوردستانی باشوور پەرەی دەستاندو رۆژبەرۆژ بەهێزتردەبوو. بەشێکی زۆری کوردستان ئازاد کرابوو کەوتبووە ژێردەستی پێشمەرگە. رێگەی هەواڵدەرەکانی بێگانە کرابۆوە. هەواڵ و دەنگ و باسی شۆرش چووبووە دەرو باسی کوردو شۆرشەکەی کەوتبووەسەرزمانان. گەلێک ڕۆژان شەڕو پێکدادانی کورد لەگەڵ رژیم لەڕۆژنامەکانی هەندەراندا دەنوسرا. رژیمی عەبدولسلام عارف رێکەوتی مانگی شەشی **١٩٦٣**هێرشێکی بەرینی کردە سەرکوردستان وکوردێکی زۆریان لە شارەکانی سولەیمانی و کۆی سنجاق و ناوچەی بیتوێن گرت و گوللەبارانیان کردن. ڕادیۆی سۆڤیەت و حکومەتە دێموکڕاتەکان کردەوەی دزێوی رژیمی بەعسیان لە قاو دا. گرۆمیکۆ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت یادداشتی نارەزایی دا بەباڵوێزخانەی عیراق، لەسەر قڕکردنی گەلی کورد. هەروەهانوێنەری سۆفیەت لەرێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کرد کەسیاسەتی شەڕو وێرانکاری عێراق بخرێتە لیستەی لێکۆڵینەوە *

رێبەرایەتی شۆرش تائەوکات ڕێگای شۆرشگێری خۆی دەبڕی و بەتەواوی دەستی ئێران و تورکیەو. . . نەکەوتبووە ناوی. دەوڵەتانی غەرب و نۆکەرەکانیان بەئاشکرا دژی شۆرش و رێبەرایەتیەکەی پڕووپاگاندیان بڵاو دەکردەوە. پاکستان لەسەربرسیەتی و شپرزەیی خۆی ڕا، چونکە لەپەیمانی سنتۆ دابوو، بەپاپۆرێکدا گوللەتۆپی بۆعێراق نارد. ئینگلیسش چەکی بۆناردو فرۆکەوانی بۆتەربیەت دەکرد. ئەمریکا لەمانگی حەوتی **١٩٦٣**پشتیوانی خۆی لەعێراق ڕاگەیاند. *

لەسەر ئەو هەموو پشتیوانی و یارمەتیانەی لەلایەن غەربەوە بەعێراق دەکران، شۆرشی کوردی پێ لاواز نەبوو و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەهێزتر دەبوو و بۆپێشەوەتر دەچوو.

حکومەتی عێراقیش ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتر دەبوو. ناکۆکی لەنێو حکومەتی عبدولسلام عارفدا زەق تردەبۆوە. هەرکاتێک رژیم پێی خۆش بایە کارێکی وای دەکرد ئاوربەس بکرێ و، وتوو وێژی دەست پێ بکا. رژیم دوای ئەوەی برێکی نێوخۆی رێک وپێک دەکرد. بەهانێکی بەکورد دەگرتەوەو شەڕهەڵدایساوە.

تائەوکاتەی دیسان بۆخۆی

---

* - * - کوردستان و شۆرشەکەی لاپەرەکانی ٢٠٨ تا ٢١٨ د جەماڵ نەبەز .
پێویستی بەحەسانەوەو پشوودان بوو. دیارە کوردیش خودموختاری دەویست و هەر دەبوایە لەرێگەی وتووویێژەوە مەسەلەی خۆی لەگەڵ رژێم حەل بکات . داوای خودموختاریش ئەو بەزم و رەزم و ڕاوەستان و پشوودان و تێشکانەی بەدواوەیە. جگە لەرژیمی عێراق، دەراوسێکانی تریش بەهەموو هێزیانەوە خەریکی لاوازکردن و بن کۆڵ کردنی بناغەی شۆرشی گەلی کوردبوون و بەرنامەرێژیان دەکرد تاکوو لەکاتی خۆیدا ئەگەر پیویست بوو بتوانن کوردو شۆرشەکەی بەچۆک دابێنن و بەرێوەبەرانی شۆڕش ناهومێد بکەن و بەفوویەک ئاش بەتاڵیان پێ بکەن.

کوردی کوێستان بەپێی توانایان یاریدەویارمەتی خۆیان دەگەیاندە شۆرش و ئەوەی بۆیان کرابایە دریغ یان نەدەکرد. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، تەشکیلاتێکی ئاوا پتەو و ڕێکی نەبوو کە بتوانێ بەرێک وپێکی یارمەتی کۆکاتەوەو بەشۆرشی بگەیەنێ. یارمەتیەکان بێ سەروسامان بەکار بەدەستانی شۆرش دەگەیشتن. لەهەموو رێگایەکەوە کۆ دەکراوەو دەدرا بەهەمووڵایەک. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کادری سیاسی و تەشکیلاتی کەم بوو. کەم بوونی کادر کەم وکووڕی زۆر پێک هێنابوو. لەسەر ئەو کەم و کوڕیانەش ئەحمەدتۆفیق نەی دەهێشت لاوەکان لەنێوحیزبدا بمێننەوە پێ بگەن . کاتێک دەهاتن دەی ناردنەوە. لەنێوخۆماندا باوبوو، کە ئەحمەدتۆفیق لەلاوو خوێندەوار دەترسێ. کاتێک یەکی نەخوێندەوار دەهاتە دەرێ، کاری بەوە نەبوو بۆهاتۆتەدەر؟ چەتەبووە، یان پیاوی کوشتووە، زووچەکی دەدایەولەلای خۆی دەی کرد بەپێشمەرگە. ئی نەخوێندەوار باشتر وەردەگیراو نرخی لەلای ناوبراو پتربوو. لەنێوکورد دا باوە دەڵێن" مێژوو دوپات دەبێتەوە."من بەش بەحاڵی خۆم چونکە زۆر شتی دوپات کراوم دیوە بڕوام بە دوپات بوونەوەی مێژوو هەیە، بەڵام بەهێندێک ئاڵووگۆڕو چونەپێشی زەمان و جێگاو شوێن.

بۆ وێنە؛ لەدەورانی ئەحمەدتۆفیق دا، بەنێوی پەیوەندی لەگەڵ پارتی دێموکڕاتی کوردستان و برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی، کادری سیاسی حیزب چەک دەکران و دەردەکران. لەدەورانی دوکتوور قاسلووی رەحمەتیش دا سەرێک بەنێوی

بیروبۆچوونی توودەیی و سەرێکیش بە نێوی دژی کورتەباس، کادری تێگەیشتوو و پێشکەوتوو پالّیان پێوە دەنراو دەردەکران و بریاری حیزبیان لەسەر دەدرا کەکوردستان بەجێ بێلّن. یان لەو ئاخرانەدا، بیروبۆچوونی سەربەستی و رزگاری خوازی کەلەنێوحیزبدا پشکوتووە، خەریکن بیکەن بەتاوان و هەرکادرو ئەندامێک ناتەبایی بیرو بۆچونی لەگەلّ بەرێوەبەرانی حیزب پەیدا کرد، پێی لەحیزب دەرکەن و ئاش بەتالّی پێ بکەن. لەسەر ئەو باوەڕم ماوەیەکیش مەیدانداری خۆیان بەوە دەکەن و کادری پێ دەر دەکەن.
دیارە هەرحیزبێکی سیاسی کە تووشی دەسەلاّتی تەکرەوی و بەرزە فڕی دەبێ، لەسەدا سەد دێموکراسی پێ شێل دەکا. کاتێک بەرێوەبەری حیزبێکیش تووشی ئەو نابەسامانی و بێ بەندو باریە هات، بۆخۆی پێی وانیە ئاوگەیشتۆتە قوڕ قوڕۆچکەی خەریکە دەخنکێ. بەلّکوو بڕوای وایە هەرشتێکی دەیکا وایەو هەرچی دەیلّێ ڕاستەو کەس نیە لەوان ئاقلّتر و داناو زاناتربێ. دیارە من بۆخۆم قەت حەزم لەکێشەو هەلّلاّ نەبوو. هێندێک لە هاورێکانم کەئێستاش ماون یان لەنێوحیزبدان، یان بێ لایەنن و دانیشتوون من باش دەناسن کە چۆن سەرم بەرداوەتەوەوخەریکی کاری خۆم بووم و دژی ناتەبایی و دژایەتی کردنی ئەم و ئەوم بووم. دیارە ئەگەر زانیبێتم کەسێک لە حیزبدا بیرو بۆچوونی ئاغایەتی هەیەو بێزی لەخەلّکی هەژار هەلّدەستێ، جا بەر پرسایەتی بووبێ یانەبووبێ، نەم توانیوە بەدرۆش خۆشم بوێ، تەنانەت پێم خۆش نەبووە مەشوەرەتیشی لەگەلّ بکەم. زۆر جار ئەوخووخدەم بۆتە هۆی ئەوەی تۆمەتی مارکسستی و کۆموونیستیم لێدەن. دەکرێ بلّێم: فەلسەفەی مارکسیستم پێ خۆش بووەو خۆشم ویستووە، بەلام شێوەکاری تەشکیلاتی مارکسستیم نەکردوە. چونکە من ئەندامی پارتێکی ناسیونالیست بووم و بەتەواوی بڕواشم پێ بووە.
بائەوەش بلّێم: من لەسیاسەتی دەروونی و دەرەوەی خۆم دا هەمیشە لایەنگری بەرەی شەرق بووم و بەقسەو بیروباوەڕ هەلّوێستم دژی غەرب بووە. جائێستاکەهەوا بەتەواوی گۆڕاوە، ئەگەر بزانم وەک جاران ئەمریکا بۆ نەمانی کورد یارمەتی حکومەتەکانی داگیرکەری دژی کورد نادات و وەک دەلّێن لەبەرنامەی دایە دژی کورد نەبێ و دۆست بێ و یاریدەمان بدات ، چ لەوە باشتروخۆشترە پیاو باداتەوەو دوستی نوێی هەبێ بۆ یاریدەدان و پشتیوانی لەکورد. کام کورد حەزلەوە دەکا لەخۆڕا دوژمن بۆگەلەکەی داتاشێ؟ کێ پێی

خۆشە وڵاتێکی زلهێزی بەهێزی وەک ئەمریکابیێتە پاڵ پشتی دوژمنانی داگیرکەری وڵاتەکەی بۆسەرکوتکردنی گەلی کورد هاوپەیمانی نیزامیان بێ؟ کێ پێی خۆشە وڵاتانی دەرەوە پشتگرو دۆستی دوژمنەکانمان بن و دەنگ و هاواری ئێمەی کوردی پێ کپ و کز کەن و نەتوانین لەپێستی خۆماندا وەجووڵێین؟

با لەو باسە دوورو درێژەی کەئاو زۆر هەڵدگرێ، ڕەت بین و بێینەوە سەر باسەکەمان. ئەحمەد تۆفیق حەزی بەکادری زۆر نەدەکردو بایی بۆ لاوەکان دانەدەنا. ئەگەر لەسەر شتێکی بچوکیش ئەحمەد تۆفیق خۆی کردبا بەنەیاری یەکێک، وای لەوکەسەدەکرد مەیدان بەجێ بێڵێ و بڕوا. دەنا ئەگەر بۆی کرابا لەناوی دەبرد. بەڕاستی وەک مرۆڤی سیاسی نەیدەتوانی لەگەڵ هاورێی خۆی بژی. پاش کوشتنی ئەسعەدی خودایاری، دیار بوو لەکوشتن ترسی نیەو دەتوانێ ڕەقیبی خۆی بەهاسانی لەنێوبەرێ. لەدوای کۆنگرەی٢ سەدیقی هەنجیری بەرەقیبی خۆی دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا کەکاک سەدیق لەئیسگەی ڕادیۆی کوردستان لەمامەرووت میوانی خالیدی حیسامی بوو، بەپلان و دەسکیسی ئەحمەد تۆفیق کوژراو بێ سەرو شوێن چوو. هەرچەند بەپێی داب و شوێن و نەریتی کوردەواری خانەخوێ دەبێ پارێزگاری لەمیوانی خۆی بکا تادەروا، بەڵام کاک خالید حیسامی کەئاگای لە ون بوونی کاک سەدیق بوو و دەیزانی چی بەسەر هاتووە، تەنانەت هاودەردیشی لەگەڵ نەکردین و پێی نەکوتین.

بەڵێ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەحمەدتۆفیق کارێکی هاسان نەبوو. ناوبراو لەنیزیکی بارزانی و پشتیوانی ئەو کەڵکی خراپی لێ وەردەگرت و خۆی پێوە ڕادەناوخۆی لێ گۆڕا بوو. لەبنەوەش خەریکی ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکی نێوان بارزانی و پارتی دێموکراتی کوردستان بوو. ئەگەر کادرێک، یاپێشمەرگەیەک، بەحاستەم لەحاست ئەو لاقی خوار داناباو بەدڵی ئەو نەجولاباوە، دەبوایە حیسابی خۆی بکاو لەبیری خۆی دابێ. چونکە ئەگەر کەسێک قسەی لەقسەی ناوبراوکردبا تازە لەتەشکیلاتی حیزبی کاک ئەحمەد دا جێگای نەدەبۆوە.

# کۆمیتەی ساخکەرەوه ح د ک .

وەک لەپێشدا باسم کرد، ڕوو بەڕوو بوون و ڕەخنەگرتن و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ کاک عەبدوڵلائیسحاقی « ئەحمەدتۆفیق »کارێکی هاسان نەبوو. لەخۆڕاش رۆیشتن ومەیدان بەجێ هێشتن، بەمانای واز هێنانەو، بەوەرەز بوون و چارەسەر نەکردنی گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان دەژمێردرێن. مرۆڤ کاتێک جلی پێشمەرگایەتی لەبەرکردو بۆی قاچاغ بوو، پێویستەلەسەری، بۆبەربەرەکانی لەگەڵ هەمووکەندوکۆسپ وگیروگرفتێک خۆی ئامادە بکاوهەرکات گرێ وگۆڵ هاتە سەرڕێگای خەبات، نابێ واز لەکاری سیاسی بێنێ و مەیدانێ تێکۆشان بەجێ بێڵێ. کەدەڵێن کادر « بڕبڕەپشتی تەشکیلاتە » هەروەک لەپێشدا باسم کرد ئەوکات لەحیزبی ئێمەدا برەوی نەبوو، و جێگای نەدەکراوە. لەڕاستی دا لەو دەوران ئێمە نەک هەر پێویستمان بەکادر هەبوو، بەلکوو ئەوانەی وەک کادریش لەمەیدان بووین کارمان، بەڵێ ئاغاو، بەڵێ قوربان بوو. کاک ئەحمەد جەوێکی وای پێک هێنابوو کەس نە دەوێرا لە پێستی خۆی بجوڵێتەوە. ئەگەر ئێستا یەکێک بڵێ ئەوکات من لەڕاست ئەحمەد تۆفیق دەنگم دەربڕیوەو لە ڕوویدا ڕاوەستاوم، وانیەو ڕاست ناکا. دوای کاک ئەحمەد کاک سولەیمانی موعینی نەفەری دووهەم بوو، بەلاّم تادوای کۆنگرەی٢ بەپێچەوانەی ناوبراو هەنگاوی هەڵ نەدێناوە.

کاتێک ئێمە گەڕاینەوە ناو حیزب و ئاشت بووینەوە، هەوەڵێن قسەی کاک سولەیمان ئەوەبوو گوتی:"لەو ماوە دا کە ئێوە ئێمەتان بەجێ هێشتبووکارێکی زۆر کراوە. ئیتر کاک ئەحمەد ناتوانێ سواری ملمان بێ و کەس نەوێرێ قسەبکا. تازە یەکێتی ئێمە نایەڵێ کاک ئەحمەد ببێتەوە کاک ئەحمەدی جاران" دێمەوە سەر باسی بەجێ ماو.

ئەومەیدانە ئاوالّەی ئەوکات بەڕاستی سەردەمی پێگەیاندنی کادر بوو. ئێمەش ناچار دەبوایە ڕێگایەک بۆشکانی ئەو سەدە بدۆزینەوەو هێندێک فیداکاری بکرێ. هەرکەسێک ویستبای بۆ هێنانە سەر ڕێگای ئوسووڵی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق قسەبکا، نەک هەر لێی وەر نەدەگیرا، بێ شک ئەوکەسە وردیش دەکراو

لەحیزبیش دا جێگای لەق دەبوو. چونکە کاک ئەحمەد کەسی لەخۆی بەزاناتر نەدەزانی . بۆ وێنە:
سێ لاوی خوێن گەرمی زانستگا بەجێ هێشتووی وەک: کاک سمایلی شەریف زادەو کاک حەمەدە مینی سیراجی و کاک سالارحەیدەری، خۆیان گەیاندبووە نێو شۆرش کە خزمەتێک بکەن و ئەرکێک بەجێ بێنن. لەگەڵ ئەوەشدا کەحەمەدەمینی سیراجی خزمی ئەحمەد تۆفیق بوو، کەڵکیان لێ وەر نەدەگیراو بەهیچ جۆرێک نەی دەویست و ئامادە نەبوو لەپیاوی خوێندەوارنیزیک بێتەوەو کەلکی سیاسی لێ وەربگرێ، مەگەر زانیبای گوێ لەمستەو قسەلە قسەی ناکا. لەبەر ئەو « تەکرەویە » ئێمە دەبوایە ریزەکارێک بکەین و یەکێتی یەک بۆخۆڕاگری لەبەرانبەر ناوبراودا پێک بێنین وکارێکی وابکەین بوێرین کادرەکانی ناوحیزب و ئەوانەی لەدەورو بەری کاک عەبدوڵلای ئیسحاقین روون بکرێنەوە. ناوبراو کارێکی وای کردبووکەس لەلای کەس نەوێرێ رەخنە لە ئەحمەد تۆفیق بگرێ، یان باسی بکات و عەیبەکانی بڵێ. بەهەرجۆرە رەخنەیەک، تەنانەت ئامۆژگاریش قەڵس و نارەحەت بوو.
من و قادر شەریف دوای هێندێک وتوو وێژو بیرکردنەوە، هاتینە سەر ئەو ڕایە لەگەڵ حوسێنی مەدەنی باسی بکەین و بۆکاری دوا ڕۆژ شتێک پێکەوە بنێین.
ئەوە بووکەوتینە بیری پێک هێنانی بناغەی کۆمیتەیەک کە وردە وردە کاری بۆ بکەین و خۆمان بکەین بەهێزێک، بەڵکوولەکاتی خۆی دا بۆمان بکرێ لە بەرانبەر کاک ئەحمەد تۆفیق دا ڕابوەستین و بتوانین شتێک بکەین.
سێ قۆڵی لەساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی لەگوندی زینوێ شێخی لەدانیشتنێکدا بناغەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردەستانمان داڕشت و بەرنامەیەکی کورتی یەک لاپەڕەی قەراردادی نێو خۆیی مان بۆ نووسی. ئەو بەرنامە لەلایەن هاشمی حەق تەڵەب نوسراو ئامادە کرا. ئێمەش تەئیدو ئیمزامان کرد. رەنگبێ لەنوسینەوەی بەرنامەکەدا وشەی کەم و زیادی تێدابێ. بەڵام کاکڵ و ناوەرۆکی بەرنامەکە ئاوا نووسرابوو: نەسرەوتن تاسەرکەوتن .
١- ئێمەکە بڕوامان بەیەکێتی و برایەتی هەیەو دژی دووبەرەکین. بەئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین بۆ پتەو کردنی ریزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، تێبکۆشین کەحیزب لەو هەڵدێرو لاوازیە رزگاری بێ.

٢ -هەوڵ و تەقللای ئێمە، بەمەبەستی ئاژاوەو دووبەرەکی نێوان هەڤاڵان نیەو بەئیمانی قایم بۆ بەرفراوان کردنی ڕێگای خەبات تێدەکۆشین.
٣- هەوڵ دەدەین لەڕێگەی ئوسولیەوە لەداهاتوودا کۆنفرانسێک پێک بێ نین، بەڵکوو بتوانین کۆمیتەیەکی بەرێوەبەری هەڵبژێرین. کەئەوکۆمیتەلەسەر بناغەی ئوسوولی تەشکیلاتی دامەزرابێ.
٤ - بەپێی توانا بۆ بەهێز کردنی جولانەوەی کورد، هاوکاری پێویست لەگەڵ کار بەدەستانی شۆرشی کوردستانی عێراق دەکەین.
٥- هەوڵ بدرێ پەیوەندی لەگەڵ پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق بگیرێ و سەرنجیان بۆ پشتیوانیی لەخەباتی ڕەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاکێشین.
٦ - هەوڵ بدرێ پەیوەندی لەگەڵ شەخسیەتەکانی کورد، لەدەرەوەو ژورەوەی وڵات بگیرێ و لەکردەوەو هەڵوێستی شەخسی ئەحمەد تۆفیق ئاگادار بکرێن.
٧- تێبکۆشین بەلەسەرەخۆیی و نەهێنی، قسە لەگەڵ ئەو کادرانەی جێگای موتمانەن بکرێ و لەسەر لادان و زۆرەملی ئەحمەد تۆفیق روون بکرێنەوە.
٨- ئەرکی سەر شانمانە تێ بکۆشین بۆ لەناوبردنی ئەوساردیەی کەوتۆتەنێوان مەلامستەفای بارزانی وئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٩- ئێمە وەک کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کار دەکەین وکۆمیتەکەمان بە نهێنی دەمێنێتەوە، تارۆژێک وێگرا تەما دەگرین و بریاری ئاشکرا بوونی لەسەر دەدەین.
١٠- ئەو نهێنیە لەناوخۆمان دەمێنێتەوە و درکاندنی، بەدوور لەئسوولی تەشکیلاتی و مرۆڤایەتی دەژمێردرێ.

هاشم حەق تەڵەب . حوسێنی مەدەنی . سەعید کوێستانی .

ئەونوسراوە قەراردادیە وەک بەرنامەی کورت خایەنی کار، لەدوو نوسخەدا نوسرا. لاپەرێک بەکاک هاشم بوو، لاپەرێکیش لەلای من و کاک حوسێنی مەدەنی ماوە،
کە دوای ئەو هەموسالانەو دەربەدەری و ئاوارەیی نەماوە.
کاک هاشم ( قادرشەریف ) دوای نوسین و ئیمزاکردن بەدوای کاری خۆیدا بۆلای مەکتەبی سیاسی رۆیشت و ئێمەش بە نهێنی خەریکی کاروباری خۆمان

بووین.

## گۆڕان و ململانە .

دەورانی خەبات و تێکۆشان لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات، تابڵێی گەرم بوو. پەرەپێدانی بیری کوردایەتی و شۆڕشی کوردستانی گەرمێن لەلایەک، ململانەی دەرەبەگ و وەرزێر لەلایەکی دیکەوە. .ئێمەش دەبووایە لەگەڵ ئەو هەڵس و کەوت و هەل و مەرجە دا خۆمان ڕێک خەین و هەڵسووڕێین. مەسەلەی زەوی و پشتیوانی کردن لە وەرزێر، وەک ئەرکی سەرەکی کەوتبوە سەر شانمان. دەورانەکە، دەورانی هەڵسووڕان و خەبات و تێکۆشان بوو. دەرەبەگ لەگەڵ وەرزێری خاوەن زەوی کەوتۆتبۆە ململانەو بۆ وەدەست خستنەوەی دووبارەی زەوی تێدەکۆشا. ئاغابۆخاتری قازانجی تایبەتی خۆی لە هیچ شتێک دریغی نەدەکردو خۆی لەهەموو کەلێن و کولێنێک داویشت و هەدادانی لێ بڕابوو، بەو مەبەست و نیازە هەوڵی دەدا کە دووبارە ئاغایەتی و بێدادی خۆی بەسەر خەڵکی هەژاردا بسەپێنێتەوە. ڕەش وڕووتی لادێ هێشتا بەتەواوی چاویان نەکرابۆوەو ترسی ئاغایان هەر لەزگی دامابوو. بڕوای تەواویان بەئیسلاحاتی ئەرزی شا نەبوو. لەشک و گوماندابوون کەبڵێی کۆتایی بە ئاغاو ئاغایەتی هاتبێ؟ ئاغاکان لەوەرزێرەکان زیرەکترن بوون. یارمەتیان بەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەکرد بۆ ئەوەی کادرو پێشمەرگە بچنەماڵیان و لێ یان میوان بن. پاش ڕۆیشتنی کادرو پێشمەرگە، هەڕەشەیان لەوەرزێرەکان دەکردو پێیان دەگوتن: " ئێمە لە هەموو زەمانێکدا دەستمان دەروا، دوێنێ کە پشتمان بە ژاندارم قایم بوو، ئەورۆش پشتیوانمان پیێشمەرگەیە، بێتوو، ورتەتان لێ بێ، وا واتان لێدەکەین"و . . .

دوای چەند مانگێک کە ئەوەمان بیستەوە، هێندێک لە کادرەکان لەنێو خۆماندا بڕیارماندا کە لەچوونەماڵی هێندێک ئاغاوات خۆمان بپارێزین و لەوەرزێرەکان میوان بین. ئەگەر پێویستیش بوو بۆ وەرگرتنی یارمەتی بچینە ماڵە ئاغایان، لەگەڵ شانەی دێ ڕاوێژ بکەین جابچین. ئەوکات ئاغاکان پووڵدارو دەوڵەمەند بوون ولەدژی شا، بۆقەرەبوو کردنەوەی ڕابردوی خۆیان ئامادەبوون یارمەتی بە پێشمەرگەو شۆڕشی کوردستانی عێراق بکەن. ئەحمەد تۆفیق هەرچەند لە

دەروندا دژی بیچمی دەرەبەگ و ئاغایەتی بوو؛ بەڵام بەپێچەوانەی هێندێک لەکادرەکان، دەچووە سەر سنوور لەگەڵ هێندێک لەدەرەبەگەکان پەیوەندی دەگرت و یارمەتی لێوەردەگرتن. پەیوەندی ئەحمەد تۆفیق بەمانای خۆشەویستی و دۆستایەتی لەگەڵ توێژی ئاغاوات نەبوو. بەڵکوو ئامانجی لەنیزیکی لەگەڵ هێندێک ئاغا، لاساکردنەوە لەبارزانی بوو، کە لەدواڕۆژدا کەڵکیان لێوەرگرێ. لەکوردستانی عێراقیش هاتوو چۆ و دۆستایەتی لەگەڵ ئاغاکان، بەتایبەتی رەئیس عەشیرەتەکاندا هەبوو. مەبەست و ئامانجی لەدۆستایەتی ئاغاکانی کوردستانی عێراق بۆکەڵک وەرگرتنی سیاسی بوو بەدژایەتی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکرات و ڕاکێشانیان بۆلای بارزانی. ئێمەش پاش ئیسلاحاتی ئەرزی دەمان ویست هەردووک لا، واتە وەرزێرو، وردە ئاغا لەحیزب نیزیک بنەوە، بەڵام ئەگەر زوو وەخۆ نەهاتباینەوە، پشتیوانی زۆربەی خەڵکی لادێ مان لەدەست دەچوو.

هەرلەو سەرو بەندە دا بوو ئاغاواتێکی زۆر لەکوردستانی رۆژ هەڵات ڕا، بە وتەی خۆیان هەڵاتبوون و هاتبوونە پاڵ شۆرشی کوردستانی عێراق کەببنە پێشمەرگەو چەک هەڵگرن. بە قەولی قادرشەریف: « شەوانە بچنەوە کوردستان و، وەرزێری سەر بزێوی پێ تەمبێ بکەن !! بەڵام نەشەخسی بارزانی، نەنەپارتی دێموکراتی کوردستان، وەخۆیان نەگرتن و خۆیان لێ نیزیک نەکردنەوە. ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، نەک هەرخۆمان تێنەگەیاندن، بەڵکوو لەپڕووپاگاندی دژی دەرەبەگایەتیش ڕا نەدەوەستاین. هێندێک لەو ئاغایانەی کە ڕایان کردبوو. ڕابردوێکی ئەوەندە دزێووخراپیان هەبوو، کەس خۆی لێ نەدە دان و بڕوایان پێ نەدەکردن. دوای چەند مانگێک کە ئاغاکان وایان دیت، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ حکومەتی ئێران گرتەوەو یەک یەک و دوو دوو هەمویان بەرەو ئێران ڕۆیشتنەوە. کەچی کاتێک هاتبوون هەزار سوێندو تەڵاقیان دەخواردو دەیانگوت:

– تا ئەوشایە لەسەر حوکمەو شاهەنشای ئێرانە، ناچینەوە. ئێمەش پیاوین باچەند ساڵێک لەدەرەوە لەدەربەدەریدا وەک ئێوە بژین.

دوای ئاماژەیەک بەو دەورانە، باش وایە بێمەوە سەرباس و بەرنامەی خۆمان. لەگەڵ ئەو بەرنامە ئیمزاکراوە سێ قۆڵ یە دا، چەند بڕیارێکیش دران و ئەرک مان بۆخۆمان دیاری کرد. ئەرکێکی گرینگی کە بۆقادرشەریف دیاری کرا،

پەیوەندی گرتن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بوو. کەدەبوایە زۆر نهێنی بێ و کارێکی وا بکەین ناتەبایی و ساردی نێوان بارزانی و پارتی دێموکڕاتی کوردستان قووڵتر نەبێ. ئەحمەدتۆفیق بەپێچەوانەی بیرو بۆچونی ئێمە، هەنگاوی هەڵدێناوەو لەهەموو شوێنێک قسەی دەکردو دژی پارتی خەڵکی هان دەدا. سەرەک عەشیرەت و ئاغاکانی دەبردنە لای بارزانی بۆئەوەی لەگەڵ پارتی پتر نێوانیان ناخۆش بکا. هەرکەس دڵسۆزی کوردو شۆرش بوو حەزی لەساردی و دووبەرەکی نێوان بارزانی و بەرێوەبەرانی پارتی نەدەکرد. هەمووکەس بەتەواوی هەستی بەناتەبایی نێوان پارتی و بارزانی دەکرد. کردەووکانی ئەحمەدتۆفیق لە تەکڕەویش تێ پەریبوو. کارگەیشتبووە جێگایەک کە ئەگەر ویستبای یەکێک لە لای بارزانی ناحەزبکا، یان دژایەتی کەسێکی کردبا، بەوەی تاوانبار دەکرد، کە ( لەگەڵ برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی پەیوەندی هەیەو یان ئەندامی پارتی دێموکڕاتی کوردستانە.

ئەوکات ئەگەرکەسێک تەئیدی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی کردبایە، بەومانایە بوو کە لەگەڵ بریم ئەحمەدو مام جلال و مەکتەبی سیاسی دایە. یان وەک عەلی حەمدی، ئەندامی کۆمیتە ناوەندی دەکوژرا، یان دەگیرا. بۆ وێنە:

چەند کەسێکی وەکو مەلاتەهاو برایمی حاجی و. . .لەکوندی مەمی خەلانی ناوچەی باڵەکایەتی هەر دەمێ نادەمێ لەلایەن شۆرشەوە دەگیران زیندانی دەکران. تەنیاتاوانی ئەوان ئەوە بووکەئەندامی پارتی دێموکڕاتی کوردستان وموئەیدی پارتیێ .

دێمەوە سەرباسی خۆمان. ئەو تەک ڕەوی و دژایەتی کردنەی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ بەرێوە بەرانی پارتی دێموکڕاتی کوردستانی عێراق، بۆ زۆربەی کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران » شتێکی ناخۆش و دەردێکی گران بوو. هەرچەند شۆرش و سەرکردەکانی بەتایبەتی بارزانی خۆشەویستی هەموولایەکمان بوون، بەڵام ئەوکردەوانە لەگەڵ کاروباری سیاسی و شۆرش و کوردایەتی نەدەهاتنەوە. باس کردن و پێشنیاری بێ لایەنی کردن لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بەهیچ جۆرێک نەدەکرا. چونکە دەستی نابراومان خوێندبۆوەو دەمان زانی لەگەڵ خووو خدەو بۆچوونی ئەو ناگونجێ. گەلێک جار ئەحمەد تۆفیق لە کۆری زۆرگەورەدا کاتێ باسی مەکتەبی سیاسی دەهاتە پێش، قسەوقسەلۆکی زۆر ناحەزی پێ دەگوتن. ئەگەر زانیبای کەسێکی وا لەوێ یەو بۆ بارزانی

دەگێرێتەوە، جنێوەکانی لەوەش خەست تر دەکردن و دەکەوتە باری تاریف کردن لەبارزانی و هێرش بۆ لایەنی تر.
ئێمەش هەموومان بەنۆبەی خۆمان بارزانی مان خۆش دەویست، بەڵام نەک وەک ئەحمەد تۆفیق بۆمەقام و کەڵکی خراپ لێ وەرگرتن و دژایەتی سازکردن.

## سەرەتای ناکۆکی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق.

ڕۆژێکی لەگەڵ سەید حوسێن مەدەنی پێکەوە لەزینوێ شێخی را بەرەوقەڵادزێ کەوتینەرێ. لەزارگەڵی وەسەر کەوتین سەر بەرەو ژێر بەدۆڵی شاورێ دا شۆڕبووینەوە. بیستمان مەلامستەفای بارزانی لەگوندی پلێنگان میوانی مەلاعوسمانە. لەسەر بەرنامێکی کە دامان رشتبوو، ویستمان بارزانی ببینین ولەسەر حیزب و چۆنیەتی شپرێوی تەشکیلات و نەحاوانەوەی ئەحمەد تۆفیق هێندێکی باس لەگەڵ بکەین بەڵکوو بتوانین شوێنی لەسەر دانێین و کارێک بۆ رێک و پێکی حیزب بکرێ.

دوو قۆڵی نامەیەک مان نوسی و دامان بەبرادەرێکی بارزانی کەبیدات بەمەلامستەفا. دوای سەعاتێک وەڵامیان داینەوە؛ کەبارزانی کاری هەیەو ناتوانی بتان بینێ. پێشتر دەمانزانی سەردەمی وتوو وێژەو دیتنی ناوبراولەوکاتەدا زەحمەتە. سەربەرەو ژێر بەرەو قەڵادزێ داگەڕاین. کاتێک گەیشتینە قەڵادزێ بۆسبەینێ حوسێن مەدەنی، پێشنیاری پێکردم و گوتی: مام جەلال لە قەڵادزەێ یە بابچینەلای چاومان پێی بکەوێ و هێندێک مەسایلی خۆمانی لەگەڵ باس بکەین. وەک پێشتر باسم کرد، ناتەبایی نێوان بارزانی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو. بەتایبەتی لەو سەرو بەندە دا بەداوە دەزوێکەوە بەند بوو. بەتێبینی ئەو ناتەبایی و ساردیەی نێوانیان دەبوایە بەنهێنی چاومان بەمام جەلال بکەوێ و نەیەلین کاک ئەحمەد تۆفیق بزانێ و هەستی پێ بکا. لەلایەک لە کاک ئەحمەد دەترساین بزانێتەوەوگەورەی کاتەوە. لەلایەکیش لەو کاتەدا دیتنی ناوبراو شتێکی گرینگ و پێویست نەبوو. لەنێوان بچین و نەچین دا گیرمان کردبوو. سەر ئەنجام تەمامان گرت ببینین هەرنەبێ چاو پێکەوتنێکە. ئەوە بوولەگەڵ مام جەلال کاتمان داناو شەوێ چووینەلای. باسەکەمان دامەزراندو هێندێک شت مان لەگەڵ باس کرد. مام جەلال پێشنیاری پێکردین لەگەڵی بچینەلای مستەفا و کاوە. واتە (کاک سەلاحەدین موهتدی وکاک محمد ئێلخانی زادە ) ئێمەپێش ئەوەی بزانین بۆ دەچین؟ پێمان گوت ناتوانین لەگەڵ ئەوان پێک بێین و کاربکەین.

چونکە لەوسەرو بەندە دابووکەمستەفاو کاوە، برووشورێکیان وەک بەرنامە بەنێوی «کۆمەڵەی رزگاری » دەرکردبوو، و بڵاو ببۆوە. ئێمە بەدەست خەت ئەو بەرنامەمان دەست کەوتبوو. لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئێمە نە دەهاتەوە و بەشتێکی پاشکەوتووو بیرو بۆچوونی خێڵەکی دەقەبلێندرا. ئەوەمان لەگەڵ مام جەلال باس کرد پێمانگوت:
– ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەوان بە هیچ جۆرێک کار بکەین. مام جەلال گوتی: "راستە منیش لەگەڵتان دام، بەڵام پێم وایە ئەگەر لەگەڵ یەکتری دانیشن لەسەر بەرنامەکەیان قسەیان لەگەڵ بکەن، ئەوەیان تێدا دەبینم بگەنە یەکتر".
بۆئەوەی قسەی مام جەلال نەشکابێ، زۆر بەنابەدڵی هەستاین لەگەڵ مام جەلال چوین بۆمزڵی کاک سەلاح و کاک محمدی ئێلخانی زادە .
سەرەتای ئاشکرابوونمان لە وێڕا دەستی پێکرد. کاتێک گەیشتینە ماڵی مستەفاو کاوە، خانەخوێی ئەحمەدتۆفیق، واتە کاکەڵڵای حاجی سوورە لەوێ بوو. ئەو شەوە هەژاری شاعیریش لەوێ لەلایەن مستەفاو کاوە بانگێشتن کرا بوو.
پێشتریش بیست بوومان کەجارو بار هەژار قسە بۆ ئەحمەد تۆفیق دەگێڕێتەوە.
مام جەلال زانی جێگای نیە باسەکەمان داگیرسێنین، بێدەنگی مان لێ کرد. مام جەلال بۆسبەینێ لەبارەگای خەبات ( بەسەروپێی ) داوەتی کردین. سبەی نیوەرۆ چووین سەروپێ مان خوارد، بەڵام بەترس و لەرز لەداهاتوو.
جارو بار لەگەڵ حوسێنی مەدەنی بەپێکەنین پێک مان دەگوت؛ زەحمەتە ئەوسەرو پێیەمان پێ بکەوێ. دەمانزانی ئەوەی ئێمەکردوومانە، لەروانگەی ئەحمەدتۆفیقەوە بەکارێکی باش ناژمێردرێ. بەڵام نەمان دەزانی تاوانێکی گەورەمان کردوە !! قەرەبووکردنەوەی لەلای ئەحمەد تۆفیق هاسان نیە.
بەلێکدانەوەی خۆمان زانیمان ئەوەی ئێمە لەو دوو ڕۆژە دا کردومانە، هەڵەبووە. یەکەم دیتنی مام جەلال، دوهەم چوون بۆماڵی مستەفاوکاوە، سێهەم دەعوەتی مام جەلال و چوون بۆ بارەگای خەبات و نەهارکردن!. بەڕاستی ئەو سێ شتە لەروانگەی ئەحمەدتۆفیقەوە جگە لەوەی بەتاوان دەژمێردران، بۆی روون و ئاشکرا بوو کەئەو ماستە بێ موونیەو ئەو سەر بەو لاو لا دا کردنە شتێکی تێدایە. راستە ئەوانەی باسم کردن نەتاوان بوون، نەشتێکی دور لەیاساو قانونی کۆمەڵایەتی بوون. بەڵام ئەو ریزەکارانە لەلای ئەحمەتۆفیق بەکفری ئیبلیس

دەژمێران و قسەکردن لەوشتانە بۆ ناو براو بێ سوودو ئاسنی ساردکوتان بوو.
هەر ئەو ڕۆژە پاش نیوەڕۆ کاتێک لەگەڵ حوسێن مەدەنی لەبازاڕ دەسووڕاینەوە. من و حوسێن مەدەنی لەلایەن حیزبەوە، واتە ئەحمەدتۆفیق، بانگ کراین بۆ سەنگەسەر. گەیشتن و چەک کردنمان یەک بوو. دەستووری دا من بگرن. چونکە من کەسم نەبوو لە سەرم وەجواب بێ. بردیانمە ژورێک و پاش نیو سەعات بۆخۆی هاتە ژورو قەڵەم و کاغەزی لەپێش دانام. ئەحمەد تۆفیق لەئیعتراف وەرگرتن دا سەرکەوتبوو. رەنگبێ منیشی بەلاواز زانی بێ. بۆیە دەیویست بەزۆر هەرچی هەیە پێم بنووسێ. دەستی کرد بەکەف هەڵخڕاندن و لێ پرسین ولێکۆڵینەوە. زوو زوو دەیکوت بنووسە. من زۆرم ڕق هەستابوو، وەڵامم نەدەداوە. هەستاسەرپێ و یەک دوو پێلاقەی بەدەستم داداو ددانی لەچیرەوە بردو گوتی؛ بنووسە دەی بنوسە. منیش هەستامە سەرپێ، هەستی کرد خۆم ئامادەکردوە لەگەڵی بەشەڕ دێم. دەرکەی کردەوە بانگی سمایلە شەل وهەڵمەتی کرد. برێک ڕاوەستاو دوایی کوتی:
– ئێستا سەعید دەبەن بۆ سۆنێ و لەژێرچاوەدێری و ئاگاداری خۆتان دا دەبێ تا سبەینێ بۆخۆم دێم. قسەکانی ئەحمەدتۆفیق زۆر توونڕو لەخۆڕادیوانە بوو.
دوای ئەو ڕوداوو بەسەرهاتە، یەکدوو جاران کەلەلایەن دووژمنەوە گیراوم، هەمووجارێ ئەوکردەوەی کاک ئەحمەددەم وەبیرهاتۆتەوە کەچۆن بەڕەوشی مامورەکانی ئیدارەی ساواک دەرحەق بەمن جووڵاوەو وەک ئەسیرێک ڕەفتاری لەگەل کردم.
بەڵێ دوای ئەوەی منی تەسلیمی هەڵمەت و سمایلەشەل کرد بۆخۆی رۆیشت. منیش خۆم ئامادە کردو بەدەست ڕاوەشاندن وەپێش سمایلە شەڵ و هەڵمەت کەوتم کەبچم بۆ بنکەی سونێ. هێشتا لەسەنگەسەر نەچووبووینەدەر. هەلاتنی کەماڵی سوڵتانی و پیاوکوژی ئەحمە تۆفیقم وەبیرم هاتەوە. برێک وەخۆ هاتمەوەو بەتەواوی هەستم بەنیگەرانی کرد. بەهەڵمەت وسمایلم گوت: من نایەمە سونێ، بچۆن بەئەحمەدتۆفیق بلێن دووسێ قسەم هەیە بێت پێی دەلێم.
سمایل ئاگاداری لێدەکردم و هەڵمەتیش چوو بە ئەحمەد بلێ بێ. لەبەرخۆمەوە بەرنامەم چنی بوو. کەکاتێک ئەحمەدتۆفیق هات، لەنێو بازار لەلای ئەوخەڵکە هەرچی بەسەر زارم داهات پێی بلێم و بیشکێنم، بۆ ئەوەی نەتوانێ ئاوا بەئاشکرا لەتەنیشت بارزانی بەلایەکم بەسەر بێنێ. لانی کەم دژایەتی و نێوان

ناخۆشیمان بۆ خەڵک روون بێتەوە. لەبیری ئەوشتانە دابووم محمدی کاکاغازادە کەلەزینوێ ڕا هاتبوو، هاتە ژورو لەچایخانەلەلام دانیشت. سمایلە شەل تفەنگەکەی دا بەمحمدو پێی گوت: ئاگات لەکاک سەعید بێ دەچم دەستێک بەئاو دەگەیەنم. محمد تازە گەیبوە سەنگەسەرو نەیدەزانی چ باسە. پاش حالی کردن و تێگەیاندنی گوتی : ئەوە گیراوی؟ هەستە برۆ. بافلاّن کەس من بگرێ. لەپێشدا نەم دەویست برۆم پێم خۆش بوو لەو نێو بازارە . . . هەرچی بەسەر زارم دادێ پێی بلێم و ئابرووی بۆ نەیەڵم. کەمتر لەسەد مێترمان لەگەڵ بنکەی مەلامستەفا نێوان هەبوو. ئەحمد توفیق لەبن دەستی مەلامستەفادا بەرنامەی تاوان و مرۆڤ کوژی دارشتبوو. محمدکاکاغازادە هانی دام برۆم خۆم بگەیەنمە هەڤاڵەکانم. هەستام خواحافیزیم لە محەمەد کردو بەرەو قەڵادزێ رۆیشتم . دۆستێکی قادر شەریف بەنێوی عەبدوڵلا لاوە لەقەلادزێ خانوێکیان هەبوو دیوێکیان دابوو بە قادر شەریف لەگەڵ دووسێ کەس تێیدا کۆ ببوونەوە. دوایی بووین بەنیزیک هەشت نۆ دە کەس وێگرا نەمر نەژی پێکەوە دەژیاین. بەئاشکرا دژی رەوشە ناحەزەکانی ئەحمەدتۆفیق بەربەرەکانی و پروپاگاند مان دەست پێ کرد بوو. یەکەم جاربوو ئەحمەد تۆفیق بەرهەڵستی بەئاشکرای لەبەرانبەر خۆیدا دەدیت کە بەربەرەکانی لەگەڵ بکەن. دوای چەند ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە کەدیتی کۆمەڵێکی یەکگرتووی لاو لەبەرانبەریدا ڕاوەستاون، ئێستاش بۆم سەیرو ناروونە کەچۆن شێت نەبوو؟! زۆرم متالاکردەوەو لەسەرمرۆی خۆویست و بەرزەفڕ زۆرم کتێب خۆێندۆتەوە. بەڕاستی پێم سەیرە کاتێک کاک ئەحمەد تووشی ئەو ڕۆژە رەشە بوو، بۆشێت نەبوو؟!

ژیانی پڕلەماجەڕاو بەرزەفڕی و لەخۆ بایی بوونی کاک ئەحمەد شتێکی تایبەتی بوو. بڕوا ناکەم کەسێکی سیاسی ئاوا خودخوا تائێستالە نێوکوردان بووبێ. ئێمەسەرەڕای ئیمان بەخۆبوون، هەمومان لاوو خوێن گەرم بووین. لەهیچ شتێک نەدەترساین و نەدەپرینگاینەوە. لەلایەن شۆرش و سەرکردایەتیشەوە زیانمان وێنەکەوتبوو. پێمان وابوو ئەگەر ڕۆژێک بچینەلای مەلامستەفای بارزانی و کردەوەی نێوخۆیی کاک ئەحمەدی بۆ باس بکەین، جگەلەوەی پشتیوانی مان لێدەکاو بۆکاری سیاسیش داوای هەرشتێکی لێ بکەین و بۆهەر هەرەکەتێکی سودی کوردی تێدابێ یاریدەمان دەدا. ئێمەی لاوی بێ ئەزمون ودڵ پاک و سادە لەسەر ئەو بیروبۆچوون و نیازە پاکە هەنگاومان هەڵدێناوە. ئیتر نەماندەزانی

لەنێوان بارزانی و ئەحمەد تۆفیق دا چ دەگوزەرێ و چیان کردوەو چ گرێدراویەکیان بەیەکەوە هەیە؟
بەڕاستی ئێمەی لاوی تازە پێگەیشتوو تابلێیی بێ تەجروبەو ئەزمون بووین. ئەوەی بەزاهیر دەمان دیت هەر ئەوەشمان دەزانی. نەماندەزانی دنیاهەرئەوە نیەو هەزارویەک فڕوفێڵ و بەندو بەستی تێدایە؟ ئێمە ئاگاداریمان بەسەر هیچ شتێکدا نەبوو.یان رە نگبێ خۆشەویستیی بارزانی بۆ ئێمە هەموشتێک بووبێ لەو سەرو بەندو دژایەتیەدا ماوەی پتر لەمانگێک بێ چەک لەقەڵادزێ دەخولاینەوە، جارێکیش بیرمان لەوە نەکردەوە کە ئەحمەد تۆفیق خەریکی زەربە لێدانمانەو مەرگ هەڕەشەمان لێ دەکا با چارێکی خۆمان بکەین. پێمان وابوو کورد نابێ کورد بکوژێ. تائەوکاتەی کاک سەدیقی ئەنجیری بەئاشکرا لە پەنا ئیستگەی ڕادیۆی کوردستان لەمامە ڕووت لەمالی برادەری کوردی خۆمان کاک خالیدی حیسامی سەر بەنیست کراو لەناو چوو، من بەش بەحاڵی خۆم بڕوام نەدەکرد مرۆڤێکی بێ تاوانی کورد لەخۆڕا بکوژرێ. بەڕاستی لەو سەردەم دا لەو دژایەتی و ناتەبایی و دووبەرەکی یەدا، ئێمە شانسمان هێناوەو ڕوحێکی موفتمان رزگار کردووە .

## دیدار لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی.

دوای هێندێک خۆ ڕێکخستن، لەگەڵ برادەران نامەیەکمان بۆمەلامستەفای بارزانی نووسی و ئیمزامان کرد. لەونامەیەدا داوای دیتن و دانیشتنمان لەبارزانی کرد بوو. بارزانی وەختی داینێ کە ڕۆژی هەینی کاتژمێری ١١ بچینەلای لەشارۆچکەی سەنگەسەر. ڕۆژی دیاری کراو خۆمان ئامادە کردو بەڕێک پێکی ودڵخۆشی و ڕدێنی تاشراو سواری ماشێن بووین و چووینە سەنگەسەر.

ئێمە بریتی بووین لەکاک محەمەدەچکۆڵ خەڵکی دەڵاوان، کاک سەعید حەمەحەسەن شاروێران، کاک قادری قازی ساروقامیش، کاک ڕەسوڵ پێشنمازمەهاباد، کاک حوسێنی مەدەنی مەهاباد، کاک حەسەن رستگارمەهابادو بۆخۆم سەعیدکاوە خەڵکی نەغەدە. ئەو حەوت کەسە بەدڵخۆشی و دەیان ئاوات و ئارەزو چوینە حەوشی مەدرەسەی سەنگەسەر کەبنکەی مەرحومی مەلامستەفا بارزانی لێ بوو.

ماوێکی کورت بوو شەڕ ڕاوەستابوو خەریکی وتوو وێژ بوون. هەواڵیان دا بەمەلامصطفی کوردەکانی کوردستانی ئێران هاتوون. بارزانیەک هات و گوتی:

مەلا مستەفا دەفەرمێ بێنە ژوور. ئێمەش بەئیحتڕام و حورمەتی تەواو چوینە ژوور.

زەحمەتەکەسێکی وەک مەلامستەفای بارزانی لەو تەمەنەو مەقامی سەرۆکایەتی و دەست ڕۆیشتوویەدا پەیدا بێ و ئاوا بتوانێ خۆی خاکی نیشان بدات و ئەوە ندە ڕێزو حورمەت دانێ بۆکەسانێکی کەلێی وەژوور دەکەون و دەچنەلای . بارزانی بە ڕێزگرتنێکی تەواو لەبەرمان هەستاو ڕاست ڕاوەستا. بەڕاستی پیاو شەرمی دەکرد. لانیکەم شەرم منی داگرتبوو. بەدەست جێگای بەیەک یەکی ئێمە نێشاندا . تاهەمووەمان دانەنیشتین بۆخۆی دانەنیشت . بەخێرهاتنی کردین و بەداب و ڕەسمی خۆیان هەر یەکی سیغارێکی بۆهاویشتین. لێی پرسین؟ خەڵکی کوێین و کوری کێن و. . . هتد

دوای ئەو ریزە پرسیارانە گوتی: ئێوە ئەو کەسانەن کەنامەتان نوسیبوو داوای

دیتنی منتان کردبوو؟ چتان دەوێ و چ نیازێکتان هەیە فەرموون بیلێین.
لەدانیشتنی پێشتری خۆماندا بڕیارمان دابوو تەنیا داوایەکمان هەبێ، ئەویش ڕێگەدانی کۆنفرانسێکی بەرین بۆهەڵبژاردنی چەند کەسێک بۆئەوەی سەرپەرستی کوردەکانی کوردستانی ئێران بکەن. ئەگەر بارزانی ڕێگای کۆنفرانسی نەداین، پێی دەڵێین جگە لەئەحمەد تۆفیق هەرکەسێکی تۆ بۆمان دا بنێی، ئێمە لەخزمەتی دادەبین. دەنا ئامادە نین لەگەڵ ئەحمەدتۆفیق هاوکاری بکەین.
خوێنەرانی بەرێز! بیری لێ بکەنەوەوکلاوتان بکەن بەقازی و بزانن چمان بەسەرهاتبوو چۆن بووین لە چ هەلوومەرجێکدا بووین؟! یان باشترە بلێین حیزبێکی کەبۆکوردی دەست بەسەر داگیراوی کوردستانی ڕۆژهەلات دامەزراوەو دەیەوێ ڕێبەری حەوت میلیۆن کورد بکا چی بەسەرهاتبوو؟ یان چەندە شپرزە بووە؟ کۆمەڵێک کادرو مرڤی ئاوارەو زیندان دیتوو، بزانن چۆنیان بەسەر بردوە ؟ حیزبێکی کەلەشوێنێکی دیکە بۆکۆمەڵەکوردێکی دیکە دروست کرابێ، بەلام دەسەلاتی کۆبوونەوەی نەبێ و ڕێگای کۆبوونەوەی پێ نەدرێ ! یان دەبێ بەئیزن و ڕەزامەندی کەسێکی دی بێ. قەزاوەتی ئەو چەند دێرە، هەر بەخوێنەرانی بەرێز دەسپێرم . هیوادارم بەلێکدانەوەی خۆتان، لێکۆڵینەوە لەسەر بێ نرخی و نۆکەر سفەتی ئەحمەد تۆفیق وگوێ لە مستی ئەو کادرانەی ئەوکات بکەن و بزانن چ وەزعێکیان بۆ پێک هێنابووین .
ئایا لە وەزعیکی ئاوادا، کەسێکی کە خۆی بەئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بزانێ و هەست بەمەسئوولێیەت بکا، ویژدانی ڕێگە دەدا بێدەنگ دانیشێ؟ ئایا بێدەنگ بوون بە بەمانای چاو پۆشی لە تاوان نیە؟ ئایا لەوکاتە ناسکەی ئەوکاتدا بێدەنگ بوونی ئێمە نیشانەی بێ مەسئولییەتی نەبوو؟ ڕەنگ بێ هەرمرۆیەکی دڵسۆزو خاوەنی هەست و شۆرشگێڕ لەکاتی ئاوا دا نەمانی باشتربێ لەوەی لەحیزبێکی سیاسی بێدەرو پەیکەردا، بێدەنگ دانیشێو بەلێ قوربان بلێ. ژیانی بەڕەزاڵەت بۆ مرۆڤێکی تێکۆشەرو، هەروەها سەر بەر دانەوە لەخەباتی شۆرشگێڕیدا، گاڵتە بەچارەنووسی نەتەوەی خۆی دەژمێردرێو هەرگیز مێژوو نای بەخشێ.
بەداخەوە ئەوکاتیش زۆر بوون کەسانی خۆ بەزل زان و ناحالێ، بۆ ئافەرینێکی عەبدوڵلای ئیسحاقی، سێبەری ئێمەو مانانیان بەگوللە دەنگاوت .

ئەو هەست بەمەسئوولیەت کردنه بوو، دەبوایه وەخەبەر بێین و دژی دیکتاتۆری نێوخۆیی حیزبی ڕاپەرین و بۆخەباتێکی درێژخایەن خۆ ئاماده بکەین و بکەوینه سەر ڕێگای ڕاست و دروستی خەبات. کاتی ئەوه هاتبووکادره دڵسۆزو چڕبوەکانی گەل یەک بگرین و لەگەڵ یەکتر هاورێی هەتاسەر بین و بەهەر ڕێگایەکدا بۆمان بکرێ خۆمان لەو بێ ئوسولیه دەرباز کەین و بەهەموو هێزمانەوه تێبکۆشین ڕێبەرایەتیەکی هەڵبژێردراوی سەربەخۆی دوور لەسەر بەستنەوه پێک بێنین .

سەعات ١١ لەلای بازانی دانیشتبووین و داواکانی خۆمان پێ ڕادەگەیاند. مەلامستەفای بارزانی شووڵکێکی پێ بوو دەیتاشی و جارو بار چاوێکی لێ دەکردین و دەیگوت؛ بۆخۆتان پێک بێن باشه. واته بێدەنگی و سەر بەردانەوه و مل ڕاکێشان بۆ دەستووراتی فەردی ئەحمەد تۆفیق! بەتەواوی هەستمان بەوه کرد، وەڵامی بارزانی بۆئێمه، نادیدەگرتنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانوخەتی سوور بەسەر خەباتدا کێشانه. مێشکی منیش به هیچ جۆرێک ئەوەی له بارزانی وەرنەدەگرت و قانع نەدەبووم. ڕەنگبێ من لەقسەکانی مەلامستەفا تێ نەگەیبم، بۆیه برادەران بێدەنگ ببوون هیچیان نەدەگوت. منیش قسەکان و بڕیارەکانم دووپات دەکردەوه کەبەڵکوو رازی بێت و بەخێرا خۆی ! ڕێگای کۆبوونەوەیەکمان بدات کەچەند کەسێک هەڵبژێرین و لەژێرفەرمانی تاکه کەسی کاک ئەحمەد بێینەدەرو ببین بەحیزبێکی سیاسی . یان برادەران باشتریان دەزانی کەنابێ قسه لەقسەی بارزانی بکرێ! بۆیه بێ دەنگ ببوون کێشەکەیان له ملی من ڕاکرد بوو.

بەداخەوه بارزانی نەک هەر ڕێگای کۆبوونەوەی نەداین، منیشی بەتاوانی ئەوەی که لەو دانیشتنەدا سێ جارم پێ گوتبوو( مامۆستا ) بێ ڕێزی پێکراوەو دەبێ تەمبێ بکرێم. بۆیه لێم تووره بوو بەتووڕەیی گوتی:

– تۆ بۆچی به من دەڵێی مامۆستا؟! نەت بیستووه پێم ناخۆشه بەمن بڵێن مامۆستا؟ بۆچماگۆرانی بێژم وەک عەلی مەردان و. . . بانگم بکەن مامۆستا؟

لەبەر ئەوەی ئەو سێ جارت بەمن گوتووه مامۆستا، دەبێ سێ هەیوان بێ یه گرتن . ئێستا بێژه بزانم زیندانی گەلاڵەت پێ خۆشتره؟ یان سجنی بێتواتێ

ئەوه دوایین وتەی بارزانی بوولەگەڵ ئێمه. برادەران بەوەرەزی و نارەحەتی هەستان خودا حافیزیان له بارزانی کردو ڕۆیشتن. بارزانی وای تێک شکاند

بووین، برادەران لەبیریان چۆوە تەنانەت تکایەکم بۆبکەن کە بارزانی لەو تاوانە گەورەی من چاوپۆشی بکا کەپێم گوتووە مامۆستا.!
سەیری تێک شکاند بووین. هیچمان مرتەقمان لەبەر نەدەهات. هیچ کەس چاوەروانی ئەوەی نەدەکرد. دوای ماوەیەکی کورت هەموو شتێکم لەبیر چۆوە. چونکە بارزانی خۆشەویستی من بوو. هەر لە بەر خۆشەویستی بوو پێم گوت مامۆستا. من وشەی ( ئەزبەنی) م نەدەزانی. کاتێک بارزانی گوتی:
- بلێ؛ مستۆ، مەلامستەفا؛ بارزانی، ئەزبەنی و . . . بەڵام مەبێژە مامۆستا!
تائەو کات پێم وابوو بە وشەی مامۆستا رێزی لێ دەنێم. هەرگیز نەم بیستبوو بەکار هێنانی ئەو وشەیە بۆ بارزانی دڵ ئێشی پێک دێنێ و دڵی لێم دێشێ.
یان بە قەولی برادەران بەهانەیەک بوو پێی گرتم بۆ ئەوەی زیاتری لەسەر نەڕۆم و کۆتایی پێ بێنم.
من لەوێ مامەوە و بردیانمە ژووری ئێشکچیەکان . ئەحمەد تۆفیق، بەپەلە عەلی شەعبانی بەرپرسی بنکەو زیندانی بێتواتێی نارد، کە من بەرێ بۆ زیندان. ئەو زیندانەی کەئاواتی ئەحمدتۆفیقی دێنادی. عەلی شەعبان هاتە ژور ئەحواڵ پرسی کردم گوتی: مەلامستەفا لێت عاجزبووە؟ نارەحەت مەبە، تۆبرای منی. پێکەوە دەچینە بێتواتێ و لەلای من وەک برا رەفتارت لەگەڵ دەکرێ.
دەی هەستە بابی من ئامادە بە بابڕۆین.
بەگوتنی ؛بابڕۆینی عەلی شەعبان هەمووگیانم تەزی! لەوەڵامدا پێم گوت:
- بارزانی بەمنی گوتووە لەزیندانی گەڵاڵێ و بێتواتێ سەرپشک بم، بۆخۆم کامەم پێ باشتر بێ هەڵبژێرم. کاک عەلی گیان جارێ من ساغ نەبوومەتەوە.
عەلی شەعبان منی دەناسی و نێوانمان خۆش بوو، خوا حافیزی کردو رۆیشت.
زۆر لەزیندانی بێتواتێ دەترسام. لەنێو شۆرشدا باو بوو دەیانگوت: هەرکەس لە زیندانی بێتواتێ بگیرێ، مارپێوەی دەداو نایەتەوە. من کاتێک ئەوقسانەم وەبیر دەهاتنەوە، لەدەستکیسی ئەحمەدتۆفیق دەترسام سەرم تێدا بچێ. جگەلەوەش عەلی شەعبان دۆستی نیزیکی ئەحمەدتۆفیق بوو. هەرچی گوتبای دەیکرد.
ئەو رۆژە لەوێ بووم. شەوێ زۆر بەنیگەرانی نوستم. بۆدەست و چاوشوتن و سەرئاوکردنی بەیانی، بردیانمە مزگەوتی نێوشار کە تەواوێک لەوێ دوور بوو. تاقە بارزانیەکی بێ چەکم لەگەڵ هات و گەلێکیش لەمن دوور دەڕۆیی. ئەو

ڕەفتارە هێندێکی ترسی من شکاند. مام حارس بەرپرسی بنکە، دوای نان و چاخواردن هاتە لام دانیشت و پێی گوتم :
– تە، مرۆیەکی خراپ نی و میوانێ مەی، لێرە دەبی تامەلامستەفا ئیزنی تە دەدا دەڕۆی ، پێویست نینە بچیە سجن .
ئەو مزگێنیەم زۆرم پێ خۆش بوو. لەمام حارسم پرسی :
ئەزبەنی، مەلامستەفا فەرمووی من لێرە بم؟ یان بۆخۆت وات پێ باشەو بەباشی دەزانی؟ مام حارس قومێکی لەجگەرەکەی دا گوتی:
تە، ئەوە لێرە لالی منی، شۆلت بەوان پرسیاران نەبی، بابێ من .
زۆرم پێ خۆش بوو، دەمزانی ڕاسپاردەی بارزانی یە، دەنا مام حارس ناتوانێ شتی وا بە من بلێ و بڕیاری وا بدات.
بەوە خۆشحاڵ بووم کە بارزانی زیندانیم ناکات، چونکە بەدەستوری بارزانی زیندانی کردن، بەمانای تاوانبار بوونی سیاسی بوو. بەتایبەتی لەکاتی دژایەتی لەگەڵ یەکێکی وەک ئەحمەدتۆفیق دا.
هەر ئەو ڕۆژە ئەحمەدتۆفیق نامەی نووسیبوو، پیاوەکانی خۆی بۆولاولانارد بوون، کە سەعید پوولی حیزبی خواردوەو خەیانەتی بەشۆڕش کردوەو لەلایەن بارزانیەوە گیراوە. جگەلەوانەش هەزارو یەک تۆمەت و بوختانی تری بۆ هەڵبەست بووم. نیزیک حەوتویێک لەلای حەرەسەکانی بارزانی بووم. لاوە بارزانیەکان کتێبی کوردیان پێ بوو، لەلای یەکتریان دەخوێند، ئەوەندەی من لەوێ بووم دەرسم پێ دەگوتن. زۆریان خۆش دەویستم بەدڵ دوعایان دەکرد کە جارێ بارزانی ئازادم نەکات هەر لەلای ئەوان بم و دەرسیان پێ بلێم. زۆر جار کاک مەسعوود بارزانی هەروا بە ئیشتیا دەهاتە لای حەرەسەکان، کەمێکی فارسی دەزانی پێی خۆش بوو بەفارسی بیدوێنم. جاروبار پرسیاری لێ دەکردم ووشەی فارسی لێ دەپرسیم. ڕۆژێکی نامەیەکم نووسی ودام بە مەسعوود بارزانی بیدات بەبابی. ناوبراو وەک لاوێکی دڵ پاک و ڕوح سووک نامەکەی لێ وەرگرتم ڕۆیی. چەند دەقیقەیەکی پێچوو، هاتەوە پێیگوتم :"نامەی تەم دا بەبابم ئیشی تە چێ دەبی" ئیتر نەم دەزانی ئەو چێ، بوونە کەنگێ یەو چی لێ دێتەوە ؟ سەرو بەندی وتوو وێژێکی نەهێنی یە. کەس نازانێ لە نێوان بارزانی و حکومەتی نوێی عبدولسلام عارف دا چ ڕادە برد. کات ژمێر دەی پێش نیوەڕۆ پێشان دەدا. ڕادیۆی بەغدا دەکرێتەوە. هەوالێ سەری ساعت « بەیانی

لامەرکەزی » وەک مافی کورد لەعێراق بلاو دەکاتەوە. هەرچەند مافێکی زۆر نێویەتاڵ بوو، بەلام بۆمن مزگێن یەکی خۆش بوو،، زۆرتر وەک رێک کەوتن دەچوو تاماف وەرگرتن. زۆری پێ نەچوو لەسەر ئەو رێکەوتنە نێوان ناخۆشی پتر پێک هات و مەکتەبی سیاسی پارتی دژی شەڕ ڕاگرتن بیاننامەیەکی بەنێوی مەکتەبی سیاسی دەرکرد. سەر دێڕی بەیانەکەی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بەخەتێکی درشت نوسرابوو:

ماف وەرگرتنە! یان تەسلیم بوون؟

ساردی و سری و ناتەبایی گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی. پارتی تەبلیغاتی دژی بارزانی گەیاندبووە جێگایەک، بۆیان بلاو کردبۆوە کە « بارزانی کوردستانی بە پرتەقاڵ فروشتوە » ئەو پڕوپاگاندانە نەک هەر یارمەتی بە یەکیتی و تەبایی نەدەکرد، بەڵکو زیاتر ساردی پێک دێنا . هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەست و دڵسۆزی کورد بەو ساردی وسری و دووبەرەکیە نارەحەت و نیگەران بوو. ئەگەر بێتوو درێژە بەو هەراو هەنگەمەو نێوان ناخۆشیە دوورو درێژە بدەم، نەهەر ژیان نامەی من نیە، دەکرێ بڵێم هێندێکم لە باس و بەسەرهاتی ژیانم لاداوە . وا باشە بێمەوە سەر خەت و لەو بەشە پرتەنگ و چەڵەمەو دوبەرەکی و ساردو سرِیەی نێوان پارتی و بارزانی گەڕێم کەمرۆی ناحاڵی و دوژمنانی کورد بۆ لاوازی شۆرش فوویان لە ئاور دەکرد.

قادرشەریف دوای دەرچوونی بەیانی «لامەرکەزی »هاتە بنکەی حەرەسەکانی مەلا مستەفای بارزانی واتە ئەو شوێنەی منی لێبووم. لەلام دانیشت و نامەیەکی بۆ بارزانی نوسی و دای بە حەرەسێک وناردی بۆمەلامستەفا. پێم وایە پێنج دەقیقەی نەگرت، مەلا مستەفابارزانی بەدوای دا ناردم. کاتێک چومەلای بەداب ورەوشتی هەمیشەی خۆی هەستاپێ و،سلاوی لێ وەرگرتمەوەو بەزەردە خەنەوە گوتی:

« ئەز دەزانم لێم عاجزی، بەلام سووچی خۆتە. بۆچما تۆ نازانی ئەز نێوم بارزانیە، مستۆیە، مەلامستەفایە. ئەز ڕازی نیم هیچ کەس بەمن بڵێ مامۆستا، باشە؟

چاوم پربوون لەئاو، پێم گوت : بەڵێ ئەزبەنی، کارێکی وات لەگەڵ من کرد، ئەحمەدتۆفیق بەئاواتی خۆی گەیشت. ئێستا ناوبراو لەهەمووکوردستان بلاوی کردۆتەوە، سەعید خەیانەتی بە شۆرش کردوە، بۆیە رێبەری کوردان

مەلامستەفای بارزانی لێی قەلس بووەو گرتوویەتی !
بەپەلە گوتی؛ نانا من تەم نەگرتووە، تە میوانی من بوویەو. . .
دوایی بارزانی وەک لەو بارەوە شتێکیان بۆگێڕابێتەوە وا بوو. بەقەڵسی گوتی:
– زۆرم بە ئەحمەد گوتوە دەست لەو قسانە هەڵگرێ و بەزمانی منەوە قسە نەکات، بەڵام ئاقڵ نابێ. تە، بڕۆوە ناو ماڵ ومنداڵی خۆت و جەژنەیان لەگەڵ بکە. دوایی وەرەوە لای خۆم و، واز لە ئەحمەدی بینەو شۆڵت بەئەحمەدی نەبێ، ئەزشۆڵت پێ دەسپێرم" دووجاری لێ پرسیمەوە باشە؟ منیش بەڵێنیم پێ نەدا.
حەسۆ میرخان کە لەلای دانیشتبوو، بارزانی سرتێکی لەگەڵ کرد من حاڵی نەبووم. هەردوکیان هەستان و مەلامستەفا خواحافیزی لەگەڵ کردم و چوومەدەر.
لەدەرێ حەسۆ میرخان دە دیناری دامێ گوتی: ئەوە جەژنانەی بارزانیە.
کاتێک من پێم کوت لێت وەرناگرم، حەسۆ میرخان سوور هەڵگەڕا گوتی: کوو؟! پارەی بارزانی وەر ناگری؟!
بەتوورە بوون و سوور هەڵگەڕانی حەسۆمیرخان، هەستم بەمەترسێکی ترکرد. نەکا، لەسەر ئەوەش لێم بەرق دابچن و ئەوجار بەڕاستی بمگرن. گورج دە دینارەم لێ وەرگرت و خوا حافیزیم لێکرد. دە دیناری ئەوکات زۆربوو. مانگانەی پێشمەرگە دینارێک بوو لەگەڵ قادرشەریف سواری لەندرووێر بووین بۆشەوێ چووینەوە قەڵادزێ.
بەڕاگرتنی من و هەڕەشەوگوڕەشەی ئەحمەدتۆفیق، برادەران لەباری مەعنەویەوە هێندێک تێک شکابوون. بەڵام بەهاتنەوەی من، بەربەرەکانی دژی ئەحمەدتۆفیق زۆر توندو تیژتر لەپێشوو دەستی پێ کراوە.
خوێنەری بەرێز! کەدەڵێم بەهاتنەوەی من خەبات و تێکۆشان بۆ هاتنە دی داواکانمان دژی ئەحمەد دەست پێکراوە . بۆیەم نیە زیرەکی خۆم نیشان بدەم کە من هەڵسووڕێنەری کارەکە بووبم. نا، منیش هەر بەقەرا ئەوانم دەزانی و لەبرادەرەکانی دیکە زاناترو ئازاتر نەبووم. بەڵام جەوێکی واحاکم و جێگیر بوو، شەش حەوت رۆژ ڕاگرتنی من لەلای حەرەسەکانی بارزانی، هاورێکانی ترساندبوو و پێیان وابوو، تازە من چووم ونایەمەوە. کەدیتیان من هاتمەوەو ساغ و سەلیمم، بێ شک لەباری روحیەوە ئەوحاڵەتەی باسم کرد گۆڕان پێک دێنێ و خەباتی دژی ئەحمەدتۆفیق بەتین تردەکات هەروەها هیوا بۆپتەو بوون و رێک

و پێکتر بوونی حیزب پتر دەبێ. جووڵە جووڵ و پڕوپاگاندەو ریزەکاریەکی ڕۆژانەمان ژمارەی ئێمەی گەیاندە ٢٣ کەس. ژیانێکی زۆرناخۆشمان بوو، هیچمان نەبوو. ئەگەر پوڵی ژیانی یەک مانگمان هەبایە، دەتوانم بڵێم ئەحمەد تۆفیق بە تەواوی هەڵتەکابوو.

ماڵ ومنداڵی من کە لەزینوێ شێخی بوون. دەبوایە بۆ سەردانیش بێ بچمەوە سەریان بدەم. بنکەیەکی حیزبیمان لە زینوی شێخی بوو، نەمان دەزانی چی بەسەر هاتوەو لەچ وەزعێک دایە. کاتێک دادەنیشتین وخەباتی دوومانگەی خۆمان دەخستەژێر لێکۆڵینەوە، دەسکەوتێکی زۆرو باشمان وەدەست هێنا بوو، تا ئەوێ باش چووبوینە پێش. هێندێکمان پێمان وابوو، ئاوا بەهێدی و هێمنی بڕۆین باشتر دەتوانین خۆمان پتەوکەین و چونە پێشمان پتردەبێ. هێندێکیش پێیان وا بوو بڕۆین بۆلای مەکتەبی سیاسی و بەرەسمی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیەنین باشترە . بەڕاستی ئێمە نەمان دەویست خۆمان لەبارزانی دوور خەینەوە. بارزانیش تائێرە هیچ هەنگاوێکی دژی ئێمەهەڵ نەگرتبوو. هەوڵی ئێمە ئەوە بوو، دوستایەتی هەر دووک لایان بکەین و خۆمان لەتیژتر بوونی ناتەبایی و کێشەی نێوان پارتی و بارزانی بپارێزین. تائەوکات باش ڕۆیبووین و هەنگاوی بەجێ مان هەڵگرتبوو. بڕیارمان دا چەند کەسێکمان بچێ بۆ شاروچکەی زینوێ شێخی و هەر وەهاچەندکەسیشمان بچن بۆبنکەی گوندی سونێ. بەلکوو بتوانین بە لەسەرە خۆیی کاروباری بنکەکان بەدەستەوە گرین . تائەو زستان و بەفروکڕێوە کۆتایی دێ. مەبەست لەچونە بنکەکان ئەوە بوو لەو لاولانەدەژیاین. بەفر زۆربوو چوونەوە بۆ وڵات نەدەکرا، کەبچینەوە نێو خەڵک و ئەگەر کارێکمان پێ بکرێ بیکەین. لەوکاتە ناسکەش دا نەمان دەویست داوا لە پارتی بکەین یاریدەمان بدات و دەستمان بگرن.

لەناچاریان بڕیاری چوونە بنکەکانماندا. بۆبەرێوە بردنی ئەو بڕیارە بۆبنکەکان بووین بەدووقۆڵ. قۆڵێک بۆبنکەی گوندی سونێ، قۆڵی تر بۆبنکەی گوندی زینوێ شێخی .

ئێمە جەماعەتێک خۆمان بۆ بنکەی زینوێ شێخی ئامادە کرد بوو. وامان دانا پێش ئەوەی هەرەکەت بکەین دەستەی هەوەڵ بەبەرپرسایەتی رەسوڵ پێشنماز بنێرینە سونێ تابزانین چی لێ دێتەوە؟ دوای هەواڵ وەرگرتن ێئمەش هەرەکەت بکەین.

## هەنگاوێکی سەرنەکەوتوو!

هەروەکوو پێشترباسم کرد ژیانمان لەو پەڕی ناخۆشیدا بوو. کەس نەبوو یاریدەمان بدات تاکەمێک دەست و باڵمان بکرێتەوە. کێشەی نێوان بارزانی و پارتیش هەردەهات و توندتردەبوو. ئێمەش لەوکاتە حاستم و نالەبارەدا نەمان دەویست نیزیکی لەمەکتەبی سیاسی پارتی بکەین و داوای یاریدەدانیان لێ بکەین. ئەحمەدتۆفیق لەشتێک دەگەڕا ئێمەی لەلای بارزانی پێ بکوتێ. ناچاربووین بریاری چوونە ئەو بنکەکان بدەین کەپێشتر لێیان بووین. هەردوکیان بنکەی حیزب ومەقەڕی خۆمان بوون. مەبەستی بنەرەتی ئێمەش مانەوە لەبنکەکان وخۆمات کردن وحاوانەوە وکۆتایی هاتنی زستان و سەرماو بەفرو باران بوو. هیچ دەرووی روونمان نەبوو. دەمان ویست خۆمان ئامادەبکەین بەڵکوو بەهارێ خۆ لەکوردستانی ئێران باوێینەوەو، واز لەگێرەوکێشەی خۆ بەستنەوە بەشۆرشی کوردستانی عێراق بێنین. دەستەی هەوەڵمان بەسەرپەرستی رەسوڵی پێشنماز بۆگوندی سونێ بەڕێ کرد. کاک ڕەئوفی خەیات لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە وەک بەرپرس لەوبنکەیە دانرابوو.

مەلارەسول و برادەران دەگەنە بنکەو دوای نان خواردن هەر شەوی هەوەڵ لەگەڵ کاک ڕەئوف لێ یان دەبێ بەکێشە. رەئوف پیاوێکی فەقیرۆکەی قسەگێرەوەی لەبنەوەبڕی ئەحمەدتۆفیق بوو. لەگەڵ مەلارەسوڵ قسەیان لێ چەپ دێ و مەلارەسوڵ لەگەڵ ئەوبرادەرانەی لەگەڵی بوون، ڕەئۆف و یەک دوانێکیان چەک دەکەن و چەند پێشمەرگەیەک رەگەڵ خۆیان دەخەن ودێنەوە قەڵادزێ. ئێمەکەقەرار بوو بەرەو زینوێ هەرەکەت بکەین چاوەروانی چونیەتی بنکەی سونێ مان دەکردو هێشتا نەڕۆی بووین. مەلا ڕەسوڵ هاتەوە قەڵادزێ و رووداوکەی بۆ گێڕاینەوە. ئەو هەواڵە بۆهەمووومان مزگێنی یەکی ناخۆش بوو.

دەمان زانی ئەحمەد تۆفیق ئەو هەرەکەت و رووداوە لەلای مەلامستەفا ئەوەندەی دیکەش گەورە دەکاتەوە. بەڵام تازە کاربوو هاتبوو هیچ نەدەکرا. لەوەش خراپتر، ئەوەبوو کەئێمە بێ ئەوەی بچینە لای بارزانی و بڵێین لەبنکەکان ڕێگامان نادەن، لەسەر بڕیاری پێشوو بێ بیر لێکردنەوە هەموو وێگرا بەرەو زینوێ شێخی وەرێ کەوتین. شەوی هەوەڵ لەزینوێ شیخی نوستین. شەوی دوهەم بەیانی کێشکچی هەڵی ئەستاندین و گوتی: تاقمێک بارزانی هاتوون دەورەی بنکەیان داوە. هەروەک بچن پایەگای دوژمن بگرن، لەدەوران دەوری بنکە رەشاش و موسەل سەلیان دابەستوە. زەکی عەقراوی نامەیەکی عەقیدکافی فەرماندەی هێزی باڵەکایەتی پێبوو. کەچەکەکان تەسلیم زەکی بکەین. زکی مرۆڤێک بوو هەرخوابۆخۆی دەزانێ چۆنی دروست کردوە. نابراو بەتەواوی ببووە پیاوی "پاراستن "و کاری بۆدەکردن. ئێمەش لە بەر ناردنی نامەی عەقید کافی کەفەرماندەری هیزی بوو، گەلێک مان ڕێز لەزەکی گرت. جگە لەسێ چەک هەموو چەکەکانمان تەسلیم کرد. ئەو سێ چەکەش غەدارێکی من بوو کە بەئەمانەت لە قادر شەریفم وەرگرتبوو، نەدەبوو بیان دەمێ. مەلا ڕەسوڵ و سەعیدی حەمە حەسەنیش لە مالێک نوستبوون هەواڵمان دانێ نەیەنە دەر تا زەکی دەروا با چەک نەکرێن. تەنیا ئەو سێ چەکەمان بەدزی لەلای خۆمان راگرتن. بۆ بەدبەختی زستانێکی تابڵێی سەخت و بەفرێکی زۆرباری بوو. ئەونیازەی کە ئێمە هەمان بوو، لە بەر بەفری زۆرو بێ چەکی و چەککردن، پەکمان کەوت و بەرنامەکەمان پێچەوانەی نیازەکەمان هاتە دەر. دەکرێ بڵێم لە نیوەی ڕێدا لەبەرنامەکەماندا تێ شکاین و سەرنەکەوتین. چەک کردنی ئێمە لەوسەرسنوورە، لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات وەک تۆپ دەنگی داوە . لەنێو ئێمەدا چەک کردن بەمانای لەحیزب دەرکردنە. بەداخەوە ئەو شتە ناشیرنە لەنێوکورداندا بۆتە فەرهەنگ وخەلکت بۆ تێ ناگەیەندرێ . ئەوکات چەک کردنی ئێمەش ئەومانایەی هەبوو. بەتایبەتی ئێمە لەسەر لێواری سنوور چەک کراین و عەقیدکافیش بەئەنقەست پێشمەرگەی بارزانی بۆ چەک کردنمان ناردبوو. ئەوکات بارزانی وەک ئێستا نەبوون. کوردی کوردستانی ئێران ئەوەندەیان خۆش دەویستن دەیان پەرستن . مەسەلەکەمان ئەوەندەی دی خراپتربوو. دوای ئەو سووکایەتیەی ئەحمەد بەسەری هێناین تەنیا ڕێیەکمان مابوو، ئەویش چوون بۆمەکتەبی سیاسی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بوو. لەلایەک چەک مان نەبوو

بێ چەک بوین. لەلایەک هەرەشەو پیلانگێری ئەحمەدتۆفیق، لەلایەکی تریشەوە برسیەتی و بێ جێگاو ڕێگایی و دەربەدەری و لێ قەوماوی و . . .
چووینەقەلادزێ و چەند رۆژێک لەوێ بووین کەبەڵکوو شتێک مان بۆ بکرێ و ڕێگا چارێک بدۆزینەوە. ئەحمەد تۆفیق کە لەوێ باشتر دەستی دەرۆیشت، قادرشەریف و مەلارەسوڵی پێشنمازیشی چەک کردن و چەکەکانی لێ ئەستاندن. کاک ئەحمد بە زاهیر سەرکەوتبوو. تاڕادەیەک بەئاواتی خۆی گەیبوو. بەڵام دیسانیش دژی ئێمەلە بیری پیلانێکی نوێ دابوو. ئێمەش پاش ئەوەی ناهومێد بووین و دەستمان لەهەموو جێگایەک بڕاو زانیمان بەدەستی بەتاڵ و بێ چەک هیچمان پێ ناکرێ، تەمامان گرت بچین بۆلای مەکتەبی سیاسی پارتی. بەهاری ١٣٤٣هەتاوی قەلادزێمان بەجێ هێشت. چۆم هاتبوو ئاو زۆر بوو، کەڵەک، نەی پەڕاندینەوە چوار ڕۆژان لەگوندی گەناومایینەوە. دوای پەرینەوە چووینەگوندی مالوومەو خانوێکمان کرد بەبنکەی خۆمان. مەکتەبی سیاسی پارتی، هەشت نۆ دەقیقەمان لێ دوور بوو.
قادر شەریف پەیوەندی لەگەڵ گرتن و تەماو بەسەرهاتی خۆمانی بۆگێڕابوونەوە. لە باری ژیانەوە ئەوەندەی پیویست بوو یاریدەیان داین و بنکەمان ڕێک خست.
ماوەیەک لەمالوومە بوین. بۆ هەوەڵین جار لەمێژوی حیزبی دێموکڕاتدا کلاسی کادرمان بۆکورەکان دانا. کاک عوسمانی مام سەعید پیاوێکی خوێندەواری معلم بوو، هەڵات بوو. کلاسەکەی بەرێوە دەبرد. من وحوسێنی مەدەنی پتر سەری ئەولاولامان دەداو خەڵکمان دەدیت. دوایی گوێزمانەوە چووینە گوندی گرتگاشێ . ماوەیەکیش لەوێ بووین و خۆمان بۆ ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ساخکەرەوە ئامادە دەکرد. ئەو برادەرانەی لەو کاتە سەخت و پڕ تەنگ و چەڵەمەدا پێکەوە بووین و خۆیان بۆخەبات و بەربەرەکانی درێژخایەن و پتەوکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئامادە دەکرد، بریتی بووین لە ٢٣کەس ، کە تەنیا ئەوانەی خوارەوەم لەبیرماون و لە وانەش چەند کەسێک لەمەیدانی خەبات و تێکۆشاندا شەهید بوون و چەند کەسیش مردوون.
ئەو چەند کەسەی کەشەهید بوون و نەماون روحیان شادو یادیان بەخێربێ.

١- عوسمانی مام سەعید
٢- عوسمانی عەزیزیان
٣- خەلیل شەوباش

. ١- میرزاخدر رۆستمی
١١- ئەحمەد جوانمرد
١٢- یونس ئاهنگەری

٤- قادری چاپچی
٥- حەسەن نەغەدەیی
٦- جەعفەری کەریمی
٧- محمەدکاکاغازادە
٨- قادری قازی
٩-ئارەحمان صدیقی
١٣سەید فەتاحی نیزامی
١٤- رەسووڵ پێشنماز
١٥- حوسێنی مەدەنی
١٦- حەسەنی رەستگار
١٧- هاشم ( قادرشەریف
١٨ - سەعیدکاوە، نووسەر

چەند کەسێکی تر کە بەسەر ژمێر دەگەیشتینە٢٣ کەس بەکادرو پێشمەرگەوە. مەکتەبی سیاسی یارمەتی پێکردین و٢٣ تفەنگیان داینێ. بەکورتی وەکو بنکەکانی خۆیان تەیاریان کردین. تەنیاشتێکی مابوومان، دەرکردنی بەیاننامێک بوو کەئێمە بینووسین و پارتی بۆمان چاپ بکا. تابەهۆی ئەو بەیاننامەوە کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاگەیەنین.
قادرشەریف پێشنیاری کرد بەیاننامەکە بەو بسپێرین بینووسێ. چونکە بە وتەی خۆی هێندێکی بەڵگەهەبوو دەیەویست تێیدا بگونجێنێ. دەکرێ بڵێم لەباری تێگەیشتن و ئازموونی سیاسیشەوە، ناوبراو لەهەمووماں شارەزاترو باشترو لێ زانتر بوو. لەلایەک قادرشەریف خەریکی نووسینبوو، لەلایەکیش من و حوسێنی مەدەنی دەگەڕاین و لەگەڵ ئەم و ئەو کۆبونەوەمان دەکرد، تاکۆمیتەی ساخکەرەوە بەرین ترکەین لەحاڵەتی٣ کەسی بێنینەدەر. ماوەیەک راوەستاین بەلکوو بتوانین لەگەڵ مەلائاوارە پەیوەندی بگرین و بۆکۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕات پێشنیاری پێ بکەین. من جارێکم مەلائاوارە لە قەڵادزێ دیتبوو پێم خۆش بوو کارمان لەگەڵ بکا. لەمەکتەبی سیاسی مەلائاوارەیان پێ پێشنیار کردین کەلەگەڵ خۆمانی بخەین. کاتێک پێ خۆش بوونی خۆمان ڕاگەیاند قەولیاندا بیدۆزنەوەو بی نێرنەلامان. ئەوکات وامان بۆ دەرکەوت کە مەلائاوارە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پەیوەندی هەیە. هەمومان بەگشتی زۆرمان پێ خۆش بوو ببێت بەئەندامی کۆمیتەکەمان. بەڵام دوای ڕاوەستانێکی زۆر مەلائاوارەمان دەست نەکەوت. مەلاحەسەنی رستگار بەکردەوە وەک کۆمیتەی ساخکەرەوە کاری دەکردو لەگەڵمان هەڵدەسووڕا. لەگەڵ عەبدوڵڵاسەدیقی خەڵکی بانێ قسەمان کرد بیهێنینە نێو کۆمیتەی ساخکەرەوە. دوای چەند ڕۆژێک وابزانم لەترسی ئەحمەد تۆفیق پەشیمان بۆوە. یان دەیویست بڕواتەوە بانە. دوایی بەناشارەزایی مەلائەبوبەکری فەلسەفی کەلە ناوچەی شینکایەتی دەوروبەری

ماوەت دەژیا، قسەمان لەگەڵ کردو هێنامانە نێو کۆمیتەی ساخکەرەوە. واتە، کاک حەسەنی رەستگارو مەلا ئەبووبەکری فەلسەفی مان بەکۆمیتەکەمانەوە زیاد کردن و بووین بە پێنج کەس. پێک هێنانی کۆمیتەی ساخکەرەوە کە لەو پێنج کەسە پێک هات، بە دەنگدان یاهەڵبژاردن و کۆبونەوە نەبوو. بەڵکو، وەک شتێکی کاتی بۆ بەرێوە بردنی کاروبارو هەروەها ڕاگەیاندنی بەیاننامەکەمان بوو. وێڕای ئەوەی بریارمان دابوو، لەبەیانەکەشماندا نوسیبوومان « لەکۆبوونەوەیەکی بەرین یان کۆنگرەیەکدا رێبەرایەتی هەڵدەبژێرین » بۆ وکارەش بەپەلە نەبووین وپێمان وابوولەماوێکی دوورو درێژدا دەتوانین ئەوکارە بکەین . بڕوامان وا بوو ئەگەربتوانین کۆنگرەیەک بگرین وکۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێرین، کۆتایی بەسەرەڕۆیی و هەرکەس هەرکەسی دێ و حیزب لەحاڵی خێڵەکی و تاقەکەسی دێتەدەرو دەکەویتەسەررێبازی ئوسوولّی خۆی. قادر شەریف دوای چەند رۆژێک خەریک بوون بەیاننامەکەی ئامادەکرد. کاتێک بۆی خوێندینەوە، بەڕاستی پێمان شتێکی سەیر بوو. بەقەولی فارسی، وەختابوو( شاخ دەرێنین ) ئەحمەدتۆفیق هیوولایەکی دیکەی لێ پێک هاتبوو. تائەوکات هیچمان ئەو شتەی نوسرابوو نەمان بیستبوو، نەمان دەزانی ئەحمەدتۆفیق چیە و چی کردوەو چۆن خۆی لەژێر چەتری حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا شاردۆتەوە! ئێمە تەنیا وەک دیکتاتۆرێکی نێوخۆ دەمان ناسی و، وەک مڵهورێکی ناوخۆیی نێوبانگی دەر کردبوو. ئەحمەد تۆفیق ساڵی ١٣٤٠هـ ١٩٦١ز، لەگەڵ سەفارەتی ئەمریکا پەیوەندی گرتبوو. لەو دەوران و لەو سەردەم دا ئەوکارەی ئەحمد تۆفیق، بەخەیانەت و تاوانێکی گەورەی نەبەخشراو دەژمێردرا. بەهەر شکلّ و شێوێک نیزیکی و پەیوەندی سیاسی حیزبێکی شۆرشگێر لەگەڵ ئەمریکا تاوان بوو.

خوێنەری بەرێز! لەو سەردەمدا ئێمە بەبیرو بۆچوونێکی میللی یەوە، ئەوە لێکدانەوەمان بوو. جائێستائێوە بیرلەحیزبێکی چەپ بکەنەوە بزانن ئەوکات لەچ دەورانێکدا ژیاوین و چ بۆ چوون و بیرو ڕایەک باو بووە؟ دیارە هۆی سەرەکی ئەو تێڕوانین و بۆچونە پتر ئەوە بوو؛ ئێمە حیزبێکی رێک و پێک نەبووین و بەرێوە بەرایەتی هەڵبژێردراومان نەبوو. پەیوەندی ئاوا، دەبێ لەسەر بڕیاری بۆرۆی سیاسی بێ و دەنگی بۆ درابێ. ئێمە بۆیە ئەوکات ئەو پەیوەندیەمان بەتاوان وخەیانەت دەزانی. لەلایەکی دیکەوە کاک ئەحمەدتۆفیق

بۆ ئێمه جێگای موتمانه نەبوو و لێی ئەمین نەبووین. دەنا حیزبێکی سیاسی بۆی هەیه لەسەر بریاری کۆمیته ناوەندی نوێنەری خۆی بنێرێ لەگەڵ ئەو شوینانەی پێویستن پەیوەندی بگرێ. لەبەیاننامەکەماندا که قادر شەریف بەنێوی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر ئەحمدتۆفیقی نوسی بوو، هاتبوو" لەبەر ئەوەی ئەمریکایەکان لەدەزگای ئێران نیزیک بوون، بۆئەوەی دڵی ئێران نەیەشێ، یەکێک لەوئەرکانەی بۆئەحمەدتۆفیقیان دانابوو، دەرجالێدانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووکەنەیەڵێ پەرەبستێنێ و پتەو بێ. هەروەهالێکۆڵینەوه لەبیروڕای خەڵک بکات و بەتەواوی پێشگیری لەبیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی بکرێ. کارێکی وابکرێ بەتەواوی ببێته سەدی پێشگیری له بیرو باوەری مارکسستی. ئەوکات لەوڵاتی ئێمه، یان باشتر وایه بلێم لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، یەکێک بەدرۆش گوتبای بڕوام به مارکسیسم و لێنینیسم هەیه لەلایەن حکومەتەکانی سەر بەغەربەوه، بێ یەکو دوو لێکردن لەلایەن رژیمەکانی ئێران و ئێراق و تورکیه. . . حوکمیان بەئێعدام دەداومەحکوم بەنەمان بوو.

هەر ئەو شتانەش ببوونه هۆی ئەوەی غەرب بەتایبەتی ئەمریکا بەدژی ئازادی و ئازادیخوازی بناسرێ و، وەک دژی دێموکرات چاوی لێ بکرێ. بەڵگەو هۆی ئەوەی کەئەمریکاو وڵاتانی غەربی سەربەئەمریکابۆچی وایان چاولێ دەکرا. ئەگەر بێ توو بمانەوێ لەسەر ئەو باسه بڕۆین بەڵگه کەم نین و زۆرن. بەڵام لەبەرئەوەی باسەکەمان شتێکی دیکەیه نامەوێ باسی بکەم و، وازی لێ دێنم و دەچمەوه سەرباسی خۆمان و هێندێک له خاڵەکانی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەتان بۆ دەگێرمه. بۆ وەی باشتر کاک ئەحمەد بناسین.

## باشترناسینی ئەحمەد تۆفیق

ساڵی هەزارو سێ سەدەو چلی هەتاوی، ئەحمەد تۆفیق کەدەبینێ لەرێگای تەشکیلاتی حیزبی را ئەو زەبروزەنگ و من منەی بۆ ناچێتەسەرو کادرەکان لێی کشاونەتەوە، دەکەوێتە بیری ئەوەی لەگەڵ ئەمریکایەکان پەیوەندی بگرێ. هێندێک کەسیش بڕوایان وایە کەبەپرس و ڕای بارزانی ئەو پەیوەندی یەی گرتووە. ئەوەی کەدەڵێن پەیوەندیان پێگرت. شتێکی نهێنی خۆم هەیە بۆتان دەگێرمەوە. جارێک لەگوندی مەزرێ بەشاهیدی مەلاحەسەنی رستگارو حوسێنی مەدەنی، بۆ دوکتور قاسملوم گێراوەتەوە. دەنا تا ئێستاکەدەینووسم لەلای کەس نەم درکاندوە.

من مالم لەزینوێ شێخی بوو. بنکەی حیزبیش هەر لەوێ بوو. هەرنامەیەک بۆکاک ئەحمەدتۆفیق دەهات دەدرا بەمن. یان هەرکارێکیان پێ بایە، دەبوو بەهۆی منەوە پەیوەندی پێوە کرابایە. رۆژێک بارزانیەک نامەیەکی هێنا دای بەمن وگوتی: ئەونامەیە بۆکاک ئەحمەد تۆفیقەو زۆریش بەپەلەم. دەبێ بۆ بەیانی وەڵامەکەم بدەنەوەو بگەرێمەوە. دەبوایەکاک ئەحمەد تۆفیق لەهەرجێگایەک بایە، ئەو نامەیەی پێ گەیبایەو ئەویش وەلامەکەی داباوە. بەمنی گوتبوو مەگەر نامێکی زۆر بە پەلەم بۆ بێ، دەنا پێویست ناکا لەوێرا پێشمەرگە بنێری یان بۆ خۆت بێی.

قسەو پەلەپەلی ئەوپەیکە سرنجی منی بۆلای نامەکە ڕاکێشا کەدەبێ چ بێ وا بەپەلەیە؟ نامەکەم کردەوە، تا بزانم بۆیە دەبێ ئەو رێگا دوورو درێژەی قەندیل بگرمە پێش و خۆم بگەیەنمە کاک ئەحمەد. نامەکەم کردەوە بەئیمزای شێخ ئەحمەدبارزانی رەحمەتی بوو. لەویدا داوای لەئەحمەدتۆفیق کردبوو نووسیبوی:

" تۆ کەلەوسنورانەنیزیکی بەڵکو بتوانی لەنیزیکەوە ئەمریکایەکان تێ بگەیەنی و پێیان بلێی: کورد کۆمونیست نیەو میللەتێکی فەقیرو هەژارو لێ قەوماوە. بەڵکوو دڵیان نەرم بێ و یاریدەمان بدەن لەو زوڵم و زۆریە رزگارمان بێ" و...

ئەوکات کاک حەسەنی رەستگاریش لەزینوێ شێخی بوو. لەدڵی خۆم دا گوتم: ئەگەر بۆ مێژووش بێ، بائەو نامەیە بەمەلاحەسەن نیشان بدەم بیخوێنێتەوە. هەم پیاوێکی قسە هەڵگرو نهێنی پارێزە، هەم لێکدانەوەی لەسەر مەسایلی سیاسی

هەیە. نامەکەم پێ نیشان دا خوێندیەوە. مەلاحەسەن کەمێک بەقەڵسی گوتی:
- زوو بیگەیەنە دەستی ئەحمەد تۆفیق، خودا غەزەبت لێگرێ. دەزانم تۆ سەری ئێمەش تێدا دەبەی، هیوادارم هیچ کەس لێت نەزانێ و ئاگات لەزاری خۆت بێ. تائێستا کەدێتە سەر کاغەز، لەبەر بردنەسەری قەوڵێکی کە بە مەلاحەسەنم دابوو، هیچ کەس لێی نەزانیوم، بەڵام ئێستا کە زەمان گۆڕاوەو بەبیری ئازادتر دەروانینە مەسەلەکان، ئەوکارەی شیخ ئەحمەد جگە لەدڵسۆزی بۆ نەتەوەی کورد، شتێکی تر نەبوەو لەهەولدانی خۆی ڕانەوەستاوە.
من دەمزانی ئەحمەد لەکوێستانی قەندیل لەکام چادرەو لەماڵی کێ یە، نامەکەم گەیاندێ و وەڵامم بۆ کابرا وەر گرتەوە.
بابێینەوە سەر باسەکەمان و بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەقادر شەریف نووسیبووی. مەبەستی من جاروبار لەنووسینی هێندێک شتی بیرخەرەوە ئەوەیە، هێندێک لەچۆنیەتی ئەودەوران بزانین دوایی قەزاوەت بکەین وحوکم بدەین. ڕەنگبێ هێندێک کەس پێی وابێ، نێوان ساڵەکانی ١٩٦٢ تا ١٩٩٦ زۆر نیە و بە٣٤ ساڵ گۆڕان و ئاڵووگۆڕێکی زۆر پێک نایە.
بەڵێ ڕاستە٣٤ ساڵ بۆ سیاسەت زۆرکەمە. جاری وایە لە٥٠ ساڵیش دا گۆڕانێکی ئەوەندە قووڵ پێک نایە کەپیاو ئەوەندەی لەسەر بروات و باسی بکات. سەرچاوەی ئەوباسە، واتە دژایەتی و ناتەبایی نێوان سوسیالیست و ئیمپڕیالیست دەگەرێتەوە بۆ پتر لە ٧٦ ساڵ لەمەوبەر. واتە شۆرشی ئۆکتوبری روسیەو دامەزرانی حکومەتی کۆمونیستی و هەروەها پێک هاتنی ناتەبایی دوولایەنی دژ بەیەکی جیهانی و ململانەیان وەک دوو هێزی دنیاگر. کەلایەنێک بەنێوی خەبات بۆ ئازادی و سەربەستی و ژیانی یەک سانی، لایەنی تر بۆ سەرکوتی و ئازارو ریشە کێشانی چینی چەوساوە، کەدەیان نەتەوەی بچووکی وەک نەتەوەی کورد لەنێوان ململانەو سوودو بەرژەوەندی ئەودوو زلهێزانەدا، یان بەش بەش کراون و دەستیان بەسەرداگیراوە، یان لەژێر پێی ئەواندا فلیقاونەوەو بەزەحمەت وەک نەتەوە دەناسرێنەوە. ئێستاش کە ئەو بەربەرەکانی وململانە جێگای خۆی داوە بە رەوتو رێبازێکی دی و جیهان و سیاسەتی جیهانی لەنێو گۆڕانێکی لێڵ و ناڕووندا دەچێتە پێش، باس و خواسەکان گۆڕاون و لێدوانەکان بەبۆ چوون و شێوازێکی تر قالب دەکرێن و دەکوترێن. دەکرێ بڵێم بیروڕاش

لەگەڵ جاران فەرقی کردوەو هێندێک گۆڕاوە، رەنگ بێ ئێمەش گۆڕابین!
دێمەوە سەر بەیاننامەکە. لەبەیاننامەکەدا هاتبوو، کاتێک ئەحمەد تۆفیق بەوە گەیشتبوو لەگەڵ ئەمریکایەکان پەیوەندی بگرێ، لەسولەیمانی بەهێندێک برادەری گوتووە دەچمە سەر سنوورو لەگەڵ هێندێک برادەری حیزبی پەیوەندی دەگرم و تێدەکۆشم تەشکیلاتی حیزبی ببووژێتەوە. قادرشەریف (نووسەری بەیاننامەکەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ) وەدوای دەکەوێ تا ئەو هەواڵانەی خۆێندتانەوەو دەیخوێننەوە، وەدەستیان دەخات. دەکرێ بڵێم لە سەدا هەشتای ئەوهەواڵانەی کەلەسەر ئەحمەد تۆفیق وەدەستی هێنابوو، لە نێو بەیاننامەکە دا گونجابوون. ناوبراو دەنووسێ و دەڵێ:
کاتێ ئەحمەد تۆفیق دەچێتە ناوچەی هەورامان و مەریوان لەگەڵ ش م ح پەیوەندی دەگرێ و پێکەوە دەچنە تەورێز. کاک ئەحمەد لەگەڵ سەرکونسوولی ئەمریکا
« رێسک » پەیوەندی دەگرێ. دوایی لە تەورێز ڕا دەیبەنە تاران. لەوێش لەگەڵ یەکێ لەبەر پرسانی سەفارەت، ئەگەر لەبیرم مابێ بەنێوی «ئینگلتێن »قەول و قەراری خۆیان دادەنێن و ئەوەی بەپێویستی دەزانن پێی دەسپێرن. دوای ریزەکارێک بەرێگای خۆیدا دەگەرێتەوە ناوچەی سنە. ش م ح ، بۆ قادرشەریف دەگێرێتەوەو دەڵێ:
" کاتێک لەتاران دەم دی ئەحمەد بەیانان دەرواو ئێواران دێتەوە، ترسم لێ نیشت کەئەگەر سبەینێ ساواک بزانێتەوە، لەوانەیە بۆ من زەرەری هەبێ و بڵێن: ئەوکارەت کردوە بۆ بەئێمەت نەگوتوە؟ لەترسی خۆم هەستام و چوم پێم گوتن. ئەوانیش گوتیان:
- چۆنت هێناوەتە تاران، ئاواشی بگەیەنەوە سنەو لەسنووری رەدبکە.
شێخ دەڵێ: بۆم دەرکەوت هەموو شتێکیان زانیوەو ئەمریکایەکان هاتنی ئەحمەد تۆفیقیان لەساواک نەشاردۆتەوە. قادرشەریف پاش وەرگرتنی هەواڵی تەواو گەڕا بۆوە سولەیمانی. جگە لەوەش لەنێو بەیانەکەدا نوسراوە کەئەحمەدتۆفیق پێشترچونەدەری خۆی لەحیزبدا ڕاگەیاند بوو و «استعفای » دابوو. ئیستعفاکەی بە ئیمزای ئەحمد تۆفیق لەلای قادر شەریف بوو. ئێمەش بەشێک لە ئیستیعای ئەحمەد تۆفیقمان لە بەیاننامەکەدا چاپ کردبوو. بەشێکیش چاپ کردنی زیانی هەبوو، چونکە نێوی زیندانیەکانی تێدا بوو، نووسینی بەدرکاندنی نهێنی

دەژمێرا خۆمان لەچاپکردنی پاراست. قادر شەریف گەلێک جار بەمەجلیس بۆ ئێمەی دەگێڕاوە کەئەحمەد تۆفیق پێی ئەسپێردراوە نەیەڵێ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پەرە بستێنێ. هەر بەنێو حیزب هەبێت و توانای ڕاپەرین و جووڵانەوەی دژی ئێرانی نە بێت.
ئەوەی خوێندتانەوە ئاماژە بەبەشێک لە خاڵەکانی بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بووکەلەڕاگەیاندن و خۆ ئاشکرا کردنی ئەو کۆمیتەیەدا لە هاوینی ساڵی **١٣٤٣**هەتاوی١٩٦٤ز، بڵاومان کردەوە.
ئەحمەد تۆفیق کاتێک دور بەدور لەباڵ خۆیدا کەلە بارزانی قەڵس دەبوو، خۆی هەڵدەکێشاودەیگوت: " ئەو سیاسەتەی کە ئێستا بارزانی بەرێوەی دەبات، بەرهەمی تێکۆشان و ماندووبوونی منە". ئەحمەد تۆفیق ڕەنگبێ ئاماژەی بەو پەیوەندیەکردبێ کەساڵی **١٣٤٠** لەگەڵ رێسک و ئینگلتێن پێکی هێنابوو.

---

* نوسینی ش م ح، لەبەیانەکەدا، مەبەست؛ شیخ موحتەسەمی حیسامی یا حیسامەدینی یە.

دوای نوسین و تەواو کردنی بەیانەکە، مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکڕاتی کوردستان لەگوندی عیساوێ نیزیک شارۆچکەی ماوەت دووهەزار نوسخەیان لەچوار لاپەرەدا بۆ چاپ کردین. بەهۆی پارتیەوە بەشێک بۆ ئوروپا نێردرا کە بڵاو بکرێتەوە. بەشێکیش لە کوردستانی عێراق بڵاو کراوە. ئەوەی ماوە، بەگوێرەی دابەشکردنی کارو ناوچەکان، لەنێو خۆماندا بەشمان کردو بڵاومان کردەوە.
کۆمیتەی ساخکەرەوە، بە بڵاو کردنەوەو دیتنی خەڵک لە نیزیکەوە، تێکۆشانی خۆی لەبەشێک لەناوچەکانی کوردستانی بەئێرانەوە لکاو دەست پێکرد. بووین بە سێ قۆڵ، یان سێ پۆل. بریارمان دا لەمەریوان ڕا تادەگاتە مەرگەوەڕو تەرگەوەڕ، ئەو بەیانەی لێ بڵاو بکرێتەوەو جەولەی سیاسی تێدا بکرێ. چەند نوسخەیەکیش بۆ تاران نێردراو درا بەو کەسانەی برادەرانی خۆمان دەیان ناسین و دۆستیان بوون.
بۆ ئەوەی هێندێک روون بین لەسەر مەسەلەکانی ئەوکات و تێ روانینی خەڵک و خۆشەویستی بارزانی لەسەراسەری کوردستان و تێ شکانی پارتی دێموکڕاتی

کوردستان و هەل و مەرجی ئەوکات و هەروەها چۆنیەتی ئێمە لەو سەردەم دا، باش وایە بەکورتی ئاماژەیەک بەوکات بکەم.
شۆرشی کوردستانی عیراق له پەرەساندن دابوو، رۆژ لەگەڵ رۆژ پتری خەڵک پێوە هەڵدەنیشت و لەدەرەوەش روون بوونەوە لەسەر مەسەلەی کورد پتری پەرە دەستاند. ورده ورده رێگای هاتنی هەواڵدەرو رۆژنامە نووس بۆ کوردستان دەکراوە. دەوڵەتی ئێران دەستی لەنێو شۆرش خستبوو وەک خول خولە، لەهەمووڵایەک را دەیویست خۆی له هەمووکەسێک نیزیک کاتەوەو دەست بخاتە نێو گشت پۆل و تاقم ودەستەو پەلێک. به هەمووجۆرێک هەوڵی دەدا مریدو ئاڵقه بەگوێ پەسندی خۆی بدۆزێتەوە. ناتەبایی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی و بارزانی گەیشتبۆە ئەوپەری خۆی. کاتێک پێشمەرگەیەکی پارتی بەچەکەوە دەرۆیی دەچوە لای بارزانی پێنج دیناریان دەدایە. ئەگەر فەرماندەو ئامیرهێزیش چویان، هەرمەپرسن. هەڵات هەڵات بۆلای بارزانی و خۆتەسلیم کردنەوەو رۆیشتنەوە بۆلای حکومەت و باوەر لەدەستدان، لەوێراو لەوکات را، دەستی پێکردو بوو بەباو. لەو سەرو بەندەدا، ئێمەش چەک و فیشەکدانمان له خۆمان شەتەک داو کاڵە و زەنگاڵ مان لێ هەڵکرد. بەسێ قۆڵدا. واته لەعیساوێیی ناوچەی ماوەت را بەرەو کوردستانی رۆژ هەڵات خۆمان ئامادە کرد. پێش ئەوەی هەرەکەت بکەین، محمد کاکاغازادەم بەنهێنی ناردە زینوێ شێخێ بۆ هێنانی منداڵەکانم. ئەوکات تەنیا کچێکم هەبوو بەنێوی شێواو. دوای چەندمانگ جارێکی دیکەش دیتمنەوە. بەڵام پرکاری و بریاری سەفەر رێگەی نەدام ماوێکیان لەلابم. لەگوندی ( شەشۆ) کۆنە خانوێکیان داینێ منداڵەکانم نیشتەجێ کردو دوای حەوتوێک بۆ سەفەرێکی دوورو درێژ رۆیشتین. من و قادر شەریف، لەگەڵ محەمەدی کاکاغازادەو، حەسەنی نەغەدەیی، یۆنسی ئاهەنگەری، ئەحمەدی جوانمەردی، بەرەو کوردستانی بەئێرانەوە لکاو کەوتینە رێ. بەکار کردن و رونکردنەوەو بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، جەولەمان دەست پێکرد. کاک حەسەنی رەستگاریش، لەگەڵ مەلا رەسووڵی پێشنمازوحوسێنی مەدەنی و قادری قازی و ئارەحمانی شێلم جاران و قادری چایچی و یەکدوانێکی تر بەلایەکی دیکەدا کەوتنەرێ. مەلائەبوبەکری فەلسەفی و چەند کەسێکی دەوروبەری خۆی بەرەو بانەو سەقزو مەریوان و... رۆیشتن.ئێمە گەیبووینە دەورو بەری مەهابادو خەریکی کاربووین. هەواڵمان وەرگرت کەکاک

حەسەنی ڕستگارو حوسێنی مەدەنی و مەلاڕەسوڵ و قادری قازی، دوای هێندک کارو بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، بەپێی لێکدانەوەو وەزعی ناهەموارو نەحاوانەوەو . . . .
گەراونەتەوە کوردستانی عێراق و، واسیتەگەریان کردوەو لەلای بارزانی لەڕانیە گیرساونەوەودانیشتوون و لەگێرەو کێشەی ئەحمەد تۆفیق دوورکەوتوونەوە.
دوا بە دوای ئەوە، هەواڵیان داینێ کە حوسێنی مەدەنی لەگەڵ کاک حەسەنی قازی بەنیازی سەفەرێکی دوور خۆ دەربازکردن لەگێرەو کێشەی ئەحمەد تۆفیق، خواحافیزیان لە هاوڕێیان کردوە کەبچن بۆ یەکێتی سوڤیەت. بەنەهێنی ڕێگایان گرتۆتە پێش وگەیشتوونە تاران. دوای ماوەیەک کەبۆیان بووز ناخۆات بچنە دەرەوە، ناهومێد دەبن و لەترسی ئاشکرابوون و گیران لەوێ لەتاران خۆیان بەدەستەوە دەدەن و لەتاران دەمێنەوەو ناگەرێنەوە نێو شۆرش لای برادەران.
دەستەی دوهەم واتە مەلائەبوبەکری فەلسەفی، لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کەلەگەڵی بوون هەر لەقەدەمی هەوەڵدا، بێ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو کاروتێکۆشان دەگەڕێنەوە بانەو خۆیان بەدەستەوە دەدەن و بۆخۆیان لەبانە دادەنیشن.
ئێمەش بەو بەیاننامە ناقۆڵاو پڕمەترسیدارەی ئەوکات دەبوایە بەناوچەو شاخانەوە بسووڕێینەوە. حکومەت وەک چاوێشەدارو سەگی چوارچاوی لێ هاتبوو. دوو شەو نەمان دەتوانی لەناوچەیەکدا بمێنینەوە. زۆرجاران کەدەچووینە جێگایەک و دەمان ویست یەکێک ببینین بۆمان نەدەکراو دەبوایە ئەو شوێن و ناوچەیە بەجێ بێڵین.
ئەحمەدتۆفیق بڵاوی کردبۆوە کەئەوانە لەحیزب دەرکراون وخەیانەتیان بە شۆرش کردوە. لەبنەوەش بەئەندام و هەواداری خۆی ڕاگەیاندبوو، بمانگرن و بمان بەنەوە بۆ دیوی گەرمێن لای ناوبراو. تەنانەت پێی گوتبوون هەر نەبێ ڕاپۆرتیان لێ بدەن بەعەجەمانیان بەگرتن بدەن و...
لەوەزعێکی گەلێک ناخۆش و دژواردا دەژیاین. دوای ڕووداوی گوندی گەرگول، جاری وا بوو لە باوەر پێکراوەکانی خۆشمان دڕدۆنگ بووین. لەزۆرجێگا لایەنگرانی ئەحمەد تۆفیق دەیان ویست زەربەمان لێدەن یان بمان گرن و بەڵایەکمان بەسەر بێنن، هاوڕێکانمان ئاگاداریان دەکردینەوەو خۆمان دەپاراست و ئەو شوێنەمان بخێ دەهێشت. لەناوچەی لاجان، بە ئاشکرا لێمان دەگەڕان و پرسیاریان لەم و لەو دەکرد ڕاپۆرتمان لێ بدەن یان بمان گرن. ئەحمەدتۆفیق بەهۆی

هێندێک کادری وەکوومەلاقادری لاچینی، لایەنگرانی خۆی وا تێگەیاندبوون کەئێمە بەدژی شۆرشی گەرمێن ڕاپەریوین و دەبێ بگیرێین! کەدیارە ئەو هەموو خەڵکەش نەدەدیتراو بۆمان روون نەدەکراوە.
دوای هێندێک کارو بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، دەبوایە لەگەڵ کاک قادر شەریف ببینە دوو دەستە. من و یۆنس و ئەحمەد جەوانمەرد بڕۆین بۆلای سندوس و شنۆ و مەرگەوەرو تەرگەوەر. کاک قادر شەریف و کاک حەسەن نەغەدەیی و کاک محەمەد کاکاغاش لەدەورو بەری مەهابادو بۆکان و هەوشارو... هەڵسوورێن.

## گیرانی من و هەڤالان.

کاتێک ئێمەلەگوندی شەشۆ بەرەو کوردستانی ڕۆژهەلات هەرەکەتمان کرد، ساردی و دژایەتی نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستان بەو پەڕی خۆی گەیشتبوو. ئێمەو دەستەی قادرشەریف پێکەوە کەوتینە رێ. پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ کابرایەکمان لێ پەدابوو بەنێوی قالە قووچ . ناوبراو بەئاشنای قادر شەریف دەرچوو. هەرلەوێ بەتفەنگی خۆی بوو بە پێشمەرگەی قادرشەریف. زۆرم هەوڵدا واز لەو کابرایە بێنێ بێ فایدە بوو. لەسەر قاڵەقووچ برێکیشمان دمەقالێ بوو. ئێوارێ درەنگانێک لە دووچۆمان پەڕینەوەو رومان لەکیوەرۆ کرد. قالەقووچ کەدۆستی ناسراوی قادرشەریف بوو، پێشنیاری کرد بچێتە نێوگوندی کیوەرۆ لەمالی خزمەکانی خۆی کتری و چادانیکی گەورەو چی و چی بێنێ و بگەڕێتەوە. دەستی کرد بەحیکایەت: ئێمە زۆرین ولەرێگا پێویستمان دەبێ و . . .
قالەقووچ ڕۆیشت بۆنێو دێ. ئێمەش بەهیوای هێنانی کتری و کەل و پەلی پێویست دووسەعاتێک لەقەڕاغ دێ لەسەری ڕاوەستاین بەلام ئێستاش کە ئێستایە قالەقووچ نەهاتەوە. قادرشەریف ئەوەندەی بڕوا بەقالە قووچ بوو لەدەوروبەری سابلاغیش ئاوری دەداوە بزانێ قالەقووچ کتری و چادانی دەگەیەنێتێ !
بەجەولەکردن هەرشەوەی لەشوێنێک و لەدێیەک ناسیارو دۆست و ئاشنامان کۆ دەکردەوەو قسەمان بۆ دەکردن و بەیاننامەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی ح د ک مان بۆ دەخوێندنەوە. ئەوەی راستی بێ نەک هەرباشیان وەرنەدەگرتین، بەڵکوو زۆریش لەگەلّ مان سارد بوون و وەک جاران گوفت و لوفتیان خۆش نەبوو. ئێمەش بەوە گەیشتبووین کەمێکیان لێ دڕدۆنگ بین. لەدەوروبەری مهاباد زۆرمان کار کرد. لە نێوان گوندی بایندەرێ و کارێزە ، یەک حەوتووماینەوە. برادەرێکی گوندی کارێزە بەو پەڕی فیداکاری لەچوونی نێوشارو هێنانی برادەڕان دریغی نەکرد. لەبەر پاراستنی ئەمنیەتی و مەترسی، بەپێویستی نازانم نێوی بێنم.
من و قادر شەریف دەبوایە لەوێ لێکتر هەڵبڕێین، ئەوان بەرەو ناوچەکانی پێ

سپێردراوی خۆیان بۆلای بۆکان بڕۆن و ئێمەش بەرەو ناوچەکانی سندوس و شنۆ و دەشتەبێڵ هەرەکەتمان کرد. ئێمە بۆ شەوێ چووینە گەرگولی سەرێ میوانی عزیزو حەمەی جەواهێر بووین. سەرلەئێوارێ خەڵکیان بۆکۆ کردینەوەو قسەمان بۆ کردن و بەیاننامەمان بۆ خوێندنەوە. شەودرەنگانێک کە دەمانەویست برۆین، لەبەر ئەوەی عەجەمی کاشی فرۆش لەبەردەرگایان خسبوو، بۆئەوەی بەچەکەوە نەمان بینن و ماڵەکە تووشی دەردەسەری نەبن، وامان بەباش زانی عەزیزی خانەخوێ، چەکەکان لە نێو جاجمێک بنێ و لەقەراغ دێ لێی وەرگرینەوە. ئێمەش بێ خەبەر لەکەین و بەینی عەزیزو کاک سەید رەسوولی دەهقان. خواحافیزیمان کردو بەدەست ڕاوەشاندن ڕۆیشتین بۆ نێوگیشەکانی قەراغ دێ. عەزیز، زۆر بەنامەردی چەکەکانی تەسلیمی ئەو کەسانەی کردبوون، کەسەید رەسوول نارد بوونی بۆ زەربە لێدانمان. ئێمەلەرووی باوەرەوە کەچەکەکانمان دابوون بەعەزیزی خانە خوێ. واتە بەکردەوە بۆخۆمان پیلانمان بۆ خۆمان چنی بوو خۆمان چەک کردبوو. کاتێ گەیشتینە پشت گیشەگیاکان بە چەکی خۆمان لێ یان لە چەخماخی تفەنگ داین و نیزیک بیست کەس دەورەیان داین. سەید رەسووڵ هەرای دەکرد" نەیەڵن سەعیدی مارکسیست دەربچێ بیگرن" گرتیانین و، وەپێش خۆیان داین و بردیانین بۆ سەیداوێ . لەکاتی گرتن دا، یەکێک بەخەرەزەن لەچاوی یۆنسی دابوو، چاوی دێشاو ژانی دەکرد. شەوێ زۆرم قسە لەگەڵ سەید ڕەسوڵ کردو زۆری بەسەررۆیشتم. لەکردەوەکەی گەلێک پەشیمان بوو نەیدەزانی چ بکات. کارێکی وای کردبوو، دەنگ بداتەوەو لەلای حکومەت و سازمانی ئەمنیەت شاردنەوەی زەحمەت بێ. من وام ترساندبوو، نەیدەتوانی تەسلیمی حکومەتمان بکات. جگەلەوەی زۆرم ترساند بوو. لەناوچەی لاجان دەنگی دابۆوەکە پتر لە سەد پێشمەرگەین بەو ناچەدا بڵاو بوینەتەوە. سەید رەسوڵ کەئێمەی گرتبوو، ترسی لێ نیشتبوو پرس و مەشوەرەتی بەمن دەکرد کە چ بکاو چ نەکا. لەسەر پێشنیاری من پارشێوێ کەسێکی ڕەگەڵ خستین کەبمان بات بۆشاخی و لەوێ نان و چامان بۆساز بکات و لەبەردەستمان بێ. کاتێ گەیشتینە سەرێ، نان و قەندو چاوکتریمان لێ وەرگرت و کابرامان ناردەوە سەرکاری خۆی. من کەشارەزابووم هەر بە تاریکی رێگای گوندی برایمەم گرتە پێش. دەمزانی قادر شەریف دەگەڕێتەوە وێ و لە وێڕا بەرێگای کیتکەو خەلیفاندا روو لەناوچەی بۆکان دەکا. چوومە مووچەی ماڵی حەمەگۆران و سۆراغی قادر شەریفم گرت. ناوبراوم دیتەوەو مەسەلەی هەڵەکاری خۆمان و

پیلانی سەید رەسوولّم لەگەلّ باس کرد. کاک قادر کەچەکی زیادی و دەمانچەی پێ بوو لەپێشدا ئەوانی داینێ بۆ ئەوەی جارێ بێچەک نەبین. چونکە سەید ڕەسولّ چەکەکانی ڕاگرتبوون و بەومەرجەی ئیزنی داین بێ چەک بچینە شاخی بەقەولی خۆی تاکوو رێگا حەلّلێک دەبینێتەوە.
سەید رەسوولّ هەرئەو شەوەش پیاوی ناردبووە زینوێشێخی، کەئەحمەد تۆفیق چەکدار بنێرێ و بمان بەنەوە ئەو دیو. وای دانابوو ئەگەر رژیم گیرانی ئێمەی زانیەوە، سەید رەسولّ بلّێ پێشمەرگە ئەوانەی گرتوون و بۆخۆی ئاگادار نەبووە. سەیدرەسول دوای چوار پێنج سالّ لەنووکەوە ئەومەسەلەی بۆگێڕامەوە.
قادر شەریف لە برایمە ڕا حەمەگۆرانی نارد چەکەکانی هێناوە. سەید رەسولّ نامێکی نوسیبوو بەحەمەگۆراندا ناردبووی. وێڕای داوای لێ بووردن. داوای لەکاک قادرکردبوو ئاشتمان کاتەوە. ئەویش منی ڕازی کردو شەوێ چووین ئاشت بووینەوەو لەوبارەوە زۆرمان قسە لەگەلّ کرد. بەقەولّی قادر شەریف، لەسەر ئەحمەد تۆفیقمان روون کردەوە. قادرشەریف لەسەفەری لای بۆکان پەشیمان بۆوە. چونکە محەمەدی کاکاغازادە خواحافیزی کردبوو رۆیبوو. یۆنس کەچاوی خەرەزەنی وێکەوتبوو، لەلای سەید رەسولّ بەجێ ما دەرمانی بکا. شەوێ سەید رەسولّمان بەجێ هێشتوو هەمومان پێکەوە بەرەو سندوس و شاروێران و ناوچەی شنۆ کەوتینە ڕێ.
ئەوەی راستی بێ لە هیچ یەک لە ناوچەکان باشیان وەر نەدەگرتین. لەشاری نەغەدە بەدەنگمەوە نەهاتن. ناچار شەوێ بە تەنیایی غەددارەم هاویشتە سەر شانم و چوومە نێوشاری نەغەدە. لەمالێک ڕا ناردم بەدوای ئەندامانی کۆمیتەی شاردا. تاسەعاتی دووی نیوە شەو باس و گلەیی و بەیان خوێندنەوە بوو. دوایی قەرارمان دانا سبەینێ لە( سولّتان بەیاقوب )یەکتری ببینینەوەو پتر لەسەرمەسایلی خۆمان وتوو وێژ بکەین. کاتژمێری ٣ی لای بەیانی بۆ لای برادەران گەڕامەوە. کاتێک گەیشتمەوە دامێنی کێوی "سولّتان بەیاقوب" برادەران بەرەو پیرم هاتبوونە خوارترو زۆر نگەران ببوون. سەر لەئێوارێ کە بە توندی دژی چوونم بوون بۆ نێوشار، کاتێک مەسەلەی سەرکەوتنی خۆم و هەروەها هاتنی برادەرانی شارم بۆ قادرشەریف و بردەران گێراوە، زۆر خۆشحالّ بوون. قادرشەریف روون بوونەوەی تەنیا یەک تاقە کەسی پێ شۆرشێکی گەورە بوو. قاقای دەکێشاو سیغاری بەبا دەکرد. شەوێ نووستین . بەیانی زوو لەشاری

ڕا بەمەلا ڕەحیمی جۆلادا، نان و پێخۆرو قەندوچاو سیغاریان بۆ ناردبووین. هەر شەوێ دوکانداریان هەستاندبوو، ئەوەی پێیان باش بوو ئامادەیان کردبوو ناردبوویان. بۆئەوەی بە یانی کەبۆخۆیان هاتن هیچیان پێ نە بێ و لێیان وەشک نەکەون.
لای کاتژمێری نۆ و دە، یەک یەک و دوو دوو هەرکەس بە لایەکدا خۆیان گەیاندە شوێنی دیاری کراو. ئەو مەلا ڕەحیمەی پێشتر باسم کردو کە شتیان پێدا ناردبوو. زستانان بەفری کۆ دەکردەوەو دایدەپۆشی، هاوینان پارشێوان بەفرەکەی دەبردە شاری دەیفرۆشت. ناوبراو دەیان جار لەوکارانەی بۆ دەکردین و لەنێو بارە بەفردا ڕۆژنامەو بەیاننامەی بۆ دەبردینەوە نێو شارو دەیدا بە یەکێ لەبرادەرانی کۆمیتەی شارستان.
هیوادارم ئەومەلارەحیمە شەریفەتان لەگەڵ مەلارەحیم قەیناکە، لێ تێک نەچێ.
با بچینەوە سەر باسی کۆبوونەوەی خۆمان لەگەڵ کۆمیتەی شار.تاکووپاش نیوەڕۆیەکی درەنگ لەگەڵ یەکتری باس و وتوو وێژمان بوو. وتەی وان ئەوەبوو، کەئێمە بەهەر نرخێک بێ واز لەو دووبەرەکیەبێنین و لەگەڵ یەک پێک بێین. سەر ئەنجام بڕیارمان دا تاحیزبی دێموکرات ساغ دەبێتەوە، ئەوان کاری سیاسی نەکەن. بۆئەوەی لە نێوان ناکۆکی و دژایەتی ئێمە دا ئەوان ئاشکرا نەبن و نەناسرێن و جارێ تێکۆشانی خۆیان ڕاگرن. ئەوەیان قبووڵ کرد. هەرئەو ڕاوەستانەشیان بوو بەهۆی ئەوەی لە لایەن دوژمنەوە نەناسرێن و تاروخانی ڕژیم بەساغی بمێنن و نەگیرێن. دوایی لاوی تازە نەفەس گەیشتنێ و وردە وردە جێگای ئەوانیان گرتەوە.
مەبەستی من لەگێرانەوەی ئەو شتانەو وەرنەگرتنی خەڵک و چەک کردنی سەید ڕەسووڵ وکۆمیتەی شارستانی نەغەدە، ئەوە بوو، کەبەڕاستی ئێمەلەکاتێکی خراپ دا، تێکۆشان و بوونی خۆمان ڕاگەیاندبوو(اعلام موجودیت) ئەحمەد تۆفیق دەستی ئاوەڵە تر بوو لەئێمەو هەرچی لە توانای دابوو دژی ئێمە دەیکردو کردی. لەهەموو دەورانێک دا مەسەلەی ماددی پێشڕەفتی کارە. ئەودەستی دەرۆییشت و پووڵی هەبوو. لەهەمووی گرینگترلەنێو شۆڕش دابوو مەلامستەفای لەپشت بوو. ئێمەش نەک خەڵک دەستی نەدەگرتین، بەڵکوو دەیان ویست بشمان گرن. ئەحمەد تۆفیق وێڕای ئەوەی کەلەخۆڕا بەتاوانی خەیانەت بەیاننامەی لەسەر دەرکردبووین ، بڵاوی کردبۆوە کەلەشۆڕش قاچاغن. دوای

ماوەیەکی تربلاوی کردەوە، مەلاحەسەنی رەستگارو دەوروبەری پەشیماننامەیان نوسیوەو عەفوومان کردوون لەڕانیه دانیشتوون. ڕایدەسپارد ئێمەش بچینەوە عەفوومان بکا. کەسیش نەبوو بچێ پرسیار بکاو بزانێ ڕاستە یان درۆیە. هەرچەندی شێرو رێویمان دێناوە، کە ئەوانەی باسیان دەکەن، لەلای ئەحمد تۆفیق نین و لەرانیه بارزانی دەیان ژیەنێ، نەخێر قسەی ئێمە قسەی ئەحمەد تۆفیقی نەدەبڕی و کەم کەس بروای دەکرد. ئەوجار دەیان گوت: ئێوەش برۆن وابکەن بچوونەوە لای مەلامستەفا.

دەگەیشتینە هەرجێگایەک پێشنیاریان پێ دەکردین کەئێمەش بگەڕێینەوە. بەکورتی لەودەوراندا هەرکەسێک لە نێو شۆرش نەباو لەبنکەیەکی کوردستانی عێراق نەژیابایە، بەحیزبی و پێشمەرگەیان قبوولّ نەبوو. ئەو مەسەلە بۆ ئێمە دەردێکی یەکجار زۆر گران بوو. ئێمە کەچەند کادرێکی لەخۆ بردوو بووین دەمان ویست حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەهەڵدێرو لارێ بگێڕینەوە. خەڵکی دوور دەستیش کە نەیاندەزانێ ناکۆکی لەسەر چی پێک هاتووە، پێشنیاری سەر دانەواندنیان بۆ ئەحمەدتۆفیق و ئەم و ئەو لێدەکردین، بێ ئەوەی بزانن مەسەلەی ناکۆکی لەسەر چیەو؟ لەبەرچی خۆمان تووشی ئەو حالّەکردوەو بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ناوبراو دەکەین.

بەڕاستی دەردێکی فرە سەخت و گرانە بۆکەسێکی تێکۆشان و تەشکیلات وکاری سیاسی و جولاّنەوەی لەکوردستانی ڕۆژ هەلاّت بێ، بەلاّم بوون و ژیانی لەبنکەیەک لەکوردستانی عێراق پێناسی بێ ؟!

گەلێک جار قادر شەریفی رەحمەتی دەیگوت:

-بەدوری نازانم سازمانی ئەمنیەت بۆ بەهێزکردنی ئەو بیرە نادروستە نەخشی هەبێ و هەوڵی بۆ نە دابێ. بەهەر حالّ هەر ئێمە دەمانزانی تووشی چ دەردێکی گران بووینە. شەوو رۆژ ڕانەدەوەستاین. لە هەر ناوچەیەک باین، دەبوایە پاش دووسێ رۆژ ئەو ناوچە بەجێ بێلّین. بۆ شوێنە ونکە یەکدانە شەو برۆین و لەو شوێنەی هەین دوور کەوینەوە. بەتەواوی لەو هەلاّت هەلاّتە بێزار بووین. لە هەموولایەکرا وەدوامان دەکەوتن. لەلایەک حکومەتی ئێران، لەلایەکیش دەستەو تاقمی ئەحمەد تۆفیق، جلی بارزانیان لەبەر دەکردو بەلەهجەی بادینی قسەیان دەکرد بۆئەوەی خەلک بلّێن مەلامستەفا لێیان دەگەڕێ بیانگرێ. کوردەکانی لای خۆمان بە دنەدانی ئەحمەد تۆفیق دەگەڕان بزانن لەکوێن هەواڵ بدەن بەو دیو

و...
بەکورتی، لەبەر غارەغارو خۆ شاردنەوە خەو وخواردنمان لێ حەرام کرا بوو. ئەوگوشارو نارەحەتیە نەک هەر ئێمەی لەکارو تێکۆشان سارد نەکردبۆوە، بەڵکوو بەئیمانێکی قایم و پتەوترکاری خۆمان دەکردو هەڵدەسووڕاین . تەنانەت بۆ جارێکیش نەهاتینە سەر ئەو ڕایە لەکردەوەی خۆمان پەشیمان بینەوە و لەو تەمایەی گرتبوومان پاشگەز بینەوە.
شەوێکی میوانی چادری مام ئەحمەدی هەوشینان بووین. قادرشەریف بو حەللی ناکۆکیەک چوبووە نێو دێی هەوشینان. من تاکاتژمێری ١٢ی شەو کێشک بووم دوایی یۆنس ئاهەنگەری داندرا کێشک بکێشێ. دەورو بەری کاتژمێری ٢، کاتێک هەستام، کێشکمان نەبوو. یۆنسیش دیار نەبوو. مام ئەحمدی هەوشینانیش دیار نەبوو. جانتاکانمان کە پربوون لە بەیاننامە، ئەوانیش نەمابوون. زانیم یۆنس لەگەل مام ئەحمەدی هەوشینان دەستە گولی خۆیان وەشاندوەو رۆیون. دوای حەوتوێک هەواڵمان وەرگرت کەهەردوکیان چوونەتەوە لای ئەحمەدتۆفیق. دیارە ئەوکارەیان بە نەخشەو پلانی سەیدرەسوولی بابی گەورە کردبوو. بەرەحمەت بێ دوای چەندین ساڵ دادەنیشت و بۆی دەگێڕاینەوە. دەکرێ بڵێین: بەبردن و بەنەمانی ئەو بەیاننامانەی کۆمیتەی ساخکەرەوە نیوە چەک ببووین.
پاش چەند رۆژ مامی حەسەن نەغەدەیی هات، ئەویش حەسەنی بردەوە. احمەد جوانمەردیش کەزانی دەورەمان چۆل بوو ئەویش داوای لێکردین ئیزنی بدەین بڕواتەوە. چەکەکەمان دایەو ناو نیشانێکمان دانا، ئەگەر گەراوە بێتە فلان شوێن. بەڵام ئێستاش ئەو کورە باشەمان نەدیتەوە. تەنیا پێشمەرگەیەکمان مابوو بە نێوی خالەق هەمزەکۆڵ خەلکی سەردەشت. نابراو مامۆستای قوتابخانە بوو ببوە پێشمەرگە. زۆرکەم مان هیوا پێی بوو. گەلێک جار پێمان دەگوت؛ ئەگەر ماندو بووی دەتوانی وەک محمەدو حەسەن و ئەحمەد بچیە شوێنێک و بەناخۆشی بەجێ مان نەهێلی. هەمووجارێ لە وەڵامدا دەیگوت: من تاماوم بە جێتان ناهێڵم. بەراستی پێمان سەیر بوو لەوهەلومەرجە ناخۆشەدا، خاڵەق ئاوا پیاوانە ڕاوەستابوو بەجێی نەدەهێشتین. دوای دووسێ رۆژ شەوێکی لە نێوان برایمەو داغەی دا، لەنێو لۆدەکایەکدا نوستین. خاڵەق کێشک بوو، لای بەیانی قادرشەریف هەڵی ئەستاندم و گوتی خاڵەقی نامرد رۆیشتوەو بەجێی

هێشتووین. تاقەپێشمەرگەیەمان هەبوو جارو بار لەنۆبەی خۆیدا کێشکی لێ دەداین، ئەویش ڕۆیشت. دوای شۆرشی ئێران، خالەقی هەمزە کۆڵم لە ناوچەی سەردەشت لەگوندی دەرماناوێ بەموعتادی و چارە رەشی دیتەوە، ئەوەندە زەلیل ولێ قەوماو بوومرۆ زگی پێ دەسوتا .

بەکورتی وەزعێکی ناخۆشمان بۆ پێک هاتبوو، دووکەسی لە هەمووکەس براو، لە هەمووکەس قاچاغ، نەمان دەزانی داخوا کەنگێ روناکایەک پەیدا دەبێ؟

بەنارەحەتی و خەم داگرتن هیچ نەدەکرا. نان و چامان خواردو دانیشتبووین بیرمان لەحالی خۆمان دەکردەوە. حەمەد گۆران هات و گوتی:

مەلامستەفای بارزانی لەشکری ناردۆتە سەر مەکتەبی سیاسی پارتی دێمۆکڕات و هەموو پێشمەرگەوکادری پارتی لەئێرانێ کردون و ئێستا وا لەناوچەی ئالان لەژێرچاوە دێری حکومەت دان. هەوالێکی راست بوو. لەمەهاباد ڕا ئەوهەوالەیان بۆ ناردبووین. ئەو هەواڵە بۆ ئێمەناخۆشترین هەواڵ بوو. چونکە ئێمە بەوهیوا بووین کەزستان نیزیک بۆوە، بگەرێینەوە لای شەشۆ و ماوەت لەوێ مەکتەبی سیاسی یاریدەی چاپ و چاپەمەنی و حاوانەوەمان بدات و درێژە بەخەباتی خۆمان بدەین.

ئەوەندە پشتیوانەمان شک دەبرد ئەویشمان چوو. دانیشتین گەلێک مان دڵخۆشی خۆمان داوە. بە هیوایەکی تەواو و تەمایەکی پیاوانە بڕیارماندا: چەکەکانمان لە چایخانەی داغە لەلای کاک ئەحمەدی مام عەلی دانێین و دوو دەمانچەی پێ پەیدا بکەین. هەریەکەی بۆلایەک برۆین و هێندێکی دیکەکار بکەین و خەریکی کارو تێکۆشانی خۆمان بین. لەسەر ئە بڕیارو قەول و قەرارە من بەرەو لای سندوس و شنۆ و لاجان بڕۆم وکاک قادر شەریفیش بەرەو لای ناوچەکانی پێسپاردراوی خۆی واتە دەورو بەری مەهابادو بۆکان و سەردەشت بڕوا. دامان نا دوای مانگێک لەگوندی ورچەک یەکتری بگرینەوە. ئەوکات ئەگەر زانیمان مەترسی نیە، لەوێڕا سەرێکی لای شەشۆ بدەم و چاوێکم بەمنداڵەکان بکەوێ. ئەگەر بۆم کرا بۆلایەکیان بەرم. لەبەر ئەوەی ئەوکات جەنگەی ناکۆکی و دژایەتی پارتی و بارزانی بوو. وامان دانا تاهێندێک ئەو هەرایە هێدی دەبێتەوەو بڕێک دەنگی شەڕ دادەمرکێ، ئێمەش خەریکی کاری خۆمان بین. لەسەر ئەو بڕیارە، قادر شەریف بۆشوێنی دیاری کراوی خۆی رۆیی و منیش بەرەو شنۆ و سندوس رۆیشتم.

ڕاستەکەدەڵێن: « ئەگەر نەهاتی هات عەقلیش کەم بڕدەکا » دەمانچەیەکی چکۆڵەی وەک سەبیلەم لەبەر پشتێنم نا بەخێر چەکم پێ یە! بەراستی بوونی دەمانچەی ئاوا بەڵای سەری مرۆڤە. گۆچانێکم بەدەستەوە گرت و لەهێندێک شوێن بەشەو دەرۆیم. لەو شوێنانەش کەترس کەم بوو، ڕۆژی دەما وەرێ دەکەوتم بۆئەوەی سەر لەئێوارێ بگەمە ئەو جێگایەی بۆی دەچووم. بەرنامەی ئەو ماوەش دەکرێ بلێم بەناخۆشی تێپەری. زۆربەی هەرە زۆری کاتەکانم لە کادێن و تەویلە و هۆڵە مەڕان دا بە وتو وێژ لەگەڵ دۆست و هاوڕێ بردەسەر. کاتی ئەوەی هاتبوو، وردە وردە بەرەو ئالان و دەورو بەری گوندی ورچەک بکەومەڕێ. شەوێک خۆم گەیاندە چایخانەی داغە لای کاک ئەحمەدی مام عەلی یادی بەخێر بێ و روحی شادبێ. ماڵی ناوبراو وەک ماڵەبرای خۆم وابوو. دوو ڕۆژی لەلابووم و بەڕۆژ لە نێو مێشەکەی دەی شاردمەوە. دوای حەسانەوەو شیوو کووڵ، دەمانچەکەم داوەو کەڵاشینکۆفی خۆم لە شانم کردو شەوێکی بەرەو گوندی «وەیسک و"ورچەک » ملی ڕێگام گرت. بەدووشەوان گەیشتمە گوندی ورچەک. گوندی وەرچەک تابڵێی لەباری ستراتیژیەوە جێگایەکی سەخت و شاخاوی و پڕدارو درەخت و شیوو دۆڵ بوو. زۆرجاران خەڵکی ئەوگوندە دەیان گێڕاوە:کەئەو دێ یە هەمووکاتێک دەستەو گروپی قاچاغی لێ بووە. لەقاچاغچی و چەتەو دز ڕا بگرە تادەگاتە پێشمەرگە. ناسیاری باشمان لەو گوندە هەبوو، ماڵیان ئاوەدان بێ.

هەواڵی قادرشەریفم لەشێخ باقی و شێخ ڕەحمانی ورچەک پرسی و گوتیان :

– قادر شەریف دوێنێ لەلای ئێمە بوو. لای ئێوارێ بەو لابەلایەدا بەرەو گوندی بلەسەن ڕۆیشت. ئەوەی ئێمە بزانین و شارەزای قادرشەریف بین، دەبێ لە بلەسەن لەمالی کوێخا ساڵح بێ. منیش شەوێک نوستم و دوای حەسانەوە بۆ دیتن و چاوپێ کەوتنی ناوبراو بەرەو گوندی بلەسەن وەرێ کەوتم.

## بەرەو کوردستانی باشور.

دەبوایە قادرشەریفم دیباو بەبڕیاری نوێ دەست بەکار بووباین. هەستام چوومەگوندی بلّەسەن و قادر شەریفم دۆزیەوە. هەوالی نوێی ئەو رۆژە، گەڕانەوەی پێشمەرگەی پارتی بوولەگەڵ مام جەلال بۆکوردستانی عێڕاق. پێشتر هاتبوونە ناوچەی ئالانی سەردەشت. دەولەتی ئێران پێی ڕاگەیاندبوون کەیان دەبێ چەک دانێن، یائێران بەجێ بێلّن. ئەوانیش باریان کردبوو گەرابوونەوە لەچیای سورکێو بارو بنەیان بە هەردی دادابوو. ئیستگای رادیۆیان دانابۆوە. لەسەر رادیۆ لە بەر خەلّک دەپارانەوە وازیان لێ بێنن و تووشی شەڕی براکوژی نەبن. لەگوندی بلّەسەن ڕا بۆ وەرگرتنی هەوالی پتر، لەگەڵ قادر شەریف بەرەو چیای سورکێو هەرەکەتمان کرد. هیچ چارمان نەبوو دەبوایە ئەو ناوچەمان بەجێ هێشتبایە. چونکە پڕ ببوو لە سەربازو هێزی ئەرتەشی ئێران. پێش تاو هەلّاتی بەیانی گەیشتینە دامینی سوور کێو. پێشمەرگە بەریز تاسەرێ ڕاوەستابوون. ڕایان گرتین و بە بێسیم لەگەڵ سەرویان قسەیان کردو ئێمەیان رەت کرد. پتر لەسەعاتێکی کێشا تاگەیشتینە سەرێ. پێشمەرگە بەتێکڕایی خەمبارو پەشێوبوون، دەتگوت خۆلّیان لەسەر دابێژراوەو بەرەش بگیر هێناویانن بۆ جبهەی شەڕ. کاتێک گەیشتینە سەرێ مام جەلال بەخێر هاتنی کردین. ناخۆشترین لەحزەکانم لەبیرە کە مام جەلال دەیگوت:

– بەرقیەمان بۆ مەلامستەفا لێداوە، کەلێمان گەرێ بۆخۆمان لەوچیا روتەنە دەبین ولە باوەشی ئێران مان ناوێ، بەلّام بەداخەوە بەپێی دوایین هەوالّ، لەشکرێکی زۆری کۆ کردۆتەوە دەیانەوێ بەرەوگوندی گۆلّێ و سوورکێو بێن. پیاو نازانێ چ بکات و لەگەڵ ئەو وەزعە بلێ چی؟ شەڕ بکەین براکوژیە. شەڕناکەین دەبێ تەسلیمی دوژمنێکی وەک ئێران بین . . .

مام جەلال سەری داخستبوولەنێو بیروخەیالّێکی قولّدا خەریکی لێکدانەوەبوو. بەقادر شەریفم گوت: بابچینە لەو شوێنەی بۆیان دیاری کردوین پشوێک بدەین و بحەسێینەوە. دوایەش برۆین بالەو شەڕو کێشەو براکوژیە نەگلێین.

شەوێ لەبن خێوەتێک نوستین. بەیانی بە دەنگی گولە وەخەبەر هاتم. تاق و لۆق

تەقە دەکرا. دیاربوو قادرشەریف کەم نووستبوو. لەوەڕەزی و نارەحەتیان دەهات وەدەچوو. زۆر پەشێو و خەمبار جگەرەی بەبا دەکرد. پێش ئەوەی دەست و چاوم بشۆم، چومە لای قادرشەریف و هەوالّم لێ پرسی. قادر شەریف گوتی:

-هانێ بگرە ئەو دووربینەو بڕوانە بەری لای شارۆچکەی ماوەت و گوندی گۆلێ، دەبینی کەلەهەموولایەک ڕا لەشکری ئاغاوەت و عەشیرەتەکان وەپێش بارزانیەکان کەوتوون دێن. دوربینەکەم لێ وەرگرت. کاتێک بەدوربین دەم روانی، جموجۆلێکی زۆرم دیت، بەلاّم ئەوەی قادرشەریف دەیگوت: واتەلەشکری سۆرانی و بادینی و بارزانی و عەشیرەتم لەو دورە ڕا بۆلێک نە دەبۆوە. ئەوەی ڕاستی بێ لەشکرێکی زۆرو بێدادبوو. دەتگوت بۆغەزای "بەدروحونەین" دێن، یان دێن بۆتالاّن کردن و . . .

زۆری نەکێشا تاوو بان گەرم بوو لەهەموولاّیەکەوە بەتەقە تەق و خڕڕەو تەقەی دۆشکەو خومپارەو چەکی سوک هێرش بۆسەر سلسلە شاخی سوورکێو دەستی پێ کرد. بۆگرتنی سلسلە کێوی سوورکێو هەردەهات و تەقەگەرمتردەبوو. وەک دەلّێن شەڕقونی لەدەرکێ نابوو. دەبوایە یاشەڕ بکەن یاخۆیان بپێچنەوەو رووڵەئێران بکەن. کادرو بەرێوە بەرانی ڕادیۆ وەک ڕۆژی پێشتر خۆیان بۆ بەرنامەی ڕادیۆ ئامادە نەدەکردو بەشل وشەوێقی دەهاتنە بەرچاو، و نارەحەتیان لێ دەباری.

مام جەلال دانیشتبوو چووبووە نێو بیرێکی قولّ ولەهەردیەوە ڕامابوو.

## دەست کێشانەوە لەشەڕی برا کوژی.

دوای کات ژمێری ٣، کادرو پشمەرگەکانی بەشی ڕادیۆ خەریک بوون وردە وردە، کەلوپەلی ئیستگەی ڕادیۆیان دەپێچاوە. هەرچەند سوورکێو بۆ شەرو خۆ ڕاگری چیایەکی سەخت و قایم و لەگیران نەهاتوو بوو، بەڵام زوو بۆمان دەرکەوت، کەمام جەلال نایەوێ شەربکاو شەڕی براکوژرێ وەڕێ خا. ئەوەبوو مام جەلال دەستووری دا بەپێشمەرگەکان بەدیوی ئێراندا بەرەو گوندی (دونێزو نیروان) داگەڕێن. بەڵێ تەقە یەک لایەنە بوو، زۆربەکەمی وەڵام دەدراوە. وردە وردە پێشمەرگە لەسورکێو هاتەخوار. ئەولەشکرە زۆرە لەگوندی تاژان و تاژەبان پەنگاوی خواردەوە. تەقەی رەشاش و دۆشکەی لایەنی تر درێژەی هەبوو. لەخۆڕا گولّلەیان داویشت و لەسەر سنور خۆیان دەنواند. ماندووبووین شەوێ نووستین. بەیانی کاتێ هەستاین چوار دەورەمان بە سەربازی ئێرانی تەنرابوو. ئەو وەزعە بۆ ئێمە لەهەموو کەسێک ناخۆشتر بوو. دەکرێ بلێم حاسێ ببووین. مام جەلال مان ئاگادار کرد، بۆچارەسەری ئێمەش لەبیر دابێ. دووشەوی تریش ماینەوە رێگای دەرباز بوونمان نەبوو. حکومەتی ئێران هەر سەعات ناسەعاتێک هەواڵیان و دەیانگوت : "هەرچی زووتر چەک دانێن، دەنا ئێران بەجێ بێلن". بەر پرسی لەشکری ئێران بەفەرماندەیی سەرلەشکرنەسرولّلایی. زوو زوو دەهاتە ئەو شوێنەی مام جەلالی لێ بوو، وتوو وێژی چەکدانانی لەگەڵ دەکرد. پاش نیوەرۆیەک، سەرلەشکر زۆر بە توندی هاتە لای مام جەلال و پێی گوت: " دەستووری مەرکەزە دەبێ هەرچی زووتر چەکدانێن، دەنا برۆن ئێران بەجێ بێڵن". مام جەلال، لەوەڵامدا هێندێکی وەزعی پێشمەرگەو رازی بوونی پێشمەرگە لەمەرچەکدانان و تەسلیم بوون و پەنابەری بۆ سەرلەشکر شی کردەوە .

سەرلەشکرگوتی:" ئێستائەوسەربازو ئەرتەشەی دەی بینی کەلەئیختیاری من دایەو بە « سلسلەمراتب » دەرواتە خوار، ئەگەر ئێستا شاهنشابەمن دەستور بفەرمێ، لەچاوقوچانێکدا هەموویان چەک دەکەم ئیتر رازی بوون و فلاّنی چی؟! ، وەڵامێکی مامجەلال دایەوە بەسەرلەشکرنەسرولّلایی، تاماوم لەبیرم ناچێت و لەزۆر شوێن گێرامەتەوە. پێی گووت:

- من ئەو دەسەڵاتەی هەمەلەسەر پێشمەرگەی بەکارناهێنم ، چوونکە ئێمە دیموکراتین. تۆکەباسی شاهەنشادەکەی من شاهەنشانیم و تائێستا دەیان مەقالەم بەو دەستانەی خۆم لەسەر شاهەنشای تۆ نووسیوە .
بەراستی بەکارهێنانی ئەو رستەیە لەکاتێکی ئاوا ناسکدا کەچوکترین رووناکایی نەبوو، نیشان دانی شەهامەت و غیرەت و پیاوەتی بوو.
شتێکی دیکەی کە هەر لەو شوێنەدا لە مام جەلالم بیست، بۆمن گرینگ بوو و لەبیرم ناچی. مام جەلال پێشمەرگەکانی کۆ دەکردەوەو لێی دەپرسین پێتان باشە ببین بەپەنابەر؟ یان بچینەوە نێوشۆرش و تەسلیمی بارزانی بن؟
چەندکەسێک لەفەرماندەکان زۆریان پێ دا دەگرت بینە پەنابەر.
مام جەلال پێی گوتن: ئەگەر بچنەوە مەلامستەفا سەرتان ببڕێ زۆر باشترە لەوەی بینە پەنابەری دوژمنێکی وکوو شاهەنشای ئێران.
کاتێ مام جەلال بەسەرلەشکری دەگوت خەریکم پێشمەرگە بۆچەکدانان رازی دەکەم، بۆسەر بەستنەوەی سەرلەشکر بوو. لەراستی دا، خەریکی سێ ریزەکار بوو.
یەکەم - هێندێک چەکی باش بەهۆی پێشمەرگەو دوستانی خۆیان ڕاگوێزن.
دوهەم - چەند دەستەیەکی بچوک بە نهێنی بگێرنەوە کوردستان بۆکاری نەهێنی. سێهەم- هەوڵی دەدا پێشمەرگە ڕازی بکا بچنەوە نێو شۆرش و نەبنە پەنابەر لەئێران بۆشەوێ من و قادر شەریفیان بەکەلێنێکدا دەرباز کرد رۆیشتین. هەرکام چەکێکی زیادی ریزمان لە پێشمەرگەکان وەرگرت و لەگەڵ خۆمان برد. لەگەڵ قادر شەریف چوینە دەورو بەری ورچەک. من دەبوایە هەواڵێک لە شەشۆ وەر گرم و بزانم ماڵ و منداڵەکانم چیان بەسەر هاتووە. هەواڵم وەرگرت کەمەلا ئاوارە لەدەورو بەری بێژوێ یە. من ئەو کات لەگەڵ ئاوارە زۆر نیزیک نەبووم. جارێکمان یەکتردیبوو، یەکترمان دەناسی. لەشێخ باقیم پرسی؟ چۆن دەکرێ ئاوارە بدۆزینەوە ، یان بێتە ئێرە بیبینم؟
برێکی منگاندو دیاربوو نەیدەویست پێم بلێ. دوایی تکام لێکرد پێم بلێ کارم پێ یەتی و ئەگەر شتێکی وابکەی زۆرم پێ خۆش دەبێ.
شێخ باقی پێشتر دیبوومی و دەیناسیم. لەوەلام دا گوتی:
- خزمێکمان هاتووە دەڵێ دوێنێ شەوێ لە بێژوێ لە ماڵی خدری کوێخای بووە. ئێساش نازانم لە کوێ یە. بیرم لێ کردەوە، تا پەیکێک دەچێ و

دەیبینێتەوە، برێک دەخایەنێ. بۆخۆم هەستم بچم باشترە. هەر سەر لەئێوارێ لاوێکی چەکدارم هەڵگرت و بۆ شەوێ کاتژمێری ٩ گەیشتمە بێژوێ. کاتێک بە خدرم گوت من فلاّن کەسم و کارم بەمەلائاوارەیەو دەمەوێ بیبینم. ناوبراو وێڕای ئەوەی زۆری بەخێرهاتن کردم چووە دەرێ و دوای تاوێک هاتەوە ژوورو گوتی: کاکی خۆم چایەک بخۆوەو ئاوارەش تا سەعاتێکی دیکە دەگاتە ئێرە.

خدر روی لەمن کردو گوتی: با باسی خوشکە حەیاتی خێزانت و شێواوی کچت بۆ بگێرمەوە. ئەوکات لە بەر ئەمنیەت، نێوی زارای خێزانم گۆری بوو، نێومان نا بوو ( حەیات ) کاتێک نێوی حەیات و شێواوی هێنا، وەختابوو خەنی بم. گوتم: کاک خدر گیان تۆ حەیات و شێواو لەکوێ دەناسی؟ تۆخوا لە نوکەوە بۆم بگێرەوە، چونکە ماوەیەکە نەم دیون و ئاگام لێ نین و لێیان بێ خەبەرم .

خدر برێک پێکەنی و دوایی گوتی:

کاتێک لەشکری بارزانیان گەیشتبووە ناوچەی ماوەت و پێشمەرگەی پارتی شکا. ئەوەندەی ئاگادارم و دەزانم، ئێوەش ناکۆکی تان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق هەیە. ئەحمەدیش بەدەستەو دایەرەی خۆی وەک چاوێشەدار لەبنکەو ماڵی ئێوە گەڕابوون. خێزانت کەترسی بۆ هاتبوو، پیلی شێواوی کچی گرتبوو بەئاڵوەتاندا پەریبۆوە بەری ئالان. هەر خوا رزگاری کردبوون کە خێزانت و کچۆڵەکەی نە خنکابوون. بە ناشارەزایی و بەپرسیاران، خەڵک هێنابوویانە ماڵی مامەند ئاغای سالاری. مامەنداغاش بەکوڕەکانیدا تەسلیمی پاسگای دوولکانی کردبوون.

پرسیم: جابۆچی لەبەرچی تەسلیمی ژاندارمی کردون؟!

خدر لەوەڵامدا هێندێک بە تووڕەیی وەڵامی داوەو گوتی:

– سەلامەت بی؛ بۆچما تازە لەنۆکەری وکیسە کێشی ئاغاوەت گەیشتووی؟ ئەدی چۆن نیشان بدەن کە باشترین سیخوڕی بەئەمەگی شاهەنشان؟ کوڕانی مامەندئاغا ڕاپۆرتیان دابوو بەپاسگا، کەئەو ژنە ئێرانیە. ئێمەش نەمان دەوێرا خۆیان لێ وەڕاست گێرین. مەلائاوارە لەو نیوە بوو پێمان ڕاگەیاند کە ژنێک گیراوە. ئەویش دوای پرسیارو لێکۆلینەوە، بەیەکێک لەفەرماندەرانی پارتی بەنێوی رەئیس حەمەدەمین ی گوتبوو. ئەوانیش بەحکومەتیان ڕاگەیاند کەئەو ژنە خێزانی پێشمەرگەیەکی شەهیدی ئێمەیە. دوای هاتوچۆیەکی زۆر لێ یان وەرگرتووبوونەوە. چەند رۆژێک لەمالی رەئیس حەمەدەمین ماوەو دوایی بردیانە

ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەد سکرتێری پارتی. ئەگەر دوو رۆژ پێشتر هاتبای لە فریایان دەکەوتی و چاوت پێ یان دەکەوت.
لە خدرم پرسی: بۆچی چیان بەسەر هاتوەو ئێستا لە کوێن؟
لە وەڵامدا گوتی: من نازانم بۆ کوێ چوون، بەڵام پێرێ ماڵی برایم ئەحمەدو ژن و منداڵی پێشمەرگەکانیان بردنە سەر دەشت. وا بزانم لە وێشڕا بردویانن بۆ شاری هەمەدان و خێزانیشت لەگەڵ ئەوانە. پەلە مەکە ئێستا کەمەلا ئاوارە هات، ئەو دەزانێ لەکوێن، یان بۆ کوێیان بردوون.
باسی زاراو شێواوی کچم زۆر لەوەی دورو درێژترە کە بەو چەند وشەی سەروو، کۆتایی پێ دێنم و بۆتان دەگێرمەوە. دەکرێ بلێم لەوکوێرەوەریەی چێشتبوویان، تەنیا ئاماژەم بەیەک سەدومی بەسەرهاتی زارا کرد.
نان وچامان خوارد. دەوری کات ژمێری ١٠/٣٠ مەلائاوارە پەیدابوو. دیدارێکی خۆش بوو. هیچ شتێک لەوە خۆشترنیە کەسێک خەریکی کاری نهێنی بێ و لەپڕ برادەرێک ببینێتەوە ئەویش قاچاغ بێ و خەریکی کاری نهێنی بێ. دوای هێندێک وتوو وێژ بەوە گەیشتین کەهەر ئەو شەوە بڕۆین و بچینەگوندی ورچەک و ئالان بەجی بێڵین. چونکە هیچ کەس وەک مەلائاوارە شارەزایی لەسەر مەلبەندی سەردەشت نەبوو. ناوبراو جگە لەو دەورانەی کەفەقێ بووەو لەگوندەکان دەرسی خوێندوە وەک کادرێکی سیاسیش هەموو کوندەکان چووبوو سەری بەگەلێک ماڵان داکردبوو. تەنانەت دەکرێ بلێم لەناوچەی سەردەشت ئاوایی نەبوو کەسێکی لێ نەناسێ.
بەرێگای هۆمل دا بۆ شەوێ بە قسەکردن و بەسەر هات گێڕانەوەو هەروەهاچێژتنی زەجرو نارەحەتی خۆمان، ڕێگامان بڕی وکاتژمێری ٣ی نیوەشەو گەیشتینەوە گوندی ورچەک. ورچەک گوندێکە لەسەر ڕێگاوبان هەڵنەکەوتووەو لەباری ئەمنیەتیشەوە جێگایەکی سەخت و پڕدۆڵ و شیوو دارستانە. جگە لەوانەش، لەبەرئەوەی لەوگوندەدا ماڵە شێخەکان خزمی مەلائاوارە بوون، بۆئێمە ئەمین تر بوو. بەهەرحاڵ من و مەلائاوارەو قادرشەریف یەکترمان گرتەوە. تائەوکات پێمان وابوو مەلائاوارە زۆرتر لەبیری خوێندن دایە تاکاری سیاسی.
دوای هێندێک وتوو وێژو بۆمان دەرکەوت کەناوبراو لەڕۆژێکی وادەگەڕێ لەگەڵ دووسێ کەسی وەک ئێمە درێژە بەخەباتێکی درێژخایەن بدات. پێکەوە دانیشتین و هێندێکمان وەزعی خۆمان هەڵسەنگاند کەبزانین چمان پێدەکرێ و دەبێ چ

بکەین؟
دوای وتووێژ لەگەڵ یەکتری قەول و قەرارمان دانا دەست بکەین بەکارو بەپرس و ڕای یەکترهەڵسووڕێین. کاتێک مەسەلەی کۆمیتەی ساخکەرەوەمان لەگەڵ باسکرد، ناوبراو بەیانەکەشی خوێندبۆوەو زۆری پێشوازی لەپێشنیارەکەمان کردو وەک ئەندامی کۆمیتەی ساخکەرەوە لەگەڵمان دەست بەکار بوو.
بۆئەوەی هێندێک لەسەر وەزعی ئەوکات و ئەو سەر دەم ئاگاداربن، واباشە تۆزێک ئەودەوران هەڵ سەنگێنین ئەو چەند مانگەی کەئێمە لە ئێران و عێراق قاچاغ بووین، هەرچەند رۆژ بە ڕۆژ ئاگاداری چۆنیەتی نێو شۆرش بووین، بەڵام هێندێک لەناوشۆرش و بنکەی پێشمەرگە وەدورکەوتبووین و لەکوردستانی ڕۆژهەڵات بەنهێنی خەریکی کاری ڕێکخستن بووین. جارو بار بەهۆی پەیک و تەتەرو قاچاغچی هەواڵەکانی ئەودیومان وەردەگرت و لەسەر چۆنیەتی برادەران و جەم و جۆڵی حیزب ئاگادار دەکراین.

## هەڵسەنگاندنێک.

ڕەنگبێ لەماوەی ئەو دەورانەکورتەی کەئێمە لەو دیوەو دیو قاچاغ بووین لەباری جیهانیەوە گۆڕانێکی ئەوتۆ پێک نەهاتبێ کە شایانی باس بێ. بەڵام ئەگەر بمانەوێ وەزعی رۆژ هەلاتی نێوەڕاست بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی هەڵ سەنگێنین، لەگەڵ ساڵانی پێشوو هێندێک گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. وەزعی شۆرش لەنێو دەوڵەتانی ئازادی خوازو دێمۆکراتیکدا، یان بلێین لەلای ویژدان بەخەبەران، ئاڵووگۆڕێکی بەرچاوی تێدا پێک هاتبوو. نێو و نێو بانگی ئازایەتی کورد و شۆڕشی کوردستانی عێراق لەدەرەوە پەرەی ئەستاندبوو. تەیارەی ئیلیۆشنی کە حکومەتی عیراق شانازی پێوە دەکرد بەدەستی شۆرشگێڕانی کورد کەوتبووە خوارو وەک تۆپ لەجیهان دەنگی دابۆوەو لەدەرەوە رۆژنامەکان لەسەریان دەنوسی کە:
تەیارەی ئیلیۆشنی ئاخرین مۆدێلی سوڤیەت بەدەستی شۆرشگێڕانی کوردکەوتە خوار. لەهەموو جەبهەکاندا پێشمەرگە دەچوونە پێش و سەرکەوتنیان وەدەست دەهێنا. هەواڵە سەرکەوتووەکانی کوردستان سرنجی دەرەوەی ڕاکێشابوو، ژمارەی شەش هەزارسەربازی کوژراوی رژیم لەڕادیۆکان دەبیسراو لەڕۆژنامەکاندا دە نوسرا. رۆژنامەی پڕاودا، داوای لە دەوڵەتی عێراق دەکرد کۆتایی بەشەر لەگەڵ کوردەکان بێنێ. لەنێو زۆربەی دەوڵەتانی ئازادیخوازو دێموکرات، کێشەی کورد لەسەر زاران و باسی رۆژ بوو. زیانەکانی ئەو شەڕە رۆژانە پێنج سەد تاشەش سەد هەزار دیناری عێراقی هەڵدەگرت، ئەوکات دینارێک بە دوو دۆلارو نیو بوو، زانایان و موفەسیران، ئەوشەرەیان بەزیانی گەلی عیراق و قازانجی ئیمپریالیزم لێک دەداوەو پێشنیاری ڕاگیرانی شەڕیان پێدەکردن. جەماڵ عەبدولناسر کەلەساڵەکانی ٦٣ و ١٩٦٤دا، ١١هەزار سەربازی بۆ عێراق ناردبوو، بەڵام لەو سەروبەند دا نەک هەر سەربازەکانی کێشاوە، بەڵکوو ڕاشی گەیاند کەچەک و سەرباز بۆ عێراق نانێرێ. کۆنگرەی پارتەکۆمونیستەکانی وڵاتانی عەرەب کەگیرا، بەتێکڕایی دەنگ هاتبوونە سەر ئەو ڕایە" شەری دژی کورد لەعێراق بەزیانی گەلی عێڕاقە جگە لەزەرەرو زیان هیچ سوودێکی تێدا نیەو تەنیا قازانجی ئیمپریالیزمی تێدایە" لەنامەیەکدا بە نێوی کۆنگرە داوایان

لەکۆماری عێراق کردبووکە بەدابین کردنی ئۆتۆنۆمی بۆکوردستان کۆتایی بەشەڕوکیشەی کورد بێنێ.
تیپی ٦ ئەرتەشی عێراق کەجێگای هیواو هومێدی سەرکۆمار بوو و شانازیان پێ دەکرد، لەچیای هەندرێن تێک شکێنرا و پترلە ٣٠٠٠ هەزار سەربازو دەرەجەدارو ئەفسەر لەناو چوون. لەدەرەوە ش خۆپێشاندانی دژی کوشتارو بۆمبارانی کوردستان ڕێک دەخرا. ئەو ئاسۆ روونانە بۆکوردوشۆڕشی کوردستان جێگای هیوا بوون.
سەرەڕای ئەو ئاسۆ ڕوونانە، بائاورێکیش لەناوخۆی شۆڕش بدەینەوە . . .
ناوخۆی شۆڕش لەگەڵ جاران گۆڕا بوو. سەرۆک بارزانی بەنێوی کۆنگرە بۆ دەرکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکڕات، کۆنگرەیەکی لەلایەنگرانی خۆی پێک هێناو چاردەکەسی لە ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمیتەناوەندی بەنێوی کۆنگرە دەرکردن. کۆنگرەی ئاوا کوتوپڕ، تاڕادەیەک بیروباوەڕی سیاسی و پارتایەتی لەکوردستانی عێڕاقدا کزکرد. واتە تەشکیلاتی سەرووی پارتی نوێ کەلەوکۆنگرە هەڵبژێردرابوون، لەڕوانگەی ئەندامانی کۆنی پارتی دێموکڕاتی کوردستان بەنوێنەری واقعی و قانوونی خەڵک نەدەژمێردران.
لێرە ڕا، واتە دوای کۆنگرەی شەشم ، مەکتەبی سیاسی نوێی پارتی، لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی پێشوو لەمەڕکاروهەڵسووڕان وبیرو بۆچوون وکردوەو تەنانەت بیچمی تەشکیلاتیش جیاوازیەکی فرە بەرچاویان هەبوو.
پارتی دوای کۆنگرەی شەش، لەباری سیاسی و تەشکیلاتی هەرنێوی هەبوو، ناوەرۆکی نەبوو. ئەندامانی دانراو لەجێگای ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، تەواو بێ دەسەڵات بوون. فەرماندەیەکی پێشمەرگە، بەتایبەتی ئەگەر بارزانی بایە لەهەموو مەکتەبی سیاسی بەدەسەڵات ترو قسەی بەبرەوتر بوو. لەسەرووی هەمووی ئەوانەشەوە « لیژنەی پاراستن » بەرنامەو ڕاسپاردەکانی سازمانی ئەمنیەتی ئێرانی لەسەرە خۆ بەرێک و پێکی بەرێوە دەبرد. بەڕاشکاوی دەکرێ بڵێم: تەشکیلاتی سیاسی و هەڵس و کەوتی شۆرش و مەسایلی داخلی و خاریجی لە ژێر فەرمانی سەرۆک بارزانی دابوو. هەر چۆنێکی بۆخۆی حەزی کردباو ویستبای، جگە لەخۆی هیچ کەس هیچ کارە نەبوو. هەڵسووری ئەسلی بنەماڵەی سەرۆک بارزانی بوون و فەرماندەکانی شۆرش بەفەرمانی سەرۆک دیاری دەکران وجێگاو شوێنیان بۆ دیاری دەکراو هیچ کەس مافی ئەوەی نەبوو

دەستیان تێوەردا، یان ئاڵوگۆڕیان پێ بکا. دوای شەخسی مەلامستەفا بارزانی، ئیدریسی کوڕی هەڵسووری ڕاستەوخۆ بوو. هەرچی پێی خۆش با بەپرس و بەبێ پرسی دەیکردوکەس نەی دەتوانی قسەی لەقسەی بکا. بۆ وێنە روداوێکی دڵ تەزێنێ ساڵی١٣٤٥هەتاو ١٩٦٦ز، دەگێرمەوە:
کاتێک صدیقی ئەنجیری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی لەئیستگەی ڕادیۆی شۆرش وون بوو و بێ شوێن کرا. حەمەرەسولی بابی سەدیق ئەنجیری، بۆ زانینی هەواڵێکی کوڕەکەی لەمەهاباد ڕا هاتبووە گوندی خەلانێ، میوانی ماڵێ مەلامحەمەدی خزری بوو. سەرو بەندی وتو وێژ بوولەنێوان مەلامستەفاو رژیمدا. سەرۆک بارزانی بۆ بەرێ کردنی کۆڕێکی حکومەتی کەبۆ وتوو وێژ هاتبوون، بۆ بەرێ کردنیان لەگوندی خەلانێ سواری هێلی کۆپتێر دەبوون بچنەوە بەغدا.
دوای ئەوەی میوانەکان رۆییشتن، بابی سەدیقی ئەنجیری چوەلای بازانی وپێی گوت: "قوربان من بابی سەدیقی هەنجیری ئازەرم ماوەیەکە کورەکەم بێ سەرو شوێن چوەو وەدوای کەوتووم هەواڵێکی لێ بزانم و دڵم دابکەوێ"
بارزانی دڵخۆشی حەمە ڕەسووڵی داوە؛ کەئیشڵڵاکوڕەکەت وەدی دێ و هیچی لێنایە. حەمە ڕەسولێ دەستی هەل نەگرت و دووبارە گوتی: "جەنابی سەرۆک بارزانی، کوری من ئەوەندە لەگەڵ کوردوکوردستان و خۆڵای خۆی پاکە، گورگی شاخانیش نایخۆن. دەترسم بەدەستی عەبدوڵڵای ئیسحاقی لە ناوچووبێ . چوونکە ناوبراو لەگورگیش درندە ترە" حەمەرەسول درێژەی دا بەقسەکانی و بارزانیش گوێی هەڵخست بوو. قسەکانی حەمەڕەسولێ ئەوەندە لەدەروونێکی پاک دەهاتنەدەر شوێنیان لەسەر بارزانی دانا. سەرۆک بارزانی رووی لەئیدریسی کوڕی کردو برێک لێ مۆن بۆوەو پێی گووت: "ئیدریس من نەم گۆتیتەتە، نابێ ئەوکارانە لەناوشۆرش دا بێنەکرن ؟!
ئەوانەی لەوێ بوون بەگشتی هەستیان کرد کەبارزانی بەو هەواڵە نارەحەتە. دوای ئەو قسەیە مەلامستەفا بەوەرەزی و توورەیی سواری ماشێن بوو رۆیشت.
زۆر جار لەو کارانە دەکران و سەرۆک بارزانی ئاگادار نەدەکرا. بەکورتی شۆرش وێرای ئەوەی پەرەی دەستاند، هەر بەو پێیەش لەلایەن دوژمنان و هەڵپەرستان بنکۆڵ دەکرا. لەبنەوەش دەستی رەش رژیمی ئێران هەولّی دەدا بۆ بێ ئیمانکردنی هێزی بنەرەتی گەل، بۆئەوەی بتوانێ لەرۆژی خۆیدا دەستی خۆی بوەشێنێ وکەلک لەو بەرنامە ڕێژیەی کردوویەتی وەرگرێ و بە ئاواتە چەپەڵەکانی خۆی بگا.

بەداخی گرانەوە دیتمان کەلکی خۆی بەتەواوی لێ وەرگرت و ئەو شۆڕشە گەورەی بەچۆک داهێناو لەماوەی چل و هەشت سەعاتدا ئاش بەتاڵی پێکردن!!.

## ڕاوێژی سێ قۆڵی و پلانی نوێ .

ئێستاکە ئاماژەیەکی بچووکم بەهێندێک هەڵسووکەوت و چۆنیەتی ئەو دەوران کرد. باش وایە جارێ بگەڕێمەوە سەر باسی خۆمان. واتە، من و شەهید قادر شەریف و شەهید مەلائاوارە. ئێمەهەرسێکمان لەگوندی ورچەک بێ پێشمەرگەو کێشک مابووینەوە. هەل مەرجەکە ئەوەندە دژوارو سەخت بوو کەس خۆی لەبەرانبەر ئەو موشکلات و ترس و خۆفەدا ڕانەدەگرت کەلەگەڵمان بمێنێتەوە. سێ قۆڵی دانشتین و لەسەر هێندێک کاری نوێ لەداهاتوودا، چەند بڕیارێکمان دا.

یەکەم؛ هەوڵ و تەقللا بدرێ بۆکۆ بوونەوەیەکی بەرین، کەلانیکەم نوێنەری ئەو ناوچانەی کاریان تێدا کراوە بەشداری کۆبونەوەکە بن.

دوهەم؛ پەیوەندی لەگەل مەکتەبی سیاسی بگیرێ لەمەر کەرەسەی چاپەمەنی کەئێستا ئەوان کاریان پێ نیە، یاریدەمان بدەن.

سێهەم؛ بۆ ئاگاداری لەخۆمان لانی کەم لەبیری سێ پێشمەرگە دابین.

دوای هەوڵدانێکی زۆر، بەهۆی برادەرانی بڕواپێکراو توانیمان دوو پێشمەرگەی باش پەیدا بکەین. کە بریتی بوون لە؛ غەفور ورچەکی، کوێخا پیرۆتی کونەمشکێ. دوای ماوەیەک کورێک بەنێوی حەسەن ئەلیاس کە لەسەر شتی بێجێ لەحکومەت قاچاغ ببوو. ئێمەش هێندێکمان مەرج بۆ داناو ڕامان گرت. سێ چەکی زیادیمان هەبوو، دامان بەو سێ کەسەو تاڕادەیەک لەباری ئەمنیەتیەوە ئاسودە ببووین. زارای خێزانم بەهۆی کاک رەحمانە رووت لەهەمەدان گەڕابوونەوەو لەورچەک دام مەزراند بوون .

زستان و سەرماو بێدەرەتانی نیزیک دەبۆوە. لەناوچەی سەردەشت دەستمان کرد بە جەولەیەکی کورت و هێندێکمان ئازوقەی زستان دابین کرد. ناوچەی سەردەشت بە هۆی بوونی ئاشنای باشی مەلا ئاوارەو قادرشەریف باشترین شوێن بوو بۆهەڵسوران ومانەوەمان. بنکەی ئەسلی مان گوندی ورچەک بوو. پەیوەندی مان لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی کۆن گرت. بەهۆی (رەحمانەرووت) کەنوێنەری پەیوەندی و هاتووچۆی مەکتەبی سیاسی کۆن بوو، تایپ و رۆنیۆ و

کاغەزو مەرەکەبێکی زۆریان بۆ ناردین. بەڵام ئێمە نەک هەر نەمان توانی کەڵکیان لێ وەرگرین، بەڵکوو لە نێو باغەکانی دەوروبەری ورچەک لە ژێر هەردیدا رزین و لەناو چون. فشارێکی زۆرمان بۆ هاتبوو، هەرتاوێ نا تاوێک ژاندارم بە دێ وەر دەبوون. ئەوکات چونکە بۆگوندی ورچەک پرد نەبوو، کاتێک عەجەم دوورو نیزیک دەبوونەوە لەمووچەی دێ یەکانرا هەوالیان بۆ دێنایین کەئەوەندە ئەوەندە عەجەم بەرەو ورچەک بەرێوەن. لەگەڵ شوان و گاوان و خاوەن موچەو مەزرای دێ یەکانی ، ساردکێ، مەزرێ، ئاڵوەت، وەیسک، کۆڵەسەو ... ببووینە دۆست. هەموویان گوێچ قولاّغ بوون کە شتێکیان دیبایە هەوالیان دەداینێ. وەک تەلەفۆن ئەو بەو، ئەوی دی بەوی دی دەگوت هەواڵەکەمان زۆر پێش گەیشتنی عەجەمان پێ دەگەیشت. ئێمەش لە مالاّن وەدەر دەکەوتین و لە ترۆپێک سەیرمان دەکردن کەدەهاتنە نێودێ. خەڵکی ئەوێ بە تێکڕایی خەمخۆرو هاودەنگمان بوون. بەڵام ڕۆژێک بەیانی زوو غافڵگیرکراین . کاتێک لەماڵێ هاتمەدەر، دیتم رووبەرووی ئاوایی لەلاّی گوندی ( وەیسک ) چەند کەسێک دێن سەرشانیان دەتروسکێ. کاتێک لێ یان خورد بوومەوە، دیم ئەوە تفەنگیان لەسەر شانی داناوە بەرەو ورچەک دێن. هەرام لمە مەلائاوارە کرد عەجەم هاتن. قادرشەریف لەگەڵ پێشمەرگەکان بۆ کار رۆیشتبوون. مەلائاوارە هەرای شێخ رەحمانی کردو گوتی: شێخ رەحمان مالی سەعید زرگارکەن، بۆ وەی تەقە لەدێ دا نەکرێ وا ئێمە رۆیشتین. من ومەلائاوارە بەناوگۆرستانی گوندی ورچەکدا وەسەر کەوتین. خەڵکی ئاوایی وەک هەڵۆ تێوەرووکابوون هەریەکی شتێکیان دەست دابوویەو بەچەند دەقیقەیەک ماڵیان چۆل کردبوو. زاراو شێواوی کچیشم بە دەستووری خۆیان جەل و بەرگی لای خۆیان لەبەرکرد بوون و لەماڵێکیان دانابوون. کاتێ دەگەنە نێو دێ، یەکسەر دەچنە بەر دەرکی ئەو خانوەی ماڵی منی تێدا بوو. واماں بۆ دەرکەوت کە پێشتر بە هۆی جاسووس ماڵەکەیان دەست نیشان کردوم و زانبوویان لە چ خانوێکیشدا دەژین، بۆیە ئاوا یەکسەر روویان لە وێ کردبوو. کاتێ بە چۆلی دەبینن، خۆیان نایەننە سەر ئەو حاڵەی کە بۆکارێک هاتبن. بەخەڵکەکە دەڵێن نان و چایەکمان دەنێ ئێمە ڕەفتەنین. خەڵکیش گورجانێک لە پێنج شەش ماڵ، نان و چایان بۆ ئامادە دەکن دەخۆن و درۆن. پاش دووسێ سەعات بەدوای ئێمەیاندا ناردو چوینەوە.
بەکورتی وەزع و حالمان شڕبوو. لەبەر هەڵات هەڵات و خۆ شاردنەوە نەمان

دەتوانی دەزگاکان بێنینەدەر بەیاننامەیەک چاپ کەین و بڵاوی بکەینەوە. هەتا ئەو کاتەی چۆمی کەڵوێ زۆر بوو، نیگەرانیمان کەمتر بوو، کاتێک چوم دەنیشتەوە نەمان دەتوانی لە دێدا دانیشین. ماوەیەک یەکێک لە فەرماندەکانی پارتی بە نێوی عەریف مەجید لەگەڵ دە دوازدە پێشمەرگە لەناوچەی سەردەشت و بانە دەخولانەوە. ئامادە نەبوون خۆیان تەسیلمی دەوڵەتی ئێران بکەن و ببنە پەنابەر، لەترسی بارزانیش نەیان دەوێرا بەیەکجاری بچنەوە گەرمێن . ئێمەش لەگەڵیان دەهاتین وەدەچووین و لەنێو پێشمەرگەکانی ئەواندا خۆمان شاردبۆوە. ئەوان زۆر لە ژێر چاوە دێری دەوڵەتێ ئێران دا نەبوون. جارو بار لەرێگاو بان تووشی ژاندارمیش دەبووین ئێمە خۆمان کەنار دەگرت و ئەوانیش دەیاندواندن و پێی دەگوتن کەئێمە دژی ئێران نین. بەکورتی ئێمە ئەو چەند ڕۆژەی لەگەڵیان بووین، باشمان بۆ رێک کەوتبوو. ئامانجی عەریف مەجید کارکردن لە کوردستانی عێراق و بەرێوە بردنی ئەرکی پارتایەتی خۆی بوو ناوبراو تابلێیی پیاوێکی ئازاو نەترس و بەکارو دڵسۆزی کورد بوو. جاروبار لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی بوون، سەری کوردستانی عێراقی دەداوەو لەگەڵ ئەوانەی دەیناسین پەیوەندی دەگرت. پایزی ١٩٦٥ لەو دیو دەگیرێ و بەتاوانی هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ مام جەلال و برایم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسی پێشوو، زۆر بێ بەزەیانە لەلایەن کاربەدەستانی شۆڕش گوللەباران دەکرێ و دەیکوژن.

زۆرجار دەمەوێ باسی شۆڕش وکوردستانی عێراق لەگەڵ مێژووی ژیانی خۆم تێکەڵ نەکەم و خۆی لێ لادەم، بەڵام ئەگەر ئاماژەیەکی چووکی پێ نەکرێ باسەکەم لابڕ دەبێ لەوانەیە بۆخوێنەر نەچێتەوە سەریەک. هۆیەکەشی ئەوەیە، من زۆربەی ژیانی سیاسیم لەدەربەدەریدا لەکوردستانی عێڕاق ڕابواردوەو بەدبەختی و خۆش بەختی دەورانێکی زۆری من لەوێڕایە. بۆیە ناکرێ لێی لادەم و بەتەنیشتی دا تێپەڕم.

بەکورتی بۆخۆ حەشاردان و خۆ ونکردنمان لەناحەزان، هەموفەن وفێڵ و دەراوەکانمان هەڵدەسەنگاند. ئێمەکە لەزۆرکەس و ناکەس و هەروەها ئێران و عێڕاقیش قاچاغ بووین، ئەحمەد تۆفیق تەنانەت لەشۆڕشی کوردستانی باشوریشی قاچاغکرد بووین. بەوحاڵەش توانیمان پتر لەساڵێک بەشوێنەونکەو نهێنی کاری خۆمان ڕاگرین و سەرمان بۆ هیچ کەس و ناکەسێک شۆڕ نەکەین.

بەپێی هەواڵی وەرگیراو بۆمان دەرکەوت، کەکاتێک ئەحمدتۆفیق بەیاننامەکەی ئێمەی دیوەو خوێندویەتەوە، بردویەتە لای بارزانی وگریاوە . چەند داوایەکی

لێکردوه بۆ ئەوەی کاک ئەحمەد بتوانێ ( ئیعادەی حیثیت ) له خۆی بکا. داوای لەبارزانی کردوه ئیزنی بدات کۆنگرەیەک بگرێ و لەو کۆبوونەوەیەدا حەقانیەتی خۆی بسەلمێنێ و دوای کۆنگره مصوبات و بەیان و بەرنامەو پرۆگرامی پەسند کراوی کۆنگره بلاّوکاتەوه. ئێستاش نەمانزانی و بۆمان روون نەبۆوه، کەبارزانی چۆن و بەچ مەرجێک ئیزنی داوه ئەحمد تۆفیق خەریکی گرتنی کونگره بێ؟!

کاتێک زانیمان ئەوان خەریکی پێک هێنانی گۆنگرەن، ئێمەش سێ قۆلّی دانیشتین و لەو بارەوه بیرو ڕای خۆمان بۆ یەکتری بەیان کرد. چونکه لەسەرەتاوه داوای ئێمه لەبارزانی رێگەدانی کۆبونەوەیەکی بەرین بوو. ئێستاکەئەحمەد تۆفیق خەریکه کۆنگره دەگرێ، چ لەوه باشتر ئەگەر بتوانین بەشداری تێدا بکەین.

تازه ئەگەر ئێمه توانیبامان کۆنگرەش پێک بێنین درەنگ و بێ ئاکام بوو. کەوابوو، دەبوو ئێمه هەولّێک بدەین و رێگایەک بدۆزینەوە.

من و مەلا ئاواره لەسەر ئەو ڕایه بووین ئەگەر ڕێگامان بدرێ بچینەکۆنگرەو بەشداری بکەین. کاک قادر شەریف دژی ئەو بیرو ڕایه ڕاوەستاو بەهیچ جۆرێک ئەو بیرو ڕایەی ئێمەی قبوولّ نەبوو. من ومەلائاواره ناچار پێکەوه دوو قۆلّی بڕیارماندا هەولّ بدەین ڕێگامان بدرێ بۆبەشداری لەکونگره . لەسەر ئەو بیرو بڕیاره مەلائاواره بۆ دۆزینەوەی رێگاحەللێک بەرەو قەلاّدزێ رۆیشت. لەوێ هێندێکی برادەر دیبوون. ئەوبرادەرانەی دیبوونی بریتی بوون له کاک حەسەنی ڕستگار، کاک حەمەدەمینی سیڕاجی، کاک سمایلی شەریف زاده، کاک سالاری حەیدەری و...

من کاک حەمەدەمین و کاک سالارو کاک سمایلی شەریفزادەم جارێ نەدیبوون و نەم دەناسین. مەلائاواره لەگەلّ ئەوانەی لەسەرو باسم کردن، وەخت و کات دیاری دەکاو گەڕاوه هاتەوه گوندی ورچەک.

بەپێی دیاری کردنی کات ئێمەش دەبوایه لەسەرو بەندی کونگرەدا بچینه تووژەل وله شوێنی کۆنگره نیزیک بینەوە. بەلّکوو ئەوان بتوانن داوای رێگەدانی ئێمەبکەن بۆکۆنگره و بەدوامان دا بنێرن بچین بەشداربین.

رۆژی کۆنگره کاک حەمەدەمین سیراجی و مەلاحەسەنی رستگارو سالارحەیەری و سمایل شەریفزادەو مەلاڕەسوولّ پیشنماز، وێڕای چەندکادریکی تری

وەکووخەلیل شەوباش وعوسمانی عەزیزیان و قادری قازی . . .هتد
دەچنە سونێ کە ئەگەر رێگایان بەدەن لەکۆنگرە ی دوهەم دا بەشداری بکەن.
کۆنگرە لەدامێنی چیای مامەندە لەسەروی گوندی سونێ دەگیرێ. لەزستانێکی سەخت و سەرماو سۆڵ لەنێو بەفروکرێوەدا چادر بۆ بەشدارانی کۆنگرە هەڵدەدەن بۆئەوەی دوور لەرێگاوبان و هاتوو چۆی خەڵک و قاچاغچی بن. کاک حەسەن رستگارو کاک حەمەمینی سیراجی و برادەران کەپێشتر زانی بوویان کۆنگرە لەکوێ دەگیرێ، یەک سەر وەسەر دەکەون. پێش ئەوەی بگەنەچادرەکان پێشمەرگەی کێشک دەنگیان دەدەن و پێشیان پێ دەگرن دەڵێن: کەس حەقی نیە. دوایی لەسەر داوای نوێنەرانی کۆنگرە یان ئەحمەد تۆفیق دێنەوە خوارێ، واتە گوندی سونێ و چاوەروانی کۆرێکی کۆنگرە دەبن کەبێن قسەیان لەگەڵ بکەن .
مەلاسەید ڕەشیدو کاک نحوّی شکاک و مەلائەحمەد وردی وەک نوێنەری کۆنگرە دادەگرِین و دەچنەسونێ. دوای هێندێک وتوو وێژ، ئەوەی لەسەرێ پێیان گوترابوو و پەسند کرابوو، بەبرادەرانی ڕادەگەیەنن. بەپێی لێکۆلینەوەیەکی دەقیقی کەکردومە تەنیالەسەر یەک نەفەر ساغ بوونەوە بچێتەکۆنگرە ئەویش کاک حەمەدەمینی سیراجی بووە بۆ بەشداربوون لەکۆنگرە . باقی هەڤالان مافی بەشداریان لەکۆنگرە نەداونێ. ناوبراویش بەبێ برادەران نەچۆتەکۆنگرەو، وازی لەبەشداربوون هێناوە.
بەو جۆرە کەدیتوویانە نایان هێڵن و سەرکەوتوو نەبوون دەگەرِێنەوە قەلآدزێ.
نوێنەرەکان ماوەی سێ رِۆژان لەسەرچیالەچادر دا دەبن . دوای هەڵبژاردن لەسەرمان دێنە خوارو باقی کارەکانی کۆنگرە لەمزگەوتی گوندی سونێ کۆتایی پێ دێنن.
لەوکاتەدا بەفرێکی زۆر باری بوو. هاتوچۆ سەخت بووە. ئێمەش بەناچاری و ناهومێدی بەو زستانە سەخت و سەرماو کرێوەیە، تووژەڵ مان بەجێ هێشت و بەرەو دواوە گەرِاینەوە. بەبرِینی بەفرو رِێگا بەدووشەوان خۆمان گەیاندەوە بنکەی ناوەندیمان واتە گوندی ورچەکی گۆرینی .

## دوای کۆنگرەی دوهەم .

کۆنگرەی دووهەم کەگیرا دیارە ئەگەر لەکەسی زیحەقو سەلاحیەتدار پێک هاتبایە زۆر باشبوو، بەلام کاک ئەحمد تۆفیق لەوکەسانەی پێک هێنابووکەناسیاوی خۆی بوون و مەسلّەحەتی شەخسی خۆی پێدەپارێزرا. سولەیمانی موعینیش لەکەسێکی دەعوەت کردبوو، کەبتوانن پێشی بەرلّلایی ئەحمدتۆفیق بگرن. ئەویش کاک شەهید سەدیقی ئەنجیری ئازەر بوو. ناوبراوکەپێشترکارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ بوو خانە نشین کرابوو. کاتێک دێتە گۆنگرەو برێک دەمێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە پردی گەرانەوەی رووخاندوەو تازە ناتوانێ بگەرێتەوە تاران. زۆر جار دەیگوت: ئێمە لەتاران حیزبی دێموکراتمان ئاوا نەدەناسی. پێمان وابوو ئەوەندە نەهێنی کاری دەکا، ئەگەر دوومانگیش لە کوردستان بمێنمەوە دوایی دەتوانم بگەڕێمەوە تاران. بەلّام ئێستا دەزانم کەلەو رۆژەوە لەمەهاباد دەرکەوتووم، سازمانی ئەمنیت زانیویە من دێم بۆ کۆنگرەی دوهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچم و.... دوای کۆنگرە ناوبراو ناتوانێ بگەڕێتەوەو سەرئەنجام سەری لەسەر دادەنێ. دوایی لەجێی خۆیدا چۆنیەتی کارەساتی سەر تێدا لّونی نابراوتان بۆ باس دەکەم.

ئێمە ئەوکات بۆمان روون نەبوو بەشدارانی کۆنگرە کێن و چ کەسانێکن. بەپێی ئەوشارەزاییەی کەلەسەر ئەحمەد تۆفیق مان هەبوو بەباشی لێمان روون بوو کە ئەحمەد تۆفیق بەپێک هێنانی ئەوکۆنگرەیە حوکمی خۆی پێدەداو بۆ تۆلّە وەرگرتنەوە لەئێمە دوایین گورزی خۆی دەوەشێنێ. سەرەڕای ئەوەش کەدادەنیشتین دەمان گوت؛ ئەگەر بۆماوەیەکیش بێ، مادام دوای کۆنگرە سەرو سامانێک بەحیزب دەدرێ، قەی ناکا بائێمەش ببینە دەستەچیلەو تێیدا بسوتێین.

چاوەروانی کۆتایی هاتنی کۆنگرە بووین، کەبزانین بڕیارەکانی کۆنگرە چن و ئێمە دەبێ چ بکەین. برادەرێکمان ناردە لای عەبدولّانەورۆزکەهەوالّەکانی کۆنگرەمان بۆ بنێرێ. ناوبراو لە نووکەوە تاکۆتایی کۆنگرەی بۆ نووسی بووین. من و قادر شەریف ومەلا ئاوارە لەسەر بڕیاری کۆنگرە بۆ هەمیشە دەرکرابووین. هیچ

روناکاییی، یان دەرووی روونیان لەحیزبدا بۆ نەهێشبووینەوە . تەنیاشتێکی کە عەبدوولآ نەورۆز نووسی بووی برێکی هیوادارکردین. ناوبراونووسیبووی: ئێستاش هێندێک لە برادەران بۆتان لەهەولێ و تەقەللادان وڕەنگبێ شتێکیان پێ بکرێت و کارێکتان بۆ بکەن. ئیتر نەمان دەزانی ئەوشتەی باسی دەکاچیەوکێ بۆمان لەهەولێ دایە؟
ئێمەش جگە لەسەبرو لەسەرخۆیی و چاوەروانی، رێگەیەکی ترمان نەبوو.
دوایی هەوالێمان وەرگرت کەپاش هەڵبژاردنی کۆمیتە ناوەندی، کاک سەدیقی ئەنجیری و کاک سولەیمان موعینی و. . . داوا یان لەکۆنگرە کردوە کە( کۆرێکی حوسنی نیەت پێک بێ و دەسەلاتی بدرێتێ بۆئەوەی لێکۆلێینەوە لەسەر ئەوانەی رۆیشتوون یا دەرکراون بکاو پاش روون بوونەوە هەنگاویان بۆ هەلگیرێ.
ئێمە خەریکی کارو باری خۆمان بووین، بەلام ئەوەی ڕاستی بێ لەجاران شلتر بووین. دوای دانیشتنێک بەوە گەیشتین کەمەلا ئاوارە جارێکی دیکەش سەرێکی لای قەلادزێ بداو لەگەلێ برادەرانی قەلادزێ ڕاوێژێک بکات، بەلکوو رێگاحەللێک بدۆزێتەوە. دیارە قادر شەریف، رێگا حەللی لەوەدا دەدیتەوە، کە ئێمە کار بکەین و کۆنگرەیەک پێک بێنین و بۆخۆمان حیزبێک دروست کەین.
هەرچەندی شێرو رێویمان بۆ دەهێناوە، بێ فایدە بوو. بەلام من و ئاوارە بەو ئاکامە گەیشتبووین، کە ئێستا ئەوان کۆنگرەیان گرتوەو بوونە بەحیزب. ئێمە لە دەرەوەی شۆرش لەدیوی کوردستانی ڕۆژهەلات ناتوانین درێژە بە ژیان و مانی خۆمان بدەین.
ئەگەر خوێنەران لەبیریان بێ، پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کەئەو دەوران لە کوردستانی رۆژ هەلات ٩٠٪ی کوردەکان حیسابیان لەسەر شۆرش و شەخسی بارزانی دەکرد. بۆم باس کردن کە ئەو قاچاغچیانەی هاتووچۆی کوردستانی عێڕاقیان دەکرد، کاتێ بۆخەلکیان گێڕاباوە، فلانکەسم لەو دیو لەنێو شۆرش دێوە یان فلان کەس لە شۆرش نیزیکە. گرینگترلەوە بوو حیزب بەیاننامەیەک دەرکات. دیارە تاڕادەیەک ئەندام و لایەنگرمان هەبوو، بەلام زۆر کەم بوو. هەر وەک گوتم ئەو کات، واتە سالەکانی ٤٣ و٤٤ی هەتاوی ( ٦٤ و ٦٥ی زاینی ) تێگەیاندنی خەلک لەحالەتێکی نەهێنی دا کارێکی هاسان نەبوو. ئەحمد تۆفیق جگە لەوەی لەنێو شۆرش بوو، لەبارزانیش نیزیک بوو. پێشمەرگەشی بە

دەورو بەریەوە بوو. چ بۆخۆی چ دەوروبەری قاچاغچیەکانیان دەدیت و بەیاننامەیان دەدانێ و ڕایان دەسپاردن چبکەن و چ بڵێن. دوای کۆنگرە دەمانزانی لەوەی هەین، خراپتریش دەبێن. کاتێک ئەو شتانەمان لەگەڵ قادر شەریف باس دەکرد، گاڵتەی بەو شتانە دەهات و ئێمەی بە لاوازی سیاسی لەقەڵەم دەدا و دەیگوت: "ئێوە ماندو بوونەو لەخەبات و تێکۆشان وەرەز بوون" کاتێ گەیشتینە بەهارێ، بارو دۆخەکە بۆ ئێمەسەخترو دژوار تر بوو. ڕاونانی ژاندارم لەلایەک، وەدواکەوتنی پیاوەکانی ئەحمدتۆفیق بەجەمەدانی سوور لە لایەکی دیکەوە. مەبەستیان لەجەمەدانی سوور ئەوە بوو وابنوێنن کەئەوە بارزانیەکانن وەدوای قادر شەریف و مەلا ئاوارەو سەعیدکوێستانی کەوتوون تابیانگرن. لەناوچەکانی سەردەشت و مەهابادو نەغەدە و شنۆ، لێمان دەگڕان و دەیان پرسی ئەوانە لەکوێن بیانگرین. هەرکەسێکیش پرسی بای بۆ دەیانگرن؟ لەوەڵامدا دەیانگوت؛ "خەیانەتیان کردوە، پووڵی حیزبیان خواردوە، دژی شۆرشن . تابلێی لەبارو دۆخێکی خراپ و نالەبار دا دەژیاین ولەکەس ئەمین نەبووین.

لەسەر ئەو بیرو ڕوانگەی پێشتر باسم کرد، مەلائاوارە بەرەو قەڵادزێ ڕۆیشت. منیش بەیانان لەنێوگوندی ورچەک دەچوومە دەرو خۆم بەڕاوە کەو و چوونە لای شوان و باغەوان خەریک دەکردو ئێوارانیش دەهاتمەوە دێ. شەوێک دوای نان خوران کورێکی گوندی ورچەک هاتە ماڵ و نامەیەکی مەلا ئاوارەی دامێ و گوتی: ئەوە لەنێو قەبران چاوەروانیت دەکا. ئاوارە لە چەند دێڕێکدا بۆی نووسی بووم :

کاک سەعید شەو باش.

وێڕائ سڵاو بوخۆت و ماڵەوە، من هاتوومەوەو ئێستا وا لەقەراغ ماڵان لەگەڵ برادەران چاوە روانیت دەکەین. مەبەست لەهاتنی تۆ بۆئێرە ئەوەیە؛ پێکەوە ڕاوێژێک بکەین، تاکوو بزانین بۆ هاتنە نێودێ کەندو کۆسپێک نابینی؟ چونکە کاک حەسنی رستگارو مەلا رەسووڵی پێشنەمازو. . . چەند هەڤاڵێکی ترم لەگەڵن.

هەر بژی برات ( دیسان ئاوارە )

وشەی دیسان ئاوارە ڕەمزێکی نهێنی موتمانەی نێوان خۆمان بوو. بێ ترس هەستام لەگەڵ ئەوکورەی ناردبووی چووم. هیچ کاتێ ئەو شەوەم لەبیر ناچێ کە

پاش ماوەیەکی دوورو درێژ کۆنە برادەرەکانم دەدیتەوە. روحم زیندوو بۆوە. بەگەرمی چاک و چۆنی وماچ و موچمان وێکڕا کرد. دوای هێندێک وتوو وێژ، وێکڕا لەگەڵ مەلائاواره، کاک حەسەنی رستگار، کاک رەسوڵی پێشنماز، کاک مونتەقیمی قازی ، کاک قادری قازی و چەند کەسی تر هاتینە نێو گوندی ورچەک و لەماڵی ئێمە دانیشتین.
لێرە دا پێویست بە روون کردنەوەیەکە، بەکورتی شی دەکەمەوە.
دوای ئەوەی کۆنگرەی حیزب کوتایی هاتبوو، بەهەڵسوڕانی کاک حەسەن ڕستگارو کاک حەمەدەمین و کاک سمایلی شەریفزادەو کاک سالاری حەیدەری و هەروەها پێک هاتنی « کۆڕی حوسنی نیەت » هێندێک لەبرادەرانی کۆمیتە ناوەندی بەتایبەتی کاک صدیقی ئەنجیری و کاک سولەیمانی موعینی، بەکەڵک وەرگرتن لە بڕیاری کۆنگرە، واتە پێک هێنانی"کۆری حوسنی نیەت" بەو ئاکامە گەیشتبون کە ئێمە هەر سێک کەسی دەرکراو لەحیزب، بەهۆی ڕق و کینەی تایبەتی ولە رووی «غەرەزی شەخسی ئەحمەد تۆفیق ئەو بڕیارەمان بەسەردا سەپاوە. ئێمە بێ هێچ بەڵگەیەک دەرکرابووین. دوای بەئاکام گەیشتن، بۆرۆی سیاسی بڕیار دەدا بەدواماندا بنێرن تابگەرێینەوە نێو حیزب. ئەوە بوو کەبرادەران بەنامەیەکەوە هاتبوون بمان گێرنەوە گەرمێن. ئەو شەوە نوستین و بەیانی قادر شەریفمان ئاگادار کردو پێکەوە بۆهێندێک قسەو باس و وتوو وێژ لەدێ چووینە دەر. لەنێو باغێک کۆ بووینەوە . تالای نیوەرۆ خەریکی وتوو وێژ بووین. من و ئاوارە ڕازی بوونی خۆمان بۆگەڕانەوە ڕاگەیاند. رووی باس لە قادر شەریف بوو. من ماندو ببووم و نەم دەویست بە قادر شەریف بڵێم بگەرێتەوە. چونکە پێی وابوو ئەگەر بگەڕێتەوە ئەودیو دەکوژرێ. هەر چەند لێم روون بووکە مانەوەی لە کوردستانی رۆژ هەڵات مەترسی پتربوو لەوەی بگەرێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی بۆخۆی پێی وابوو بگەرێتەوە دەکوژرێ، من بۆگەڕانەوەی ناوبراو پێم دا نەدەگرت. خەونۆچکە بردمیەوە پاڵم وەدارێک دابوو. لەپڕ بەتەقەی تفەنگی قادرشەریف وەخەبەر هاتم. ناوبراولەگەڵ مەلاحەسەن قسەیان لێک چەپ هاتبوو. قادرشەریف دەستی بە پەلان پیتکەی کەڵاشینکۆفەکەی گرتبوو، کاک حەسەنی رەستگاریش لولەی تفەنگەکەی گرتبوو رووی لەحەوا کردبوو تا گوللەکان وەکەس نەکەون. چەکەکەیان لە قادر شەریف ئەستاندو بردمانەوە گوندی ورچەک. پاشان بەهۆی ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ مەلاحەسەن بوون،

منداڵەکانی من و کاک قادر نێردرانەوە ئەو دیو. ئامانج لە بردنەوەی قادرشەریف بۆ ئەو دیو ئەوە بوو کەبزانێ ئەگەر بچێتەوە ناکوژرێ. کاک قادر وردی سەرزاری ئەوە بوو: دەیگوت:

- من نامەوێ بچمەوە ژێر سێبەری زەحاکی قڕنی بیستەم . . .

دوای ئەوان ئێمەش بەلایەکی دیکەدا گەیشتینەوە ئەو دیو. برادەران بەتایبەتی کاک سەدیقی ئەنجیری و کاک سولەیمانی موعینی زۆریان پێ خۆش بووکە ئێمە گەڕاینەوە. قادر شەریف گەیشتێ و هەرئەو ڕۆژە بەبێ ڕاوەستان و گیربوون چەکەکانی وەرگرتەوەو ڕۆیشتەوە بەرەو ورچەکی گۆرین. دوای ماوەیەک کاک قادر سەری لەبەکرەجۆ. وەدەرنا کەئەوکات مام جەلاڵ لەگەل کۆمەلێک کادرو پێشمەرگە لەهەمەدانی ئێران ڕا گەڕابوونەوە نێو شۆرش و مەلامستەفا لە( گوندی دۆلەڕەقێ )ی دانابوون. دوای ماوەیەک ترسیان ڕێدەکەوێ هەلدین شۆرش بەجێ دیلن دەچنە لای حکومەت.

لەوێڕا وشەی، مەلایی و جەلالی پشکوت. مەلاییەکان، بەجەلال تالەبانی و دەورو بەری ئەویان دەگوت: جاشی ٦٦ . ئەوانیش بە مەلاییەکانیان دەگوت: بەکرێگیراوی ئێران. مستەفابارزانی کەخاوەنی شۆرشێکی چل پەنجاهەزار پێشمەرگەبوو ئەو وشەی پێوە دیار نەبوو. بەلام خەلک بەگشتی لەوکردەوەی مام جەلال بێزار بوون و بەشتێکی خراپیان دەزانی کە وا مام جەلال خۆی تووشی ئەوگێرە وکێشەکردبوو.

ڕۆیشتنی کاک قادرشەریف بە دلّ شکاوی و دوایین دیدار بوو. دوای ماوێک زانیمەوە کەکاک قادر شەریف لەحەوشی مزگەوتێک لە شاری سولەیمانی بە دەستی نامەردێکی بەکرێگیراو مەشهوربە یۆسفە لیچە شەهید دەکرێ. بەداخی گرانەوە نەم دیتەوە، یادی بەخێرو روحی هەر شادبێ.

کاتێک من و ئاوارە لەسەر داوەتی حیزب چوینەوە، ئەحمد تۆفیق لەسەر چەندین هۆ، پاش کۆنگرە، هەروەها لە داخی ئەوەی کۆمیتە ناوەندی بڕیاری گەڕانەوەی ئێمەی دابوو، دەڕوا بۆ لای قەندیل و لەوێڕا ئیستعفایەکی نوسیبوونارد بووی بۆ کۆمیتەی ناوەندی تازە هەلبژێردراوی کۆنگرەی دوهەم و ئیدی نەگەڕاوەو نەم دیتەوە.

دوای حەوتوێک مانەوە لەگوندی سونێ، برادەران کۆبونەوەیەکیان کردو بڕیاریان دا کە ( بە تشخیسی ئێمە بڕیاری کۆنگرە بێ ئینسافانە و دور لەدادپەروەری

بووە . بۆیە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە پێی لێکدانەوەی خۆی و هەل و مەرجی تایبەتی ئێستا ، مەلائاوارەو سەعید کوێستانی، لەبڕیاری پێشوو بەبەری دەزانێ و بەمشاویری کۆمیتە ناوەندی یان دیاری دەکات )

کاتێک ئەحمەدتۆفیق، ئەوەی زانیبۆوە کەئێمە بەر پرسایەتیمان دراوەتێ، دەست لەسەر دەست دادانێ و لەنامە نووسین ڕاناوەستێ. بۆخەڵک و ئەولاولا نامە دەنووسێ و دەڵێ: بۆ دوکەسی سەرەڕۆی دەرکراو لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری بڕیاراتی کۆنگرەیان لە ژێر پێ ناوەو ...

ئەگەر دادپەروەرانە بدوێین، بەراستی ئەحەمەد تۆفیق لەمەر شکاندنی بڕیاراتی کۆنگرە تاڕادەیەک ڕاستی دەکرد، بەلام کئنگرە بڕیاری دابوو کۆمیتەی حوسنی نییەت ، بەو شتانە ڕابگات، یەگەر ئەو بڕیارە نەدراباو یەو کۆمیتە پێک نە هاتبایە بەڵێ ڕاست بوو بە پێی یاسای کۆنگرە ئێمە مافی ئەوەمان نەبوو بەرپرسایەتی مان بدرێتێ تاکۆنگرەی داهاتوو. برادەران بە تایبەتی ئەنجیری و موعینی کەڵکیان لە بڕیاری پێک هێنانی ( هەیئەتی حوسنی نیەت ) وەرگرتبوو. لەلایەکی دیکەشەوە دەیانزانی چ کۆنگرەیەک بووەو چۆن پێک هاتووە. دەکرێ بڵێین بەئەنقەست ئەوکارەیان کرد، بۆئەوەی ئەحمە تۆفیق بتۆرێ و بڕواو دەستیان ئاواڵەتربێ. دەیان زانی ئەحمد بێ پرنسیبە و ئسولێ ناپارێزێ. هەوەڵڕۆژ کاک سولەیمان بە گوێی من و مەلائاوارەی هەڵێنا ؛کە ئەگەر ئێوە لەگەڵ ئێمە بمێننەوە، لە سەتا سەت کاک ئەحمەد تۆفیق کار ناکاو لە یەخەمان دەبێتەوە.

هەروەها پێ یانگوتین: ئێمە باش دەزانین دوای کۆنگرە بڕیاری وا نادرێ و دور نیە هەڵلایەکی گەورەی لێ سازبێ. بەڵام ئێمە دەمانەوێ بۆ هەمیشە ریشەی ناکۆکی و دووبەرەکی ببرین و یەکگرتووبین .

منو مەلائاوارە کاتێک زانیمان برادەران دڵسۆزانە هەوڵمان لەگەڵ دەدەن ئەحمد تۆفیقیش بەمەسەلەی هاتنەوەی ئێمە دەتۆرێ، وێڕای تەئیدی بڕیارەکانیان زۆرمان سوپاس کردن و ئامادە بوونی خۆمان بۆکارو چوونەوە دەربڕی.

برادەران بەنیەتێکی خاوێن ئێمەیان هێناوە نێوحیزب و ناوچەی کاریان بۆ دیاری کردین. بەڕاستی ئێمەش لەو هەڵات هەڵات و غارە غارو خۆشاردنەوە وەرەز ببووین. خەبات و تێکۆشانی ئەوحەفدە هەژدە مانگەی ئێمە زۆر بەگران

لەسەرمان ڕاوەستاو بە قەولی کورد گوتەنی" بەری پێمان، هاتە پشتی پێمان" بەڵام بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم: کە تێکۆشان و خۆ ڕاگری ئێمە، باشترین ئاکام و بەرهەمی لێ وەدەست هات. لەڕاستی دا ئەحمەدتۆفیق بەدژایەتی کۆمیتەی ساخکەرەوە ئەو کۆنگرەی پێک هێنا. وێڕای ئەوەی ئەوکۆنگرە نەیتوانی" ئیعادەی حەیسیەتی" لێ بکا، بەسەر تێدا چوونی شەخسی خۆی تەواوبوو. خەبات و تێکۆشان و هەرەکەتی ئێمەبوو کە ناوبراوی هاندا بەدەستی خۆی کۆنگرە پێک بێنێ و ئەو بەرهەمانەی خوارەوەی لێ پێک بێ.

یەکەم، پێش دەستی کردنی ئەحمەد تۆفیق بۆپێک هێنانی کۆنگرەی دوهەم بەدژایەتی و هەروەها ئیعادەی حەیسیەتی خۆی.

دووهەم، پێک هاتنی ئەوکۆنگرە بوو بەرزگاری حیزب لەتەک ڕەوی و دوور کەوتنەوە لە خەتی خێڵەکی وسەرە ڕۆیی تاقەکەسی و پێک هاتنی کۆمیتە ناوەندی. لەگەڵ ئەوەیدا کۆمیتەناوەندی لەخوارێ بوو، بەڵام لەواقیع دا گۆڕانەکە فرە گرینگ بوو.

سێهەم، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو بەخاوەنی پرۆگرام و پێرەو، و هەروەها کەوتە سەر ڕێبازی پەسندی ئسوولی پێشووی خۆی. واتە بەدیاری کردنی ڕێبازو هەڵگرتنی درۆشمی « یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیی، دێموکڕاتی »وگونجاندنی ئەو درۆشمە لە بەرنامەو پڕۆگرامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا.

چوارەم، سەر بەخۆ بوونی حیزب و تماگرتن بە بێ ئیزن وەرگرتن لەم و لەو.!

پێنجەم، ئازاد بوونی کادرەکان و دەر بڕینی بیرو باوەڕ بەئازادی وسەربەستی . .

. بەکورتی ئەو پێنج شتەی لە سەرو باسم کرد، دەتوانین بڵێم: بەرهەمی تێکۆشانی هەفدەمانگەی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بوو. کە لەترسی پێک هێنانی کۆنگرەیەکی خەیاڵی کە ئێمە لە بەیاننامەکەماندا ڕامان گەیاندبوو ئەحمەد تۆفیقی وەخۆ خستبووکەبارزانی ڕازی بکا بۆ گرتنی کۆنگرەی دووهەم، نەوەکوو ئێمەکۆنگرە بگرین .

ئەگەر کەسێکی خاوەن ویژدان، دادپەروەرانە ئەو پێنج شتەی کە لەسەروو بە سادەوساکاری باسم کرد، هەلی سەنگێنێ و بەراوەردێکی بکات. بۆی دەر دەکەوێ کە لەڕاستی دا ئێمە نەک هەر حیزبمان ساخ کردەوە، بەلکوو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانمان دروست کرد. حیزبێکی کە تەنیا ئەحمد تۆفیق بوو، کەسی تر. حیزبێک بوو بێ پڕۆگرام و پێرەو بێ سەربەخۆیی، بێ کۆمیتە

ناوەندی، بێ چوارچێوی سیاسی و دەرهەم و بەرهەم و دەرب و داغان و . . . هتد.
لەڕاستی دا ئەو هەڵڵاو بەزمەی کەبەکورتی باسم کرد، ئەوکۆنگرە دووەی کە بە هۆی ئەحمد تۆفیق دروست ببوو پێک هات، کە ئەویش بەتێکۆشانی لەڕادەبەدەرو ئەو خەبات و بەربەرەکانیە تووندو تیژە بێ وچانە دەژمێردرێ .
هەر چەند کۆمیتە ناوەندێکی ئەوتۆ هەڵ نە بژێردرا بووکەبتوانێ رێبەرایەتی حیزبێکی وەک حیزبی دێموکرات لەکوردستانی رۆژهەڵات بکات، بەڵام باشتر بوو لەوەی تاکە کەسێک بەبێ چوارچێوەو بەسەر ڕۆیی بەرێوەی بەرێ .
ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی بێجگە لەکاک سەدیقی ئەنجیری و کاک سولەیمانی موعینی و دووکەسی تری کەبەنهێنی لە تاران هەڵبژێردرابوون، ئەوانی تر ئەو لێ وەشاوەیی و زانیاریەیان نەبووکەبتوانن رێبەرایەتی حیزبێکی سیاسی بکەن.
من"کاک نەحۆی شکاک "م نەدیت بووکەبۆ ئەندامی ناوەندی هەڵبژێرا بوو. وەک باسیان دەکردو بۆیان گێڕاومەوە، مرۆیەک بوو دەیتوانی لەداهاتوو دا لەباری زانیاری سیاسی پێ بگاو خۆی پەروەردە بکا.
کاتێک من هاتمەوە لای برادەران، ناوبراو چوو بۆوە ئێران بۆکارو تێکۆشان. بەداخەوە ناوبراو لەگەڵ چوارکادرو پێشمەرگە، لەلایەن ژاندارمە چەنگ بە خوێنەکانی ڕژیمی ئێرانی شەهید دەکرێن و نەگەڕانەوە بیان بینم. روحیان شادو یادیان پیرۆزبێ.
بەکورتی دەکرێ بلێین؛ بۆهەڵبژاردنی ئەندامی کۆمیتەناوەندی، لەوچەندکەسەی باسم کردن، ئەوانی تر ئەومایەیان تێدا نەبوو کەجێگای دڵ خۆشی و هیوا بن بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.
بە قەولی کاک سەدیقی ئەنجیری گوتەنی:
- "بەداخەوە کورد بێکەسە، زاناو دڵسۆزی تێکۆشەریش لەمەیدان قاتە"

## ژیان و تێکۆشانی نوێ.

دوای ئاشت بوونەوەو وەرگرتنی بەرپرسایەتی مشاوەرەتی کۆمیتە ناوەندی، لە دابەشکردنی کاری تەشکیلاتی دا، ناوچەی نەغەدە و شنۆیان پێ ئەسپاردم کەکاری سیاسی و تەشکیلاتی تێدا بکەم . بەدڵێکی خۆشترو هیوای پتر لەپێشوو دەست بەکاربووم. لەباری خەت وڕێبازیشەوە دەستمان ئاواڵەتربوو. چونکی وەک حیزبێکی سیاسی ببووینەخاوەنی پەیڕەو پڕۆگرام. لەوەش باشترکۆنگرە گرینگی یەکی تری بەکارەکانی دابوو، هەڵگرتنی درۆیشمی « یەکێتی، خەبات، ئازادی، سەربەخۆیی ببووە جێگای دڵخۆشی پترو، هاندان بۆ ئاکتیوتربوونم.
دەبوایە بەرەولای باڵەکایەتی و زینوێ شێخی وەرێ کەوم. منداڵەکانم لەگوندی هێرۆ بوون. مەلارەسوڵی پێشنماز لەتەنیشت ماڵی خۆایان خانوێکی بچوکی هەبوو( پێم وایە جێگای قەلوو مریشک و شتی وابوو) هێندێکم خاوێن کردەوەو منداڵەکانم تێدا دابین کردن و بەخوشکە بەسێ خێزانی مەلا رەسوڵم ئەسپاردن . لە سونێ دووپێشمەرگەی ئازاو شارەزای لای سندوس بەنێوی خانە لێتان و سمایل لێتانم هەڵگرت و بەرەو باڵەکایەتی وەرێ کەوتین. خانە و سمایل و سەعدون و سێمان لێتان زادەی دوو بنەماڵەی کەریم لێتان و مەولود لێتانن . وەک خزم و کەس و ئامۆزاو برازا بنەماڵێکی گەورەن و پێشتر خەڵکی شامات و محاڵن، ئاوارە بوون لە ناوچەکانی شنۆ و سندوس نیشتەجێ ببوون . کاتی خۆی دەورانی موسەددیق بەربەرەکانی دژی دەرەبەگایەتی ئاوارەیی کردبوون . ماڵی بنەماڵەی لێتانان بنکەی کادرەکانی حیزبی دێموکڕتی کوردستان بوون، بەتایبەتی مالی کەریم لێتان و مەولود لێتان . لە دەستگیری ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی هەردوکیان سێ،چوار گیران و شکنجە کران . دوای هاتنم بۆدەرەوە بیستمەوە کە ئێستا نەماون و کۆچی دواییان کردووە ، روحیان شاد بێت و ڕێگایان بۆ کەسوو کاریان درێژەی بێت .
ئەوەمان لەبیرنەچێ کەشەڕی مان و نەمان لەنێوان کوردو دژی کورد، واتەکۆماری عێراق و شۆڕش لەو پەری توندو تیژی دابوو. ڕژیم بەو پەڕی

ناپیاوی و بێ بەزەیی شارو دێهاتی کوردستانی بۆم باران دەکردو باغ و باغات وکێڵگەو دارستانی دەسووتاندو ماڵ و منداڵی کوردی هەژاری ئاوارە دەکرد .
دوای پشوودانێک لەزینوێ شێخی، شەوێکی شۆر بووینەوە دیوی سندوس وشنۆ. پاش گەشتێکی دە دوازدە ڕۆژی لەناوچەی سندوس و دیداری دووبارەی برادەرانی کۆن نوێ و ڕێکخستن و پتەوترکردنی کۆمیتەکان پەرینەوەو چوینە ناوچەی شنۆ.
لەو ناوچەیە، حامید خانی زەرزا بۆخەڵکی شنۆ ببووە باسی ڕۆژ. ناوبراو چوار پێنج کەسی لەخۆی هاڵاند بوو خەریکی چەتەیی وتاڵانکردن و لێدان و کوتانی ڕەش و رووتی لادێ یەکان بوو. دوای هێندێک کار لە ناوچەی شنۆ، خەڵکی ناوچە بەگشتی لە چەنگی حامیدخان هاتبوونە زاڵە. لەلایەن کۆمیتەی شاری شنۆ هەروەها کۆمیتەکانی دێ، گوشارێکی زۆریان هاویشتبووینە سەر و دەیان گوت:
- ئێوە کەحیزبن و پێشمەرگەتان هەیە، ئەگەر نەتوانن چاری کابرایەکی چەتەمان بۆ بکەن؟ ئێمە قوری کوێ بکەینە سەرمان. حامیدخان هەر شەوەی بەسەر ماڵێکی دادەداو سوروساتی لێدەستاندن و جەریمەی دەکردن. منیش نەم دەتوانی بەبێ بڕیاری سەرووکارێک بۆ و خەڵکە بکەم و هەنگاوێک هەڵێنمەوە. هەرچەندی شێرو ڕێویم بۆ دێنانەوەو رێ و شوێنم بۆ دادەنان و ئامۆژگاریم دەکردن کەچبکەن بێ فایدە بوو. لە وەڵامدا دەیان گوت: دەتەوێ لەگەڵ حامیدخانمان بکەیە تەڕەف و شەوێ بێ وەک حاجی شەریفی شاوانێ کوڕمان لێ بکوژێ؟!
حاجی شەریف پیاوێکی مەڕدارو دەوڵەمەندی شاوانێ بوو. حامیدخان دوو سێ جار دەنێرێتە سەرحاجی، پووڵ و رۆن و جەریمەی بۆ بنێرێ، بێ وەڵام دەمێنێتەوە.
شەوێک دەچێتە سەریان و کوڕی حاجی لێیان وەدەست دێ و دەیکوژن. بە کوشتنی ئەوکوڕە خەڵک چاویان ترسابوو پێیان وابوو هەرکەس وەڵامی نەداتەوە دەکوژرێ.
منیش دیارە وەک پرنسیب دەبوایە بە سەروی حیزب ڕاگەیەنم بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەن. بەڵام کاتێک کوژرانێ کوڕی حاجی شەریفیان بۆ گێڕامەوەو ئەندامانی کۆمیتەی شار کوری حاجی شەریفیان وەک لایەنگری حیزب نێو

دەبرد، داوای سەزای حامید خانیان کرد. دەکرێ بلێم شوێنیان لەسەر دانام و کەوتمە ژێر تەئسیریان. لەگەڵ کۆمیتەی شار بڕیارمان دا بەگرتن یان تەمبێ کردنی ناوبراو بچینە سەریان. پێشمەرگەیەکی نێوخۆیان رەگەڵ خستین. منیش لەگەڵ ئەودو پێشمەرگانەی لەگەڵم بوون، کەوتینە پێ وشوێنیان . رێنوێنیان کردین و گوتیان شەوانە حامیدخان و دەستەکەی دەچنە سەر ئەم و ئەو جەریمەیان دەکەن و دەوروبەری پارشێویّ لە هەر شوێنێک بن، دێنەوە نێو بەردەکانی دۆڵی ( خوری شۆیە) ئێمەش هەر سەر لە ئێوارێ خۆمان گەیانەدە نێو ڕەوەزە بەردەکان و بەرێنوێنی شارەزای ناوچە هەمووڵایەکمان پشکنی . کتری وچادانی چەتەکانمان دیتەوە. زانیمان کەلای پارشێویّ دەگەرێنەوە ئەوێ. بڕیارمان دا پێش ئەوەی بگەنە بەردەکان دەنگیان بدەین و داوای تەسلیم بوونیان لێ بکەین. ئەگەر بلێین پێشمەرگەین لەسەتا سەت خۆیان بەدەستەوە دەدەن و چەکیان دەکەین و لەگەڵ خۆمان دەیان بەین بۆ و دیو. هەڤاڵانیش بۆخۆیان چۆنیان بڕیاردا باوا بکەن. ئەگەر دەستیشیان نەدا، لانی کەم بۆ رزگار کردنی دانیشتوانی ناوچەی شنۆیە و دەشتەبێڵ، لەچەنگی چەتەیی و تالانکردنی حامیدخان، ئەگەر سەریشمان تێدا بچێ ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆمان بەجێ دێنین.

بە ڕاستی ئەگەر رۆژی پێشتر مرۆیەکی خاوەن ویژدان لە گوندی دووڕبە، چاوی بە فرمێسک هەڵوەراندنی سەید ....کەوتباو گوێی لە قسەکانی بایە، کەچۆن شەوێ حامیدخان هێناویەتە دەرێ لەنەردیوانی بەستووەو ئاوی ساردی پێدا کردوەو دارکاری کردوە بۆ ( تەنەکە رۆنێک ) یان چۆن شەوانە چۆتە سەرخەرمانان و جێخونی خەڵکی ڕاداوەو دەیان شتێ تری دوور لەرێ و شوێنی مرۆڤایەتی کردوە، لەسەتا سەت بڕیاری تووندوتیژتری لەسەر دەدا. ئەوانەو بڕیاری کۆمیتەی شار، جگە لە فیداکاری و رزگاری خەڵک، رێگایەکی دیکەی بۆ نە هێشتبووینەوە. ئەوە بوو شەوێ بەرنامەی خۆمان لەسەر بریاری کۆمیتەی شار ساخ کردەوەو تەمای خۆمان گرت کە بە هەر نرخێک بێ دەستی حامید خان لەسەر خەڵک کورت کەینەوە.

مانگە شەوێکی خۆش بوو. پیادەو شەورۆ و ئەو رێبوارانەی لارێ دەرۆین بە باشی لێک مان دەکردنەوە. لەو کاتەدا لە نێو گوندی بێژاوێ بوو بە تەقەو تەقەیەکی گەرم. زانیمان تەقەی ژاندارمەیەو رۆژی پێشتر ئێمەیان لەو دەورو بەرە دیوە و پێیان وابووە ئێمە شەوێ لە گوندی بێژاوێین و بەو تەمایە هاتبوون

بمانگرن!!
ئێمە نەمان دەزانی حامیدخانی زەرزا لەکوێ یەو چۆن دەکرێ ببیینینەوە. بەرێکەوت ئەو شەوە حامید خان هاتبۆوە ماڵێ خۆیان لە بێژاوێ کە بەیانیش بچێتەوە شاخی. کاتێک دەورو بەری کاتژمێری ٤ی بەیانی بوو بەتەقە، تاوێک بەسەر تەقەکەدا تێپەڕی یەکێک لەلای بێژاوێ ڕا بەغاردان بۆلای ئێمەهات و چەکیشی پێ بوو. دورونیزیک دەنگمان دا ؛ کورە کێی؟ ڕاوەستە بزانین . . . بۆڵێکی لێهات گوتی:" لەلایەک بەجێم دێڵن، لەلایەکیش کوڕەکێم پێ دەڵێن؟!

ئێمەی لەگەڵ حامید خان لێ تێک چووبوو، وای دەزانی دەستەی خۆیانین. جارێکی دیکەش دەنگمان دا ڕانەوەستا خانەلێتان کەوەک پێشمەرگەیەک لەگەڵ من بوو. بۆترساندنی کابرا، تەقێکی کردو. کابرا ڕاوەستاو چەکمان کرد. ئەو پیاوە نێوی مام ئۆمەرو پیاوی حامیدخان بوو. ناوبراو داستانی لەماڵ بوونی حامیدخان و هاتنی ژاندارم و دەرباز بوونیان لەدێی بۆ گێڕاینەوە. مام ئۆمەرمان لە کونە بەردێک کردو بۆخۆمان لەولاتر چاوەروانی داهاتوو بووین. چونکە دەمان زانی هەڵەکاری خانەلێتان بەو تەقەیەی کردی کارێکمان دەداتە دەست.
بەرەبەرە هەوا ڕووناک دەبوو. وەک خیزو خۆڵ ژاندارم و سەرباز لەلای بێژاوێ بەو بەرەو بەری دۆڵێ خوری شۆدا، بەرەو سەروو بۆلای ئێمە دەهاتن. جێگای ئێمەش، واتە(خوری شۆ) بنارو بن بەستی ئەو دۆڵە بوو. بە هەردوک لای دۆڵەکەدا بۆگەمارۆی ئێمە وەرێ کەوتبوون. ئێمە کە پشتمان بە چیای ( گەلاّزەوە) بوو، ترسمان نە بوو. وردە وردە بۆ پشتەوە پاشە کشەمان کرد. لەپڕ ڕا دیمان ژاندارمێکی دەپازدە کەسی لەلای گەلاّز ڕا بەرەو ئێمە دێن. ئێمە پێمان وانەبوو لە پاسگای لای گەلاّز ڕا داوای یاریدە دەکەن و ئێمە دەکەوینە گەمارۆیان.
ئەو بێ دیقەتی و ناشارەزاییە بەئاشکرا مەرگی هەمووومانی تێدا دیار بوو. ناچار بەرەو خوری شۆ، گەڕاینەوە. چونکە لەوێمان قایمتر دەست نەدەکەوت. حیسابمان کرد هەمومان نیزیک ٣٠٠ فیشەکمان پێ بوو. لە سەعات پێنجی بەیانی ڕا نەمان دەتوانی خۆمان لەبەر ئەو لەشکرە ڕاگرین و بەرگری لەخۆمان بکەین. بۆ هیچ لایەکیش دەرباز بوونمان نەبوو. ئەوەی نێوو رەمزو شتی تەشکیلاتی بوو لە بن بەرێک دا شاردمنەوەو خۆمان بە قەزاوقەدەر ئەسپارد. لەو کاتە

پارتیزانەکانی وێتنامم وەبیر هاتبۆوه که چۆن ئاڵقەی گەمارۆیان شکاندوەو خۆیان دەرباز کردوه. لەپڕ شتێکم بە بیری دا هات و وەک پێشنیار بە برادەرانم گوت :

– پێمان خۆش بێ و ناخۆش بێ، ئێمە گەمارۆ دراوین و دەرباز بوونمان بە شانسە. ئەوەندە فیشەکەی هەمانە نامان گەیەنێتە ئێوارێ. واباشە ئێمەکڵاوو پێچەکانمان لە نێو ساکەکانمان بنێین و بەو دۆڵەدا بەرەو بێژاوێ برۆین. ژاندارمەکان لەو بەرەو بەری دۆڵەکە وادەزانن ئێمە لە خۆیانین و تەقەمان لێ ناکەن. تا بەدوربین دەروانن و بە بێسیم لێکتری دەپرسن، ئێمە دەگەینە نیزیک بێژاوێ و بە دۆڵی دەستە چەپدا لێ یان نەدیو دەبین و، وەسەر دەکەوین. لەوپێشنیارە بەولاوە هیچ رووناکایی و دەرباز بوونێکی دیکەمان شک نەدەبردو دەبوایە دەست بەکار بین. جگە لە یەکێکیان، ئەوانی تر ئەو پێشنیارەیان لێ وەرنەگرتم. من و سمکۆ خۆمان ئامادە کرد بۆ رۆین دەست بەکار بین. کاک خانەلێتان « شێرزاد »کە لەبن بەردێک دامەزرابووگوتی:

– دەبێ لەبن ئەو بەردە کەللەی زۆران بپژێنم، دوایەش یادەکوژرێم، یان دەرباز دەبم.

کاتێک کە دیتی ئێمە ئامادەی رۆینین و گوێ نادەینە ئێحساساتی ئەو، هەستا سەرپێ وگوتی: مادام گیر نابی و وات پێ باشە دەبێ منیش لەگەڵ تۆ بکوژرێم. ئەوانیش ئامادە بوونی خۆیان بۆ رۆیشتن دەر بڕی. پێچ وکڵاومان دەرێنان بەسەر رووتی بە نەدیوێکدا چوینە خوار. تفەنگەکانمان لەسەر شانمان داناو کەوتینە سەر رێگا. وەک عەجەمان بەدوای یەکتردا ریزبووین و بەرەو بێژاوێ کەوتینە رێ. ئێمە لە  ژاندارمەکانی لای چەپ نەدیو بوین. لای ڕاست جارجار ڕادەوەستان چاوێکیان لێ دەکردین و دوایی درێژەیان دەدا بە ڕۆین بۆلای ئەو رەوەزانەی پێشتر ئێمەیان لێ دیبوو. پێیان وابوو ئێمە لەو تاقمەی ئەوبەرین و بەکار بەرەو شنۆ دەگەرێینەوە. گەڕانەوەی چەکداری غەیرە دەوڵەتی بەرەو شنۆ و بێژاوێ بۆ ژاندارمەکان هەرگیز جێگای باوەر نەبوو. ئێمە لە نیوەی مەترسی ڕەت بووین گەیشتینە دۆلی نەدیو. بەرەو ژوور تێهەڵبووین و بە چارەگە سەعاتێک سەرکەوتین. پێم وایە بەو چارەگە سەعاتە رێگای پتر لەیەک سەعاتمان بڕی و بۆی دەرچووین. لەژیانمدا دەیان هەڵات هەڵات و بڕۆم دیوە، بەڵام قەت ئاوا نەترساوم. بەڕاستی لە مەترسیەکی گەورە رزگاریمان ببوو، گیانی خۆمان رزگار

کرد. زۆرجار برادەران وەبیریان دێنامەوەو دەیانگوت:
- رزگار بوون و ژیانی ئێستامان لە تۆ دەزانین.
ئێمە خۆمان گەیاندە کێوەکانی پشتی حەڵبێ وکۆیکان و لەوێڕا بەدووربین سەیری ژاندارمەکانمان دەکرد، کە گەیشتبوونە ڕەوەزە بەردەکان و کۆ ببوونەوە.
شەوێ کاتی تەقەکە حامیدخانی زەرزاو هاورێ چەتەکانی دەربازببوون و گەیبوونە شاخی و لەچەنگ ژاندارم رزگاریان ببوو. ئێمەپاش بەجێ گەیاندنی بڕیاری کۆمیتەی شاری شنۆ، ناردمان بە دوایاندا. دوای بەسەر هاتی خۆمان، پێمان گوتن واخۆمان ئامادە کردوەو دەرۆینەوە، جاریکی دیکە بۆ و کارە دێینەوەو ئێوەش ریزە کارێکتان پێ دەسپێرین دەبێ بە هۆی ئەندامان لەگوندەکان ئەنجامی بدەن. واتە؛
لەناوچەی شنۆ، بەهەموو شانەکانی دێ ڕابگەیەنن و بە بەر بڵاوی لەو ناوچەیە بڵاوی بکەنەوەو بڵێن: پێشمەرگێکی زۆر بە نهێنی لەناوچەی شنۆ لەحامیدخان دەگەڕێن بیگرن و بۆ خەڵکەی تەمبێ بکەن. هەروەها پێ یان بڵێن: بیستوومانە پێشمەرگەکان تائەوکارە جێ بە جێ نەکەن ناوچە بەجێ نایەڵن و ناگەڕێنەوە.
ئەگەر بێتوو ئەو دەنگۆیە باش بڵاو بێتەوە حامیدخان پیاوێکی ترسەنۆکە ئەوە بزانێتەوە، لەسەتاسەت یان بەیەکجاری دەروا و خۆی بەدەستەوە دەدا، یان ناوچەی شنۆ بەجێ دێڵێ و تاماوەیەک نایەتەوە . ئەوکات ئێمەش دێینەوە بۆگرتنی.
دوای کۆبوونەوەو ئەو ڕاسپاردەو پلانانە ناوچەی شنۆمان بەجێ هێشت.
پاش بڵاوکردنەوەی ئەو پروپاگاندە ، پێش بینیەکەمان دروست لەئاوهاتەدەر. حامیدخانی زەرزا، بە بیستنەوەی هاتنی پێشمەرگە وگیرانی پیاوەکەی مام ئۆمەر ، ناوچەی شنۆ و دەشتەبێڵ بەجێ دێڵێ و هەڵدێ خۆی لەکۆشی چیچۆی حاتەمی داوێ کەچارێکی بکات. چیچۆش کەکارو پیشەی جاسووسی وکیسە کێشی بۆ رژیم بوو، حامیدخان ودارو دەستەکەی لەورمێ تەسلیمی حکومەت داکاو بیستمان لەزیندانی دەریای ورمێیە و تاڕووخانی رژێمی پاشایەتی ئازاد نە ببوو.
بەخۆ بەدەستەوە دانی حامیدخانی زەرزاو داروەدستەکەی ، رەش و رووتی ناوچەی شنۆ حەسانەوەو ئێمەش جارێکی دی نەهاتینەوە بەدوای ئەوکارە دا.
ژاندارم کەزانیبوویانەوە پێشمەرگە لەناوچە دایە، شەوانە رێگاکانیان دەگرت.

ناوچەکە بۆ هاتووچۆ ناخۆش ببوو. ناچار کارەکانم بە نیوەچڵی بەجێ هێشتوو بەرەو کوردستانی عێراق خۆمان ئامادەکرد بگەڕێینەوە. لە نێوان باڵاگیرو کۆنەقەڵا هەواڵیان دامێ، کە زارای خێزانم لەگەل شێواوی کچم هاتوونەتەوەو ئێستا لەگوندی ئاڵیاوێن. هەرچەند وەزعی ناوچە زۆر شێوابوو، بەڵام دەبوایە سەرێکی ئاڵیاوێ بدەم و بزانم چ بووەو لەبەرچی منداڵەکان هاتوونەتەوە. ڕێگامان خستەگوندی ئاڵیاوێ و لامدا. چاوم بەزارای خێزانم کەوت و بۆی گێرامەوە کە دوای من فرۆکەی عێراق هاتوون گوندی هێرۆیان بۆمباران کردوە. مەلا رەسوڵی پێشنمازیش بەهۆی خزمێکی خۆیان منداڵەکان دەنێرێتەوە سابڵاغ ولەوێش هاتۆتەوە ئاڵیاوێ ماڵی بابیان.

ناوچەی شنۆ و سندوس بەهۆی تەقەو بوونی پێشمەرگە ئەوەندە ئاڵۆزو پشێو ببوو، هەرچەندی بیرم لێکردەوە لەوهەراو شێواویەدا بۆم نەدەکرا منداڵەکان لەگەڵ خۆم بەرمەوە ئەو دیو. ناچار منداڵەکانم بەجێ هێشت و هەر ئەوشەوە بەرەو زینوێ شێخی کەوتینە رێ و بۆ بەیانی لە بارزین سەرکەوتبووین و سەر بەرەو ژێر بەرەو ئاڵانێ و خەلان، داگەڕاین و چەند ڕۆژێک لەلای دۆست و ئاشنایان ماینەوە. دوایی لە وێڕاچووینەوە بنکەی ناوەندی واتە، گوندی سونێ و ڕاپۆری کاری نیوەچڵی خۆمان داوە بەکۆمیتە ناوەندی و هۆی نیوە چڵ بوونی کارەکەمان کە ڕاونانی حامیدخانی زەرزابوو بەدوورو درێژی بۆ باس کردن و لەچۆنیەتی کارمان ئاگادار کردن.

برادەران وێڕای پەسند کردنی، بەکارێکی شۆرشگێڕانەو باشیان زانی.

## بەرەو باڵەکایەتی لەگەڵ کاک سەدیق ئەنجیری.

کاک سەدیقی ئەنجیری ئازەر! پێشنیاری پێ کردم سەرێکی لای باڵەکایەتی بدەین. منیش لێم پرس؛ لەبەرچی دەچین؟ دەکرێ پێم بڵێی؟ نابراوگوتی:
– پێم باشە ماوەیەک لەگوندی سونێ دورکەوینەوەو ئەگەر بکرێ دیدەنیەکی مەلامستەفاش دەکەم. خۆمان سازکردو کەوتینە ڕێ. لەڕێگازۆر دڵخۆش بوو بەوەی بارزانی ببینێ و هێندێک مەسایلی سیاسی ڕۆژ هەبوو لەگەڵی باس بکات. کاتێ ڕاوێژی لەگەڵ من دەکردو من وەڵامی پرسیارەکانم دەداوە، پێیدەگوتم تۆ خۆش بین نی، بۆیە وابیر دەکەیەوە. وام بۆ دەرکەوت بارزانی بەلێنی شتێکی پێدابوو بۆیە زۆری لێدەکۆڵیەوە بزانێ خوو خدە و بیروبۆچوونی بارزانی لەسەری چیە؟ من ئەوەی دیبووم و دەم زانی وردە وردە دەهاتین و بۆم دەگێڕاوە. زوو زوو دوپاتی دەکردەوە کەدەبێ بارزانی ببینێ و بەقەولی خۆی ئەوەی لەگەڵ کاک فایق بڕیاریان لەسەرداوە بە مەلامستەفای بڵێ. بۆم دەرکەوت لەگەڵ کاک فایق هێندێک بڕیارات و شت هەیە کاک سەدیق دەیەوێ بەمەلامستەفای ڕابگەیەنێ.
سەرئەنجام دوای حەوت هەشت سەعات ڕێگا ڕۆیشتن لەهەورازی گوندی وەسانێ سەر بەرەوژێر بوینەوەو بۆشەوێ گەیشتینە گەلاڵێ و بەیانی هاتینەدەربەندی باڵەکایەتی. کاک سدیق لەو سەفەرەدا نەیتوانی بارزانی بیبینێ. دوایی چووین شوێنێک بدۆزینەوە بۆماوەیەک لەگەڵ کاک صدیق لە وێ بمێنینەوە. لە دۆڵێکی سەروی گوندی دەربەند کۆخێک مان لەکاک عەبدووڵای خەزوری مەحموود خەیات وەرگرتبوو، پترلە ٦مانگی تێدا بووین. بەدوو سێ ڕۆژ جارێک دەهاتینە نێو گوندی دەر بەندو پێویستی خۆمان دەکری و دەچوینەوە ئەوکۆخە هاوینیە، خۆمان خەریکی موتالا دەکرد. بەکورتی زستانەکەمان لەو کۆخەدا بردە سەر. مەگەر کادرێک یان میوانێکی ئاشنامان هاتبا دەنا لەو دۆڵە چۆلە کەس نەیدە دیتینەوە، ئەویش دەبوایە یۆنس لەگەڵیان هاتبا دەنا نەدەدیترانەوە. من بەڕۆژ دەنوستم و شەوانەش دادەنیشتم گوێم هەڵدەخست وکتێبم دەخوێندەوەو ئاگاداریم لەخۆمان دەکرد کە نەوەکوو شتێکی ناخۆش ڕوبداو بەڵایەکمان بۆ بێتە پێش.

لەو زستانێدا لەسەر داوای کاک سەدیق سەفەرێکی تارانم کردو پەیوندیەکم بۆگرت. لەوکاتەیدا کە لە ماڵی کابرای هاورێی کاک سەدیق دەگەڕام، تووشی حەسەنی نەغەدەیان بووم. نازانم بۆچی لێی نەترسام. ناوبراو چووبۆوە خۆی تەسلیم کردبۆ وە نەگیرابوو. هێشتا هەر بڕوام پێی بوو. دوای ئەوەی یەکترمان ماچ کرد گوتی: لێم ناترسی بەگرتت بدەم؟ یان تۆش خۆت تەسلیم کردۆتەوە؟ گوتم ناحەسەن گیان ! ناترسم بەڵام پێم بڵێ کاتێ هاتیەوە بەڵێنی هاوکاریت پێ داون یان نا؟ لەوەڵامدا سوێندی خوارد خەیانەتی نەکردوەو گوتی: ئەورۆ دەچمەوە سابڵاغ پاش چوار ڕۆژی دیکە دادگایی دەکرێم. گیران و ئازاد بوونم لەو دادگایەدا دیاری دەکات .

دوای حەوتوێک کە من لەتاران گەڕامەوە. لە دەورو بەری مەهاباد بیستم حەسەن دادگایی کراوەو بە ناحەق دووساڵیان زیندان بەسەردا بڕیوە . بە وەرگرتنی ئەو هەواڵە، ڕاستی و دروستکاری ناوبراوم پتر بۆ دەر کەوت. کاتێ هاتمەوە لای کاک سەدیق و پەیام و هەوالی ئەولام بۆ هێناوە، پێی وابوو هەموو دنیایان داوەتێ. گەلێک جار وەبیری دێنامەوەو دەیگوت: قەتم پیاوەتی تۆ لەبیر ناچێ.

ڕۆژێکی کاک سەدیق سازبوو بچێ سەرێکی بارزانی بدات. من و خانەلێتان لەگەڵی وەرێ کەوتین. ئێوارێ گەیشتینە « مامەرووت » مامە رووت ئیستگەی رادیۆ کوردستانی لێ بوو. لەسەر ناسیاری کاک سەدیق بووین بە میوانی کاک خالید حیسامی. کاک سدیقی ئەنجیری نامەیەکی بۆ بارزانی نووسی و داوای دیداری لێ کرد. شام مان خوارد وەڵامی نامەکەی نەهاتەوە. کاک سەدیق داوای لە من وخانە لێتان کرد ئێمە بگەڕێینەوە . پێم وایە لەبەر ئەوەی بوو نەیدەزانی کەنگێ وەڵامی مەلاقاتی لای بارزانی دەدرێتەوە. بۆیە پێی داگرت ئێمە بگەڕێینەوە. یان لەبەرئەوەی بوو لەو ئەشکەوتەی کاک خالیدی لێ بوو، شتومەک و کەل و پەلی نوستن و جێگاو ڕێگا کەم بوو بۆیە ویستی ئێمە بگەڕێینەوە . هەر چەند زۆرمان پێ ناخۆش بوو بەوشەوە بگەڕێینەوە، بەڵام لەبەر دڵی کاک سەدیق چارە نەبوو دەبوایە بەجێی بێڵێن. بەکاک خالیدی حیسامیم ئەسپاردو شەوێ گەراینەوە دەربەند. دووسێ ڕۆژمان چاوەروانی کرد، کاک سەدیق نەهاتەوە. لەو ماوەیەدا بێ نێوەدان تەیارەکان لەبەیانی ڕا دەهاتن بنکەی ڕادێۆێ و سلسلە کێوی مامەرووتیان دەکوتاو بۆمبارانیان دەکرد. بەهەر

ترس و لەرزو پەناو پەسیوێکدا بوو، خۆم گەیاندە مامەرووت. کاک خالیدم دیتەوەو پرسیاری کاک سەدیقم لێکرد. نازانم بۆ بەپرسیارکردنی ئەنجیری کاک خالید تێک چوو. دوایی گوتی:" پێرێ کاک سەدیق لەلای بارزانی گەڕاوەو فەرمووی دەچم لەسەر ئەو ئاوە خۆم دەشۆم تەنانەت بۆخواحافیزیش نەهاتۆتەوە"
دوایی لێی پرسیم: بۆچما نەهاتۆتەوە؟! کاتێ من گوتم نا. دیسان کوتی:
- رەنگبێ بۆ سەفەرێکی دوور ڕۆیبێ!
لەجەنگەی پرسیارو وەڵامدانەوە، هاڕەی تەیارەو بۆم باران، باسەکەی لێ شێواندین هەڵاتن و خۆشاردنەوەو ڕاکردن بۆ بن دەوەنان هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە.
بەنێو دارو بەردو دەوەناندا خۆم دەربازکردو هاتمەوە دەربەند. پتر لەحەوتوێک چاوەروانی کاک سەدیق بووم هیچ هەواڵێکی نەبوو. نامەیەکم بۆ کاک سولەیمان نوسی و لە چوونیەتی کاک سەدیق و مانەوەی لە لای کاک خالید حیسامی و چونەوەی دوبارەی من بۆلای کاک خالید و وەڵامی نابراو و.... گشتم تێدا گونجاند.
داوام لە کاک فایق کرد کە بۆ پتر رون بوونەوەی ئەومەسەلەیە سەرێکی باڵەکایەتی بدات و لەسەر رێگاپرسیارێک لەکاک خالید بکات، بەڵام نابێ شەوێ لەوێ بمێنیتەوە. دوای چەند ڕۆژێک کاک سولەیمان هاتە دەربەند. گوتی:
چوومەتە مامە رووت و مەسەلەی وون بوونی کاک سەدیقم لەخالیدی حیسامی پرسیوەو دەڵێ:
- رۆژێک کاک سەدیق گوتویەتی کیسەکەم بۆ پڕکە لەتووتن، من سەفەرێکی دوورو
درێژم لەپێشە. دوایی خواحافیزی کردوەو رۆیشتوەو...هتد
کاتێک من وکاک سولەیمان وەڵامەکان و قسەگۆڕی کاک خالیدمان لەگەڵ یەکتر بەراورد کردن، هاتینە سەرئەو ڕایە کەکاک سەدیق شتێکی بەسەر هاتوەو خالیدیش دەزانێ و بێ ئاگا نیە. ناوبراو یان دەترسێ و ناوێرێ پێمان بلێ. یا ئامادە نیە ئەو ڕاستی یەمان لەگەڵ باس بکات.
دوای ڕاوێژ لەگەڵ یەکتر، پێمان وابوو کەدەبێ شتێک بنووسرێ و ٢٠٠ دانێکی لێ چاپ بکرێ و بینێرین بۆ دەرەوەی وڵات بڵاو بێتەوە. پێمان وابوو گیراوە، یان تەسلیمی ئێران کراوەتەوە. لەسەر ئەو باوەڕە بووین ئەونوسراوە بڵاو

بکەینەوەو داوا له کۆڕوکۆمەڵەکانی دەرەوە بکەین یاریدەمان بدەن. بۆئەوەی ئەگەر کاک سەدیقی ئەنجیری لەلایەن شۆرش گیرابێ، یان تەسلیم کرابێتەوەو لەزیندانەکانی ئێران دا بێ، بەبلاوکردنەوەی ئەو نوسراوە لەناو نەچێ و بمێنێ.
دوای یەکدوو مانگێک برادەرانی حیزبی شیوعی له چۆمیدا مەیتێکی بێ سەریان دیبۆوە و ئەو نیشانانەی بۆ کاک سولەیمانیان باس کرد بوو، کاک سولیمانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کەتەرمی کاک سەدیقی ئەنجیری بووەو کوژراوە. بەدوای بێ سەرو شوێن چوونی کاک سەدیق ئەنجیری و رووداوی تر، ئەوەندەمان رووداوی نوێ و ناخۆشی دیکە بۆ هاتنە پێش، رووداوە کۆنە دڵ تەزێنەکانی وەبن خۆی دا. کەوتینە ساڵی ١٣٤٥هـ ١٩٦٦ز، ماوەیەک بوو هیچ هەواڵ و سەروسەدایەک لەکاک عەبدوڵڵا( ئەحمەد تۆفیق )نەبوو. پاش پرسیار لەم و لەو بۆمان دەرکەوت کە له ناوچەی باڵەکایەتی نەماوەو چۆتەمەلبەندی بادینان لەگوندی کونەماسی نیشتەجێ یە. بڵاوبۆوە کەمەلامستەفا ناوبراوی دور خستۆتەوە. هێندێکیش دەیانگوت؛ لەسەر داوای خۆی چۆتە بادینان. دوای ماوێک بیستمانەوە کەناوبراو سەری لەبەغدا هێناوەتە دەر. کاک ئەحمەد چوونە بەغداکەشی وەک دورخستنەوەکەی بۆئێمەناروون بوو. عکس العمل پێشان نەدانی شۆرش وە ئەوە دەچوو دەستی خۆیانی تێدابێ کەبۆ بەغدایان ناردبێ. سەرئەنجام لەبەغدا دەگیرێ و، وەک هەمووگیراوێکی ونبووی کوردی باشوور بێ سەرو شوێن دەچێ و ئێستاش روون نیەچۆن کوژراوە. چونکە بەنوسراوە شتێک لەسەرگیران وکوژرانی نیە؟! چۆنیەتی وکارو باری کوردی کوردستانی رۆژهەڵات گەیشتە جێگایەک کەمافی هەڵگرتنی چەکمان نەبێ بێجگە له دەمانچەیەک. ئەویش بەدزی لەبەر پشتێنێ بنێین و دیار نەبێ. دوای ماوەیەک دەبوایە هەر چەکێکی هەمانە بچین (جەوازی) بۆ وەرگرین. ماوەیکی دیکەی بەسەر چوو بەگوییان هەڵێنایین کەئەگەر بکرێ لە، له بەر کردنی جلی پێشمەرگەش واز بێنین.
ئەو دەورانە بۆ ئێمە ناخۆشترین دەورانی پێشمەرگایەتی بوو له نێو شۆرشی کوردستانی عێراقدا. لقی جاسووسی و پیلانگێڕی سازمانی ئەمنیەتی ئێران بە نێوی « پاراستن » شەوو رۆژ دژی ئێمە له پێلانگێڕی ڕانەدەوەستا. هەمووی ئێمە ناسرابووین و تازە نەدەکرا نهێنی بین و خۆمان لەژێر چاوە دێری و وەدواکەوتن و هەڵنانی " پاراستن "بپارێزین. پاراستن، بە زاهیر بەبەرنامەی

میللی هاتبوە مەیدان. هەرکەسێک بە بیرو ڕاو بۆچوونی هێندێک لە بەرێوە بەرانی شۆرش نەجوولاباوە، دەکەوتە بەر هێرشی" پاراستن ". پاراستن" لە کەسانی دژی پێشکەوتنخواز پێک هاتبوو. بەزاهیر بەربەرەکانی کۆمونیزمیان دەکرد، بەلام لە ڕاستی دا وەک گویَ لەمست بەرنامەو فەرمانەکانی سازمانی ئەمنیەتی ئێرانیان بەکەسانێکی وەک «حەمەی عەزەدۆم و صدیق ئەفەندی و... بەرێوەدەبرد. لەخوارەوەش لەکەسانێکی وەک زەکی عەقراوی و غەزالی و ئەحمەدحاجی ... کەلکیان وەردەگرت. دەکریَ بلێم هێندێکیشیان لەناکۆکی ئێمە کەلکیان وەردەگرت. چونکە ئێمەش کەسانی وەک حەمەی عەزەدۆمان زۆر بوون.

لەسەرووی حیزب جگە لەسولەیمان موعینی وسەدیق ئەنجیری، ئەوانی تر مەسایلی سیاسی و قازانج و بەرژەوەندی گەل و حیزبیان ئەوەندە لەلا گرینگ نەبوو، زیاتر خەریکی سابوون لەژێر پێنانی کەسانی پێشکەوتووخواز بوون کە بەقەولی خۆیان مارکسیست بوون ! بەڕاشکاوی دەتوانم بلێم: حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک چۆن بۆخۆی حیزبێکی میللی دێموکڕاتیکە، کادرەکانیشی هەر ئەوە بوون، کەچی ئەو مرۆڤە کورت بینانە، بێکار دانەدەنیشتن و دەبوایە نێوێک بۆ و کەسانە بیبیننەوە کە بەلێ قوربانیان بۆ نەدەگوتن. هەمیشە ئەو حیزبەکادری پێشکەوتووخوازی وای تێدا بووە و بەربەرەکانی لەگەڵ کراوەو نێوی مارکسیستیان لەسەر داناوە. شتێکی کەئەو تیپە مرۆڤە کورت بیرانەی هێنابووە سەر ئەوڕایە کەنێوی جۆراو جۆر لەسەرکادرەکانی پێشکەوتووخواز دانێن ، بەتەنیامانەوەی خۆیان بوو، کەدەیاندیت لەنێوکادرەکانی هەلسووری نێو خەلک کەسیان بەدەورەوە نیە. لەڕاستی دا ئەو برادرانە « موفلیسی » سیاسی بوون. چونکە هونەرو غیرەتی چونەوەیان نەبوو نەیان دەتوانی بچنەوە نێو خەلک لەوکوردستانە پان بەرینەداکار بکەن. جگە لەهێندێک خزمی نیزیکی خۆیان، کەسێکی دیکەیان بۆلەمپەروپشتیوان و دلّ خۆشکەرەوەی داهاتوو شک نەدەبرد. بەڕاشکاوی دەکریَ بلێم؛ بیَ ئیمانی ئەوانەی هێنابووە سەر ئەو ڕێگایە کەبەربەرەکانی لەگەڵ ئێمەو مانان بکەن و بەنێوی مارکسیست! بەم و ئەومان بناسێنن. هەر ئەوانەش لەگەلّ « پاراستن » و ئەوانەی لە پاراسین نیزیک بوون، دۆستایەتیان دەکردن وکەندوکۆسپیان بۆ پێک دێناین و ڕاپۆرتیان لێدەداین.

بەکورتی ناکۆکی و دووبەرەکی بیرو بۆچوون، لەسەروی حیزب ڕا تادەگەیشتە

ریزی خوارو لەو پەڕی خۆی دابوو. ئەو ناتەباییە لەساڵی ١٣٣٣هە، ١٩٥٤ز، تائەوکات واتە ١٣٤٧هە ١٩٦٨ز، درێژەی هەبوو. هەروەها دەکرێ بڵێم لە دەست پێکردنی شۆرشی ئێران واتە ١٣٥٨هەتاوی ١٩٧٩زاینی، تائێستاش کە ساڵی ١٣٧٥ هە١٩٩٦زاینی یە، ناتەبایی بیرو بۆچوون، هەردرێژەی هەیەو نەپساوەتەوە. لەسەر ئەو بیرو باوەڕەم، تا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر ئەو خەتە جوێ نەکراوە تێکەڵ پێکەڵەی خۆی بێ، ئەو ناتەباییەش درێژەی هەیەو ناپسێتەوە. چونکە تائێستا لەدنیادا نەدیتراوەو نەبیستراوە، رێبەرایەتی پارتێک توانی بێتی کەسانێکی کەبیرو بۆچونی پێشکەوتووخوازیان هەیە، لەگەڵ کەسانێکی کەبیرو بۆچونی پاشکەوتووی خێڵەکیان هەیە، لەتەشکیلاتێکدا بە تەباو رەبایی رێک بخات و ناتەبایی لە نێوانیان دا نەبێ. ئەگەر رێکیشی خستبێ، هەر وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان رێکخستنێکی کاتی بووەو ناتەبایی بەردەوام هەبووە. لەخۆڕا نیە لەدەرەوەی وڵات هەرکەسە بۆخۆی لەدەوری حیزبێک کۆ بۆتەوە کە لەگەڵ بیرو بۆچوون و باوەری خۆی دێتەوە. بەڵام لە وڵاتی ئێمە، یان باشترە بڵێم لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، چاولێکەری و رەگەڵ قودرەت کەوتنە. کەمتر وایە خەڵک بۆخۆیان لەرووی پەیرەو و پرۆگرامەوە حیزبی خۆیان هەڵبژێرن و تاسەر بەئیمانەوە کاری بۆبکەن. یان بەخاتری بوونی خزمەکانیەتی لە تەشکیلاتێکدان، یان بەهۆی هاورێکانی، یان لەداخی ئەو تایفەو فلان کابرایە. یابەهێز بوونی فلان تەشکیلاتە بۆتە هۆی ئەوەی تێیدا کۆببنەوە.

ئەو رێو رەسم و چاولێکردنەی باسم کرد، بۆ تەشکیلات و کادرەکانی ئەو تەشکیلاتەی تێیدا کۆبوونەتەوە گیرو گرفت پێک دێنێ. پاش ماوەیەک وێکڕا کارکردن و یەکتر ناسین، ئەوناتەبایی و دڕدۆنگیەی لێ پێک دێ، کە من بۆخۆم لەساڵەکانی ڕابردودا لەنێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا دیومە.

هەر وەک ئاماژەم پێ کرد، ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆمیتە ناوەندی جگەلە سولەیمانی موعینی و سەدیقی ئەنجیری و یەکدوانێکی دیکە، ئەوانی تر یا بەرچاو نەبوون، یان جێگای موتمانەی کادرەکانی حیزب نەبوون. وەختایەکی کاک سەدیق بێ سەرو شوێن چوو، کاک سولەیمانیش بەتەنیا مابوو و دەبوایە پشتی بگیرێ بۆ ئەوەی لەحاستی ئەوانی تر پشتی وەهەردی نەکەوێ و درێژە بەکارەکانی بدات.

بەڕاستی هەر بەنێو حیزبمان هەبوو وکۆمیتەی ناوەندیمان مابوو. تابلێی لەق و لۆق بوو. کەس خەتی کەسی نە دەخۆێندەوە. هەرکەس چۆنی پێ خۆش باو بۆ کوێ چووبا دەیتوانی وابکا. ناتەبایی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی، بەتایبەتی سەرنەوی کردن و لامەلامە کردن لەکەسانی وەک حەسۆ و لەویش خوارتر، کاریان گەیاندبووە جێگایەک پیاو بێزی لەخۆی هەڵدەستا. هەروەها خۆ بێ تەفاوەت نیشان دانیان لەحاست ئەرکی سیاسی و تەشکیلاتی بۆهەمووکەس روون ببۆوە کەشیاوی بەرێوەبەری حیزب نین. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەودوو بیرەی لەسەروو باسم کرد، گەیشتبوە جێگایەک تەنانەت بۆ دەرکردنی بەیانێک، یا لاپەڕە ڕۆژنامەیەکیش ساغ نەدەبوونەوە.

لەوکاتە ناسک و تەنگەدا، دانیشتن و چاوچڕ داگرتن و چاوەڕوانی قەزاو قەدەر بوون بۆکادرێکی سیاسی، تەنانەت بۆ مرۆیەکی لایەنگریش کە هەست بەلێقەوماوی نەتەوەکەی بکات شەرم بوو. ئەو کات پێک هاتنی کۆمیتەیەکی شۆرشگێر پێویست بوو. کەهەوڵ بدا بۆ پێک هێنانی کۆمیتەناوەندیەک کەشیاوی بەرێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ.

کادرەکان یەکتریان ناسی بوو. بۆیە دەبوو مرۆڤ حیسابیان لەسەر بکاو بەمردی مەیدانی ئەو ڕۆژیان بزانی. کەم و کوڕی ئەوکاتی کادرەکان نەبوونی سەربەخۆیی بوو کەئەحمەد تۆفیق سەرشکێنی کردبوون. هێندێکی کار لەسەر کردن دەویست تا وەخۆ بێنەوەو دەست بەکاربن . بەداخەوە بۆ و کارەش مەیدان و فرسەت نەبوو.

## پێک هاتنی بنەمای کۆمیتەی ئینقلابی .

لەسەر داوای کاک سولەیمانی موعینی، ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی و کادرەکان بە تێکڕایی بانگێشتن کراینە دۆڵەڕەقێ. هۆی بانگ کردنەکە ئەوە بووکە ڕێگا چارێک بۆ وەزعی شڕو شپرێوی ئەوکاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بدۆزرێتەوە.

لەکاتی دیاری کراودا هەمموومان لە « دۆڵەرەقێ » کۆ بووینەوە. پێش دانیشتن هێندێک لە کادرەکان بەو ئاکامە گەیشتین کەکۆمیتەی ناوەندی توانای کێشانی ئەوکادرانەی نیە چ دەگابە"بەدەنەی" تەشکیلاتی. چونکە تەنیا چوار کەسی ئەندامی کۆمیتەناوەندی مابوون و لەوکۆبوونەوە دا بەشدار بوون. واتە، کاک سولەیمانی موعینی، مەلارەحیم وردی، کاک ئەمیری قازی. مەلاسەید رەشید.

ئێمەکادرەکانی دەرەجەدوو پاش قسەکردن لەگەڵ یەکتری، بەو ئاکامەگەیشتین کەکۆمیتەی ناوەندی بەمانای واقیعی نەماوە و ئێمەش نابی ئەحمەدێکی دیکە دروست بکەین. کەوایە بۆچی لەخۆڕا چوار مۆرەی ناتەباو نالێک حاکمیەتمان بەسەردا بکەن؟ بەحەق لەکاک سولەیمانی موعینی بەولاوە ئەوانی تر ئەهلی کار نەبوون. ئەوکەسانەی وەک ئەندامی کۆمیتە ناوەندی لە ئاڕا دا مابوون و لەو کۆبوونەوەدا بەشداروبوون، بریتی بوون لەو چوار کەسەی باسم کردن. ئەوانیش لەوکۆبوونەوە دا نەک هەر هیچیان بۆ نەکرا و ئیعتبارێکی نوێ یان وەدەست نەهێنا، بەڵکوو وایان تێک شکاندن لانی کەم بۆ ئەو دەوران کۆتاییان بە بەرپرسایەتی وەرگیراو لە کۆنگرەی دووهەم هات. بەڕاشکاوی پێیان گوتن؛ لەگەڵ ئەو ڕێبەرایەتیە کار کردن زەحمەتەو دەبێ پتری بیر لێ بکرێتەوە. لەنێوخۆماندا وامان دانا کە خەریکی کار بین و لەداهاتوودا کۆمیتە ناوەندیەک پێک بێنین کە شیاوی بەرێوەبردنی کادرو تەشکیلاتی حیزب بێ. دامان نا تائەو کات پشتیوانی لەسولەیمانی موعینی بکەین. بۆخۆشمان لەلاوە ئەگەر شتێکی دیکەمان بۆکرا بیکەین.

کاتێک زانیمان ئەوانەی کۆمیتە ناوەندی هیچیان لە دەست نایەو جێگای هیواو هومێد نین، هاتینەسەر ئەو ڕایە کەلەکات و ساتێکی ناسکی ئەوێ رۆژێ دا دەست لەسەر دەست دانان و چاوەروانی قەزاو قەدەربوون بەخەتایەکی گەورە

دەژمێرێ. دوای ڕاوێژو بیرگۆڕینەوە لەگەڵ یەکتر، بەوە گەیشتین لەبیری بەدیلێکی دیکەدابین.
هەر ئەو ڕۆژە لەوکۆبوونەوە دا هێندێک لەبرادەران بەتایبەتی ئەوانەی لێک نیزیک بووین بۆکۆبوونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ یەک وادمان داناو یەکمان گرت کەبۆ دروست کردنی شتێکی رێک و پێک تێ بکۆشین. ئامانجمان پێک هێنانی کۆمیتەیەک بووکەبەڵکوو بتوانین بنەمایەک بۆ یەکگرتنی پتری کادرەکان رێک بخەین کە لەدوا ڕۆژدا جێگای هیواو ئاواتی گشتی بێ . لەو هەلوومەرجە فرە ناسک و پڕمەترسیدارە دا بەتێکۆشانی ئەو چەند کەسەی خوارەوە کۆمیتەیەکمان پێک هێنا .

## پێکهێنانی کۆمیتەی شۆرشگێڕی حدک !

دوای مەشوەڕەت و وتوو وێژ بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی نهێنیکۆبووینەوەکۆمیتە یەکی نهێنی لەو حەوت کەسەی خوارەوە پێک هات کەبریتی بوون لە:
کاک سمایلی شەریف زادە، مەلائەحمدی شەڵماشی( مەلائاوارە )کاک سەننار مامدی، کاک حمەدەمینی سراجی ، مەلاعبدوڵڵای عەبدوڵایی ( مەلاعەبدوڵڵای سەرباز) کاک سالاری حەیدەری، سەعید کاوە.( نووسەر) کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان » دامەزرا .
ئەوکۆبوونەوە، هاوینی ١٣٤٥هەتاوی،١٩٦٦زاینی لەسەرووی گوندی ئالانێ لەبن رەوەزە بەردێک پێکهات و کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێک هات. دوای چەند بڕیاراتێک و دابەشکردنی کار، بڵاوەمان کردو هەرکەس بۆشوێنی خۆی ڕۆیشتەوە. هەر وەک ئاماژەم پێکرد، هەلوومەرجێکی فرە ناسک بوو. لەلایەک کۆمیتە ناوەندی لەو پەڕی شپرزەیی دابوو. لەلایەک کادرە بزۆز و دڵسۆزەکان بێ ئەوەی هیوایەک شک بەرن بە توندی خەریک بوون . بەڕاشکاوی پیاو دەکرێ بڵێ کەکۆمیتە ناوەندی لەبەریەک هەڵوەشابوو. سەرەڕای ئەو وەزعوحاڵە شپرێوەش بێبەزە « پاراستن » وەک گورگی چوارچاو سەری لە سوێ نابووکەلەکاتی پێویستدا فەرمانی سازمانی ئەمنیت بەرێوە بەرێ. کادرەکان جگە لە تاقمێکی گوێ لەمست، لەوپەڕی نارەحەتی و خەتەردا

دەژیان. لە زۆر شوێنی بەرچاو خۆمان دەپاراست. گرڕەو هاتوچۆی ماشێنی لندروڤێری ئێران لەنێوان حاجیەمەران و گەلاڵەدا، شەوو رۆژ نەدەپساوە. ئێواران ماشێنی"ریبۆی" ئەرتەشی ئێران بە تۆپەوە سەریان بدوای یەکەوە دەنا تابەرە بەری بەیانی جەبهەکانی میریان لەلای رەواندزو دیانان تۆپ باران دەکردو بەیانیش پێش تاوهەڵات دەگەرانەوە دواوە. هاتوچۆ و بڕەم بڕەمی ئێران، کوردەکانی گەرمێنی بەگشتی هێنابوە سەر ئەو ڕایە کە شاهەنشای ئێران دەیەوێ کورد لەژێر باری زوڵم و زۆری رزگار کات و ئاڵایان بۆ هەڵکا. بەڵام ئێمە نەک هەر بەو یارمەتی دانە خۆشحاڵ نەبووین، بەڵکوو مەترسیمان لە بنان گوێی شۆرشدا بەدی دەکرد.

ئێستا سەرەڕای ئەوەی کەزەمان بەرەو پێش رۆیشتووە، بەداخەوە مێژوو دوپات بۆتەوەو ئەو هەموو بەدبەختیەی کە بیست و چەند ساڵ لەوە پێش لەشۆرشی پێشوودا بەسەریان هات ئەزموون وەرنەگیراوەو کای کۆن بەبا دەکرێتەوە!!

دێمەوە سەر باسەکەی خۆم. هەواڵمان پێگەیشت مەلا رەحیم وردی، مەشهوور بە مەلا رحیمی مەریجەلان لە لایەن عەبدولوەهاب ئەتروشی، یەکێ لە فەرماندەرانی پێشمەرگەوە گیراوەوکاتێک وێستویانە تەسلیم بە ئێرانی کەنەوە، زۆریان لەبەر پاڕاوەتەوە کەنەیدەنەوە بەئێران بێ سوود بووە. دوایی لەسەر سنوور چەکدارەکانی ناوبراو بەدەست رێژێک شەهیدیان کردوە. کاتێک ماموورەکانی ئێران دێن وەری گرنەوە، دەبینن هەموگیانی خوێناویەوکوژراوە. پێیان دەڵێن: ئێمە زیندومان کڕیوە، بەڵام ئێوە دەتانوێ مردوومان پێ بفرۆشن؟! تەرمەکەیان لێ وەرناگرنەوەو، ئەوانیش لەوێ بەجێی دێڵن. چەند رۆژێک تەرمی شەهید مەلا رەحیم لەسەر سنوور دەمێنێتەوەو دوایی فەقێی گوندەکانی ناوچەی بانە، شەوێک دێن و تەرمەکە دەدزنەوەو دەینێژن. ئەوهەواڵە زەنگیکی خەتەر بوو بۆ هەمووومان. هەرلەو سەرو بەندە دا هەوالمان بۆ هات کەچوار کادری حیزب لە ناوچەی پێنجوین لەلایەن فەرماندە نیزامیەکانی شۆرش گیراون و تەسلیمی ئێران کراونەتەوە. کادرەکان بریتی بوون لە:

سەعید هەورامی، مام ئەسکەندر هەورامی، فتحوڵلاهەورامی و یەکی تر. ئەو هەواڵە ناخۆشانە ئەوەندەی دیکە ئێمەی نیگەران کرد. بەڵام جگە لەوەی ددان بە جەرگی خۆمان دابگرین و چاوەروانی قەزاو قەدەر بین چارێکی دیکەمان شک نەدەبرد. زۆرجار دادەنیشتین و دەمان گوت:

– ئەگەر بەوەندەش شتێک وەدەست کورد کەوێ و ئازادیەک وەدەست بێ، هەر هەرزانەو قەیدی ئێمە ناکا هەرچی بەسەرمان دێ با بێ.
بەرنامەی سازمانی ئەمنیەت و گوێ لەمستی « پاراستن » وکاربەدەستانی شۆرش لەوە پتر بوو کەئێمە بیرمان لێ کرد بۆوە. لەو سەرو بەندە ناخۆشەدا کاک سولەیمان لەگوندی دێرێ، لەژێر ناوی ئۆرگانی لقی٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خەریکی دەرکردنی رۆژنامە بوو بەنێوی « رۆژ »لەرۆژنامەکەدا مەسایلی سیاسی بەپێی هەلوومەرج و بارو دۆخی ئەوکات لەمەڕ چۆنیەتی ئێرانی تێدا شی دەکراوە. لەوکاتە ناسکەدا کاک فایق توانی سێ ژمارە رۆنامەی رۆژ دەربکات. رۆژنامەی رۆژ، بۆکادرەکانی خەباتگێر دڵخۆشکەرەوە بوو. بەڵام بۆکادرەکانی گوێ لەمست هەواڵێکی فرە ناخۆش بوو. دەرکردنی ئەو رۆژنامە بوو بەهۆی ئەوەی هێندێک لەهاوکارو لایەنگرانی ئەحمەدتۆفیق بە نەهێنین بچنە لای « پاراستن » پێیان بڵێن ئێمەلەو رۆژنامەی فایق ئەمین دەری دەکات دوور و بێ بەرین . بۆئەوەی ببەخشرێن و ئەندام ولایەنگرانی"پاراستن" ی ساواک، دڵی لێیان نەیەشێ !!

## نامەی کاک سولەیمانی موعینی.

کاک سولەیمان لە گەڵ پێشمەرگەکان بنکەو ماڵی لە گوندی دێرێ بوو . من منیش لە گوندی ئازادی بووم ، لەگەل مەلامحمەدی خزری خەریکی بالتۆ فرۆشی بووین و بەزاهیر بۆخۆحەشاردان لە" پاراستن" کارمان بە حیزب و سیاسەتەوە نەبوو. ڕۆژێک لە ماڵێ دانیشتبووم، ئەحمەدی بارام میرزای کە پێشمەرگەی حیزب بوو بەنامەیەکی کاک سولەیمانەوە وەژورکەوت. لەنامەکەدا نوسرابوو.

هاورێی بەرێز کاک سەعید کوێستانی!

وێڕای سلاوی شۆرشگێرانە، ئێستا تۆزێکت لێ هاتوومەتە پێش، نەترسێی بلێی دوورە ! تکایە بۆ هێندێک ڕاوێژ لەگەڵ هەڵگری نوسراو هەستە وەرە . پێم وایە "دێڵەزەرد" وا بەهاسانی وازمان لێ نایەنێ . مەسەلەیەکی زەروریم بۆ هاتۆتە پێش، دەبێ لایەکی سەرت لەوێ بتاشی و لایەکی لێرە . برات فایق ئەمین .

لەئەحمەدم پرسی: کاک سولەیمان لە کوێ یە و چ دەزانی بۆم بگێریەوە ؟

ئەحمەدی بارام میرزای لە وەلامدا گوتی:

- کوڕە بەسەری تۆ، کاک فایق لەهیچ وخۆڕایی ترسی لێ نیشتوەو پێی وایە دەیگرن. بروسکەیەکی مەکتەبی سیاسی بۆهاتووە کەسەرێکی وێ بدات و هیچی دی. ئێستاکاک فایق پێی وایە بروسکەی ئیدریس بارزانیەو دەیگرێ تەسلیمی ئێرانی دەکاتەوە ، ئەوە لەخوارەوەی دەرگەڵەیەو لەسەر چۆمی چاوەروانی تۆیە.

وادیاربوو کاک سولەیمان مەسەلەی بروسکەی لەگەڵ پێشمەرگەکان باس کردبوو، بۆیە ئەحمەدی بارام میرزای دەیزانی . بەپەلە دوو سێ نانمان هەڵگرت و لەگەڵ ئەحمەدی بارام میرزای سواری ماشێن بووین ڕۆیشتین. لای نیوەڕۆ لەنێوان دەرگەڵەو پردی زەرد کاک فایق چاوەڕێی دەکردم. ناوبراو زۆر تێک چووبوو دەفکردابوو. قەتم کاک فایق ئاوا بەکزی نەدیبوو. چووینە پەنایەک و بروسکەکەی کەبەنێوی مەکتەبی سیاسی بۆهاتبوو، بۆی خوێندمەوە. نوسی بوویان:

برای بەرێز کاک فایق ئەمین!
وێڕای سلاوی شۆرشگێرانە، تکایە بۆ هێندک وتوو وێژ تامەکتەبی سیاسی وەرە. کاک فایق بەو بروسکەیە زۆر تێک چووبوو. هەوەڵ جاربوو لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە بروسکەی بۆ لێدەدرا. چونکە ئەگەرکارێک شتێک هاتبا پێش هەمیشە بەنامەو مۆری مەکتەبی سیاسی ئاگادار دەکراین. دوای وتوو وێژ، لەگەڵ کاک سولەیمان هاتینە سەر ئەو ڕایە کە من بچمە مەکتەبی سیاسی وکارێکی وابکەم کاک نوری شاوەیس یان کاک عەلی عەبدوللا ببینم و لێیان بپرسم بزانین بروسکەی ئەوانە یان نا؟ چونکە ئەگەر بروسکەی ئەوان بایە هیچ جێگای مەترسی نەبوو. بەڕاستی ئەو دووکەسە لەمەکتەبی سیاسی نوێ دا بەمرۆڤی خاوەن شەخسیەت ناسرابوون. من پێشترلەهەولێر ناسیاریم لەگەل کاک عەلی عەبدولادا هەبوو یەکترمان دەناسی.
لەگەڵ کاک سولەیمان قەرارمان دانا ئەگەر درەنگ هاتمەوە شەوێ بچێتەوە لای برادەرانی حیزبی شیوعی، کە بنکەی ناوەندیان لە دەرگەڵە بوو. ئەوکات مەکتەبی سیاسی لەدۆلێکی لای گوندی رەزان بوو. واتە لە نیزیک جادە. من سواری ماشێن بووم وچوومە مەکتەبی سیاسی و نێوی خۆم دا بەکابرای حەرەس وپێمگوت؛ دەمەوێ کاک عەلی عەبدوللا ببینم. کابرا خۆی کرد بەوەکیلی کاک عەلی و هەزارو یەک برو بیانووی هێناوە. ناچار بووم کابرا بترسێنم و درۆیەک بکەم و بلێم: کاکە گیان من کارێکی فەوریم هەیەو راسپاردەی خۆیانە من بێمە ئێرە. ئێستا کەتۆ ڕێگەم نادەی من دەڕۆم، دوایی دەبێ تۆخەتاکە وەستۆی خۆت بگری کەرێگات نەداوم بچم کارەکەیان پێ بلێم. کابرا دەیویست بزانێ بۆ هاتووم و چ کارێکم هەیەو ئیشەکەم چیە!. نازانم کێ ئەوکابرایەی لەوێ دانابوو؟ کەلەپێش مەکتەبی سیاسی دا هەموو شتێک بزانێ!!
کاتێک زانی هیچ قسەو باسێکم لێ هەڵناوەرێ، قامکی بلند کردو گوتی: قوربان یەک دەقیقە. رۆیشت بۆلای کاک عەلی و بەپەلە گەڕاوە و گوتی فەرموو.
کابرای پێشمەرگە جگە لەپێشمەرگەو دلسۆزی بۆ شۆرش، هەموو بیرێکی لێدەکراوە. کاتێک چوومە ژور کاک عەلی و کاک نووری پێکەوە دانیشتبوون یەکی چایەکیان لەپێش بوو، ناردیان چایان بۆمنیش هێنا. دوای چاک و خۆشی گوتم:

– هاتووم بۆ پرسیارێک بپرسم؛ هیوادارم نەبێت بەجێگای دڵ ئێشی! بروسکەیەک بە نێوی دەفتەری سیاسی بۆ کاک فایق هاتووە کە بێتە مەکتەبی سیاسی. ئەوەی ڕاستی بێ لەبەرئەوگوشارانەی بۆیان هێناوین بڕوامان بەکەم کەس ماوە. کاک فایق وێڕای ڕێزو سڵاوعەرزی دەکردن، ئایا ئەو بروسکەی بۆی هاتووە ئی ئێوەیە یان نا؟

کاک عەلی وکاک نوری چاوێکیان لێک کردو مەسەلەی بروسکەکەیان لێکتردە پرسی. دەرکەوت کە ئەوان نە بروسکەیان لێ دابوو، نەکاریان بەکاک فایق بوو، نەئاگاداری ئەوبروسکەیە بوون. کاک نووری شاوەیس گوتی:

– دیارە ئێمە بەنێو ئەندامی دەفتەری سیاسین، بەداخەوە ئاگاداریمان لەسەر ئەوشتانە نیە. ئەوکارانەکاک ئیدریس دەیان کات و ڕەنگبێ کاری بەکاک فایق بێ . زۆرم سوپاسکردن و خواحافیزیم لێکردن. دەمەوعەسرگەیشتمەوە لای کاک فایق و برادەرانی پێشمەرگە. وەڵامی کاک عەلی و کاک نوریم لەگەڵ هێندێک ڕاسپاردە بۆکاک سولەیمان گێڕاوە . نارەحەتی کاک سولەیمان بوو بەدوو ئەوەندە. دوایی لەگەڵ ۆەکتری هێندێکمان قەول و قەرار پێکەوە دانا کەلەکوێستانی قەندیل یەکتری ببینینەوە. دوایی لەسەر داوای کاک سولەیمان، هێندێکم ئامۆژگاری پێشمەرگەکان کرد. یەکتریمان ماچ کردوخواحافیزیمان لێکترکرد. ئەوان ڕۆیشتن ومنیش بەرەوگەڵاڵەگەڕامەوە . شەوێ لەشارۆچکەی گەڵاڵێ نوستم و بەیانی کاتێک دەمەویست سواری ماشێن بم بچمەوە ماڵێ توشی ئەحمەدی بارام میرزای بووم کەدەیویست بچێتە بنکەی ئیداری لای فەڕانسۆ حەریری و هەموو شتێکی بۆ بگێڕێتەوە.

ئەو کات ئیدریس بارزانی فەڕانسۆی وەک بەرپرسی پێوەندی لەگەڵاڵێی دانا بوو.

بەدیتنی ئەحمەدی بارامی نێوک و دڵم کەوت. ماندوو نەبوونی و چاک و چۆنیم لەگەڵ کردو پرسیم؛ ئەوە بۆ لێرەی کاک ئەحمەد؟! دەکرێ پێم بڵێی؟

ناوبراو برێک سورهەڵگەڕاو بەبێ شەرمی وەڵامی داوەو گوتی:

– بەڕاستی کاک سەعید خەجاڵەتی هەموو لایەکم. باوەرم پێ بکە تاقەتی چوونەوەی شاخ و بەندەنانم نیەو ناتوانم بەوکێوانەدا بسوورێمەوە .

ئەحمەد، ڕاستی دەکرد. پێشمەرگایەتی کاری ئەو نەبوو. جگە لەوەی کەهیچ ئیمانی بەپێشمەرگایەتی نەبوو. جەولەو گەڕانی نهێنی کاریش کاری ئەو نەبوو.

چارم نەبوو دەبوایە لەگەڵ ئەحمەد نەرم بم و نەرم بدوێم. بردمە پەنایەک و پێم گوت؛ ئێستاکە لە چوونەوە خۆت دزیوەتەوە کارێکی خراپت کردوەو دەبوایە پێت گوتبان ناتوانم و بەدزی شەوێ هەڵ نەهاتبای. قەی ناکا وەرە لەگەڵ برای خۆت دەچینەوە گوندی ئازادی بۆخۆمان کۆت و باڵتۆ فرۆشی دەکەین و سەر پێکەوە دەنێین . ئەحمەد دەترسا هەرچی کردم وکراندم فایدەی نەبوو. زانیم دەچێتە لای فەڕانسۆ هەموو شتێکی بۆ دەگێرێتەوە. داوام لێ کرد ئەوەی دوێنێ لە نێوان من و فایق دا ڕابردوە، شەڕەفت هەبێ نهێنی بمێنێتەوە باسی مەکە. دوایی برێکم ترساندو پێم گوت: ئەگەر باسی دوێنێی من و هاتنی خۆت و دیتنی کاک فایق بکەی بۆ خۆت سەرت تێدا دەچێ. سوێندی خوارد کەهیچ شتێک نەڵێ و باسی ئەوشتانە نەکات.

ئەشهەدوبیللا ئەو نهێنیەی پاراست و نەم بیستەوە، بەڵام بوو بەجاسوسێکی خەتەرناکی « پاراستن » وەک خول خولە بۆ حەمەی عەزەدۆم هەڵدەسوڕاو، هەواڵ و درۆ و دەلەسەی بۆکۆ دەکردنەوەو سیخوڕی بۆ دەکردن.

## نامەی کاک سەننارو چونی کاک سالار حەیدەری.

لەو کاتە ناسکەدا نامەیەکی سەنناری مامدی هات و نوسرابوو: لەو بارو دۆخەدا هەلّناکەم و خۆم ساز کردوە دەچمەوە کوردستان و . . . .
بەرێکەوت کاک حەمەدەمینی سراجی و کاک سمایلی شەریفزادەو کاک سالاری حەیدەری لەگوندی خەلانێ لەلای ئێمە بوون. دوای قسە لێکردن و ڕاوێژ لەگەل یەکتری هاتینە سەر ئەو ڕایە کە کاک سالاری حەیدەری بچێتە شارۆچکەی سیدەکان لای کاک سەنناری مامدی و لەو تەمایەی گرتوویەتی ساردی کاتەوە نەیەلّێت جارێ ئەو سەفەرە بکات. نامەیەکمان نوسی و کاک سالار بەرەو سیدەکان کەوتە ڕێ. کاک حەمەدەمین و کاک سمایلیش بەرەو جێگای دانیشتنی خۆیان گوندی سونێ گەڕانەوە. منکە چاوەروانی گەڕانەوەی سالارم دەکرد، دوای چەند رۆژێک لەسیدەکان ڕا نامەیەکی کەکاک سالاری حەیدەری بۆی نوسی بووم و بۆی ناردبووم بەدەستم گەیشت. لەنامەکەدا نووسرا بوو:
-"دوای ئەوەی کاک سەننارم دی و لەو بارەوە قسەمان کرد، منیش هاتمە سەر ئەو ڕایە چیدیکە ڕانەوەستم و لەگەل کاک سەننار بڕۆمەوە. پێم وایە دەبێ لە"دێلّەزەرد"بدەین و لێی نە ترسین، دوژمن بەبرێکی کاغەزیەو . . . .
مەبەستی سالارلە (دێلّەزەرد) شای ئێران بوو، کەلە نێو خۆماندا ببوە ئیستلاّحی رۆژ. مەبەستی لەبەبری کاغەزیش، وەبیر هێنانەوەی قسەکانی مائۆتسە تۆنگ بوو. کەئەو کات ڕژێمی ئێران سەگی زنجیری ئیمپریالیزمی ئەمریکابوو. بەکورتی کاک سالارو کاک سەننار بێ مەشوەڕەت کردن لەگەلّ ئێمە عەزمیان جەزم کردبوو بۆشۆرشێکی چەکدارانە بەرەوکوردستان ڕێگایان داگرتبوو رۆیشتبوونەوە. دوای ماوەیەک هەوالّمان بۆ هات کەکاک سەنناری مامدی لەتاران دیتراوە. هەروەها کاک سالاریش لەمەهاباد لەمالّی خۆیانە. ئەوەی ڕاستی بێ وەزعەکە ئەوەندە ناخۆش بوو مانەوە لە نێوشۆرشدا بۆکوردی رۆژهەلاّت سەخت و دژوار ببوو. لامەلامەو ملحیزکردنیش بۆمرۆی خەباتگێر نەهاتووەو ئەندازەومیزانێکی هەیە. هەر وەک پێشینیان گوتوویانە:
« ئەگەر قاپ پڕبوو لێی دەرژێ »
دیارە چوونەوەی ئەوانیش بۆئێران داستانێکی دورو درێژیان هەیە کەبۆ تووشی

ئەو بەزم و ڕەزمە بوون و لەکارەکانیاندا سەرکەوتنیان وەدەست نەهێناوە. ئەوە مەسەلێکە روی لەخۆیانە. هێوادارم رۆژێک لەرۆژان هەتا هەردوکیان ماون بەسەر هاتی خۆیان بنوسن وئێمەش بتوانین مێژووی ژیانیان بخوێنینەوە.

هەر لەو سەرو بەندە دابوو مەلاعەبدوللای سەرباز، واتە عەبدوللای عەبدوللاهی، رۆیشتەوەو چۆوە مالێ دانیشت و نە هاتەوە.

ئێستا بەو پێ یە دەبێ بلێم: چوار کەس لەوحەوت کەسەی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان مابووین و سیانیشیان رۆیبوونەوە. بەڕاستی لەو دەورانە کورتە ناخۆشەدا هەموی ئێمە لە مەترسی دابووین و مەرگ هەڕەشەی لێ دەکردین.

وەزعەکە ئەوەندە ناخۆش بوو، ئەگەر یەکێ رۆیبا یان چوباوەو خۆی بەدەستەوە دابا، بەشتێکی زۆر عەجیب و غەریبمان نەدەزانی و لامان شتێکی سەیر نەبوو. خۆڕاگرتن لەو بارودۆخەدا هاسان نەبوو. بەڕاستی شەوێ کە دەنووستین، بەترسەوە سەرمان دەناوە. لەخەویش دا وڕێنەمان دەکرد، داخوا کەنگێ دەمان گرن و تەسلیمی ئێرانمان دەکەنەوە.

نامەیەکم بۆهات لەگەلالێ ویستبوویانم. کاتێک چوومە بنکە ناردیانم بۆلای سەدیق ئەفەندی. ناوبراو لەئەشکەوتی سەرووی گەلالێ خەریکی کاروباری ئیداری پێشمەرگەو" پاراستن "بوو. کاتێ چوومەلای گوتی:

- تۆ مافی ئەوەت پێ نادرێ لەگوندی ئازادی لەو سەر سنوورە دانیشی. بەکورتی تۆ بۆ مانەوەت لەنێو شۆرشدا دوو رێگات هەیە. یا دەبێ بچیەلای سەفین، واتە گوندی( هیران ونازەنین ) یا دەبێ بچیەوە بۆ" ئێران"

هەرچەند پێم گوت کارم بە هیچ نیەو خەریکی کاسبی و بە خێوکردنی ژن ومندالم فایدەی نە بوو. ئیزنیشی نەدەدام برۆم . دەیویست هەر ئەو شەوە بەدەردی وون بووەکانم بەرێ. لەگەلّ فەرانسۆحەریری ئەوکات وێگڕا لێک نیزیک بووین. فەڕانسۆ دەستی دەرۆیشت ولە ئیدریس بارزانی نیزیک بوو. لەگەلّ منیش نێوانی خۆش بوو. داوای لەسەدیق ئەفەندی کرد با ئەو شەو بچێتە مالێک بەیانی بێتەوە. ئیزنی بۆ وەرگرتم و لەئەشکەوتەکە هاتینەدەر. فەڕانسۆ لەدەرێ گوتی:

- بەیانی من ببینە دوایی بچوە لای سەدیق ئەفەندی.

ئەوشەوەش وەک زۆر شەوی دیکە بەخەم و پەژارەوە نووستم. هەموو شتێکم

بۆهاسان بوو جگە لەدەرباز بوونی تەپکەو داوی « پاراستن »
دەوری سەعات ٩ی بەیانی فەڕانسۆ حەریری م دیتەوە. ناو براو گوتی:
- جارێ مەچوە لای کاک سەدیق ئەفەندی. چونکە ئەورۆ قەرار وایەکاتژمێری ١١ عەبدوالرەحمان بەزازی سەرەک وەزیرانی عێراق لەمەڕکوردستان شتێک بڵاو کاتەوە بزانین چیەو دەڵێ چی؟
سەعاتی ١١ی پێش نیوەڕۆ عەبدوڕەحمان بەزاز پەیامی حکومەتی بڵاو کردەوە. دەتوانم بڵێم مزگێنیەکی گەورە بوو بۆ بەگەلی کورد. هەموو کەس بەو بەیانەی بەزاز دڵخۆش و هیوادار بوو. هەمووکەس رووخۆش و شادبوو بەوەی شەڕ ڕادەوەستێ و مەسەلەی کورد بەجێگایەک دەگا.
فەرانسۆ حەریریم دیتەوە بەپێکەنین پێی گوتم:
- بەو پەیامەگوشاری دەوڵەتی ئێران کەم دەبێتەوەو تۆش پێویست ناکا بچی بۆ هیران و نازەنین . هەر لێرە ڕا دەتوانی برۆیەوە بۆماڵێ. من بۆخۆم کاک سەدیق ئەفەندی دەبینم. وێڕای سوپاس خواحافیزیم لێکردن ، بەرەو گوندی ئازادی رۆیشتمەوە

## دیتنی دوکتورقاسملوو، دوکتورڕادمەنیش .

دوای بەیاننامەی عەبدوڕەحمان بەزاز ، شەڕ ڕاوەستاو زۆری نەخایاند لەبەغدا ڕا نامەیەکی کاک کەریمی حیسامی مان پێگەیشت. کەدوای سلاوو ئەحواڵ پرسی نوسرابوو؛ لەگەڵ چوکەڵ و مەلا محەمەدی خزری بۆ چاو پێکەوتنێک وەرنە بەغدا تاکوو دیدارێک نوێ بکەینەوە .
شەڕ ڕاوەستابوو، وەرەقەی شۆرش تابەغدا کاری دەکرد. ئێمە تەسکەرەیەکی ساختەی ( جەعل )کراومان هەبوو جاروبار لەگەڵ مەلا محەمەد سەفەرمان پێ دەکرد. بۆ ئەوەی لەکۆڵ هێن و من هێنی دوا رۆژی شۆرش بینەوە وازمان لەوەرەقەی شۆرش هێنا. سواری ماشێن بووین و بەرەو هەولێرو بەغدا ملمان پێوەنا. هەر لەسەیتەڕەی هەولێر مەلا محەمەدیان گرت و لەماشێنیان هێناخوار. بە هەزارو یەک پاڕانەوەو ناوبژی عەبدوللا گوم شۆی شۆفیر، رزگارمان کردو سوار بوینەوە ڕۆیشتین. پێمان وابوو گیرانی مەلا محمد لەبەر نەبوونی کۆت و شەڵوارە. من کۆت و شلوارێکم هەبوو، بەلام ئەو جلی کوردی لەبەر دابوو. لەشاری موصل چوینە قاڕی بازاری کۆنە فرۆشی و کوت و شەڵوارێکمان بە حەوت پەنجایی بۆ مەلامحەمەد کری و لەبەری کرد. لێرەدا شتێکی خۆشتان بۆ دەگێرمەوە.
من کەعەرەبییەکی ناقۆلام دەزانی، کاتێک کوت و شەڵوارەکەمان دەکری، کابرای فرۆشیارم لە دوو دینار ڕا هێنا سەر حەوت پەنجایی. مەلامحەمەد زۆری پێ هەرزان بووگوتی: " سەعیدۆف ئەو عەرەبییەی تۆ باشمان لەفریا هات، زۆری قسە پێ مەکە بالێت خلاس نەبێ، دەنا دوایی پەکمان دەکەوێ. زۆر پێکەنین رۆیشتین. لەکاتی گەرانەوەدا لەسامەرا لەشوێنی پشکنین زیاد لەتەواوی ئەو ئوتووبوسە، منیان هێنا خوار. دوای هێندێک پرسین نازانم چۆن بوو، وازیان لێ هێنام. کاتێ گەیشتینە نیزیک موصل، دیسان وەک هەمیشە بۆ پشکنین ڕایانگرتین. کابرای موفەتیش منی هەستاندو داوای پێناسی لێکردم. منیش تەسکەرە ساختەکەم دایەو پرسی: تەنیا ئەو تەسکەرە بەس نیە. دەبێ کارتی تەواوکردنی سەبازیشت پێبێ. واتە « ورقە الخدمەالعسکریە »منیش نەسەربازیم کردبوو، نەتەسکەرێکی ڕاست و دروستم پێ بوو. لێی دەپرسیم بۆ

پێت نیەو بۆ لەگەڵ خۆت نەهێناوەو. . .
منیش زمانم تێک هاڵاو ئەو وشەیەکی عەرەبی کە دەبوایە بەکابرای بیڵێم، لەبیر چۆوە. کابرا دەستی گرتم و دای بەزاندم کە ڕامگرێ و نەیەڵێ بڕۆم. دوایی بە تکای ئەفسەرێکی کە لە تەنیشتمان دانیشبوو، ئیزنیان دام سوار بوومەوە .
مەلامحەمەدی خزری سەری هێنا بن گوێم وگوتی:"براگیان! من لەموصلێ پێم نەگوتی؛ ئەو عەرەبیەمان بەکەڵک دێ، هەمووی مەڵێ با تەواو نەبێ، پەکمان دەکەوێ!.
بەڵێ بابێمەوە سەر باسەکەی خۆمان. کوت و شەڵوارمان لەبەر کردو بەرەو بەغدا سوار بووین و ڕۆیشتین. ئەو جێگایەی کاک کەریم ئادرێسی دابوونێ، واتە ( ئوتێل بەشار) کاک کەریمان دیتەوە. دوای بەخێر هاتن و چاک و خۆشی لێی پرسین:
"من کە بانگم کردون پێتان وایە لەمن زیاترکێی دی لێرەیە؟
ئێمە لەخۆی بەولاوە ئاگاداری هاتنی کەسی دیکە نەبووین .کاک کەریم گوتی: کاک حەمەدەمینی سیراجی و کاک فایق لەگەڵ دوکتور قاسملوو لێرەن.پیاوێکی دیکەش لێرەیە ئەویشتان پێ بڵێم یانا؟ دوایی گوتی" دوکتور ڕادمەنیشی بەر پرسی بۆرۆی سیاسی حیزبی تودەش لێرەیە. هەموو پێکەوە هاتووین و سبەینێ بەیانی دادەنیشین و یەکتر دەبینین." بەپێکەنین لێم پرسی: تۆخوا کاک کەریم کێی دی لێرەیە؟ ئەویش پێکەنی و گوتی: ئەی ئەوە نیە ئێوەش سێ کەس لێرەن. بەیانی سواری تاکسی بووین چووین بۆ مەدینەتالالعاب. ئێمە حەوت کەس واتە دوکتور قاسملوو، کاک کەریم حیسامی، کاک سولەیمانی موعینی، کاک حەمەدەمینی سیراجی، مام چوکەڵی گەوهەری، کاک محەمەدخزری و نووسەر.
تالای ئێوارێ لەوێ دانیشتنمان بوو و خەریکی قسەو باسی سیاسی بووین. ئێوارێش بۆ شام هاتینەوە ڕەستوورانێک. دوایی دوکتور ڕامنیش هات و هێندێکمان شت لەگەل باس کرد. باسی بنەڕەتی ڕۆژی پێشترکاک فایق و کاک حەمەدەمین لەگەڵ دوکتور ڕادمەنیشیان باس کرد بوو تەواوببوون. باسەکەی ڕادمەنیش لەگەل ئێمە ئەوە بوو، کەئێمە تا هەستەی بچووکی نەهێنیمان لە کوردستان نەبێ، ناتوانین شۆڕشی چەکدارانە دەست پێ بکەین. هەرچی ئێمەش بووین دەمان گوت؛ سازمانی ئەمنیت و اطلاعاتی ئێران کۆنترۆڵی تەواوی

بەسەر وڵاتدا هەیە. وای نفوز کردوە هەرشتێکی دروستی کەین دوای ماوەیەک زانیاری بەسەردا پەیدا دەکات و هەر هەستەیەکی پێکمان هێنابێ دەگیرێن. بەڵام ئەگەر شۆرش و ڕاپەرینێک دەست پێ بکەین، دەکرێ بەرە بەرە هەستەی نەهێنیش پێک بێنین و شەڕی پارتیزانی خۆشمان بکەین. لە ڕاستی دا ڕادمنیش ڕاستی دەکرد، بەڵام مەبەستی ئێمە ئەوە بوو ئەوان بێنینە سەر ئەو ڕایە یارمەتی مان بدەن و ئێمەش لەو بگرەو بەردەی " پاراستن و کاربەدەستانی شۆرش رزگارمان بێ. دیارە ئەوان وەک حیزبێکی سیاسی هاتبوونە سەر ئەوەی یارمەتی مان پێ بکەن، ئیترنەمزانی ئەو هاتنەیان قسەی سۆڤیەتی لەگەڵدا بوو یان هەر بۆ خۆیان دەیانەویست هێندێک یارمەتی سەرەتایی مان پێ بکەن. ئەوەندەم لەبیرە دوکتۆر ڕادمەنیش دوای گەرانەوەی بۆ سۆڤیەت، هێندەی پێ نەچوو ناوبراو لە پۆستی سکرتێری کەوت و ئەو بەر پرسایەتیەی نەما. بەهەر حاڵ بەو دانیشتن و کۆبونەوە زۆر هیوادارو دڵخۆش بووین. دەکرێ بڵێم هانایەکمان وە بەرهات وگەڕاینەوە. هێندەی پێ نەچوو هەواڵمان وەرگرت کەژاندارم تەرمی کاک سولەیمانیان لە نەردیوان بەستووەو لەشەقامەکانی سابڵاغ دەیگێرن و پێشانی خەڵکی دەدەن.
کاک سولەیمان لەبەغدا ڕا دەگەرێتەوە سولەیمانی و لەگەڵ خەلیل شەوباش و قادر تەگەرانی بەرەوکوردستانی رۆژهەڵات دەکەونە ڕێ. لەنێوان سولەیمانی و ماوەت لەلایەن سەدیق ئەفەندی سەرکردەی نیزامی شۆرش و ئەندامانی(پاراستن) هەردوکیان دەگیرێن. ناوبراوکاک سولەیمان دەبات بۆحاجی عومەران و تەسلیمی بارەگای بارزانی دەکات. دەیانەوێ هەر ئەوکات تەسلیمی ئێرانی بکەنەوە، کاک فایق داوا دەکات بارزانی ببینێ. گۆیا داوای لێ دەکا نەی دەنەوە بەئێران وتاماوە لەزیندانی شۆرشدا ڕای بگرن. چونکە هیچ کەس لەژێر شکەنجەی ساواک رزگاری نابێ و خەڵکێکی زۆر سەری تێدا دەچێ. دیارە بۆ خۆدی بارزانیش هێندێک نهێنی هەبووکەسولەیمانی موعینی دەیزانی و دەبوایە بەنهێنی بمێننەوە. لێکدانەوە لەسەر ئەوشتانە بوو بەهۆی ئەوەی کاک سولەیمان موعینی بە زیندوویی نەدرێتەوە بەئێران.
بۆئەوەی ڕاسپاردەو داوای حکومەتی دژی گەلی شا بەجێ هاتبێ، تەرمی خوێناوی شەهید سولەیمان موعینی بەدیاری دەنێردرێتەوە بۆ سازمانی ئەمیەت و ئیتلاعات و لەشارەکانی کوردستان ژاندارم بۆچاوترساندنی خەڵک لەنەردیوانی

دەبەستن و شار بە شار دەیگێڕن نمایشی پێ دەدەن .
دیارە خەلیل شەوباش بەشێوەیەکی تر شەهید دەکرێ، بەڵام لەکوێ و چۆن و کەنگێ؟ لەچۆنیەتی ناوبراو ئاگاداریم وەدەست نەهێنا. بەدوای ئەو هەواڵە دڵ تەزێنەدا هەوالی تری ناخۆش ناخۆش یەک بە دوای یەکدا دەهاتنە پێش. شەهید بوونی کاک عەبدوللای موعینی، کاک مەلامحمود زەنگەنە، گیران و شەهید کردنی کاک مەلائاوارە، شەهید بوونی کاک سمایلی شەریفزادەو هاورێکانی، کاک مینە شەم، کاک سەید فەتاح نیزامی و. . . هتد
بەوهەواڵە دڵ تەزێنانە هەمومان تاسابووین و نەمان دەزانی چ بکەین و بۆ کوێ برۆین؟ بەوتەی پێشینیان" سەری کێوانمان لێ وێک هاتبوو" رووناکایی مان شک نەدەبرد. کەدەڵێن مێژوو هەمیشە ڕاست نانووسێ! ئەوە ڕاستە. تائێستامێژوو ئەو ڕۆژە پڕلەتەنگ و چەڵەمە و ناهەمواریانەی نەنووسیوە و تەنانەت بیریشی کردووە . خراپمان گیرکردبوو دەبووخۆمان مات کەین تا دەکوژرێین و دەدرێینەوە بەئێران. چونکە ئەوەی چووبابەغدا، نێوی جاشیان لەسەر دادەنا، ئەوەی گەڕاباوە ئێران بە هاورێی نیوە ڕێ و بەزیو دەژمێردرا. لە نێو عەیب و عارەو دواڕۆژی مێژوودا گیرمان کردبوو. کاربەدەستانی شۆرش لینگیان لێ هەڵکردبووین و"قەیسەریان لێ کردبووینە کونە مشک". هەر دەهات و دوا ڕۆژی رەشی شۆرش زەقتر دەبۆوە. هیوای دوا ڕۆژو سەرکەوتنی شۆرش کز ببوو. ئاسۆی شۆرش تاریک و تێشکانی لێ بەدی دەکرا. مەسەلەی ڕاونان و گرتن و تەسلیم کردنەوە پتری ماهیەتی داپۆشراوی کاربەدەستانی شۆرشی روون دەکردەوە. ئێمەی بێ پشت و پەنا نەک هیچمان پێ نەدەکرا، ئەگەر شتێکیش مان پێگوتبان دۆستانەیان لێ وەرنەدەگرتین. دەوروبەری بەهاری ١٣٤٦ واتە ١٩٦٧ز، پەڵە بەفری سەر ترۆپی چیاکانی زینوێ شێخی و ئالانێ نەتوا بۆوە، شەوانە لەسەرمان لەدەرێ ژیان نەدەکرا. تاقمێکی چوار پێنج کەسی لاوی پێشمەرگەی لەحیزب هەڵبڕاو، بنکەی ئەحمەد تۆفیق یان لەناو پردان بەجێ هێشتبوو. لەلایەک لەحکومەت قاچاغ بوون و نەیان دەتوانی بچنەوە نێو بنەماڵەی خۆیان. لەلایەکی دیکەوە گەڕانەوەیان لەگەڵ هەڵس و کەوتی شۆرش نەدەهاتنەوە. بەقاچاغی و نهێنی لەکوردستانی ئێران لەماڵی دۆستان و خزمان دەیان ویست زستان و سەرماو سۆڵ کۆتایی بێ و بگەنە بەهارێ . بۆیان روون نەبوو بەهارێش چ دەکەن و چ بڕیارێک دەدەن و بەرنامەیان چیە؟ ئەوە

چارەنووسی نەتەوەیەکی بێ کیان و بێکەسە. تائێستا دەیان دەستەو تاقم و گرووپی ئاوامان دیتوون کەلەبەر نەبوونی ڕێنوێن و سەرپەرست و یاریدە دەر، تووشی ڕێگای هەڵە بوونەو دوژمنانی کورد لەژێر نێوی چەتەو ڕێگر بۆسەیان بۆ داناونەوەو کوشتوویانن. ئەو پێنج کەسە بەناوی «عەلی رەحیم گوێ ڕەش خەڵکی درپکەی نیزیک پیرانشار لەگەڵ برایمەسوور، حوسێن چلکۆچ، قادرەشەڵ، قادرە پەنیرە » هەرچەند نێوی چەتەو ڕێگریان پێوە نەدەنووسا، بەڵام پێ یانەوە نوساندن. حکومەت لە پیرانشار هەواڵ وەردەگرێ ئەو پێنج کەسە پەریونەتەوە پشت گوندی دەڵاوان و خەریکن ئاوای دیوی گەرمێن دەبن. ژاندەرمە وەدوایان دەکەون و تەقەیان لێ دەکەن. یەکێک لەکوڕەکان بریدار دەبێ. ئەوانیش وەڵامی تەقەی ئەوان دەدەنەوەو بەقونەشەڕ سەردەکەون و بەدیوی گوندی ئالانێدا شۆڕ دەبنەوە. ژاندارمی پیرانشار لەگەڵ ئەحمەدحاجی وغەزالی پەیوەندی دەگرن کە پێنج کەسی کوردی چەکدار تەقەیان کردوەو ئاوای دیوی ئێوە بوونەو دەبێ بمان دەنەوە.

ئەوانیش بەپرسیاران هەواڵ وەردەگرن کەپێنج کەس لەگوندی ئالانێ لەماڵی حوسێن ئاغان. ئەحمەد حاجی و غەزالی لەگەڵ چوارپێنج ژاندەرمەو دووسێ جاشی کوردی ئێرانی و چوار پێنج پێشمەرگەی بارزانی بە گوندی خەلانێ دا هاتن. ئێمە کەماڵمان لە خەلانێ بوو کاتێک ئێوارێ نوێژی شێوان بەوێدا هاتن، زۆرمان پێ سەیربوو ژاندارم بەجلی رەسمی خۆی بێتە ئەو دیوەو پێشمەرگەی لەگەڵ بێ.

ئەوەی ڕاستی بێ وەختی وا پیاو ناکرێ نەترسێ. نەمان دەزانی بۆ هاتوون و بۆکوێ دەچن و چکارێکیان هەیە. گوێ قوڵاغ بووین هەواڵێک وەدەست خەین. پاش دووسەعاتێک گەڕانەوەو چوار کەسی دەست بەستوویان پێ بوو کەسێکی تریش سواری ئەسپ کرابوو. بەتوندی هاتن و تێ پەڕین. لەپشتی خەلانێ سواری ماشێن بوون و بەرەو حاجی عومەران ڕۆین. کابرای نۆکەری حوسێن ئاغاگەڕاوەو هەمووشتێکی بۆ گێڕاینەوە. ناوبراو گوتی: ئەو پێنج کەسە لەسەر نانخورانان لە ئالانێ هاتنەماڵی حوسێن ئاغاو بریندارێکیان پێ بوو. خۆیان گەرم کردەوە نان و چایان خوارد. دوای ماوەیەک لەدەرێ ڕا هەرایان کرد: "ئێمە پێشمەرگەین و دەورەی ماڵێ گیراوە. بێ تەقە وەرنەدەرێ و خۆتان تەسلیمی بەشۆرش بکەن دەنا دەکوژرێن."لەپێشدا دەیان ویست بەهەر جورێک

بێ خۆیان دەربازکەن و تەقەبکەن. دوایە کاک غەزالی بارزانی کە یەکێ لە بەرپرسانی شۆرش بوو، جارێکی دیکەش هەرای کرد وەرنەدەر نیگەران مەبەن لەسەر شەرەفی شۆرش و بارزانی خۆتان تەسلیم بکەن و مەترسن و . . .
ئەوانیش چەکەکانیان دانان و دەستیان هەلێناهاتنەدەر. برا بازانیەکان یەک یەک دەستیان بەستن کەئێوەش دیتان بێرەدا هێنایانن و بۆلای حاج ئۆمەرانیان بردن!.

بۆسبەینێ هەوالّمان وەرگرت، هەر شەوێ بە ژاندەرمەکاندا تەسلیمی پیرانشار کرابوونەوەو لەوێرا بردبوویاننە پادگانی جەلّدیان. دوای گیران ئازارو ئەشکەنجەیەکی یەکجار زۆر هەر لەپادگانی جەلّدیان ئێعدام کران و ئەو پێنج کەسەش چوونە نێوکاروانی شەهیدان. یادیان بەخێرورحیان شادبێ.
ئەو رووداوە تالانەو هەوالّە دلّ تەزێنانەی بۆم باس کردن، ئەوەندەی دیکەی تێک شکاند بووین و نەماندەزانی چبکەین و رێگای چارەمان چ یە؟ هەروەک پێشتر باسم کرد؛ ڕۆیشتن وچوونە بەغدا نەدەگونجا. خۆبەدەستەوە دانیش لەو خراپتر. تەنیا هیوایەکی بوومان سەبرکردن و ددان بەجەرگی خۆ داگرتن بوو. دلّخۆشی خۆمان دەداوە کە بەلّکوو دەولّەتی عێراق شتێک بدا بەکوردو ئێمەش لەو ترس و لەرزە رزگاریمان بێ و تەسلیم بەئێران نەکرێینەوە. بەو جۆرە شەومان ڕۆژ دەکردەوەو ڕوژمان شەو. لەوکاتە ناخۆشەدا کوڕەکەم نەخۆش بوو. رۆژێکی من و زارای خێزانم بۆ پێشاندانی دوکتۆر چوینە هەولێر. کاتێک گەڕاینەوە هەوالیان دامێ کەدوێنێ سەعید مەسییفی بەر پرسی زیندانی خەلانێ چۆتە مالّی مەلامحەمەدی خزری و گرتوویەتی و بردویەتە زیندان. منیش دلّخۆشی براژنە توبای خێزانیم داوەو زۆر بەتێراديوی پێم گوت؛ بەیانی دەچمە مەکتەبی سیاسی وادەکەم نامەیەکم بدەنێ ئازاد بکرێ.
بێ خەبەر لەوەی کە ئەو داوە بۆ هەردوکمان دانراوەتەو جارێ هەر ئەو پێوە بوە .
بۆشەوێ بێ خەبەر لەهەموو شتێک لە چایخانەی فەقێ برایم دانیشتبووم، برادەرێک بە نێوی مەحمود خەیات هاتەلام و بردمیە دەرێ وگوتی:" شتێک هەیە دەمەوێ پێت بلّێم، بەلاّم دەبێ سوێندم بۆ بخۆی لە هیچ شوێنێک نێوم نە یەنی"
دوای ئەوەی خاتر جەم بوو هەمووشتێکی نهێنی دەبێ، گوتی:
- من نمەکی تۆم کردوەو ناتوانم خەیانەتت پێ بکەم. ئەوە ٤ چەکدار هاتوون لە

مالی ئێمەن. منیان ناردوە کە ئەگەر بزانن تۆلەسەفەرهاتوویەتەوەولەمالێی، بێن بتگرن. جائەگەر دەتەوێ برۆی ئەو باشە، دەنا من دەچمەوە دەڵێم لەماڵە".
هەر لەوێ وێڕای سوپاس ئەولاولام ماچ کردو خواحافیزیم لێکرد. گوتم: جارێ هێندێک خۆت بخافڵێنە دوای چەند دەقیقەیەکی دی برۆوە. نەوەکوو دەورەی دێ گیرا بێ. یەک سەر چومەماڵی کاک هەژاری شاعیرکەجیرانمان بوو. ئەحمەدی بارام میرزاش لەوێ بوو. پێم ڕاگەیاندو گوتم؛ هەواڵم وەرگرتوە پێشمەرگەی دەفتەری سیاسی هاتوون بمگرن. نازانم بۆ وامان لێدەکەن؟ چمان کردوە؟ بۆچی بۆ سازمانی ئەمنیەت دەستیان کردوە بەڕاوەکورد؟ نۆکەریش ئەندازە و سنوورێکی هەیەو...
مام هەژاری شاعیر بۆ پرسیارەکانم وەڵامێکی نە دۆزیەوە، برێکی منگاندو گوتی: - بە بڕوای من بچووە ماڵێ بابت گرن، من بەیانی لەگەڵ برادەران دەدوێم و بەڵکوو تۆش و مەلامحەمەدیش ئازاد بکەم.
وەڵامی هەژار، ئەوەندەی دیش منی ترساندوناهۆمێدی کردم. پرسیم:
ئەدی ئەگەر بەیانی تۆ بەفرایام نەگەیشتی و تەسلیمی ئێرانیان کردمەوە؟ یان تاسبەینێ لاشەکەم وەک سولەیمان موعینی لەشارەکانی ئێران کرا پێشانگا؟! ئەو کات دەچی دەپرسی بۆ وامان لەگەڵ دەکەن!؟
ئەگەرکاربەدەستانی شۆرش ڕاست و دروستن بۆ بەشەو دێن بمانگرن. مەگەر ڕۆژ نەدەبۆوە بێن لەپێش چاوی خەڵک بمان پێچنەوە؟!
مامۆستاهەژار لەوەڵامدا گوتی:
- پێم سەیرە وا دەترسی! ئەگەر مەبەستت فایقە کە ئەوەی لەگەڵ کرا، ئەو سەفەری کردبوو مەلامستەفا لێی توورە بوو. تۆی بێ لایەن کەس کاری پێت نیەو خۆت تێ ناگەیەنن. بەیانیش بۆخۆم دێم قسەیان لەگەڵ دەکەم. بزانم چیەو لەبەرچی تۆ و مەلا محەمەدیان گرتووە؟!
کاتێ زانیم کار لەکار ترازاوەو دەبێ بەپێی خۆم بچم بمگرن. کێشەی دیکەم لەگەڵ نەکردو، وام نواند کە ئەوە لەسەر قسەی تۆ دەچم بمگرن. خوا حافیزم کردو رۆیشتم. مەبەستی من ئەوە بوو ئەگەر لەدەرێ گیرام، کاک هەژار لەسەر قەولی خۆی بمێنێ. دەنا دەمزانی کاک هەژار ئاگاداری مەسەلەکانەو دەزانێ کێ دەبێ بگیرێ و کێ تەسلیم بکرێتەوە. کاتێ هاتمە دەر، نەم وێرا بچمەوە ماڵێ و بە پەنایاندا چوومە ماڵێ رەحیمی عەبدوڵاچەپەی. ناو براو کەلایەنگری

کۆمونیستەکان بوو. هەموو رووداوەکەی ئەو شەوەم بۆ گێڕاوەو داوای یاریدەدانم لێ کردو پێشنیارم کرد بمگەیەنێتە ماڵی قادر مەلا لەگوندی ڕایەت.
ناوبراو پیاوێکی هەبوو نێوی عەولابوو، پێیان دەگوت خەلیفە. بانگی کرد گوتی؛ بزانە کەس لەدەوروبەری ماڵێ نەبی، لەگەڵ فلاّن کەس بچوە ڕایەت و تەسلیمی قادر مەلای بکە. بەرەحیمم گوت: دوای نیو سەعاتێکی تر بچێتە ماڵێ ئێمەو بەزارای خێزانم بڵێ چم بەسەر هاتوەو بۆنەم توانیوە خواحافیزیان لێ بکەم.
باران وەک گۆزەی سەرەو ژێر دەباری، خەلیفە وەپێشم کەوت و خۆمان لە نێو دێ دەرباز کرد. بەچارەگە سەعاتێک چوینە رایەت. لەگەڵ کاک قادری خانە خۆێ قەرارمان دانا بچێتە دەرگەڵەو لەزمانی منەوە داوا لە شیوعیەکان بکا ڕێگایەکی چار بۆ دەرباز بوونم بدۆزنەوە. دوایی بۆ ئەوەی شوێنە ونکەم کردبێ، چومەگوندی ئالانێ. برادەرێکی سەڵتم هەبوو بەنێوی مارف، نابراو کوردی کوردستانی ئێران بوو، کارداری و کرێکاری دەکرد. چومە مزڵەکەی و چاوەروانی هێنانەوەی هەواڵی کاک قادربووم لەلەلای برادەرانی دەرگەڵە بۆم بێنێتەوە. ئێوارێ کاک قادر لەدەرگەڵە هاتەوە. برادەرانی شیوعی پێیان گوتبوو: ئێمە لەگەڵ بارزانی نێوانمان ساردە. بۆئەوەی لەوەش خراپتر نەبێ و ئەو شتانە نەبنە هۆی بەهانە دانە دەست، بەفلاّن کەس بڵێ ئەو داوایەمان لێ نەکا. بەڵکوو ڕێگایەکی دیکە ببینێتەوە.
کاتێک لەوێش ناهۆمێد بووم، ناچار تەمام گرت، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، لە گیران و زیندانی خەلان دور کەومەوە سەرێکی لای شنۆ و سندوس بدەم. شەوێ بیرم لەگیرانی مەلامحەمەدی خزری دەکردەوە کە ئەگەربێت و تەسلیمی کەنەوە، یان دەیکوژن، یان لانی کەم دە پازدە ساڵی دەگرن. لێدان و ئەشکنجەو خەڵک گیرانیش لەولا ڕاوەستێ. پلانم دانا بەیانی بنێرم دۆست و برادەرانی گوندی ئازادی و خەلان بێن قسەیان لەگەڵ بکەم و ئەو شتەی بیرم لێ کردۆتەوە بۆرزگاری مەلامحەمەد پێیان بڵێم بەڵکو جێ بگرێ. بەیانی مارف، م نارد بە دوای یۆنس ئاهنگەری و مەلا برایم و مەحمود خەیات و یەکدو برادەری تر، پاش نیوەرۆ هاتن و داوام لێکردن، کاتێک چونەوە لە چایخانە بلاّوی بکەنەوە بلێن؛ سەعید لەو چادرانەی کوێستانی بارزینی ئەو دەڵێ؛ مەلا محەمەد ئازاد بێ، منیش دەگەرێمەوە. دەنا، ناوێرم بێمەوە. بەمەلا برایم گوت: ئەگەر ئەوەی گوتم

باش بڵاو بێتەوەو پاراستن بزانێتەوە، بێشک مەلا محەمەدی ئازاد دەکەن بۆ ئەوەی من بچمەوە، بەڵام دەزانم دوایی دەمانگرنەوە. تکایە کاتێک مەلامحەمەد ئازاد بوو، پێی بڵێ گیر نەبێ و چاری خۆی بکات. منیش نازانم چ دەکەم و چم بەسەر دێ. جارێ سەرێکی کوردستانی ئێران دەدەمەوە.
ئەو ڕاسپاردانەم کردو دوایی ئەوان ڕۆیشتن. یۆنس ئاهنگەری بەجێ ماوگوتی منیش ناچمەوەو پێم خۆشە لەگەڵ تۆ بێمەوە ئێران. ئێوارێ من و یۆنس ڕێگای بارزین مان گرتە پێش و بۆشەوێ چوینەگوندی زەنوێرۆک مالێ کاک حەمەدی برادەرم. ئەو گوندە چوار ماڵ بوون. هەر چواریان وەک مالی خۆم بوون. ژاندارمیش قەت نەدەچوە ئەو گوندە. سێ چوار رۆژان لە وێ ماینەوەو ئەو پەیوەندیانەی پێویست بوون گرتمان بۆ ئەوەی رێگایەکی چارەسەری بدۆزینەوە. جگە لەناهومێدی بچوکترین دەرووی روون و هیوامان نەمابوو. رەنجی دە پازدە ساڵەم دەهات بە فیرۆ بچێ. دەردی کورد ڕاونان، دەردی مەیدان بەکورد چۆلکردن، دەردی هەڵاتن لەترسی کورد، دەردی پشت لە خەبات کردن، دەردی بێ جێگاو رێگایی، لە هەموویان گرانتر دەردی خۆتەسلیم کردنەوە، بەڕاستی بۆمن کارێکی پشت شکێن و ئەژنۆ تەزێن بوو. هیچ یەک لەو روداوو بەسەرهاتانەی کە لەتەمەنی لاوی و بێ ئەزمونی خۆم دا دیبووم و بەسەرم هاتبوون تا ئەوکات وایان نارەحەت نەکردبووم و ئەوەندەیان زەجرنەدابووم. پێم وایە هەمووکەس و هەموومرۆڤێکی خاوەن ویژدان لە داوەریدا، ئەو مافەم دەداتێ کە بەڕاشکاوی بڵێم: بەڕاستی زوڵمم لێکرا کە بەرێوە بەرانی" لیژنەی پاراستن و ئەوانەی دەستیان لەو کارانە دابوو خەیانەتێکی بێ ئەولاولایان بەمن و بەدەیان کوردی کوردستانەکانی دیکەکرد.
ئێمەو ئەو کوردانەی لەسەر کوردایەتی هەڵوەداو دەربەدەر ببووین، جگە لەدڵسۆزی گەل و نیشتمان هیچ تاوانێک مان نەبوو؟ جگە لەیاریدەدان و هاوکاری و بەکۆڵ، کەلووپەلی پێویست هێنان بۆ پێشمەرگە چ سووچێکی ترمان هەبوو؟
جگە لە سەنگەر گرتن و بە مانگ مانەوە لە رەوەزەکانی دەربەندی رانیە، چکەم کاریەکمان هە بوو؟ جگە لەوەی برادەرانمان لە شارەکانی ئێران داوو دەرمان بۆ شۆرش کۆکەنەوەو لەسەری بگیرێن و بچنە ژێر ئازارو ئەشکەنجەو زیندان چ زیانێکمان بە شۆرش گەیاندبوو؟ جگەلە ڕاگەیاندنی پڕوپاگاند، بۆبەهێز کردنی

شۆرش وهاندانی خەڵک بۆ پێشمەرگایەتی، شتێکی دیکەمان کردبوو؟
یان هەزار تمەنیە وەرەقە نەبڕاوەکانی شاهەنشاو دام و دەزگای حکومەتی ئێران، بۆکاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی لێژنەی ( پاراستن ) بەنرختربوون لە ڕشتنی خوێنی فایق و هاورێکانی و دەیان کوردی کوردستانەکانی ترو هەڵوەدا کردنی دەیان کەسی دڵسۆزو نیشتمان پەروەری کەبۆخزمەت و بۆ بەهێزکردنی شۆرش گیان لەسەر دەست بۆ خۆ بەختکردن هاتبوون کە بەداخەوە پاداشی پێچەوانەیان وەرگرتەوە .
ئێستا لە تێپەڕینی تاریخی نووسینی بەسەر هاتی خۆم تائەو کاتەی باسی دەکەم، نیزیک بە ٣٠ سیی ساڵ لەو دەوران تێ دەپەڕێ. بلێی ئەوانەی هاوکارو هاودەستی لاوەکی بوون و بەلێ قوربانیان بۆدەگوتن و بۆئافەرین و پوڵ و پارە خزمەتی بێگانەیان دەکرد ویژدانیان وەخەبەر هاتبێ؟
بلێی وەخۆهاتبنەوە کەجگە لەئابرووچوون ولەکەی رەشی مێژوویی دەستکەوتێکی دیکەیان نەسیب نەبووە؟ بلێی بەو ئاکامە گەیبن کەجارێکی دیکە هاو ڕەگەزو هاو زمان و هاوخەباتی خۆیان ئازار نەدەن؟
بلێی ئەزموون لەکارەساتی ڕابردو وەرگیرا بێ و تاقیکاری لەسەر خۆکوژی بۆ بێگانە نەکەن و لەگرتن و کوشتن و تەسلیم کردنەوەی کورد دەست هەڵگرن؟
بلێی ڕۆژێک گەلی کورد وشیار بێتەوەو دڵسۆزانی ڕاستە قینەی کورد لەگەڵ ئەوانەی کەبۆگیرفانی تایبەتی خۆیان کار دەکەن لێک جیابکەنەوە؟
یان هەروا بێ لێکدانەوە بۆئافەرینێک تەقە لەبراو هاوڕەگەزی خۆیان دەکەن و کەس وکاریان ڕەشپۆش دەکەن؟ خوزیاگەلی کورد ئەزموونی لەڕابردو وەرگرتباو توانیبای ڕێبەری دڵسۆزو ڕاستەقینە لەگەڵ بازرگان لێک کاتەوەو بیان ناسێ.
خۆزیالەکوردستان نرخی مرۆڤ چوباسەرو ئاڵوو وێری پێ نەکرابا.
داخوا دوای٣٠ساڵ ئەزموون دیسان لەگۆڕەپانی خەبات و تێکۆشاندا بیرو دەسەڵاتی خێڵەکی حاکم دەبێ و عەشیرەت بازاڕی دەبێتەوە باو و کای کۆن بەبا دەکرێتەوە"؟!

## کۆمیتەی ئینقلابی چی بەسەر هات؟

سەرئەنجام ئەندامانی کۆمیتەی ئینقلابی هەرکام بە شێوەیەک و دەردێک گرفتار بوون. ساڵی چل و حەوت کۆتایی کاری ئەوکۆمیتەیە بوو. یان لانیکەم لەڕوانگەی خۆمەوە دەتوانم ساڵی ١٣٤٧بەکۆتایی تەمەنی ئەوکۆمیتەیە بژمێرم .

کاک ئەحمەدی شەڵماشی ( مەلائاوارە ) کاتێک خەریکی کارو تێکۆشانی سیاسی و ڕێک خستنی بەردەوامی خۆی بوو، لەگوندی دیوالانی ناوچەی سەردەشت دەگیرێ و دادگای ڕواڵەتی شا مەحکوم بەئێعدام مەحکوم دەکرێ و دەیهێننەوە شاری سەردەشت و لە وێ ئێعدام دەکرێ.

کاک سمایلی شەریف زادە ( مەلاعەزیز ) لەگەڵ چەند پێشمەرگە لەناوچەی بانە خەریکی کارو تێکۆشان و روونکردنەوەو ڕێکخستنی تەشکیلاتی دەبن. یەکێک بە نێوی کوێخا شەریف کە بەناو وەک پێشمەرگە ڕەگەڵ دەکەوێ شەوێ هەڵدێ دەچێ ڕاپۆرتیان لێدەداو جێگاو شوێنیان لەئیختیاری دوژمن دەنێ. هەرچەند شەوێ شوێنی خۆیان بەجێ دێڵن، بەڵام دیسان ناتوانن خۆیان نهێنی بکەن و لەپێش چاوی دوژمن ون بن. ژاندارم و جاشێکی زۆری شارەزای ناوچەیان وە سەر دەگرێ و دەوریان دەدەن. دوای شەڕێکی نابەرابەر کاک سمایل و هەڤاڵەکانی دەنگێورێن و لەگوندی دارێنەی ناوچەی شارستانی بانە شەهید دەکرێن .

بەشەهید بوونی مەلائاوارەو کاک سمایلی شەریفزادە وێڕای ئەوەی خەسارەتێکی گەورە، وەگەلی کورد کەوت، کۆمیتەی ئینقلابیش تووشی دواین تێشکان بوو.

یادیان بەخێربێ و ڕوحیان هەر شادبێ.

## دەورێکی نوێی دیکه لەژیانم دا.

بەهاری ١٣٤٨هە ١٩٦٩بەهەزارو یەک هەوڵو تەقەللاو زەحمەتی براکەم و حاجی مەلاخالیدی دەربەندی و خۆ لەماڵی ئەم و ئەو هاویشتن، بەدڵ شکاوی و روحێکی تێشکاو دامەزرامەوە . لەنەغەدە وەتاغێکم بەکرێ گرت و ناردم منداڵەکانم لەو دیو لەگوندی ئازادی ڕا هێنانەوە شاری نەغەدە. بۆمن نەغەدە وەک لەولاتێکی غەریب وا بوو. براکەم دوکانێکی بچوکی تەختەی «کیوسک » بەنێوی ڕۆژنامەی ئیتلاعات بۆکردمەوە کەرۆژنامەوگۆڤاری تێدا بفرۆشم . ژیانیش وەک ڕابردوو بۆ من تاڵ بوو. کەسێکی یاریدەی دەدام مالی خوشکم بووکه له گوندی ئاڵیاوێ ڕا حەوتوی پوتە نانێکیان بۆ دەکردم و بۆیان دەناردم. جاروبار براکەشم ئەوەی لەدەستی هاتبایە یاریدەی دەیکردم. دەبووایە بەقڕان قڕانی قازانجی سیغارو رۆژنامەو شیرنیات، کرێ دوکان وکرێ خانووم دابایە. ژیانێکی ناخۆشم هەبوو زۆر بەزەحمەت بەرێ دەچووم. ئەگەر جاروبار کاکم یاریدەی نەدابام و دەستی نەگرتبام نه دەژیام.

دوای ئەوەی دەنگۆی هاتنەوەی من له گوندی ئازادی بڵاو دەبێتەوە، مەلامحەمەدی خزری بانگ دەکەن و ئازادی دەکەن و پێی دەڵێن هەواڵ بدە بەسەعیدیش با بێتەوە. مەلا محەمەدی خزری کاتێ بەردەبێ ناچار دوای چەند ڕۆژێک بەدڵ شکاوی دەگەرێتەوەو ئەویش ئاواتی بەربەرەکانی دژی دوژمن بۆماوەیەک بایەگانی دەکات.

ساڵی ١٣٤٩هەتاوی سێلاوێکی گەورە لە نەغەدە هەستا. هەرچەند زەرەرو زیانی زۆر بوو، بەلام لەباری ماڵیەوە یاریدێکی باشی منی دا .

سێلاوی نەغەدە گەلێکی لەخانوەکانی گەڕەکی کوردان تێک روخاند. من له خانووی کرێ دابووم. خانوەکە زیانی وێنەکەوت، بۆخۆشم جگە لەماڵ بارکردن زیانێکی وام نەدی. دەوڵەت بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانی خەڵک، سێ میلیۆن تمەنی یارمەتی دا بەگەڕەکی کوردان و لەسەر خەڵکیان دابەشکرد. منیش سێ هەزار تمەنم پێ بڕا.

بەو پوڵە دووکارم کرد.

یەکەم، کورێکم بوو دەبوایە بیبەمە تاران بۆچارەسەری نەخۆشیەکی کەهەیبوو.

کاتێک لەکوردستانی بەعێراقەوە لکاو بووم کوڕەکەم زیپکێکی لە بن گوێی هاتبوو. لەبەر شەڕو شووڕ بۆم نەدەکرا بیبەمە شارەکانی هەولێر و سولەیمانی و... کاتێک هاتینەوە کوردستانی بەئێران لکاو، ئەو زیپکە گەورە ببوو. دەبووایە بیبەمە تاران و بۆ چاک بوونەوەی هەوڵ و تەقەللایەکی بۆبدەم.

دووهەم، دەورەیەکی وێنەگری لەتاران ببینم و خۆم لەبێکاری و سەرگەردانی ڕزگار کەم. لەگەڵ لاوێکی فارس بە نێوی کورش پورکیان. لەباری فێربوونی وینەگری، بەنامە پەیوەندی مان هەبوو. ناوبراو نامەی بۆنوسیم: بۆ دەورەی وێنەگری بچمە تاران و ئەوەی لەدەست بێ بۆخۆی لە باری ڕێنوێنی یاریدەم بدات.

سێ هەزار تمەنم هەڵگرت، لەگەڵ وریای کورم چوینە تاران. بۆ ئەوەی سەرتان نەیەشێنم، کورەکەم دوای ساڵێک هێنان و بردن و زەحمەت و کوێرەوەری، سەرکەوتنی وەدەست نەهێناو ئەوزیپکەیە لەبەر ئەوەی وەدرەنگی کەوتبوو، چاری نەهات وکوڕەکەم لەتەمەنی چوارسالی دا پێی مرد.

منیش بەهەر جۆرێک بوو، دەورە یەکی یەک مانگی وێنەگریم دی. بەڵام بەشی زۆری فێربوونم کورش پورکیان فێری کردم و قەرزداری ئەوم.

لە شاری نەغەدە دوکانێکی وێنەگریم کردەوەو دەست بەکار بووم. ژیانێکی باشم بۆخۆم پێکەوەناو لە دەست تەنگی رزگارم بوو. لەسیاسەت و قسەو باس بەتەواوی خۆم دەپاراست. تەنانەت لەگێرانەوەی خەبەری ڕادیۆش خۆم دەبووارد کە نەوەکو بەهانەم پێ بگرن و توشی زیندان و ئەولاولابم. لە شاری نەغەدە هاودەم و هاتوو چۆم لەگەڵ مەلامحەممەدی خزری و یەکدوو برادەری تربوو. لەمەهابادیش هەر وەها دەکرێ بڵێم تەنیا سەید حەسەنی هاشمی و چەند خزمێکی خۆم بوون کەهاتوو چۆم دەکردن. بەتەواوی لەباسی سیاسی خۆم پاراست بوو. مەگەر جارو بار بۆ بەتاڵکردنی دەردی دڵی خۆمان لەگەڵ یەکتر جنێوێکمان حەواڵەی دێلە زەردکردبایە، واتە حەمە رەزاشا. یان هەواڵێکمان بۆ یەکتر گێڕا باوە. دەنا لە جێگایان و مەجلیسان هەموو باسێکم لەخۆم حەرام کردبوو. جارێکی لەگەل کاک محەممەدی خزری لەتاران بووین. کاک حەسەنی هاشمی لەلایەن ڕەحیمی خەرازیەوە بۆ دیتنی دەورەی حیسابداری هاتبووە تاران. ناوبراو پێشنیاری بەمن و خزری کردو گوتی:

– تەشکیلاتێکی سیاسی لەسەر بیرو باوەرێکی پێشکەوتووخوازانە

دروستکراوەو ئەندامەکانی خەریکی تێکۆشانن. ئەگەر حەزدەکەن و پێتان خۆشە، وەرن با ئێمەش ڕەگەڵ کەوین وکاری سیاسیان لەگەڵ بکەین.
من ومەلامحەمەد وێگرا بەیەک بۆچوون، ئەو شتە دروستکراوەمان بە شتێکی ناسالم و دور لەدروستکاری زانی و هێندێکیش لەسەر وەزعی ئەوکات و ئەو کەسانەی نێوی هێنان قسەکردو بەمەترسیەکی گەورەمان دانا.
کاک سەید حەسەن لەگەڵ ئەوەیدا وتەکەی ئێمەی قبوول نەبوو، زۆریشی پێ ناخۆش بوو. بەڵام دوای دوو ڕۆژ بۆی روون بۆوە، کە ئەگەر خۆمان لێدابا، تووشی پەت پەتێنێکی باش دەبووین. سەرەڕای ئەو خۆ لادان وبێدەنگی و خۆپاراستنە، لەسەر ناژتنی تەرمی کاک عەزیزی یوسفی چل و سێ ڕۆژێکیان لەژووریَ کردمو گرتیانم . ئەگەر لەهەلوومەرجێکی دیکە دا بایە، لەوانە بوو لانی کەم سێ چوار ساڵیان لەژوریَ کردبایین . جارێک لەگەل مەلامحەمەدی خزری چوبووینە ورمێ، لەبەر دەرکی ئوتێل زیبا لە خۆڕا گرتیانین و بردیانین بۆ ساواک، لەوێش پاشی پشکنین و بێنەو بەرە، دوای چەند سەعاتێک ئازادیان کردین. ئەویش محەمەد مەجید ناوێک کە خاوەنی ئوتێل زیبای ورمێ بوو، ڕاپۆرتی لێ دابووین.
بەکوردی وکورتی لە ئێرانی کاول و وێران بوو هەرکوردێکی دوو ڕۆژی سیاسەت کردبێ، تاماوە نابێ لە خۆی ئەمین بێ. هەمووسات وکاتێک بەدوایەوەن و هەڵی دەنێن، بەهانەی پێدەگرن و لەژوریی دەکەن، نەوەکوو خەڵک روون بکاتەوە. هەمووکوردێک دەبێ هەموو کاتێک پەڵپ و بیانووی رژێمیان لەبەر چاوبێ و بەهانە نەدەن بەدەستەوە. تەنیا ڕێگای خۆپاراستن لە دوژمن، نەهێنی کاریە.
لەبەر ئەو تێبین یانە هەمووکاتێک وریای خۆم و زمانی خۆم بووم چونکە لەحاست منداڵەکانم هەستم بەلێ پرسراوی دەکردو دەبوو ڕێگەی خۆ لاڵ کردن هەڵبژێرم.
هاوینی ١٣٥٦هەتاوی ١٩٧٧ز، سەرەتای جووڵە جوولّی دانیشتوانی تاران و ئیسفەهان و مەشهەد بوو. خۆپێشاندان دژی رژیم هەر دەهات و پەرەی دەستاند. خەڵکی ئێران بەدرۆشمی ئاینی دەهاتنە شەقامەکان. ئەو جووڵە جوول و هەرەکەتە هەر دەهات و بەهێزتر دەبوو. رۆژ بەرۆژ شارەکانی تری ئێرانی دەگرتەوە. هێشتا ئەو جمووجووڵە نەگەیبووە کوردستان وکەس نەبزووت بوو. لەو

سەرووبەندەدا کاک عەزیزی یوسفی کەنەخۆشی دڵی هەبوو، لەزیندانی حەمەرەزاشادا زۆری لێکۆن کردبوو. ناوبراو پترلەبیست ساڵ لە زیندانی ساواکدا ئەشکەنجەو تاڵی وسوێری چێشتبوو. دوای ئەوەی کاربەدەستانی رژێمی شا زانیان لەکەڵک کەوتووەو دەمری ئازادیان کرد. ناوبراو لەدەرێ کە ئازاد بوو زۆر نەژیا کەخەڵک ببینێ و کەڵکی لێ وەربگرن. دوای ماوەیەکی کورت بۆهەمیشە دڵەگەورەکەی لەکار کەوت و مرد.

بۆئەوەی کاک عەزیز بەباشترین شێوەی رێزلێگرتن بنێژرێ، بەهەموو شارەکانی کوردستان ڕاگەیەندرابووکە لە رۆژی ناشتنیدا لەشاری مەهاباد کۆببنەوە. لەشاری نەغەدە، جگە لەمن و کاکم و مەلامحەمەدخزری چەند کەسێکی تریش، لەڕێ و ڕەسمی ناژتنی تەرمی کاک عەزیزدا بەشداربوون. تەرمی ناوبراو بەگوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و وێنەی خۆی ڕازا بۆوە. خەڵکی شاری مەهابادو شارەکانی تری کوردستان، بەدوای تەرمی کاک عەزیزدا وەک لێشاوخرۆشا بووو و بەرەو گۆڕستانی شار دەرۆیشتن . دوای ناژتنی کاک عەزیز، کاک جەلیل گادانی بەدوورو درێژی لەسەر ژیانی ناوبراو هەروەها لەسەر هەلوومەرجی ئەوکات و چارە نووسی دیکتاتۆر و فەلاکەت باری خەڵکی ئەمریکای لاتین و تاوانەکانی ئیمپڕیالیزم قسەی کرد. بەدوای ئەودا حەوسەتی دەباغی شێعری خوێندەوە. پاشان هاتینەسەرگڵکۆی کاک سولەیمانی موعینی و مەلامەحموودی زەنگەنە. سەید محەمەدی نیزامی بەشێوەی درۆشمدان گوتی: – ئەوەش گڵکۆی « فایق » سولەیمانی موعینی و مەلا مەحموودی زەنگەنەیە، کەبەدەستی ژاندەرمەکانی حەمەرەزاشا لەساڵەکانی پێشوودا شەهید کراون.

بەدوای درۆشمی سەید محەمەد دا دەست بەرزکردنەوەو دروشمدان، بووبە بەرنامەی هێندێک لەلاوەکان. بەهاوارو درۆشمدان وەپێش کەوتن و بەرەوشار وەرێکەوتن. کاتێک زانیمان ئەو لاوانە بەکەس کۆنترۆڵ ناکرێن، ئەوانەی کە پێمان وابوو دەبێ نەناسرێین هەرکەس بەلایەکدا خۆمان گەیاندەوە ناوشار.

پێشتر لەگەڵ حوسێنی مەدەنی قەرارمان دانابوو بۆ شام خواردن و نوستن شەوێ بچینەوەمالی ئەوان. دوایی لەگەڵ کاکم بیرمان لێکردەوە کە ئەگەر لەو ئالۆزیەدا خۆمان دەربازکەین بگەینەوە نەغەدە باشترە لەوەی سبەینێ بچینەوە.

یەکسەرە چووینەکارێژو هاتین سوار بین برۆین، پاسەوانێک بەنێوی (عیبادرۆستەمی کە تازە کچێکی کوردی هێنابوو ببووە خزمی کوردان! ) دوای

خۆش و بێش، وەپێش خۆی داین و ئێمەی بردە ئیدارەی شارەبانی و بەگرتی داین. ئەو شەوە ٣٢کەس گیرا بووین. بۆ سبەینێ تائێواریێ بووین بە٤٦ کەس. دوای دووسێ رۆژ کاک جەلیل گادانی لەتاران دەگیرێ و یەکسەر ئەویشیان هێناوە لای ئێمە. سەرجەم هەموومان بووین بە چل و حەوت کەس. لەوکات و سەردەمدا زیندان تابلێی ناخۆش بوو. رێ پێوان وخۆپێشاندان لەشەقامەکان رۆژ لەگەڵ رۆژ پەرەی دەستاندو شارەکانی پتر دەگرتەوە. مەقالەی رۆژنامەکانی ئەو سەردەم، وێڕای هاندانی خەڵک بۆسەر شەقامەکان، هیواو هومێدیان دەدا بەخەڵک و مزگێنی دەری دوا رۆژێکی روون بوون. کاتێک پیاو چاوی بەڕۆژنامەکاندا دەگێڕا، دەچووە دنیایەکی ترو هەردەتگوت لە وڵاتێکی تری دێموکڕاسی دەژی. کەس شتی وای لەئێران نەدیبوو، کەسیش نەی دەزانی ڕۆژێک لەڕۆژان حکومەتێکی لەرژیمی شا خراپتر دێ و ئەو ئازادیەی لێ ڕەوگیر دەکرێتەوە.

دوای چل و سێ ڕۆژ مەرج نامەیەکیان پێ ئیمزا کردین و نیزیک بەچل و چوارکەس ئازاد کراین. سێ چوارکەسیش رەوانەی ورمێ کران.

من یەکیک لە ئازاد کراوەکان بووم. لەبیرمەکاتێک من یان لەگەڵ سەید حەسەنی هاشمی برد بۆ ساواک و دەیان ویست مەرجنامەکەمان پێ ئیمزاکەن. سەید حەسەن بەمنی گوت: من ئیمزای ناکەم و نامەوێ بەمەرج ئازادبم. دوایی هەر بۆخۆی کوتی جارێ بچینەدەر باشترە لەوەی خۆمان لەزیندان ماتەڵ کەین.

ئیمزایەکمان پێوەناو ئەوجاریش لەزیندان هاتینەدەر.

مەرجەکەش ( تعهد ) ئەوەبوو: بەڵێنی دەدەم دژی شاو وڵاتی ئێران هەنگاو هەڵ نەیەنمەوە. هەرکات بۆشارەکانی تری ئێران سەفەر بکەم بەساواک ڕابگەیەنم. بەدژی تەواویەتی هەردی ئێران نەجوڵێمەوەو. . .

ئەومەرج نامەیە لەسەردەمی رژیمی شادا ببوە سوننەت بۆ ئیدارەی ساواک ولە هەمووی ئەو کەسانەیان دەستاند کەئەگەر رۆژێکیش لەلایەن ساواکەوە گیرا بان.

بۆئەوەی خۆم لە شتی چووک چووک دەربازکەم، لەو نــۆ ساڵەی کارو وێنەگری و شتی وردیلانە ڕەد دەبم و خۆم دەگەیەنمە سەرو بەندی شۆرشی ئێران و جم و جۆڵی گەلەکانی ئێران لەسەر دەمی حەمەڕەزا شادا.

جوڵە جوڵ و خەبات و تێکۆشان و هەراو بەزمی گەلەکانی ئێران بەدژی رژیمی شا ، رۆژ بە رۆژ پەرەی دەستاند. خۆپێشاندان لەشەقامەکان هەر دەهات پتر

دەتەنیەوە. مەقالاتی باشی رۆژنامەکان هاندەری بنەڕەتی خەڵک بوون. ترس و خۆفی پێشوو لەساواک بەتەواوی شکابوو. مرۆڤێکی سیاسی که ئەگەر لێکدانەوەی هەبایە، بەئاشکرا دوا ڕۆژی روخانی رژێمی شای بەدی دەکرد. هەموو کەس هیواداری دوا رۆژێکی روون بوون. ئەو هیوایە ببوە ڕێبەرو ڕێرەوی خەڵکی کورد، دەنا لە کوردستان نەهیچ ڕێکخراوێکی سیاسی ڕێک وپێک هەبوو، نەرێبەرێکی ناسراوی هاندەرو ڕێگا پێشاندەری هەبوو. خەڵکی کوردیش بە پێرەوی لەشارەکانی ئێران دەهاتنە سەرشەقام و بەئارەزوی خۆیان درۆشمیان هەڵدەگرت. لەکوردستان ترازابای، لەئێران مەلاکان پێشڕەوی خەڵک بوون. لانی کەم کاری ڕۆژانەیان لەرووی بەرنامەوە بەرێوە دەچوو. بەهۆی مەلاکان و ئاینی شیعەگەری وەک ڕێکخراوێکی سیاسی خۆیان ڕێک خستبوو. ئەوکات لەحیزبێکی سیاسی رێک و پێک و یەکگرتووتر بوون. بەکورتی رژێم کەوتبوە حەوله وەلاو بەتەواوی لەق ببوو.

بەرۆیشتنی شاو هەڵوەراندنی فرمێسکەکانی لەکاتی سوار بوونی فڕۆکە دا، هیواو هومێدی خەڵک ئەوندەی دیکەش چووبووە سەرو بەورەتر لەرۆژەکانی پێشتر دەهاتنە سەرشەقامەکان و بەدژی ڕژێمی حەمەڕەزاشادرۆشمیان دەدان. جەم و جووڵ و هەڕەکەتی بەتەوژمی خەڵک هەموو ئێرانی هەژاندبوو. خەباتی بەگوڕو تینی خیابانی کاری کردە سەرئەرتەشی ئێران و هێزی چەکدارو نیزامی لەپڕ بەرەو لای خەڵک هات. جەبهەی پشتگری لەشا بەجارێک بێ ورە و بێ هێزو بێ دەسەڵات بوو. جبهەی دژی شاو رژێمەکەی رۆژ بە ڕۆژو سەعات بە سەعات و دەقیقە بە دەقیقە یەکگرتوترو بەهێزترو بەگوڕو تواناتر دەبوو. بەئاشکرا ئاسۆی روون لە هەموو لایەکەوە دەدرەوشاوە.

لەبنەوە مرۆە سیاسیەکان خەریکی کارو تێکۆشان و خۆ ڕێک خستنی خۆیان بوون. هەولیان دەداو بەرنامەڕێژیان دەکردو هاوڕێ و هەڤاڵ و دۆست و ئاشنای تێکۆشەریان دەدۆزیەوەو لەدەوری خۆیان کۆ دەکردەوە.

مەلاکان ناتەبایی پێشوویان وەلا نابوو بە هەموو هێزیانەوە خەریکی یەکگرتن بوون.

بەکورتی هەموو تێکۆشەرێک بەهەر ئاین و مەزەبێکی هەیبوو دژی ڕژێمی حەمەڕەزاشا ڕاپەریبوو. تەنانەت ڕادیۆی "بی بی سی" کەهیواو هۆمێدی شای ئێران بوو، هەواڵ و لێکدانەوەکانی هاندەری بەرەی دژی شاو ڕژێمەکەی بوون.

تەنیا ڕادیۆیەکی کەلەوسەردەمدا لەباری پرۆپاگاندو ڕێنوێنی و هاندانی خەڵک لەهەموویان بێ لایەن ترو نەبڕتر بوو، ڕادیۆی مەسکەو بوو .

## رژێمی شا بەرەو ڕووخان.

خەبات و بەربەرەکانی خیابانی دژی رژێمی شا، لەساڵی ١٩٧٨زاینی دا، لەو پەڕی توندو تیژی خۆی دابوو. گەلەکانی ئێران لەشارو دێ بەشداری ئەو خەباتە توندو تیژە بوون و لەهیچ شتێک نەدەسلەمینەوە.
ئێستا کەمن دەمەوێ بەسەر هاتی خۆم وەک ژیاننامەیەک بنووسم لەو کاتەوە تا نووسینی ، پتر لە هەژدە ساڵ تێ پەڕیوەو دەکرێ بڵێم لەو دەوراندا دەژین. بۆیە پێم وایە پێویست بەوە ناکا هەموو هەڵسووکەوتی ئەوکات شی بکرێتەوە.
خەباتی خیابانی زۆربەی رۆژەکان بەرێوە دەچوو. ئێمەلە نەغەدە بەچاوی خۆمان دەمان دی، کوردەکان وەک ئازەریەکان رێک و پێک بەشدارو هەڵسووڕ نەبوون و وەک ئەوان لە ڕاپەرینەکە دا یەککگرتوو نەبوون. تورک و فارسەکان بەبیروباوەری ئاینی شیعەگەری وەک حیزبێکی سیاسی بەو پەڕی یەککگرتوو و پتەو خۆیان رێک خستبوو. من و مەلامحەممەدی خزری کاتێک دەمان دیت کەس نیە بۆ یەکێتی و رێک و پێکی هەوڵێک بداو شتێک پێک بێنێ، نارەحەت بووین. پێکەوە کەوتینە خۆو هاتینە سەر ئەو ڕایە خەریکی پێکەوە نانی رێکخستنێک بین. بۆ ئەوەی هێزێک رێک خەین، خەریکی پێک هێنانی تەشکیلاتێک بووین کەبەڵکوو بتوانین یەکێتی و برایەتیەک لەنەغەدەدا بناغەرێژی بکەین کەلەکاتی پێویست دا ئەگەر شتێک هاتە پێش، بە دەستی ئاوەڵەترو لەرووی بەرنامەوپلان، بەڕاوێژو هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی زەمان، وێگڕا پێکەوە کارێک بکەین و بەقازانجی کورد هەنگاوێک هەڵێنینەوە. لەگەڵ مەلامحەمەدی خزری چەند کەسێک مان دیت و داوەتمان کردن. دوای وتوو وێژ و ساغ بوونەوە،کۆمیتەیەکمان پێکەوە نا. بڕیارماندا ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەپرس و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردەست بەکار بین و ئاشناو رۆشنا ببینین. چەند مانگێک خەریک کاری گروهی بووین. وەزعی تێکەڵ پێکەڵی ئێران ئەوەندە بەپەلە دەچوە پێش و تیژ تێدە پەڕی، نەمان دەزانی چ رێبازێک هەڵبژێرین و رەگەڵ کێ بکەوین. لەگەل تووندو تیژی چریکەکان نەدەهاتینەوە. حیزبی توودەمان بەدڵ نەبوو. یان ئەوانەی بوون بە (جمعیت وکۆمەڵە) وەزعێکی دەرهەم بەرهەمیان بوو بۆخۆ نیزیک کردنەوە نەدەبوون. لەلایەکی دیکەوە ئاواتمان ئازادی و ڕزگاری

کوردستان بوو. بەڵکوو بتوانین بەبیرو باوەڕێکی شۆرشگێڕی پێشکەوتووخوازانە بەڕێگایەکی ئوسووڵی و جیهان بینیەکی سالمی بابەتی ڕۆژ هەرەکەتی بۆ بکەین. بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، تاڕادەیەک نیازەکانی ئێمەی دابین دەکرد. لەبەرنامەی حیزبدا سوسیالیزم بۆ ئامانجی دوا ڕۆژ دیاری کرابوو. حیزبی دێموکڕات یەکیتێ سوڤیەتی بە دۆست و پشتیوانی خۆی دەزانی. ئەوکات ئەو ڕوانگەو بۆ چوونە بۆخەباتگێڕو رووناکبیری کوردستان بابەتی رۆژ بوون. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو سەردەم ئەو روانگەیە لە روانگەیتر پتر باو بوو. بۆ کەسێکی وەک من کە بەخەباتی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازی ڕاهاتبووم و هەموو تەمەنم لەو ڕێگایەدا بەکار برد بوو. حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم بەحیزبی خۆم دەزانی و باشتر بوو لەوەی بچمە نێوحیزب و رێکخراوێکی نامۆی کەلەگەڵ ویست و داواکانم نەدەهاتنەوە.
وردە وردە ئەو کوردە سیاسیانەی ح د ک، کەلە دەرەوە دەژیان و لەئێران قاچاغ بوون ، نیوە نهێنی و نیوە ئاشکرا دەگەڕانەوە نێو شارەکانی کوردستان. وەکوو، مەلاعەبدوڵڵای حەسەن زادە و کاک سەید رەسوڵی دەهقان ( بابی گەورە ) بوون. مەلاعەولاّ لەگەڵ سەید حەسەنی هاشمی هاتنە نەغەدەماڵی مەلامحەمەد خزری. دوای وتوو وێژ داوایان لەئێمە کرد بگەڕێینەوە نێو حیزب و کار بکەین. سەید رەسوڵی ڕەحمەتی دوای هاتوو چۆ و وتوو وێژ، بڕیارمان دا کە لەگەڵی دانیشین.
دوای ئەوەی ئێمە بۆخۆشمان دانیشتین، لەسەر وەزعی خۆمان و مەسەلەی کورد پاش گۆرینەوەی بیرو ڕاو لێکدانەوە. هەموومان هاتینە سەر ئەو ڕایە، رێگایەک بگرین لە قازانج و بەرژەوەندی کورد دور نەکەوینەوە. کاتێک ح د ک، مان لەگەل چریک و توودە بەراورد دەکرد، پێمان لەوان باشترو بەوەج تر بوو بۆ دابین کردنی ئاواتەکانی گەلی کورد لەکوردستان. ئەو شەوەی کە قەرارمان دانابوو وسەید رەسوڵ دەیویست بێتەماڵێ ئێمە. بەبرادەرانی خۆمان ڕاگەیاندو لە وێ کۆ بووینەوە. ناو براویش لەگەڵ یەکدو کەس هاتن. لێرەدا لەنووسینی نێوی ئەو کەسانەی لەگەڵ سەید رەسوڵ بوون و لەگەڵ ئێمە بوون خۆم دەبووێرم. سەید برایمی حوسێنی دەکرێ بلێم وەک رێنوێن و چاوساغ لەگەڵ سەید رەسوڵ هاتبوو. دوای شام خواردن، سەید رەسوڵ دەستی کرد بە وتوو وێژ و پێشنیاری پێ کردین کە لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کاربکەین. ناوبراو بۆکۆمیتەی شاری

نەغەدە پێنج کەسی دیاری کرد بوون. بۆم باس کردن کەئێمەش پێشتر لەگەڵ برادەران ساغ ببووینەوە کە ئەگەر کار بکەین لەگەڵ حیزبی دێمووکرات کارو خەباتی خۆمان دەست پێ بکەین باشترە. دیارە ئەندامانی بەرێوە بەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هاتبوونەوەو جارێکی دیکەش بۆگەلی کورد وەک ڕێکخەرو پێشرەو سەری هەڵدا بۆوە. گەلی کورد بەتوندی دەستی بەخەباتی دژی داگیرکەر کردبوو. یەکێکی وەک من کاریشم نەکردبایە دەبوو، بەڵام کەسێک کەخاوەن بیرو باوەڕبێ و بڕوای بە خەبات و بەربەرەکانی دژی داگیر کەرانی وڵات هەبێ، کوا دەتوانێ ئۆقرە بگرێ و بێ لایەن دانیشێ. ئەوە بوو بۆکۆمیتەی شار، چەند کەس لەوان و چەند کەس لە ئێمە کۆمیتەی شاری نەغەدەمان پێک هێنا.
لەشاری نەغەدە دەست بەکار بووین. هەوڵدان وکارکردنم پێ خۆش بوو. حەزم دەکرد لەگەڵ مرۆڤی باش و تێگەیشوو دانیشم و قسەیان لەگەڵ بکەم. دوو، دوو، و سێ، سێ دەچووینە دێیەکان قسەمان بۆ خەڵک دەکرد. پەیوەندیمان بە پیاوی باش و زاناوە دەگرت. لەخانێ و نەغەدەو شنۆ زۆرکەسی خاوەن بیرو ڕامان دیتن. یەکێک لەوانە کاک مستەفای هیجری جێگری سکرتێری ئێستای حیزبی بوو. ناوبراو لەشاری نەغەدە وەک دەبیرێکی خۆش نێو و لە نێو خەڵکدا ناسرابوو. پێمان خۆش بوو پەیوەندی پێوە بکەین و قسەی لەگەڵ بکەین. دوای ساغ بوونەوە، ڕۆژێک مەلامحەمەدی خزری هاتە دوکانی من وگوتی:" کاک مستەفای هیجریم لە دوکانی حەللاج زادە دیوەو پێم گوتوە بێتە دوکانی تۆ قسەی لەگەڵ بکەین، لەوانەیە ئێستا بگاتێ". هێندەی پێنەچوو ناوبراو هات. دوای ئەوەی چایەکمان خواردەوە، سێ قۆڵی دەستمان کرد بەقسان. دوای کورتە پێشەکیەک لەمەڕکوردو مەسەلەی کوردستان و ئەرکی ئێمەومانان، پێشنیاری هاوکاریمان لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا پێکرد. ئەگەر بۆمێژووش بێ، هەرخۆشە پیاو وەڵامی کاک مستەفا بگێرێتەوە. کاک مستەفای هیجری ئەوکات کەوتبووە ژێر تەئسیرو بۆچوونی برادەرانی « جەمعیت » واتەکۆمەڵەی ئێستا، هاوکاری لەگەڵ دەکردن. بەکاک مستەفامان نەگوت ئێمە ئەندامی حیزبین و کاریان لەگەڵ دەکەین. هێشتا بەئاشکرایی دەفتەرمان لەشاری نەغەدە نەکردبۆوە. دوای وتوو وێژێکی کورت، کاک مستەفای هیجری لەوەڵامی پێشنیارەکانی ئێمەدا گوتی:
- من پێم خۆشە لەگەڵ ڕێکخراوێک کار بکەم قازانج و بەرژەوەندی گەلی

کوردی تێدابێ و بۆ دابین کردنی مافی نەتەوەی کورد هەوڵ بدا، بەڵام نەک لەگەڵ حیزبێکی ڕاستی ( ڕاست ڕەوی ) وەک حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران. درێژەی دا بەوتەکانی: بەڕاستی برادەران، لەروانگەی منەوە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرتی کوردستان جێگای پرسیارن.

دوای هێندێک وتوو وێژ لەمەڕ راست یاچەپ بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ، بەرنامەی حیزبمان بە وێنە بۆهێناوە کەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕاستە حیزبێکی میللی یە، بەڵام ئەو جۆرەی تۆ بیری لێدەکەیەوە (ڕاستڕەو)نییەو...

دوای ئەو باسە قەول بوو بەرنامەو پرۆگڕامی حیزبی دێموکڕاتی بۆ بەرین. لەبیرم نەماوە کە لەبەر ئەو وەڵامە بوو، یان پێم خۆش نەبوو، یان لەبیرم چۆوە کەپێرەو و پرۆگڕامی بۆ بەرم. ئیتر ناوبراو لەئێمە دوورو لە جەمعیەت نیزیک ماوە. کاک مستەفای هیجریمان نەدیتەوە تا ئەوکاتەی لەکۆنگرەی چوار دا بەئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا.

## دانانی دەفتەری حیزب لەنەغەدە.

پاش پێک هاتنی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە و هێندێک کارو تێکۆشان لەشەقامی باڵەخچی خانوێکمان بەکرێ گرت و کردمان بەدەفتەری کۆمیتەی شارستان. دوای یەک دووکۆبوونەوە لەگەڵ یەکتر، بەرەسمی بۆ ڕاپەڕاندنی کارو باری حیزبی خەبات و تێکۆشانی خۆمان دەست پێکرد.
زۆری نەخایاند کۆمیتەی ناوەندی کاک ڕەحمانی حاجی ئەحمەدی وەک بەرپرسی تەشکیلاتی بۆ ناردینە نەغەدە. لەبەر ئەوەی هیچ یەک لەئێمە خۆمان بۆ بەر پرسایەتی ئامادە نەکردبوو، گوێمان نەدایە کێ بەر پرس دەبێ ، دەست بەکار بووین.
لەسەرەتای چەک کردنی ژاندارمەری و چەکدار بوونی هێندێک کەسی بێ مەسئوول وەزعی نێو شاری نەغەدە ئاڵۆز ببوو. چەکدار بوون و کردەوەی نالەباری دوولایەنی کوردو ئازەری دۆستایەتی کۆنی دانیشتوانی شاری نەغەدەی شێواند بوو. بەهۆی دەست تێوەردانی بێ مەسئوولانەو ناشیگەری ئەولاولاو ئاژاوەگێڕی ژێر پەردەی نادیار، تابلێی ناخۆش و نالەبارو نارێک و پێک بوو. ناتەبایی کوردوعەجەم بەو پەڕی دژایەتی خۆی گەیبوو. دەستەیەکی کەم بۆ لەناو چوونی ئەو ناکۆکیە پێک هاتبوو هەولی دەدا. بەداخەوە قسەی ئەوانیش کەمی بڕەدەکرد. چەکداری نامەسئوولانەی قەرەپەپاغ لەلایەک و چەکداری کوردی بێ مەسئوولتر لەوان لەلایەکی دی، سنووریان بۆگەڕکی کوردوعەجەم دیاری کردبوو. لەژێرەوەش کەسانی وەک مەلاحەسەنی هاندەرو تێکدەرو چەکی‌دەدا بە برادەرانی قەرەپەپاخ . تادوای شەڕی نەغەدە هیچ کەس ئاگاداری ئەو هاندان و فوو لە ئاور کردنەی مەلاحەسەنی نەبوو. ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێی وابوو مەسەلەی ناتەبایی نێوان دوو نەتەوەی ئازەری و کورد، ڕەنگبێ بەوتوو وێژێکی گشتی حەل بکرێت. قەرار بوو کۆبوونەوەیەکی گەورە پێک بێت و داوەتێکی گشتی لەکوردو ئازەری بکەن بۆ وەی قسەیان بۆبکرێ. دیارب وو پێشتر کۆمیتەی ناوەندی حدکا قەراری دابوو دوکتور قاسملوو لەگەڵ چەند کەسێک بێن بۆکردنەوەو دەست بەکارکردنی دەفتەری حیزب لەنەغەدە بۆخەڵک قسەبکەن. ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەش ئەو ڕوانگەو بەرنامەی پێ باش بوو .

لەکاتێ کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستاندا بۆجێگای ئەوکۆبوونەوە گشتیە دوو پێشنیار هەبوون. یەکیان مەیدانی باڵەخچی بوو، جێگاکەی دیکەش لای ماتۆڕی ئاوێ سەر ڕێگای بالەخچی بوو. بەرپرسی کۆمیتەی شارستان واتە کاک ڕەحمان حاجی ئەحمەدی وەک مشاوری کۆمیتە ناوەندی پێی وابوو هەرچی ئەو بیلێ راستەو دەبێ بکرێ . ناوبراو لەبەر ئەوەی بۆخۆی مەیدانی وەرزشی بۆ وکۆبوونەوە پێشنیار کردبوو گوتی: برادەرانی کۆمیتە ناوەندی پێیان خۆشە ئەوکۆبوونەوە لەگەڕەکی عەجەمان بگیرێ. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەمەبەستی تێگەیاندنی برادەرانی ئازەری و دڕدۆنگ نەبوونیان لەحیزبی دێموکڕاتەو هەروەها بۆپتەوکردنی برایەتی نێوان کوردو ئازەری ئەو کۆبوونەوە یە پێکدێ ئامانجێکی دیکەی نیە.
ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەمێژبوولەکوردستان نەبوون و تازە هاتبوونەوە. زۆرکەم ئاگاداری ناکۆکی ئەو ناتەبایی ئەو دوایەی نێوان کوردو ئازەری بوو . ئەوکەسانەی کەلە دەوروبەری هاورێیانی بەرێوەبەرایەتی بوون، زوو دەیان توانی شوێنیان لەسەر دانێن. ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات کەبەنیەتی پەیوەندی برایەتی خەریکی پێک هێنانی بەرنامەی ئاشتی بوون، ئاگایان لە تەون و بەستی ناحەزانی وەک مەلاحەسەنی و زەهیرنژاد نەبووکەدەیان ویست بەرنامەی دوژمنانەی خۆیان بەرێوە بەرن و بەرنامەی خێرخوازانەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بشێوێنن.
نیەتی خاوێنی کۆمیتەی شاری نەغەدەش هەر ئەوە بوو کەتەسلیمی پێشنیاری کاک ڕەحمان بوون. دەنائەگەر یەکێ لە ئێمەچووبایەمەهابادوکۆمیتە ناوەندی لەسەر وەزعی نەغەدە ئاگادار کردبایە، لەوانە بوو قسەمان لێ وەرگرن و ئەو رۆژە رەشە پێک نەیە. چونکە زۆر کەس لەسەر ئەو بیرو ڕایەن کەئەو ناتەبایەی کەلە نێوان کوردو ئازەری لەنەغەدە دا پێک هات بوو، ئەگەر حیزبیش ئەو کۆبوونەوەی پێک نەهێنابایە، رۆژێکی دیکە یەکێک هەر دەبوو ئەو ئاورە هەلکات و ئەو ناکۆکییە پێک بێنێ و شەڕو کوشت و کوشتار وەرێ بخات. لانیکەم ئەگەر ئەوشەڕە بۆخۆی پێک هاتبایە، بەسەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا نەهاتبایە باشتربوو .
دوای شەڕی نەغەدە بۆ زۆرکەس دەرکەوت کە کەسانێکی وەک مەلاحەسەنی و سەرهەنگ زەهیرنیژاد بۆهەڵگیرسانی شەڕێکی ئاوا لە نەغەدە بەرنامەیان

دارشتبوو و خەڵکیان چەکدار کردبوو بۆ ئەوەی ڕۆژێک ئەو ئاورە هەڵکەن.
لەلایەکی دیکەوە برادەرانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە تارۆژێکی کە ئەو سێلاوە چەکدارە رووی لەشاری نەغەدە کرد، نەیان دەزانی چەکداری کوردستان دەنگ دراوەو روو لەشاری نەغەدە دەکات. لەبەیانی ڕا تا نیزیک نیوەرۆ هەر چەکدار بوو دەهاتە سەر رێگای باڵەخچی و دەچوو لە ریزێکدا ڕادەوەستا. ئەوەی کەلاشینکۆفی پێ بوو لە ریزێک، ئەوەی برنۆی پێ بوو لە ریزێکی تر ریز دەبوون. بەکورتی هەتتا دەمانچە بەقەدو تاپڕ لەشانیش جێگاو ریزی تایبەتی خۆی هەبوو. بەتەرتیب و بەریز بەشەقامی ئەسڵی شاری نەغەدە دا بەرەو مەیدانی فوتباڵ لەگەڕەکی عەجەمان هەرەکەتیان کرد. ئەوکارە لەناتەبایی و ناکۆکی ئەوکاتدا بۆ ئازەریەکان دەردێکی یەکجار زۆر گران و ناخۆش بوو. بەڕاستی خۆ ڕاگرتن بۆ ئەوانەی کورت بین و نەخوێندەوار بوون سەخت بوو. دیارە لەمرۆڤە بەناوبانگ و ناودارەکان بەرەسمی بانگێشتن کرابوو. تەنانەت یەکێکی وەک مەعبوودیش بانگ کرابوو لەوێ لە نێوە ڕاستی خەڵک لە ریزی پێشەوە دانیشت بوو. ناوبراو لەکاتی تەقەکەدا سەری لێ شێوابوو نەیدەزانی چبکا. ئەگەر دەستی لە کێشەی نەغەدە دا هەبایە. لەسەدا سەت خۆی دەبوارد نەدەهاتە ئەوکۆبوونەوەیە. بەڵام پیاو چ بکا و چ بڵێی لەگەڵ پڕوپاگەندی بێ بناغەو هەڵ بەستراوی ئەم و ئەو کە دەڵێن مەعبودی دەستی لەو شەڕەدابووە؟!
هەر وەک دوایە روون بۆوە، شەر هەڵایسێنی ئەسلی کەسانێکی وەکوو مەلا حەسەنی و سەرهەنگ زەهیرنیژاد بوون لەپشتی پەردە دا خۆیان شاردبۆوەو یەکی تر فێدا دەبوو و دەکەوتە ژێر نەشتەری پروپاگەندی ژەهراوی.
بەڵێ ئەو خەڵکەی باسم کرد لەگەڵ خەڵکی ناوچە روویان لە مەیدانی وەرزشی شاری نەغەدە کردبوو. شەهید کاک عەبدوڵڵای قادری بلیندگۆکانی راستەو پاستە دەکردن بۆ ئەوەی بەرنامەی نوتق و قسەکردنی ئەو کۆبوونەوە گشتیە بەباشی و رێک و پێکی ڕاگەیەندرێ. لەو کاتەدا کەخۆیان ئامادە کردبوو دەیا ویست دەست بەکاربن، لەباشووری مەیدانی وەرزشی، لەحەوشی ماڵێک ڕا تەقەیەک کرا. ئەو تەقەیە بوو بەهۆی ئەوەی هەرکەس لەحاست خۆیەوە دەمانچەکەی دەر بێنێ و چەند گوللەیەک بە هەواوە بنێ. دوایی بەچەند تفەنکێکیش تەقەیان کردو چەند کەسێکی تریش چەکەکانی خۆیان تاقی کردەوە. لەسەربان وکۆڵانەکانی عەجەمانیش تەقە دەست پێ کرا. کاک

حەمەدەمینی سیراجی بلیند گۆی بە دەستەوە گرت و بەخەڵکی دەگووت: براینە، خەڵکینە، تەقەی مەکەن، تەقەی مەکەن ئێستا قسەتان بۆدەکەین و . . خەڵک له خۆڕا سەری لێ شێوابوو نەدەزانی چ بکات. خەڵک وا تێک هاڵابوون تەنانەت سیمی بلّندگۆکانیشیان بە هاتوو چۆ و پێ شێلکردن پساند. لەوکاتەدا کاک حەمەدەمین خەریکی سیمی بلندگۆکان بوو دەی ویست بلیندگۆ وەکار خاتەوەو بەخەڵکی بلّێ: تەقه مەکەن قسەتان بۆ دەکەین. من پێم گوت: کاکه گیان تۆ خەریکی چی؟ تازه ئەو خەڵکه بەکەس ڕاناوەستێ و کار لەکار ترازاوه تۆش وەرەخوارو واز بێنه. ئەوەم پێگوت و ئیترمن بەکۆڵانی پشتەوەدا بەرەوماڵ ڕۆیشتم. قەرپەپاغی نەغەده بەچەکەوه لەسەربان وکۆڵانان بوون تەماشای ئێمەیان دەکرد. بە ڕاستی ئەگەر ئەو کات خەڵکیان کوشتبا، زۆریان دەکوشت، کوردەکانیش ئەگەر مەبەستیان کوشتنی خەڵک بایه، ئەو هەموو چەکداره قڕانیان له ئازەریەکان دەخست. بەڵام ئەشهدوبیللا هیچ کامیان ئەو مەبەستەیان نەبوو. کوردەکان هەمویان گەیشتنەوه گەڕەکی لای خۆیان و تەقه بڕایەوه. دوای چەند سەعاتێک تەقه هەڵایسایەوه. تاپێش هەڵایسانەوەی تەقه، من چوار پێنج کەسم له برادەرانی ئازەری دیت، تابلێی نارەحەت بوون که کۆبوونەوەکەیان لێ تێکدابووین نەیان هێشتبوو نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان قسەی خۆیان بکەن. بەڵام نازانم دوای هەڵگیرسانی شەڕو زەرەرو زیانێکی دڵتەزێن، قەزاوەتەکان بۆگۆڕان؟ ئەوانەی خاوەن ویژدانی بەخەبەر بوون، بۆ وایان بەسەر هات کەتاوانەکە وەپاڵ حیزب بدەن ؟!

مەگەر حیزب لەو خەڵکەی داوەت نەکردبوو؟ لەسەر داوای حیزب ئەو خەڵکه لەنەغەده کـــۆ نەببۆوه؟ ئەگەر مەبەستی حیزب کوشتاری نەغەدەبایه، بۆ بەئاشکرایی و ڕۆژی روناک ئەوکارەی دەکرد؟! مەگەر نەدەکرا بەبێ دەنگی بەسەریاندا دا و هەرچی ویستبای کردبای و زەرەریش وە کوردەکان نەکەوت . بەلام دەڵێی چی ؟ ماڵی سەبەبکار خراپ بێ کەئەو شەڕە بێ ئەمانەی سازکردو ئەوخەسارەته گەورەی گیانی و ماڵی بەخەڵک گەیاند .

من حەوتووی پێشتر هێندێکم کەلوپەلی پیویستی وێنەگری لەتاران بۆ دوکانەکەم کری بوو. ڕۆژی پێش شەڕی نەغەده شتەکانم بۆهاتبوونەوه، لەدوکانم دانابوو هێشتا نەم کردبوونەوه. لەبەر تەقەش نەم دەتوانی بچمه دوکانێ لانیکەم شتوومەکەکان دەرباز کەم. لەگەرمەی شەڕدا سەرێکی ماڵێم داوەو دوایی بۆ لای

دەفتەری حیزب چووم. کەچوومە ژوور دیم، هێندێکیان لەو ئازەریانەی کەلەدەورو بەری دەفتەری حیزب دەژیان، کۆکردونەوەو لە ژورێکیان کردوبوون. هەر تاوێ ناتاوێک چوار پێنج کەسی دیکەیان دێناو دەیانگوت: ئەوانە تەقەیان کردوە. ئەوەندەی من دەمناسین، دەمزانی ئەوانە تەقەیان نەکردوەو شتی وایان لەدەست نایە. لەوکاتەدا کاک کەریمی حیسامی هاتە دەفتەری حیزب و پێم گوت:

- کاک کەریم من ئەو خەڵکەم بۆ کۆنترۆڵ ناکرێن، هەر کەس لەدەرێ ڕا دێ، دووسێ عەجەمان دەگرێ و دەیان هێنێ بۆ ئێرە. ئێمە ئەوانە دەناسین بۆ بیانگرین؟ لەوەڵامدا گوتی:" جا چ دەکەی کاکەگیان، پێت وایە من دەتوانم کۆنترۆڵیان بکەم؟ بەڵام من پێم وایە ئەوانە لێرە بن باشترەو سەلامەت ترن. ئێستا ئازادیان بکەین هەمویان دەکوژن. ڕاوەستە بزانین وەزعەکەچی لێدێتەوە.

لەو بارەوە کاک کەریم راستی دەکرد. جارو بار تەقێک دەهات هەر دەتگوت لەماڵی تەنیشتە، وەدەر کەوتم کە بەڵکوو بزانم ئەو تەقە لەکوێرایە؟ بۆم روون نەدەبۆوە. دیتم ئەوە محەمەدی برای عەولا رەشی بەزاز دووچەکداری لەگەڵ دایەو ئەوماڵەو ماڵی عەجەمان دەکا. لەگەڵ دوو پێشمەرگەی دەفتەری حیزب وەدوای کەوتین. ناوبراو بەجامەدانیەک دەمامکی خۆی دابوو نەیناسنەوە. وە ژووری ماڵێک کەوت و هاواریان لێ بلیند کردن. ئێمە چوینە ژوور لەژنی ماڵەکەم پرسی ئەو کابرایە دەڵێ چی و چ نیازێکی هەیە؟ ژنەکە نەیدەوێرا قسەبکات بەلاڵەلاڵ لە، لەوەڵامی ئێمەدا گوتی: ئاغا وەڵلاهی ئێمە ژنین و هیچمان نەکردوە. ئەوئاغایە وەڕەزمان دەکاو دەڵێ؛ ئێوە تفەنگتان پێوە ناوین. ئێمەلەکەن ئەو ژنانە محمدمان زۆر شکاندەوە. هەڕەشەم لێکرد کەئەگەر لەو کوچەو کۆلانانەت ببینمەوە، واوات پێ دەکەم و...

ئەو ئازەریانەی لەگەرەکی کوردان دەژیان، بەدەستی هێندێک کەسی شڕەخۆری وەک محەمەدی خلەرەشی پێوە ببوون و کەسیش نەیدەتوانی کۆنترۆڵیان بکات. لەوکاتەدا هەوالی کوژرانی هێندێک کوردی وەک ئەحمەد سوڵتانیان و. . . هێنا. دوایی هەواڵی کوژرانی چەند ئازەری بە داخەوە وەک میرزالی بەدەلی و. . .

کار لەوەش دەرچوو، هەر کەس رەش چووباو کوردبا، عەجەمان تەقەیان لێ دەکرد. یاهەرکەس رەش چووباوعەجەم بایە، کورد تەقەیان لی دەکرد. بەئاشکرا

شەڕی کوردو عەجەم بۆ یەکتر کوشتن ساز ببوو، نەک هەر پێشگیری بەکەس نەدەکراوکەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوە. هەرکەس بۆخۆی فەرماندەیەک بوو، لەخۆڕا و سەربەخۆ هەرکەس هەرچی پێی خۆش با وای دەکرد.
کاکم هەواڵی بۆ ناردم کە وەزعیان خراپەو دەبوو بیگەمێ. دوو پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و چۆم. کاتێک گەیشتمێ ماڵەکەم پڕبوولەژن و منداڵی عەجەمان. حاجی محەمەدی چیانەی بەخۆی و دە دوازدەکەس ژن ومنداڵ و دوو کوری گەنج لەوێ بوون دەگریان. کاکم گوتی: "وەزعەکە زۆر خراپەو دەترسم ژن ومنداڵەکەی منیش بەوانەوە بکوژرێن. تۆحاجی محمدو ئەو دووکوڕانە بگەیەنە دەفتەری حیزب و ئاگاداریان لێ بکەن، منیش بە هەرجۆرێک بێ، ئەو ژن و منداڵانە رزگار دەکەم. هیوادارم نەیەڵم هیچیان بەسەر بێ". من کە دوو پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، تا ئەو سێ پیاوانەم هێنا دەفتەری حیزب لەسێ جێگا دەیان ویست منیش لەگەڵ ئەوان بکووژن. هەموو جارێ پێشمەرگەکان لێ یان ڕادەسان و دەیانگوت: چۆن کاک سەعید ناناسن؟ بۆچی بە تفەنگ لێی ڕادەسێن؟! بەهەزار زەحمەت توانیم حاجی محەمەدو ... بگەیەنمە دەفتەری حیزب و لەکوشتنیان رزگار کەم. کاکیشم جلی کوردی لەبەر ژن و منداڵی عەجەمەکان کردبوون و ماشێنی بۆ بەکرێ گرتبوون بە پەسوی و سەری مەیدانێ دا گەیاندبوونیە مەهابادو تەسلیمی حیزبی کرد بوون کەبیان نێرنەوە نەغەدە. حیزبیش تەسلیمی حاجی ئومێدی کردبوون و ئەویش ناربوونیەوە نەغەدە. کەچی دوایە عەجەمان ماڵەکەی کاکم یان سووتاندو. دوکانی منیش بەدەردی ماڵەکەی کاکم برد .
مەبەست لە گێڕانەوەی ئەو هەرکەس هەرکەسی ئاڵۆزیە ئەوەیە کەحیزب ئەوەندەی توانی و بۆی کرا خەڵکی لەکوشتن پاراست. بەڵام مێژوو چ دەنووسێ، ڕەنگبێ هەر ئەو حیساب بێ. یەکیکی وەکوو رەحمانی کەسرایی، کەشەوێ بە نێوی ڕاگوێزتنی ئەوانەی گیرابوون، شەش حەوت کەسی برد بووە دەرێ، لە جیاتی ڕاگوێزتن، لە نیزیک پردی باڵەخچی تەقەی لێکردبوون وکوشتبوونی. دواییش لەسەر ڕادیۆ بۆ رزگار کردنی خۆی لەزیندان، هەمووکسی تاوانبار دەکردو خۆشی وەک فرشتەو مەلایکەت نیشان دەدا!
شەوی ئاخر کەنەغەدە مان بەجێ هێشت. تەقە کەم ببوو. سەرێکی ماڵێم داوە هەموویان رۆیشتبوون ونەمابوون. بەبەردەرکی دەرمانگەی کاتی کۆمەڵەدا تێدە

پەڕیم دوکتور محەمەدی رەحیمی دەهات وەدەچوو. پێم گوت دوکتور من سەری ئەو دەورو بەرەم داوە هیچ چەکدارێک نابینم. پێم وایە نەغەدەیان بەجێ هێشتوە. ئەگەر نەخۆش و بریندارو شتی وات هەیە؟ رایانگوێزە بابرۆن. دوکتور لە جیاتی سوپاس گوتی:

– حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەڵکی نەغەدەی بەگاندا بەجێشیان دێلێت؟!

ئیتر من ڕانەوستام و چوومە ماڵی وەستا ئەحمەدی ئاسنگەر. کاک کەریم حیسامی و وەستا ئەحمەدی ئاهەنگەری رەحمەتی نوستبوون. هەرام کردو هەڵم ئەستاندن. پێمگوتن چەکدار لەشاری دا نەماوە هەستن عیلاجێکی خۆتان بکەن. کاک کەریم لە وەڵامدا گوتی:" هەی دڵت تۆقێ؛ چۆن شتی وا دەلێی؟ تۆ دەترسی دەنا شار پڕە لە پێشمەرگەو قەرارە سبەینێ بێن وتوو وێژمان لەگەڵ بکەن"

من هەرچەندی شێرو ڕێویم بۆدەهێناوە، لێی وەر نەدەگرتم. پەتوەکەی بەخۆی داداوە. منیش پەتوەکەم لەسەر لاداو گوتم: بە خوای نایەڵم بنوویەوە، تۆ وەدەزانی ئێرە ئوروپایە؟ بە خوای نە بزووی دووسەعاتی تر بەسەرتان وەردەبن سەرتان دەبڕن. کاک ئەحمەدی ئاسنگەر گوتی باشە ئەو خەوە چیە هەستە برۆ دەر بزانە چ باسە؟

ئەوانم هەستاندو رۆیشتم چومەوە دەفتەر. بەپێشمەرگەکانم گوت: چتان هەیە هەلی گرن و بەئەسپایی دەرگای حەوشەکە پێوە دەن وەرن بڕۆین. چونکە لەئێوە زیاتر کەسی چەکدار نەماوەو شار چۆل بووە.

پێشتر کاغەزو دەفتەرو شتی زیاندەرمان ڕاگوێزتبوو. رۆیشتین و گەیشتینە باڵەخچی. لەوێش هەوالێک لە چەکدارو پێشمەرگە نەمابوو. لەوکاتە دا کە ئێمە لەناو گوندی دا بووین هارەی تانگ وەخۆی هێنایەنەوەو رووومان لە (سوڵتان بە یاقوب )کرد. بەوێدا شۆڕ بووینەوە بایزاوێ و دوبارە گەڕاینەوە گەڵوانێ. کاتێک چووینە ماڵی کاک سەید حەسەن. دیتمان کاک کەریمی حیسامی و سەید رەسووڵی بابی گەورە دانیشتوون چای دەخۆنەوە.

دوای ئێمە کەنەغەدەمان بەجێ هێشت. شڕەخۆری عەجەم بە نێوشار وەر ببوون و زۆر ناپیاوانە هەرکەس لەشاری دامابوو قەتڵ و عامیان کردبوون. تەنانەت روحمیان بە منداڵی بێ دەسەڵات و بێ دیفاعیش نەکردبوو. خەڵکی نەغەدە کەلەجێگای خۆیان هەڵکەندرا بوون ماڵیان بەجێ هێشت بوو، رویان لە لاجان و

شاری سابڵاغ کرد. منیش بۆ ئەوەی بزانم منداڵەکانم لە کوێن بەرەو مەهاباد وەرێ کەوتم. کاتێ گەیشتمە شاوەڵە، دەستێک چەکداری بۆشناغ لەسەر ڕێگا ڕاوەستابوون وا دیار بوو پرسیاریان لەخەڵک دەکرد. کاتێک چوومە پێش سجیلیان لە ئاوارەکان دەویست و لێ یان دەپرسین خەڵکی کوێن و بۆ کوێ دەچن ؟!

زۆر نارەحەت بووم، بێ پرسین بە تووڕەیی گوتم: وەم زانی ئێوە هاتوون لەسەر ڕێگا ڕاوەستاون بزانن کێ برسیەتی نانی بدەنێ و کێ ماندوە بیگەیەنە ئاوەدانی. چۆن هاتوون ئەوەندەی دیکەش خۆێ بەبرینی خەڵک دادەکەن؟! ئێوە پێشمەرگەی کێن و کێ ئەو دەستوورەی داوە بەئێوە؟!

یەکێک هاتە پێش و گوتی : ئێمە پێشمەرگەی کوردستانین. ڕووی لەچەکدارێکی بۆشناغ کردوو بەزەردە خەنەوە گوتی:

- بەدەستووری ئەوکاکە لەخەڵک دەپرسین. بۆ چما تۆ پرسینت پێ کارێکی خراپە؟ ئەدی ئەگەر پیاو خراپیان تێدا بوو چ بکەین ؟!

لە داخی قسەی کابرا وەختابوو شێت بم، نەم دەزانی چیان لەگەڵ بکەم. هەرچی کردم نێوی خۆیان پێ نەگوتم. لەوێ لەسەر بەردێک دانیشتم و وردە وردەش قسەم بۆ دەکردن. نازانم قسەکانم شوێنی لەسەر دانان، یان شتێکی دی بوو، سواری جیبێک بوون و ڕۆیشتن. لەهەر کەسم دەپرسی ئەوانە کێن؟ نەیان دەناسین. دوای دووحەوتوو بۆم روون بۆوە کەبەرپرسی چەکدارەکانی ئەو ڕۆژە، ئەوحەمەدەمینەبووکەلەگەڵ یەکێکی تر لە شاری مەهاباد گیران و ئێعدام کران.

بەڕاستی تا بڵێی وەزعێکی ناخۆش و سەیربوو. لەوێ لە قەراغ ڕێگادانیشتبووم و ڕادیۆم گرتبوو چاوەڕوانیم دەکردماشێنێک یا تراکتۆرێک بێت و سواربم بچمە مەهاباد. لەوکاتەدا رادیۆی مەهاباد پەیامێکی بڵاو کردەوەو گوتی: ژن و منداڵی سەعید کاوە نیگەرانن، ناوبراو لە هەر جێگایەکە یان کێ پێی دەزانێ ماڵی حاجی مەلاخالیدی دەربەندی لەمەهاباد ئاگادار بکات.

ئەو کات وەخۆ هاتمەوە کەمنداڵەکانم لە مەهابادن ودەبێ وەدوایان کەوم. زۆری نە خایاند یەکێک بەو جیبە ئەرتەشیانەی کەلەپادگانی مەهابادگیرابوون هات و سواری کردم هاتمە سابڵاغ و منداڵەکانم دیتنەوە. هەرچی هەمان بوو، یان لەماڵێ بەجێ ما بوو، یان لەدوکانەکەم دا سوتابوو. هیچ مان نەبوو. خەڵکیش لەمن باشتر نەبوون. برادەرێک لەوماشێنانەی پادگان جیبێکی بەئەمانەت دامێ

لەگەڵ محەمەدی زاوام بەلاجانێدا چووینە گەڵوانێ. وردە وردە هاتوو چۆ بۆ نێو شاری نەغەدە کرابۆوەو یەک یەک خەڵک دەهاتن و دەچوونە نەغەدە.
گوندی گەڵوانێ پێشمەرگەی تێدابوو. لەگەڵوانێ کورێکمان دیتەوە لێمان بوو بەخدری زیندە، ژیانێکی هەبوو لەگەڵ محەمەد چونەوە نێو شاری نەغەدەو هێندێکیان نوێن و بان و کەلووپەل و شتی بەکەڵک هێنابوو. تائێواریێ سێ کەڕەت بەو ژیانە چوون و هاتنەوەو شتوومەکیان هێنا. ئەوجیبە ئەرتەشیەی پێمان بوو پڕمانکرد لەو ئەسباب و کەلو پەلانەی هێنابوویان. کاتێک چوینەوە مەهاباد زارای خێزانم دەتگوت خودا خەنی کردووە ئەوشتانەمان هێناوە و ماڵمان پێ دادەندرێتەوە.
بەکورتی خانوومان گرت و مالمان داناوە. دوای ماوەیەک کە ڕێگە کراوەو هاتوچۆی خەڵکی نەغەدە دەستی پێکراوە، ئێمەش توانیمان مالەکەی نەغەدەمان بێنینە مەهاباد. دوکانەکەشیان سووتاند بووم وهەرسەروەت و سامانێکی لەو چەند ساڵەی دوایی دا کۆم کردبۆوە لە وێدا سووتا.

## مانەوەی یەکجاری لەمەهاباد .

حیزب بۆ هێندێک پرسیار، ڕۆژێک ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی لە دەفتەری حیزب لەمەهاباد کۆکردنەوە. دوکتور قاسملوو لەگەڵ کاک حەمەدەمینی سیراجی بەشداری کوبوونەوەکەبوون.دەیان ویست لێکۆلینەوە لەسەر چۆنیەتی روداوی نەغەدە بکەن. هەرکەس شتێکی دەکوت و دەیان ویست خەتاکە باوێنە سەر شانی ئەو کەسەی گەڕەکی عەجەمانی پێشنیارکردوەو گوێی نەداوەتە پێشنیاری تر بۆ بۆ جێگای کۆبوونەوە. دیار بوو لەولاولا زانیبوویانەوە کەحاجی ئەحمەدی پێی لەسەر ئەو شوێنە داگرتووەو بۆتە هۆی بردنی ئەو خەڵکە بۆ گەڕەکی عەجەمان.
دیارە ناوبراو بەئەنقەست ئەوکارەی نەکردبوو و نەیدەزانی ڕووداوێکی ئاوا دڵ تەزێن ڕوو دەدا. نەک هەر ناوبراو نەیدەزانی بەڵکوو هەموومان بەگشتی لە بەرنامەڕێژی ژێرەوەی زەهیرنژادو مەلاحەسەنی بێ ئاگابووین و هەواڵمان لەوە نەبوو کە بۆ تێکدانی ئەو کۆبوونەوەو وتاری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرنامە دارژاوە.
پرسیارو وەڵام و مەسەلەکەم بەشتێکی بێ بەزەیانە دەزانی. بە وتەی خۆمان "حاجی ئەحمەدی دەستی خۆی بۆن نەکردبوو" کە داخوا چ دەقەومێ و چ روو دەدا.
دەیان پرسی و دەیانگوت؛ زانیومانەتەوە هێندێک لەئێوە دژی ئەو شوێنەبوونە کە ئەوکۆبوونەوەی لێ بگیرێ و گوێ نەدراوە بەو پێشنیارانە.
من هەڵم دایەو گوتم: ئەورووداوە دڵ تەزێنەی هاتۆتە پێش و خەڵکێکی زۆری بێ تاوانی تێدا بۆتە قوربانی و سەریان لەسەر داناوە. ئەگەر بێ توو بەوردی لێی بکۆڵینەوە، رەنگبێ چەند کەسێک ئەو تاوانەیان بکەوێتە سەر شانی. ئێستا کەئێوە دەپرسن و دەتانەوێ بزانن کێ دژ بووە کە ئەو کۆبوونەوە لەمەیدانی وەرزشی گەڕەکی ئازەریەکان بگیرێ؟ بەبڕوای من تازە ئەو زانینەی ئێوە هیچ دەردێک دەرمان ناکا. وای دانێن من یەکێک لەوانە بووم دژی کۆبوونەوەی گەرکی عەجەمان بوومە. باشە ئەو پرسیارەش دێتە پێش بۆچی نەهاتم لە نیزیکەوە لەگەڵ ئێوە قسە بکەم و لەو مەترسیەتان ئاگادار بکەم . پێم وایە

هەموو لایەک بەگشتی لەو رووداوە دا بەشدارین، بەتایبەتی ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە.

دوای وتەکانی من، ئەوانیش زۆری لەسەر نەرۆیشتن. دیار بوو بیسبوویانەوە من و مەلامحەمەدی خزری دژی چونەگەرەکی عەجەمان بووینە، بەڵام من باسی ئەوەم نەکردو کۆتایی مان پێ هێناو باسەکەمان گۆڕی.

پاشان پێشنیار بۆ چۆنیەتی کارکردن لە ناوچەی نەغەدە هاتە پێش. من کە لەدڵی خۆمدا لەهاوکاری بەرپرسی کۆمیتەی شاری نەغەدە زەدە ببووم و نەم دەویست کاریان لەگەڵ بکەم. تەمای خۆم گرت و گوتم: من بەهیچ جۆرێک ئامادە نیم لە ناوچەی نەغەدە کار بکەم. ئەوانی تر بریاری کاریان دا دەست بەکار بوون.

منیش لەناوچەی مەهاباد دەست بەکار بووم و زۆر باش هەڵدەسووڕام. لەسەرە تاوە ناوچەی چۆمی مەجیدخان م گرتە ئەستۆی خۆم. جاروبار لەگەڵ خزری سەری شار ویرانیشم دەدا. دوای ماوەیەک ناوچەکەم گۆری و تا وای لێهات لەهەموو ناوچەکانی دەورو بەری مەهاباد بە نۆبە کارم تێدا دەکرد.

کاتێک پیاو شەڕی نەغەدەو خەڵکی ئاوارەی نەغەدەی وەبیر دێتەوە لەناڕەحەتیان وەختە شێت بێ. خەڵکی ئاوارەی نەغەدە، ئەوانەی خزم و ئاشناو رۆشنایەکیان هەبوو بۆماوەیەک لەولاولاگیرسانەوە. ئەوانەی کەجێگاو رێگاشیان نەبوو، لەبەردەرکی یانەی لاوانی(خانەی جەوانانی )مەهاباد چادریان بۆ هەڵدان و خێرخوازو خێرۆمەندی دەست رۆیوی کورد تاڕادەیەک ژیانیان دابین دەکردن.

وتوو وێژ لەگەڵ رژیم لەسەر قەرەبوو کردنەوەی زەرەرو زیانی دانیشتوانی نەغەدەو چوونەوەیان بۆ شوێن و جێگای خۆیان دەست پێ کراو رژیم ملی بۆ ڕاکێشاکەزیان لێکەوتوەکان بەتایبەتی ئەوانەیماڵیان چووباوە نەغەدە پوولێکیان وەردەگرتەوە. ئەوانی تریش کەنەیان دەتوانی بگەڕێنەوە، بەسترابۆوە بەروانگەو مەیلی ئەو کەسانەی دەسەڵاتی دانەوەی زیانەکانیان هەبوو. من کەدووکانەکەم بەتەواوی سووتابوو هیچم نەمابوو، بەستیانەوە بەچوونەوەم و هیچیان نەدامێ. کەسانی تریش هەبوون، نەش چوونەوە نەغەدەو زیانی خۆشیان وەرگرتەوە.

دانیشتوانی شاری نەغەدە وردە وردە داوەرووکانەوە نەغەدەو خۆیان لەهەڵڵاو

چەقەو ژێر چادری یانەی لاوانی مەهاباد رزگار کرد.
وتوو وێژ لەگەڵ رژیم و ململانەی پارت و رێکخراوە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتر، بازاری گەرمی ئەو کاتی پێک دێنا. رێکخراوە سیاسیەکان لەبەر ململانەو رق وکینە لەگەڵ یەکتری ، ئاگایان لەرژیم بڕا بوو، تەنانەت مەسەلەی کوردو ئازادی و بەرنامەرێژی دوارۆژی خۆشیان لەبەر دژایەتی یەکتر لەبیر چووبۆوە. هەرکەس چوار پیت و لەتێکی لەدەورو بەر بوو، خۆی بە حکوومەتی داهاتوو و دەسەلاتداری کوردستان دەزانی. تەنانەت زۆر جار لە بەیان و رۆژنامەکانیاندا مەسەلەی بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی داهاتووی کوردستان باسی لێ دەکرا. هێشتا هیچ شتێک نەکرابوو بەو شتانەوە سەر گەرم ببوون « نە ڕێسرابوو، نەپێچرابوو، جۆلا شەقە شەقی بوو » چ لەبارەی هێزی نیزامی، چ لەبارەی نفوزو تەشکیلاتیەوە حیزبی دێموکڕات لەکوردستان لە هەموو پارت و گروپەکانی تر بەهێزتر بوو. ئەوانی تر سەرەڕای ئەوەی زۆر لاوازو بێ ئەزموون بوون، خۆیان لەحیزبی دێموکڕات بەکەمتر نەدەزانی و تەنانەت بەربەرەکانی وکار شکێنیشیان دەکرد. مامۆستاشێخ عزالدینی حوسێینی کەئەوکات لەباری ئاینیەوە خاوەن نفوزێکی زۆر بوو و خەلکێکی زۆری لەگەڵ دابوو، خۆی لە هێزی میللی و ویستی خەڵک جیاکرد بۆوەو بەزاهیر رێگایەکی تایبەت بەخۆی هەڵبژاردبوو. ئەو ڕێگایە نەرێگایەکی بەتەواوی ئاینی بوو، نە بەتەواوی سیاسی بوو. بە وتەی خودی مامۆستا، کە ئەوکات لە وتوو وێژێکی چاپەمنی کە ڕۆژنامەکان بڵاویان کردبۆوە، مامۆستا فەرموو بووی :
" دەکرێ مرۆڤ دەستێکی قورئان بێ و دەستێکیشی کاپیتاڵ . . .
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کەخۆی بەکۆمونیست دەزانی و لەباری ئیدەئۆلۆژی و نفوزی سیاسی دەرسەدێکی کەمی خەڵکی لەگەڵ بوو بەهۆی کاک سەلاحەدین موهتەدی خۆیان لەمامۆستا نیزیک کردەوەو لەنفوز و کەسایەتی ناوبراو ئەو پەڕی کەڵکیان وەرگرت. دوای ئەوەی مامۆستایان لە نفوزی سیاسی رووتکردەوە، پشتیان تێکردو بەتەنێ یان هێشتەوە.
چەپ ڕەوی کۆمەڵەو، گرۆپێکی چەندکەسی ڕاست رەوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بوو بەهۆی ئەوەی ڕۆژ لەگەڵ رۆژ لێکتری دوور بکەونەوەو دژایەتی قوڵتربێ. لەبەر ململانەو بەربەرەکانی لەگەڵ یەکتر، دوژمنیان بەدەستی کەم دەگرت و ئاگایان لێ برا بوو. بۆ وێنە؛ حیزبی دێموکڕات بەبێ ڕاو مەشوەرەت

شەری ڕاگرت و وتوو وێژی لەگەڵ رژیم دەست پێکرد. کۆمەڵەش لە کاتی وتوو وێژدا رێگای بە قافڵەی رژیم دەگرت و قەتل و عامی دەکردن. مەبەست لە هێنانەوەی ئەو دوو فاکتانە بۆیە نیە ئەمیان، یان ئەویان بکوتم و، وتوو وێژی حیزبی دێموکڕاتم لەگەڵ رژیم پێ خراپ بێ، یان زەربە لێدانی کۆمەڵە لەدوژمن بەباش نەزانم. بەڵکوو هەردوکیانم پێ ڕاستن لەکات و سات و جێی خۆیدا. مەبەستمە بڵێم؛ ناتەبایی و دژایەتی ئەو سەردەم رەو رەوەی چوونە پێشی شۆرشی ڕاگرتبوو. هەموو هەڵس و کەوتێکی کوردستان پێچەوانەو بەراوەژوو ببوونەوە. ئەوگروپانەی کەلەکوردستان بوون مەسەی کوردیان وەبەرچاو نەگرت و لەبیری چارەنوسی کورد دا نەبوون هیچ، بەڵکوو ئاکارو هەنگاوە کانیشیان بە زیانی دوا ڕۆژی کورد تەواوبوو. کۆمەڵەش نائاگاهانە بۆئەوەی پێی بڵێن هێزەو چەپ وکۆمونیستە! بەپەیرەوی لەوگروپانە هەڵدەسووڕاو بەدژایەتی کردن لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان زەق دەبۆوەو خۆی دەنواند.
ئەو ململانەو ناتەبایی و ساردیەی نێوان پارت و گرووپەکان بەدڵی دوژمن بوو. دوژمنیش تائەو جێگایەی بۆی کرابایە دەستی تێوەر دەداو پتری لێکترتیژ دەکردن. سیاسەتمەدارەکانی تاقم و گرووپەکانیش یان هەستیان پێ نەدەکرد، یان بەحەق بڵێین قازانج و بەرژەوەندی تایبەتی رێکخراوی خۆیان پێ باشتر بوو لەسوودو بەرژەوەندی گەلی کوردو لەژێر ناوی ناسیۆنالیستیدا، گاڵتەیان بەمەسەلەی کوردو چارەنووسی نەتەوەی کورد دەهات. ئێمەکەدەبینین نیزیک بە هەژدە ساڵ لەو دەوران ڕادەبرێ، پاش ئەو هەموو کێشە کێش و برا کوژی و خوێنی بەناحەق رشتنە، ئێستاش بۆگروپ و رێکخراوە چەپەکان چارەسەری مەسەلەی کورد، یان لەبنچینەوە جێگای باس نیە، یان بەشتێکی دەرەجە دووی پشت گوێ خراو دەژمێردرێ و وەک مەسەلەیەکی ئەسڵی چاوی لێ ناکرێ. ئەو دەوران و هەلە ڕێککەوتووە باشەی دیتمان، کەڵکی لێ وەرنەگیراو بەقازانجی دوژمنی سەرەکی تەواو بوو. ئەو بێ بەندوباری و بەرزە فڕی نەزانەم کاریە بوو بەرێگا خۆشکەری هاتنەوەی هیزی رەشی دوژمنی داگیرکەر بۆکوردستان و لەمەیدان وەدەرنانی هەمووی ئەوانەی کەپێیان وابوو هێزن !.
رژیم وێڕای کەڵک وەرگرتن لەناتەبایی هێزەکانی بەربەرەکانی کەر، حیزبی دێموکراتی کوردستانیشی سەرگەرمی وتوو وێژکرد. زۆری نەخایاند رژیمی دژی گەلی ئاخوندان بەهێرشی هەوایی و زەمینی شاری مەهابادو زۆر شوێنی دیکەیان

گرتەوە. دوای گرتنەوەی مەهاباد خەڵک واتێک شکابوون لەناوچەی سەردەشتیش خۆیان نەدەگرتەوە ڕێگای هەڵاتنی ئەودیویان گرتبووە پێش بەرەوعیراق دەرۆین. تەنانەت بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکڕات و گروپەکانی تریش بەچاولێکەری لەخەڵک تائاشی پشکاوێ خۆیان نەگرتەوە. ئێمەش چەند کەسێک جانتامان بە شانمان داداو ڕێگای بەرەو سنورمان گرتبووە پێش؟! لە واوان لەلای مەلاحەسەنی ڕستگار گێرساینەوە. من و براکەم و خزری و سەید محەمەدی نیزامی و سەید خدری خەیات، یەکترمان گرتەوەوچادرێکی گەورەمان لە گەڵ هێندێک کەل و پەل و خواردەمەنی لەمەلا حەسەن رەستگار وەر گرت و بەرەو ئاغەڵان کەوتینەرێ. لەبەرەوەی ئاغەڵان چادرمان بەهەردی دادا. لەنێو چادردا بەچاوەروانی قەزاو قەدەر پاڵمان داوەو و لەبن ڕادیۆ دانشت بووین بەهۆی کاروانچی ڕێبوارو ئەم و ئەو هەواڵ مان دەپرسین. وردە وردە بەقونە خشکە گەیشتینە مامکاوێ و داوداوێ و تووژەڵ و ئەولا تریش. واتە، گوندی شێنێ.

وردە وردە تووشی چادرو خەڵک دەبووین کە خۆیان گرتبۆوە. ئیتر ئێمەش ئەو چوار پێنج کەسە لەوێ ڕا لێک هەڵبڕاین و هەرکەسەی ڕوومان لەشوێنێک کرد.

## دەست بەکار کردنەوە لەگەل خزری .

له گوندی شێنێ هەوالّمان وەرگرت کەبرادەرانی دەفتەری سیاسی حیزب، وەخۆ هاتوونەوەو لەئاشی پشکاوێ گیرساونەتەوە. من و مەلامحەمەدی خزری بەرەو شوێنی ناوبراو سەر بەرەو ژێر داگەڕاین و گەیشتینە وێ. نەهارێکمان کردو دوکتور بانگی کردین و پێ گوتین: پێشترکەلوو پەلّێکی زۆرمان بەرێ کردوەو ئێستا لەدەشتی مردواوێ هەلّ ڕژاوە. بچون بەساحەبی کەن وکۆی کەنەوە.
لەگەلّ خزری، ماوەیەک ئەوەمان کردو کەلوو پەلمان کۆ دەکردەوە. بەشی هەرە زۆریش خەلّک باری کردبوو بردبووی. کاروانچی شڕەخۆر وای کەوتبووە سەر، بۆمان کۆنترۆلّ نەدەکرا. سەرە ڕای ئەوەی ڕژیم ڕۆژێ دووسێ جار بەفرۆکە دەشتی مردواوێی دەڕشاندو دەیزانی کەل و پەلی حیزبی لێیە. ئێمەش سەر ڕێگامان گرتبوو خەلّک ئەو شتانە بە تالّان نەبا، بەلّام بۆمان نەکرا پێش بەو خەلّکە بگرین کە ئەو شتانە نەبەن. بەهەر جۆرێکی بوو لەهەر شتێ مشتێکمان کۆ کردەوەو تەسلیمی کۆمیتەی ناوەندیمان کرد.
پاش جێ بەجێ کردنی ئەو ریزەکارانە بەدوابیاندا ناردین و داوایان لێ کردین بگەرێینەوە ناوچەی مەهاباد کاری تەبلیغاتی و تەشکیلاتی بکەین.
کاتێک هاتینە کاولّان و کوران و خوارتر، لەگوێچکەدەرێ مەلارەسول و سەرگورد عەباسی و دەستە پێشمەرگەیەکی وریاو ئازامان دیت کەبەدەست وەشاندن لەدوژمن و عەمەلیاتی باش خەلّکیان وەخۆ خستبۆوە، کاک کەریمی حیسامیش هەروەها لەدەورو بەری مەهابادو چۆمی مەجیدخان بەکۆبوونەوەو قسەوباس خەلّکی بووژاندبۆوە. من و خزریش له زمزیران ڕا تا دەگاتە دەورو بەری مەهابادو نیزیک بۆکان، هەر شەوێ لە دێ یەک خەلّکمان کۆ دەکردەوەو قسەمان بۆ دەکردن و بیچمی چەپەلّی رژیمی ئاخوندیمان بۆ شی دەکردنەوە. له گوندەکان دەستمان کرد بەهەلّبژاردنی شۆڕاو، کاری تەشکیلاتیشمان بەبەرەوە دەکرد. دەکرێ بلّێم له ماوەی سێ مانگ لەهەمووگوندە گەورەکان قسەمان بۆخەلّک دەکردو شۆڕامان بۆ هەلّبژاردن و لەنیزیکەوە لەگەلّیان بوین بەئاشناو دۆست.
خوێنەری بەرێز، ئەگەر بمەوێ لەهەر دێیەک چم کردوەو چم گوتوەو چم بۆ هاتۆتە

پێش، یەک لەدەی بنوسم، بە وتەی پێشینیان چەندین ( منی ) کاغەزو قەڵەم دەوێ و لە شانامەو ئەسکەندەرنامەش تێدەپەڕێ. بۆئەوەی خوێنەریش سەرئێشە نەگرێ، لەدروست کردنی تەشکیلات و کۆکردنەوەی خەڵک و شۆڕاو وردە شتەکان دەگەڕێم و لێی ڕەت دەبم دەرۆم.
دوای سێ مانگ، واتە ڕێکەوتی بیستو شەشی خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی، خومەینی پەیامێکی بڵاوکردەوە کە گۆیا داخوازیەکانی گەلی کورد دابین دەکا. لەلایەن حیزبەوە شەڕ ڕاگیراو پێشمەرگە هاتنەوە ناو شارەکان. کادری ڕێبەرایەتیش بەدوای ئەواندا هاتنەوە. لەچوار چرای شاری مەهاباد دوکتور قاسملووی ڕەحمەتی پاش کورتەیەک لەمێژووی گەلی کوردو داوای بەحەقی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ، هەروەها لەمەڕ ئازادی و مافی نەتەوایەتی و خۆ بەئێرانی زانین و برایەتی و مێژوویی کوردو فارس و . . . بە( لبیک ) وەڵامی خومەینی داوە.
ڕژێمی ئاخوندی هەر ڕۆژێ بە درۆیەک و فریودانێک سەر گەرمیان دەکردین و بەعالەم ئاشکرا درۆیان دەکردو کڵاویان لەسەر دەناین. تاوردە وردە خۆی قایم کردو پادگان و جێگاستراتیژیکەکانی تەیار کردنەوە. ئێمەش نەک هەر بەرگریمان لێ نەکرد، بەڵکوو یاریدەشمان دەدان بۆهێنانی ژاندارم و پاسداری خوێنمژ بۆنێو پادگانەکان تەنانەت ئەگەر گروپێکی سیاسیش ویستبای پێشگیری لەهاتنی هێزی دوژمن بکات لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوو بەڕوو دەبوون.
گەلێک جار خەڵک تووڕە دەبوون و دەیان گوت:
- تائێستاکەڕژێمی ئاخوندی بچوکترین بایی بۆ کوردو داوای کورد دانەناوە، حیزبی دێموکڕات بۆچی بۆ تەیارکردن و ڕێک و پێکی پادگان یاریدەی ڕژێم دەکات؟! حیزب لە وەڵامی پرسیاری خەڵکدا دەیگوت" ئێمە خودموختاریمان دەوێ، خودموختاریش بەمانای پێشگیری لەئاوەدان کردنەوەی پادگان و ژاندەرمەری نیە"
ڕۆژێک لەمەهاباد برادەرێک . . . لەلای دوکتور قاسملوودانیشتبوو دژی ئەوە بوو کە پێشمەرگە هێزی میری بۆ پادگان ئیسکۆرت دەکات ، بە دوکتری دەگوت:
- ئەو ڕژێمە بۆوەی نابێ بڕوای پێ بکەن فێڵەزانە. بێتووخۆی بەهێز بکا دوایی

لێ تان دەدا. ڕێگەی خۆ بەهێز بوونی لێ بگرن و لێی دەن لێی ڕامەوەستن. هەرکات ڕژیم هەنگاوێکی هەلێناوە، ئێوە دوو هەنگاو هەلێننەوە.
دوکتوریش لەوەلامی کابرا دا دەیگوت: ئێمە دەمانەوێ بەهانە نەدەین بەدەستەوە. ئەوان دەلێن ئێوە ئەگەر بەهانەمان پێ ناگرن و خۆدموختاریتان دەوێ، بەو پەلە پەلە ناکرێ و لێمان ڕاوەستن ئێمەداواکانی ئێوە جێ بە جێ دەکەین.
باسەکەیان لەو دەورە دا دەسوڕاو لەو بابەتەوە زۆریان وتوو وێژ کرد.
لەو بەینەدا کوڕی ڕژیمی ئاخوندیش نێوە نێوە دەهاتنە مەهابادو دەچوونەوە. زۆر بەلاوازی وتوو وێژی نێوان حیزب و ڕژیم دەچووە پێش . هەر وەک گوتم: ڕژیم گالتەی بە داوای گەلی کورد دەکرد. کوردیش وەک خووخدەی هەمیشە هەلە زێرینەکەی، لەدەست داو دوایەش "هەزار هاوار بەپوولێکە"
شارەکانی کوردستان واتە، مەهاباد، شنۆ، بۆکان، بانە، مەریوان، نۆتشە، نۆسوود، لەدەستی پێشمەرگ دابوون. شارەکانی دیکەی کوردستان هەرچەند لەدەست ڕژیم دابوون، بەلام پێشمەرگە بەتەواوی بەسەریاندا زالّ بوو. دەکرێ پیاو بلێ: هێزی پێشمەرگە لەچەند کیلۆ مێتری ئەوشارانە بوو کەبەزاهیر ڕژیم پادگانی لە نێویاندا هەبوون. بەلام ڕژیم بە بێدەنگی و بەلەسەرەخۆیی لەبنەوەکاری دەکرد.
لەباکووری کوردستان واتە لەمحالّی ئالندە ڕا تادەگاتە سەر چۆمی ئاراس، پێشمەرگەو بنکەی پێپمەرگەی لێ نەبوو. ڕژیمیش زۆری بەسەردا زالّ نەبوو. ناوچەی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕو دەشتە بێلّ، هەرچەند زۆری پێشمەرگە تێدابوو، بەلام بیرو باوەڕو، نیوە دەسەلاتی خێلّەکی بەسەر ئەو ناوچانەدا زال بوو.
لەباشووری کوردستانیش، لەناوچەی کرماشان، بیرو باوەڕی کوردایەتی هەبوو، بەلام ئاینی شیعەگەری پێشگری پەرەساندن و بەهێزبوونی شۆرش بوو لەو ناوچەیەدا. شاری سنەو ناوچەکانی دەوروبەری لەباری سیاسیەوە لەکرماشان بەهێزو ڕێک و پێکتربوون. جگە لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بیروباوەری نەتەوایەتی، چریک و کۆمەلّەو تودەیی و ... خەتی چەپی تێدا بوو.
حیزبی دێموکڕات کوردستان لەشاری بانە ڕا تا شاری شنۆی بەناوەندی کوردستانی دانابوو. دەکرێ پیاو بلێ؛ لەباری سیاسی و تێکۆشان و هەروەها ڕێک و پێکی تەشکیلاتی، گەلێک لە باکوورو باشووری کوردستان باشترو لە

پێشتر بوو. هۆی سەرکی لەوە دا بوو کەگرینگی پتری پێدەدرا. ئەوەبوو کەپتری کادری سیاسی و لێ زانی نیزامی لێ هەڵکەوتبوو.

لەلایەکی دیکەشەوە، ناتەبایی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانیش لەناوەندی کوردستان پتر بوو تامەڵبەندی باکوورو باشوور. دەکرێ بڵێم هەرئەو ناتەبایی و لێکتر مۆڕ بوونەوانە هۆیەک بوون بۆ چوونە سەری پتری پلەی زانیاری خەڵک و پەیگیربوونی بیرو بۆچوون و پتەوی و ڕێک و پێکی تەشکیلاتی.

## بەرەو کۆنگرەی چوارەم .

کاتێک هاتینەوە ناوشارەکان بەگەرمی خەریکی پتەوکردنی کاری تەشکیلاتی بووین. ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی وێڕای وتوو وێژ لەگەڵ رژیم بەتوندی خەریکی وەڕێ خستن و پێک هێنانی کۆنگرەی چوار بوون.
مەبەستیان لەهەرچی زووترگرتن و پێکهێنانی کۆنگرە ئەوە بوو، کەلەهێدی و هێمنی و دوور لەشەڕکۆنگرە بگیرێ و لەکۆڵ بێتەوە. ئەگەر رژێمیش دوای کۆنگرە هێرشی کردینەوە سەر، لانی کەم کارێک کرابێ و ئەرکێک ڕاپەریبێ.
ئەوەبوو لەو کاتە ناسکەدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆگرتنی کۆنگرە دەست بەکار بوو. کۆمیتەی شارستانی مەهاباد مانگی ٢ی ١٩٨٠ لەگوندی قزلْقۆپی کۆنفرانسی خۆی گرت. من کەبەشداری کۆنفرانس بووم، هەم بۆکۆمیتەی شارستانی مەهابادو هەم وەک نوێنەر بۆکۆنگرەی چوار دەنگم هێناوە.
رێکەوتی ١٩٨٠/٢/١٩کۆنگرەی چوار بەبەشداری ٣٠٠ کەس واتە نوێنەری سی هەزار ئەندام دەست بەکاربوو. لەگەڵ ئەوەیدا هێندێکی فڕت و فێڵ تێدا کرا، کۆنگرەیەکی تابلێیی زیندوو بوو. قسەو باس و بیرو ڕا بەباشی ئاڵووگۆڕ دەکران. بیری چەپ بە تەواوی خۆی دەنواند. بیری ڕاست هەبوو، بەڵام کپ و بێڕەنگ و لەبنەوە بڕ بوو. دوکتور شەتەوی خوارزای دوکتور قاسملوو چوە پشت میکڕۆفۆن و دوای هێندێک باس و لێکدانەوەی سیاسی، یەکێتی سوفیەتی بە دەخالەتی سیاسی و نیزامی لە ئەفغانستاندا تاوانبار کرد. پێش ئەوەی دوکتور شەتەوی رستەی وتەکانی تەواوکات، زۆرکەس لەنوێنەرانی کۆنگرە هەستانە پێ و جنێو و قسەی ناشیرن و ناسەزایان پێگوت. بەوەش ڕانەوەستان بە وەرەخوار وەرەخوارو درۆشمدان و پێ شێل کردنی مافی دێموکڕاسی، ناوبراویان لەسەر سەکوی وتار هێناخوار. وەزعێکی وا پێک هاتبوو، بەرەی ڕاستی حیزب ئەو ڕاشکاویەیان نەبوو بۆخۆ دەرخستن. بەڵام لەبنەوە تێکۆشانیان بەرچاو بوو. هەرچەند بەزاهیرجەوەکە بەسوودی چەپ بوو، بەڵام بەرەی ڕاست وای خۆ رێک خستبوو، دەرکەوت کە ئاکامی سوود بەلای چەپدا نەسووڕێ. رەحیم بەغدادی کە پیاوێکی سادەو ساکاروبوو، لەبەر ئەوەی راست رۆیەکی توندبوو، بەزم و ڕەزمی

ڕێگاو پیکێک خواردنەوەی نێو ماشێن و هێندێک جەفەنگیان لێکردبووە ڕەخنێکی گەورە کەلەکۆنگرەدا ئابروویان بۆ نەهێشتەوە.
کاک حەمەدەمین سراجی چووە سەر سەکوو لەپشت میکرۆفون دوای روونکردنەوەو شیکردنەوەی هێندێک شت، رەخنەی گرت وگوتی:
– ئەو خەڵکەی لێرەن نوێنەری سی هەزار ئەندامی حیزبن، بریا حیزب لەجیاتی ئەو سی هەزار ئەندامە، سێ سەد ئەندامی تێگەیشتوو و بەڕاستی هەبایە.
حەمەدەمین کە لەدوکتور قاسملوو وچەند کەسێکی تر تووره بوو، تێگڕای نوێنەرەکانی بەچاوێک سەیر دەکردن. کەسیش گازەندەی نەبوو.
مەبەست لەهێنانەوەی ئەو دوو نموونەیەواتە(سیراجی و شەتەوی )نیشاندانی دوو پەردەی ڕاست و چەپ بوو لەحیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئاماژەم پێکردن.
لەسەروو باسی هێندێک فرت و فێلم کرد کە لەکۆنگرەدا روویان دابوو. لەریزە کاریەکانی دەگەڕێم، بەڵام لەپڕ ڕا هێنانی لیست و بڵاو کردنەوەی بەنێو خەڵکدا، بەتایبەتی دوایی کە زاندراوە لەژماردن و خوێندنەوەی دەنگەکاندا دەغەڵی و دەست پیسی کرا بوو. چونکە خەیانەت لە ئەمانەتدا کرابوو کەس بەشتێکی باشی نەدەزانی و ئاکامێکی زۆر خراپی بۆ حیزب بوو.
لەکۆنگرەدا پێشنیاری کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە (کومسیۆنی بازرەسی) کرا کەکۆنگرە هەڵی بژێرێ. ئەویش کراو یازدە کەس هەڵبژێردران.
دیارە بۆ هەموو کەس روونە کە لە نێو زۆربەی حیزبی سیاسی و پێشکەوتووخواز دا کۆمیتەی لێکۆڵینەوە پێک دێ، جائەو کۆمیتە، چ کۆنگرە هەڵی بژێرێ و چ کۆمیتە ناوەندی دوای کۆنگرە پێکی بێنێ، شتێکی باش و بەکەڵکەو سوودی تەشکیلاتی رێکخراوەی تێدایە. بەو مەرجە بزاندرێ بۆچی و لەبەرچی ئەو کۆمیتە یا ئەوکۆمسیۆنە پێک دێ. یان ئەندا مانی ئەوکۆمسیۆنە دەبێ کێ بن و ئەرکیان چ بێ بۆ بەڕێوە بردنی بەرنامەی حیزب . لەحیزب و تەشکیلاتی سیاسی دا کۆمیتەی لێکۆڵینەوە بەپێی بەرنامەی حیزب بەسەر کۆمیتەی شارو ناوچەکان و هەروەها بەسەر داهات و دەرچوونی حیزب ڕا دەگا. ئەگەر لەکۆمیتەیەکدا ناتەبایی و ناکۆکی هەبێ، دوای لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ریشەی ناکۆکی، بە ئاڵووگۆڕ یان تەمبێ کردنی حیزبی چارە سەردەکرێ و بێ دەست تێوەردانی ئەم و ئەو کۆتایی پێدێ .

ئەرکی لەوانەش گەورەترو گرینگتر ئەوەیە، کۆمیسیۆنی لێکۆلینەوە، دەبێ هەوڵ بدات بۆ بردنە سەری پلەی زانیاری کادرو ئەندام و پتر ئاکتیو کردنیان بەرنامەی کاری رۆژانەو هەروەها دەسەلاتی ئەوەی بدرێتێ کەحیساب لەکۆمیتەی ناوەندی بکێشێ و دەست لەسەر کەم کاریەکانی دانێ. دەنا ئەگەر کۆمیسۆنی لێکۆڵینەوە وەک دیتمان گۆپالّی دەفتەری سیاسی بێ، نەک هەر هیچ سوودو ئاکامێکی نابێ، بەڵکوو دوو زیانی زۆرگەورەشی دەبێ. واتە، هەم مەسەلەی پێ شێل کردنی دێموکڕاسی دێتە پێش، هەم سانترالیزمی دێموکڕاتیک کەحیزب لەپڕۆگرامی خۆیدا نووسیویەو بڕوای پێ یەتی لەلایەن ئەو کۆمیسیۆنەوە دەشێوێ و پێڕەوی ناوخۆی حیزب دەکەوێتە ژێر پرسیار. دوای کۆنگرەی چوار، ئێمەکادرەکانی حیزبی دێموکڕات بەکردەوە کۆمیسیۆنی لێکۆلینەوەمان تاقیکردەوەو بەچاوی خۆمان زیانەکانمان دی.

ساڵی ١٩٨٥زایینی دوای کۆنگرەی شەش لەدابەش کردنی کۆمیسیۆنەکاندا، بەر پرسایەتی کۆمیسیۆنی بازرەسی درابوو بەکاک جەلیل گادانی. وەک ئەندامی دەفتەری سیاسی دەبوایە بەوکۆمیسیۆنە ڕابگا. ناوبراولەسولەیمانی عەمەلێکی چکۆڵەی گورچیلەی کردبوو لە دەفتەری حیزب پشووی دەدا. من وێڕای دیدارو چاوپێکەوتن (عیادەت )و هێندێک وتوو وێژ کردن، لەنێو باسەکەماندا باسی کوموسیۆنی لێکۆڵینەوە هاتە پێش و پێمگوت : تۆ کە ئێستا ئەو بەر پرسایەتیەیان بەسەردا سەپاندووی ئەگەر رێگەت دەدرێ ئەو شتانە بکەی کە لەسەروو باسم کردن، زۆر باشەو دەکری کادرەکان ئاکتیوتر بکەی و سوودی باشی لێ وەرگیرێ. دەنا ئەگەر هەر وەک پێشوو لێکۆلینەوە لەسەر بیروباوەری کادرو دەرکردنیان بکرێ، بەبڕوای من سوودێکی بەکەڵکی بۆحیزب نابێ و نەیکەی باشترە ...

ئەوەندەی کاک جەلیل دەناسم و دەزانم بەنیەتی باش دەیەوێ کاری باش بکا، وەلامی ئەوکاتی ناوبراو و هەروەها ئەوەی وەک بەرنامەی دوا ڕۆژ بۆمنی باس کرد، پێم شتێکی باش بوو. زۆری نەخایاند من بەرەو ئوروپا هاتم و کوردستانم بەجێ هێشت. دیارە دوای من هەرچی کراو بوو، هەر یەو شتە سونەتیانەی پێشووکرابوو.

دێمەوەسەرباسەکەی خۆم. سەر ئەنجام کۆنگرە، ١١کەسی بۆکۆمیسیۆنی بازرەسی هەڵبژارد، بەلام ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە تەواو بەپێچەوانەی ئەو

شتانەی باسم کردن هەنگاویان هەڵدێناوە. سەیرئەوە بوولەکارەکانی خۆشیان ڕازی بوون و پێیان ڕاست بوو. ئەگەر یەکێک گوتبای کۆمیسیۆنی بازرەسی، بۆتە ئۆرگانێکی پشکنینی بیرو باوەڕی ئەندامان . دەفتەری سیاسی بەزاهیر خۆی نەدەکرد بەهاودەنگیان ودەیگوت" قەرارە بروشورێکیان بۆ بنووسین بەپێی ئەو برووشووره درێژه بەکاری خۆیان بدەن. کەچی ئەو بروشورە ئێستاش نەنوسرا. ئەوکۆمیسیۆنەش هەر بەدەستوورو فەرمانی خۆیان ئەو دوو ساڵەیان گەیاندە سەر. لەو ١١کەسە پێنجیان خۆیان بەدەستەوە داو چوونەوە لای ڕژیم. شەش کەسەکەی دیش جگە لەیەکدوانێکیان خێرو بێرێکی وایان بۆحیزب نەبوو. جگەلەوەش ئەوەندەیان خۆیان ناحەزکردبوو لەکۆنگرەی پێنج، ئەندامانی کۆمیتەناوەندی پێ یان شەرم بوو باسی هەڵبژاردنی ئەوکۆمیسیۆنه بکەنەوە. سەرئەنجام بوو بەهۆی ئەوەی نێو و نێوبانگ و ئاسەواری ئەو کۆمیسیۆنه لەپەیرەو و پرۆگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تاکۆنگرەی شەش بسرێتەوە. زۆربەی ئەندامانی ڕۆیشتووی کۆمیسیۆنی لێکۆلینەوە هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە پێ یانەوە دیاربوو کەئەوانە پیاوی ئەوکارە نین و ناتوانن ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن و تەنانەت لەحیزبایەتیش حاڵی نین و ناتوانن ئەرکی سیاسی بەرێوە بەرن. لەو دەوران و هەواو جەوی ئەوکاتدا کەفرە خۆش بوو، پێیان وابوو زوو ئاڵای سەربەخۆیی هەلدەکرێ وئەوانیش مەقامێ خۆیان وەر دەگرن .

بەداخەوە کومیسیۆنی کۆنگرەی چوارەم، نەک هەر ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پتەو نەکرد، بەڵکوو دەکرێ بلێین زیانیشی بۆحیزب زۆربوو. بەکار هێنانی هێندێک خوارو خێچی لەکۆنگرەدا، بنەمای ئاڵۆزی ودووبەرەکی و دڕدۆنگی لەحیزبدا پێک هێنا. حیزب چ لە باری پتەو بوونی ریزەکانی رێکخراوی، چ لەمەڕ یەکێتی بیرو بۆچوونی سیاسی سودێکی پێ نەگەیشت. لەو سەردەمە ناسکەدا جگە لەخۆ دەرگیرکردنی گێرەوکێشەی ناوخۆ و خەریک بوون بەشتی چکۆڵەو دوورکەوتنەوە لەتێکۆشانی رێک خستن و بێ ئاگابوون لەفرۆفێلی دوژمنی سەرەکی، بەرهەم و ئاکامێکی بەرچاوی نەبوو. بەبرِوای من، جگەلەوەی زەبرێکی گەورەی گرچووبر، وەجووڵانەوەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت، رژیمی ئاخوندی بەهۆی حیزبی تودەوە باشترین کەڵکی خۆی لە هەراوکێشەو ململانەی نێوخۆیی دەروون تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرگرت و جێ پێی خۆی لە کوردستاندا کردەوە.

## زەربێکی کوتووپڕ!

دوای کۆنگرە زۆری نەخایاند شەش کەس لەئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتە ناوەندی و ئەندامێکی ئیفتخاری، بەدنەدان و پیلانی حیزبی توودە، نەک هەر حیزبیان بەجێ هێشت، بەڵکوو بە پێی بەرنامەی دارژاوی حیزبی توده خۆیان بۆ بەربەرەکانی دژی حیزبی دێمووکڕاتی کوردستان ئامادە کرد. ئەو حەوت کەسانەی کەدوای کۆنگرەی چوار حیزبیان بەجێ هێشت، بریتی بوون لە:

یای فەوزیە قازی، دوکتور رەحیم قازی، مام غەنی بلووریان، کاک فاروق کەیخەسرەوی، کاک نەوید موعینی، کاک ئەحمەد عەزیزی. مامۆستا هێمن.

کاتێکی فرە ناسک بوو. کۆڕی نوێنەرایەتی رژیم لەبەرانبەر داخوازیەکانی حیزبدا خەریکی لێکۆلینەوەو تەما گرتن بوون. دڵی هەمووکوردێک لێی دەداو چاوەروانی رووناکایەکی دەکرد کەڕۆژێک بەئاوات و ئامانجەکانی خۆیان بگەن. رژیم لەحاست داخوازیەکانی گەلی کورد دامابوو و هێشتا جێ پێیەکی لەکوردستان نەکردبۆوە. هەڵبڕاوەکان لە حیزبی دێموکڕات، بیانەوێ و نەیانەوێ، کردەوەکەیان خەنجەرێک بوو لە برِبڕە پشتی نەتەوەی کوردیان داو بەقازانجی لەسەدا سەدی رژیمی کۆماری ئیسلامی تەواوبوو. لەوکاتە ناسکەدا رژیم دەگەڕا لەو لاولا ئەم و ئەو بکڕێ و خەڵک بەکرێ بگرێ، بۆئەوەی دڵۆ باوێتە نێو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. جاچ دەگا بەوانەی سیاسی بن و ئەندامی رێبەرایەتی حیزبێکی بەهێزو سەرەکی کوردستانی بن. زەرەری دووهەمیان ئەوە بوو؛ دوای رۆیشتنی ئەو حەوت کەسانە، رێبەرایەتی حیزب، لەهەموو ئەندامانی حیزب، بەتایبەتی کادرەکان دڕدۆنگ و نیگەران بوون. ئەو دڕدۆنگیە بوو بەهۆی لۆمەو، لەم ولەو ڕەخنەگردتن و پاڵ پێوەنانی ئەندام لەحیزب و هەر رۆژێ بەنێوێک ئەندام وکادری حیزب دەرکردن . وردە وردە بەرزە فڕی و دوورە پەرێزی لە ئەندامی ئاگاو تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بوو بە فەرهەنگی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و ئێستاش کە ئێستایە درێژەی هەیەولە نێو تەشکیلاتەکاندا کەم بوونی کادرو ئەندامی زاناو تێگەیشتوو لەدەرەوەو ژوورەوە بەرچاوە. تەواوی ئەو بێنەو بەرەو ئاڵووگۆڕو دڵ ئێشی و دەرکردنانە، تاوانەکەی وەباڵ بەملی تاقمی حەوت کەسی و پەیرەوانی کۆنگرەی چوارە.

ئەوکادرانەی کەبەو هۆیەوە لەنێو حیزبدا تووشی گێرەوکێشەی ناحەقی و بێحورمەتی بوون، هەرگیز تاقمی حەوت کەسی و دارودەستەکەیان نابەخشن.
بەڕۆیشتن و فریوخواردن و هەڵبڕانی ئەوکەسانەی باسکراو لەحیزب، ڕژیمی ئاخوندی هانایەکی هاتەوە بەرو ڕووناکایەکی بۆ لەکوردستان پەیدا بوو. هەرچەند بۆماوەیەک ئەو تاقمە لەکوردستان نەبوون، بەڵام دارو دەستەکەیان لەشارەکانی کوردستان بەگەرمی خەریکی گێرە شێوێنی و کاری تێکدەرانە بوون و دژی حیزب بەسوودی کۆماری ئیسلامی هەڵدەسووران. بەم جۆرە ڕژیم بوو بەخاوەن نفووزی سیاسی لەکوردستان بێ پووڵ خەرج کردن و حەولووتەقەللادان و زەحمەت کێشان.
ڕژیم کاتێ دەستی کراوە، بەوەندەش ڕانەوەستا، بۆ پتر زەدەدار کردنی کوردستان و زیان گەیاندن بەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان و نەتەوەی کورد. خۆی لەعیل وعەشیرەتی بارزانی نیزیک کردەوە کەپێشتر لەئێران پەنابەربوون. لەو ڕێگایەشەوە سەرکەوتوانە دڵی بەدەست هێنان و، وردە وردە کۆی کردنەوە. ڕژیمی ئێران لەژێرەوە ئەوانیشی بەدژی شۆڕشی کورد چکدارکردن. بەنێوی ژیان و حاوانەوە بەکوردستان دا بڵاو بوونەوەو لەناوچەکانی مەرگەوەرو تەرگەوەڕ، شنۆ، لاجان، شارویران، مەریوان و دزڵی و پاوەو . . . نیشتە جێ بوون.
ئەوەی پێویست و ئامانجی ڕژیم بوو پێک هات. سەرەڕای ئەوانەش، دەیان پیلان و پیلانگێری تریان بۆداهاتوو بەرنامەڕێژی کرد. ئەوەش بالەوێ ڕاوەستێ، گێرەو کێشەو خەباتی دەروون حیزبیش لەلایەکی تر لەکایەدابوو. ئەوشێوە خەبات و ناتەبایەی نێوحیزب پتر لەشارەکان خۆی دەنواند تاناوچەو گوندەکان.
من بەو ناکۆکی و دوبەرەکی یە زۆر قەڵس بووم. لەگەڵ ئەوەیدا ئەندامی کۆمیتەی شاربووم پێم خۆش بوو لەناوچەکان خەریک بەکاربم. لەسەر ئەو بۆچوونە، لەناوچەی گەورک و مەنگوڕان کاری تەشکیلاتی و ڕێکخستنم بۆخۆم هەڵبژارد. مەگەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی شارستان بایە، دەناکەمتر دەهاتمەوە شار.
کادری ناوچەکان کەمتر دەرگیری مەسەلەی بگرەو بەردەو هەراو هووریای نێو شار بوون. جاروبار لەکۆبوونەوەکانی گوندەکاندا لەسەر تاقمی حەوت کەسی و دەورو بەریان پرسیارم لێ دەکرا و پێیان دادەگرت کەبزانن لەروانگەی منەوە گروهی حەوت کەسی، خائنن ؟ یان خادمن؟!
دیارە منیش وەک ئەندامانی تری کۆمیتەی شارستان دەنگم دابوو و بەیانمان

لەسەر دەرکردبوون و لەڕۆژنامەی پێشەوادا چاپکرابوو. ئێستاش لەبیرمە کەلەنێو بەیان و نووسراوەکان و ڕۆزنامەی پێشەوا دا نوسرا بوو:
" ئەوانەی لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵبڕاون، تاملان لەنێو زەلکاوی خەیانەتدان وخەیانەتیان بە جووڵانەوەی نەتەوەی کورد کردوە.
جگە لەبەیاننامەو نوسینی ئەوانە، بەلێکدانەوەی خۆشم ئەو پاڵ وە رژیم دانەم بەکردەوەیەکی ئەو پەڕی دژ بەکوردو دوور لەمرۆڤایەتی و نیشتمان پەروەری دەزانی.
رژێمی دژی ئازادی مەلایان، وردە وردە پیلانەکانیان وەکار دەخستن و بە نێوی ئیسلام بەنهێنی پەیوەندیان دەگرت و بنکە سیخوریەکانیان لە کوردستان بەهێزتر دەکرد. تەنانەت لەهێندێک ناوچە بێتەلی نهێنیان دابوو بەوکەسانەی کەسەر بەخۆیان بوون و هاوکاری ڕژێمیان دەکرد. رژیم لەگەل ئاغاکانی زەرزا، شکاک، هەرکی، مەنگوور، هەروەها لەگەڵ کەسانی وەک ئەحمەدی موفتی زادە لەسنەو شوێنی تر، پەیوەندی گرتبوو و چەکداری کردبوون و خۆی بەهێز کرد بوو.
گشت ئەوانەی باسم کردن و گەلێکیش لەوە پتر وەک « تای تەوەرداس، دەست لەسەر پەلان پیتکە » بۆدژایەتی و شەڕی براکوژی چاوەروانی فەرمانی ئاخوندەکان بوون. زۆری نەخایاند بەکرێ گیراوانی کورد بەجاشایەتی و سیخوری لەفەرمان بەری دژ بەشۆرشی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا خۆیان نواند.
رژیم تەنیا بەهانەیەکی مابووی پڕکردنەوەی پادگانەکان بوو. حیزب دوای خۆ ڕاگریەکی زۆر، سەرئەنجام تەسلیمی ئەو داوایەش بوو. ئیتر رژێمی چاوچنۆک وەک جادووگەرێکی فێڵ باز، تەیارو رێک و پێک خۆی بۆ هێرشێکی توندو تیژ بۆخۆێن رشتن وکورد کوشتن ئامادە کردبوو. بەو ئامادە یەی باسمان کرد هێرشی نامرۆڤانەیان لەزۆربەی ناوچەکان و هەروەها لەشاری مەهاباد دەست پێکرد. رژیم زۆر درندانە مەغول ئاسایی دەستی بەسەر هێندێک ناوچە داگرتەوەو زۆر بنەماڵەی کوردی بە تۆپ باران و خۆمپارە باران، خەمبارو ڕەشپۆش کردن.
کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لەگوندی شیلاناوێ نیشتەجێ بوو. پێشتر کاک کەریمی حیسامی کەبەر پرس بوو، بەسەفەرو سەردانی منداڵەکانی چووبووە دەرەوەو کەماڵی شافیعی لەجێگای خۆی دانابوو. دوای ماوەیەکی کورت،

لەلایەن کۆمیتەناوەندیەوە کاک حەسەنی شەرەفی بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد دیاری کراو هاتە شیلاناوێ. ئەندامانی کۆمیتەی ئیجرایی شارستانی مەهاباد بریتی بوون لە:
کاک حەسەنی شەڕفی، سەروان جاوید فەڕ،کاک سەید ئەحمەدی تەپەڕەشی
کاک عومەری قازی، سەعیدکاوە .
لەنێو شاری مەهاباد شەڕی شەقام بە شەقام وکۆلان بەکۆلان درێژەی بوو. رژیمیش بێ ئەوەی دەست بپارێزێ خومپارەی لەکۆلان و ماڵەکان دەکرد. شەڕێکی ناخۆش و پڕ زیان و زەرەر بوو. هەیئەتی ئیجڕایی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، بەتایبەتی کاک حەسەنی شەڕەفی کەبۆ بەرپرسی کۆمیتەی شارستان نێردرابوو، کەوتبوونە ژێر تەئسیری عومەری قازی. کاتێک یەکێک ڕەخنەی دەگرت و دەیگوت با پێشمەرگە لەشار بێنینەدەر خەڵکی مەهاباد بالەخۆڕا نەکوژرێن.کاک عومەر لەوەلامدا دەیگوت: کوڕە هیچ نیە، ئەوانەی دەکوژرێن، مەهابادی نین، خەڵکی جرتاواو ...!!
کاک حەسەنی شەڕەفیش بەپێکەنین و شۆخی مۆری پەسندی پێوە دەنا.
مەبەستی کاک عومەر لە « جرتاوێ » گەڕەکی ( مەجبووراوا و . . بوو، کەبە ئیستلاحی قەدیمی سابلاغیان کرمانج بوون. واتە دێهاتی.
بەلام هەر خەڵکی جرتاوێی کاک عومەر نەبوون دەکوژران ، بەڵکوو بنەماڵەی وەک محەمەدی عەتاری زۆر بوون کە بەگولله و خومپارەی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، شەهید دەکران و ماڵیان کوێر دەکرانەوە .
زۆر کەس لەکوژراوەکانی شاری مەهاباد، ئەوانە بوون کە لەژێر زەمینەکان دەهاتنەدەرو لەکۆلانەکان دەکووژران. هۆی هاتنەدەریان، برسی بوونی ژن و منداڵیان بوو کەدەیان ویست هەوڵ و تەقەللایەک بدەن و هاوار بۆ ماڵێک بەرن بەڵکوو نانێک وەدەست بێنن و بۆ ماوەیەک زگی منداڵەکانیان تێرکەن. بەلام بەکرێ گێراوانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی، بەدیتنی هەرکەسێک و هەر ژین لەبەرێک ئەو ناوەیان خومپارەباران و وێران دەکرد. چەند رۆژێک لە دێهات نانیان کۆ دەکردەوەو شەوانە دەیان برد لەمزگەوتێکی شاریان دادەنا بۆ و مالانەی برسین، بەلام لە دوو یان سێ ماڵی دەوروبەر بەولاوە ماڵەکانی دیکە نەیان دەزانی نان لەکوێیە تادەستیان وێڕا بگاو منداڵەکانی خۆیانی پێ تێرکەن .
بەڕاستی وەدەست خستنی نان لەو تەقەو هەرایەدا، نەک هەرکارێکی هاسان

نەبوو، بەڵکوو گەلێک سەخت و دژواربوو.
دوای ئەوەی هەیئەتی ئیجرایی بەوە گەیشت کەرژیم دەست ناپارێزێ و پێشمەرگەش لەشەڕی نێوشار دا چیان بۆ ناکرێ، بەناهومێدی و ناچاری دوای زیانێکی زۆری بێ پلان و بەرنامە، پێشمەرگەکانیان لەشارهێنادەر. دەست کەوتی شەڕی نێو شاریش! شارێکی وێران و ئاوارێکی زۆرو شەهید بوونی خەڵکێکی بێ تاوان بوو. دوای ئەوەی پێشمەرگە شاری بەجێ هێشت، شەڕ لەگەل رژیم لەسەر ڕێگاکانی نێوان نەغەدە و مەهاباد، میاندواو مەهاباد، درێژەی هەبوو.
رژیم بۆ بەهێزکردنی پادگانی شارو شارەوانی وردە وێڕای خۆ بەهێزکردن لەزۆر شوێنی ستراتێژی نێوشار لە سەر جادەو سەربانەکان پایەگای دامەزراند. بەدوای ئەو ریزە کارانەدا بۆ ئەمنیەتی خۆیان لە مەهابادو شارەکانی تردا پەلاماریان بۆ دەورو بەری شارو گوندەکانی دەورو پشت و سەر ڕێگاکان دەست پێ کردو پایەگایان لێ دامەزراند.
کۆمیتە شارستانی مەهاباد کە لەشیلاناوێ نیشتەجێ بوو، هەر وەک پێشتر باس کرا، من زۆر بەکەمی لەکۆمیتەی شارستان دەمامەوە. لەمانگدا ئەوپەڕی حەوتوێک لە وێ دەبووم. پتر خۆم بەکاری رێکخستن و جەولەی ناوچەکانەوە خەریک دەکرد. هەڵڵاو بگرو کارەکانی کۆمیتەی شارستان بەشی هەرە زۆریان ناتەبایی و سکاڵاو گێرەو کێشەی مڵک و ... بوو. بڕوام بەوکارانەش نەبوو.
زۆرتر حەزم لە کارو باری ڕێکخستن و کۆبوونەوەو کۆنفرانس و ... بوو. بەو بۆنەوە ئاشناو رۆشناو دۆستێکی زۆرم لەناوچەکانی دەوروبەری مەهاباد پەیداکرد. بۆبەرێوە بردنی زۆربەی کۆنفرانسی ناوچەکانی سەربەکۆمیتەی شارستانی مەهابادمن دەچووم.

## جەولەیەکی لەبیر نەچوو.

ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان لەگوندی شیلاناوێ دانیشبووین. واتەگوندی مامۆستا هێمنی شاعیر. گوندێکی خۆش بوو. گەلێک جار دەچووومە لای مامۆستا هێمن بگەڕێتەوە نێو حیزب و خۆی لە تاقمی هەلّبڕاو هەلاّویرێ. مامۆستا هێمن هاتنەوەی پێ خۆش بوو، بەلاّم ئامادە نەبوو بەومەرجەی دەفتەری سیاسی بۆی دانابوو، واتە بەنووسراو بگەڕێتەوە نێو حیزب.

بەهاری ١٣٦٠هەتاوی ١٩٨١ز، کاک حەسەنی شەڕەفی بەلّێنی دابوو بەکاک حەمەدەمینی عیسازادە"سمکۆ" سەری ڕێکخراوەی گلّۆلاّن بدات و ئەگەرکرا لەگوندو دێیەکانی دەوروبەر هێندێک قسەو باس بۆخەلّک بکرێ. لەسەر ئەو بەلّێن و بڕیارە بەیانێکی زوو، وێگڕا لەگەلّ کاک حەسەن بەبارانەو لەنگێزەی بەهاری، نیوە بەپێیان و نیوە بەسواری جیب خۆمان گەیاندە ڕێکخراوی گەورکی٣ لەگلۆلاّنی سەروو.

ڕۆژێک پێشتر کاک حوسێن ئیبراهیمی و دوکتور محمد قسیم سەوجە، لەسەر بڕیاری پێشووی کۆمیتەشارستان خۆیان گەیاند بووە گلّۆلاّن و باش حەسابوونەوە. ئێمەش ئەو ڕۆژە گەیشتینێ و حەساینەوەو شەوێش پێکەوە بەرنامەی کارمان داناکەسەری یەکدوو دێی دەورو بەر بدەین و بەنۆرە هەریەکی لەسەر شتێک قسەیان بۆ بکەین. دوای دووسێ ڕۆژ مانەوەو بەرێوە بردنی بەرنامەی قسە کردن، من و کاک حەسەنی شەڕەفی بەرەو شیلاناوێ گەڕاینەوە. لەگوندی کیتکە، کاک حەسەن بەرەو شیلاناوێ و منیش بەرەو کاولاّن بۆسەردانی مالّێ، لێک هەلّبڕاین. حەوتوێک لەمالّێ مامەوەو دوایی بەرەوکۆمیتەی شارستان ڕۆیشم. لەخوارەوەی دارەکانی شیلاناوێ ڕوانیم ئەوە دوکتور سەوجەی خوا لێخۆشبوو بەتەنێ یاغریاغر دێتەخوار. گەیشتینە یەکترو دوای ماچ و دەست و موشتاغ و چاک و خۆشی گوتی:

- بەخوای چاک بوو دیتمیەوە، لەدوێنێوە باست دەکەم و دەمگوت خواحافیزیم بۆ لەسەعید ناکرێ. پرسیم خواحافیزی چی دوکتورو مەگەر دەتەوێ بەجێمان بێلّی؟! دوای ریزێک باس و وەلاّم دانەوە لەسەر ژیانی دەرەوەو هێندێک گلەیی

له‌ژیانی ناخۆش و دوور له‌منداڵه‌كانی، گوتی:
– به‌هه‌رحاڵ ده‌مه‌وێ بچمه‌وه‌و نه‌یه‌ڵم ژیانی منداڵه‌كانم له‌وه‌ پتر تێكچێ و ...
– باشه‌ مامۆستاگیان، كارێكیان بۆكردوی نه‌گیرێی و توشی ده‌رده‌سه‌ری نه‌بی؟
له‌وه‌ڵامدا گوتی؛ ناوه‌ڵا، ده‌ڵێن هیچی ناوێ و رژیم هه‌رناشزانێ له‌ده‌رێم. له‌لایه‌كی دیكه‌ بۆخۆت ده‌زانی هه‌ڵسووڕانێكی وام نه‌بووه‌ كه‌رژیم بزانێته‌وه‌و وه‌ک تاوان وه‌به‌رچاوی بگرێ. به‌شی ئه‌وه‌نده‌شم دوست هه‌یه‌ كه‌ئه‌گه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌ک بێته‌ پێش هه‌وڵم بۆ بده‌ن و خۆم بۆ ماندو بكه‌ن.
ئه‌ولێكدانه‌وه‌ ساكاره‌و هه‌روه‌هادوژمن به‌ده‌ستی كه‌م گرتنی دوكتورم پێ شتێكی سه‌یربوو. پرسیم دوكتورگیان! تۆ له‌ بیرت نیه‌ حه‌وتووی پێشوو له‌گڵۆڵان و دێیه‌كانی ده‌وروبه‌ر چۆن بیچمی ناحه‌زی رژیمت بۆ خه‌ڵک روون ده‌كرده‌وه‌؟! پێت وانیه‌ قسه‌كانی ئێمه‌یان له‌دێیه‌ک له‌ بڵیندگۆكان زه‌بت نه‌كردبێ و دابێتیانه‌وه‌ به‌ڕژیم؟
تۆزێک ڕاوه‌ستاو گوتی؛" ئیمكانی ئه‌وه‌ش هه‌یه‌". به‌پێكه‌نین كوتی" هه‌رچی پیش اید خوش اید" من زۆر به‌جدیم قسه‌ له‌گه‌ڵ ده‌كردو ئه‌ویش به‌پێكه‌نین شلی ده‌كردمه‌وه‌. سه‌رئه‌نجام هیچم بۆ له‌گه‌ڵ نه‌كراو یه‌كترمان ماچ كردوخوداحافیزی كرد.
نازانم چه‌ندی كێشاو چه‌ندی پێ چوو، ئه‌وه‌نده‌ ده‌زانم رۆژێک له‌نێوان جاده‌ و قۆزلوو ڕادیۆی مه‌هابادم گرتبوو ده‌رۆیشتم، له‌پرهه‌واڵی ئێعدام كردنی دوكتور سه‌وجه‌م گوێ لێبوو، خورپه‌م له‌دڵی هات و دانیشتم. كاتێک پێشمه‌رگه‌كان پرسیان و له‌مه‌سه‌له‌ ئاگادار بوون، ئه‌وانیش به‌په‌رۆش له‌گه‌ڵم دانیشتن. تابڵێی هه‌واڵێكی ناخۆش و دڵ ته‌زێن بوو. به‌راستی حه‌یف بوو دوكتور سه‌وجه‌ پیاوێكی ئاوا بلیمه‌ت، وا به‌هاسانی له‌داوی دوژمن كه‌وت و شه‌هید كراو له‌ده‌ست چوو. یادی به‌خێرو روحی هه‌رشاد بێ.
ماوه‌ی ئه‌و چه‌ند ساڵه‌ی له‌ده‌رێ بوومه‌، شتی زۆر گرینگ و سه‌یرو چاوه‌ڕوان نه‌كراوو هه‌روه‌ها زۆر روداوی دڵ ته‌زێن هاتوونه‌ته‌ پێش. ئه‌گه‌ر بێتوو روداوه‌كان بنوسم و بیان هێنمه‌ سه‌ركاغه‌ز، بۆ وه‌ی خوێنه‌ر لێ یان حاڵی بێ، ده‌بێ نێوی هێندێک كه‌سیش بێنم، كه‌دیاره‌ نێو هێنانیش ناكرێ.
كه‌وابوو ناچارم ده‌بێ واز له‌ زۆر شت بێنم ولێی تێ په‌رم .
ئه‌گه‌ر باسی دوكتور سه‌وجه‌شم كرد، هه‌م بیره‌وه‌ری و وه‌بیرهێنانه‌وه‌ بوو، هه‌م

هاورێ و هاوخەباتتێکی حیزبی بوو و شەهیدی گەلی کوردە.
هەروەها ئەزموونێکە کەنابێ مرۆڤی سیاسی قەت بڕوای بەدوژمن هەبێ.
لەو بارەوە زۆرمان پەندو ئەزموون و ئامۆژگاری هەیە، کەچی بەداخەوە ئەو پەندو ئەزموون و ئامۆژگاریانە وەک نەقڵ و نەزیرە جێ کەوتوون و پەیڕەویان لێ ناکرێ و دووپات دەکردێنەوەو تاقی کاریان لەسەر دەکرێتەوە.
دوکتور قاسملووی ڕەحمەتی، کاتێک باسی فێڵ و تەڵەکەی دوژمن دەهاتە پێش، دەیان شتی لێدەگێڕانەوەو دەیگوت: نابێ مرۆڤی سیاسی بڕوا بەدوژمن بکا!
زۆرجاران دەیگێڕاوە کەبابی گوتویە: "ئەگەر «عەجەم» لێت نیزیک بۆوە، لەبەری بڕۆ، دەنا قسەت لەگەڵ بکا فریوت دەدا "
یان لەکۆبوونەوەو مەجلیسان دوکتور دەیگوت: " ئەو ڕژیمە ئەوەندە کۆنەپەرستە، خودموختاریشمان بداتێ زەحمەتە لەگەڵی بحاوێینەوە"
سەرەڕای ئەو هەموو ئەزموون و زانیاری و لێ زانیەی کە دوکتور هەیبوو، فریوی دوژمنی خواردو لەگەڵ ئەندامێکی تری کۆمیتە ناوەندی شەهیدکاک عەبدوڵڵاقادری. سەریان لەسەر داناو جارێکی دیکەش ئەزموون و پەندو ئامۆژگاریەکان تاقیکرانەوە.
بەشکم لەوە بەولاوە دوژمن ناسرابێ و لەفرِوو فێڵەکانی گەیشتبین و چیدیکەیان تاقیکاری لەسەر نەکەین و ئەو ڕووداوەی دوایی بۆ کورد پەندو ئەزموونی یەکجاری بێ و لەبیرمان نەچێ.

## بەرەوکۆنگرەی پێنج .

پێش کۆنگرەی پێنج کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لەگوندی سوێناس گیرا. بۆچاوەدێری کۆنفرانسەکە دوکتور قاسملو بۆخۆی هاتبوو. تابلێیی کۆبونەوەیەکی رێک و پێک و زیندو بوو. کاتی هەلبژاردن هەر چەندی هەولیان دا، بۆهەلبژاردنی کۆمیتەی شارستان خۆم نەپالاوت. بۆنوێنەری کۆنگرەش دەنگی دوهەمم هێناوە. لەدوای هەلبژاردن لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەشارستان، هێندێک لەکادرەکان کارتێکی دەستخۆشانەی کاریان درایە. منیش یەکێک بووم لەوانە کەئەو دەستخۆشانم وەرگرت.
بەخەتێکی جوانی تایپ کراو ئاوا نوسرابوو.
برای بەرێز کاک سەعید کوێستانی ئەندامی کۆمیتە شارستانی مەهاباد.
سلاوێکی گرم و بەتینتان پێشکێش بێ.
ئێستا کەماوەی سالێک لەهاوکاریان لەتەشکیلاتی مەهاباد تێپەڕ دەبێ و ئامادەی گرتنی کۆنفڕانسی شارستانین، بەپێویستم زانی بەلەبەرچاو گرتنی هەموو زەحمەتەکان و تێکۆشانی بێ وچان و هەروەها بەبۆنەی ڕاستی و پاکی تان لەکوتن و کردەوەدا، پڕبەدڵ سوپاس و بەحورمەتەوە بڕوانمە دڵسۆزی و لێهاتوویی و تێکۆشەریتان و رێزدانێم بۆ بیروباوەڕی پتەو و وەفاداریتان بەحیزب و خەباتی حەقخوازانەتان بۆ گەلی کورد. ئومێدەوارم لەداهاتووشدا هەروا چالاکانە بۆ وەدی هێنانی دێموکڕاسی بۆئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران تێ بکۆشن. تاگەیشتن بەو ئامانجانە، لەپێناو بڕینی رێگای بەردەوام و رزگاری کوردستان، سەرکەوتن تان بەئاوات دەخوازم. براتان زانیار : بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد. ورده ورده خۆمان بۆ کۆنگرەی پێنج ئامادە دەکرد. دەنگۆ بووکەرژێم لێ بڕاوە جێگاو شوێنی گۆنگرە بۆم باران بکاو نەیەلێ کەس دەربچێ. ڕۆژی ١٤/٩/١٣٦٠هە ١٩٨١ز، چوینە کۆنگرەو تائەوکات جێگاو شوێنی کۆنگرە بەنهێنی مابۆوەوکەس نەی دەزانی ئەو شوێنەلەکوێ یەو لەکوێ دروست کراوە. شەوی لەگوندی نواوێ لە مزگەوت و مالان ماینەوەو بەیانی چوینەسالۆنی کونگرە. سالۆنێکی باش و بەتێرو تەسەلی دروست کرابوو. نوێنەرەکان هەمویان هەرکەس لەسەر سەندەلی وجێگای خۆیان دانیشتن.

دوای خوێندنەوەی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ شەهیدانی سورخەڵاتی کوردستان و ئازادیخوازانی جیهان، ڕاپۆرتی پەسندکراوی کۆمیتە ناوەندی، لەلایەن شەهید دوکتور قاسملو سکرتێری حیزب خوێندرایەوە.
بەپێی سوننەتی کۆنگرەکانی پێشوو، کەم وکوریەکانی دەست نیشان کراو رەخنەی لێگیراو دوایی نوێنەران پەسندیان کرد. دیارە هەڵڵایەکی زۆری لەسەر کرا، بەڵام پێویست بەشی کردنەوەی هەمووباس و خواسێکی کۆنگرە ناکا. دوایی ئاماژە بە سێ ئالوو گۆرو روداوی گرینگی کۆنگرە دەکەم.
رۆژی دوهەم پاش نیوەڕۆ کاتی پشوودان، دوکتورقاسملوو بانگی کردمە پەنایەک و گوتی: "لەگەڵ برادەرانی دەفتەری سیاسی باسمان کردوەو بەباشی دەزانین تۆش خۆت بۆ هەڵبژاردن ئامادەبکەی". لەوەڵامی دوکتوردا کاتێک گوتم پێم ناکرێ، دوکتور دەستی بەزارم داگرت و گوتی"کەس قسەم ناشکێنێ، پێم خۆشە تۆش ئەگەرخۆشت دەوێم بەقسەم بکەی"
بمانەوێ و نەمانەوێ دوکتور قاسملوو لەنێوحیزبدا خۆشەویست بوو. لەوکاتەوەخۆم بەئەندامی حیزب دەزانم، بڕواناکەم لەناوحیزبدا کەسێکی واهەڵکەوتبێ کەلە دوکتور قاسملووخۆشەویست ترو بەئیعتبارتر بووبێ. لەباری سیاسیشەوە لە ژورەوەو دەرەوە تائێستاحیزب کەسێکی خاوەن کەسایەتی ئاوای نەبووە. دیارە لەوڵاتی ئێمە ئەگەر پیاو مەلایکەتیش بێ، هێندێک کەس ڕەخنەو گلەییان دەبێت و ناخۆشیان دەوێ. منیش نەک هەر ناخۆشم نەدەویست، بەڵکوو زۆریشم خۆش دەویست. لەوەڵامدا گوتم؛"هەرچەند خۆم بەشیاوی کومیتەی ناوەندی نازانم، بەڵام ئێستاکە تۆ پێت باشەو پێتوایە شتێکم لەدەست دێ، بەسەر چاو قسەت ڕەت ناکەمەوە". دوای ئەوەی ئامادەیی خۆم ڕا گەیاند دوکتور قاسملوو بەجێی هێشتم.
کاتێک کۆنگرە گەیشتە پلەی نێو نوسین، بۆهەڵبژاردن، دوکتور منی پێشنیارکردو نێویان نوسیم. کاتێک کە ئەندامان خۆیان دەناسێنن، یەکێک بەدژو یەکێک بەباش لەسەر پاڵێوراو"کاندیدا" قسەدەکەن. کاتێک نۆبەی من هات و خۆم ناساند، دوکتور هاتە پشت میکرۆفون و گوتی:
-کاک سەعید وێڕای زەحمەت و خەباتی درێژخایەن، دوجار ڕاپەریوەو بۆ بەهێزکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەکۆمیتەی ساخکەرەوەی ح د ک، هەروەها لەکۆمیتەی ئینقلابی ح د ک، دا بەشداری کردوەو تێکۆشاوە.

کەسیش بەدژ لەمن قسەی نەکردو دەنگی باشم هێناوە.
لەو دژو باش قسەکردنەدا شتێکی کەهەرگیز لە بیرم ناچێ، عەلی حەسەنیانە.
کاتێک ناوبراو خۆی کاندید کرد، دوکتور سادقی شەڕەفکەندی وەک دژ قسەی لەسەر کردو گوتی:" کاک عەلی کە خۆی کاندید کردوە، پێم وانیەکاری پێ بکرێ، لەبەر ئەوەی لەحاست ژنەکەی بێ دەسەڵاتە.
ئەو دژ باس کردنەی کاک سادق بوو بەهۆی ئەوەی عەلی حەسەنیانی تێک بشکێ دوای کۆنگرەش لەداخی ناوبراو خۆی تەسلیمی رژیم کردەوەو دواییش بەنهێنی ئێرانی بەجێ هێشت و هاتە دەرەوە. دوای ماوەیەکی کەم بەسەکتە مرد.
بەڕاستی ئەو پەردە ناخۆش و تراژدەیەم هەرگیز لەبیرناچێ. چونکە عەلی حەسەنیان ئەگەر لەکادری دیکەی پتر کار نەکردبێ، کەمتری کار نەدەکرد. روحی شادبێ .
پێم وایە سێ خالی گرنگی کۆنگرەی پێنجەم، جێگای باسن و پێویستیان بەهێندێک شی کردنەوە هەیە، کەبەکورتی باسیان بکەم.
یەکەم- چوونەنێوشۆڕای بەرگری میللی.
دوهەم- ئامانجی دوارۆژو سوسیالیزم .
سێهەم- هەڵگرتنی دروێشمی روخانی رژێمی.
جگەلەوەی کۆنگرەی پێنجەم زۆر زیندو، و پڕقسەوباس بوو. لانیکەم بۆمن ئەو سێ خالەی ئامارژەم پێکردن و بەکورتی دەمەوێ باسیان بکەم گرینگ بوون. بەتایبەتی مەسەلەی چوونە نێو شۆڕا، بەو قەوارە دارڕژاوەی ئەوکات بۆمن و بۆ زۆرکەسی دیکە لەباری لێڵ و ناروون بوونی ئەندامانی جێگای باس بوو.
یەکەم چوونە ناو شۆڕای بەرگری میللی لەباری خۆبەهێزکردن دژی کۆماری ئێسلامی شتێکی زۆرباش بوو. هەروەها لەباری یەکێتی و یەکبوونی چەند هێزو رێکخراو بە هەنگاوێکی هەرە گرینگ دەژمێردراو دەکرێ بلێین ؛ بۆشایی نەبوونی جبهەیەکی دێموکڕاتیکی دژی کۆنەپەرستی کەمێک پڕدەکردەوە. بەڵام لەشۆڕا دا بوونی « ئەبول حەسەنی بنی سەدر » هیچ کوردێکی ڕازی نەدەکردو هیچ کەس ناوبراوی بەمرۆیەکی ڕاست و دروست و خاوەن ئیمان و، ویژدان نەدەزانی. کورد ئێستاش هەر بەوچاوەی دەروانێتێ کە لەکاتی قودرەتی خۆیدا دەستوری دا کە لەشکریانی ئیسلام بەنی پۆتینەکانیان نەکەنەوە تاکوردستان

لەزیدی شۆڕش پاک دەکەنەوە. هەموو ئاگادارین کەئەو دەستورەی ناوبراو بوو بەکوشتاری خەڵکێکی زۆری بێ تاوانی کوردستان و تا دنیا دنیایە، ئەو پەڵە ڕەشە لەسەر شانی ناوبراو بەنەنگی مێژویی دەژمێردرێت و، وەک مۆرێکی ڕەش بەنێوچاوانی ئەبولحەسەنی بەنیسەدرەوەیەو ناسڕێتەوە. ئێستاش چوونی حیزب بۆناو شۆڕا وەک پرسیار هەرماوە.

دوهەم هەلگرتنی درۆشمی روخانی رژیم، ئەوکات بۆمن شتێکی گرنگ بوو. پرسیارم لەخۆم دەکردو دەم پرسی؛ ئایا درۆشمی روخانی رژیم بۆئێمەی خودموختاریخواز بلێیی کارێکی دروست بێ؟ بلێیی لەگەڵ سیاسەتی ئێستای ئێمە بێتەوە؟ ئەوەی ڕاستی بێ، نەم دەزانی وخۆم بۆساغ نەدەبۆوە. هۆیەکەشی روون بوو، ئەوەندەمان رژیمی ئاخوندی ناخۆش دەوێ و ئەوەندە تاوانبارە، هەرشتێکی دژی کۆماری ئیسلامی بگوترێ بێ ئەولاولا پەسندی دەکەین. دیارە ئەوکات لەوەش تووندتربووین.

پێش ئەوەی ئەو درۆشمەی دژی رژیم بدرێ و پەسند بکرێ. دوکتور قاسملوو لەسەر سەکۆی پشتی میکرۆفون هێندێکی قسەکردو بیچمی ناحەزو دژ بەکورد بوونی رژیمی بۆ بەشدارانی کۆنگرە شی کردەوە. بەشدارانی کۆنگرە سەراپاگوێ بوون. خوێنی گوێگران وەجۆش هاتبوو. ئامادەی وشەیەک بوون دژی رژیم بێ، تابە درۆشمی نەمان بۆ دەسەڵاتداری حاکم و رژیمی ئاخۆندی لەجێگای خۆیان ڕاپەڕن. دوکتورقاسملو لەو کاتەدا کەنوێنەران هەستیان هاتبووە جۆش گوتی:

- من بەقسەکانم کۆتایی دێنم و دەڵێم؛" بڕووخێ رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ێیسلامی ئێران.

بەڕاستی لەوکاتەدا من بەش بەحاڵی خۆم لەبیرم نەمابووکەخودموختاریمان دەوێ و سبەینێ پێویستمان بە وتوو وێژە لەگەڵ رژێم . ئێمەنوێنەران بەتێکڕایی لەجێگای خۆمان خرۆشاین و یەک تەکان درۆشمی برووخی رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان گوت ودوپاتمان کردەوە. بوو بەچەپڵەرێزان. ئەگەر لەوکاتەدا یەکێکیش دژی ئەو درۆشمە هەستاباو قسەی کردبایە لەسەر ئەو باوەڕەم لەو جەووەدا بۆی نەدەکراو نەیدەتوانی لەحاستی ئەو خەڵکە پشتی قسەی خۆی بگرێ. لانی کەم لەبەر لۆمەی نوێنەران ڕێگای بەخۆی نەدەدا رەخنە بگرێ و بلێ لەگەڵ پرۆگرام و سیاسەتی ئێستای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نایەتەوە.

دوکتور قاسملو کەئەو کات کاری بەهەڵگرتنی ئەو درۆشمە بوو، بۆ ئەوەی بچێتە ناو شۆڕای بەرگری میللی، زۆر بەهاسانی بێ ئەوەی یەکێک دژی ڕاوەستێ، توانی ئەو درۆشمە بێنێتە گۆرو بەنوێنەرانی کۆنگرەی پەسند بکا.
وام لەبیرە یەکێک لەو بارەوە نەک بەشێوەی رەخنە، بەڵام وەک پرسیار، روخانی رژیم و خودموختاری هێنا پێش بۆئەوەی بۆ خەڵک روون بێتەوە.
دوکتور قاسملوو بۆ پتر روونکردەوە دوای هێندێک شی کردنەوە گوتی: ئەگەر ئەو رژیمە خودموختاریشمان بداتێ، بەڕاستی ئێمەی ئازادیخواز ناتوانین لەگەل رژێمێکی ئاوا کۆنەپەرستدا ڕەفتار بکەین و بحاوێینەوە.
بەحەق دوکتور قاسملوو لەو بارەوە ڕاستی دەکرد کە ژیان لەگەڵ ئەو رژیمە ناکرێ. ڕەنگبێ نوێنەرانیش هەر ئەو بۆچونەیان بووبێ، بۆیە بەو بڕیارە هیچمان نووزەیان نە دەهات و هەموویان بێ دەنگ و خۆشحاڵ بوون .
دوکتور قاسلوو حیسابی خۆی کردبوو کە مادام بچێتە نێو شۆڕا ، دەبێ درۆشمی روخانی رژیم هەڵگرێ، کەئەویش بێ گرێ و گۆڵ چۆوە پێش وکۆتایی هات.
بەڵام شتێکی کەئێستاش بۆمن ناروون و جێی سەرسوڕمانە ئەوەیەکە چۆن دوکتور قاسملوو لە ئوروپا لەگەڵ پیاوی رژیم بەنهێنی دانیشێ و حکومەتی ئەو وڵاتە ئاگادار نەکرێ ؟! مرۆڤێکی زاناو تێگەیشتووی شارەزا بەسەر بیچم و نێوەرۆکی رژێمی ئێراندا، چۆن چوو ئەوکارەی کردو ئەو زەرەرە گەورەی لەحیزبدا ؟!
سێهەم ئامانجی دوارۆژ، واتە کۆمەڵێکی سوسیالیزم لەدوا ڕۆژدا. هەر لەکۆنگرەی سێهەمەوە کێشەوهەرای ئامانجی دوا ڕۆژ بۆکۆنگرەکانی حیزب وەک هەوێن و فەرهەنگی لێهات بوو دەبوایە لەهەموو گۆنگرەیەکدا ڕۆژێکی لەو ڕۆژە گرنگانەی کۆنگرەی پێ بگیرێ و نیوەی خەڵک دڵی لێک بێشێ. لەجیاتی پتەو بوونی ریزی حیزب، ناتەبایی و لێک دڕدۆنگی پێک بێ. هەراو کێشەی ئەو کۆنگرە ئەوەندە لەبەریەک کشاوە، ئەگەر دوکتور قاسملو پاشەکشەی نەکردبایە، پێم وایە پتر درێژەی دەبوو و وازووکۆتایی نەدەهات.
دوکتور، بەهەنگاوێک پاشەکشە پێشنیاری کرد" ئامانجی دوارۆژمان کە پێک هێنانی کۆمەڵێکی سوسیالیستی یە" دەیکەین بە" ئامانجی دوارۆژمان سۆسیالیزمێکە لەگەڵ هەڵ و مەرجی وڵاتەکەمان بگونجێ".
دەنگ درا بەوەی دوایی و، کۆتایی بەو باس و وتو وێژە هات. ئێمەو مانانی

کادر، شارەزاو ئاگاداری نێوخۆی وڵاتانی سوسیالیستی نەبووین و نەمان دەزانی چۆنە. ئەگەر یەکێک گوتبای لەوڵاتی سۆڤیەت ئازادی دەربڕینی بیروباوەڕ نیە، شێتمان دەکردو هەزارو یەک بەڵگەمان لەو بەلگانەی کەبۆخۆیان لە کتێبەکاندا بۆیان نوسیبووین دێنانەوە. هیچ کەس هیچ شتێکی کە بەحاستەم دژی سۆڤیەت بایە، بۆیان باس نەکردبووین. ڕەنگ بێ ئێستاش لەکوردستان ئەو برادەرەی کە بڕوای بەخەباتی چینایەتی بێ و لەنێو ڕێکخراوی نەتەوایەتی دا کار دەکات، وابیر بکاتەوە کە دروشمێکی زەق و ناقۆڵای نەگونجاو لەگەڵ مەسەلەی میللی وەک سوسیالیزم بۆ حیزبێکی نەتەوایەتی پێویست بێ و بەبێ دروشمێکی وا کارەکان نەگونجێن و نەچنە پێش! یان ئەگەر حیزبێکی میللی ئەو دروشمە هەڵنەگرێ کورد سەرناکەوێ. یان پێمان وابێ، دەبێ سیاسەتی دەرەوەمان روون بێ و بەلایەنێک هەڵ بلێین و...

نازانم بۆدەبێ ئێمە پێمان وابێ دەوڵەتێن و دەبێ دۆستەکانمان دیاربن؟ بۆ دەبێ خۆمان لەو گەرداوە رزگار نەکەین و لەو سەر لێشێواویە نەیەینەدەر؟

لەڕاستی دا ئەو جۆرە دروشم زەقکردنەوانە هیچ پەیوەندیەکیان بەخەبات و تێکۆشانی ئێمەوە نیە. لەسیاسەتیش دا مرۆی ژیربێژ نابێ بەزۆری خۆی بکا بەدوستی کەسکانێک یا دەوڵەتانێک کەهیچ نیشانەی دوستایەتیان پێوە دیار نیەو ئێمە لەخۆ ڕا حیسابیان لەسەر دەکەین.

لەلایەکی دیکەشەوە، دەبێ باش ئەوە بزانین کەهیچ ڕێکخراوێک وەکیل و قەیومی کورد نیەو ناتوانی بەکەیفی خۆی هەلومەرجی دوارۆژ لێک بداتەوە، داخوا کەی رزگار دەبین کەهەر لە ئێستاوە بیچمی حکومەتی داهاتوو بۆ نەتەوەکەمان دیاری بکەین. کێ دەزانی دوای چەندساڵێکی دیکە هەلومەرجی زەمان چی لێ دێتەوەو جیهان چ گۆڕانێکی بەسەر دادێ و چ شتێک پێویست دەبێ بکرێ و چ بنووسرێ و چ بکوترێ؟ نەوکەسانەی لەداهاتوودا پاش بیست ساڵی دیکە بەکۆڵێک زانست و زانیاریەوە دێنە مەیدانی تێکۆشان، کوا کاری ئێستای ئێمەیان پێ ڕاستەو بەرنامەی ئێمەیان لەلاپەسندە ؟ هەر ئێستابۆخۆمان کارو بارو هەنگاوەکانی ڕابەرانی ڕابردوو پەسند ناکەین و زۆر جاران دەکەونە بەر ڕەخنەو گلەیی بێ ئینسافانە.

بۆدەبێ خۆمان فریو دەین کە کارە سەرنەکەوتووەکانمان بۆ داهاتوو لەبوخچە بنێین و بۆ نەسلی داهاتووی هەڵگرین؟! لەجیاتی ئەوەی هەر دووساڵ جارێک

گێرەوکێشەی ئامانجی دوارۆژ سازکەین، ئەگەر لەبیری رێ وشوێنێکی نوێدا بین و رێگای یەکێتی و برایەتی بدۆزینەوە باشتر نیە؟ ئەو برایەتیەی کەڕۆژێ دەیان جاری دوپات دەکەینەوە، بەڵام وەبەر چاویان ناگرین و بەکردەوە کاریان لەسەر ناکەین.

خۆزیا ڕۆژێک بەوە گەیباین و برایەتی ببایە بە ئامانجی دوا رۆژو بیری دوبەرەکی و پێک هەڵپرژان و براکوژی مان ڕیشەکێش‌کرابایە. ئەوکات روون دەبۆوە کە بە ئامانجی دوا ڕۆژ گەیشتن تەنیا برایەتی ڕاست و دروستی بێ غەڵ و غەشەو بەس.

کۆنگرەی پێنجەم کۆتایی هات. بۆئەوەی یادێک لەسەروان جاوید فەڕ« هەژار » بکرێ کەناوبراو لەکۆنگرەی پێنج بۆ ئەندامی کۆمیتە ناوەندی دەنگی هێناوەو بوو بەئەندامی کۆمیتە ناوەندی. لەئاخر ڕۆژی کۆنگرەدا هەواڵمان بۆهات کەدوژمن لە بانەڕا هەرەکەتی کردوەو بەرەو ناوچەی سەردەشت بەرێوەیەو دەیەوێ بێتە پێش. برادەرانی دەفتەری سیاسیش بەپەلە نابراویان ئامادەکردکەبچێت لەگەل هێزی ناوچەی بانە هاوکاری بکاو لەباری نەخشەو پلانی نیزامیەوە یاریدەی هێزی بانە بدا، بۆ ئەوەی هێزی دوژمن نەتوانێ بێتە پێش. کەچی بۆ سبەینی هەواڵی شەهید بوونی کاک هەژاریان بۆ هێنایەنەوە. تابڵێی هەواڵێکی ناخۆش و دڵ تەزێن بوو. نابراو مرۆڤێکی ئازادیخوازو خاکی و کوردپەروەر بوو. لەباری نیزامیشەوە پیاوێکی وریاو پسپۆڕو هێدی و لەسەرەخۆ بوو. روحی شادو یادی پیرۆزبێ.

## بەرەو ناوچەی پێ ئەسپێردراو.

دوای کۆنگرەو هەڵبژاردنی دەفتەری سیاسی و دابەش کردنی کارو دیاری کردنی جێگاو شوێنی کار بۆ ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی. دوکتور قاسملوو بانگی کردم و دوای هێندێک ڕێنوێنی و پەندوئامۆژگاری لەسەرناوچەی سەردەشت، بەڵگەی مامووریەتی دامێ بچمە کۆمیتەی شارستانی سەدەشت. ئەوە دەقی نوسراوەکەیە.

تاریخ ٢٩؍٩؍١٣٦٠ژمارە ٦٥٦١؍ د-س
هاوڕێی بەڕێز کاک سەعید کوێستانی
لەگەڵ سلاوێکی شۆرشگێڕانە
بەو هۆیەوە بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت دیاری دەکرێی. هیوادارین هەموو تواناو زانست و ئیمکاناتی خۆتان بۆ ڕێک و پێک کردنی کاروباری تەشکیلاتی و خزمەت بەئامانجەکانی گەلی کورد: دێموکڕاسی بۆئێران و خودموختاری بۆکوردستان دەکاربکەن.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
مۆرو ئیمزای دوکتورقاسملو

ڕوونووس بۆ:
بەرێز کۆمیسیۆنی تەشکیلات
کۆمیتەی شارستانی سەردەشت

دوای ئەوەی نامەکەم لەدوکتور قاسملوو وەرگرت، بۆ یەکدوو ڕۆژ پشوودان و چاو پێکەوتنی منداڵەکانم بەرەو گوندی کاولآن کەوتمە ڕێ. کاتێک چوومەوە ماڵێ، شێواوی کچم لەگەڵ منداڵەکانی لەمەهاباد ڕا بۆسەردان و چاوپێکەوتن هاتبوون.
جگە لە شێواوی کچم، کچێک و سێ کوڕی دیکەم بەنێوی" شیرن، مراد، ئازادو فەرهاد"هەبوو. شیرن پێشتر لەنەغەدەو مەهاباد تاڕاهنمایی دەرسی خوێندبوو. کاتێک لەمەهاباد هاتینەدەر لەبەر نەبوونی قوتابخانەی ڕاهنمایی ناچاربوو واز لە خوێندن بێنێ و خانەنشین بێ. مرادی کوڕم پۆلی یەکەمی سەرەتایی لەشاری خوێندبوو، تەمەنی گەیبووە نۆ ساڵ و لەقوتابخانەی گوندی کاولآن خەریکی خوێندنی پۆلی دووهەم بوو. ئازاد کەساڵێک لەمرادی کوڕم چووکترە، لەتەمەنی هەشت سالی دا دەچووە پۆلی یەکەمی سەرتایی. فەرهادی کوڕیشم تەمەنی چوار ساڵ بوو هێشتا کاتی خوێندنی نەهاتبوو. بەڕاستی دەربەدەری و خەبات و شۆرش منداڵەکانی لەقوتابخانەو

خوێندن و دەرس و دەورو هەمووبارێكی ژیانەوە وەپاش دابوو.
چەند ڕۆژ ێك لەكاولانێ لەمالێ بووم و بەمندالەكانم ڕاگەیاند كەدەچمە ناوچەی سەردەشت و دوای دامەزران و پەیدا كردنی خانوێك دەنێرم ئێوەش بێن.
دوای ئەو دیدارە، بەرەوناوچەی سەردەشت و كۆمیتەی شارستان هەرەكەتم كرد. كۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەسەرووی گوندی كاژێ بوو. ئەو ڕۆژە موهەندیس محەمەدی ئاریایی چاوەڕوانی منی دەكرد كەبچم و لەوێ حیساب و دەورو تەسلیمی كۆمیتەی شارستانم لەگەڵ بكات. چونكە بۆخۆشی دەبوایە بەرەو ماموریەتی نوێی پێ سپێردراوی بڕوات.
پاش حیساب و كتاب، موهەندیس ڕۆیشت و منیش لەگەڵ هەیئەتی ئیجڕایی كۆمیتەی شارستانی سەردەشت، واتە كاك ڕەحیم قادری، كاك عەزیزی ئەحمەدی، كاك لەتیف نەخشبەندی دانیشتم. لەو دانیشتنەدا هێندێكم هەواڵ لە چۆنیەتی هەلس و كەوتی كۆمیتەی شارستان وەدەست هێنا. فەرماندەی هێز كەئوتوماتیك دەبێتە ئەندامی هەیئەتی ئیجڕایی دەبووایە لەوكۆبوونەوەدا بایە، بەلام لەبەر ئەوەی پێشتر هاورێیان ئاگاداریان نەكردبوو نەهاتبوو. ئەوكاتەی كەمن چوومە ناوچەی سەردەشت، شۆڕش ئەحمەد لەسەر پێشنیاری سەید ڕەسولی بابی گەورە كرابوو بەفەرماندەی هیزی موعینی، هەر چەند ناوبراو مایەی فەرماندە هێزی تێدا نەبوو.
تائەو كاتەی كەمەلاحەسەنی شیوەسەلی بۆ فەرماندە هێزی موعینی لەناوچەی سەردەشت دیاری كرا من شۆڕش ئەحمەدم نەدیت. بەقەولی خۆی گرفتاربووەو بۆی نەكراوە. دیارە ئەوكاتیش ناچار بوو چونكەدەبوایە بۆحیساب و دەورو تەسلیم هێزی شەهید موعینی ئامادە بێت و تەسلیمی كاك حەسەنی شیوەسەلی بكات و بچێتە كۆمیسیۆنی پێشمەرگە كاری نوێی بۆ دیاری بكەن. ناوبراو لەوحیساب و كتابەدا هێندێك چەك و چۆلی لەپێدا ماوە، قەرار بوو بیان نێرێتەوە بۆفەرماندەی هێز، واتە كاك حەسەنی شیوەسەلی. بەلام لەقەول و بەلێنی تێ نەپری و ئێستاش شۆڕش ئەحمەد نەهات، نەشتەكانی ناردنەوە. سەر ئەنجام دوای ماوەیەك خۆی تەسلیمی رژیم كردەوەو رۆیشتەوە دانیشت. وەزعی كۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەباری تەشكیلاتیەوە باش نەبوو. پتر شێوەی نیزامی بەخۆیەوە گرتبوو تاشێوەی ڕێكخستن.
كاتێك من چومە ناوچەی سەردەشت، شەهید ڕەسووڵ خەبات كەپێشمەرگەیەكی ئازای حیزب بوو، دەستەیەكی تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆخۆی عەمەلیاتی نێوشاری دەكردو لەژێر فەرمانی هێزدا نەبوو. یارمەتیشی لە هێز وەرنەدەگرت و پتر هاتوو چۆ و ئامووشۆی لەگەڵ كۆمیتەی شارستان بوو. كوێخاسمایل یەكێك لەسەر دەستەكانی هێزی موعینی بوو. ناوبراو لەكاری پێشمەرگایەتیدا پتر ئەوشتانەی بەرێوە دەبردن

کەپەسندی خۆی بوون و بۆخۆی پێی خۆشبوون و لەگەڵ سەلیقەی خۆی دەهاتنەوە.
لەناوچەی بێوران شەهید حەمەدەمینی مەلاعەزیز بەخۆی و شەست حەفتا پێشمەرگەوە، بەتاوانی ئامووشۆی قەڵادزێ و پەیوەندی، یارمەتی حیزبی لەلایەن کۆمیتەی شارستانی سەردەشتەوە لێ بڕابوو. دەکرا بڵێین ناوبراو سەر بەهیچ ئۆرگانێکی حیزبی نەبوو. لەلایەکی دیکەوە ماوێک پێش من کادرەکانی کۆمیتە شارستانیش مانیان گرتبوو، مانگێک بوو بەناوبژی کردنی دوکتورقاسملوو دەست بەکار ببوونەوە. وا دیاربوو پێشتردانیشتبوون و لەکۆبونەوێکی نێوخۆدا کاریان لەناو خۆیاندا بەش کردبوو، خەریکی کاری پێ ئەسپێردراوی خۆیان بوون.
کاک رەحیم شیوەیی کەکادرێکی ئاکتیوی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بوو. ئەویش زۆرترسەری لەکاری پێشمەرگایەتی دەخورا تاکاری شانەو شانە بەندی . لەگەڵ یەکتری ڕاوێژمان کردو پێکەوە جەولەیەکمان پێک هێناکە سەری ناوچەی بێوران و باسکی کۆڵەسەبدەین و لەگەڵ حەمەدەمینی مەلاعەزیزیش دانیشین. لەگەڵ رەحیم شیوەیی چووینە گوندی بێوران و لەگەڵ حەمەدەمینی مەلاعەزیز دانیشتین. نابراو پیاوێکی تابلێیی پیاوو خانەدان دیار بوو. دوای هێندێک باس و، وتوو وێژ، قەراری پێشوومان شکاندو نابراو بەلێینی دا لەژێرفەرمان و دسیپلینی فەرماندە هێز دەرنەچێ و وەک سەردەستەیەک درێژە بەکاری خۆی بدات. نابراو تائەو کاتەی شەهید بوو، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو بەئیمان و نیشتمان پەروەری کورد بۆحیزبەکەی لەهیچ شتێک دریغی نەکردو ئەرکی پێ ئەسپێردراوی خۆی بەرێک و پێکی لەژێر دەسپلین فەرماندە هێزدا بەجێ هێنا. شەهید محەمەدئەمین، جارێکیش گلەیی فەرماندە هێزوکۆمیتەی شارستانی نەهاتەوە سەرو ئەرکی خۆی وەک پێشمەرگێکی بەئیمان و نیشتمان پەروەر بەرێوە دەبرد. یادی بەخێربێ و روحی هەرشاد بێ.
لەوێڕا سەردانێکی قەڵەرەشێ مان کردو سەری قوتابخانەی شۆرشمان دا. دوایی داگەڕاین بۆدەورو بەری مەرەغان وگوڵێنەو بنکەی لک و چاوپێکەوتنی مەلابرایمی سەرلک. کۆبونەوەیەکمان لەگەڵ سەرلک و سەردەستەو سەرپەل پێک هێنا. شەوێ لەگەرمەی وتو وێژو کۆبونەوەکەدا لەنەکاو گوللەیەکی ئار پی جی بەویزەویز بەپەنا ئەوخانوەی لێی کۆبوینەوە هات و هەمووومان دەرپەرینەدەرێ. کێشکچیەکان بۆیان دەرکەوتبوو کەگوللەکە، لەو کۆخ و خانوانەڕا هاتبوو کەماڵی خەلک و بنکەی پێشمەرگەی خۆمانی لێ بوو. بەڵام کێ بوو؟ نەزاندرا. لێکۆلینەوەیەکی زۆری لەسەرکراو زۆرجاران مەلابرایم دەیگوت؛ ئەوەی کوللەکەی پێوەناوین رۆژێکی هەر دەیبینمەوە. بەڵام ئێستاش دەرنەکەوت کێ بوو.
کۆمیتەی شارستانیش بۆخۆی گیروگرفتی تایبەتی خۆی هەبوو کەدەبوایە رێگای

چاریان بۆ بدۆزرێتەوە.
لەکۆبوونەوەی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستاندا بەو ئاکامە گەیشتین بۆچاری لاوازی و شپرێوی ڕێکخراوەکان وکۆمیتەی شارستان کۆبوونەوەیەک لەکادرەکان پێک بێنین تالە دانیشتنێکدا کارێکی وابکرێ ئاڵووگۆرێک پێک بێ. مەبەست ئەوە بووکۆمیتە شارستان لەو ساردو سڕیەی کە بەسەری دا هاتبوو هەرەکەتێکی لێ پێک بێ و لەوشپرزەیی و ساردیەبێتەدەر. ئەوکات من بەش بەحاڵی خۆم کادرەکانی کۆمیتەی شارستانم نەدەناسین و نەم دەزانی کێ ئاکتیوەو کێ تەپە. ڕەحیمی قادری و لەتیف نەخشبەندی هێندێکیان لەسەر یەک یەکی کادرەکان روون کردبوومەوە. دوایی ڕەحیم شیوەییش بەگوێرەی لێزانی و ناسیاری خۆی یاریدێکی باشی دام. دیارە ئەوانیش هەرکام بەبۆچوون و پسپۆڕی خۆیان ئاگاداریان دەدامێ و لەڕوانگەی خۆیانەوە کادرە باشەکانیان پێ دەناساندم.
ناسین و چۆنیەتی ڕابردوی یەک یەکی کادرەکان بۆ من شتێکی گرینگ بوو. لەکۆمیتەی شارستانی سەدەشت دا هێندێک مەلای تەپی ناحاڵی لەکاری تەشکیلاتیدا جێگای کادری لاوو ئاکتیوو هوشیاریان گرتبۆوەو کاریشیان نەدەکرد. بەپەلەش نەدەکرا ئاڵووگۆڕیان تێدا پێک بێنین و لاوەکان نیزیک بکەینەوە.
بەو ئاکامە گەیشتم لەگەڵ هەیئەتی ئیجرایی دانیشم و کۆبوونەوەیەک لەگەڵ کادرەکان پێک بێنین. لەسەر بڕیاڕی هەیئەتی ئیجرایی کادرەکان ئاگادار کران و لەگوندی واوان کۆبوونەوەیەک پێک هات. دوای هێندێک قسەوباس، لەوکۆبوونەوەیەدا لەژێرناوی خۆ بەکادرەکان ناساندن، دەستم کرد بەقسان و کۆبوونەوەکە دەست پێکرا. لەقسەکانم دا دەمویست ئەو بڕوایەیان تێدا پێک بێنم، کەکادری تەشکیلات و تەبلیغات، نابێ کاری نیزامی بکات و خۆی لەکاری پێشمەرگە وەربدات. مەگەر پێویست بێ لەسەر بڕیاری کۆمیتەشارستان کادرێک بنێردرێ بۆ بەشی پێشمەرگە. دوهەم، ئەگەر دێموکڕاسی بەسەرماندا حاکم نەبێ و پێکەوە پارێزگاری لە دێموکڕاسی نەکەین، تووشی هەڵدێر دەبین و کارەکانمان شێوەی فەرماندەرو فەرمانبەر بەخۆیەوە دەگرێ و کەسایەتی و پرستیژی کادر بەتایبەتی کۆمیتەی شارستان دێتەخوار. لەئاکامدا جگەلەوەی کادر ناتوانێ سەربەخۆ بێ توشی سەر لێ شێواویش دەبێ. ئەگەر کادریش لەکاری خۆیدا سەربەخۆ نەبێ، شت فێرنابێ و بۆپێشەوە چوون دەوەستێ. لەبیرمە دوجار ئەوشتانەم دووپات کردەوە، هەرجارێ بەشێوەیەک. ئەوەیان بۆدەرکەوت کەمەبەستی من ئازاد بیرکردنەوەو ئازادکارکردنە، زۆریان پێ خۆش بوو. لەدوایی دا کورتەیەکم لەمەڕ سانترالیزمی دێموکڕاتیک کەلەپەیرەوی حیزبدایە بۆ باس کردن. دوای ئەوەی کەهێندێکیان لەڕابردو گلەییان هەبوو، چەند پێشنیارێکیان کردو

ئالۆوگۆڕێکمان پێک هێنا. بۆماوێکی کورتیش بریارماندا جارێکی دی کۆببینەوە. چونکە کەندو کۆسپی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بەوەندە کۆبوونەوە چاری نەدەکراو دەبوایە ئەومرۆڤە لێزان و خاوەن روانگانەی ناوچەی سەردەشت، لەگەڵ ئەوانەی خۆیان بەحیزبەوە هەڵاوەسیبوو لێک جیابکرێنەوە. بەقەولی پێشینیان کە دەڵێن؛ (گۆشت بۆ قەساب و ئارد بۆ نانەوا )

دەمەوێ دوونمونەی بچوک بێنمەوە. مەلاسمایلی حاجی کەپێشتر لەدەرەوە بەرپرسی تەشکیلاتی کوردستان بوو، بەهۆی شەڕوکێشەیەکی شەخسی لەلایەن کۆمیتەناوەندی شەش مانگ هەڵپەسێرابوو، دوای تەواو بونی هەڵپەساردنەکە درابوو بە ڕێکخراوی لای گەرۆر و لەبەردەستی فەقێ عەبدوڵڵادا کاری دەکرد. چ لەباری سیاسیەوە، چ لەباری لێزانی و شایستەگی و لیاقەتەوە، وەک ئەوە دەچوو مرۆڤێکی لێزان و خوێندەوار لەبەر دەستی کابرایەکی نەخوێندەوار بنرێ!

لەکۆمیتەی شارستان دا، بەشی ئینتشارات و تەبلیغات درا بوو بەکوڕێک بەنێوی برایمی خاڵەلاوە . کارەکانی ئەوبەشە بەنوسین و تایپەوە، لاوێکی دی بەنێوی سەید ئەحمەدی حوسێنی بەڕێوەی دەبرد، بەڵام برایم بەرپرسی ئەو کوڕە بوو. شتێکی ئەوەندە سەیرو سەمەربوو پیاو پێکەنینی پێدەهات. دوای هێندێک مانەوەو لێکۆلینەوە دەرکەوت ئەو برایمە هێندێکیش مشکوک و جێگای دڕدۆنگیە. دەست بەجێ لەگەڵ هەیئەتی ئیجرایی بڕیارماندا نابراو دەربکرێ و سەید ئەحمەد جێگای ناوبراو بگرێتەوە. ناوبراو بەتاوانی بیری پێشکەوتنخوازی لەکاری تەشکیلاتی دوور خرابۆوە، دەنالەنێو ئەندامانی کۆمیتەی شارستاندا لەسەید ئەحمەدی خوێندەوار ترو زاناتری تێدا نەبوو. دەکرێ بلێم هێندێک کەس کەلەکۆمیتەی شارستان کۆ ببوونەوە، زۆر لەبیری بنەماڵەی هەژار دا نەبوون. هەربۆیەش سەید ئەحمەدی حوسێنی لەبیرکرابوو. لەنێو تەشکیلاتە سیاسیەکاندا هێندێک کەسی بەرچاو تەنگ هەن، کەئەگەر کەسێکی لێزانتر و زاناترلە خۆیان بەرپرسایەتی هەبێ، ئەو گوڵ ناکا و دەبێ کەسانی وەک سەید ئەحمەد پشت ئاو بکرێن، بۆ ئەوەی بۆخۆیان سینگ بێننە پێش.

سەید ئەحمەد دوای ئەوەی لەکۆمیتەی شارستانی سەردەشت تاقی کراوەو ڕاست و دروستی بۆحیزب دەرکەوت، بۆخوێندن نێردرا ئوروپا. لە بەر ئەوەی چاپلووسی و چاخانی نەبوو، بەداخەوە لە دەرەوەش مەسەلەی کوردستانیان بۆ ژیاندەوەو ئەو بوختانە ناحەقەی لایەنگری بیری تودەیان بەسەردا بڕی، بۆ وەی خۆیان بنوێنن.

مەمیشە لەکاتی ئەو ڕووداوانە دا ئەوە بۆمن دێتەپێش لەخۆم بپرسم؟ داخوا بەکاری ئاوا، بێجگە لەحیزبی دێموکڕات کوردستان کێ ی دیکە زەرەر دەکا ؟ ؟

دێمەوە سەر کارو باری کۆمیتەی شارستانی سەردەشت. دوای بەجێ هێنانی ئەو

قەرارە لەسەر برایمی خاڵەلاوە، هەرچەند زۆر بەحەکیمانەش کردمان، بەڵام برایم دەستە گوڵی خۆی بەئاو داداو تایپەکەی لێ شکاندین و نەچووە ژێریشی کەبڵێ شکاندومە. زۆری نەخایاند بۆمان روون بۆوە کەناوبراو هاوکاری رژێم بووەو ئێمەش روحێکی موفتمان رزگار کردوە. بەراستی لەو بارەوە دەبێ سوپاسی کاک رەحیمی قادری بکرێ کەهەواڵی هاوکاری ناوبراوی لەگەڵ دوژمن دا بۆ هێناین و لەومەترسیەی رزگارکردین. هەرچەند رەحیم قادری لەباری کاری تەشکیلاتی مرۆڤێکی سادەو ساکاربوو، بەڵام لەقەدەر خۆی و بێ ئەزمونی خۆی لێکدانەوەی تایبەتی خۆی لەسەر ناوچەی سەردەشت هەبوو. لەکۆبوونەوەی جاری دوهەم دا ئاڵووگۆڕی نوێ و، زانایانەتر لەپێشوو لە کۆمیتەی شارستاندا پێک هات. هەم ئەندامانی کۆمیتەی شار، هەم هەیئەتی ئیجرایی نوێ دروست کرا. هێندێک بەرپرسی نوێ بۆرێکخراوەکان نێردران. بۆ رێکخراوی ڕەبەت مەلاسمایلی حاجی، بۆ رێکخراوی هۆمل کاک رەحیم شیوەیی دیاری کران.

## بنکەی کۆمیتەی شارستان لەکاژێ.

بەپێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بەنامەیەکی دوکتور سەعید بکەم. دیارە نامەی گرینگی دوکتور سەعید زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی بەنێوی تایبەتی من نەنوسراون، بەهیچ جۆرێک پێم خۆش نیە دەخاڵەت و ئاماژەیان پێ بکەم.
لەسەرەتای هاتنم دا بۆ ناوچەی سەردەشت، پاش دومانگان، دوای شارەزا بوون و، وەدەست هێنانی هەواڵ و زانیاری باش لەسەر ناوچە، بەو ئاکامە گەیشتم، کەبە هێندێک تێ بینیەوە دەتوانین جارێکی دیکە شاری سەردەشت بگرینەوە.
دوکتور قاسملوو کە دەیویست بچێتە دەرەوە، بەگوندی کاژێ داهات کەکۆمیتەی شارستانی سەردشت لەسەرووی ئەو گوندە نیشتەجێ بوو.
بەتێ بینیەکی هەم بوو باسی گرتنەوەی شاری سەردەشتم لەگەڵ هێنا گۆڕێ و هەموولایەنەکانم بۆ باس کرد. دوکتوور زۆری پێ خۆش بوو. دوای هێندێک پرسیارو وەرگرتنەوەی وەڵام، پێشنیاری پێکردم کەئەوانەی بۆم باس کردوە بۆ دەفتەری سیاسی بنوسم. دوکتور لەسەر ئەو باوەرە بوو پێشی چونی ئازوقە بگیرێ بۆ ئەوەی پادگانی سەردەشت بکەوێتە مەزیقە تائەگەر بمانەوێ شار بگرینەوە، بێ ورە بن. چونکە ئەو کات فرۆکەو هێلی کۆپتێر هاتووچۆیان نەدەکردو ڕاوەستابوون. دوایی دوکتور لەسەر

نەهێنی کاری پێی داگرت کەنابێ ئەو باسە لەکۆمیتەی ئیجرایی دا باس بکرێ.
نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی. لێرەدا لەبەر هێندێک شتی نەهێنی، ئەسلی نامەکەم نایەمه سەرکاغەزو بەوەندەی دەبڕمەوە کە پێشنیارو لێکۆلینەوەکە، لەمەڕ گرتنەوەی شاری سەردەشت بوو.
دوکتور قاسملوو بەرەو ئوروپا ڕۆیشت و منیش نامەیەکم بەدوورودرێژی بەلێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی کەبەمێشکم داهات لەچەندین لاپەڕەدا، بەپێی هەلومەرجی ئەوکات بەپێشنیارەوە بۆدەفتەری سیاسیم نارد.
دوای ماوەیەک دوکتور سەعید بەدەل « سادقی شەرەفکەندی » بەنامەیەکی دەست خەتی خۆی وەلامی پێشنیارولێکۆڵینەوەکەی دامەوە. ئەوە دەقی وەلامەکەیەتی:

بەرێز کاک سەعید کوێستانی!

بەسلاوێکی حیزبیانەوە، لێکۆڵینەوەکەتان لەسەر وەزعی سەردەشت و پێشنیار بۆ گرتنەوەی شار لەدەفتەری سیاسی دا خوێندرایەوەو باسی لەسەر کرا.
بەگشتی لێکۆلینەوەکەتان تەئید دەکەین و پێمان وایە نەزەرەکانتان ڕاستن و لەم بارەوە زۆر سوپاستان دەکەین.
دیارە ئێمە هەرچی لەدەستمان بێ تێدەکۆشین ئەوکارە جێ بەجێ بکەین و لەوەختی خۆی دا ئێوەش لەجەڕەیان دەنێین، بەلام پێویستە عەرزتان بکەین کە: بەداخەوە ئێستا ئەو ئیمکاناتەمان نیە، بەتایبەتی لەباری چەک و چۆڵ و تەقەمەنیەوە. ئێمە لە پێشدا دەبێ لەم بارەوە خۆمان تەسەل بکەین کەخەریکین بزانین چۆن دەبێ.
بێجگەلەمە، هەروەک لەکۆبوونەوەی کۆمیتەناوەندی دا باس کرا، زستان بۆ عەمەلیات فەسلێکی باش نیە. زستان هەروەک بۆهێزی دەوڵەت گیروگرفت پێک دێنێ، جولانەوەی پێشمەرگەش تووشی زەحمەت دەکا. لەلایەکی دیکەش ئێمەنابی وەزعی خەلکی شاریشمان لەبیر بچێ کەئەگەر شەڕێکی قورس بێ لەزستاندا زۆر تووشی نارەحەتی دەبین.
لەبەهارێش دا کەجەنگەڵ شین دەبێ و خۆشاردنەوەی پێشمەرگەوخەلکی باشتر تێیدا مومکین دەبێ و بێجگە لەوە لەبەر هەورو باران، فەعالیەتی هێزی هەوایی دوژمن زۆر هاسان نیە ئەوکارە دەکرێ. هەر سەرکەوتووبی.
برات سەعید بەدەل ١٩/١١/١٣٦٠هە ١٩٨١ز. دێمەوە سەر باسی کۆمیتەی شارستان و ئەوحەوت ڕێکخراوانەی کەسەربە کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بوون. واتە ڕێکخراوی میراوێ، مەزرا، بلفەت، ئالان، هۆمل، ڕەبەت و گەرۆر. ئەو ڕێکخراوانە هەرکام بەچەند کادرەوە خەریکی کاری ڕێک خستن و حەلکردنی گێرەوکێشە دانیشتوانی ناوچە بوون.

ئەوەی ڕاستی بێ لەناوچەکاندا لێزانینی کاری ڕێک خستن لەو پەڕی لاوازی دابوو. هۆی ئەسلی ئەولاوازیە دەگەڕاوە سەر کادرەکان و هێندێک بارو دۆخی خێڵەکی ناوچەکە. بۆ وێنە؛ ڕێکخراوی ڕەبەت کەسەرجادەی مەهاباد سەردەشت هەڵکەوتووە، دانیشتووی ئەوناوچە لەناوچەکانی ترخوێندەوارترو زیرەک تربوون. کەچی تابلێیی ڕێکخراوێکی دەرهەم و بەرهەم و بێ سەرەو بەرەی هەبوو. کاک مستەفای شەمامی کە بەرپرسی ڕێکخراوی ڕەبەت بوو، لەباری ڕێکخەریەوە دەکرێ بلێم جگەلەوەی نەیکردبوولێیی نەدەزانی، ئەوکارەی کەدەبوایە بیکابۆی نەدەکرا. یان دەکرێ بلێیم بەڕاستی کاک مستەفای شەمامی لێزانینی سیاسی و ڕێکخەری تێدا نەبوو. یان بەقەولی کادرەکانی هارێیی "لەبناغەڕا مستەفا باوڕی بەکاری سیاسی وکوردایەتی نەبوو" زۆربوون کەسانی وەک کاک مستەفاکەکاتێک دەیانزانی بەو زوانە سەرکەوتن وەدەست نایە بچنەوە نێوشارەکان وەک خۆیان لێ بێتەوە، زووخۆیان دەکێشاوەو بێ بەڵگەو بەهانە بۆی دەر دەچوون و وەک کاک مستەفای شەمامی دەڕۆین.
بەداخەوە لەحیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، کەسانی خۆ بەزڵ زان ولەخۆبایی مان زۆربوون کەهیچیان لەدەست نەدەهات، بەڵام لە وانی زاناو ماندوو لەپێشترو خۆشەویست تربوون. کەسانێکی وەک سمایلی حاجی کەشتیان دەزانی ە کاریان لەدەست دەهات، بەداوە دەزوێکەوە بەندبوون کەدەر بکرێن و هەلپەسێردرێن.
کاتێک مەلاسمایل کرا بەبەرپرسی ڕێکخراوی ڕەبەت، شەوێکی جیبەکەیان بردبوو پڕیان کردبوو لە تی ئێن تی و شتی تەقینەوە بۆ ئەوەی لەکاتی هەڵکردندا بتەقێتەوەو مەلاسمایل بکوژرێ. دوای دوو ڕۆژان ماشێنەکەیان دیتبۆوە، مەلاسمایل شانسی خۆی ماشێنەکەی بۆ هەڵنابێ. دیاربوو بەناشیەتی کارەکەیان کردبوو نەتەقی بۆوە. دەمان زانی کێ وای لێکردوە، بەڵام بەڵگە نەبوو. کاتێک من ئەو هەواڵەم بەدەفتەر ڕاگەیاند، نەک هەر بەهێندیان نەگرت بە شتێکی گاڵتەشیان دەزانی. بەمەلاسمایلم گوت؛ ماشێنەکەت چاک بکەوەو، واز لەلێکۆڵینەوەو بێنەو بەرە بێنە.
دوای ماوەیەکی دیکە، شەوێکی بەپەلە نامەیەکیان بۆهێنام کەگۆیا ئەو شەو مەلاسمایل خۆی تەسلیمی ڕژیم دەکاتەوەو پێویستە هەرچی زووتر بچین بیگرین و . .
من نەک هەر بڕوام بەشتی ئاوام نەدەکرد، بەڵکو گاڵتەشم پێ دەهات. هەرچەندی دەورو بەری خۆم فشاریان بۆ هێنام و رژد بوون لەسەر ئەوەی بچین بەوشەوە بیگرین، ڕێگەم نەدان و بەرپرسایەتیەکەم وەستۆی خۆم گرت. دوایەش روون بۆوە کەنەخشەی کێ بوو کە ئەو برادەرەی دەیویست ئەوکارەم پێ بکا، پاشی ماوەیەک بۆخۆی بەجۆرێکی تر لەو تەڵەیەکەوت. کە لێرەدا نامەوێ نێوی بێنم.
لەکۆنفڕانسی بنەوخەڵەف کاک رەحیمی قادری ڕەگەڵ تیپێکی گوێ لەمست کەوتبوو

لەخۆڕا ڕەخنەی لەم و لەو دەگرت و یەکێک لەوانەی کەبەناحەق دەیویست بیکوتێ مەلاسمایل ی حاجی بوو. تیپێکی کە لەخۆی هالآندبوون، چونکە لەمەیداندا نەماون خۆیان تەسلیم کردۆتەوە ناویان ناهێنم. کاک ڕەحیم خراپ حاڵی کرابوو وای دەزانی دەکرێ ئەگەر بەناحەقیش بێ ڕەخنەبگرێ. تەنانەت لەرووی منیش ڕاوەستێ و نەیەڵێ وەڵامی ڕەخنەو پرسیاری نوێنەران بدەمەوە. ناوبراو قسەکردن و ڕەخنەگرتنی لە تەشکیلات پێ دروست بوو، بەلام وەڵام وەرگرتنەوەی لەمن کەبەرپرسی کۆمیتەی شارستان بووم پێ ڕاست نەبوو و ڕازی نەبوو وەڵام وەرگرێتەوە. دوای ئەوەی دوو سێ جار رووم لەنوێنەرەکان کرد کەرەحیم بێدەنگ کەن من وەڵامەکان بدەمەوە کۆتایی بێ. ڕەحیم دیاربوو قەوڵیان پێدابوو پشتی دەگیرێ و دەکرێ پێ بچەقێنی و بێدەنگ نەبێ. ناچار بەشێوەیەکی غەیرە دێموکڕاتیانە بێدەنگم کرد بۆ ئەوەی گوێ بگرێ و ڕێز بۆ کۆنفڕانسەکە دابنێ. بۆیە لەسەر ئەو باسە بێتامە زۆر ڕۆیشتم، چونکە یەکەم جار بوولەژیانی سیاسیم دا ئاوا تووڕەبم، یان ئاوا پەنا بۆ زەبروزەنگ بەرم. ئەوانەی کارم لەگەڵ کردون زۆر باش دەزانن کەمن لەکۆبوونەوەکاندا وەک مرۆیەکی سادەو ساکار دواوم و خۆم بەسەرکەس دا هەڵ نەکێشاوە. بەتایبەتی ڕەحیم قادری یەکێ لەو کەسانە بووجگە لەوەی کادری کۆمیتەی شارستان بوو بەدۆستی نیزیکی خۆم دەزانی. ئێستاش نەم زانی بۆخۆی تێکەڵاوی ئەودەستەبەندیەکردبوو؟ دەکرێ بەڕاشکاوی بلێیم؛ کاک ڕەحیم قادری کاری حیزبی بۆگرنگ بوو گوێ لەمستی کەس نەبوو. بۆچی و لەبەرچی گۆڕا، نەمزانی؟!.

دەستەبەندی کاک ڕەحیم قادری و پێشمەرگەلەخۆ هالآندنی کاک حەسەن بوو بەهۆی ئەوەی کەمەلاسمایلی حاجی دەنگ نەیەنێتەوە. دوای کۆنفرانس هەیئەتی ئیجڕایی وەک مشاوری کۆمیتەی شارستان، دەنگی دا بەمەلاسمایل بۆ ئەوەی بکرێ بەبەرپرسی ڕێکخراوێک لەناوچەی سەردەشت. دوای کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان، ڕاپۆرتی کۆنفڕانس و هەڵبژاردن و دابەشکردنی کار نوسراو بەرێکرا بۆ دەفتەری سیاسی. ئەوکات کاک سەعید بەدەل بەرپرسی تەشکیلاتی وەستۆ گرتبوو. کاتێ ڕاپۆرتی پێ دەگاو دەیخوێنێتەوە، بەدیتنی نێوی سمایلی حاجی، بروسکەی بۆلێداین و مشاوورەتی ناوبراوی ڕەدکردەبۆوە. زۆرم هەوڵدا بڕیاری هەیئەتی ئیجڕایی نەشکێ بێ سوود بوو. پێداگرتنی من لەسەر ئەو مەسەلەیە گەیشتە جێگایەک کەهێندێک لەگەڵ دوکتور سەعید نێوانمان سارد بێتەوە . بەشێک لەکادرەکانی کۆمیتە شارستان کەوتبوونە سەرکاری ڕێکخستن و هەنگاویان بۆ هەڵدێناوە. هێندێکیان هەرچەند ئەزمونیان نەبوو، بەڵام باش دەچونە پێش و لەحاڵی پشکوتن دابوون. ئەو کەسانەی حیسابی کادریان لەسەر دەکرا، بریتی بوون؛ لەسەید ئەحمەدحوسێنی، مەلاعەزیز

ئەحمەدی، رەحیم قادری، سەعیدی مەمەندی، مەلاخدری دۆڵەگەرمی، مەنسوری حەداد، رەحیم شیوەیی، میرزاخدر روستەمی، لەتیف نەخشبەندی، هومایون ئەردەڵان، ڕەحمانی محەممەدی، مەلاخالەق، حوسێن حەداد، محەمەد مرادڕەسوڵی، برایمی زێوەیی، فەقێ عەولاقەلەڕەشێ، سەیدحەسەن حوسێنی، عەلی عەزیزی. جگە لەوانەی نێوم هێنان کەسانی دیکەش وەک کادر زۆربوون، بەڵام هەر نێویان کادربوو دەنا ئەگەر هەڵومەرج ئاوا نەبایە، لێوە شاوەیی کادریان و کاری رێکخستن یان نەبوو.

## کارشکێنی !

هێندێک جار دەم دیت لەکارەکانم دا کارشکێنی دەکرێ و کارەکان ناچنە پێش. زۆرم هەوڵدا بزانم لەکوێ ڕایە. لەوکاتی دا دەبوایە بۆ چاک کردنی ددانەکانم سەفەرێکی دوو حەوتوویی بکەم. دەوازدە ڕۆژی بۆنەورۆز مابوو. بەیاننامەیەکم نوسی و لەگەڵ هەیئەتی ئیجڕایی دانیشتین و پەسند کرا. دامان بەسەید ئەحمەدی حوسێنی بەرپرسی ئینتشاڕات و تەبلیغات بۆئەوەی ئامادەی بکات و بڵاوبکرێتەوە.
من رۆیشتم و دوای نەورۆز کەهاتمەوە، بەیاننامەکە لەبناغەوە گۆڕابوو. هومایون ئەردەڵان شتێکی دیکەی نووسیبوو دابووی بە سەید ئەحمەدو چاپ و بڵاو کرابۆوە. کاتێ رەخنەم گرت، هومایون گوتی. ڕاستە ئەوی تۆ نووسیبوت پەسند کرابوو، بەڵام من پێم باش نەبوو. من زۆری لەسەر نەرۆیشتم بەکاک سەید ئەحمدم گوت:
- تۆ کەبەیانە پەسند کراوەکەت تایپ کردوە چەند نوسخەیەکی لێ چاپ بکە بابەدەستەوەبێت. چونکە دەمزانی ئەوەی کاک هومایون نوسیویەو بڵاوکراوەتەوە، لەگەل سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نایەتەوەو دەفتەری سیاسی بەو زوانە لەو بەیانامە دەکۆڵێتەوە.
چەندکادرێکیش مەرەخەسیان وەرگرتبوو لەقەڵادزێ دەخولانەوە. رەخنەم لەوەش گرت، بەلام کاک هومایون ئاماژەی بەوە کرد کەمەلاعەزیزی ئەحمەەدیش لەوێ یە. واتەتۆ ئیزنت داوە. کاتێک وەبیرم هێناوە کە ناوبراو ئیستعفای داوە پێکەنی و گوتی: من بەسەهوو چومە ئەوکارەم کردوە. شەهید هومایون لەبەرانبەر کارێکی هەڵەی کەدەیکرد، زوو پێی لەعەیبی خۆی دەناو پەشیمان دەبۆوە. پاش نیوە ڕۆ لەگەڵ برادەران دانیشتین و خەریکی کاروباری خۆمان بووین. هەواڵیان هێنا کە دووبرادەری کۆمیسیون تەشکیلات هاتوون و داوای هاتنە ژوور دەکەن. کۆبونەوەی خۆمان تەواو کردو بانگمان کردن. دوای خۆش و بێش بەیان نامەکەیان هێنادەرو کەوتنە پرسیارلەسەر ناوەرۆکی بەیانەکە. من هیچ شتێکم نەدەکوت تاکوو بزانم کاک هومایون چ وەڵامێک

دەداتەوە. مشت و مڕیان توند بوو، هومایون دەیگوت: من نوسیومەو بەدروستی دەزانم. ئەوانیش دەلیل و ئیستدلالیان بۆ دێناوە. دوایە لەمنیان پرسی؟ کەمن بۆچی هێشتوومە ئەو بەیانە دەرچێ و بڵاو بێتەوە؟ تۆ وەک ئەندامی کۆمیتە ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی شارستان پێتوایە سیاسەتی حیزب ئەوەیەو ئەوەی هومایون دەیڵێ ڕاستە؟ لەگەڵ زۆر پرسیاری تر.

منیش ناچار بەیاننامەنوسراوەکەی خۆم هێنادەرو پێم گوتن: ئێمە ئەوەمان نوسیبوو ئەومان پەسند کردبوو. من بە سەفەر چوبوم و کاک هومایون ئەوەی بە تەنیا نوسیوەو بەبێ بڕیاری کۆمیتەی شارستان بڵاوی کردۆتەوە. لەوەش پتر ئامادەنیم قسە لەسەر ئەو نوسراوەیە بکەم.

دوکتور سەعید کەبەیاننامەکەی دیتبوو دوکەسی بۆ لێکۆڵینەوە ناردبوو، لەلایەکی دیکەوە بیستبووی عەبدوڵڵا ئەحمەدی و مەلاعەزیزو محەمەدی قادری لەبەستئەستێنن، کەنەدەبوو لەوێ بن. چونکە بەپێی بڕیاری حیزب ئەندام و پێشمەرگەو کادری حیزب مافی هاتووچۆیان بۆ و دیو نەبوو. دوکتور سەعید بەتوورەیی نامەیەکی بۆ نوسیبوم لەگەڵ نامەیەکی تردا بەو برادەرانەیدا ناردبوو.

بەرێز کاک سەعید!

بەسلاوێکی گەرم. لەسەر هێندێک کاروباری تەشکیلاتی لەڕۆژەکانی داهاتوودا پێم وایە نامەی ڕەسمی تان بۆدەنوسین، بەڵام لێرە دەمویست برایانەو لەنێوان خۆماندا لەسەر چەند مەسەلەیەک دەردی دڵ بکەین:

بەپێی خەبەر کەهیوادارم ڕاست نەبێ، ژمارەیەک لەکادرەکانی ئێوە بەئیجازەی ئێوە هاتووچۆی ئەو دیو دەکەن بەبەهانەی جوراوجور! بۆنمونە کاک عەبدوللای ئەحمەدی کەچووە لەبەستەستێنێ سەری لەماڵی خۆیان داوە، چۆن چووە؟ ئەگەر بەئیجازەی ئێوە بووە، چۆنە؟ قەرارێکی ئاوامان هەبووە؟ ئەگەر بێ ئیجازەی ئێوە چوە، چۆن هەروا لێی قبووڵ دەکەن؟

٢- لەسەر هێندێک لەو کەسانەی بەئاشکرایی لەو دیو دانیشتون یان هات و چۆ دەکەن. لەبەر ئەوە کەزۆر بەرچاون و ئیدیعاشیان زۆرە، ئێمە ناتوانین چاو لەسەرچاو دانێین. بۆنموونە کاک مەلاعەزیزی ئەحمەدی! کەبەداخەوە پێشنیاری موشاوەرەتی کۆمیتەناوندیشی بۆدەکرا !! . ئێمە لەوتاریخەوە ناوبراو بەکادری حیزب ناناسین و، بەهیچ جورنابێ ئەگەر ڕۆژێک گەڕاوە کاری پێ بسپێرن. دەبێ بێتە لای ئێمە تابزانین حیزبایەتی چۆن حاڵی بوە؟!!

٣- شتێکی زۆر خصوصی و دۆستانەی دیک.. کاک مەلامحەمەدی خزری هاتبوە لەسەردەشت لەگەڵ تۆکار بکا.. پێم گوت سەردەشت کادری زۆرەو پێویستی نیە،

بچوە جێگایەکی دیکە. . .بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە ئەوە بەهانەبوو. پێم خۆش نیە دەوروبەرت لەوانەی لێ کۆبنەوە... هەر مەلاسمایل و ...... بەسە. بۆخۆشت هێندێک ئەوە لەبەرچاو بگری باشە. دیارە خۆ نەبلێیم لەسەر خۆت شکێکم هەیە. لەپاشانیش مەسئولیەتی ناوچەیەکی زۆرگرینگی وەک سەردەشت وپشتیوانی دائیمی لەلایەن ئێمەوە هەر هەیەو شانازی بەهاوکاری و تێکۆشانی تۆدەکەین. بەڵام بۆخۆت دەزانی قسەوباس هەیەو باشترە لەخۆ ڕا بەهانە بەکەس نەدەین ... شەڕی اعصابیش بۆخۆت سازنەکەی.

هەر خۆش بی برات : سەعیە بەدەل **٢٣؛١؛١٣٦٣**دوای ئەوەی نامەکەم خوێندەوە،زۆر نارەحەت بووم، چونکە بەداخەوە دوکتور سەعید مەبەستەکانی منی خراپ وەرگرتبوو. وەڵامی نامەکەم بەدورو درێژی بۆ نووسیەوە، بەڵام ئاماژەیەکی بچووکی پێدەکەم.

نووسیم: من بەتەواوی ئاگاداری بڕیاری پلنۆمم وئیجازم نەداوە بەکەس بچێتە ئەو دیو و تەنانەت لێرەش نەبوومە. نازانم بۆ بەقسەو قسەلۆکی ئەم و ئەو دەستت داوەتە پێنووس و لەخۆڕا تاوانبارم دەکەن؟! یەکەم مەلاعەزیز ئیستیفای داوەو لەحیزبدا نەماوە. ڕەنگبێ سبەینێ برادەرانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بگەنەوە لات و ئیسعفاکەش بێنن کەمانگێک لەمەوبەر نوسیویەو ڕۆیشتوە. ٢- عەبدوڵلای ئەحمەدی بەیانی دەنێردرێتە لای بەرێزتان بۆخۆت لێی بپرسە چۆن چوەو؟ کەنگێ چوە؟ کێ ئیجازەی داوە ٣- محەمەدی قادری بەرپرسی کۆڕی سەردەشت نامەی بۆ نوسراو سبەینێ پێی دەگاو کەلەکۆمیتەی شارستانی سەردەشت بەرپرسایەتی نەماوە. لەکۆتاییدا پێم خۆشە بزانم بۆچی لەخۆڕا لەکۆمیتەی شارستانت هەڵپێچاوە؟!

٢٨؛١؛١٣٦٢ برای بچوکتان سەعیدکوێستانی.

بەدوای وەڵامی نامەی دوکتور سەعید نامەیەکم بۆ دوکتور قاسملوو نوسی و گلەیم لێکرد، کە ئەرکی کۆمیسیۆنی تەشکیلات ڕێنوێنی کردنەو ئەگەر هەڵەیەک کرا یاریدەی کۆمیتەکانی خوارو بدات، نەک هەڵوەشاندنەوەی بڕیاراتی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت .

وابزانم دوکتور قاسملوومەسەلەکەی لەگەڵ دوکتور سەعید باس کردبوو. ناوبراویش ئەونامەی بۆنووسیم. براگیان کاک سعید !

کاک سەرهەنگ قادری نامەکەی تۆی هێنا. نامەکەی بۆ دوکتوریشت نوسیبوو خوێندمەوە. هیچ شک لەوەدا نیە کارو مەسئولیەتت زۆرەو ماندووی، بۆیە واتورە بووی بەبێ دەلیل! بەراستی بێ دەلیل.

جاکاکەگیان وەک دەبینی من هیچ دەلیلێک بۆ توڕەبونت نابینم. وادیارە ئەتۆ

زۆرکاردەکەی و ماندووی. ئەوانەی شێوەکاری تۆشیان پێ خۆش نیە، دێن درۆو دەلەسە دەکەن و قسەوباسی ناڕاست بڵاو دەکەنەوە. بەداخەوە لەوکارە دا وادیارە هێندێک سەرکەوتوون و توانیویانە ئەتۆنارەحەت بکەن.
لەحالێکدا دەمویست بەجیددی عەرزت بکەم و ئەگەر بەپێویستی دەزانی بابەمۆری رەسمیش بۆت بنوسم:
١- دەفتەری سیاسی بەتێکڕایی و کاک دوکتورو ئەمن بەتایبەتی، بەکاری تۆ شانازی دەکەین و بەتەواوی هێزو دەسەڵاتمانەوە پشتیوانیت لێدەکەین، لەوەباشتربەتەواوی دلنیابی. ئێمە بەتایبەتی ئەمن ئەگەر غەیری ئەوە بوایە بەڕاشکاوی دەمگوت. بەڵام ئێستا بەتەواوی بەهاوکاری جەنابت شانازی دەکەم و پشتیوانیت لێ دەکەم کە هێندێک لەو ... بێکارانەت وەدەرناوە یان وەلات ناون. کارێکی زۆرباشتکردوەو هەروا درێژە بدە بەکار. ئەوانەش دەست لەسەردەست دانانێن و تۆ کاری خۆت بکەو گوێیان مەدەیە.
٢- کۆمیسیۆنی تەشکیلات یانی ئەمن، منیش رووبینیم لەکەس نیە. غەیری من کەسی دیکە لەکۆمیسیۆنی تەشکیلاتدا بڕیارنادا. نەزەری خۆشم نیسبەت جەنابت لەسەرەوە عەرزکردی . جانازانم کۆمیسیونی تەشکیلات پیلانگیر دژی تۆ چی یە؟!
برات سعید بەدەل ١٣٦٢/٢/٢٧ ڕۆژی ١٣٦٢/٢/١٩هەواڵمان وەرگرت کە یەکێتی نیشتمانی لەبناری قەندیلی سەرووی ئاشقوڵکەو. . . بەسەر بنکەکانی حیزبی شیوعی داداوەوکادرو پێشمەرگێکی زۆریان لەخەباتگێڕانی ئەو حیزبە بەناحەق کوشتوون.
ڕۆژی ١٣٦٢/٢/٢٠ کاک سەید ئەحمەدی حوسێنی بەیانی زوو نامەیەکی بۆناردبووم کە ٢٦ پێشمەرگەی حیزبی شیوعی بەبەر پرسایەتی کوڕێک بەنێوی شێرزاد لەکۆمیتەی شارستانن دەیانەوێ بچنەوە سەرکردایەتی و ڕێگاش ئەمین نیە لەبەر ئەوشەڕوهەڵلایەی یەکێتی سازی کردوە. تکایە بلێ بزانین چیان لێ بکەین؟ چومەوە کۆمیتەی شارو مەلاحەسەنی شیوەسەڵی مان ئاگادارکردکە ئەبرادەرانە بۆسەر ڕێگای واوان دەرباز کات بۆئەوەی بەسەلامەتی بگەنەوە سەر کردایەتی خۆیان. وەزعەکە ئەوەندە ئاڵۆزو نائەمین بوو، مەلا حەسەن جگەلەو ڕێگایە ڕێگایەکی دیکەی پێ شک نەدەهات. بەهەرحاڵ رزگاریان بوو.
ڕۆژی ١٣٦٢/٢/٢٣هەتاوی نامەیەکی دوکتور سەعیدم وەرگرت، نوسرابوو:
برای بەرێزکاک سەعید!
بەسڵاوێکی گەرم. هەروەک ئاگاداری ئەوەلێرە لەلای مام جەلال و برادەرانی حیزبی شیوعین. مامۆستا کەریم ئەحمەدو مەلائەحمەدی بانی خێڵانی (ابوسرباز) .. ناوبژیەکەیان تائێستا باش چۆتەپێش و هەروەک ئاگاداری شەڕەکەیان لەنێوان خۆیاندا

وەستاندوەو بزانین دەگاتە سولّح و دۆستایەتیەکی درێژخایەن یان نا. بەڵکوو هاتنەدەری برادەرانی شیوعی لەجبهە لەگەڵ قیادەشی تێدابێ. . .
هەڵوێستی ئێمە دیارە بۆخۆت باشتر دەزانی، ئیحترامی زۆرو دۆستایەتیە لەگەل برادەرانی شیوعی، بەجۆرێک کەهەست بەوەبکەن: ئێمە دۆستی وانین و دەتوانن هەمیشەلەسەرمان حیساب بکەن. ...
بەم بۆنەوە قەرارە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی لەم دەوروبەرەبکەن. لای دەفتەری ئێمەیان پێ دوورە. پێشیان باش نیە بێنە لای یەکیەتی ڕاستەوخۆ. جابۆیە لای ئێوە گوندی بنەوخەڵەفیان بۆکۆبوونەوکەیان پێ باشە.
تکایە ئەگەر هاتن زۆر زۆر یارمەتی و ئیحترامیان بگرن وەک میوان و دۆستی بەرێز. بۆ کاک مەلاحەسەنیشم نووسی کە محافەزەتی باشیان لێ بکەن و بەکورتی هەرچی لەدەستتان دێ ڕێزوئیحترام و سازکردنی ئیمکانات بۆیان . ئەوە مەسەلەیەکی زۆرگرینگی سیاسیە....
ببورە ئەگەر خەتم هێندێک خراپە بەپەلەم نووسیوە. برادەرانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات هاتنەخزمەتتان تکایە ڕێنوێنیان بفەرموو... زۆر سوپاست دەکەم.
برات: سەعید بدەل ۱۳٦٢؍٢؍٢٣بۆ سبەینێ مامۆستا
کەریم ئەحمەدو ابوسەرباز گەیشتنە گوندی بنەوخەڵەف و دوای چاوپێکەوتنێکی کورت، بەرەو سەردەشت ڕۆیشتن. کاتێ مەسەلەی دانیشتن و کۆبوونەوەو ڕاسپاردەی دوکتور سەعیدو ئامادەگی هاوکاری خۆمانم بۆ باس کردن، سوپاسیان کردین وگوتیان بۆ وەختێکی دیکەی هەڵدەگرین. دیاربوو زۆر نارەحەت و بەپەرۆش بوون بۆو ڕووداوە ناخۆشەی بۆیان هاتبوە پێش کە ئەو زەرەرە گەورەیان لێکەوتبوو. دوای ڕۆیشتنی ئەوان دەفتەری سیاسیم لەنەزەری ئەوان ئاگادارکردەوەو نوسیم: بەبڕوای من لەحاڵی حازردا، ئامادەگیان نیەکۆبونەوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی بکەن. لەوشەڕەدا، بەداخەوە ڕادیوی یەکێتی نیشتمانی بەوکوشت وکوشتارە شانازی دەکردو خۆی پێ هەڵدەکێشا.
لەوکاتدا دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی هێزی ئاوارە لەسەرووی گوندی مەزرایە بنکەیان بۆکرابۆوەو بەیاریدەی هێزی موعینی یەوە هاتبوون. سەردەستەکەیان ڕادیۆیی یەکێتی دەکاتەوەوئێحساسات دەیگرێ، نامەیەکی پیرۆزباییان بۆدەنێرێ و ئەوانیش بەنێوی دەستەیەک لەهێزی موعینی نامەکە لەڕادیۆ دەیخوێنەوە.
ناردنی ئەو کارە قۆڕە ش بۆئێمە ببوە گیروگرفتێکی نوێ و دەبوایە وەڵام دەرەوە بین کەئێمە نەبووینەو، درۆیەو، ڕاست نیەو فلان و بێهمان.
بەهەر حاڵ دوایی دەفتەری سیاسی برادەرانی حیزبی شیوعیان ئاگادار کرد؛

کەمەسەلەکە لەلایەن حیزبەوە نەبوەو.....
دوای کۆنفرانسی بنەوخەلێف هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان گۆڕا. سەیدئەحمەدحوسێنی و مەنسورحەدادو میرزاخدر، واتە سێ ئەندامی نوێ هەیئەتی ئیجرایی کاروباری کۆمیتەی شارستانیان بەرێوە دەبرد، کە بریتی بوولە؛ بەشی ماڵی و کۆمەڵایەتی و ئینتشارات و تەبلیغات. مەلاحەسەن وەک فەرماندەی هێزو منیش بەشی تەشکیلاتی بەرێوە بردن و هەم ئاهەنگ کردن. لەماوێکی کورتدا لەگوندی بنەوخەڵەف دوجار کلاسی کادرمان بۆ هێندێک لاوی شۆرشگێرکردەوەو دەورەیەکی کورتی سەرەتاییمان پێ دیتن. بەحەق لەو دوو دەورەی کلاسی کادر دا سەید ئەحمەدی حوسێنی نەخشی سەرەکی هەبوو.
بەهاری ١٣٦٢هـ ١٩٨٣ز، هێرشی رژیم بۆسەر حیزبی تودە و چریکی ئەکسەریەت دەستی پێکرد. زۆر لەسەرانی حیزبی تودە گیران. واتە سەرئەنجام ئەورژیمەی کەزیدی ئێمپریالیست و پشتیوانی حیزبی تودەی پێشکەوتووخوازبوو! کۆنەپەرستی خۆی بەحیزبی توودە ئیسپات کردو دوای گرتن و تێک شکاند ناردنیە ڕەشەچاڵەکان ژێرئازارو ئەشکەنجەو تەنانەت ئێعدامیش.
رێبەرانی حیزبی تودە لەبەرانبەر ئازارو ئەشکەنجە خۆیان پێ ڕانەگیراو بۆ رزگاری خۆیان دەستیان کرد بەنەهێنی درکاندن و خۆبەدەستەوەدان. کەئەنجامی ئەوکارەیان بەهۆی ئێعدام کردن و لەناو چوونی کادرو ئەفسەرێکی زۆری شۆرشگێرو، رزگار بوونی کەسانی وەک کیانووری سەردەبیری حیزبی تودەی ئێران.
لەو سەرو بەندە دا کەرژیمی ئێران چریک و تودەیەکانی ڕاو دەناو دەیگرتن، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، وەک ئەرکێکی ئینسانی و سیاسەتێکی ڕاست و دروست، بڕیاری دا هەرکاتێ ئەندامی ئەو دوو رێکخراوانە بینە کوردستان پەنایان دەدرێ و رێزیان لێ دەگیرێ. تەنانەت بەڕادیۆ و بەیان و ڕۆژنامەش بڵاوکراوەو ڕاگەیاندرا. لەناوچەی سەردەشت١٧کەس لەئەندامانی حیزبی تودەو چریکی فیدایی ئەکسەریەت، خۆیان گەیاندە نێو شۆرش و بەرێزەوە پەنایان درا.
ئەو چەندکەسە ماوەیەک لەلامان مانەوەو، دوایی ویستیان بچنەلای برادەرانی حیزبی شیوعی. ئێمەش لەسەرداوای خۆیان یاریدەمان دان و ناردمانن بۆلای حیزبی شیوعی لە ناوچەی بادینان.
ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چ لەباری پرنسیبی ئەخلاقی و چ لەباری دەرکی دەوران و سەردەمی سیاسیەوە لەڕوانگەی خۆمەوە بەشتێکی باش و ئسوولێم دەزانی. بۆیە نامەیەکی تایبەتیم بۆ دوکتور قاسلوو نووسی و لەنامەکە دا ئاماژەم بەدوکتورقاسملوکردبوو لەباری لێ زانی و دەرکی هەلوومەرجی

ئەوکات. ئەویش لەوەڵامدا ئەو نامەی بۆ ناردم.
برای بەرێز کاک سەعید!
پاش سڵاوێکی گەرمی برایانە. نامەکەت گەیشت و زۆر سوپاس. دیارە لوتفێکی زۆرت نیسبەت بەمن نیشان دابوو کەدەگەڕێتەوە سەرحیزبەکەمان نەشەخسێکی تایبەتی. زۆرکەس ئێستا چارەنووسی حیزبی تودەی پێ خۆشە، من پێم ناخۆشە. بەڵام هەروەک لەاطلاعیەی دەفتەری سیاسی داهاتووە، سیاسەتی دوور لەئوسوول ئاکامی هەر ئەوەیە. مێژوونیشانی داوە هەرکەس ئوسووڵ فیدای سیاسەتی ڕۆژبکا، لەئاخرەکەیدا هەرتووشی زیان دەبێ. هیوام ئەوەیە حیزبی ئێمە هەر لەسەر سیاسەتی ئوسووڵی خۆی بڕوا.
زۆرم سڵاوهەیە بۆهەموو برادەران و داوام سەرکەوتنتانە.
برادەرانی دەفتەر گشتیان سڵاویان هەیە. برات ع قاسملوو.
١٧؛٢؛١٣٦٢هەتاوی ( ١٩٨٣زاینی )

## شەڕی کۆمەڵەو هێزی شەهید موعینی .

مەلاحەسەن شیوەسەڵی فەرماندەی هێزی شەهیدموعینی ئوتوماتیک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی بوو. فەقێ رەسوڵ وەک جێگری هێزکاری دەکردو کاروبارەکانی هێزی بەرێوە دەبردن. ساردی و سڕی نێوان پێشمەرگەی حیزب و کۆمەڵە، وەک شتێکی سروشتی لێهاتبوو. هەرکاتێ فەرماندە هێز، یان بەرپرسێکی پێشمەرگە کەمێک خۆی شل کردبا، هەڵلاو کێشەیان پێک دێنا. گەلێک جار سەردەستەو سەرپەل گلەییان هەبوو کەبۆ دەبێ کۆمەڵە گومرک وەرگرێ؟! وەڵامی ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بۆیان رون بوو کەدەیانگوت: مەسەلەی گومرگ و حاوانەوە لەگەڵ کۆمەڵە بەستراوەتەوە بەبڕیاری بەرێوەبەری حیزب بەتایبەتی دەفتەری سیاسی بەرپرسی ئەو ریزەکارانەیە. تکایە ئێوە کاروباری پێشمەرگایەتی خۆتان بکەن و فوو لەئاور مەکەن. ئەو وەڵامانە پێشمەرگەی بەو ئاکامە گەیاندبوو کەکۆمیتەی شارستان، نەپێی خۆشە نەبەباشی دەزانێ، نەدەتوانێ قەرار بدات شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە بکرێت.
دەرکەوت کەهاوینی ١٩٨٣ پلانی کێشەو تێک هەڵچونی پێشمەرگەی حیزب و پێشمەرگەی بنکەی کۆمەڵە لەگوندی بەردەسوور، لەبنکەی هێزڕا نەخشەی کێشراوە، کەچەند پێشمەرگەیەک لەگوندی دیوالان ڕا بچنەسەر بنکەی کۆمەڵەو چەکیان بکەن. دیاربوو بڕوایان وا بووە کە بەهاسانی چەک دەکرێن و بێ خوێن ڕشتن لەو ناوچەیان

دەردەکەن. بیریان لەوە نەکردبۆوە کەدەرگیری دودەستەی چەکداری دژ بەیەک هەر وا بەهاسانی ناکرێ ونابێ وکارێکی ساکار نیە.
بەداخەوە چوارپێنج کەس لەهەردوک لا لەسەرهیچ و خۆڕایی کوژران و بنەماڵەوکەس وکاریان داخدارو پەرۆش و ڕەشپۆش بوون.
ئێمەلەکۆمیتەی شارستان بێ خەبەر دانیشبووین و ئاگامان لەو کەین و بەینەنەبوو. هەوالیان هێنا هێزو کۆمەڵە پێکەوە دەرگیربوونەو شەهیدو بریندارێش لەهەردوک لایەن هەیە. هەواڵیان دا پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەیان بەبریندارێ گەیاندۆتە رێکخراوی مەزرایە. میرزاخدرکەبەرپرسی کۆمەڵایەتی بوو، بۆخۆشی کاری دەرمانی دەکرد، بەپەلە ماموریەتی درایە خۆی بگەیەنێتە ئەو پێشمەرگەیە، بۆئەوەی هەرچی زووتر بەرێ بکرێ بۆ قەڵادزێ و بەو برینە نەمرێ .
دوایی گوتیان شەش پێشمەرگەی کۆمەڵەیان گرتوون و لەبنکەی لک لەگوندی بوبانەڕاگیراون. لەگەڵ دووسێ برادەر، بۆئەوەی بەڵاو نارەحەتیان بەسەر نەیە، بەپەلەخۆم گەیاندنێ. کاتێک چووم لەخانوێکیان کردبوون و توزوخۆڵێکی زۆریان لێ نیشتبوو. ئێستاش نەم زانی لێیان داون یان نا. دەرگایان لەسەر داخستبوون و ئەوانیش زۆر بەکزی و بەنیگەرانی دانیشتبوون. چوومەژوورو لەنێویان دانیشتم و هەواڵم پرسین. دوای شیکردنەوەی هێندێک رووداوی تری حیزب و کۆمەڵەو هەروەها دژایەتی لەگەڵ یەکترونارەوا بوونی ئەوکارەساتانە، پەرۆشی خۆم دەربڕی. وەک بەرپرسی کۆمیتەشارستانی سەردەشت داوای لێ بوردنم لێکردن و گوتم: بەداخەوە نەمزانیوە پیش بەو روداوە دڵ تەزێنەبگرم نەیەڵم دوژمن پێمان خۆش بێ. دەکرێ بڵێم هێندێک هاتنەوە سەرحال و بۆیان رون بۆوە کە ناکوژرێن و ئازاد دەبن. هاتوچۆیان ئازادکراو دەرگایان لێ دانەخراوە. بەداخەوە نێوی پێشمەرگەکان نازانم لێرەدا نێویان بینم. من تائەوکات نەمدەزانی ئەوشەڕە چۆن بووەوچۆن پێک هاتووە. بۆسبەینێ کاک حەسەن شیوەسەڵی واتە فەرماندەی هێزی موعینی هات و پاکانەیەکی زۆری بۆخۆی کردو گوتی: ئاگاداری ئەو پێ هەڵپرژانە نەبووە.
دوای دوو سێ ڕۆژان سێ کەس بەنێوی هەیئەتی لێکۆڵینەوە هاتن.
مەلامحەمەدغەفوری لەلایەن کۆمەڵەوە، مەلاحەسەنی نەزهەت زادە، لەلایەن دەفتەری مامۆستاوەو حوسێنی مەدەنی لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە خۆیان پێناساندین کەیارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی بتوانن لێکۆڵینەوەی خۆیان لەچەند ڕۆژێکدا لەسەر ئەو رووداوە بکەن. کۆری لێکۆڵینەوە چاویان لەئێمە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بوو شتیان بۆ ڕوون بکەینەوە و پێ یان بڵێین چۆن بووەو کێ لەو نێوەدا دەست پێشخەر بووەو تاوان لەکاملایە؟

ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە لەسەرە تای هاتنی ئەو کۆڕەدا نەمان دەزانی دەست پێشخەر کێ بووەو ئەو تێک هەڵچوونەلەسەر چ بووە؟ دوای ئەوەی کەوتینە پرسیارو پێشمەرگەکانمان دواند هەمووشتێکیان بۆگێڕامەوە.
لەلایەکی دیکەشەوە نەدەکرا ئەوەی ڕاستە قینەیە لەگەڵ ئەو کۆڕەی بێنینە گۆڕێ.
ئێمە دەبوایە نەخشی ئاشت بوونەوەو ڕێک کەوتن بگێڕین و ئەوان ڕازی بکەین کەنەزانی و ئێحساسات پێشمەرگەکانی تووشی ئەو رووداوە دڵ تەزێنە کردوە.
من وەک کەسێکی کەهەست بەلێ پرسراوی بکات، بەدوورو درێژی لەگەڵ کاک حوسێنی مەدەنی نوێنەری حیزبدا قسەم کردو باسی روداوەکەم بۆگێڕاوە. هەروەها ڕاستی کارەساتم بەنامە بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و بەکاک حوسێنی مەدەنی دا بۆم ناردن و روونم کردنەوە کە ئەو نەخشەیە لەکوێ ڕا کێشاوەو تاوانی ئەو پلانە دەگەرێتەوە سەر کێ و کۆمەڵە دەست پێشخەر نەبووە.
نوێنەرانی کۆڕی لێکۆلینەوە، کاتێک لەو بارەوە هیچ شتێکیان بۆ روون نەبۆوەو ڕاستەقینەکانیان بۆ دەر نەکەوت، هەروا بەناروونی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت یان بەجێ هێشت و ڕۆیشتنەوە.

## بێ هێز بوونی هێزی شەهید موعینی!

هێزی شەهیدموعینی لەهەموو هێزەکانی دیکەی کوردستان، زیاتری قورسایی لەسەر بوو. ئەگەر ئەو هێزە بەشێوەی شۆڕایی بەرێوە چووبایەو بەرپرسی شۆڕا لەدەفتەری سیاسی ڕا دیاری کرابایە، دەتوانم بڵێم لەسەداسەد بەو زوانە تێک نەدەشکاو رژیم وابەهاسانی بەسەرناوچەدا زاڵ نەدەبوو.
کاک حەسەنی شیوەسەڵی مرۆڤێکی بەروان تەنک بوو. لەسەر هەر شتێک قسەت لەگەڵ کربا بەزاهیرەن رازی بوو."بەمستە ئاوێک ڕەمەمەلە دەکەوت"چوکترین وەشەی بەدڵی نەبایە دڵی دێشا. تائەوجێکایەی بۆم کرابا نەم دەهێشت دڵی بێشێ. دەمزانی لەهێزڕا کەسانێکی مەشکوک دنەی دەدەن نێوانمان ناخۆش بێ. بەئاشکرا دژی کادرو

کۆمیتەی شارستان پروپاگاندیان بڵاودەکردەوە. جاروبار مەلاحەسەن بۆخۆشی لەپتەی دەردەچوو باسی کادرەکانی دەکرد. دوای هێندێک وتو وێژ وازی دێناو خاو دەبۆوە. ڕۆژێکی لەچایخانەیەکی قاسمەرەش لام دا چایەک بخۆمەوە. لەوکاتەدا مەلاحەسەن لەگەڵ دەستێک پێشمەرگەهاتنە ژورو بەبێ پێشەکی دەستی کرد بەڕەخنەو گلەیی ناخۆش لەمن. منیش ئەوەندەم گوت؛ کاک حەسەن لێرەنا، دەچینە جێگایەک هەرچیەکت لەدڵی دایە بیلێ، بۆ لێرە؟ کوا ئەوەی دەیلێیی وایە؟
مەلاحەسەن تاماندوبوو قسەی خۆی کرد. دوایی کەزانی من ئامادەنیم وەڵامی بدەمەوە بێدەنگ بوو. دوایی هەستام و بەرەو گوندی مەزرایە رۆیشتم. ئەویش لەگەڵم هات وەرێکەوت. لەرێگاهیچمان قسەمان نەدەکردو بەبێ دەنگی دەرۆیشتین. هاتەپێش و دەستی هاویشتەسەر شانم و داوای لێ بوردنی کردو زۆر پەشیمان ببۆوە. دەرکەوت مەبەستی ئەوە بووە کەلەنێو خەلک من بشکێنێ و وا نیشان بدات کە"بامن بەرپرسی ناوچەی سەدەشتیش بم ئەو دەسەڵاتی لەمن پترە" مەلاحەسەن زۆر زوو زووئاڵووگۆڕی بەسەردا دەهات. کارەکەی وابوو دەبوایە سەروکاری لەگەل کادرە نیزامیەکان بێ. بەداخەوە لەنێو سەردەستەو سەرپەڵ و سەرلکەکانیشدا هێندێک کەسی وەک کوێخاسمایل و محەمەدی حاجی ڕەسوڵ و مەحمووده دۆڵ هەبوون شوێنی خراپیان لەسەر دادەنا. ئەوکەسانە هەمیشە هانیان دەدا ناکۆکی بکەوێتە نێوان کۆمیتەی شارستان و هێز. دوای هەوڵدانێکی زۆر، توانیم ڕیشەی هاندانەکە لەمحمد حاجی رەسوڵ و کوێخاسمایل دا ببینمەوە. باش بۆم روون بۆوە، کەمحەمەدوکوێخاسمایل لەگەل رژیم پەیوەندیان هەیەو مەحموریەتیان دراوەتێ ریزەکارێک بکەن و بەناکۆکی و ناتەبایی هێزی موعینی گەندەڵ بکەن. بەڵام هیچ بەڵگەیەکم بەدەستەوە نەبوو تامەلاحەسەنی پێ قانع کەم. دوسێ جارم لەگەڵ مەلاحەسەن باس کرد کەکوێخاسمایل ومحەمەدی حاجی ڕەسوول مەشکووکن. بەڵام ناوبراو بەڵگەی دەویست و منیش نەم بوو. من لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم کرد تاتوانیم بەوە بگەم ئەوانە مەشکوکن و بەپێچەوانەی سیاسەتی حیزب دەجووڵێنەوە. کاتێک دەمدیت هێندێک کەسی دڵسۆز لەلایەن سەردەستەو سەرلک دەگیران و ئازار دەدران بۆ ئەوەی دڵ ساردی پێک بێ و لە حیزب دورکەونەوە، بۆم دەردەکەوت دەستێک هەیە پاڵ بەوانەوە دەنێ ناکۆکی پێک بێ. هێندێک هەواڵی تریشم کەلەپێشمەرگەکانی هێز دەبیستەوە.
کاک مەلاحەسەن ئەو شتانەی لەسەر ئەو دووکەسەم دەگوتن، لێی وەرنەدەگرتم. ناچار ڕۆژێکی لەگەڵ دوکتور قاسملووم باس کردو کردەوەی ناوبراوانم لەناوچەو هێزو، هەروەها بڵاوکردنەوەی پروپاگاندی دژی کۆمیتە شارستان و لاوازبوونی عەمەلیات و

شتی تر دا بۆ باس کرد. دوکتورگوتی: مادام ئەو مەسەله لەگەڵ مەلاحەسەن حەل نابێ، لەبەشی قەزایی ڕا دوکەس دەنێرم بچنە ناوچەو هێندێک لێکۆلینەوە لەسەر ئەو دوکەسە بکەن. دووکەس هاتن. یەکیان ئەسعەدتاتایی بوو، وابزانم ئەوی تریش تەیموری مستەفایی بوو ناردیانن لە نیزیکەوە لەناوچەدا لێکۆلینەوەیان لەسەرکردن. لەگەڕانەوەدا شتێکی کەدەستیان کەوتبوو، بۆیان گێڕامەوە، بەڵام هیچ ئیجرائاتێک نەکرا چونکی مەلاحەسەن رازی نەبوو.

ڕۆژێک بەمەلاحەسەنم گوت: ئەوشەو کۆبونەوەیەک لەبەرپرسانی نیزامی پێک دێنین و بڕیار دەدەین دوسێ کەس لەسەرەک جاشەکان بگرین و بیان هێنینەدەر، یان پێشمەرگە بچێتەسەریان بیانکوژن. مەحموریەتەکەش دەدەین بە محەمەدحاجی رەسول و کوێخا سمایل. ئەگەر کردیان، ئەوە هەرچی تۆ لەبارەی ئەواندا دەیلێی راستەو من هەڵەم. چونکەمن پێم وایە هەرئەوشەوئەوانەی بڕیاریان لەسەر دەدرێ، پێیان ڕادەگەیەنن و هەڵدێن و دەڕۆن بۆشار. وەک باسم کرد شەوێ لەگەڵ بەرپرسانی هێز دانیشتین و بریاری باسکراومان دا. بۆبەرێوە بردنی ئەوکارو بڕیارەش محەمەدی حاجی ڕەسول و کوێخاسمایل دیاری کران . بۆسبەینێ پاش نیوەرۆ هەواڵ مان بۆ هات حەماغای ملکاری و ... هەلاتون و ماڵەکانیان بردۆتە سەردەشت. دوای ئەو تاقیکاریەش مەلاحەسەن ئەو دوکەسەی لەهێز دەرنەکردن ودەستی تێ نەدان و هەرجێگایەکی بۆخۆیان پێ یان خۆش بایە بنکەیان لێ دەکردەوەو هەمووکۆنترۆڵیک بەدەستی خۆیان بوو. منیش کەلەکونگرەی شەش نیزیک دەبوومەوە، بڕیاری خۆم داو تەمای خۆم گرت. ئەوە بووکەلەکۆنگرەی شەش من خۆم نەپالاوت وکۆمیتەشارستانی سەردەشتم بەجێ هێشتوو رۆیشتم.

دوای کۆنگرەش کەببوم بەنوێنەری حیزب لەقەلادزێ، مەلاحەسەن هاتەلام و گوتی: داوام لە دوکتور قاسملو کردوە تۆ بگەرێیەوە ببیەوە بەرپرسی کۆمیتە شارستان. دوکتور گوتویەتی؛ ئەگەر تۆ بتوانی سەعید ڕازی بکەی، ئێمە دەیکەین بەمشاوری کۆمیتە ناوەندی. بەزەردە خەنەوە گوتی: پێم خۆشە تۆ بگەڕێیەوە، هەرچۆنێ بێ پێکەوە ڕاهاتووین کار دەکەین.

وەک باسم کرد من بڕیاری خۆم دابووکاریشم لەحیزب وەرگرتبوو. سوپاسم کرد.

ئەو بەشە، بەجێ دێڵم چونکەلەباسەکەم لاداوە. دوایی دێمەوە سەر باس و خواسی شتێکی کە دەبێ پتری لەسەر برۆم.

پێم وایە هەشت نۆدە مانگ دوای من، مەلاحەسەن بەڵگەی هاوکاری لەمحەمەدی حاجی ڕەسوڵ وەدەست خستبووکەپەیوەندی لەگەڵ رژیم هەیە. دیاربوو پێکەوە کەوتبوونە کێشەو هەڵلا، بەلام ئەوەی راستی بێ زۆر درەنگ ببوو هێزی موعینی

نەک ئەو هێزەی پێشوو نەمابوو، بڕواو ئیمان و یەکێتی پێشووشی لەدەست دا بوو. بە زاهیرە وەک هێز دەچوو، بەڵام ناتەبایی و بێ بڕوایی بەیەکترو هەروەها بێ ئیمانی، هێزی موعینی شپرزە کردبوو.
لەسەر ئەوبڕوایەم کە پڕووپاگاندی خۆیی لەهێزدا، تۆوی بێ ئیمانی ڕشت بوو و بێ ئیمانیش بێ کۆنترۆلی لەهێزدا پێک هێنا، کەدوژمن توانی بەنێو هێزدا بەهۆی خزم و ناسراوی خۆیی «بۆم» بۆکاک حەسەنی شیوەسەڵی بنێرن لەدەستی دا بتەقێتەوەو تووشی ئەوکارەساتە دڵتەزێنەبێ و کەس وکارو دۆست و هەڤالەکانی غەمبار بکا!.
هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، کارو بارو کەندو کۆسپی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت پتر لەکۆمیتەشارستانەکانی تربوو. هۆیەکەشی روون بوو. یەکەم سەر ڕێگای نیوەی کۆمیتەشارستانەکانی تربوو. کەهەرکەس بەوێ دا هاتبایە قسەلۆکێکی بۆ دەفتەری سیاسی دەبردەوە بۆ ئەوەی خۆی پێ شیرن بکا. نموونێکی بچووک:
کاتێک دەفتەری کۆمیتەی شارستانی سەردەشت لەبنەوخەڵەف بوو، ئەوەی دەیویست بچێتە دەفتەری سیاسی بەوێدا دەهات نان و چایەکی دەخواردو دەرۆیی. کاک کەمالی ڕەحیمی خەڵکی ناوچەی بۆکان نیوەرۆیەک لەگەڵ برادەرەکانی نانیان خواردو ڕۆیشتن. لەلای دوکتور سەعید گوتبووی، کۆمیتەی شارستانی سەردەشت کتێبی چاکی هەیە. بۆموتاڵاکردنی کتێبی باش دەبێ پیاو بچێتەکۆمیتەشارستانی سەردەشت.
دەیزانی دوکتور سەعید بەبیستنی جۆرە کتێبێک حەساسەو نارەحەت دەبێ.
دوکتور لێی دەپرسێ چ کتێبێک؟ ناوبراو بۆخۆ شیرن کردن لە وەڵامدا دەڵێ:
- وەڵلازۆر کتێبی باش باش، تەنانەت دووسێ کتێبی تاریخی و مانیفێستی حیزبی کۆمونیستی سۆفیەیەت لەوێ لە گۆڕێ بوون کە میوان بیخوێننەوە!!
کاتێک دوکتور سەعید ئەوەی بۆگێڕامەوە، پێکەنیم و تەنیا ئەوەندەم پێگوت:
- پێم خۆشبوو ئەوکتێبانەم هەبایە، بەڵام نەکۆمیتەی شارستان نەبۆخۆم نیمانن.
دوهەم، بریندارو هێنان و بردن و کەڵ و پەڵ بردنی کۆمیتە شارستانەکان بەسەر زگی ئێمەدا ئەرکێکی تری دەخستە سەرشانمان و دەبوایە بەشی کۆمەڵایەتی کۆمیتە شارستان بۆ پەیداکردنی یەک سم و بارەبەر یاریدەی دابان و هێزیش بەنۆبەی خۆی دەبوایە پەلێکی پێشمەرگە لەکارو بارکردبان و بەشەولەپایەگاو جادەی رەتکردبان .

## هێرش بۆگرتنەوەی ڕێگای سەردەشت و پیرانشار(خانێ)

.............................................................

ڕژیم تەمای گرتبوو بۆگرتنەوەی ڕێگای پیرانشارو سەدەشت، لەهاوین ١٩٨٢ دەست بەکاربێ و نەیەڵێت بکەوێتە سەرماو سۆڵی زستانێ.
لەرادیۆ کوردستان هەوال مان وەرگرت کە ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ پاسدارو بەسیجی و بارزانی، لەپیرانشار ڕا هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی گولاوێ، زێدان، کۆنەلاجان، جەڕان و قەڵاتی موتاوێ و . . .
لەو شەڕە نابەرابەریەداچەندپێشمەرگەیەکیحیزبی دێموکراتی
کورد ستانی ئێران شەهید بوون و جاش و پاسدارێکی زۆریش کوژران. زۆری نەخایاند بەدوای ئەو هێرشەدا، هێرشێکی بەرین تری ڕژیم بەپشتیوانی تۆپخانەو کاتیۆشا ، بۆ گرتنەوەی رێگای پیرانشارو سەردەشت دەستی پێکرد.ەوە .
لەمەڕ گرتنەوەی ئەو ڕێگایە هەواڵێکی زۆر لەم لاولا وەرگیرابوو. بۆیە دەفتەری سیاسی، بەتایبەتی شخصی دوکتور قاسملوو،لەهەوڵ و تەقەڵلایەکی زۆر دابوو کە بەهەرشێوەیەک بێ نەهێڵن کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێگایە بگرێتەوە.
پایزی ١٩٨١ ز، نەخشەیەکی نەهێنی ستادی هابەشی کۆماری ئیسلامی دەست کەوتبوو. لەیەکێک لەخاڵەکانی ئەو نەخشەیەدا نوسرابوو.
( دەبێ کارێکی وابکرێ، بۆشەڕی شاخاوی، لەئەزموونی کوردە پەنابەرەکانی عێراقی کەڵک وەرگیرێ # ١) هەروەها لەو نەخشەیەدا نوسرابوو ( لێواری سنوور، بەکوردەکانی پەنابەری عیراقی دانیشتووی ئێران بسپێردرێ )# ٢

بەبیستنی ئەو هەواڵە بەڵگەدارە ناخوشانەی کە بەرێوەبەری پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق پێکی هێنابوو، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانی خستە هەوڵو کۆششەوە بۆ دیتنەوەیەرێگا حەللێک بۆخۆ دوور خستنەوە لەشەڕی براکوژی.
(کەریمی حیسامی :لەبیرەوەریەکانم بەرگی حەوتم، لاپەرەی ٢٩٢ و ٢٩٣ )

حیزب لەسەرئەبیروبۆچوونە کەوتە هەوڵ و تەقەللاو بەهۆی شەخسیەت و کۆڕو کۆمەڵەسیاسیەکان ئەوەی لەدەستی هات کردی . ئەوەندەی ئاگادارم حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لەهەموو پلنۆم وکۆنگرەکانیدا پێی لەسەرئەوە داگرتووە کەرێبەرایەتی هەوڵ بدات بۆیەکێتی و برایەتی لەنێوان هێزو حیزب و کۆروکۆمەڵە سیاسیەکانی دەرەوەو ژوورەوە دا نیزیکی بکاو خۆی لەشەڕی ساردو دژایەتی بپارێزێ.

ئەو سیاسەت و هەوڵ و تەقەللایەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکوڕات کوردستان ، تاڕادەیەکی زۆر لەنیزیک بوونەوەی هێندێک حیزب و ڕێکخراوی ڕەسەن سەرکەوتنی وەدەست هێناوە. بەڵام دەبێ بڵێین: بەداخێکی گرانەوە وێڕای هەوڵ و کۆششێکی زۆر بۆنیزیکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاتی پارتی ( قیادەموقت ) واتە حیل و عەشیرەتی بارزانی هەوڵێکی زۆر دراوە ، بەڵام ئاکامی نەبووهیچ شێوەڕاسپاردەوئامۆژگاریەک نەک هەرکاریگەرنەبوو، بەڵکو پێچەوانە بۆوەو نەهاتنە ڕەدایە، بە پەرە پێدانی دژایەتیەکی ئەوپەری دوژمنانە لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ، قورس ترین زەربەیان لەشۆرشی کوردستانی ڕۆژهەڵات داو خەڵکێکی زۆری بێ تاوان لەونێوەدا لەهەردووکلا کوژران.

بەحەق کاک فاتح ڕەسوڵ، نوسەری کتێبی(مێژوی خەباتی گەلی کورد) لەهەرسێک بەرگی کتێبەکانیدا وەک نوسەرێکی ئاگادار بەلەدەست دابوونی بەڵگە ئاماژەی بە هێندێک لەو دژایەتی ڕێبەرایەتی پارتی دەرحەق بەشۆرشی کوردستانی ڕۆژ هەڵات باس کردوە. من لەبەر ئەوەی ئەندامی حیزبی دێموکڕات بوومەو تێکۆشانم لەو حیزبەدا بووە، نامەوێ وەک لایەنێکی ئەسلی بێمە سەر کردەوەو کوشت و کوشتاری قیادە مووەقەت کەلەگوندەکانی، کەرێزە، قەڵاتان و ئاڵیاوێ سندوس، بایزاوێ، شاری شنۆ و گوندەکانی دەوروبەر کەلەگەڵ گەلی کوردی کردویانە، یەک یەک بیان نوسم و لەکتێبێکی ژیاننامەدا باسیان بکەم . هەرچەند بەڵگەو دوکومێنتم لەوبارەوە زۆرن، بەڵام باسیان ناکەم. تەنیا بەو نوسراوەو بەڵگانەی کەلەجلدی سێهەمی مێژووی خەباتی گەلی کورد دا بەقەڵەمی کاک فاتح ڕەسوڵ نوسراون ئاماژە بەچەند کردەوەیەکیان دەکەم. چونکە ناوبراو هەم بێ لایەنانەی نوسیوە، هەم وەک ئەندامێکی پایەبەرزی سەروی حیزبی کۆمونیستی عێراق ئاگاداری لەسەر چۆنیەتی پارتی و بارزانی بووەو پێکەوە وێگرا لەجبهەیەک دابوون و هاتووچۆ و ئامووشۆی نەپساوەی سیاسیان پێکەوە بووە . نابراو دەنووسێ:

– بەدوای سەرکەوتنی شۆرش لەئێران ، لەماوەیەکی کورتدا حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کەوتە سەر شنگ و هێزی کارو ئەرک و رئکخراوەکانی خۆی ڕێک خستەوە. زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدەوربەری کۆبوونەوە. بووبەهێزێکی جەماوەری کەم وێنە لەسەراسەری ئێران . یەکسەر رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەر رژێمی دەسەڵاتداری شۆڤێنیست، کەوتە دژایەتی کردنی ڕاپەرینە پیرۆزەکەی نەتەوەی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات. بەهیچ شێوەیەک نیشانیان نەدا بەرێگای گفتوگۆ کردنی ئاشتیانەلەگەڵ حیزبی دێموکڕات بگەنەئاکامێکی پڕسوودو دان بەهێندێ مافە رەواکانی نەتەوەی کورد بێنن. بەسەر

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی چەپی کوردستانیاندا سەپاند بەرگری لەبوون و مانی خۆیان بکەن. چاریان نەما، پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی. لەهەمان کاتیشدا، سەرکردایەتی پارتی زۆربەی هێزو لایەنگرەکانیان لەخاکی ئێران دەژیان. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەروەک ڕژێمەکەی حەمەڕەزاشای پێشووکەوتە سەر پەرست کردن و ئامۆژگاری کردنیان. زوو بەسەر پارتیاندا سەپاند کەدەبێ گوێ گرو ئامادە بن بۆ جێ بەجێ کردنی هەموو ئەو فەرمان و بڕیارانەی لێیان داوا دەکرێت. شاردراوەش نیەو لای زۆربەی هێزەکانی نیشتمانی و دێموکڕاتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست رون وئاشکرایەکە( پ دک) هێزەچەکدارەکەی ماوەی چەندساڵێک وابەستەو گوێ لەمستی ئەرتەش و پاسداران بوون. تووشی گەلێک هەڵوێست و کردەوەی چەوت و نارەوا هاتن دژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران. ڕێبازو کارو کردوەکانی ئەوکاتیان و هەڵوێستیان و ئازاری زۆریان بەسەرجەمی جوڵانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد گەیاند. هەرکە خەباتی چەکداری و شەڕی پارتیزانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێکرد، حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کەوتە تەقەڵلادانی زۆر، بۆ وەی چەکدارەکانی پارتی لە تەک ئەرتەش و پاسداران دوور بخرێنەوە. دەست نەخەنە ناوکاروباری کوردستانی ئێران و چەکدارەکانیان بۆ دیوی کوردستانی باشوربگەرێننەوە.

یەکێتی نیشتمانی هەرلەسەرەتاوە لەم داواو هەڵوێستە بەتوندی پشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دەگرت. بەڵام بە پێچەوانە سەرکردایەتی پارتی بە سووربونێکی توند، داکۆکی لەڕەفتارو کردەوەکانی خۆی دەکرد!! *

دیسان کاک فاتح ڕەسوڵ دەنووسێ:

زۆر جاران حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی شخصی دوکتور قاسملوو، بەهۆی یەکێتی نیشتمانی و دۆستایەتی شخصی مام جەلال فشاریان داویشتە سەر حیزبی شیوعی، کەئامۆژگاری ( قیادە موقت ) بکەن، بۆئەوەی لەدەست درێژی و وەپێش کەوتنی پاسداران واز بێنن *

بەداخ و ئۆفەوە لەوکاتانەی ئەرتەش و پاسدار هێرش و پەلاماریان دەهانیە سەر ئەوشوێن و ناوچانەی کەلەژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابوون ، چەکدارەکانی پارتی لەچەند لای ناوچە پشتی هێرشی بەرەکانی ڕژێمی ئێرانی دەگرت و دژی حیزب دەجەنگین. *

گەلێک جار دوکتور قاسملووهەوڵی دەدا کەبارزانیەکان لەهەوڵ و تێکۆشان و چەکداری رژێمی کۆماری ئیسلامی دورخاتەوە بە هۆی حیزبی شیوعی و (بەرەی جود) بەردەوام حیزبی شیوعی لەهەولدان دابوو کەبەڵکوو بتوانێ پارتی ڕازی بکات

بچێتەوە دیوی کوردستانی باشورو لەگەڵ رژێمی عیراق شەڕو ململانە بکەن و واز لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و شۆرشی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێنن *
هەروەک دەبینین بۆ پێشگیری لەشەڕی براکوژی و خۆ دوور خستنەوە لەنیزیکی و چەک هەڵگرتن بۆ دووژمنی کورد هەوڵێکی زۆر دراوە، بەڵام بەداخەوە نەک هەر گوێ یان نەداوەتێ، بەڵکوو لەزۆربەی ئەو هێرشانەی کەدوژمن بۆ سەر پێشمەرگەکانی کردوە، بە پێی نوسینی کاک فاتح ڕەسووڵ، بارزانیەکان وەپێش پاسدارو ئەرتەشی ئێران کەوتوون و لە ڕێنوێنی ئەواندا نەخشی سەرەکیان هەبووە.
جارێکی دیکەش کاک فاتح ڕەسووڵ لەلاپەرەی ٣٥٥ و ٣٥٦ دا دەنوسێ:
دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران ، شوباتی ١٩٧٩ سەرکردایەتی کاتی پارتی ( قیادەموقت ) کەوتە هاوکاری کۆماری ئیسلامی ئێران و ژومارەیەک چەکداری خستە ژێر فەرماندەو ئامۆژگاری ئەرتەش و پاسداران. بەپلان و هاندانی کۆماری ئیسلامی ئێران پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق کەوتەشەڕکردن و ململانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کێشەکە درێژەی پێدرا ژمارەیەک شەهید لەهەردوک لا کەوتنە گۆڕێ. کردەوەکانی ئەوکاتی پارتی ڕەنگدانەوەی خراپی دروست کرد. ناکۆکی و دوبەرەکی و دڕدۆنگی سەرجەمی هێزەکانی کوردستانی ئاڵۆزترو ناجورتر کرد. بە بەردەوامی داوای سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارتی ئەوەبوو، کە چەکدارەکانی لەتەک ئەرتەش و پاسداران دوور بخاتەوەو دژایەتی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران نەکەن، ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران بە هەموو توانایەوە دوستایەتی و هاوکاری پارتی دێموکراتی کوردستان دەکات.
کاک فاتح ڕەسووڵ درێژە بەنووسین دەداو دەنووسێ:
یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەتەواوی لەسەر ئەم هەڵوێستەدا لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستاندابوو. هەمیشە ئامادەیی دەردەبری، ئەگەر پارتی دوژمنایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەڕی کوردی کوردستانی ئێران نەکات، بەتەواوی لەگەل پارتی ڕێک دەکەوێتەوەو ئاشبوونەوەو برایەتی لە نێوانیاندا بەرێک و پێکی بنیات دەندرێ. بەلام سەرکردایەتی پارتی بایخێکی ئەوتۆی بەڕاو داواو پێشنیارە کان نەدەدا. بەسوور بوون لەسەر رێبازو نەخشە و پلانە تایبەتیەکانی خۆیان بەردەوام بوون. *
کاتێک خوێنەر مێژووی خەباتی گەلی کورد بەقەڵەمی کاک فاتح رەسول دەخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە حیزبە کورد ستان یەکان و هەروەها حیزبی شیوعی عێراق چەندە بە مەسەلەی چەکداربوونی پارتییەوە ماندو بوونەو چەندیان

هەوڵداوە لو ڕێگا خوارو خێچە هەلاتەیان رزگار کەن . بەلام ئەوان گوێیان نەداونەتێ و لە دژی شۆرشی کوردستانی ئێران درێژەیان بەکردەوەی خۆیان داوە .
کاک فاتح دەنووسێ : دەربارەی هێندێک کردەوەی پارتی لە ناو خاکی کوردستانی ئێران ئاماژە دەکاو دەلێ ؛ حیزبی شیوعی عێراق بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کردەوەکانیاندا نییەو بەردەوامیش رەخنەی لێگرتوون و داوای لێکردون لەو تێکهەلکێشان و تێکهالانەی ئەرتەش و پاسداررزگاربن و چەکدارو کادرە لێهاتووەکانیان بۆدیوی کوردستانی باشوور بگێرنەوە .
دیسان کاک فاتح رەسوڵ لە لاپەرەکانی ١٥٦ و ١٥٧ دا دەنووسێ م س و هاورێ کەریم ئەحمەد لە نامەیەکدا داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی دەکات : بە پشووی درێژو دوربینی تەواو رەفتار لەگەڵ کردەوەکانی پارتی بکرێت . حیزبی شیوعیش بەردەوام لە تەقەللادا دەبێ بەو مەبەستە و نیازەی کەپارتی لەم لێراو زەلکاوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تێیکەوتووە دووری بخاتەوە . کاک فاتح ، دەنووسێ : لە کۆبوونەوەی لیژنەی بالای بەرەی نیشتمانی دێموکراتی (جود ) رێکەوتی رۆژی
١١/٢٥ ١٩٨٢ لە گوندی گرتک و رووستان، نوێنەرەکانی حشم ، حسک ، پاسۆک ، رەخنەو نارەزایی خۆیان ئاراستەی پارتی کرد بە هۆی بەردەوام بوونیان لە هاوکاری و پشتگرتنی ئەرتەش و پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لەو هێرش و پەلاماردانەیان کە بەم دواییانە هانیبویانە سەر ناوچەکانی خانە پیرانشارو، میراوە، ئالوەتان ، دۆڵەتوو ، سەردەشت ، بێوران ، قەلەرەشێ و .....
هەر لە بەرگی سێهەمدا لە شوێنێکی تردا دەنووسێ :
سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکجار پەرۆشی خۆیان لەسەر شەرەکەی گوندی کۆنەلاجان نیشاندابوو .
بەراشکاوی گوتیان : تاوانە چەکدارەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەتەک ئەرتەش و پاسدارانی ئیرانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی ئێران شەهید بکەن . پێویستە گشت هێزەکانی پێشکەوتووی کوردستان بانگ بکرێن و رۆڵی خۆیان ببینن و دەنگی راستەقینەو بێزاری دژ بەم کردەوانە بەرزکەنەوە و هەڵوێستیان هەبێت ... هتد
خوێنەرانی هێژا کاتێک مێژووی کاک فاتح رەسوڵ دەخوێننەوە رووداوەکانی کوردستان بەگشتی و کوردستانی باشوورو رۆژهەلات بە تایبەتی ، مرۆڤ لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەبێ یەکسەر رایدەکێشێ و دەیباتە کوردستانە خوێناویەکەمان و کردەوەکانمان بە چاک وخراپ وەبیر دێنێتەوە .
بەو هیوایە ئێمەش هێندێک بیر لە وەزعی خۆمان بکەینەوە وەک دەروێش وەدوای

هەر کردەوەیەک و بۆچوون و رایەک نەکەوین کە لەسەرومان دیاری دەکرێ . ئێمەش با تیتۆڵێک لە میللەتی ولاتانی پێشکەوتوو دادرین و ئاورێک لە نیشتمانی خۆشەویستمان بدەینەوەو شێواوی و شپرزەیی و چارەرەشی نەتەوە ژێردەستەکەو کوردستانە داگیرکراوەکەمان لەبەرچاو بگرین و بزانین بۆ وای بەسەر هاتووە؟
با دڵسوزانە هەوڵ بدەین و یاریدەدەری یەکتربین و هەڵەکان دەست نیشان بکەین بۆئەوەی شتە ناشیرنەکان دوپات نە کرێنەوە . ئێمەش لەدەرەوە لە نێو ولاتانی بێگانە و هەڵس و کەوتی جیهانی یەکێتی خۆمان بپارێزین .
کاک فاتح لە بەرگی ١و٢و٣ زۆرشتی وردو بە پێزو مێژوویی لە کتێبی خەباتی مێژوی گەلی کورد دا نووسیوە ، دیاری لە کتێبیکی سەر بەردەی سیاسیدا هەر ئەوەندە دەنووسرێ کە بە بەڵگەوە نووسیویە .

.........................................................................

بەرگی سیهەم ساڵی ١٩٩٤ چاپی سوئێد لاپەرەکانی : ٢١تا٣١
١٠١ - ١٥٢ - ١٥٦ تا ١٥٧ - ١٧٤ - ٢٠٠ - ٣٥٥ تا ٣٥٦ ، دا ئەو شتانە نووسراون کە من لە سەروودا ئاماژەم پێکردون .

.........................................................................

نەخشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان !

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا بیۆ نیزیک بوونەوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراقی . کارێکی زۆری کرد بۆراکێشانی سەرنجی بەرێوەبەرانیان کە بەڵکو بتوانن پارتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیزیک بکەنەوە .

دەفتەری سیاسی حیزب بۆ ئەهوەنکردنەوەی دژایەتی کردنی پارتی لەگەڵ شۆرش و حیزبی دێموکرات هەوڵێکی زۆری بێ وێنەی دا . له لایەکی دیکەشەوه حیزبی شیوعی عێراق یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گەوره پیاوان و شەخسیەتی سیاسی لەو بارەوە هەوڵوتەقەللاو واسیتەگەری تەواویان کردووه ، بەلام بەداخەوه هەموو هەوڵ و زەحمەتەکان بێ سودو بەخۆرایی چوون . بەرێوەبەرانی پارتی له تەما و بریاری خۆیان نەهاتنه خوارو دژی شۆرشی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران درێژەیان بە کردەوەو هاوکاری خۆیانداو رۆژ لەگەڵ رۆژ لەکۆماری ئیسلامی ئێران نیزیکتر بوونەوەو پلانه و بەرنامەکانیان بۆگرتنەوەی ناوچەکان پتر و بەرینتر بردە پێش . حیزبی شیوعی عێراق هەرچەند له هێرشی گرتنەوەی رێگای خانه سەردەشت یاریدەی حیزبیان نەدا، چونکه کۆماری ئیسلامی ئێران له روانگەی چەپەوه به سیستمێکی دژی ئیمپریالیسیتی چاوی لێدەکرا ، بەلام وەک د ۆستێکی کۆنی حیزب ماوه . کۆماری ئیسلامی با دەستیشی به خوێنی لاوانی ئێرانی سووربێ ، له روانگەی چەپەوه پێیان دژی ئیمپریالیسته !!

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بریاری دا بۆیاریده دانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی پەلاماری کۆماری ئیسلامی له ناوچەی پیرانشار و سەردەشت هێزەکانی خۆی بێنێته مەیدان و بەرەنگاری هێرش و پەلاماری دوژمن رابوەستێ .

ئەوه بوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک هێزێکی خۆبی هێزەکانی خۆی دەنگدا وەک هێزێکی قوەس و قایم له بەرانبەر دوژمن چەقی و چەندین پێشمەرگەی قارەمان بریندارو شەهید بوون . حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نێوی هێزی پشتیوان ی به یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەخشی .

بۆ هەوەڵین جاره له مێژووی نەتەوەی کورد دا ، هێزێکی کوردستانی بەکردەوه به تێکۆشان و قوربانیدان به هانای هێزێکی ترو شۆرشی پارچەیەکی ترەوه بێت و له دژی دوژمنی داگیرکەر راوەستێ . دەکرێ بلێین یەکێتی نیشتمانی کوردستان نێوی" هێزی پشتیوان ی " له مێژووی کوردستاندا بۆ خۆی به سەبت گەیاند . ئەو یاریدەدانەی یەکێتی له سنەو ناوچەکانی تریش بەرچاوەو جێ پەنجەیان دیاره .

ئەندامانی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت به هەمووکادره کانیەوه ، له کاتی پلاماری گرتنەوەی رێگای سەردەشت خانێ ، خواردەمەنی بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتی کەلەپێج شەش شوێنی ستراتێژی دامەزرابوون دابین دەکراو به وەخت دەیانگەیاندنێ و له باری پێخەف و جێگاو رێگا له نێو ئەو تەقەو هەڵلایەدا جێ بەجێ دەکرا .

لەو لاشەوه سکرتێری حیزب لەگەڵ بەشێک له ئەندامانی دەفتەری سیاسی له پشتی

جبهه ئاماده بوون بۆ دابین کردنی هەر جۆره کەم کوریەکی پێویست .
دوای شەروبەربەرەکانیەکی گەرمی چەندین رۆژه و دانی شەهیدێکی زۆر، دوژمنی قین له دڵ به هۆی تۆپخانەی قورس و کاتیۆشا و چەکی جۆراو جۆر توانی بهسەر ناوچەدا زاڵ بێت و به خەسارەتێکی زۆری جاش و پاسدار سەر ئەنجام لەو تەقەو لێکدانه نابەرابەریەدا ئێمه شکاین و رژێمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی به نیازو مەبەستی خۆی گەیشت و رێگای سەردەشت پیرانشاری گرتەوه . کۆمیتەی شارستانی سەردەشت که له گوندی گرژاڵ نیشتەجێ بوو ، ناچار کرا ئەو شوێنه بەجێ بێڵێ و بچێته گوندی بنەو خەڵف .
دوژمن دوای گرتنەوه رێگا ، ورده ورده دەهات پێش و ناوچه ستراتیژیەکانی دەگرتەوه . تەنیا لەسەر سنوورەکان هێندێک شوێن مابوون که بتوانین خۆمانی لێ بگرینەوەو بنکەکانی هێزو کۆمیته شارستانی لێ دامەزرێنین . ئێمه چەند جێگاو شوێنێکی سەختمان لەبەر چاو گرتبوو کەڵکیان لێوەر بگرین  واته : سەروی مردواوێ ، پشتی دڵەتوو، دەورو بەری جاسوسان ، سەروی بیزارچن ....
وەختایەک وەخۆ هاتینەوه بارزانیەکان بەسەرۆکایەتی حسۆمیرخان شەوێ هاتبوون ئەو شوێنانەیان بێ دوژمن گرتبوو. ناوبراو لەو شوێنانەی باسکران بنکەی بۆ پاسداران دامەزراندو بۆخۆیشی بەسەرین رادەگەیشت . سەره رای ئەوەش وەک شارەزای ناوچه له کاتی تۆپ و خومپارەباران دیدەبانی بۆ  پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دەکرد .
به ڕاستی  ئێمه شوێنێکی وامان به دەستەوه نەمابوو بتوانین له بەرانبەری تۆپ و خومپاره خۆی لێڕاگرین . ئەو شوێنه سەختانەی باسکران دەبوایه هێزی شەهید موعینی بیان پارێزێ ، بەلام به هۆی گوشاری له حەدبەدەر  وێڕا نەگەیشت ئەو شوێنانه بپارێزێ . سەره ڕای ئەو گوشارو تۆپبارانەش ، ماڵو منداڵێکی زۆری کادرو پێشمەرگەو ناوچه بەسەرماندا ڕژان و دەبوایه له شوێنێکی ئەمن نیشتەجێ بن .
ناچار له ترسی تۆباران له پشتی سونێ  له د ۆڵێک به نێوی دووبێ ماڵەکانمان دامەزراند ، ئەویش محمدی حسنپور که نوێنەری حیزب بوو له عێراق  ، بۆ خۆ شیرنکردن دەفتەری سیاسی تێگەیاندبوو که کۆمیته شارستان خەڵکی ناوچەی هێناونەته عێراق  و هەموو ڕۆژێ دێنه قەلادزێ . بەڕاستی واش نەبوو ، تەنیا ڕۆژانه کەسێک دەچووه قەلادزێ چەند قالبه سەهۆڵێکی دەکری دەیهێنا دابەشی دەکرد .
بەلام بەداخەوه جاری وایه درۆ  له ڕاستی برەوی پتره . دوکتور قاسملوویان تێگەیاندبوو که کادرو پێشمەرگه جگه لەوەی دێنه بازار ، دەچنه ئیدارەکانیش !
کاتێک حیزب هاتووچۆی کادرو پێشمەرگەی بێ دیوی عێراق قەدەغه کرد ، کۆمیته

شارستان بڕیاری دا هەرکادرێک بچێتە ئەو دیو سەزای هەپەساردنی بۆ دیاری بکرێ ، کەدوایی باسی دەکرێ .
ڕۆژانە لە ڕێگای سونێ قەلادزێ دەیان کەسی غەیرە مەسئول هاتووچۆی قەلادزەی دەکرد ، بە لام ئەندامێکی حیزب مافی ئەوەی نەبوو بچێت کیلۆ گۆشتێک بۆ منداڵەکانی بکرێ کە محمد حسن پور خەبەری دەدا بە دەفتەری سیاسی و هەرای پێک دێنا و دوکتورقاسملو نامەی دەنووسی و گلەیی دەکرد . بۆ هەوڵێن جار لەو بارەوە دوونامە بە دەست خەتی خۆی نووسی کە کۆپیەی نامەکانی لە ئاخری کتێبەکەدا دەخەمە بەر چاو .
دوکتور دەنووسێت :
برای بەڕێز کاک سەعید کوێستانی !
پاش سلاوێکی گەرم .
بێ ئەوەی مەشوەڕەتێک لەگەڵ ئێمە بکەن ماڵومنداڵێکی زۆرتان هێناوەتە ئەو دیوە ، دەفتەری سیاسی بەتەواوی موخالیفە . تکایە هەرچی زووتر بیانگێڕنەوە بئقلایی ولات . چاوەڕوانی ئێقدامی ئێوەین . دوکوت قاسملو ١٦-٤- ١٣٦٢
ئێمە زۆر لە زەیقەتی دابووین ، دەبوایە وەلامی نامەکە بدەمەوە. چونکە نامەکە بە شەخسی بۆ من نووسرابوو.
هاوڕێی بەڕێز کاک دوکتور قاسملوو !
نامەی بەرێزتانم وەرگرت. بە پێویستی دەزانم ئاگادارتان بکەم کە ئەو ماڵومنداڵەی باستکردون ماڵومنداڵی کادرو پێشمەرگەن . دیارە چەندماڵێکی تری لایەنگری حیزبیشیان لەگەڵدایە ، ماڵومنداڵی کادرو پێشمەرگەکان لەسەر قەراری کۆمیتەی شارستان نە چونەتە ئەو دیو ، بەڵکو هێرش و پەلامارو تۆپبارانی رژێمی نگریس وێڕای ماڵومندالی خەڵکی لێقەوماو گەیندونیەتە خری دوبی و لەوێ گیرساونەتەوە و خۆیان پەناداوە . پێموایە ئێمە وەکو حیزب لانیکەم هەرنەبێ لەبەرانبەر ژن و منداڵی کادرو پێشمەرگەدا بەرپرسین .
ئیتر خۆشیت . برای بچوکتان : سەعید کوێستانی ١٩-٤-٦٢
دوا بەدوای نامەی یەکەم و وەرگرتنی وەلام ، پاش حەوتوێک نامەیەکی ترواتەنامەی دووهەم دوکتورقاسلو هات . نوسیبوی
برای بەرێز کاک سەعید کوێستانی ! پاش سلاوێکی گەرم .
بەدوای ئەو نامەی کە دووڕۆژ لەمەوبەر بۆم ناردی. دەمەوێ پێتان ڕابگەیەنم کە بە هیچ ججورێک ئێمە موافق نین ئێوە ڕاستەو خۆ پێوەندیتان لەگەڵ ئەو دیو هەبێ . خەبەر هاتووە کە برادەران تەنانەت ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئۆرگانەکانی ڕەسمی پێوەندی

دەگرن . زۆر جێگای داخە کە بەم جورە ڕەفتار دەکەن وادیارە وا دیارە بەکەیفی خۆشتان نەخۆش بۆو دیوە دەنێرن بێ ئەوەی پرسیار بە ئێمە بکەن . پێمان خۆشە بزانین ئەگەر لە سەر ئەو هەموو گیروگرفتانە ئێوە بۆخۆتان بڕیار دەدەن دەفتەری سیاسی لێرە چکارەیە ؟ نەزەری ئێمە لەسەر ماڵەکانی حیزبی کە لە لای خۆتانن ، هەر ئەوەیە کە لە نامەی پێشوودا بۆتان نووسراوە .

براتان : ع- قاسملوو ٢٧-٤-١٣٦٢ه‍ ١٩٨٣ ز

دوای ئەو دوونامانە کە بە فیتی حسن پور نووسرابوون ، ناچار داگەڕاینەوە سونێ ، کە ئەوێش هەر بە عێراق حیساب بوو، بەلام حسنپور لە دژی ئاوارەو لێقەوماوەکان جلغەی دەگێرا .

فەرقی سونێ و دووبێ تەنیا ئەوە بوو : سونێ لەژێر تۆپبارانی حسۆمیرخاندابوو ، دوبێ لە تۆپباران و دیدەبانی پاسداران شاراوە بوو . دوکتور قاسملو بۆخۆی نە شارەزای شوێنەکە بوو ، نە دەیزانی لە چ حالێکدا بەسەر دەبەین . سەر ئەنجام دوی دوو رۆژ خومپارە بارانیانکردن پێشمەگێک شەهید بوو ، عەبدوڵلای مام حەسەنی سەرپەلی هێز لاقێکی لەدەستدا

دوا بەدوای ئەو تۆپبارانە ملەکان وەک کەوی برابرا بلاوەیان کردو هەرکەس شوێنێکی بۆخۆ دیتەوەو ماڵی ئێمەو کادرەکانیش لەبەر بێ جێگاو ڕێگایی وناچاری لە ژێر ڕەحمەتی گولەبارانی پاسداران و حەسۆمیرخانی بارزانیدا خۆیان بە قەزاو قەدەر ئەسپارد .

ئێمە توانای وەلامدانەی تۆپباران و خومپارە بارانی ئەوانمان نە بوو، تەنیا شتێکی کە پێمان دەکرا لەسەرە خۆیی و ددان بە جەرگی خۆ داگرتن و هەروەها شاهیدی بریندارو شەهید بوونی ئەو پێشمەرگانە بووین کە بە گوللە تۆت و خومپارەی پاسدارانی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی و دیدەبانی برادەرانی پارتی بووین کە شەهید یان بریندار دەبوون . نازانم مێژوو وەبالی ئەو خوێنە بەناحەق ڕژاوانەو ئەو شەهید بریندارانە لەسەر کێ دەنووسێ ؟

لەسەر ئەو حالەش ڕا کۆنفرانسی پێش کۆنگرەمان لە پێش بوو دەبوایە نوێنە بۆ کۆنگرەی شەش هەڵبژێرین کە لە کاتی خۆیدا لە کۆنگرەی شەشمی حیزبدا بەشداری بکەن .

## کۆنفرانسی پێش کۆنگرە !

کۆبوونەوەی .ێکخراوەکانی ناوچەکانی سەردەشت و هەروەها پێشمەرگەکانی هێزی

شەهید موعینی کۆتایی هاتبوو بە پێی هەڵبژاردن نوێنەری خۆیان بۆ کۆنفرانسۆ کۆمیتەی شارستان ناردبوو کە بۆ کۆنگرە نوێنەر هەڵبژێرن . کۆمیتەی شارستان بڕیاری دابوو لە دەورو بەری گوندی داوداوێ و مەزراو مامکاوێ کۆنفرانس بگیرێ و نوێنەر بۆ کۆنگرە هەڵبژێرن .

بە پێی هەواڵێک کە پێمان گەیشتبوو ڕژێم زانیبوویەوە کە کۆنفرانس لە کوێدەگیرێ . بە پێی ئەو هەواڵە پلانیان دارشبوو کە بەشدارانی کۆنفرانس کارێکیان بەسەر بێنن هیچ کە سێک دەرنەچێت . پێویست بوو جێگای پێشوو بگۆڕین . دووبارە وەخۆ کەوتینەوە و لە نیزیکی خرێ دۆبێ شوێنمان دیاری کردو بەدارو نایلۆن سالۆنی کۆنفرانسمان دروستکرد و لە رۆژی دیاریکراو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێکخراوەکان و هێز خۆیان گەیاندە ئەو جێگایەی بۆیان دیاری کرابوو .

مەلاعەولا حسنزادە وەک نوێنەری کۆمیتە ئامادەکاری کۆنگرەو کۆمسیۆنی تەشکیلات بۆسەر پەرستی کۆنفرانس نێردرابوو. دوای چرکەیەک بێدەنگی بۆرێزگرتن لە شەهیدان راپۆرتی کۆمیتەی شارستان خوێندراوەو دوای وتوو وێژو وەلامدانەوە لە لایەن نوێنەرانی کۆنفرانس پەسندکراو هەروەها لە جێگای خۆیدا رەخنەو پێشنیارکراو ولامدرایەوە و نوێنەر بۆکۆنگرەی شەش هەڵبژێردرا و کۆتاییمان بە کۆبوونەوە هێناو بۆ بنکەکانمان گەراینەوە .

بەیانی کە هەستاین پێشمەرگەی کۆمیتە شارستان هاتنە لام و بۆیان گێرامەوە کە ئەو شەو محمد حاجی رسولێ و کوێخا سمایل لە نێو پێشمەرگەکان بلاویان کردۆتەوە کە فلانکەس دوو میلیۆن تمەنی حەیف و مەیلکردووە . من چاوەروانی شایعاتی رژێمم دەکرد کە بە هۆی ئەو کەسانە بلاو بکرێتەوە . من لە مێژبوو ئەو دووکەسم هەڵنابوو دەمزانی پێوەندیان لەگەڵ رژێم هەیە ، بەلام کاک حسەن دەستی بەستبووم و چەندین جارم لەگەڵ باسکردبوو قبووڵی نەدەکرد ، دوای رۆیشتنی من لە ناوچەی سەردەشت ماهییەتی ئەوانەی بۆ دەرکەوتبوو، بەلام بەداخەوە زۆر درەنگ ببوو دەستی خۆیان بە سوودی دوژمن وەشاندبوو هێزیان گەندەڵکردبوو .

لە وەی کۆنفرانس کۆتایی هاتبوو سەلامەت رزگارمان ببوو زۆر خۆشحاڵبووم و گوێشم لەپروپاگاندی ناحەزان نەبوو، بە قولی فارسی :آنکەس کە پاک است از محاسبە بی باک است . کاک پۆلانانەوە زادەش بۆ داپۆشینی گۆشەیەک لە بەسەرهاتی خۆی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە شریتێکدا کە بۆ کۆمەڵەی پرکردبۆوە ئاماژەیەکی بەوجۆرە دەکات کە لە کۆمیتە شارستانی سەردەشت حەیف و مەیلکراوە. بەلام ئی ناوبراو بۆیە بوو کۆمەڵە بەرێی بکات بۆ دەرەوە کە شوکر بەرێکرا .

کۆمەڵەش شریتی پرکراوەی کاک پۆلای بە بەربلاوی لە کوردستان بلاو کردەوە و

پروپاگاندی خۆی لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکرد .
بۆ روونکردنەوە : دوای ئەوەی محمد حاجی رەسوڵ و کوێخا سمایل خۆیان تەسلیمی ڕژێم کردەوە و بە رەسمی بوون بە جاش ، لە وێش دەست دەکەن بە هەواڵ ناردن بۆ عێراق و پارە وەسەریەک نان و هەروەها دیناری ساختە (**جعل**) لە عێراق هێنان و قاچاچیەتی و .... لێیان ئاشکرا دەبێ و دەگیرێن وئێعدام دەکرێن خودای کورد دەیانگرێ کە دەیانکەسی وەک حاجی حەمەبەس و ژنکەیان بە راستی بە ناحەق کوشت.

## بەرەو پلینۆمی چوار.

لەسەربریاری پێشووی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی حیزب بۆکۆبوونەوەی چوارەم ( پلینۆم )، ڕۆژی چوار شەممۆ ٢٥ جۆزەردانی ١٣٦٢هەتاوی (١٩٨٢ز)، بۆگوندی مەزرێ ناوچەی ئالان بانگ کران.
ئەو پلینۆمە، وەک کۆبونەوەیەکی گوێ گرتن و کلاسی فێربوون دیاری کرا. مەبەستی دوکتور قاسملو ئەوە بوولەو کۆبوونەوەدا گوێ بگرین بۆهێندێک مەسەلەی گرینگ. کۆبونەوەکانمان هەموو ڕۆژێ لەبەیانیەوە تائێواریێ درێژەی هەبوو. بۆم دەرکەوت کە دوکتورقاسملوو پتری ئەهمیەت بەو کۆبونەوەدا تاکۆبوونەوەکانی پێشووتر.
دوای ئەوەی وتو وێژ و بڕیاردان کۆتایی پێهات، بڵاوەمان کردو هەرکام لەئێمە بۆشوێن و کۆمیتەشارستانی خۆمان گەراینەوە.
بۆ ئەوەی لێی ڕەت نەبم پێویستە ئاماژە یەک بەگەڵاڵەی کورتە باس بکەم.
دوای نیوەڕۆ ڕۆژی ئاخر دوکتور قاسملو دەفتەرێکی شپرێوی یادداشت کراوی بەخەتی خۆی هێنا کەپاکنویس نەکرابوو. یادداشتە ئەوکورتە باسەبوو کە دوای کۆنگرەی شەشەم ئەو هەموو هەڵلاو کێشەیەی لەسەر پێک هات. دوکتور هێندێک شوێنی دەخوێندەوەو دەی پرسی پێتان چۆنە؟ چوونکە بۆئێمە باش نەدەخوێندراوەو ڕاستەو پاستە نەکرابوو. ئەوەی ڕاستی بێ بەو پەلەپەلەی ڕۆژی ئاخر، ئەوەی دوکتور نووسی بووی ئاوا بەهاسانی نەساغ دەبۆوە، نەحاڵی دەبووین کەنەزەری لەسەر بدەین.
سەرئەنجام بەوە گەیشتین کەبدرێ بەبەشی ئینتشارات تایپی بکەن و نوسخەیەک بۆئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لەکۆمیتەشارستانەکان بنێرن. ئەوانیش روانگەو بۆچوونی خۆیانی لەسەر بنوسن و بی نێرنەوە. ئەوکات حیزب چاپی بکاو بڵاوی کاتەوە. بەڵام پەلەپەلی دەفتەری سیاسی، بێ ئەوەی بیری لەداهاتووکردبێتەوە دوای ماوەیەکی کورت لە ژێرناوی(ئیننتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی )چاپی کرد! هەرکۆمیتەشارستانەی بیست سی دانەیان بۆ ڕەوانە کردن بڵاوی بکەنەوە .
من بەش بەحالی خۆم نە ئەوکات و نەئێستالەسەر «کورتەباس »شتێکی وا تایبەتی و بەرچاوم نەبووکەلێی دڕدۆنگ بم و لووتی لێ بادەم. بەڵام تائەوکاتەی لەکۆنگرە پەسندکرا دژی بووم و دژی دەدوام. لەبەرئەوەی بەنێوی کۆمیتەی ناوەندی چاپ کرابوو، بەڵام لەژێر ناوی (ئیننتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی)دا بلاو کرابۆوە. بۆئەوەی نیشان بدەن کورتەباس پەسند کراوی کۆمیتەی ناوەندیە، لەنێو جزوەکەدا لەیەکدوو جێگاناوی ئەسڵی واتە( حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

ئینتشارات و تەبلیغات) نوسرابوو. مەبەستم ئەوەیە ئەوگوێ نەدان و کەم بایی کردنە بۆ ئەندامانی کۆمیتەناوەندی باش نەبوو. لانیکەم دەبوو لەسەر بڕیاری پێشوو ڕاوەستن و بەپەلە ئەو کێشەو هەڵلایە پێک نەیەنن و ئاوای گەورە نەکەنەوە. وەک ئاماژەم پێکرد، بەرپرسی کۆمیتە شارستانەکان هەمویان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون و ناخۆش بوو شتێکی بڕیار لەسەر نەدراو بلاوبکرێتەوە. وەک دەست بادان بەناحەق درۆمان لەگەڵ کرابوو. ئەگەر دەفتەری سیاسی ئەوەی نەکردبا، پێم وایە ئەو هەڵلاو بگرە پێک نەدەهات. ئەو بێ ئوسولّیە بوو بەهۆی ئەوەی کەئەندامانی کۆمیتە ناوەندی لە کۆمیتە شارستانەکان پروپاگاندی دژی کورتەباس بلاوبکەنەوەو شوێن لەسەرکادرو ئەندام دانێن. کە هەمووی ئەوهەڵلایە دەگەڕێتەوە سەر پەلەکردن و نرخ دانەنان بۆ ئەندامانی کۆمیتەناوەندی و بەهێند نەگرتنی هاوڕێیانی خۆیان.
ئەندامانی دەفتەری سیاسی بۆ ئەوەی خۆیان « ئەبرەئە » بکەن لەو لاولاکوتبوویان بەبێ بڕیاری کۆمیتە ناوەندی ئەوکورتەباسە چاپ نەکراوە. بۆئەوەی هەڵەکاری دەفتەری سیاسی ئەوکات بۆخەباتگێڕانی داهاتوو روون بێتەوەو لە داهاتوودا کەڵک لەو ئەزموونانە وەربگرن و خۆ لە( پەلەو هەڵە ) بپارێزن و بۆهاوڕێی خۆیان نرخ و بایی دانێن و بەهێندیان بگرن. دەقی بڕیارەکانی پلینۆمی چواری پێش کۆنگرەی شەش بەبەڵگەوە لەخوارەوە دەخەمە روو بۆئەوەی ئەو مەسەڵە پاش سێزدە ساڵ ڕوون بێتەوە.

بڕیارەکانی کۆبونەوەی چوارەمی کۆمیتە ناوەندی ح د ک ا

کۆبونەوەی چوارەمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٦٢بەبەشداری ئەندامانی ئەسلی کۆمیتە ناوەندی پێک هات. لەسەرتای کۆبوونەوەدا بۆ رێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای رزگاری، دەقیقەیەک بێدەنگی ڕاگەیەندرا. پاشان کۆبونەوە کاروباری رەسمی خۆی دەست پێکردو لەماوەی شەش ڕۆژدا، وەزعی سیاسی ئێران و کوردستان، بەتایبەتی وەزعیەتی ئێستای بزوتنەوەی میللی - دێموکراتی گەلی کوردی لەکوردستانی ئێران خستەژێرباس و لێکۆلینەوەو ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا.

١- لانی زۆری هەوڵ بدرێ بۆ ئەوە کە شۆڕا، تەرحی نێوەرۆکی خۆدموختاری پەسند بکا. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەمووهێزەکانی نێو شۆڕاکە ئامادەییان هەیە، هاوکاری بکرێ. ئەگەر هەموو هەوڵ و تەقللای ئێمە لەو بارەوە سەر نەکەوت، حیزب کارێکی وابکاکە لەکاتی هاتنەدەر لەشۆڕا چەند هێزی دیکە لەگەل خۆی بێنێتەدەر. ...

٢- بۆ نیزیک بوونەوە لەکۆمەڵەو بەشدارکردنیان لەمەسئوولیەتی جولانەوەی کوردستاندا هەوڵ بدرێ. بەو مەرجە ئوسوڵ و پرنسیپی حیزبی بپارێزرێ و واقعیەتی

پارسەنگی ئەو دووهێزە لەنێو کۆمەڵی کوردەواری دا وەبەرچاو بگیرێ. هەروەها تێ بکۆشین گەڵاڵەیەکی هاوبەشی خودموختاریان لەگەڵ ئیمزا بکەین.
٣- لەگەڵ ئەو هێزە چەپانەی ئێران کە لەکوردستان دان، بەنیسبەتی ڕادەی هاوکاریان لەگەڵ جوڵانەوەی میللی- دێموکڕاتی گەلی کوردو هەڵوێستیان بەرانبەر بەحیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران هاوکاری بکەین.
٤- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسی لەسەر تودەیەکان، لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە تەئید کرا.
٥- « سازمانی خەبات » بەڕەسمی ناناسرێ و ناویشی لەڕادیۆ ناخوێندرێتەوە.
٦- دەفتەری سیاسی بەجیدی هەوڵ بدا لەگەڵ وڵاتانی سوسیالیستی و هەروەها لەگەڵ ئەنترناسیۆنالی سوسیالیستی پەیوەندیمان بەهێزتر بکا.
٧- کۆمیتە ناوەندی پاش گوێ گرتن لە ڕاپۆرت، بریاری دا تاکتیکی نیزامی تازەمان کەلەکۆبوونەوەدا پەسند کراوە، ببێتە دەستورلعمل و بدرێ بە هەموو کۆمیتە شارستان و هێزەکان.
٨- کۆنگرەی شەش تازستانی ١٣٦٢بگیرێ، بۆئەومەبەستەکۆمیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی شەش لەدوکتورقاسملودوکتور سەعیدوموهەندیس ئاریا پێک بێ.
٩- یارمەتی کادرو پێشمەرگە زیاد بکرێ.
١٠- ناوی « هێزی تایبەتی » کرابە « هێزی شەهیدهەژار » بریار درابۆ هاتنی پێشمەرگە بۆ نێو هێزی شەهید هەژار تەبلیغات بکرێ.
١١- هەموو هێزێک ١٠٪ پێشمەرگەکانی بدات بەدەفتەری سیاسی.
١٢- هەمو ئەو ڕۆژنامەو گۆوارانەی وەک ئۆرگانی کۆمیتەشارستان دەردەچن، ڕابگیرێن و هەوڵ بدرێ ڕۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی تێکۆشەر باشتر دەربچن و جگەلەوانەش بڵاوکراوەیەکی ناوەندی تایبەتی پێشمەرگە دەربکرێ و ئەو سێ بڵاوکراوەیەبەرێک و پێکی بڵاو بکرێنەوە.

نهێنی « تەنیابۆ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی

هەروەک لەپێش دا ئاماژێکم پێکرد، هیچ بڕیارێک بۆچاپکردن و بلاوکردنەوەی «کورتەباس »بەنێوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، نەدرابوو کەچی دەفتەری سیاسی، پێش کۆنگرەی شەش بۆ ساز کردنی هەڵڵاوکێشەی بێ جێی ناخۆیی چاپی کردو بەکۆمیتە شارستانەکانیدا بڵاوکردەوە.
گەلێک جاران لەزۆر شوێن کەباس لەبیرو بڕواو هێزی سیاسی لەکوردستان کراوە، وەجواب هاتووم وگوتومە: تەنیا حیزبێکی کەلەگەڵ بیروباوەڕو فەرهەنگی گەلی کورد

بێتەوەو دڵسۆزانە بۆکورد لەکوردستانی ڕۆژهەڵات هەوڵ بدات، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە. ئێستاش شتێکی دیکەی لێ زیاد دەکەم و دەڵێم:

– لەگەڵ ئەوەی دا کەحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تاکە هێزێکی میللی یە لەکوردستانی ڕۆژهەڵات و لەگەڵ کولتورو بیرو ڕای خەڵک دێتەوەو بەگوتەو نوسین و زاهیری دێموکڕاتە، بەلام لەپڕاکتیکدا لەگەڵ پرۆگڕام و پەیڕەوەی نێوخۆی حیزب نایەتەوەو بەرێوەبەری حیزب «دەفتەری سیاسی» هەمیشە لەپێشێل کردنی دێموکڕاسی ناوخۆی دەرون تەشکیلاتی دا نەخشی بەرچاوی بووە.

بەو هیوایە لەداهاتوودا دەفتەری سیاسی لەو حاڵەتەش بێتە دەر.

## بەرەوکۆنگرەی شەشەم

ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەبوایە دووڕۆژ پێشتر لەنوێنەرانی هەڵبژێردراو، لەگوندی گەلاڵەی شینکایەتی ناوچەی ماوەت ئامادەبین. هەرچەند باسم نەکردوە، بەڵام پێویستە بکوترێ کە سێ چوار مانگ پێش گرتنی کۆنگرەی شەش، بەهێرشی لەسەریەک لەسەریەکی دوژمن ناوچەی سەردەشت هەمووی گیراوەو هێزی کۆماری ئیسلامی تێیدا نیشتەجێ بوو. بنکەی ناوەندی دەفتەری سیاسی بەڕادیۆ و نەخۆشخانەو ئینتشارات و زیندان و. . . پێچرانەوەو لەدۆلی گەلاڵەی نیزیک ماوەتی ئەو دیو دامەزران.

ئێمەش واتە، من و کاک حەسەنی رستگار، سەیدڕەسول دەهقان و پێم وایە یەکدوانێکی تر لەقەلادزێ یەکترمان گرتەوە، کەدەبوایە لەسەر قەراری دەفتەری سیاسی بە پێیان بەگەناوو سەفرەو زەروونەدا چوباینە گەلاڵە، واتە هەشت سەعات بە پێیان رۆیبان!! کەچی بەدووسەعات بەماشێن ئەو رێگایە دەبڕاو ئەو هەموو شەکەت و شەلاڵیەی تێدا نەبوو. لێرەدایە پیاو کەبیری لێ دەکاتەوە دەبینێ: ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەر پێنج شەش کەس حیساب بوون و جگە لەو پێنج شەش کەسەی دەفتەری سیاسی، ئەوانی دیکەلە"مقایەسەدا" وەک وەرگێڕکەی بەردەستان و پێ پلیکانی ئەندامانی دەفتەری سیاسی دێنە بەرچاو.

لەقەلادزێ سێ قۆلی بڕیارماندا یەکێک بچێتە ئیدارەو وەرەقەیەک وەرگرێ تاکوو پێی بچینە سولەیمانی. سەرتان نەئێشێنم بەسواری ماشێن خۆمان گەیاندە گوندی گەلاڵە بۆ بەشداری لەکۆنگرەی شەش. برادەرانی دەفتەری سیاسیش رەخنەی خۆیان گرت کەبۆچی بەپێیان نەچوینەو سواری ماشێن بووین!.

"جارو بار کەئاماژە بەهێندێک بۆچونی وشکی بەرێوەبەری"دەفتەری سیاسی دەکەم کەلەنێوحیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا کردویانە بەفەرهەنگ و نەریت. هیوادارم خوێنەر وابیر نەکاتەوە کەخوای نەخواستە دژی ئەوحیزبەم یان ناخۆشم دەوێن، یان دژی بەبەرێوەبەرانی حیزب دەدوێم.

دیارە من ئێستا وەک ئەندامێک لەناو رێکخراوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا کار دەکەم و پێموایە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەهەموو حیزبەکانی دیکەی ئێران بەڕاست وچەپەوە خۆشترم دەوێ و تەنیا ئەو حیزبەش دەبینم کەلەباری نەتەوایەتیەوە لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای کوردستان بێتەوە. نازانم سبەینێش هەل و مەرج چی لێ دێتەوە، یان حیزبێکی شۆرشگێرترو بەپرنسیب تر پەیدا دەبێ؟ لەلایەکی دیکەشەوە

خۆم له ئەندامانی دیکەی حیزبی دێموکڕات کوردستان بێ سەلاحیەت تر نازانم و لەزۆرکەس پتر بەشم بەحیزبەوه هەیه. لەوانەشه بەرێوەبەرانی ئێستای حیزب هێندێک کەسی تێدابێ که هەشه ، لەوانەیه جاروبار لاسای ئەحمەد تۆفیق بکەنەوەو بلێن:
سەعید بەلایەنگریش نازانین و ناناسین . ئێمەکوردین و لەکۆنەوه ئەو ڕوشته، خەسلەتی بەرێوەبەره سیاسیەکان بووەو جارێغ هەر ئاوا دەڕوا؟! دێمەوه سەر باس .
بەڵێ کاتێ گەیشتینه گەلاڵه، پێش ئەوەی کۆنگره دەست پێ بکا ، هەواڵێک هەبوو کەرژیمی ئێران جێگای کۆنگره تۆپ باران بکات و نەهێڵێ تاقمان لێدەر بچێت. بۆ دیدەوانی و تۆپ بارانی کۆنگره، بەرپرسانی رژیم چاویان به ڕەحمان مەرەغانی یەکێک لەسەردەستەکانی هێزی موعینی کەوتبوو. دیاره بەلێنی پولێکی زۆریان پێدا بوو دیده بانیان بۆبکا . ناوبراو وەک کوردێکی به بڕوا ئەو مەسەلەی لەگەڵ فەرماندەی هێزدا باس کردبوو. دوایی لەگەڵ دوکتور قاسملو برادەرانی دەفتەری سیاسی بەرنامه رێژیان کردبووکه رەحمان چبکات و چیان پێ بلێ و چۆنیان بەهەڵه بەرێت.
ئەو ڕۆژەی کەرژیم پێی وابوو کۆنگره دەگرین، هێشتا نوێنەرەکان نەهاتبوون. ئێمەش ئەندامانی کۆمیتەناوەندی لەبەر ئیحتیات دەفتەری سیاسی مان بەجێ هێشت و چوینه دۆڵێکی ئەولاتر. تۆپ باران دەستی پێکرد، بەلام بۆ شوێنێکی که بۆ رەحمان دیاری کرابوو پێیان بلێ. کاتێ زانیمان پلانەکان باش بەرێوه دەچن. دۆڵەکەمان بەجێ هێشتوو چوینەوه شوێنی کۆنگره. بەیانی ڕۆژی٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٢هە(١٩٨٣ز) کۆنگره دەست بەکار بوو. دیاره لەکۆنگرەی گشت حیزب و رێکخراوێکدا ڕاپۆرت دەخوێندرێتەوەو نوێنەری ئەو حیزبانەی بانگ دەکرێن ئەگەر قسەو نوسراوەیان هەبێ دەیخوێننەوه دەنا بەنوسراوه دەی دەن بەحیزب و دەڕۆن.
کۆنگرەی شەشی حیزبی دێموکرات دوای بەرێوه بردنی ریزەکارەکان و بڕیاراتی پێویست، وەک هەمیشەی کۆنگرەکانی پێشوو، مەسەلەی ئامانجی دوا ڕۆژ و سوسیالیزم هاتەوه مەیدان و کێشەو هەلاو کەلەوەکێشی دەستی پێکرایەوه.
کۆنگرەی ئەوجار لەجارەکانی پێشترگەلێک توندو تیژو گەرمتربوو. چونکه ئەوجار «کورتەباسیشی » پێوه زیاد ببوو. لایەنگرانی سوسیالیسمی دێموکرات و کورتەباس دەبوایه لەهەردوک لا ، داکۆکی بکەن. لایەنی دژ بەودوانەش هەروەها.
هەرچەند دەبوایه لەو هەل و مەرج و کاته ناسکەدا ئەو گێرەو کێشەیه نەباو ئەوەیان نەهێنابا پێش، بەلام بەداخەوه دووبیرو بۆچونی لێک جیاواز بمانەوێ و نەمانەوێ ئەوشەرەشەقەی تێدا دەبێت. چونکه لەمێژساڵه ئاوابووەو ئاواهاتووه. یان لانیکەم دەکرێ بلێین: تاپێش بینی سەدان ساڵی داهاتووی ناروون و ئامانجی دوا ڕۆژ لەبەرنامەی حیزبدا بمێنێ و ئەندامانی دەفتەری سیاسی بیانەوێ لەرێگەی کۆنگرەوه

چەندکەسێک وردکەن و دەرکەن، هەر وا دەبێ و کێشەی دەرون حیزبی کۆتایی نایە.
ئوسوڵەن بەپێی چونەپێشی دەوران و ئەو ئالووگۆڕانەی کەئەرۆ لەجیهان دا پێک هاتوون، ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش ئەگەر خۆیان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە ڕێک نەخەن و چاویان نەکەنەوەو ئەو هەڵە ڕەخساوەی جیهانی ئەو ڕۆ نەقۆزنەوە، جگەلەوەی بۆخۆشیان لەو« دەرجا »لێدانەدا دەسوتێن و سەددێکی گەورەی پێشگیری بۆپێشەوە چوونی نەتەوەی کوردیشیان پێک هێناوە.
لەکۆنگرەی شەش دا کاتێک دووپێشنیارەکەی دوکتور قاسملوو دەنگی نەهێناوە! دوکتور زیزبوو، لەسالۆنی کۆنگرە چووە دەرێ. دوایی دوکتور سادق و مەلاعەولا چون ئاشتیان کردەوەو هێنایانەوە ژور. بۆجاری دوهەم دەنگیان وەرگرتەوەو گوتیان دەنگ تەواوە . بەڵێ بادەنگ تەواو بێ، بەڵام داخوا ئێستاش پێیان وانیە کەحوکمی خۆیان داو بەخاتری سەرخستنی روانگەی خۆیان نەک هەر حیزب قازانجی نەکرد بەڵکوو زەرەریان لەکوردیش دا. مەگەرئەوانەی کە بیرو باوەڕیان بەهێند نەکیراو پاڵیان پێوەنرا، یان ئەوانەی لەکۆنگرە ڕقیان لێ هەڵگیراو دەرکران، یان ئەوانەی بیروڕایان بەو دەست بادانە لەحیزب سارد بۆ وە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی پێ لاواز نەبوو؟ بۆچما لاواز بوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو هەلوومەرجەدا بەزیانی نەتەوەی کورد نازانن؟
ئەگەر ئەوانە زیان نەبن و بەزیان دانەندرێن، دیارە هەست بەزیان کردن کەمە!؟
بەڵێ دەنگیان هێناوە! بەڵام ئایا ناکۆکی و ناتەبایی و دوبەرەکی کەبۆتە سەدی بۆپێشەوەچونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کۆتایی هات؟!
هەر وەک لەلاپەڕەکانی پێشووی ئەوکتێبەدا باسم کردوە، دوبیری ڕاست وچەپ لەنێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا، بەرچاوبووەو هەیەو لەهەردەورانێکدا بەپێی هەلومەرج و چوونەپێشی بیرو بۆچون، بەزەقی خۆی نواندوەو خۆ دەنوێنێ. نابێ هەموو دەورانەکان وەک یەک هەڵسەنگێنین و لێکی دەینەوە. ئەو دەورانەی کە حیزبی تودە حیزبی دایک، « حزب مادر » بووە. دەورانێکی تایبەتیەو ناکرێ لەگەڵ دەورانی تاقەکەسی عەبدوڵڵای ئیسحاقی « ئەحمەد تۆفیق » لێک بدرێتەوەو دەورانەکان تێکەڵ بکرێن.
لە دەورانی کۆمەڵەی ژێ، کاف دا کەحیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەمەدی شەهید پێک هاتووە، لەهەلومەرجێک دابووە کەسۆڤیەتی پێشوویان بە پشتیوان و چاوسوری خۆیان زانیوە. کاربەدەستانی سۆڤیەتی کە لەئێران بوونە، کەسانی وەک باقرۆف دم ڕاستیان بووەو بەتەواوی لایەنگری لەئازەربایجانیەکان کردوە. ناوبراو بەهەمووهێزیەوە دژی دامەزرانی دەوڵەتی کوردبووە. سەرڕای ئەو

هەموو خۆڕاگریەی پێشەوا قازی، بەپێی هێندێک نوسراوە سەرئەنجام ناچارکراون نێوی کۆماری میللی دێموکڕاتی کوردستان بگۆڕن و بیکەن بەکۆماری خودموختاری کوردستان و نێوی کۆمەڵەی ژێ کاف ببێ بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی ژێ کاف، بەرنامەی سەربەخۆیی هەبووە، گۆڕاوەو حیزبێکی خودموختاری خواز پێک هاتووە، کەئێستاش ئەوحیزبە ئەو داوایەی هەیەو شانازی بەو درۆشمەکلاسیکەکۆنەوە دەکاو پێ نانێتە دەورانێکی نوێ و درۆشمێکی نوێ!

ئەگەر بمەوێ ئەو دەورانانە یەک بەدوای یەکدا شی بکەمەوە، هەرکورتە دەورانەی چەندین کتێبی لێ دروست دەکرێت. پێم وایە ئاماژەیەکی کورت بەدەورانی دوای کۆماری کوردستان و زیندوبوونەوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بکرێ بەسە.

دوای تێکدانی کۆماری کوردستان لەلایەن دوژمنەوە، هێندێک کەسی کوردو دڵسۆزی کوردوکوردستان، لەژێر باڵی حیزبی تودەی ئێراندا توانیویانە حیزب زیندوو کەنەوەو لەکوردستان تەشکیلات دامەزرێنن. بمانەوێ و نەمانەوێ ئەو تەشکیلاتەی پێکیان هێناوە لەسەربەرنامەو بیروبۆچوونی حیزبی تودە یان دامەزراندوەو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لاباڵێکی حیزبی تودە بووە. تەنانەت بۆ خوێندنەوەش ئەوکتێبانە خوێندراونەتەوە کە حیزبی تودە ڕای ئەسپاردوە. لەئاکامدا، بیری کۆمونیستی لەبیری نەتەوایەتی بەهێزتر بووە لەکوردستان. لەماوەی ئەو پەنجاساڵەدا، دوو بیری ناتەبا، لەناو دەرون تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتدا لەگەڵ یەکتر بەربەرەکانیان کردوە. هەربۆیەش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەشکیلاتێکی ڕێک و پێک و بێ کێشەو هەڵڵای نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا کەهەمیشە ئەندامانی ئەو حیزبەلەلایەن ڕژێمەوە گیراون و ڕاو نراون و هیچ کاتێک نەیان هێشتووە تەشکیلاتەکەی ڕێک و پێک، بێ، حیزبێکی خۆشەویستی نێو خەڵک بووەو زۆربەی خەڵکی کورد دوور لەخۆ ڕێکخستنی دەروون تەشکیلاتی، لەهەمووکاتێکدا وەک لەشکری ناشارەزاو سەرگەردان، وەدوای حیزب کەوتوون و پشتیان گرتووە.

کۆنگرەی حەوتەم، هەرچەند بێ کێشەو هەڵڵا نەبووە، بەڵام لەباری بیروباوەڕی سیاسی لەکۆنگرەکانی پێشوو ئارامتربووە. سەر ئەنجام تێ هەڵپێچان لەهێندێک کادر، بۆتە هۆی لێک ترازان و لێک پچران و لەت بوون و هەروەها بوون بە دوو حیزبی سیاسی و، یەکتر بەلادەرو خەیانەت تاوانبار کردن و تەنانەت برا کوژی و خوێنی هاوڕێی و هاوسەنگەری خۆ بەناحەق ڕشتن ؟!

داخوا کەنگێ وەخۆ دێینەوە؟ وەک هاورێ لەگەڵ یەکتری هەڵکەین و خەریکی پشت شکانی یەکتر نەبین؟ بلێی کادرەکانی سەروی حیزب، واتە، ئەو پێنج شەش کەسەی کەهەمووکارەی حیزبن، بزانن کوڕی چەندەباش و دڵسۆزو بەئیمان و نیشتمان پەروەر

کوژراون و فیدای بردنەسەری فەرمایشتی ئەوان بوون و، بوونتە دەستەچیلەی ئەو ئاورەی کەبەناحەقەی کە بۆ پێ سەلماندنی سەلیقە دژی یەکتر هەڵیان کردوە ؟!
چونکە دوژمن لەکەمین دایە هەرچەندی دەکەم دڵم نایە پتری لەسەر بڕۆم.
بەهەرحال هێندێک لەباسەکەم دوور کەوتمەوەو دێمەوە سەر باسەکە.
بەکورتی کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێناومنیش خۆم نەپالاوت و وازم لەمەسئولیەتی کۆمیتەی ناوەندی هێنا.

## بەرپرسایەتی نویٚ .

دوای کۆنگرە چاوەروان بووم تاکوو کۆمیتەی شارستانی سەردەشت بەرپرسی تازەی بۆ دیاری دەکریٚ، تاحیساب و کتابی لەگەڵ بکەم و من بڕۆم.
دوای چەند ڕۆژ کاک سەلامی عەزیزی هات و کۆمیتەی شارستانم تەحویل دا.
خواحافیزیم لەبرادەرانی کۆمیتەی شارستان کرد. لەقەڵادزیٚ خانوێکم گرت و بیٚ ئەوەی پرس بەحیزب بکەم منداڵەکانم بردنە ویٚ. چونکی بەرپرسایەتی سەرووم نەمابوو دەکرا پرس نەکەم و هەرشوێنێک بۆخۆم پێم خۆش بیٚ لەویٚ بم. چونکەکارەکانی حیزب پێچەوانەی حیزب و ڕێکخراوی دیکەن. واتە ئەگەر بەرپرسایەتی ئەندام لەسەرتر بیٚ، لەجیاتی ئیمکاناتی لەسەرتربیٚ و دەستی ئاوەڵەتربیٚ، بەپێچەوانەیە. منیش بەو پێیە کەمەسئوولیەتم نەما دەستم ئاوەڵەتر بوو.
هاوکات لەگەڵ هاتنی کاک سەید سەلام بۆکۆمیتەی شارستانی سەردەشت ، نامەیەکیش بۆمن هاتبوو بچمە دەفتەری سیاسی وکاری نویٚ وەرگرم.
دوای حەوتوێک سوار بووم و چومە دەفتەری سیاسی کە لەدۆڵی گەورەدیٚ بوو.
دوکتور قاسملوو بانگی کردم و دوای هێندێک شۆخی و جەفەنگ پرسی: دەتەویٚ لەکویٚ کار وەرگری و بچیە کۆیٚ؟
وەڵامم داوە؛ ماڵەکەم لەقەڵادزیٚ داناوەو نازانم لەکویٚ کارم پیٚ دەکریٚ؟
دوکتورکردی بەشۆخی و گوتی: بۆیە منداڵەکانت لەقەڵادزیٚ داناوە تا لە ویٚ کارت بۆ دیاری بکەین، ئێمەش لەویٚ کارمان نیە. کوتم دوکتور گیان! من قەت شتی ئاوام بە خیاڵدا نەهاتووە، بۆلەخۆڕا شتی وام لەملی بار دەکەی.
گوتی: لەمل بارکردنی چی؟ برادەران دێن دەپارێنەوە نوێنەرایەتیان لەم دیوە بدەینیٚ، تۆش بیٚ ئەوەی پێشنیارمان پێکردبی، لەخۆڕا دەڵێی ناچمە ویٚ. دوای ئەوەی هێندێکی شۆخی و تاریفی قەڵادزیٚ و ئەولاولا بۆکردم گوتی:
– ئەوانە هەمووی شۆخی بوون. تۆ کەئەزمونت لەسەر ئەم دیوەو ئەوحکومەتە هەیە، برادەرانی دەفتەر بەگشتی بۆتۆیان پیٚ خۆشەو منیش هەروا، بۆ نوێنەری لەقەڵادزیٚ تۆم پێشنیار کردوەو تەواو بوو.
لەدڵەوە کاری قەڵادزێم پیٚ ناخۆش بوو دەمزانی کارەکەی چیەو چەند ناخۆشە، بەڵام نەمدەویست دڵی دوکتور بێشێنم. لەلایەکی دیکەوە، دوکتور ئەوەندەی شێرو ڕێوی بۆ هێنامەوە، بەڕاستی دڵم نەرم ببوو. لەولاشەوە کەماڵەکەم لەقەڵادزیٚ دانابوو، قەڵادزیٚ بۆمن باشتربوو لە خێگایەکی دیکە. بەقەولی دوکتور گوتەنی؛ با کەمێک خۆم

لەماندوویی ئەو شاخ و داخه بێنمەدەرو بحەسێمەوە. ئەوەی ڕاستیش بێ لەو هەله ناسکەدا دەست بەکار بوون لەو دیـو بۆ خۆی مەسەلەیەک بوو.
کاتێک بەرگی ماموریەتەکەی بۆ دەنووسیم برێک ڕاوەستاوگوتی: نابێ نێوی قەلادزێ بنوسم. بۆخۆت چت پێ باشه بلێ بابینووسم؟ منیش پێشنیارم کرد لەجیاتی قەلادزێ، کێوی بلفەت بنووسێ. ئەوه بوو نوسی؛ بەبەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوه لەبەشی بلفەت دیاری دەکرێی. دوایی دوکتور، لەسەر بەرخوردو چۆنیەتی هات و چۆ ڕەفتار لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەت، هێندێکی ڕێنوێنی کردم و دوای وەرگرتنی بەلگەی مەئموریەتەکەم، هاتمەوه قەلادزێ. ئەوەش دەقی بەرگی ماموریەتەکەمه.

هاورێی بەرێز کاک سەعید کوێستانی.

لەگەڵ سلاوێکی شۆرشگێرانه،

بەم هۆیەوه بەبەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوه لەبەشی بلفەت دیاری دەکرێی.
هیواداریین هەموزانست و ئیمکاناتی خۆت بۆ رێک و پێک کردنی کارو باری پێوەندیەکانی دەرەوه و خزمەت بەئامانجەکانی خەلکی کوردستان؛ دێموکراسی بۆئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەکار بکەی. ٥ئ١٢ئ٦٢ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی ناوەندی. مۆرو ئیمزا

## کاروتێکۆشان له قەڵادزێ.

شاری قەڵادزێ شارێکی خۆش و دڵگیر بوو، لەبەر ئەوەی داب وشوێن وهەستان و دانیشتنیان لەگەڵ خەڵکی لای ئێمه وەک یەکەو جیاوازی کەمه، پیاوخۆی بەغەریب نازانێ و وەڕەزنابێ. بەتایبەتی بەبوونی دۆست و ئاشنای وەک کاک شێخه دێگەیی و کاک حەمەسدیقی ڕەحمەتی، کەچەندە پیاوبوون و چەندیان حەز لەپیاوەتی بوو. خەڵکی لای خۆمانیشی هەرچەندی بلێیی لێی بوو.
خانوێکی چەند دیوی مان گرتبووکه وەک بنکه بۆ میوان و ئەوحیزبییانەی ڕێیان لەوێ دەکەوت و هەروەها بۆئەو نەخۆش و برینداراناەی دەیان ناردن. دوایی هەرکەسەی بۆ شوێنی خۆی بەرێ دەکراوکارو باریان جێ بەجێ دەبوو.
جگه لەو بنکەیه، له ده کیلۆمێتری قەڵادزێ نەخۆشخانەی خۆمان هەبووکەلەپێشدا نەخۆش و بریندار دەچوونه ئەوێ و دوایی ئەگەر پێویست بایه دەنێردران بۆ نەخۆشخانەکانی دەوڵەتی. کارێکی دیکەی کەدەبوایه وەک بەرپرس لەوێ ڕای پەرێنم. وەرگرتنی وەرەقەبوو که به هۆی مەلاسمایل وەر دەگیرا بۆ هاتوو چۆ و ڕاپەڕاندنی ئەوکارانەی دەهاتنه پێش و ئەو کەسانەی لەکۆمیتەشارستانەکان ڕا دەهاتن و دەچوونه دەفتەری سیاسی و دوای جێ بەجێ کردنی کاریان دەگەڕانەوەو دەڕۆیشتننەوه .
کاتێک دەست بەکاربووم، لەسەرتاوه خۆم مات کرد تا بزانم هاوکارەکانم؛ مەلا سمایل و مەلا قاسم و ئەحمەدموودەرسی، چ دەکەن چۆن هەڵدەسوڕێن؟ ئەوەی ڕاستی بێ، کەس خەتی کەسی نەدەخوێندەوه. مەلاقاسم بەرپرسی ماڵی بوو. کێ چەندی خەرج کردباو داوای چەندی کردبا رەسیدی لێ وەردەگرت و پوڵەکەی دەدایه. مەلاسمایل وەرەقەی هاتوو چۆی وەردەگرت، ئەحمەدی مودەریسی شۆفیری بردنی نەخۆش و بریندار بوو بۆ ڕانیەو هەولێرو کەرکوک. ئەوانه پلەی کادری کۆمەلایەتیان هەبوو.
کاتێک من هاتم خاڵەمەری گۆڕەشێرم هێناو کرێنی کەل و پەل و خواردەمەنی بنکەم پێ ئەسپارد. هەر وەک باسم کرد هەرچەند کارو باریان دیاری کرابوو، بەڵام دەست تێوەردان لەکاری یەکتر، زۆری سەره ڕۆیی پێک هێنابوو. شەوێکی کۆم کردنەوەوکۆبونەوەیەکم لێ پێک هێنان. دوای ئامۆژگاری فێرکردنی کاری تێکڕایی، لەسەر ئەرک و ڕاپەڕاندنی کار پێم داگرت که دەست لەکاری یەکتر وەرنەدەن. وەک بەرنامەی کار پێم ئیمزاکردن. بەئیدارەم ڕاگەیاند کەمەلاسمایل بەرپرسی وەرەقه وەرگرتنه. ئەگەر کەسێکی دیکه بۆ وەرەقه هات ڕازی نیم بیان دەنێ.
دیاره زاهیرەن بەڵێنیان دا، بەڵام له چەند ڕۆژێک پتر بەرێوه نەچوو. دوای حەوتەیەک وەک پێشووی لێهاتەوه. واته هەرکەس چووبایەو بۆکێی ویستبا، وەرەقەی وەر

دەگرت، ئەوەش بۆمن مەسئولیەتی هەبوو. زۆرم هەوڵ دا ڕێک و پێکی بکەم بۆم نەکرا. هۆیەکەشی روون بوو. ئیدارەی موخابەڕات دەیوست لەپیرەژن و پیرەپیاوانیش هەواڵ وەدەست بێنێ. دەچوون درۆیەکیان بۆ دەکردن و وەرەقەیان دەدانێ. لەو بارەوە دڵی کەسیان نەدەشکاند. هاوکارەکانی من بۆ قاچاغچیش وەرەقەیان وەردەگرت لەلای منیش دەیان شاردەوە. پێم خۆش نەبوولەلای دوکتور سکالابکەم و بیانگۆڕم. دوای سێ چوار جار دانیشتن و پێکەوە قسەکردن، چاریان نەهات.
لەولاشەوە ڕۆژێک عەقید محەمەد کەپێیان دەگوت ئەبوومحەمەد، بەرپرسی ئیدارەی ئیستیخباراتی قەڵادزی بەدوایدا ناردم بچمەمەلای. لەپێشدا ناوبراو زۆری رێز لێگرتم. پیاوێکی قوڵەخڕەی بەجلی کوردی لەلا دانیشتبوو. دوایی بۆم دەرکەوت ناوبراو محەمەدە چکۆل، بەرپرسی تاقمێک جاشی ناوچەی قەڵادزێیە. کابرای ئەفسەر گوتی: بۆخۆت دەزانی هەردولامان دژی رژێمی ئێرانین. ئێمە دەمانەوێ لەو دیو بەهاوبەشی پێشمەرگەکانی ئێوە، لە ناوچەی سەردەشت دەستێک بوەشێنین. لەتۆ داوا دەکەم نامەیەک بۆ رەحمان مارەغانی بنوسی هاوکاریمان بکات. لەپێشدا وەڵامم داوە؛ کەمن هیچ بەرپرسایەتیەکم لەو دیو نیە. ئەوەی باسی دەکەی لەسەلاحیەتی دەفتەری سیاسی دایە نەک من و رەحمان.
کابرا زۆری لەسەر ڕۆیشت و گوتی رەحمان رازیەو بەکاغەزی تۆهاوکاریمان دەکاو تۆش پێویستە دوسێ کەلیمەی بۆ بنووسی .
کوتم ئێمە ئەگەر عەمەلیات بکەین ئەوە پێشمەرگە هەیەو عەمەلیاتی خۆی دەکا. ئیتر پێویست ناکا ئێوە سەرباز بنێرن بەهاوبەشی دەست بوەشێنن. ئەگەر شتێکی ئاواش پێویست بێ، دەبێ دەفتەری سیاسی بڕیار بدات و پێکەوە پلان دابنێین. گوتی: ئێمە سەرباز نانێرین، دەستێکی باشی فرسان ( جاش ) بەجلی کوردی خۆتان دەنێرین و ئەو برادەرەشیان لە گەڵە دایە، واتە محەمەدە چکۆڵ. کابرای ئەفسەر ئەوەندەی وەڕەزکردم لەخۆم بێزار بووم. بێ تێبینی و ئەولاولا لە وەلامی ئەبومحەمەد دا گوتم:
– سەیدی! جاچۆن ئێمە بەهاوکاری جاش عەمەلیات دەکەین؟! بۆچما تۆ نازانی لە ڕوانگەی ئێمەوە جاش هەرجاشە! چ لەم دیوە بێ، چ لەو دیوبێ !!
محەمەدە چکۆڵ بزێکی هاتێ و کابرای ئەفسەریش کەفی هەڵخڕاندو توورە بوو. کە بەشەرەفی، وا دەکاو وا بچێ. هەڕەشەو گورەشێکی زۆر.
من هەر لەوێ لە وتەکانی خۆم پەشیمان بوومەوەو ترسم لێ نیشت، کە من بەپشتیوانی کێ ئەو وەڵامە ناخۆشەم داوە بەوکابرایە؟ بۆچی وام کردو خۆم تووشی ئەو گێرەو کێشە کرد؟ نازانم بۆچی وا زوو توورە بووم و لەکورە دەرچوم؟!
تازە لەزارم ترازا بوو قسەکە نەدەگەڕاوە. ئیتر بەجارێک قەڵادزێم لەپێش چاوی کەوت. ئەوە سەرتای کاربوو دەیان ویست لە تۆڕیی خۆیانم باوێن و بۆ هەمیشە ئابروم

بچێت و هەموو ڕابردوم بەدەستی خۆم پێ رێخەن. ئیتر بێ ڕاوەستان لەسەر ئەو پێشهاتەو وزعی بێ پرنسیپی ناخۆمان لەقەڵادزێ، نامەیەکم بۆ دوکتور نووسی ولەمەسەلەکەم ئاگادارکرد. هەروەها داوام لەدوکتورکرد دانیشتنێکمان لەگەڵ بکات. زۆری پێ نەچوولەنامەیەکدا دوکتور داوای کرد بچین بۆلای. ئەوەش دەقی نامەکەی دوکتور قاسملوو.

برای بەرێز کاک سەعید! ١٣٦٣؍٥؍٩

پاش سڵاوی گەرم.

نامەکانت گەیشت و زۆر سوپاس . پاش مەشوەرەت لەگەڵ برادەران هاتینە سەر ئەوڕایە کەڕۆژی ١٣ی مورداد«گەلاوێژ »سەعات دەی بەیانی لەدەفتەر کۆبینەوە.

تکایە حوسێن کرمانجیش لەگەڵ خۆتان بێنن.

زۆر سوپاس . ئیمزای دوکتور قاسملوو.

ئەکات مەلاقاسم چوبوە دەفتەری سیاسی خانوان دروست بکات. مەلاسمایل وئەحمەدی مودەرسی و حوسێن کرمانجم ئاگادار کردو چوینە دەفتەری سیاسی. پێشتر لەگەڵ دوکتور هێندێکم روداوی ئیستیخبارات بۆ باس کرد. دوایی چوینە کۆبوونەوە. لەو کۆبونەوەدا جگەلەئێمە کە چوار کەس بووین. مەلاعەبدوللاحەسەن زادەش بەشداربوون. دوای باسکردنی هێندێک بێ سەرەوبەرەیی ناوخۆمان لەقەڵادزێ، بەتایبەتی بێ پرس و ڕا ڕۆیشتنی کاک ئەحمەدی مودەریسی بۆ و لاولاو هێندێک سەرەڕۆیی تر، بەحزوری خۆیان لەکۆبوونەوەکەدا باسم کردن. لە کۆتایی دا داوام لەدوکتورقاسملوو کرد: کەیەکی دیکە بنێرێتە قەڵادزێ لەجێگای من کار بکات.

پێم وایەهەرشەش حەوت مانگ توانیم لەوێ بم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەو ماوە کورتە بەناخۆشترین دەورانی کار دەژمێرم. دوکتور قاسملووی رەحمەتی، وەک بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوە، بەسەرکارەکان ڕادەگەیشت و دەبوایە ئێمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو لەپێوەندی دابین، بەڵام هەرکەس بەوێدا دەهات و دەرۆیشت و رێگەی لەوێ دەکەوت، کارێکی پێدەسپاردین. ئەگەر بێتوو ئەونامانەی بۆم هاتوون هەمویان بنووسم بۆخۆی کتێبێکە. بۆنمونە ئاماژە بەنامێکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی دەکەم. بۆ وەی بزانن کاری من چ بوو و چیان پێدەکردین؟ دەنووسێ:

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی!

پاش سڵاو، هاورێی بەرێز هەڵگری نوسراوە کاک مەحمودی ئەردەهاڵی، دووتفەنگ و ئەسپێکی! کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی پێیەو لەنەخۆشخانەی شۆرشن. تکایە هاوکاری لەگەڵ بکەن تاکو دەیگەیەنێتە بنکەی سونێ.

زۆر سوپاس.   مۆری کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی و ئارمی، بەشی قەزایی.
سەرتان نەیەشێنم حەمەخانی مرۆتیان نارد لەجێگای من کار بکاو منیش دەبوو بگەرێمەوە دەفتەری سیاسی لەکۆمیسیۆنی تەشکیلات کار بکەم.
نامەیەکیان بۆ ناردم کە بچمە دەفتەری سیاسی ئەوەش دەقی نامەکە.

برای بەرێز کاک سەعید کوێستانی        ١٣٦٣؛٦؛٢٢ هە ١٩٨٤ز،
لەپاش سلاوی شۆرشگێرانە
لەبەر وەزعی کاروباری پێوەندیەکانی دەرەوە لەجێگای تێکۆشانی ئێوە برپارمان دا کاک حەمەخانی مروەتی لەجێگای تۆ دابنێین. تکایە کارەکان تەحویلی ناوبراو بدەو ئەوبرادەرە بەهەمووهاوکارەکانت بناسێنە.
بەم جۆرە لەزەحمەت و تێکۆشانی تۆ لەچەندمانگی ڕابردوودا سوپاس دەکەین و داوات لێ دەکەین بۆ دیاری کردنی کاری داهاتووت، خۆت بەکۆمیسیۆنی تەشکیلات بناسێنە.   حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران ؛ دەفتەری سیاسی.
مۆرو ئیمزا .

جارو بار شتێکی چکۆڵەمرۆڤ زۆر نارەحەت دەکات. ئەگەر بێتوو لەلای یەکێک نەیلێ و باسی نەکات زۆری عەزاب پێوە دەکێشێ. بۆیە دەمەوێ لەنێو ئەوکارو ماندوبونەی کەلەقەلادزێ هەم بوو، یادێکیش لەهاورێی کۆن و لەمێژینەم کاک حوسێنی مەدەنی بکەم. من و ناوبراو نیزیک بەسی ساڵە دۆست ئاشناو هاورێی حیزبین. دوومانگ پێش ئەوەی قەڵادزێ بەجێ بێڵم، هاتەقەڵادزێ کەلەو بنارانەی لای قەندیل شوێنێکی باش بۆ کۆمیتەی شارستانەکەی (پیرانشار) بدوزمەوە. سەرڕای کارەکانی خۆم دوسێ ڕۆژی وەدواکەوتم و لەگەڵی هەڵسوڕام جێگایەکی بۆ بدۆزمەوە. ناوبراو کەدەیزانی لەوێ زۆر ماندوم و بەدڵ بۆ حیزبەکەم کار دەکەم. ڕۆژێک پێی گوتم: ئێمە لەمێژە یەکتری دەناسین وهاورێین، پێم خۆشە شتێکت پێ بلێم ، بەڵام لەنێوخۆمان دابێ. دوای قایم کردن کەلەلای کەس باسی نەکەم گوتی:
– حیزب هێندێک لەتۆ دردۆنگە. تاقمی حەوت کەسی پەیرەوی کونگرەی چوار کە کارو تێکۆشانیان بووە و لەولاولاکاریان کردوە. ئێستاکەتێشکاون، هاتونەتەوە لای حیزب، گۆیا گوتویانە لەناوچەی سەردەشت لەگەڵ تۆ پێوەندیان بووەو هاوکاریت کردون!!  لەوانەیە ڕۆژێک لەدەفتەری سیاسی بۆ پرسیار بانگت بکەن. پێم خۆشە هێندێک ئامادەگیت هەبێت و بۆ بەرگری لەخۆت و بزانی دەبێ چ بکەی و چ وەڵام بدەیەوە. لەپێشدا پێم سەیربوو. من پێکەنیم وگوتم:

" ئەگەر تائێستا برادەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڕوایان بەمن نەبووبێ ونەیان ناسیبم هەربۆیە نابێ کاریان لەگەڵ بکەم. ئەوهەواڵەی کەکاک حوسێن مەدەنی پێی گوتم، بەهێندم نەگرت. چونکە بۆمن شتێکی وەک خەون دەچوو و من خۆم لەسەرئەو ڕێگایانە نەدەدیت. ئامۆژگاریەکەشی نەچووە دڵمەوە، چونکە ئەوەی ئەو دەیگوت: بەهیچ کول و وەجێک بەمنەوە نەدەنووساو من شتم لەسەر نووسیبوون لەزۆر شوێن لە کۆبوونەوەی گەورەدا قسەم لەسەر کردبوون، چەدەگات بەهاوکاریان؟!

دوای پتر لەساڵێک ڕاستەقینەکەم لەکاک تاهیری عەلیار زانیەوە. کەکاک حوسێن چۆن بۆخۆ شیرن کردن ( بنی بەریشی) منەوە هەڵبەستبوو و. . .

کاتێک قسەو پەندو ئامۆژگاریەکانیم لەگەڵ ئەو قسانەی لێک داوە، نارەحەت بووم کەکاک حوسێنی مەدەنی لەئاخرین پلینۆمی پێش کۆنگرەی حەوت، وەک هەواڵێکی نوێ ئەو بوختانەی بۆمن دروست کردبوو پێشکەشی پلنۆمی کردبوو!! ٠ڕاپۆرتی دابوو بە پلینۆم کە ئەوانەی تاقمی ٧ کەسی کە خۆیان تەسلیمی کۆمیتەی شارستانی پیرانشارداوە ێیعتراڤیان کردووە، کە سەعید هاوکارمان بووە !! دوایەکە ویژدانی وەخەبەر هاتبوو ڕێگای بۆ دەکێشام بۆبەرگری لەخۆم، خۆم ئامادە بکەم؟!

لەبەر ئەوەی دوکتور منی باش دەناسی ، ڕاپۆرتی ناوبراو بە هێند نەگیرابوو

کاتێک کاک تاهیری عەلیار ئەوەی بۆگێڕامەوە، بڕوام نەدەکرد کاک حوسێن شتێکی وای دروست کردبێ. بەکورتی، هەر لە هەوەڵەوە قەڵادزێ یەو بەلایانەی پێوە بوو .

دوایی هاتمە کارێزەو خانوێکم گرت و منداڵەکانم هێناو بۆخۆشم چومەکۆمیسیۆنی تەشکیلات لای کاک حەسەنی ڕەستگارو وەک کادری کۆمیسیۆنی تەشکیلات دەست بەکار بووم.

## وەرگرتنی کار لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات.

ئەندامانی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بریتی بون لە پێنج شەش کەس و کاک حەسەنی ڕستگاریش کەئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بوو، بەرپرسایەتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی پێ ئەسپێردرابوو. واتە دوای کۆنگرەی شەش و ئەو سەرو بەندەی کەکادرو ئەندامانی دژی کورتەباس دەر دەکران کۆمیسیۆنی تەشکیلاتیان بەناوبراو ئەسپارد بوو. ئەوماوەی کەلەکۆمیسیۆنی تەشکیلات بووم، زۆرتری کات وکارم لە کارێزەو گەلاڵەو سەفرەو . . . بەسەر دەبردو ریزەکارێکم دەکرد.
خەڵکێکی زۆر کەپێشتر کادرو پێشمەرگەی حیزب بوون، لەبەر ناچاری بۆ بەرێوە بردنی ماڵ ومنداڵ دەستیان بەکاسپی سەرپێیان کردبوو. زۆر جاران بنکە نیزامیەکانی سەرجادە بەسەڵتی ئەوانەیان دەگرت و ئەزیەت یان دەکردن. دەبوایە یان وەرەقەیان پێ بێ، یان کارتی پێشمەرگایەتیان هەبێ. ڕۆژێک بەبیرم داهات کە ئەو مەسەلەی لەگەڵ کاک حەسەن باس بکەم بەڵکوو ڕێگا حەللێک بۆ و خەڵکە بدۆزینەوە. واتە ئەو خەڵکەی کەلەسەر کاری سیاسی و پێشمەرگایەتی و ئەندام بوون لەحیزبدا تووشی قاچاغی و دەربەدەری ببوون. دوای دانیشتن لەگەڵ کاک حەسەن، بەو ئاکامە گەیشتین کەلەنیزیکەوە قسەیان لەگەڵ بکەم و شانەبەندیەک لە نێو ئاوارەکاندا پێک بێنم. بۆئەوەی بتوانن پسوولەیەکی حیزبیان پێ بێ نەیان گرن و بێ ترس کاسبی بکەن و ژیانیان دابین بێ. دوای ئەو ڕاوێژو بڕیارە کاک حەسەنی ڕستگار نامەیەکی ماموریەتی دامی، بەو جۆرە.

بەرێز کاک سەعید کوێستانی!
سلاوێکی شۆرشگێڕانە
لەلایەن کۆمیسیۆنی تەشلیلاتەوە مەئموریەتت پێ دەدرێ لەگەڵ هەموو ئەندامانی حیزب (کادرو پێشمەرگەکان)کەلەکارێزەو گوندەکانی دەوروبەر، وەک سەفرە . . . دانیشتون قسەبکەی و وەزعیان بەیەکجاری روون بکەیەوەو لیستەیەک بگری هەتا بۆمان روون بێتەوە، کەکێ دەیەوێ کاربکات، یان کێ دەیەوێ کاسبی بکات، بەلاّم وەک ئەندامی حیزب بمێنێتەوەو یان چ کەسانێک کارناکەن. نەتیجەکەی بەکۆمیسیۆنی تەشکیلات ڕابگەیەنەوە.
٢٣؍٩؍٦٣ هەتاوی ١٩٨٣ز، مۆرو ئیمزای کۆمیسیۆنی تەشکیلات.

پاش ئەوەی بەوماموریەتە هەستام وخەریکی کۆبوونەو کۆبوونەوەکاری بووم. وام بۆدەرکەوت کاک حەسەنیش هێندێک بەو کارە هەستاوەو لەگەڵ دەفتەری سیاسی باس کردوە . چونکە دوای بیست ڕۆژ نامەیەکی تایبکراوی دیکەی بۆناردم، کە وێڕای ئەوەی تەئیدی ماموریەتی پێشووی دەکردەوە، پتر جێگای دڵخۆشی بوو.

هاورێی بەرێز کاک سەعید کوێستانی!

سلاو! هیوادارم خۆش و بەختەوەر بی. برای بەرێز! پێویستە لەگەڵ هەموو ئەوهاورێ یانەی کەلە کارێزە یان سەفرەو دەورو بەری ئێوە دانیشتوون، قسەبکەن. هۆی دانیشتنیان، سەربەکام کۆمیتەشارستانن، ئامادەگی کاریان هەیە یان نا؟ چەکیان لەلایە یان نا؟ بەکورتی هەر شتێکی کەپێوەندی بەو هاورێ یانەوە هەیە بۆ کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی روون بکەنەوە. دیارە ئەو مەئموریەتە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کەلەحیزب دەرکراون.

مۆروئیمزای کۆمیسیۆنی تەشکیلات. ١٣٦٣/١/١١هەتاوی.

پاش ئەو نامەو ماموریەتە نوێیە، پترکەوتمەخۆ و یەکێتی یەکی باشم لەنێو برادەراندا پێک هێنا. هەمووی ئەوانەی لەناچاریان دانیشتبوون بەو کارە دڵخۆش بوون کەحیزب بەسەری کردونەتەوەو بەحیزبیان دەزانن. دیارە من هیچ بەڵێنی یەکەم نەدانێ کەیارمەتی یان دەکەین، تەنیائەگەر نەخۆشێک سەرئێشێکیان هەبێ، وەرەقەیان دەدەینێ منداڵەکانیان بە خەرجی خۆیان ببەنە سولەیمانی و . . . بۆ ئەوەی جاش و عەسکەری عێراقی نەیان گرن تووشی زیندان و چەرمەسەری نەبن. خۆ ئەگەر کاری حیزبیش نەکەن، لەسەر کوردو حیزب و شۆرش دەربەدەر بوونەو لە باری مرۆڤایەتیشەوە ، جێگای خۆیەتی.

لەو سەرو بەندەدا بەبێ تێ بینی، مەقالەیەکیان لەسەر ئەوانەی دانیشتبوون لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بلاو کردەوە دانیشتووەکانیان بەماندو لەکاری حیزب و بەزیو لەشۆرش لەقەڵەم دابوو. سەرەڕای ئەوەش، لەدانیشتنێکی دەفتەری سیاسی دا ئەوکارەی ئێمە پێی هەستابووین ڕەتکرابۆوە. تەواوی ئەو ماندو بوون و ریس و گوریسەی من و کاک حەسەنی ڕستگار بەدوو قسە بۆوە هیچ وخەڵکێکی زۆریان لەو هیواو هومێدو دڵخۆشیە سارد کردەوە. جاروبار لەخۆم دەپرسی: بڵێی شتی ئاوایان لەپتی دەربچێ و دژی یاریدەدانی کوردی لێ قەوماوبن؟ یان بەقەولی کاک فەتاحی کاویان؛ ئەوکارەی کردیان بەغیلایەتی بوو؟

دوای کۆتایی پێ هێنانی کاروباری شاری قەڵادەزێ و ئەو دواییە، هێندێک ساردی و سڕی و ماندوویيم بەسەردا هات. بەخۆ مەشغووڵ کردنی ئەوریزەکارەی لەسەرو باسم کرد، وردە وردە دەهاتم هێندێک وەخۆ بێمەوەو بێ بەندوباری پێنج شەش مانگی پێشووم لەبیر بچێتەوە. ئەو بڕیارەو وەبەرچاو نەگرتنی زەحمەت و کوێرەوەری ئاوارەکان شوێنێکی گەورەی لەسەر دانام. مەسەلەی پشت ئێشەو لاقگیرانیش لەوێ ڕاوەستێ. لەباری دوکتورو دەرمانەوە گلەییم نەبوو. بەڵام لەبەرناڕەحەتی نەدەحەجمیم. ئاخرجار کەکاک ئەحمەد حەداد بردمیە لای دوکتوور ئازاد، دوای معایەنەو وێنەهەڵگرتن گوتی: کاک ئەحمەد کەمەر بەندێکی بۆبکڕە لەپشتی بەستێ، چونکە بچێتە ئەمریکاش چاک نابێتەوە.

دیارە ئێستاش چاک نەبوومەتەوە، بەڵام لانیکەم ئێش و ئازارم نەماوەو ناشەڵم.

پاش وەڵام دانەوەی دوکتور ئازاد، لەباری ئومێدیشەوە هیوام بەحیزب کز ببوو.

هاتمە سەر ئەو ڕایە، ئەگەر ئیمکانم هەبێ برۆمە دەرەوەوخۆم لەو گێرەو قەرقەشە رزگار کەم. دوکانێکی سوتاوم کە لەنەغەدە هەبوو، ڕام ئەسپارد بەهەرچەندی سەرقوفڵ بڕوات بیفرۆشن. دەکرێ بلێم پارەی تەیارەم ئامادەکرد. دووسێ نامەم بۆحیزب نووسی بۆ بەڕێ کردنم یاریدەم بدەن، وڵامی نامەکانم نەدرانەوە.

هیچ دەروی رونم بۆچوونەدەر نەمابوو. بەتورکیەشدا لەخۆم ڕانەدەدیت برۆم. ناچار وازم هێناو دانیشتمەوە کەبزانم لانی کەم وەزعی پشتم چی لێ دێتەوە.

## شەڕی کۆمەڵەوحیزب لەهەورامان.

لەوکاتە ناسکەدا، واتە١٣٦٤هەتاوی (١٩٨٥ز) شەڕلەنێوان کۆمەڵەو دێموکڕاتدا پێک هات. لەسەرەتادا ئەو هیوایە هەبوو کەخێرخوازو خێرۆمەند پێڕا دەگەن و نایەڵن ئەو شەڕە درێژەی هەبێت. کۆڕێکی لێکۆڵینەوە لەنوێنەری کۆمەڵەو دێموکڕات و دەفتەری مامۆستا پێک هات و بۆ روونکردنەوەی کارەسات چوونە ناوچەی هەورامان بزانن چۆن بووە کەپێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەسەر بنکەی کۆمەڵەیان داداوەو ١٧ڕ١٨ پێشمەرگەی کۆمەڵەیان کوشتووە؟!
کۆڕی لێکۆڵینەوە رۆیشت و پاش چەند ڕۆژێک گەڕانەوە و ئاکامی لێکۆڵینەوەی خۆیان نووسی و دایانەوە بەهێزە سیاسیەکان.
بەپێی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کۆمەڵە کەلەسەر ڕادیۆ ڕایانگەیاند، هەڵە لەلایەن پێشمەرگەی حیزبەوە بووەو حیزب خۆی لە وەڵامی کۆڕی لێکۆڵینەوە دەپارێزێ! .
بەو پێیە دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەدەست پێشخەریدا تاوانی هەیە.
بەبڕوای من لانیکەم تاوانی کوشتنی ئەو ١٨،١٧کەسەی کۆمەڵە دەکەوێتە سەرشانی حیزب کە لەشەوی هەوەڵدا کوژران.
بەدوای ئەوتاوانەی حیزبدا، دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بەرەسمی ڕایگەیاندو دەستوری دا، کەپێشمەرگەکانی کۆمەڵە بۆتۆڵە ئەستاندنەوەی هەڤالانیان دەست بوەشێنن و لەحاست حیزبی بۆرژەوادا هەرچی لەدەستیان دێ بیکەن!!
لەماوەی پێنج ساڵ چەکداری لەکوردستان، دوای پێنج شەش جار تێکهەڵچونی پێشمەرگەی حیزب و کۆمەڵە، ئەوە هەوەڵین جاربوو کەدەفتەری سیاسی وناوەندی ڕێکخراوێک بڕیاری ئاوا توندو تیژو بێ بەزەیانە بدا کەبرا برای خۆی بکوژێ؟!
ئەو بڕیارە بۆهەموو مرۆڤێکی سیاسی و روناکبیرێکی شۆرشگێڕ جێگای سەرسوڕمان بوو. لێرەدا هەڵەشەیی و تاوانی گەورە دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە کە لەجیاتی دۆزینەوەی ڕێگاحەللی سیاسی، ئەو شەڕە دوورو درێژەی سازکردو حیزبی ناچارکرد کەبڕیاری شەڕی براکوژی بدات ولەئاکام دا پترلەحەوت سەد هەشت سەد کەس بەدەستی یەکتر بەکوشت بدەن. کەسوکار و بنەماڵەی کوژراوەکان ڕەشپۆش بکەن وکزبوونی هیوای خەڵک، بووبەهۆی بەهێزبوونی روحیەی دوژمنانی گەلی کوردو لاوازی شۆرش.
دەکرێ سالی ١٩٨٥، واتە ساڵی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان کۆمەڵەو دێموکڕات، بەساڵی خۆ تەسلیم کردنەوەی کادرو پێشمەرگە، بەرژیم ئێران. ساڵی دەرکردنی

هێندێک لەکادرەکانی حیزب. دانیشتنی هێندێک له کادری سیاسی و نیزامی حیزب. سەرەتای کزولاوازبوونی شۆڕش. بێ هیوابوونی خەڵک بەشۆڕش و هەروەها بەهێزکردنی روحیەی بەکرێگیراوانی رژیم و دوژمنانی کورد دانیێن.

لەوسەربەندەدا کەشەڕی خۆکوژی نێوخۆ دەستی پێکردبوو، ناوچەکان یەک بەدوای یەکدا دەگیرانەوە. جگە تەمای سەدلەسەدگرتن و ڕۆیشتن، ڕێگایەکی دیکەم شک نەدەبرد. یان دەبوایە چاو چڕ داگرم و بێ تەفاوەت تاماشاچی ئەوگێژاوە تاڵ و کەس بەکەسەو خوێن ڕشتنەبم، یان دەبوایە ڕێگایەکی چارەسەری بۆ خۆ دوور خستنەوەو بەشداری نەکردنی شەڕی خۆکوژی بدۆزمەوە.

بۆئەوەی لەڕێگای حیزبیەوە بچمەدەر، بەو بیرو تەمایەوە بەرەو بنکەی یەکێتی نیشتمانی کەوتمەڕێ. مەسەلەی خۆم بۆمام جەلال گێڕاوەو لەوەزع و حالی خۆم ئاگادارکرد. داوام لێکرد نامەیەکم بۆ دوکتور قاسملوو بۆ بنووسێ بەڵکوو بەنامەکەیەوە هەستن و بەرێم کەن.

لەبیرمە مام جەلال نامێکی دوولاپەڕەی بۆدوکتورقاسملو نووسیبوو. نامەکەی دامێ و گوتی: ئەگەر بەڕێیان نەکردی ئاگادارم بکەوە بۆخۆم لەتەریقێکەوە بەرێت دەکەم. بەدڵ و داو نامەم هێناو دام بە شەخسی دوکتور قاسملوو. دوای سێ چوار ڕۆژ کە چوومەوە دەفتەر، دوکتور خۆی ئامادە کردبوو بچێتە دەرەوە. لەدەبیرخانە چومەلای و وەڵامی نامەکەم لێ پرسی؟

ناوبراوگوتی: من بەپەلەم و دەبێ بڕۆم بۆ دەرەوە، بەڵام نامەکەم داوە بەبرادەرانی دەفتەرو سبەینێ کۆبوونەوەیان هەیە بڕیاری لەسەر دەدەن.

دەست بەجێ حیسابی خۆم کردو زانیم وەڵامی ڕەتم دەدەنەوەو ئاکام سیفرە، چونکەدەمزانی بڕیاری پێشووی خۆیان ناشکێنن و کاریان بەوەنیە داخوا من نەخۆشم یان پشتم دێشێ.

سبەینێ دوای نیوەڕۆ بۆ وەڵامی بوون یا نەبوون چومەدەبیرخانە. خۆزیا نەچووبام، وازم لەو شتە هێنابایە. وەک گوتم؛ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی کۆبوونەوە لەسەر سەکوی دەبیرخانە دانیشتبووم و چاوەڕوانیم دەکرد کاک مەلاعەولا بانگم بکات و بەزەردە خەنەوە پێم بلێ ناتوانین بڕیاری خۆمان بشکێنین. منیش بەبوون و نەبوون سوپاسی بکەم و دلّم نەیەشێ. کاک نەبی قادری لەوێ وێستابوو. شاهیدی ئەو پەردە نومایشەو بەرخوردە ی مەلاعەولابوو. مامۆستا بەقاسمی قارەمانی گوت:

–ئەوە کاک سەعید لێرە دانیشتووە برۆ پێی بلێ؛ ئەگەر ویزا و پاسپۆرتی هەیە؟! ئێمە بۆبەڕێکردن یاریدەی دەدەین.

قاسمی قارەمانی هات و گوتی: پێم وایە گوێت لێ بوو مامۆستا چی فەرموو؟ دەڵێ؛

ئەگەر پاس و ویزای هەیە بۆ بەڕێ کردن یاریدەی دەدەین!
گوتم؛ بەڵێ گوێم لێ بوو، بەڵام حاڵی نابم. قاسم جارێکی دیکەشی دوپات کردەوە. منیش هەرئەو وەڵامەم داوە. لەسەر پلیکانەکان کەقسەی لەگەڵ من دەکرد، هەر لەوێڕا رووی لەمەلاعەولاکردو گوتی: مامۆستا، سەعید دەڵێ حاڵی نابم!
ئەوجار بەدەنگی بلّندتر پێی گوت؛ حاڵی دەبێ خۆی لەنەزانی دەدا ؟!
هەمووی ئەوگوفتوگۆیە دوو دەقیقەی نەخایاند، بەڵام تەواوی ئەو شتانەی کە لەسەر خۆلێگۆڕان و . . . بیستبووم و نوسرابوو و لەنامیلکەو کتێب دا خوێندبوومەوە، وەک فیلمی سینەمایی بەپێش چاوم دا، هاتن و ڕۆیین. لەهیچ کاتێکدا شتی ئاوام لەدۆست و ئاشناو تەنانەت ناسیارش نەدیت بوو و نەبیسبوو. پەکوو چەند عەیبە لەجێگای خۆم هەستام و بە لە سەرەخۆیی چوومە پێش و گوتم: بۆچما مامۆستا تۆ منت لێرە نەدیوە لێم ڕادەسپێری؟ بۆدەعیەت نایەنێ بەخۆم بلّێی دەبێ، یان، نابێ، ئەوە نییە من لێرە دانیشتووم بۆچی پێم ناڵێی و لێم ڕادەسپێری!؟
لەبەر نارەحەتی خۆم قسەم بۆنەدەکرا ، ئیتر ڕا نە وستام وەڵام بداتەوە یان شتێکی دی بلّێ، ڕۆیشتم.
خوێنەرانی بەرێز! ئێستا کەگۆشەیەکتان لەبەسەرهات و ڕابردووی من خوێندەوەو هێندێک لەخەبات و چۆنیەتی ڕابردوی چەند کادرێکی هەڵسوورو دڵسۆزی حیزب ئاگادار بوون، دڵ نیام بۆتان دەرکەوت کەتێکۆشان وخەبات لەولاتی ئێمەدا چەندە سەخت و ناخۆش و پڕدەردەسەرە.
ڕەنگبێ هۆی ئەو دەردە سەریە بگەرێتەوە سەر دواکەوتوویی و نەخوێندەواری گەلەکەمان. هەر بەبیری من لەماوەی ئەو سی چل ساڵەی کە لەنێو هەڵلاو کێشەی حیزبایەتی و کوردایەتی دابووم و لە دوو دەور دا بەشداریم کردوە. ئەو دوو دەورەی کەبۆم باس کردن، یەکیان لەیەکیان خۆشتر بوو. دەزانن بۆ؟
دەورانی پێشوو بەزەحمەت خەڵک لە بەیاننامەو مەبەستەکان حالی دەبوون و کار کردن ناخۆش بوو. بەڵام لەدەوری دوایی، واتە دەست پێکی ١٣٥٨هەتاوی شۆرشی کوردستانی ڕۆژ هەلات، خەڵکی خوێندەوار لەگوندەکان پتر دەست دەکەوت و خەڵک باشتر تێدەگەیی و باشتر لەمەبەستەکان حالّی دەبوون. دیارە باشتر تێگەیشتن بناغەی کارو تێکۆشان قایم و ڕێک و پێکتر دەکات و مرۆی سیاسی بۆ کارو هەڵسووڕان دلگەرم تر دەبێ. جگەلەوەش دەتوانم بلّێم؛ تێگەیشتنی خەڵک و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵ بناغەی تەشکیلات پتەوتر دەکاو یەکێتی و ڕێکخستن بۆکادر هاسانترە. هیوادارم لەداهاتوودا، تەنگ و چەڵەمەو گیرو گرفت بۆکادرەکان کەمتربێتەوەو باشتر بتوانن هاورێ و دۆست و ئاشناکانیان دژی دوژمنی زۆردارو داگیرکەر، ڕێک خەن و بۆئازادی و ڕزگاری کوردستان لەسەنگەرێکدا یەکگرتووترو

سەرکەوتووتر بن.

## تەماگرتن بۆ دەرەوە .

پاش وەرگرتنەوەی ئەو وەڵامە، تەمای خۆم گرت کەڕێگایەک بدۆزمەوەو بچمەدەر. نامەیەکم بۆمام جەلال نووسی: وێڕای سوپاس لە هاودەردی و زەحمەتی نامەکەی، نوسیم دەفتەر بۆچونەدەری من موافقەتی نەکرد. تکایە ئێوەش زەحمەت مەکێشن. من ویستم لەڕێگای حیزبەوە بچمەدەر، دەنا خۆم لەوانەی ڕۆیشتون و دەڕۆن بەنا زیرەکتر نازانم و بۆخۆم هەوڵی چونەدەر دەدەم.
هەرچەندی بیرم لێدەکردەوە لەخۆم ڕا نەدەدی بە تورکیەدا بڕۆم. دوایی لەسەر ڕاسپاردنی کاک ئەمیر، خێرۆمەندێکی غەیرە حیزبی، کەلەبەر مەسەلەی ئەمنیەتی بە پێویستی نازانم ناوی بێنم، زۆر پیاوانەو لەماوەی کەمترلەمانگێک، من و ژن و منداڵەکەم و هەروەها کاک خالید عەزیزی و خێزانی، شێخ عوسمانی خالیدی و ژن و مندالی، کاک تاهیری عەلیار، حوسێن ئازەری و خێزانی. بەکورتی ١٥کەس بێ ئەوەی ناسیارمان بێ و بماناسێ بێ پەڵپ و بیانوو و ویزا، لەڕۆژێکدا بۆ وڵاتی سوئێدی بەڕێ کردین. ماڵی سەدجار ئاوەدان بێ و بش بەحالی خۆم زۆری سوپاسی دەکەم و قەتم پیاوەتی ئەو مرۆیە لەبیر ناچێ.
لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە پێش، کەبۆچی بەگەیشتنە سوئێد، کۆتاییم بەرووداو و بەسەرهاتی خۆم لە سوئێد هێناوەو هیچ نەنوسراوە؟
پێویستە بڵێم کەشتی زۆر زەرووری لەسوئێد هەیەو دەبێ بنوسرێ و بڵاو بکرێتەوە. ئەوەی کەدەبێ بنوسرێن، چ لەمەڕ دەنگ و باسی کوردستان، چ لەمەڕ کێشەو ناتەبایی دانیشتوانی دەرەوە، چ لەبارەی چۆنیەتی هەلومەرجی ئێستاو بۆچوونەکان، بەڵگەو بەیاننامەی ڕۆژنامەی رێکخراوەکان لەدەرەوە لەسەرکوردستان زۆرن. دیارە منیش بەو تێ بینیە ئەوەندەی بۆم کراوە لەمەڕ بەڵگەو دووکومێنت کۆم کردۆتەوە. بەوهیوایە بتوانم لەگەڵ هێندێک شتی لەبیرچوو، لەداهاتوودا بەیارمەتی دۆستان و برادەران ئەو ئەرکە بچوکەش بەرێوە بەرم.                    کـــــۆتـــایـــی.

هێندیک لەو بەڵگانە کە بە نێوی شخصی بۆم هاتوون و دەتوانم بڵێم باری مێژووییان هەیە، لەبەر کۆنیو دەورانی شۆرش، باش نەخوێندرانەوە هێندێکیانم نووسیوەتەوە . نووسراوەکان سیاسین و بەدەستی کەسایەتی وەکوو شەهید دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی نووسراون، پێم باشبوو بمێنن، بۆیە کۆپییەم کردن و لە ئاخری کتێبەکەدا دامناون .

چەند نوسراوێکیش ئێ بەرپرسانی ترن و مەئموریەتن . دیارە نامەیەکی زۆری ئەو دەورانەم هەیە، بەڵام ئاکرێ هەموویان هەەر کۆپیە بکەی و داینێی .

کۆپییەی هەوەڵ نامەی کاک حەسەن شەرەفی کە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهابادە بە نێوی زانیار ئیمزا کراوە . بۆ تەشویق لە کۆنفرانسی سوێناس دوکتور قاسملووم، دای بەو کادرانەی تەشویق کرابوون، وەرم گرتووە .

برای بە رێز و خۆشە ویستم کاک [illegible] ئە ندامی کۆمیتە ی شارستانی

مەهاباد

سلاو ێکی گەرم و بە تینتان پێشکێش بێ :

ئێستا کە ماوەی ساڵێک لە هاوکاری مان لە تە شکیلاتی مە هاباد تێپە ڕ دە بێ و ئامادە ی گرتنی کۆنفرانسی شارستانین ، بە پێویستم زانی بە لە بە ر چاوگرتنی هە موو زە حمە تە کان و تێکوشانی بێ وچان و هە ر وە ها بە بۆنە ی ڕاستی و پاکی تان لە کوتن و کردە وە دا ، پڕ بە دڵ سپاس بکە م و بە حورمە تە وە بروانمە دڵسۆزی و لێ هاتوویی و تێکۆشە ریتان و ڕێز دانێم بۆ بیر و باوە ڕی پتە و و وە فاداریتان بە حیزب و خە باتی حە ق خوازانە ی گە لی کورد ، ئۆمێدە وارم لە داهاتووش دا هە ر وا چالاکانە بۆ وە دی هێنانی دێموکراسی بۆ ئێران و خود مختاری بۆ کوردستانی ئێران تێ بکۆشن و تا گە یشتن بە و ئامانجانە ، بە ر دە وامی تان لە پێوانی ڕێگای ڕزگاری و سە ر کە وتن ئاواتە خوازم .

براتان زانیار

٦٣/٧/٢٧

مە سئولی تە شکیلا تی مە هاباد

ارە ۰۰۰۷۷

۱۴/۹/۶۱



# بروانامە

هاوڕێ سعید کوهستانی وەک نوێنەری هەڵبژێراوی
کونفرانسی شارستانی مهاباد مافی بەشداربوونی
لە هەموو کۆبوونەوەکانی کونگرەی پێنجەمی حیزبی
دیموکراتی کوردستانی ئێران دا هەیە.

کومیتەی ئامادەکردنی کونگرەی پێنجەمی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

کومیتەی ئامادەکردنی
کونگرەی پێنجەمی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

The Political Bureau OF
The Kurdistan Democratie Party
OF Iran

دفتر سیاسی
حزب دمکرات کردستان ایران
دەفتەری سیاسی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران

Date : 1983/ 9 / 29 .
NO :

تاریخ ١٣٦٢/٩/٢٩
شماره ٦٥٦١/د ـ س

هاوڕێی بەڕێز کاك سەعید کوێستانی

لە گەل سلاویکی شورشگیرانە

بەو هویەوە بە بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت دیاری دەکریی • هیوادارین هەموو توانا وزانست وئیمکاناتی خوتان بو ریك وپیك کردنی کاروباری تەشکیلاتی وخزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد : دیموکراسی بو ئیران وخود موختاری بو کوردستان دەکاربکەن •

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

دەفتەری سیاسی

دەفتەری سیاسی
دفتر سیاسی

ڕوونووس بو :

بەریز کومیسیونی تەشکیلات

"کومیتەی شارستانی سەردەشت

3

٤

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی !

بە سڵاوێکی جەزیباتەوە - لێکۆڵینەوەکەتان لەسەر وەزعی سەردەشت و پێشنیار بۆ گەڕانەوەی شار لە دەفتەری سیاسی دا خوێنرایەوە و باسی لەسەر کرا.

بەگشتی لێکۆڵینەوەکەتان تایید دەکەین و پێمان وایە نەزەرەکانتان ڕاستن و لەو بارەوە زۆر سوپاستان دەکەین. دیارە ئێمە هەرچی لە دەستمان بێ تێدەکۆشین ئەو کارە چێ بەجێ بکەین و لە وەختی خۆی دا ئێوەش لە جەرەیان دەنێین بەڵام پێویستە بەو ڕێزتان بکەین کە: بە داخەوە ئێستا ئەو ئیمکاناتەمان نیە. بە تایبەتی لە باری چەک و چۆڵ و تەقەمەنیەوە. ئێمە لە پێش دا دەبێ لەم بارەوە خۆمان تەسحیل بکەین .... کە خەریکین بزانین چۆن دەبێ !!

بێجگە لەمە - هەروەک لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی دا باس کرا، زستان بۆ عەمەلیات فەسڵێکی زۆر باش نیە. زستان هەروەک بۆ هێزی دەوڵەت گیر و گرفت پێک دێنێ، جووڵانەوەی پێشمەرگەش تووشی زەحمەت دەکا. لە لایەکی دیکەش نابێ وەزعی خەڵکی شاریشمان لە بیر بچێ کە ئەگەر شەڕێکی قورس بێ، لە زستان دا زۆر تووشی ناڕەحەتی دەبن.

لە بەهاریش دا کە جەنگەڵ شین دەبێ و خۆشاردنەوەی پێشمەرگە و خەڵک باشتر تێی دا ئیمکانی دەبێ و، بێجگە لەوە لەبەر هەور و باران فەعالیەتی هێزی هەوایی دوژمن ئەوەندە هاسان نیە، ئەو کارە دەکرێ !.

هەر سەرکەوتوو بن.

برای بچووک: سەعید ب.ل

٦٠/١١/١٩

١٠٥٩
٦٢/١٢/٥

هـاوڕێی بەڕێز کاک سەعید توکلیانی

لەگەڵ سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

بەم هۆیەوە بە بەرپرسی پیوەندییەکانی دەرەوەی بەشی بۆلفەت دیاری دەکرێی .

هیوادارین هەموو تواناو زانست و ئیمکاناتی خۆت بۆ ڕێکوپێک کردنی کاروباری پیوەندییەکانی دەرەوە وخزمەت بەئامانجەکانی خەڵکی کوردستان : دیموکراسی بۆئێـــران و خودموختـــاری بۆ کوردستـــان دەکار بکەی .

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کومیتەی ناوەنـــدی

ڕوونوس بۆ :
١ــ کومیتەشارستـــان
٢ــ هێــزی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی
CENTRAL COMMITTEE
DEMOCRATIC PARTY OF IRANIAN KURDISTAN
٦٢/١٢/٥

4

۱۳۶۲/۲/۱۷

برای بەڕێز کاک سەعید!
پاش سلاو و تەمەنای گەرمی برایانە.

نامەکەت گەیشت دەستم زۆر سوپاس. دەربارەی لێکۆڵینەوەکەی زۆرت نووسیبوو

بە منت نیشان دابوو کە دەگەڕێنەوە سەر حیزبەکەمان بە شەخسیی تایبەتی.

زۆر کەس ئێستا چارەنووسی حیزبی توودەیان پێ خۆشە. من پێم ناخۆشە،

بەڵام هەر دەم هاکە لە ئیعلامییەی دەفتەری سیاسی دا هاتووە سیاسەتی دوور

لە ئوسوولی ناکامی هەر ئەوەیە. پێشڕەوی نیشانی داوە هەرکەس ئوسوولی

فیدای سیاسەتی ڕۆژ بکا، لە ئاخرەکەی دا هەر تووشی زیان دەبێ.
هیوام ئەوەیە حیزبی ئێمە هەر لە سەر سیاسەتی ئوسوولی خۆی بڕوا.
زۆر سلاوم هەیە بۆ هەموو برادەران و داوام سەرکەوتنتانە.

برادەرانی دەفتەر گشتیان سلاویان هەیە.

برات [illegible]

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی

دوای سڵاو

تکایە لەگەڵ میری قسە بکە، بزانە ئەوان

دەتوانن، لە نەخۆشخانەکانی قەلادزە، سەنگەسەر،

رانیە هەندێ دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشخانەی

شۆڕش لە کاتی پێویستدا بانزەنێ، ئەگەر موافقەتی

کرد لە دوبارەوە نەخۆشخانەی شۆڕش دەفتەر ئەدەلێن.

٧٠-٤

١٩٧٤/٢/٢١

١٩٥٦،٤،٢٧ ٨

برای بەڕێز کاک سەعید کوێستانی !

پاش سڵاو و تەحیەی گەرم .

بەدوای ئەو نامەیەدا کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر بۆم ناردی دەمەوێ

پێتان ڕابگەیەنم کە بە هیچ جۆرێک ئێمە موافق نین ئێوە ڕاستە و خۆ

پێوەندیتان لەگەڵ ئەو دیوە هەبێ . خەبەر هاتووە کە برادەرانی ئەوانە

ڕاستە و خۆ لەگەڵ ئوردوگاکانی ڕووسی پێوەندی دەگرن . زۆر جێگای

داخە کە بەم جۆرە ڕەفتار دەکەن . وادیارە بە کەیفی خۆتان ئەخۆش

بۆ ئەو دیوە ئەنێرن بێ ئەوە پرسیار بە ئێمە بکەن . پێمان خۆشە

بزانن ئەگەر لەسەر ئەو هەموو ئەو گیر و گرفتانە ئێوە بۆ خۆتان بڕیار دەدەن لای خۆتان

دەفتەری سیاسی ئێرە چکارەیە ؟ نەزەری ئێمە لەسەر حاڵەکانی حیزبی

هەر ئەوەندەیە کە لە نامەی پێشوودا نووسراوە . براتان ٤ ـ ٧

١٣٦٢/٥/٩

برای بەڕێز کاک سەعید!

پاش سڵاوێکی گەرم.

نامەکانت گەیشت زۆر زۆر سوپاس. هاوبەشی خۆشییەکەت

لەگەڵ برادەران هاتینە سەر ئەو بڕیارە کە ڕۆژی شەممە ١٣ی مۆردادا

گەلاوێژ سەعاتی دەی بەیانی لە دەفتەرەکەت بینەوە. تکایە کاک حوسێن کریمیش

لەگەڵ خۆتان بێنن.

زۆر سڵاو.

ع - ک

بڕای بەڕێز کاک سەعید کوێستانی ١٣٦٢/٤/١٦

پاش سڵاوێکی گەرم ،

بێ ئەوەی مەشوەرەتێک لەگەڵ ئێمە بکەن ماڵ و منداڵێکی

زۆرتان هێناوەتە ئەو دیوە . ئەمە فتەری سیاسی بەتەواوی

موخالیفە ، تکایە لەمەرجیا زۆرتر بیان گێڕنەوە بۆ حوولای

وڵات . چاوەڕوانی ئیقدامی ئێوەین .

براتان ع -

١٠

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## «بەشی قەزایی»

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی

پاش سلاو

هاوڕێ بەڕێز هەڵگری ئەم نووسراوە کاک محمود [illegible] لی

[illegible] بۆ بەشی کۆمەڵایەتی ناردراوە [illegible]

کە لە بنەماڵەی شۆڕشگێڕ تکایە هاوکاری لەگەڵ بکەن

(تا [illegible]) ئەو بەڕێزانە لە [illegible] زۆر بێ بەش [illegible]

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومیسیونی کومەلایەتی
کمیسیون اجتماعی
حزب دمکرات کردستان ایران

بەشی قەزایی

کاک سەعید کوێستانی

١٢

## بڕیارەکانی کۆبوونەوەی چوارەمی کومیتەی ناوەندی ح. د. ک. ئ

کۆبوونەوەی چوارەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٦٢، بە بەشداری ئەندامانی ئەسڵی کومیتەی ناوەندی پێک هات. لە سەرەتای کۆبوونەوەدا، بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، دەقیقەیەک بێ دەنگی ڕاگیرا. پاشان کۆبوونەوە بە کاروباری ڕەسمی خۆی دەستی پێکرد و لە ماوەی شەش ڕۆژدا، وەزعی سیاسی ئێران و کوردستان، بە تایبەتی وەزعیەتی ئێستای بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خستە ژێر باس و لێکۆڵینەوە و ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

١- لە لایەن زۆری هەوڵ بدری بۆ ئەوەی کە شورا، تەرحی شێوەی خۆدەرخستنەکەی پەسند بکا. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ هەموو هێزەکانی نێو شورا کە ئامادەیی یان هەیە، هاوکاری بکری. ئەگەر، هەموو هەوڵ و تەقەلای ئێمە لەو بارەوە سەر نەگرت، حیزب کارێکی وا بکا کە لە کاتی هاتنە دەر لە شورا چەند هێزی دیکە لەگەڵ خۆی ببینێتەوە. هەروەها تێبکۆشین کە پاش هاتنە دەر لە شورا، بتوانین جەبهە یا تەجەمعێکی دیکە لە هێزانە پێک بێنین. وەڵامێکی مستقل و معقول بۆ نامەی شورا بنووسرێتەوە کە لەودا ئیشارە بە نامەی [illegible] موجاهیدین بکری.

٢- بۆ نزیک بوونەوە لە کومەڵە و بۆ بەشداری کردنیان لە مەسئولیەتی بەڕێوەبردنی کوردستان را هەوڵ بدری. بەو مەرجەی ئوسوول و پرەنسیپی حیزبی بپارێزری و واقعیەتی پارسەنگی ئەو دوو هێزە لە نێو کۆمەڵانی کوردەواریدا وەبەرچاو بگیری. هەروەها تێبکۆشین کە لالایەنی هاوبەشی خۆدەرخستنیان لەگەڵ ئێمەدا بکەین.

٣- لەگەڵ ئەو هێزە چەپانەی ئێران کە لە کوردستان ران، بە نیسبەتی ڕادەی هاوکاری یان لەگەڵ بزووتنەوەی میللی - دێموکراتی گەلی کورد و هەڵوێستیان بەرامبەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هاوکاری بکەین.

٤- ڕاگەیاندنی دەفتەری سیاسی لە سەر تودەیی یەکان، لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە تەئید کرا.

٥- « سازمانی خەبات » بە ڕەسمی ناناسری و ناویشی لە ڕادیو ناخوێندرێتەوە.

٦- دەفتەری بە جیددی هەوڵ بدا لەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی و هەروەها لەگەڵ ئەنترناسیونالی سوسیالیستی پێوەندیمان بەهێزتر بکا.

٧- کومیتەی ناوەندی پاش لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرت، بڕیاریدا تا کۆنگرەی ئایندەمان کە لەو کۆبوونەوەدا پەسند کراوە، ببێتە دستورالعمل و بەرنامەی بۆ هەموو کومیتە شارستانەکان و هێزەکان.

٨- کۆنگرەی شەشەم تا زستانی ١٣٦٢ بگیری. بۆ ئەو مەبەستە کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی شەشەم لە دوکتور قاسملو، دوکتور سەعید و موهەندیس ئاریا پێک هات.

٩- یارمەتی ماددی پێشمەرگە زیاد بکری.

١٠- ناوی « هێزی تایبەتی » کرا بە « هێزی شەهید هەژار »، بڕیاردرا بۆ هاتنی پێشمەرگە بۆ نێو هێزی شەهید هەژار تەرتیبات بگیرێ بکری.

١١- هەموو هێزێک ١٠٪ی پێشمەرگەکانی بدا بە دەفتەری سیاسی.

١٢- هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی وەک ئۆرگانی کومیتە ناوچەکان و شارستانەکان دەردەچن، ڕابگیرێن و هەوڵ بدری ڕۆژنامەی کوردستان و نامیلکەی تێکۆشەر باشتر دەربچن و جگە لەوانیش بڵاوکراوەیەکی ناوەندی تایبەتی پێشمەرگە دەربکری و ئەوەش بڵاوکراوەیە، بە تەنیا بەڕێکی بڵاو بکرێتەوە.

نهێنی

(( تەنیا بۆ ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ))

بەڕێز کاک سەعید!

بە سڵاوێکی گەرم - لەبەر هەندێک کاروباری تەشکیلاتی لە مۆڵەتەکانی داهاتوودا پێم وایە نامەی ڕەسمی تان بۆ دەنووسین بەڵام لێرەدا دەمەوێت برایانە و لە نێوان خۆمان دا لەبەر چەند مەسەلەیەک دەردی دڵێک بکەین :

١- بەپێی خەبەر کە هیوادارم ڕاست نەبێ، ژمارەیەک لە کادرەکانی ئێوە بە ئیجازەی ئێوە هاتنە وجوی دەردیوەکەن بە بەهانەی جۆراوجۆر! بۆ نموونە کاک عبداللە احمدی کە چووە لە بەستەستێنی سەوری لە ماڵی خۆیان داوە چۆن چوو؟ ئەگەر بە ئیجازەی ئێوە بوو، چۆنە؟ قەرارێکی ئاواتان هەبوو؟ ئەگەر بێ ئیجازەی ئێوە چوو، چۆن هەروا لێی قبوڵ دەکەن؟

- لەبەر هەندێک لەو کەسانەی بە ئاشکرایی لەودیو دانیشتوون یان هاتنە وجوودەکرن، لەبەر ئەوەکە زۆر بەرچاون و شێلگیاشیان زۆرە ئێمە ناتوانین چاو لەبەر چاو دانێین.. بۆ نموونە کاک کەریم العزیز احمدی! کە بەداخەوە پێشنیاری موشاوەرەتی کۆمیتەی ناوەندیشی بۆ دەکرا!! ئێمە لەو تاریخەدا ئاوەڕاوە بە کادری حزب ناناسین و بە هیچ جۆر نابێ ئەگەر ڕۆژێک گەڕاوە کاری پێ بسپێرن. وە دەبێ بێتە لای ئێمە هەم بزانین حزبایەتی چۆن حاڵی بووە؟!!

٢- وەزعی ڕێکخراوەکەتان لە ئالان هەروەک لە نامەیەکی پێشوودا بۆم نووسیبوو بەداخەوە زۆر خراپ و بێ سەروبەرە و بە ڕاستی هیچ کار ناکەن.. جا خواردنەوە لە ناوچەکانی دیکە ئاوانەبێ دەما دەبێ قابیلیەتی بۆ کاری حزبایەتی نوێنی!!. بۆ نموونە لە ٥ کەسی ئەندامانی کۆمیتەی ئالان، لە یەک کاتدا ٣ کەس لە حەرەکی داک! واتە لە پێڕەوی ڕا هاتوون لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و ناویان ناوە حەرەکی! کاتێک بەرپرسیار دەکەی دەڵێن ئەوە لە سەروادەشت باوەو! ڕوونە لە ماڵێک دابەوەکەی هەموو کەس لە حەرەکی دایە!!

جا کاک سەعید گیان! هیوادارم ئەوە ڕاست نەبێ... مەگەر حزب دەوڵەتی زەمانی شایە کە ئاوا حسابی لەگەڵ دەکەن؟ یا ئێمەش ئەگەر لە دەفتەر و لە کۆمیسیۆنەکان دەرداوێین. ئاوا کار بکەین بە ڕاستی چۆن کاری حزبەیان ڕادەبەرێ؟ یا حزبێکی شۆڕشگێڕی وەک حزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکدا ئاوا دەتوانێ بە هیوای شۆڕش و بە ناو کادرانە بە خەبات درێژە بدا و سەرکەوێ؟ باشە ئێمە بەدەرەک.

هەرقەت باسی مرخصی ناکەیت... بەڵام بائەوە بناو کادرانە! مرخصی یان بوێ.. لە چ حکومەتێک
دا ١٠ رۆژ لە مانگێکدا داتە چوار مانگ لە ساڵ دا مرخصی هەیە؟ لە زەمانی شادا مرخصی ساڵێ ی
مانگێک بوو. لە وڵاتانی دەرەوەدا ساڵێ ی شەش هەفتە و تۆ واتە مانگ و نیوێکە.. لە شۆڕشێکی خوێناوی وشی دانێ!
جا تۆ خۆت کەس بتەوێ خەباتی بێت زۆرە بەوە دەڵێی خەباتی و بەو کەسانە دەڵێی کادر؟
مرۆڤێکی نەفرەتی چ بکەین؟ ئەوانە وابرپون.. وەلام ئەوەیە نابێ قبوڵ بکەین.. یان حزب هیچ کادری هەیە
یان خۆنابێ هەر کەسێ هات نادی کادری لەسەر بنێین... ئەمان تێ زۆر باشترە لەوەی کە بەرواڵەت
هەمان تێ بەڵام بەکردەوە بارەوە رگرتن و ئابرووبردن و ئیعتیباری شۆڕش و حزب و پێشمەرگە بردن نەبێ
هیچی لێ بەیدانەبێ... مرخصی لانی زۆر دوو مانگ لە ساڵ دا واتە ٥ رۆژ لە مانگ دا بەسە. جا یەک جێ
یان وردە وردە و بەپێ خۆر... هەرکەس قبوڵی نە خوای لەگەڵ.. دابنیشێ و باسی خۆی بکا..
ئێمە کادری لاو بەیدا دەکەین.. باوەڕ بفەرموو زۆر باشترن.. تازە ئەوە نەبوو مرخصی بەشی هەتا
مەسئولیەت لەسەروەترێ، کەمترە... ئەندامی هەیئەتی ئیجرائی چوار مانگی ١٠ رۆژ دە چێتە
مرخصی؛ ئەگەر وەزعی وابە تۆ چی ئەو مەسئولیەتە گرینگە ی وەئەستۆ گرتوە؟ تۆ نموونە مەلسوور هەوار
١٠ رۆژ مرخصی بۆ چیە؟ دەچێ لە باوەشی بنەماڵەکەی دا دادەنیشێ؟ (دیارە خۆتەمێن نازانم مەلسوور دەچێ یان نا!
هەر بۆ نموونە کردم !!). ×

٣- شتێکی زۆر زۆر خصوصی و دووستانەی دیکە.. کاک مەلا محەمەد خزری هاتبوو لەسەردانت لەگەڵ تۆ
کار بکا.. پێم گوت کە سەرەدەست کادری زۆرە و پێویستی بە جێگا ی دیکە.... بەڵام راستیەکەی
ئەوەیە ئەوە بەهانە بوو.. پێم خۆش نییە دەفر و بەرێت لەو تۆن دارانە کۆ ببنەوە... هەر بۆ ئیسماعیل
..... بەسە.. تۆ خۆشت هێندێک ئەوە لە بەرچاو بگری باشترە. دیارە خۆتە بڵێم لەسەر خۆت
شکیلم هەیە... ئەگەر هەر وایە بێتسفیار کردن تۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی ی کە بە خۆشییە دەهەل بۆ زۆر بڕیاردای
لەگۆڕێتی دانەبوو. لە پاشانێش مەسئولیەتی ناوچەیەکی زۆر گرینگ دەکەسەردەست و پشتیوانی دایمی لە لایەن
ئێمە وە ونتانارشیش بەهاوکاری و شکۆشانی تۆ دەکەین.. بەڵام تۆ خۆت دەزانی قسە و باسی هەیە
و باشترە لە خۆڕا بەهانە بە کەسی نەدەی... سەرەری اعصابیشی تۆ خۆت سازنەکەی..

هەر خۆش بی.

باب: [illegible]

٢٢/١/٩١

لە جوتوی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی بکەین دڵم بارەوە ڕێنووسینی بەیەک تۆ بنکراوە باغان
نەبڕێن .. بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەو تۆ خێوەتت ولێستەبووە مەسەلەی بەخێوکردنی ئەو وەکە سانە لە گۆڕێی دایە
هەر لە ئێستاوە چەند نەزەرێکی تایبەتی خۆمت عەرز بکەم:
دیارە ئەوەی هیوایەک بە بابی بەوکە سانە کە بێن، کارێکی سیاسی دڵنیای زۆر گرنگە... بەڵام
ئەوە هەر لایەکی مەسەلەکەیە.. بۆنابێ لایەکانی دیکەیشمان لە بەرچاو وشار بنێینەوە:
باشە، ئەتۆ کە بەسەک کەم تا دوێنێ پیاوی حکومەت بوو، چنیوەت دەدەی و پارەی دەدەی و
پاڕەستی دەدەی، بەکەسێک لە چوار ساڵە وەک پێشمەرگە یان کادر خەبات دەکا، یان هیچ کام لە دانە
نیە بەڵام هەر کوردێکی دڵپاک و ناساییە وفەت سەری بۆ حکومەت دانەنواندووە ج دەدەی؟ تۆ جاشی
لەوان و بەشێکیان بوونەوە ئیمتیازێکی گەورەتر لە فەت جاشی نەبوونە؟!
بێگەڵە وە باوەک عێراق جاشەتی دەبەشێکیان بوونەوە و ئەم لاو ئەولاکردن نەکە نیە شوغل وکاسبی!!
دەناسەبی بردێری هەرکەس ئیمتیازێک یان شتێکی ولیست لە پێشی داوەچێ دەبێتە جاشی ولەباشی ن
بەسەڵام دەسەڵات دەگەڕێتەوە و قەدەر و ئیحتیرامی لە وانی دیکە زیاترە!!. باشتر ئەوەیە کارێک
بکەین خەڵکە کە هەر لە هەوەڵ را بەرامبەر بە دەوڵەت مقاوەمەت بکەن و چ کەس هەڵ نەگرن.. ئەوە
ڕێگای نوسولییە... وەنا تووشی لە بناوبێ جاشێتی کردوو و پێشمەرگەی شەهید کردوو (ئێستە پێشمەرگەی کۆمەڵەشی
بێ ... هەر پێشمەرگەیە)، لە پاشان هاتووە تفەنگەکەی خۆی دەشتووە و لە تەنگی باغەڵی ناوە لە ئێمەی دەدوێ
تفەنگی پێ دەبێ و لەبەرامبەر کۆمەڵە کە بەچاوق دەبێ حسابی لە گەڵ بکا و دیفاعی لێ بکەین وسەڵ و منەتی تێ بۆ
بەخێو بکەین؟ باهەر لە هەوەڵ را چ کەس هەڵ نەگرێتن! مەرجێکی بوو بەرەک ئەوە نەهێڵە بەر چ کەس هەڵ نەگرێ
عەرزەت بکەم وتە بانەت بکوژن بەڵام خۆشەویستەکانیان هەموو تۆ ناگرن..
بەگشتی ئەوپەڕی مەخالیفی وانی هەرجۆرە ئیمتیازێکی زیادی بە وجۆرە کە سانەم کە بەتەنیا هۆی دڵ ئێشاندن و
دڵ ڕەدبوونەوەی پێشمەرگە و کادر و خەڵکی بەشەرەف. دەبێ کارێک بکەین کە هەر کەس وتی لە داهاتوودا
جاشەتی بکا باشی فیکر لێ بکاتەوە و بزانێ کە داهاتوی خۆی بەدارە دەستی دەکا..
کاک سەعید گیان - ببورە سەرم ئێشاندی. نامەکەی تۆ کاک الآلات نوسیبوو شتێکی سەرەعەلی شتێکی.
تابرۆ و ئیعتیباری حزب و قانوونەکەی گرینگ ترە یان بارەوە دەرگرتنی گورگ؟ برات: سەعید

براگیان کاک سەعید !

کاک سەرهەنگ قادری نامەکەی تۆی هێنا. نامەکەی بۆ دوکتۆرنیت نوسیبوو خوێندمەوە.
هیچ تێک لەوە دانیە کار و مەسئولیەتت زۆرە و ماندوی. تۆیە دا توڕە بوی بەبێ دەلیل ! وە بەراستی
بەبێ دەلیل :

١- لەبارەی موخالەفەتی کۆمیسیونی تەشکیلات و دانانی ئەندامانی دا ، بەراستی پێم سەیرە سەی دا
دەفەرموی: ئەگەر خوای نەخواستە لە نابت بەندالی کە قسەی وادەکەی؟ فەرموو زانم ئەندکە تۆ کێ
دانراوە؟ بۆ لە خۆرا خەڵک تۆمەتبار دەکەی؟ رەحیم قادری ئەبێستا بێکارە و لە کۆششەکە
دانیشتوە بێ کار. تا ئێستە دەبێ لە تالان دەری بکەین؟ بەچ دەلیل؟ تەنیا ئەوەی پێ راگەیەندراوە
کە ئەگەر بیەوێ کاری حزبی بکا، حەتمەن دەبێ بچێتە جێگایەکی دیکە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت.
ئەوێشی داوا بارەتا ئێستا نەیتوانیوە لەگەڵ بگەڕێ. تەنیا داوای کردوە ئیجازەی بدەن بۆ دەرمان کردنی ئەندامی
چاوی بچێتە ئەوروپا کە کاک دوکتۆر ئیجازەی پێ داوە.. لەگەڕانەوەشی دا ئەگەر کاری کرد ئەوە دەبێ بڕیار بۆ
دوور لە سەردەشت. ئەگەر ئێستا کاری نەکرد چی لێ بکەین؟ نازانم. ئێمە قادری بێکارە وەک بابە چیەتی
نەما.. چەند جار داوای کاری کردوە، کوتوومانە دوور لە سەردەشت. ئەوەشی نەیتوانیوە بێکار ماوەتەوە..
ئەمەی ئەوانەی کێ هەیە؟ ئەگەر کەسێک هەیە بۆچی بە راشکاوی نافەرموی؟

٢- لە سەر چەکی بازاڕ :
یەکەم - بڵاوکردنەوەی چەک و جۆل بە کۆمیسیونی پێشمەرگە بڕیارێکە مەسئولی کاک دوکتۆر فاسیلوە.
وە هیچ ربطی بە کۆمیسیونی تەشکیلات نیە.. تکایە بۆ چەک راستەوخۆ لە کاک دوکتۆر داوا بکە.
دووهەم - چەکی بازاڕە بۆ هێزی بەرگری یە و حەتمەن لیستەکەت ئیمزا کردوە و کۆری کۆمیتەی
شارستانیت لێ داوە. ئێستا پەشیمانی؟
سێهەم - چەکی هێزی بەرگری بازاڕ بڕنو و ژ٣ و بارانشوتە؟ چ باتە، بڕنو و بارانشوت دەدێ؟!
خێر! کلاشینکوفت دەوێ کە نیە (کاک دوکتۆر دەڵێ تیا نە ئەو شتە دەخوا!).
چوارەم - بەراستی ئێستاش حاڵی نەبووم کە ئەو ٩ ژ٣ـە بێ دەرانەی ناردوتە چی کاردەکاتە
یانی هی پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شارستان؟ چونکە ئەگەر بۆ پێشمەرگەت دەوێ مەسەلەکە فەرق دەکا گوڵ
ئەوەی تۆ کاردێ..

جا لەسەر چاپک ئەگەر لەسەر ئەوانەی عەزیزم کردی ورد ببینەوە و ئینصاف بدەی، دەبینی

کە قەتیس بوونەکەت زۆرتر هی ئەوە...

ئێستا کە ئیتر کارەکانمان بە یەکجاری هەڵگیراوە بۆ چاپکردنەوەی ئەنفال، کاک ئەحمەد دەڵێ کە بابەتەکانی

تری چاپ کراوەکان تۆ دەبینی دێنەوە.. جا کە سەیرەکە بێ گێڕەوە (ئەگەر ۳ ساڵ دەبێ!)

ئەگەر لێی کلاسیکەکان دەدوێ وەک ئەوەی تر لەو جارەی عەزیزم کردی جادەی ڕوانی عایشەی هێشتا یەک

کلاسیکی تر. هێشتا ئەوەیشە. ئەگەر ئەوە بێتە سەرنجی کارەکانی کۆمەڵەی پێرارەکەت بە ۵ دانە

چاپ کە بێتەوە خەبەرت دەکەم.

جا کاکە گیان - وەک دەبینی ئەمن هیچ دەلیلێک بۆ تۆ ڕوون ناکەمەوە. وڵاتی بارەی تۆ

زۆر کارەکەی وردەکاری. ئەوانەی شێوەی کاری کۆششیان پێ خۆشی نەبێ دروو وەرگێڕ

دەکەن و قسەی سیاسی نادروست بڵاو دەکەنەوە. بەداخەوە لەو کارەدا وا دیارە هێشتا

سەرکەوتن و توانیویانە ئەتۆ ناوە چەپ بکەن.

لە جاگەی دا، دەمەوێت بە چەند وشەیەک عەرزت بکەم وەک ئەوەی بە نووسینی دەزانی، بابەتێکی

زەمینەیی کورت بنووسم:

١- دەفتەری سیاسی بە هاوکاری و کاک ئەحمەد بۆ شەڕی سیاسی، بە کاری ئێستا کاری

دەکەن و ئەوەی هێزی دەوڵەت لاتانەوە دەستپێکردنیان لێ دەکەن. لەوە باشتر بە تەواوی دڵنیا

بێ. لێرەوە بابەتی ئەمن ئەگەر غەیری ئەوەی بوایە بە ڕاشکاوی دەمگوت. بەڵام ئێستا بە

تەواوی بە هاوکاری چاپ کاری دەکەم و دەستپێکردنی لێ دەکەم. هێشتا لە دوور و نزیک

پێکهاتن وەدەرناوە و یاد وەلانادە. جارێکی زۆر باش کردوە و هەر وا دەڕوا و ئێمە کار

بەڵام دیارە خۆشەویستی ئێوە لە هەموو شتێک لە سەرووەیە! جا ئەتۆ کاری خۆت بکە و

گوێ مەدە بە...

٢- کۆمیسیۆنی تەشکیلات بابەتی ئێمە، بۆ منیش ڕوون بکەم لەکە ئەمن هەر بۆ کەسێک

لە کۆمیسیۆنی تەشکیلات دابڕاو ناتوانێ.. بۆ بەرپرسیاریم لەگەڵ هاوبەشی جیاوازدا لەسەر عەرز کرد. جا

نازانم کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی بیلان گرێدراوی چاپ کەیە ـ ١١٥.

(برانسە)

هەڵاوەکردن جاپی دال وەرەکردن ئەوە چی داشت بەهانەوە گۆڕاندن بە هیچ چی جادە بوانی لە بەرنامەی جیاوازی ٣١

١٥

١/٢/٦٨

بەڕێز کاک سەعید !

لە پاش سڵاو و ماندوو نەبوونی :

١- دیارە خەبەرت هەیە کە کاک دوکتۆر هاتۆتەوە و ئێستا خەریکی کاروبارە. جا هیوادارم مەسەلەی پێویستیەکانتان بە چاکی و تەفەهومی بە بوونی ئەو باشتر و خێراتر حەل بێ..

٢- لە سەر تەفەنگی کادرەکان و پێشمەرگەی تەشکیلات . لە نامەیەکی پێشوودا عەرزم کردووی کە پاشە لیستێک لە هەموو کادرەکانتان بگرن بە وەچەکانی هەیانە یان نیانە بۆتانەوەی بزانین بەگشتی وەزع چۆنە و چ دەتوانین بکەین... هیوادارم ئەو لیستە هێندەی پێ نەچێ کە سازبێ.. چونکە تا ئەو لیستە نەبێ هیچ لەگەڵ بەشی پێشمەرگە و چەک و تۆڵ پێ ناکرێ... وەڵام هەر ئەوەندەیە کە تا ئێستا هەر ئەوەندە ئەوەیە کە سەلاحی چاکتر نادرێتە کوردستانەوە کادرەکان و پێشمەرگەکانی لەم هەموو جێگایەک زیاتر چەکیان هەیە !! . ڕاستیەکەشی ئەوەیە کە من بۆ خۆشم هەر پێم وایە ... جا دەبێ قبوول بفەرمووی کە بەو وەزعەوە وەرگرتنی چەک بۆ سەرۆکایەتی مشکیلی نیە هەتا ڕوون نەبێ چیمان هەیە و چەکتان بۆ کێ دەدرێ ؟ دیارە ئەگەر کادرێک بەڕاستی پێویستی بە چەک هەبێ ئەمن ئەوەندەم پێ دەکرێ چەکێکی بۆ پەیدا کەم...

٣- سەبارەت بە تەفەنگەکان ، قسەی کاک دوکتۆر ئەوەیە : کاک سەعید بنووسی کە کۆمیتەی شارستان بۆ خۆی چەند پێشمەرگەی هەیە ، لیستیان بنێری و لەو لیستەدا ئەو چەکانەی هەیانە دیاری بکرێ بۆ ئەوەی بڕیارێک بدەین.. هەروا بێ حیسابە چەک ناتوانین بدەین.. پێم وایە ئەوەش کارێکی زەحمەت نیە .

٤- لە سەر مەسەلەی تەشکیلاتی و کادرەکان و هاتوچۆی عێراق ، لەلایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتەوە وەڵام دەنووسنەوە بەڵام لێرەدا دۆستانە و بە دڵسۆزیەوە ئەوەندە عەرز بکەم . دنیا غەمگینم کە لە کاک مەلا عەزیز پێ حەوان نەبوو !! بۆ خۆت دەزانی چۆن ڕەسانەوەی نادرا و لە دواوە چ ئەسەرێکی خراپی بوو. جا بۆچی بۆی داوە پۆشی ؟ یا دۆستی قەدیمیش بێ . ئیمە ئەگەر بەو جۆرە بە قەدیمیانەوە دۆستە کۆنانە نەدوێنی دیارە ناتوانین چاوەڕوانیمان لە هی دیکە هەبێ جگە بیانە پێ گلەیی دەوە !!
هەر ساغ و سەرکەوتوو بی . کادرەکان بە تایبەت بەرەو پێش بەرن . ئەمن بەش بە حاڵی خۆم لە خزمەتدام .

برات : سەعید ...

٢٢/٢/٩٢

برای بەڕێز کاک سەعید !

بە سڵاوێکی گەرم - هەروەک ئاگاداری ئەوەڵترە لەلای مام جەلال و برادەرانی حیزبی شیوعی . جماڵئاوا کریم احمد و

مەلا احمەد بانی خێلانی (ابو سرباز) .. ناوتریە کە تا ئێستا باشی چۆتە پێشێ و هەروەک ئاگاداری ئێستە ئەوەکە یان

لە نێوان خۆتان وە نیشانەدەو زانینی دەنگە سۆسیالیستی و دۆستایەتییەکی دوورتر خایەن یان نا ؟ بە لەکۆ هاتنەوەی

برادەرانی شیوعی لە جیهەی لەگەڵ قیادەتی تێدا ئێ ...

هەر وەختی ئێمە دیارە تۆ خۆت باشتر دەزانی : بەحیترامی زۆر و دۆستایەتی لەگەڵ برادەرانی شیوعییە بە چۆرێک

کە هەست بەوە بکەن : ئێمە دۆستی وانین و دەمانەوێ هەمیشە لە سەر ئەوان حیساب بکەن ...

بەڵام تۆ ئەوە قەرارە کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی لەم دەوروبەرە بکەن . لای وەفتەری ئێمە باڵی پێ دەدەوە

پێشیان باشی نە پێیەلای یەکیەتی راستەوخۆ . جا تۆ بە لای ئێوەوە نەو خرکەیان تۆ کۆبونەوە کرێیان

پێ باشە ... تکایە ئەگەر هاتن زۆر زۆر یارمەتی و ئیحترامیان بکەن وەک میوان و دۆستی بەڕێز ..

تۆ کاک مەلا ئەسەنشمم فرۆسی کەمی فەقەتی باشیان لێ بکەن ئەوەکورتی هەر چی لە دەستتان دێ رێز و ئیحترام

وسانە کرونی ئیمکانات تۆیان .. ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگی سیاسیە ...

شتێکی بچوکی دیکەش : کاک مەلا رەسول حاڵەوان بیمکە لەوەیکە پوڵ و پارە بۆ کاکی یان

دەنێ .. هاتەوەجودی بەتبەستینی و مرفانە راستەوە ها !! محمد حسن بور تۆ خۆی لە مرفانە راتی

قەلادزە دیویەتی کە چەند ئەوارێ پێ بوە و ئەحوالی مرفانە براتی دادە !! جا ئەوە تۆ ئاگاداری خەریب

تۆ بەرپرسیاریەتی دەلی ؟ ! ئیتر خۆت دەزانی محمد حسن تورەلە و چۆرەکتنا نەدادرۆ نا ) .. جا تکایە

بانگی بکە نەوە وەدەری کەن لە فرییب و ئەحوالی ماڵئاواستا گۆڕانی بەوەڵ باتە حقیقی تکا دەکەم

حاڵی بکەن هەروەها وەک سوو اکتفا دەلێی ......

مەرسەلەیدان هەر لەگەڵ کاک مەلا عومەری علیه ماعلدتم زانی بەملاکەی تری تۆ هەم تکرادەوە هەروەها

وەلای ئێوە تۆ ئەوە بە حادثی کردوت .. ئەوە دە [redacted] کا دەوە بەسەرەوە فەکرێ ! زۆرم پێ خۆشە

ئەحوالی ماڵئاوستا گۆڕانی بەوان ئەدەستی بی تکا .. تەواوی ناردوی فەرمابەسانەڵ ؟؟

ببورە ئەگەر خەتم هێندە خراپە . بە پەلەم نوسیوە . برادەرانی کۆمیسیونی تەشکیلاتی هاتنە

خزمەتمان .. تکایە وەڵامی نامەکانم بنێرن .. زۆر سوپاست دەکەم .

برات - سەعید - ل

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی

بە سڵاو - نامەکان گەیشتنی لەگەڵ «وەرەقەی نامزگاری» . سوپاس.

لە سەر ئەو شتانەی نووسیبوت :

١- ئەمن ئاگام لە گۆڕینی وەڕەی (ه) چاپ بۆ ڕێکخراوی بازار نەبووە و نیە !! . تازە لە لاتابت دەبیستم . ڕەنگە ئەو کارە لە ماوەیەکدا [illegible] بووبێ کە ئەمن لێرە نەبووم و لە سەفەردا بووم. لە هەر حاڵدا ئەو کارە لە لایەن کۆمیسیونی بەشەوە کراوە، و بۆ بەشەکەمان بووە. چاپ ڕێکخراوی بازار کە لکی وەرگرتووە ئەوەش زۆربەی خۆیانە... بەگشتی فەزای کۆمیسیونی تەشکیلاتی نیە و ئاگای لێ نیە..

٢- ئاڵ و گۆڕەکانی نێوخۆ هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی و بەرپرسانی ناوچە موبارەک بێ ... ئەگەرچی لە لایەک دەلیلی ئەو ئاڵ و گۆڕانە ڕوون نیە و لە لایەکی دیکەش خوا ئاخر و عاقیبەتی ئەو هەموو ئاڵ و گۆڕە بەخێر بکا...

٣- ناردنی لیستی تواوەیی بەناو هێندێکمان باشە. شێوەدانی بە حەقیقەت پاش لە نێو دابکرێن نرانی لە نێوشاردا کاری وا گەڕێی چاکیی دەفتاینەتی لێ کردووە بە یاننا! ئەگەر باشی ماوەیەکی دیاری کراو هیچ نەبوو، دیارە دەبێ بۆ خۆیان خۆیان بە جێبێ بکەن و ئیمە بارەی نرخیان نیە دەرخواردوی ئەوانەی دەبەکی . هەروەها بۆ ئاگاداریت: ئەو ژنە تواوەیەی لە بژێری بە (گویا) ئیمە نەمان دیتوە. تەنیا بیستومانە کە سکی ئاوا هەیە و نووسیبومان کە لەم بەرنامان یەکتەوە سەلام و داوای دەچاکی مەلا خضر لە بری ئێوە خەبەرمان دا.. کە لە دەفتەری سیاسی ئەو ژنەی دیوە و خواوەنانی و ئەوکەسی ئەو دەردەسەری کردووە!

٤- بۆ تفەنگەکان - ئەوەندام بە بە کاک ... ئاوا دەبێ پێشمەرگە. هیوادارم تفەنگەکانیان بێتەوە..

٥- بەشی تەشکیلات بە بەیەکاری بە دوو لە گەرمی ئەوان سپێردراوە!! باشە. هیوادارم باشی بەڕێوە بەرن... نازانم ئەگەر کارمان پێیان بێ دەبێ بۆ کۆمیتەی شارستانی نووسینیان سەرلە دوولکوم بەەکێ !!

هەر خۆش بن.

باب: سەعید یەل

١٣/٣/٨٣

۱۸

بەڕێز کاک سەعید کوێستانی

بەڕێز کاک [illegible]

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

لە لایەن کومیسیۆنی تەشکیلاتەوە مەئموریەتی پێ دەدرێ لەگەڵ هەموو ئەندامانی حیزب
(کادر و پێشمەرگەکان) کە لە کاریزە و گوندەکانی دەوروبەر (وەک ...) دانیشتوون تەسەلی بکەی
و وەزعیان بە تێکڕایی ڕوون بکەیەوە و لیستێکیان بکەی هەتا لووا ڕوون بێتەوە لە کێ دێهاتی کار ئەکات و
یان لە کێ دێهاتی کاسبی ئەکات بەلام وەک ئەندامی حیزب بمێنێتەوە و یان هیچ کەسانێک کاریان لە
و نەتیجەکەی بە کومیسیۆنی تەشکیلات ڕابگەیەنەوە .

کومیسیۆنی تەشکیلات

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومیسیونی تەشکیلات
کمیسیون تشکیلات
حزب دمکرات کردستان ایران

۵۷/۹/۲۴

هاوڕیی بەڕیز کاک سەعید کویستانی :

سلاو ! هیوا دارم خوش و بەختەوەر بی ، برای
بەڕیز پیویستە لەگەل هەموو ئەو هاوری یانەی کە لە
کاریزە یان سەفرە و دەورو بەری ئیوە دانیشتون قسە
بکەن ، هوی دانیشتنیان ، سەر بە کام کومیتە
شارستانن ، ئامادەگی کاریان هەیە یان نا ؟ چەکیان لە
لایە یان نا ؟ بە کورتی هەر شتیکی کە پیوەندی بەم
هاوریيانەوە هەیە بو کومیسیونی تەشکیلاتی روون
کەنەوە ، دیارە ئەم مەئموورییەتە ئەو کەسانە ناگریتەوە
کە لە حیزب دەرکراون .

٦٣/١٠/١١


کومیسیونی تەشکیلات
حزب دمکرات کردستان ایران

## ئەو بەرهەمانەی چاپو بڵاو کراوتەوە

| | |
|---|---|
| ١ـ بەرەو قەندیل | بۆمنداڵان |
| ٢ـ گەشتو پرسیار | بۆمنداڵان |
| ٣ـ کۆڕی یەکگرتنەوە | چاپی ١ و ٢ نیمچە تەنز |
| ٤ـ بەربەرەکانی | کۆمەڵایەتی |
| ٥ـ هەڵگورد پێشمەرگەیە | تابلۆی لاوێکی کورد |
| ٦ـ دیاری و هەڵبەست | بۆمنداڵان |
| ٧ـ لەهەرشتێ مشتێ | روداوی کوردستان بەشێوەی کورتە چیرۆك |
| ٨ـ ژوان | کورتە رومان |
| ٩ـ ئاورێك بەرگی ١ | بیرەوەریو بەسەرهاتی سیاسی |
| ١٠ـ ئاورێك بەرگی ٢ | بیرەوەریو بەسەرهاتی سیاسی |
| ١١ـ ئاورێك بەرگی ٣ | بیرەوەریو بەسەرهاتی سیاسی |
| ١٢ـ وەردانەوە | کورتکراوەی ٨٦٣ لاپەڕەی ئاورێك بەرگی ١و٢و٣ لە ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران |

## نووسراوەکانی چاپ نەکراو

| | |
|---|---|
| ١ـ بەستەو نیگار | بەوێنەی ڕنگییەوە بۆمنداڵان |
| ٢ـ چیمەن و چالاك | کورتە ڕومان |
| ٣ـ من و زارا | بەسەرهاتێکی سیاسی و بنەماڵەیی |



# *LOOKING BACK IN TIME*

Recapture Those Memories
Of involvement With The
K, D , P , I

1996

*Said kaveh*